# بیست و سێ چیرۆک

ن : لیڤ تولستوی

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست

حەمە کەریم عارف پیاوێک لە ........... شێرکۆ بێکەس

لیف تۆلستۆی ١٨٢٨-١٩١٠

پاژی یەکەم:

١- خوا ئاگادارە، بەڵام بە سەبرە

٢- یەخسیری قەفقاز

٣- ڕاوە ورچ

پاژی دووەم:

٤- مرۆڤ بە چی دەژی

٥- فەرامۆشکردنی پزیسکێک...

٦- دوو پیرەمێرد

٧- لە هەر شوێنێ خۆشەویستی هەبێت...

پاژی سێیەم:

٨- ئەفسانەیەک

پاژی چوارەم:

٩- خراپە مایەی گومانە،...

١٠- دوو کچۆڵەی بە ئاوەزتر...

١١- ئەلیاس

پاژی پێنجەم:

١٢- سێ تەرکە دنیا

١٣- بێچوە جن و پارچە نانێک

١٤- مرۆڤ پێویستی بە..

١٥- دەنکە گەنمێک بە ئەندازەی...

١٦- زڕ کوڕ (فەلیون)

١٧- گوناهکاری پەشیمان

١٨- تەپڵی بەتاڵ

پاژی شەشەم:

١٩- قاوەخانەی سورات

٢٠- زۆر گران

پاژی حەوتەم:

٢١- ئەسەرحەدونی شای ئاشور

٢٢- کار، مردن ، نەخۆشی

٢٣- سێ پرسیار

حەمە کەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئاینده ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێك لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!

بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و

نە ڕۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و

نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی

عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم

کەسی تر نا.

کەرکوکییەك

پڕ پڕ لە کوردستان و

لێوانلێو لە جیهان!

کەرکوکییەك

هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو

پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.

لە دنیاوە

چەندین دەریاچەی ڕۆمانی

ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.

چەندین نزاری چیرۆکی

هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.

چەندین ئاوێنەی دیرۆکی

بە دەوونماندا هەڵواسی.

کەرکوکییەك

باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!

کەرکوکییەك..

خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین

مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین

ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان.

ئەشـــرەفی دیهقـــانی. مەســـعود ئەحمـــەدزادە. گەوهـــەر مـــراد. یـــەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی

بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.

لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی

لەم نەخشەیەدا کردەوە

هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ

هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و

هەشتا تابلۆ

لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.

لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.

لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.

لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.

من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ

ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.

بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو

کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی

کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ۲۰۰۹/۷/۱۵

# لیڤ تۆلستۆی

## ١٨٢٨-١٩١٠

لیڤ نیکۆلایوڤیچ تۆلستۆی لە ١٨٢٨/٨/٢٨ لە موڵکەکەی باپیریدا، بابی دایکی، یاسنایا پالیانا لە بەشی کرپیونسکی لە بیست کیلۆمەتری باشووری شاری تولا کە نهو بووە بە وێستگەی هێڵی ئاسنی مۆسکۆ بۆ کروسك، هاتووەتە دنیا. ماڵە باوانی لە ئەشرافو نەجیمزادان بوون. دایکیشی هەر ئەشرافزادە بوو و کیژی جەنەراڵ گراف نیکولا سرگیوڤیچ فالکونسکی (١٧٥٣-١٨٧١) بوو. ئەو ئەم موڵکەی ئاوەدان کردبووەو لە رەخە جەنگەڵیەکەیدا سێ خانووی تەختەی دروست کردبوو، یەکێکیان گەورەتر بوو و لە ناوەڕاستدابوو دوانی بچووکتری وەکو یەکیشی لەملاو لەولایەوە دروستکردبوو. تۆلستۆی لە خانووی ناوەڕاستینەدا هاتە دنیاو تا شەش ساڵی لەوێندەر ژیاو کە ئەم موڵکە بەمیرات بەر ئەو کەوت، ئەو خانووەی ناوەڕاستی، کاتێ کە بێپارە بوو بوو، هەمووی بە موڵکدارێکی دراوسێی خۆی فرۆشتبوو وئەویش بردبووی بۆ ناو موڵکەکەی خۆیو پاش ماوەیەك ئاگرێك کەتبووەوەو سووتا بوو.

ئەم موڵکە پاش مردنی باپیری، بە دایکی کە کیژە گەورەی باپیری بوو بڕا،وپاش مردنی دایکی بە لیڤ تۆلستۆی کە کوڕی گەورەی دایکی بوو، بڕاو پەنجاو پێنج ساڵی دوایی تەمەنی لەوێندەر گوزەراند، کە مرد جەنازەکەیان بۆ ئەوێندەر بردو بە خاکیان سپاردو پاش مردنی ژنەکەی ئەو موڵكو خانووەیان کە لە مۆسکۆ هەی بوو کرد بە مۆزەخانەیەکی تایبەتیو ئێستا بە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت سپێردراوە.

دایکی تۆلستۆی ژنێکی فریشتە تەبیعەتی، فرە میهرەبان بووەو تۆلستۆی بەخۆی لە رۆمانی (جەنگو ئاشتی)دا بەنێوی پرنسس مارياوە وەسفێکی کردووە. ئەم دایکە زۆر میهرەبانە کە هێشتا ساواکەی نەگەیی بووە سێ ساڵان کۆچی دوایی کردو یەکێك لە خزمە دوورەکانیان، مادمۆزیل تاتیانا ئەلکساندرڤنا ئیرگولسکایا ئەم منداڵەی دەگەڵ سێ برای تریا کە لەو

گەورەتر بوون، پەروەردەو بەخێوکرد. ماوەیەکی کەم دوای مردنی دایکیان بابیشیان مردو ژیانێکی پەشێوو پەرێشانی بۆیان بەجێهێشت. لەبەر ئەمەو بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەسرەف، مندالەی سێویان لە مالەکەی مۆسکۆیان دوور خستەوەو ناردیان بۆ هەمان مۆلك کە بە دایکی بڕا بوو و لەوێندەر هەندێجار لەلەی ئەلمانیو هەندێجار کەشیشی روسی پێی ڕادەگەیشتن.

ئەو چەند سالەی کە تۆلستۆی لەو مولکەی دایکیا، لە یاسنایا پالیانادا ماوەتەوە، کارێکی یەجگار گەورەی لە روح و دەروونی کردگەو ئەم شەهامەت وبوێرییە تایبەتیەی کە وای لێکردووە گەلێك لە کۆت وبەندو باوە کۆمەلایەتییەکانی سەردەمی خۆی بشکێنێ، رەگ وریشەی دەچێتەوە سەر ئەو ئازادیو ژیانە سادەیەی کە لە رۆژگاری مندالیدا هەی بووە. ئەو خۆشەویستییە تایبەتیەی کە دەرهەق بە ئادەمیزادان هەی بوو درێژەی ئەو میهرو سۆزە تایبەتیەیە کە لە مندالیدا لە ناخو دەروونی ئەودا پەیدا بووە، بە خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێت: "نەك هەر دایکم بەلکو هەموو ئەو خەلکانەی ئەوێ لە بابمەوە بیگرە تا عەرەبانجییەکان خەلکانێکی زۆر باش بوونو بە شایستەی خۆشەویستیو میهرەبانیم دەزانین".

دایکی ژنێکی زانا بوو، لە ئەدەبیاتی رووسیدا دەستی هەبوو و زمانانی فەرەنسی و ئالمانیو ئینگلیزی وئیتالیایی دەزانیو لە ئەستێرەناسیو نجومگەریومێژووی سروشتیو زانستەکانی دیکەشدا دەستی هەبووەو زۆریش دلبەندی هونەرە جوانەکان بووەو بە خۆی پیانۆی بە باشی لێدەداو ئەو بەیت وحیکایەتانەی کە لە بیری بوون یان خۆی دای دەنان بە جوانی ئەدا دەکرد. لە تەمەنی بیست و سێ سالیدا شووی بە نیکۆلائیلیچ تۆلستۆی بابی نووسەری مەزن کە چوار سال لەو بچووکتر بوو و پیاوێکی قۆزی مەجلیس ئارای خۆش مەشرەب بوو کرد. بابی تۆلستۆی کە پیاوێکی میهرەبانو دلۆڤانو بندەست پەروەر بوو لە شەڕەکانی ١٨١٣- ١٨١٥دا دژی سوپای ناپلیۆن بەشداری کردووەو پاشان دەستی لە کاری سوپایی هەلگرتووەو دوای ژن هێنان بە تاقی تەنیا خەریکی کاری گوندیاتیوجووتێری بووە.

تۆلستۆی نەیتوانی لە منداڵیدا، لە بەرزی ئەخلاقی دایکیو میهرو دلۆڤانی تایبەتی بابی بەرخوردار بێ چونکە لە هاوینی ساڵی ١٨٣٧دا کە نۆ ساڵان بوو بابیشی مردو، تۆلستۆی زیاد لە هەموو کەسێك قەرزارباری ئەو پەروەردەو سەرپەرشتیو چاودێریانەی تاتیانا ئیرگولسکایە کە لێی دەکردو پاشان بوو بە مەحرەمی رازەکانی تۆلستۆیو لەبەرهەمەکانیا زۆر جار کاریگەریی مەعنەوی ئەوی لە پەروەردەی هزری خۆیدا دەربڕیوەو نیشان داوە.

لیف نیکۆلایوڤیچ تۆلستۆی لەو زەمانەدا مناڵێکی شەڕانی لاسار بوو کە تەنانەت بەمامۆستاکانی خۆشیدا هەڵدەشاخیو لەزەتی لە ترساندنو تورەکردنی خەڵکانی گەورەتر دەبینی، بۆ نموونە رۆژێك هەر بۆ ترساندنی خەڵکیماڵەکە لە پەنجەرەی قاتی دووەمی تەلارەکەوە خۆی هەڵدایە خوارێو بە رێکەوت لەمردن خەلەسی. سیفەتێکی تری ئەوە بوو هەر لە مناڵیەوە ئاشقی شۆرەت وناوبانگ بوو، بە جۆرێ کەحەزی دەکرد لە مەیدانەکانی شەڕیشدا سەرنجان بۆ لای خۆی راکێشێت. لەگەڵ ئەمەشدا منداڵێکی تیژ سەرنجو بە ئاوەز بوو، لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوە بوو کە لە تەمەنی یازدە ساڵیدا ئاشقی ژنێك بووەو پەنجا دانە ساڵ لەوەدوا لە ساڵی ١٨٨٩دا ویستویەتی ئەم ئەڤینە لە کتێبێکدا شرۆڤە بکات، بەڵام دوایی دەستبەرداری ئەم کارە بووە.

سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤١دا خات یوشکۆڤا کە سەرپەرشتی ئەوی لە عۆیە گرتبوو، بۆی دەرکەوت کە ئەم منداڵە پڕ هۆش وگۆشە پێویستی بە زانیاری جدی تر لەو زانیاریانە هەیە کە لە مولْکەکەی دایکیدا پێی دەڵێنەوە. ئەوە بوو لەگەڵ خۆیدا بۆ شاری قازانی بردو پێنج ساڵو نیو لەوێندەری هێشتەوە. تۆلستۆی کە لە ساڵی ١٨٤٤دا قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد چووە بەشی عەرەبیو تورکی زانستگەی قازان، چونکە لە هەموو روسیادا تەنیا ئەم زانستگەیە بەشی خوێندنی زمانانی رۆژهەڵاتی تیا بوو. لەم سەروبەندەدا دەیویست بچێتە ناو کارێن سیاسیەوە، بەڵام وازی لەمە هێناو لە کۆلیجی مافی ئەوێ ناوی خۆی قەید کرد، بەڵام هەر زوو لە کارێن دادڤانیش تەوەلا

بوو، بۆیە بەرێکوپێکیو بەردەوامی لە وانەکانیا ئامادە نەدەبوو، و زۆربەی کاتی خۆی بە رابواردنو خۆشگوزەرانی دەبردە سەر.

هەر زوو لەم کارەش بێتاقەت بوو وکەڵکەڵەی خوێندنەوەی کەوتەسەر، بەڵام تەنیا ئەو شتانەی دەخوێندەوە کە لەگەڵ زەوقی خۆیدا دەگونجا،و بەخۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەر کە بابەتێك سەرنجی رادەکێشام ئیدی چەپ و راستم نەدەکردو هەوڵم دەدا هەرچییەك پەیوەندی بە بابەتەکەی منەوە هەبوو دەرك بکەم، تێبگەم. لە قازان-یش هەر درێژەم بەم رێچکەیە دەدا". لەم ماوەیەدا ئاشقی فەلسەفە بوو، چونکە لاوێکی زۆر کنەکار بوو دەیویست لەم رێگەیەوە پەی بە حەقیقەتەکانی ژیان ببات، وئەویش میناکی عومەری خەیام زۆری هەوڵداوە پەی بە رازو نهێنی خوڵقانو ئەفەراندنو مەبەستی ژیانو بوونو هۆو سۆنگەی مەرگو نەمان بەرێتو بزانێت بۆچی دێنو بۆ دەڕۆنو مەبەست لەم هاتنو رۆییشتنە چیە؟ لەم سەروبەندەدا بە رادەیەك خووی بە زانایانی پێشینەوە گرتبوو کە پەیکەرێکی جان جاك رۆسۆی بە زنجیر لە ملی خۆی کردبوو.

لە کۆتایی ئەم قۆناغەی کە لە قازان بوو، دەستی بە نووسینەوەی رۆژانە یاداشتەکانی خۆی کرد، دەیویست لەم رێگەیەوە پەرەسەندو پێشکەوتنی دەروونیو روحی خۆی هەڵسەنگێنێو هزروهزرینی هەر رۆژێکی خۆی لەگەڵ رۆژی پێشوودا بەراورد بکاتو بەمجۆرە رێگەی گەشەکردنو پێشکەوتن ببڕێ، وهەموو شەوێك دەگەڵ ویژدانی خۆیدا تاك دەکەوتەوەو دەرگای لە رووی ئەغیارو نەیار دادەخستو دەکەوتە دادگایی کردنی خودی خۆیو دەروونی خۆی.

کاتێ کە هێشتا لە قازان بوو سەروەتو سامانی بنەماڵەکەیان لە نێوان ئەوو براکانیا دابەش کردو یاسنایا پالیانا بەر ئەو کەوت. لەم سەروبەندەدا ئەم لاوە هەژدە ساڵانە هەرکە بوو بە خاوەنی موڵکی تایبەتی خۆی یەکسەر هەستێکی دلۆڤانەو سەرپەرشتکارییەکی حەکیمانەی سەبارەت بە جوتیارودێهاتیان لەدڵ و دەروونددا پەیدا بوو، وبۆ ئەوەی وەزعو حاڵی ژیانیان چاك بکاتو لە حاڵی ملکەچی کۆیلایەتی رزگار بکات چوو بۆ ئەوێو تەنانەت لە پێناوی ئەمەدا دەستی لە درێژەدانی خوێندنەکەشی هەڵگرت،

بەڵام هەڵبەتە ژیانی ئارامو یەك نەواویەکهاوی یاسنایاپلیانا خاوی دەکردەوەو تەمەڵی دەکرد، و ئەویش لاوێك بوو پەلەی بوو بگاتە کەماڵ، ئەمە ناچاری دەکرد ئەوێندەر بەجێبێڵێ، ئەوە بوو چوو بۆ مۆسکۆو دوای ماوەیەکی کەم بۆ ئەوەی بچێتە کۆلیژی مافی پوترسبۆرگ چوو بۆ ئەو شارە. سەرەنجام لە ساڵی ١٨٤٨دا شادەتنامەیەکی لە زانستگەی پوترسبۆرگ وەرگرت، بەڵام خۆی لەمبارەیەوە دەنووسێت: "هیچ شتێکم لە ئەدەبیات نەدەزانی". پێدەچێت بەهرەو زەوقی ئەدەبی ئەو تەنیا دوو ساڵ دواتر، پاش ئەو سەفەرەی کە بۆ قەفقازی کردووە، پژابێو نەشونمای کردبێت، چونکە لە مانگی نیسانی ١٨٥١دا دەگەڵ نیکۆلای برایدا کە بە ماموری بۆ ئەوێ دەچوو، بۆ قەفقاز رۆیی. ئەم دەڤەرە خۆشو پاراوو تەڕوبڕە بە جۆرێ رایکێشا کە خزمەتی سەربازی لەوێندەر قەبوڵ کرد. لەم سەروبەندەدا لە بیری نووسینی رۆمانێکی گەورەدا بوو کە دەیویست یادگارە خانەوادەییەکانی خۆی وەکو کتێبی (مێژووی بنەماڵە)ی سیرگی ئاکساکوف، لەوێدا تۆمار بکات.

یەکەم فەسڵی ئەم کتێبەی لە قەفقازدا نووسیو بیرەوەرییەکانی سەرەتای تەمەنی خۆی تێدا شرۆڤە کرد بوو کە پاشان بوو بە کتێبێکی سەربەخۆ بە ناونیشانی (منداڵی، نەولاوی، لاوی) دواتر هەر لەسەر هەمان رێباز زنجیرە چیرۆکێکی بچووکی نووسی وەکو: ( کازێوەی موڵکدارێك، لوتسرن، وقوزاقان). لەبەرهەمەکانی سەرەتای لاویدا، هەمان رێچکەی هزروهزرینی پوشکین ولیرمانتۆفی گرتە بەرو قارەمانەکانی خەڵکانی ئەشرافی خەیاڵپەروەرن کە ئارەزووە خەونامێزەکانیان، لە بەردەم بچووکترین هەقیقەتدا هەڵدەوەرێن، ئالینینی قارەمانی چیرۆکی قوزاقان وەکو (ئالکو)ی قارەمانی پوشکین و پیچورینی قارەمانی لیرمانتۆف، شادە بەوەی کە لە باوەشی سروشتی قەفقازدا، بێتاقەتیو بێزاری خۆی لە ژیانی ئەشرافی دەردەکات، بەڵام لە ناکاودا رۆژێ ماریانکای قەفقازی هۆڤیو سەرەتایی ئەو هەڵدێرەی کە کۆسپە لە نێوان خەڵکانی شارستانیو خەڵکانی بەدەویو سەرەتاییدا، ئەو بەدەویانەی کە حەزدەکەن وەکو ئەوان بن، بەو نیشان دەدات. دەشێت بگوترێ ئەم بابەتە تایبەتە بە ئەدەبیاتی روسییەوە چونکە تەنیا روسەکان کەوتبوونە سەر زەمینێکەوە کە دەیانتوانی جیاوازیوناکۆکی نێوان ئەم دوو تەبیعەتە سەرکێشە بدینو لە هەنبەر سروشتی بێ لغاووجڵەوی خۆدا

سروشتی چەموشو بێباکی خەڵکی ئاسیاش بجەرپێننن. ئەوروپاییەکان تەنیا ئەو کاتانەی کە کۆلۆنیانیان پەیدا کردووەو چوون بۆ ئەوێندەر، ئەم جۆرە بابەتانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی خۆیان. لەم سەردەمەدا تۆلستۆی بە تەواوەتی پەیڕەوی لە رێساو نەریتی نەتەوەیی ئەدەبیاتی روسی دەکردویەکەمین دیاردەی نهێنی ئاینی ئەویش یادگاری هەمان قۆناغەو باشترین هزری ئەو لەم قۆناغەدا رووداوێکە کە خۆی بۆ پۆگۆدینی، یەکێك لە نزیکترین دۆستەکانی گێڕاوەتەوە کە کاتێ قەولی دابوو چیتر دەست بە وەرەقەوە نەداتولەگەڵ ئەمەشدا بەڵێنی دا بوو ئەو برە پارەیەی لە قومارێکا دۆڕاندبووی بداتەوە، بەڵام ئەم پارەیەی بۆ هەڵنەدەسوڕاو چونکە هەرچەند بیری کردەوە فیکری بە هیچ کوێڕا نەگەیی، بە ملکەچیو مەلولیەوە دوعایەکی خوێندبوو و لێی خەوتبوو، لە خودا پاڕابووەوە چارەیەکی بۆ بکات. کە بێدار بووبووەوە نامەیەکی، کە بە هیچ جۆرێ چاوەڕوانی نەبوو، پێگەیی وئەو پارەیەی کە پێویستی بوو بوو بۆیان ناردبوو.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەوەڵین چیرۆکانە یەکسەر بووە مایەی شۆرەت وناوبانگی تۆلستۆی. چرنیشفسکی یەکەم کەس بوو کە پەی بە گەورەیی و مەزنایەتی ئەم نووسەرە تازە کوورەیە بردو گوتی گرنگترین هونەری ئەو بریتییە لە وردکردنەوەو شیکردنەوەی جیهانی روحیو دەروونیو تێگەییشتنو بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری چۆنیەتیە سایکۆلۆژیەکانو تواناو بەهرەی تایبەتی ئەو لە شرۆڤەو راڤەو دەربڕینو نیشاندانی دیالکتیکی روحو دەروندایە. مەبەستی چرنیشفسکی لە دیالکتیکی روح، وەسفی دینامیزمی هەمیشەییو بەردەوامی پەرەسەندنی چۆنیەتیوجیهانە سایکۆلۆژیەکانە. چرنیشفسکی پێی وابووە کە خەسڵەتو خەسێتی دووەمی تۆلستۆی بریتیە لە دڵبەندی بە بنەما بەرزە ئەخلاقییەکانو پەیڕەوی کردنیان، و ئەم باوەرەی لە ئەنجامی کتێب خوێندنەوەی زۆرو رامانو وردبوونەوە لە ژیانی زاهیریو باتینی خەڵکیو رۆچوون بە هەستە شەخسییەکانی خۆیدا، لا دروست بوو بوو، لەبەر ئەمەش بوو کە لە نقیساریدا خۆیبوونی تەواوی هەبوو و پەیڕەوی هیچ سەرمەشقێکی ئەدەبیو فەلسەفی نەدەکردو تا خۆی بیری لە بابەتێك نەکردباوەو لە بنجو بناوانی

نەکردباو قوڕی بنی دەرنەهێنابا باوەڕی پێنەدەکردوپەسندی نەدەکرد، وئەمەش بووە هۆی ئەوە کە گەلێك لەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە بەر لەو بە سەلماووچەسپاویان دەژمارد، بشڵەقێنێو ڕێگەی تازە لە ئەدەبیاتدا بکاتەوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی نڤیساری تۆلستۆی ئەو توانا گەورەیەیە کە لە وەسفی تەبیعەتدا هەیەتی،ولەم بارەیەوە بە زۆری دیمەنەکانی تەبیعەت دەگەڵ خەسڵەتوسۆزو گودازی قارەمانەکانی خۆیدا دەسازێنێو ژینگەیەك دەخوڵقێنێ کە تەواو دەگەڵ هزرێن واندا دەگونجێو تێکدەکاتەوە. چونکە بە خۆی ماوەیەك لە ریزی سوپادا بووەو بەشداری شەڕی کردووە لە وەسفی شەڕگەو مەیدانانی شەڕو نیشاندانی ورەی سوپاییاندا توانایەکی تەواوی بەدەستهێناوە، بۆیە لەم بارەیەوە چەند چیرۆکێکی نووسیوە کە بەناوبانگترینیان بریتییە لە: "دەستبرد"و(جەنگەل بڕی) لەم دوو چیرۆکەدا هەست و سۆزو گودازی شەرڤانانو ئەتوارو کردارییانی لە دەمی خەتەرو تالوکەدا بە هەموو وردەکارییەکی ئەخلاقیەوە نیشانداوە.

ئەو نووسەرەی کە لە منداڵی ڕا هەمیشە خولیای هونەرنوێنی لە مەیدانی جەنگ، لە کەللەدا بوو وردە وردە پێی نایە تەمەنی لاوىو فام کردنەوە، بێزاری خۆی لە زێدەگاڤیو دەستدرێژی زۆرداران بۆ سەر ژێردەستان بە توندی دەربڕیوە. بۆ نموونە لە ڕەشنووسەکانی چیرۆکی (دەستبرد- دزی)دا چەندینجار هێرش وپەلاماری لەشکریانی تزاری بۆ سەر خەڵکی قەفقاز سەرکۆنە کردووەو تا لە قەفقاز بوو لەشکرکێشییەکانی دەرباری تزار هەستی نیشتمانپەروەری ئەویان نەدەجوڵاند، بەڵام کە بۆ شەڕی قرم ڕۆیی، ڕووداوەکانی ئەوێندەر هەستی نیشتمانپەروەریان لەلا جوڵاند. لە هەیڤی نۆڤبەمبەری ١٨٥٤دا چوو بۆ شەڕی قرمولە بەرگرییە مێژووییەکەی شاری سباستوپولدا بەشداری کرد. تا ساڵی ١٨٥٣ لە قەفقاز مابوو وزەحمەتو مەینەتیەکی زۆری دیتبوو، لە ساڵانی ١٨٥٤و ١٨٥٥دا لە شەڕی قرمدا یەکێك بوو لە سەرکردە جەنگییەکانی کنیازگورچاکوف- Gortchakofوجگە لە شەڕی سباستوپۆل لە شەڕی چرنایا- Tchernnaiaش بەشدار بووە. لە ڕۆژانە یاداشتەکانی ئەم قۆناغەدا نووسیویەتی:

"میللەتی روس هێزێکی مەعنەوی زۆر گەورەی هەیە. لە گیروداری ئەم ساتە قەیراناوی‌ومێژوویيانەی کە بەسەر روسیادا دەبورێ حەقیقەتێکی فره کەشف دەبێ ئەم ئاگری نیشتمانپەروەریەی، کە لە ئەنجامی دیتنی ئەم بەدبەختی‌و نەگبەتیانەی روسیادا لە دڵودەروونی رۆڵەکانی ئەم سەرزەمینەدا هەڵایساوە، کاریگەرییەکی بنجبڕو هەمیشەیی دەبێت. رۆڵەکانی ئەم وڵاتە لە ئێستا بە دواوە بە لیاقەت‌و شایستەییەکی پترەوە دێنە ناو کارە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئەو جۆش وخرۆشەی کە ئەمڕۆکە شەڕ هێناویەتیە پێشێ، لە ئایندەدا فیداکاری‌و لەخۆ بوردەییان لە جاران بەهێز تر دەکات".

بەماوەیەکی کەم پاش ئەوەی چووەتە سباستوپول، ئەمەی بۆ براکەی نووسیوە: "وڕەی سەربازان بە رادەیەك بەرزە کە نایەتە گوتن‌وباسکردن، تەنانەت لە یۆنانی کۆنیشدا ئەم هەموو قارەمانیەتی‌ودلاوەرییەیان نەنواندووە. کورنیلف لە تەفتیش‌و بەسەرکردنەوەی ریزبەستێکی هێزەکانی ژێر دەستی خۆیدا لەهەموو شوێنێکدا لە جیاتی پیرۆزبایی ئاسایی کە لە سەربازان دەکرێ، دەیگوت: کوڕینە دەبێ گیان بەخت بکەین، ئامادەن؟ سەربازەکانیش بە هەمان دەنگی دلێر پەرسڤیان دەداوە: بەڵێ، گیان بەخت دەکەین. هەڵبەتە ئەم کارە تەنیا خۆنواندن نەبوو، چونکە لە سیمای هەر سەربازێکدا ئەوە دەبینرا کە عەزمی جەزمە بمرێوتا ئێستا بیست و دوو هەزار سەربازو ئەفسەر بە دلاوەرییەکی بێ وێنەوە ئەم عەزمەیان بردووەتە سەر. چ رۆژگارێکی خۆشە!" هەروەها لە ٤ی سێپتامبەری ١٨٥٥دا بۆ تاتیانا ئێرگولسکایا، کە لە منداڵیدا بە خێوی کردگە، دەنووسێت: "کە لەسەر قوللەکانی خۆمانەوە شارم لە ژێر ئاگرو ئاسن‌و ئاڵای فەرەنسیەکاندا بینی، فرمێسك لە چاوانم رژا".

تۆلستۆی بە خۆیشی لەم شەڕو فەرتەنانەدا قارەمانیەتی زۆری کردووەو ئەو خولیای هونەر نوێنییەی کە لە منداڵیدا لە کەللەی دابووە بە جۆرێ هێناوەتە دی کە بۆ ماوەی پتر لە یەك مانگ لە ترسناکترین شوێنی شەڕەکەدا، کە بە سەنگەروقوللەی چوارەم بەناوبانگ بوو، مایەوەو ئەوەی لەو شەڕەدا دیتبووی لە سێ شاکاری بچووکدا بەناونیشانی (سباستوپول لە

کانوونی یەکەم، لە مایس، لە ئاب)دا، تۆمارکردووەو نووسیوە. لەم چیرۆکانەدا یەکێك لە هەوەڵین ئەو نووسەرە ئەوروپاییانەی کە نەگبەتییە مەرگبارەکانی شەڕگەو مەیدانانی شەڕی راڤەو شرۆڤە کردووە، چونکە لەو سەردەمەدا گەیی بووە ترۆپکی توانای نڤیساری خۆی. ئەو وەسفەی کە دەربارەی وردەکارییە مادییەکانو ئەو وردەکاریانەی کە دەربارەی سایکۆلۆژیاو وەروباری دەروونی سەربازانی مەیدانی ئەم شەڕو شۆڕو خوێنرێژیانە کردوویەتی ئەوپەڕی نڤیساری ئەو دەنوێنێ. هیچ کەسێك نەیتوانیوە لە وەسفی وردی ورەو باری دەروونی خەڵکانی مەیدانی جەنگدا بگاتە ئاستی ئەو. بۆ نموونە ئەوە نیشاندەدات کە چۆن هەمان ئەو پیاوەی کە دەقیقەیەك لەوە پێش لە گەرمەی جەنگدا گیانی خۆی بەخت دەکرد، دوای دەقیقەیەکی دی ناشیرین ترین شێوەی خۆپەرستی دەنوێنێ. لەگینە لەم بارەیەوە زەینی داهێنەرو بەهرەی بەرزو سەرکێشی تۆلستۆی هەندێ لەم وردەکارییانەی خوڵقاندبێ‌و کردبێتی بە بیانوویەك تا شەڕانیەتی خودی بەشەری لە رێگاوە شەرح و شرۆڤە بکات، بەڵام بەخۆی لە کۆتایی چیرۆکی دووەمدا زۆر بە روونی‌و رەوانی لەمبارەیەوە دەڵێت: "قارەمانی چیرۆکەکەی من، ئەو قارەمانەی بەدڵوگیان خۆشم گەرەکە، ئەو قارەمانەی کە هەوڵم داوە هەموو جوانی‌وگەورەییەکی بەرجەستە بکەم، ئەو قارەمانەی کە تا هەتا هەتایە بە زندوویەتی دەمێنێتەوە، راستییە" جا رووداوەکانی ئەم رۆژگارانەی ئێمە سەلماندی کە لیڤ تۆلستۆی لە باس‌وپێناسەو نیشاندانی سەربازی روسیدا زێدەرۆیی نەکردووەو ئەو حەقیقەت‌و راستییەی کە ئەو ویستویەتی بیخاتە بەرچاو هەمان سەربازە کە بە سادەیی‌و دڵنیاییەوە، بێهیچ لافو گەزافو خۆهەڵکێشان‌و خۆنواندنێکەوە، بێئەوەی ئەجرێکی دنیایی یان پاداشتێکی ئاینی بخوازێت بەرگری لە خاکی باوانی خۆی دەکات. لە چیرۆکی (سباستوپول لە کانونی یەکەم)دا دەڵێت:

"کاتێ دەکاریت پەی بە نیشتمانپەروەری گشتی بەریت کە تەسەور بکەیت ئەم پیاوە سادەو بێ رتوشانە، ئەم سادەو بێگەردانە، لەو رۆژە مێژووییانەدا هەریەکەیان قارەمانێك بوون‌ومەرگیان بە هیچ نەدەزانی. شەڕی مێژوویی سباستوپول کە میللەتی روسیا قارەمانی مەیدانەکەی بوو، شوێنەوارێکی نەمر بەو سەرزەمینە دەبەخشێت".

پاش ئەوەی سباستوپول تەسلیم بوو، تۆلستۆی لە نیوەی دووەمی نۆڤامبەری ١٨٥٥دا بۆ پترسبۆرگ گەڕایەوە. ئەو نووسەرو شاعیرە مەزنانەی کە لەو رۆژەدا لە پایتەختی تزاراندا بوون، وەك تورگنیف ونیکراسۆف وگونچارۆفو پیسمسکی وچرنیشڤسکی وەکو نووسەری نمرە یەکی روسیا، ئەویان لە کۆڕی خۆیاندا پێشوازی کرد، هەرچەندە هێشتا ئەدەبیاتی نەکرد بوو بە پیشەی یەکجارەکی خۆی. بەڵام زوو بە زوو ولە هەمانساڵدا داوای خانەنشینی لە سوپا کردو دوای ماوەیەك نڤیساری کرد بە رێگەی ژیانو گوزەرانی خۆیو رەنگە ئەو زیاتر لە هەر نڤیسەڤانێکی دیکەی بەر لە شۆڕش توانبێتی لە رێگەی قەڵەمەکەی خۆیەوە ژیانێکی ئاسوودە دابین بکات.

جگە لەو نووسینانەی پێشتر نووسیبوونی، لە سەرەتای ئەم قۆناغی دووەمی نڤیساریەدا چەند چیرۆکێکی تری میناکی (منداڵ، مەشمولی عەفوی گشتی، ودوو سوار)ی بڵاوکردەوە. بڵاوبوونەوەی (کازێوەی موڵکدارێك) کە لە هەمان سەروبەندا بڵاوبووەتەوە، بە وەرچەرخانوروداوێکی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە هاتە ژماردنو هەموو گوتیان لە دوای چیرۆکە بەنێوبانگەکەی تورگنیف (یاداشتەکانی راوچی) ئیدی هیچ بەرهەمێکی دیکەی لەمە باشتر لەم بوارەدا بڵاونەبووەتەوە. تۆلستۆی لەم چیرۆکەدا نەك هەر زمانی رەوانوجوانی تورگنیفی بەکاربردبوو،بەڵکو کێشەوململانێی نێوان موڵکدارانو وەرزێرانی لە تورگنیفش باشترو ئاشکراتر شرۆڤە کردووە.

تۆلستۆی، پاش ئەوەی لە خزمەتی سوپایی دەرچوو، دوای دوو هەیڤان سەفەرێکی ئەوروپای رۆژاوایی کردو شەش هەیڤان لە فەرەنساوسویسراو ئاڵمانیاوباکووری ئیتاڵیادا گەڕا. دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٦١دا سەفەرێکی تری بۆ رۆژاوای ئەوروپا کرد. لە سەرەتای قۆناغی نیڤساری خۆیدا کە چوو بو یاسنایا پالیانا، لێبرا گۆڕانوکرانەوەیەك لە ژیانی ئەو وەرزێرانەی لەسەر موڵکەکەی ئەو کاریاندەکرد فەراهەم بکات وئەم گۆڕان وکرانەوەیەی بە کردنەوەی قوتابخانانی سەرەتایی دێهاتی دەست پێکرد تا سەرەتا چاوی منداڵەکان بە نوری زانست روناك بکاتەوە، جا بۆ پەی بردن بەو بنەمایانەی کە لەم بوارەدا لە ئەوروپادا باو بوو ئەم دوو سەفەرەی کرد. لە سەفەری

سویسرادا بوو کە چیرۆکی (لوتسرن)ی نووسیو لەم چیرۆکەدا هەست وسۆزی خۆی دەربارەی ئەم سەفەرە شرۆڤە کردووە.

لە ئاخرو ئۆخری تەموزی ساڵی ١٨٥٧دا لە سەفەری یەکەمی گەڕایەوە، ماوەیەکی کەم لە مۆسکۆ مایەوەو ئەوسا بۆ یاسنایاپالیانا چوو و تا ساڵی ١٨٥٩ بە رادەیەك سەرگەرمی ریفۆرمێن کۆمەڵایەتیوچاککردنی ژیانی دێهاتیانومنداڵەکانیان بوو کە لە ماوەی دوو ساڵاندا تەنیا چیرۆکی (سێ مردن)ورۆمانۆکێکی بە ناونیشانی (بەختەوەریی خانەوادەیی) نووسیو پاشان چیرۆکی (ئالبێرت)ی کە ئوتوبیوگرافی سازڤانێکە، تەواوە کرد. چیرۆکی (سێ مردن) یادگاری زەمانێکە کە سەرقاڵی ریفۆرمی ژیانی وەرزێران بووەو لەو زەمانەدا باوەڕی وابووە کە ژیانی سروشتیو ئاسایی گوندییان زۆر لە ژیانی دەستکردی قەڵبو ریاکارانەی مفتەخۆڕانی شاران پەسند ترە، لەم چیرۆکەدا مردنی سێ بوونەوەری، واتە ژنێکی موڵکدارو پیاوێکی دێهاتیو درەختێکی بەوپەڕی وەستایی نیشان داوە، ئەو ژنە موڵکدارە کە لە سەرانسەری ژیانا جگە لە سك لەوەرێنیو ریا و قەڵبکاری هیچ کارێکی تری نەکردووە بە شێوەیەکی بێزەوەرو کرێت گیان دەسپێرێت، بەڵام دێهاتیە جوتیارەکە کە لە هەموو تەمەنیا هەر هاونشینی سروشت بووە بەوپەڕی دڵنیاییو بارسووکیو ئاسوودەیی لە جیهان دەڕوات، و مەرگی درەختەکەش کە پتر لەو دوو بوونەوەری دی ئاوێتەوپابەندی سروشتە، بە شکۆداریو جوانیەکی تایبەتیەوە روو دەداتوبە رادەیەك سروشتیو پڕشکۆیە لە تۆ وایە مەرگ نیەو خۆ ئامادەکردنو خود رابوونێکە بۆ ژیانێکی تر. لەم سەروبەندەدا تۆلستۆی شەیدای تەبیعەتو دڵبەندی بیروباوەڕەکانی رۆسۆ بووەو پڕ بەدڵ باوەڕی وابووە کە هەرچییەك لەگەڵ تەبیعەتدا بگونجێوبسازێ جوانوشەریفەوهەرچیەك لە سروشت دوور بێ، ناشیرینوسووكوکرێتە. تۆلستۆی هەمان بیروباوەڕی کەمو زۆر وهەندێجار لە بەرهەمەکانی دیکەی خۆیدا دووبارە کردووەتەوەو هەمیشە خۆی وا نیشانداوە کە شیفتەو دڵبەندی تەبیعەتوسروشتە، هەر بۆیەش لە ١٨٦١/٢/١٩وە کە لە یاسنایاپالیانادا جێگیر بوو، تا دە رۆژ پێش مردنی خۆی ئیدی لەوێولە باوەش سروشت وەدەرنەکەوت.

تۆلستۆی بە درێژایی ئەم ماوەیە جارچی وپەیامبەری سوڵحوئاشتی بووەو پەروەردەو فێرکردنی منداڵانی بە یەکێك لە کارە گرینگەکانی خۆی زانیوەو بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەیەکی تایبەت بە پەروەردەو فێرکردنی بەناوی موڵکەکەیەوە دەرکردو لەوێدا زۆربەی کات بیروباوەڕی تایبەتی دەربڕیوە. بۆ نموونە بە دەم شەرحی باوەڕو بۆچوونی خۆیەوە دەربارەی پەروەردەی نەتەوەیی بیروباوەڕی زۆر لێکدژی لەمەڕ فێرکردن وپەروەردەو مەدەنیەتوپێشکەوتن خستووەتە روو. بۆ نموونە نووسیویەتی کە پێشکەوتن تەنیا بۆ ژمارەیەکی دیاریکراوە کە ئەو دەرفەتەیان هەبێ‌وبۆ خەڵکانی دی نەك هەر زیادە بەڵکو بە زیانیشە، خویایە کە لەم بارەیەوە بیروباوەڕەکانی جان جاك رۆسۆی دووبارە کردووەتەوە.

لە ساڵی ١٨٦٠دا دەگەڵ خوشکەکەی‌وخوشکەزاکانیدا بۆ دیدەنی یەکێك لە براکانی کە بۆ مالیجەی نەخۆشی چوو بووە ئەوروپا، سەفەری دووەمی بۆ رۆژاوای ئەوروپا کردو ئەم سەفەرەی پتر لە نۆ هەیڤانی خایاند، جارەکی دی ماوەیەك لە ئەڵمانیاو فەرەنساوئیتاڵیا گەڕاوکەمێکیش لە لەندەن‌وبرۆکسل مایەوەولەم سەفەرەدا تاسەمەندی ئەوە بوو کە فێرگەکان بدینێ‌ولە فێرکردن‌وپەروەردەدا کارامەترو مەعلانتر ببێ. لەم سەفەرەدا بوو کە نووسەری نێودار (گرتسن)ی لە لەندەن بینی‌ولە برۆکسل (پرودن)ی پێشەوای بە ناوبانگی سوسیالیستەکانی فەرەنسای ناسی‌و ئاشنایەتی دەگەڵ چەند ناودارێکی پۆلاندی وئاڵمانیشدا پەیدا کرد. کاتێ کە بۆ یاسنایا پالیانا گەڕایەوە سەیری کرد لە غیابی ئەودا دەوڵەتی تزاری کۆمەڵێك موفەتیشی بۆ ئەوێندەر ڤڕێکردووەو تەفتیشێکی وردی ماڵەکەیان کردووە، چونکە دلۆڤانی‌و میهرەبانی ئەو دەگەڵ وەرزێران‌وگوندیان‌وهەوڵدانی بۆ چاککردنی وەزعو حاڵی کۆمەڵایەتیان‌وبێدارکردنەوەو فێرکردنیان، بەدگومانی لەلای دەوڵەت چێکردبوو وئەویان بە بزوێنەرو هاندەری شۆڕش‌و هەراو هەنگامە زانی بوو. تۆلستۆی کە لەم سەفەرەی گەڕایەوە لە ساڵی ١٨٦٢ لە گەڵ سۆفیا ئاندرئیونابرسدا، کە کیژی پزیشکێکی ئاڵمانی نەژادی ئاکنجی مۆسکۆ بوو، زەماوەندی کرد. ئەم ژنە کە تا کۆتایی ژیانی نووسەری مەزن هەر لەگەڵی بوو، لە گەنجیدا جەزبەو لوتفێکی تایبەتی لەلای ئەو هەبوو، تەنانەت لە ئەدەب‌وموسیقاشدا بێ بەهرەو سەلیقە نەبوو، بۆیە

زەماوەندی دەگەڵ تۆلستۆیدا بە بەرزترین شادیو نیعمەت دەزانی. ئەم ژنە لە دایکبووی ساڵی ١٨٤٤ بوو و لە ١٩١٩/١٠/٢٢دا کۆچی دوایی کرد، واتە شازدە ساڵان لە شووەکەی بچووکتر بوو ونۆ ساڵ دوای ئەو مردو بۆ ماوەی چل وهەشت ساڵ شەریکی ژیانی بوو. یازدە فرزەندی هێنا کە هەشتیان هاتنە بەرهەمو لە دوای باب‌و داکیان مان، پێنج کوڕ: سێرگی، ئیلیا، لیڤ، ئاندرێ، میخائیل‌و سێ کیژ: تاتیانا، ماریا، ئالکساندرا، وێڕای ئەمەش ئەم ژنە چەند دەچووە ساڵەوە دڕژپەسندترو بیانوگرترو ناسازگارترو بەدخوو تر دەبوو. لە هەڵسوکەوتیا دەگەڵ پیاوانی تردا زۆر ڕێو ڕەسم‌وداب‌ونەریتی ڕەچاو نەدەکردوهەمیشە شووەکەی دەرەنجان‌ودەیخستە گومانەوە. تۆلستۆی لە بەرهەمەکانی خۆیدا چەندین جار بە گۆشەو کینایەو درکە باسی پەیوەندی خێزانداری خۆی کردووەو تەنانەت یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی (سۆنات کروتزر- Sonate Kreutzer) بە باسی ئەم بابەتە دەزانن.

سۆفیا ئاندرئیونا بە هەموو مانای وشە ژن بوو، یانی خەمساردو بێ موبالات سەبارەت بە شتە گرنگەکان‌ومنجڕولاسارو پابەند بە شتە بێ بایەخ‌و نرخەکان. تەبیعەتێکی هەبوو کە زۆر زوو لە هەر شتێك بێتاقەت دەبوو و دڵی، بۆ ماوەیەکی کەم نەبێ، بە هیچ شتێك خۆش نەدەبوو. ئەو هەموو شانازییەی کە بە نسیبی مێردەکەی بوو بە دروستی نەدەبینی‌ولەزەتی لێ نەدەبینی، بە پێچەوانەوە لەو هەموو بایەخەی کە خەڵکی پێیان دەدا بە گومان بوو، لەو ریفۆرمانەی کە لە ژیانی دێهاتیاندا دەیکردولەو لێبوردەییەی کە دەرهەق بەوان (دێهاتیان) هەی بوو، ناڕازی بوو، تەنانەت ئەو رۆژانە یاداشتانەی کە تۆلستۆی دەربارەی رووداوە رۆژانەکانی خۆی تۆماری دەکرد، بە نهێنی دەخوێندەوەو وای دەزانی نهێنییەکیان تێدایە کە دەبێ کەشفیان بکات. سەرەنجام ئەم بەدخوویی‌وبەدگومانیانە گەییشتنە شوێنێکی ترسناك‌و بوونە باعیسی مەرگی نووسەری مەزن.

تۆلستۆی، لە سەرەتای ژیانی ژن‌و مێردایەتیدا بە پێچەوانەوە یەجگار شاد بوو و تا رادەیەك ئاشقێنی دەگەڵ ژنەکەیدا دەکردوخۆشی دەویست‌وهەمیشە لە ژیاندا زۆر دڵبەندی منداڵەکانی بووەو تاقە پەناگەی بۆ رەهایی لە دەست دژواریە ناخۆش‌و ناگەواراکانی ژیان میهروسۆزی منداڵەکانی بووە.

بۆیە لەم قۆناغەدا کە هێشتا بەدخوورییەکانی سۆفیا ئاندرئیونا دەستی پێنەکردبوو، چەندین شاکاری نەمری بەرهەم هێنا. لە ساڵی ١٨٦٠دا چیرۆکی (پالیکوشکا)و دوای ئەوە لە ساڵی ١٨٦٢دا چیرۆکی (قوزاقەکان)ی بلاوبوونەوە. چیرۆکی (قوزاقەکان) یەکێکە لە جوانترین‌و رۆمانتیکی ترین بەرهەکانی ئەو. لەو چیرۆکەدا هزروهزرینی تایبەتی قوزاقان لە باوەشی جوانیەکانی سروشتی قەفقازدا بە شێوازێکی یەجگار جوان هاتووەتە نیشاندان‌و دەربڕین. لەم چیرۆکەدا یروشکاوماریانکای کیژی جوانی قوزاق‌و لوکاشکا بەکەماڵی سادەیی، لە ئاسوودەیی موتڵەق داو لە ژینگەی میهرو وەفادا دەژین. ئولنین Oleninەبەپێچەوانەوە بووە بەشارنشین وگیرۆدەی خەیالاتی تاقەتبەروئالۆزوکێشماکێشی دەروونییەو هەمیشە لە نێو گێژەنگ‌و شەپۆلی پەریشانیدا دەست و لاقان دەکوتێ‌و ئەو پاکی‌و بێگەردیە دەروونییەی دۆڕاندووە، لەگەڵ ئەمەشا بەغیلی بە ژیانی سادەی ئەم خەڵکە بەختەوەرە دەبات‌وهەرچەند دەکات دەروونی خۆی وەکو ئەوان ئارام بکات ناتوانێ‌وبۆیە هەست دەکات کە لە ناویاندا نامۆو بێگانەیە، وبۆیە هیچ سوودێك لەو ڤیان‌وخۆشەویستییە نابینێ کە بۆ ماریانکای دەردەبڕێ‌وسەرەنجام هیچ چارێکی نامێنێ جگە لەوەی کە لە نێو ئەم خەڵکە بڕوات‌وحەسرەت‌وناکامی دەگەڵ خۆیدا بەرێ.

چیرۆکی (پالیکوشکا)ش کە پێش ئەو نووسراوە، دیمەنێکی ترە لە ناکامیەکانی دەستەیەکی تری ئەو زەمانە، یانی ناکامی گوندنشینەکان، ئەم چیرۆکە باسی ژیانی وەرزێرێکە کە بەباوەڕی تۆلستۆی موڵکدارەکان هەرچیەکان کردووە تا ژیانی باشتر بکەن، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، وادیارە لەم چیرۆکەدا ویستوویەتی زەحمەتی بێهودەی خۆی لە رای چاککردنی وەزعی جوتیارەکانی سەر موڵکەکەی خۆی بەرجەستە بکات‌و نیشانبدات.

لە ساڵی ١٨٦٩دا هەوەڵین فەسڵەکانی رۆمانە بەناوبانگە ئیقلیمگیرەکەی (جەنگ‌وئاشتی) نووسی‌و گۆڤاری بەنێوبانگی (پەیام ئاوەری روسیە) لە ساڵی ١٨٧٠دا دەستی بە بلاوکردنەوەی کرد. بێگومان ئەم بەرهەمە نەك هەر شاکاری بێ چەندوچونی ئەم کەڵە نووسەرەیە، بەڵکو لە شاکارە جاویدانەکانی ئەدەبیاتی جیهانەو دەبێ بڵاوبوونەوەی بە وەرچەرخان‌و

رووداوێکی گرینگ لە ئەدەبیاتدا بزانرێ. ئەم رۆمانە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوەو وێڕای ئەمەش تۆلستۆی لە کارەکانی تری نەکرد. لە کاتێکدا لە سەرانسەری روسیادا خەڵکی ئەم کتێبەیان، کە بوو بووە مایەی شۆرەتی هەمیشەیی ئەو، دەخوێندەوە، ئەو لە یاسنایاپالیانادا کتێبی ئەلفباو کتێبانی سەرەتایی بۆ قوتابیە سەرەتاییەکانی خۆی چاپدەکرد.بایەخدان بەلایەنی سایکۆلۆژی لەم کتێبانەدا یەجگار جوانە، چونکە لە هەر لاپەڕەیەکدا پیاو مرۆڤێکی یەجگار مەزنوبەرزە ئەندێش دەبینێ کە بە زەحمەتێکی تایبەتیەوە هەوڵی داوە ئاستی هزرو هزرینی خۆی بێنێتە خوارێو ببێ بە هاوزوبانی مندالانی سەرەتاییوهەندێجار لەمبارەیەوە گۆی گرەوی بردووەتەوەو کۆمەڵە شاکارێکی سەیری فەراهەم کردگە کە بە تەواوەتی دەگەڵ روحو زمانی منداڵدایە.

هەموو رەخنەگرە مەزنەکانی دنیا بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ رۆمانی (جەنگو ئاشتی) دەربڕیوە. ماکسیم گۆرکی کە باوەڕێکی تایبەتی بە تۆلستۆی هەبووە، لە سەرەتای قۆناغی نڤیساری خۆیدا کە رێکەوتی کۆتاییەکانی ژیانی ئەو بووە، لە یاسنایا پالیانادا چووەتە دیدەنی، دەرهەق بەو رۆمانە دەڵێت: "جەنگو ئاشتی باشترین بەرهەمی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمە". تەنانەت گوستاف فلوبیر، نووسەری فرە بەنێوبانگی فەرەنسی دانەری ئەم بەرهەمەی بە شەکسپیری دووەم ناوبردبوو، وپاش خوێندنەوەی ئەم رۆمانە نامەیەکی زۆر گەرمو گوڕی بۆ تورگنیف، نووسی بوو و سوپاسی کردبوو کە نوسخەیەکی رۆمانەکەی بۆ نارد بوو، لەو نامەیەدا دەڵێت: "ئەگەر بڵێم بەرهەمی نمرە یەکە، وەکو ئەوەیە هیچم نەگوتبێ، ئەمە چ نیگارکێشو چ دەروونناسێکی بێ وێنەیە، بەدەم خوێندنەوەی ئەم رۆمانەوە، زۆر جاران بە جۆرێ ئاوێتەی دەبوومو رایدەکێشام کە بێ ئختیار لە جێی خۆ رادەپەڕیموئافەرینم بۆ نووسەرەکەی دەنارد".

ئەم رۆمانە باسێکی یەجگار جوانو وەستایانەیە دەربارەی راپەڕینی میللەتی روس لە هەنبەر ناپلیون لە ساڵی ١٨١٢ و١٨١٣ کە شکستو پاشەکشە بەنێوبانگەکەی ناپلیۆنی لێکەوتەوە. ئەم نووسەرە مەزنە بەدەم

شرۆڤەی رووداوەکانەوە، جۆشوخرۆشی خەڵکی وڵاتی خۆی بە جۆرێ وەسف کردووەو نیشانداوە کە بێ چەندوچون ئەوپەڕی کاری کردووەتە سەر هزرو بیری ئەو کەسانەی کە لە دوای ئەوەوە هاتوون. بە خۆڕایی نیە کە لەم کتێبەدا هێزی روحانیو ئەخلاقی خەڵکی ئەو وڵاتە بە هۆکاری ستراتیژی پێشکەوتنی روسیە دەزانێ. دەڵێت ئەگەر لە شەڕە بەناوبانگەکەی (ئوسترلیتس)دا هێشتا ئەم تایبەتمەندییە نەتەوەییانە لەلای سەربازی روسی پەیدا نەبوو بوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەم قارەمانە گیانبازانە ئامانجێکی پیرۆزیان لە بەردەم دا نەبوو کە شایستەی خۆبەخت کردنیان بێ. بەڵام لە جەنگی بۆردینۆ- Borodino دا کە یەکەمین جەنگی گەورەی نەتەوەیی روسی بوو ئامانج گۆڕاو ئەو سەربازەی کە لە جەنگ کردن لە رای خەڵکی دیدا خەمساردو بێ موبالات بوو، هەرکە هەستی کرد شەڕ بەرۆکی خۆی گرتووە راپەڕیو تا بەردەم شەڕەکە نەوەستایەوە، شەوی بەر لەم شەڕە هەرچی سەرباز هەبوو خۆی سازدا بوو و عەزمی جەزم کرد بوو کە سبەینێ فەتح بکات، ئەم ویست وورەو متمانەو باوەڕە بە تەوێڵی هەر سەربازو ئەفسەرێکەوە دەبینرا. باڵا دەستی ئەم سەربازە گیانفدایانە بەسەر سەربازانی ناپلیۆن دا کە خۆشیان نەیاندەزانی بۆچی وبۆ کێ دەجەنگن، وتەنیا بە مەبەستی گوێڕایەڵی فەرمانی ئیمپراتۆرەکەیان هاتبوونە مەیدانی جەنگ، بووە مایەی ئەمە کە ئەم خودای شەڕەو ئەم باڵاترین سەردارەی شارستانیەتی تازە، شکست بێنێو لەشکرەکەی پەرش و بڵاوبێتەوەو بەو حاڵەوە بۆ وڵاتی خۆی گەڕایەوە. بەڵام کوتوزوف، سەرداری بە نامێی روسیا کە تۆلستۆی ئەوپەڕی ستایشی کردووە، چونکە ئامانجو مەبەستێکی پیرۆزی لە بەردەم بوو، بە شانازی سەرکەوتن گەیی.

تۆلستۆی وەکو جاران لە موڵکەکەی خۆیدا سەرقاڵی کارەکانی بوو، کە لە ساڵی ١٨٧٣دا قاتوقڕی ناوچەی سامارای گرتەوەو تۆلستۆی بەجۆرێ نیگەران کرد کە چوو بۆ ئەوێندەر، کە گەڕایەوە لە (رۆژنامەی مۆسکۆ)دا باری سەرنجودیتنەکانی خۆی بڵاوکردەوە کە دەنگێکی سەیری دایەوە، چونکە دەوڵەت هەوڵی دەدا حەقیقەت وەشێرێوپەردەپۆشی بکات، بەڵام تۆلستۆی بێهیچ رتوشێك هەرچیەکی بینی بوو خستبوویە سەر کاغەزو

دەوڵەت ناچار بوو مدارای خەڵکەکە بکات‌ویەکسەر یارمەتی‌و کۆمەك بە خەڵکی ئەوێندەر بگەیەنێ.

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٧٥دا دووەمین شاکاری بێ چەندوچوونی خۆی، واتە (ئاناکانینا)ی بلاوکردەوەو چاپکردنی تا ساڵی ١٨٧٧ درێژەی کێشا، واتە چوار دانە ساڵ سەرقاڵی ئەم کارە بوو. هەوەڵجار نەخشەیەکی تری بۆ داڕێژا بوو وسەرەنجام بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە دەرچوو. لەو سەروبەندەدا کە مژولی نووسینی ئەم رۆمانە بوو، دیسان هەندێ رووداوان روویان دا کە زۆریان کار لە هزرو بیری کرد. لە ساڵی ١٨٧٧دا شەڕێك لە نێوان روسیاو عوسمانیدا هەڵگیرسا، جارەکی دیکە هەستی نیشتمانپەروەری نووسەری مەزنی جولاند. لە کاتی شەڕەکەدا هەمیشە نیگەران‌و دڕدۆنگ بوو، کە لە کۆتایی شەڕەکەدا سوپاییانی روس شاری (قارس)یان گرت، ئوخژنێکی کەوتە دڵ‌ودەروون‌و هێمن‌وئارام بووەوەو لەم قۆناغی ئارامی‌و ئاسودەییەدا ئەم رۆمانە بە نێوبانگەی تەواو کرد.

کاتێ کە ئەم رۆمانە تەواو بوو دۆستۆیفسکی نووسی: "ئاناکارنینا لە رووی ئەدەبیەوە لوتکەی کەماڵە. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوروپای ئەم رۆژگارە ناگاتە ئاستی".

ئاناکانینا کیژێکی جوانی خوێن گەرمی پڕهەست‌وسۆزە،وبەگەنجی دەبێ بە هاوسەری (کارنین)ی فەرماندار کە دوای ماوەیەك دەگاتە پلەو پایەیەکی بەرز لە پترسبۆرگ. کارنین پیاوێکی وشکی بێ زەوقی بێ سۆزە. لە هەموو ژیانیا جگە لە کارێن ئیداری‌و نووسراوێن فەرمی بێهوودە هیچ کارێکی دیکە ناکات، بە تەواوی دڵبەندو پابەندی خورافات‌و باوەڕێن کۆن‌و بێ نێوەڕۆك‌و پوچەڵی ژینگەی ئەشرافی خۆیەتی. هەشت ساڵی سەرەتای ژیانی ژن‌ومێردایەتیان بە ئارامی‌و یەکنەوایی‌و نەگۆڕی دەبورێ. ئانا لەم ماوەیەدا هەموو ژیانی خۆی بۆ کاری ناوماڵ‌وتەربێت‌و پەروەردەی (سێرگی)ی کوڕی تەرخان دەکات‌ونازی دەکێشێت، وئیدی سەرگەرمی هاتوچۆی ئەشرافی‌و شادی‌و بۆنەکانی ژینگەی ژیانی خۆیەتی. ئانا ئەو بەختەوەری‌و ئاسودەییە مادییەی کە لەو رۆژگارەدا هەزاران ژنی گەنج بە ئاواتیان دەخواست‌وهەزاران باب‌و داك بۆ کیژەکانیان بە ئاوات دەخواست هەبوو،

بەڵام سەرەنجام تەبیعەتی هەستیاری ئەو بەمە قاییل نەبوو و منەی بەختەوەرییەکی دی دەکرد.

کوتوپڕ ڕۆژێك ئەفسەرێکی لاوی قۆز بە نێوی ڤیرنسکی دەناسێتو زوو بەزوو، ئەشقی ئەوی لە دڵەی بێ ئارامو پڕ ئارەزووی خۆی گرت. ئەم ئەشقو ڤیانە لە دڵی ئانادا کە  تا ئەو ڕۆژە تینوی ڕووداوێکی وەها بوو، جۆشی سەندو سەراپای بوونی گرتەوەو بۆ ژیانێکی دیکەی ئامادە کرد. ئەو ڕۆژە لە پڕا زانی کە تا ئێستا لە چ ژینگەیەکی تاریك وساردا ژیاوەو چۆن لە بەختەوەری بێ بەش بووەو چۆن ئەشقو ڤیان دەتوانێ ژیان دڵگیرو خۆش بکات. کاتێ کە دەخوازێت خۆی بەو ئەفسەرە تەسلیم بکات، بە خۆی دەڵێت: "گوناحی من چیە کە خوا بەم جۆرەی دروست کردووم کە دەبێ کەسێکم خۆش بوێ تا بتوانم بڵێم زندووم".

سەرەنجام دابونەریت وقەراردادەکانی ژیانی ئەشرافیەت وەلاوە دەنێو ماڵەکەی خۆی بەجێ دێڵێ و خۆی بەو جیهانە نوێیەدا دەکات کە دەرکەی لە ڕوودا کردبووەوە. مەخابن کە ڤیرنسکی ئەو پیاوە نەبووە کە بتوانێ لە گەورەییو حەقیقەتبینی ئەشقو ڤیانی ئانا تێبگات، ئەشق و ڤیان لەنك وی تەنیا سەرگەرمیو ڕابواردنێك بوو، لە کاتێکدا لای ئاناو بۆ ئانا هەموو شتێك بوو، ولە پێناوی گەییشتن بەم ئاواتە گەورەترین فیداکاری کردبوو.

ئانا، لە نێو ئەم بەدبەختیو ڕەنجەڕۆییو نا ئومێدیە لە ئەشقو ڤیان، دیسان بە خۆی دەڵێت: "من تینووی ئەشقمو چ ئەشقێکیش لە گۆڕێ نیە. کەواتە ژیان بۆ من تەنیا بارێکی گرانەو هیچی تر. تیشکی مۆم کاتێ پێویستە کە کەسێك بیەوێ شتێك بدینێ.کە شتێك بۆ دیتن لە ئارادا نەبێ، وا چاکترە مۆمەکە بکوژێننەوە". ئانا ئەم مۆمەی تەمراندو جەستەو قەلافاتێکی، کە لە جوانیو قۆزیدا زینەتو ئارایشی ژینگەی ئەشرافیەتی پایتەختی تزاران بوو، لە ژێر چەرخی ڤیتارا بە دەستی مەرگ سپارد. ئەو ئەشقو ڤیانەی کە ئانا بە سەرمایەی بەختەوەریو ئامانجی ژیانی خۆیی دەزانی، سەرەنجام لە ژینگەی ڕیاو قەڵبکاری ئەشرافیەتدا فەوت و فەنای کرد، سەری خوارد.

تۆلستۆی، لەم رۆمانەدا قارەمانانی نمرە دووشی هێناوەتە مەیدان، لەوانە لڤین- Levineو کیتی دەزگیرانی، کە سەرەنجامو پاش دوو دڵیو راراییەکی فرە دەبێت بە هاوسەری. هەڵبەتە لڤین تاپۆو نوێنەری هزرێن نووسەرە کە پاش تاقیب وگەڕانێکی زۆر بە دووی بەختەوەریدا، ئەو شادیو بەختەوەرییە تەنیا لە دنیای خەیاڵدا دەدۆزێتەوەو لە رێگەی پاڵاوتنی نەفس و پارێزکاری لەخراپەو سادەژینییەوە دەیگاتیێو جگە لە باوەشی خێزانوکاری کشتیاریوخزمەتکردنی ژێردەستانی خۆو جووتیاران چ رێگەی دی بۆ گەییشتن بەو ئاواتە نیە. تۆلستۆی ویستویەتی بەمجۆرە رێگەی ئەو بەختەوەریە راستەقینەیەی کە ئاناکارنینا منەی دەکردو پێی نەدەگەییو کیتی بەو شێوەیە دۆزی بوویەوە، نیشانبدات.

ئەم رۆمانەی تۆلستۆی وەسفێکی تەواو عەیاری روسیای زەمانی ئەوە، بۆیە بە وردترینو رەوانترین رۆمانی ئەو رۆژگارەی دەزانن. ئەو رۆژەی کە تۆلستۆی ئەو رۆمانەی بڵاوکردەوە لە هونەری نڤیساریو شارەزایی لەم بوارەدا گەیی بووە لوتکە، بۆیە بە گەورەترین نووسەری ئەو رۆژگارەیان زانی، لە فەسڵە جیاوازەکانی ئەم رۆمانەدا زۆر دیمەنی وەزع وحاڵی کۆمەڵایەتیو سیاسی روسیای ئەو رۆژگارو سەردەمە دەبینرێ، ودەشێت لە باری سەرنجی سایکولۆژیەوە بە رۆمانێکی فەلسەفی بزانرێ.

تۆلستۆی لەم رۆمانەدا ویستوویەتی ئەم حەقیقەتە سەلماوە ئاشکرا بکات کە رێگەی بەختەوەری لە رووی ئەشرافی روسیای ئەو زەمانەدا داخراو بووەو لە هەر نەگبەتیەك هەڵاتوون تووشی نەگبەتیەکی تر بوون. کۆتوبەندو رێو رەسم و داب ونەریت و تەشریفاتکاری لەمپەرو بەر بەستێکی لە نێوان ئەوانو بەختەوەریدا چێکردبوو، لەوەش خراتر پیاوانو ژنانیان بوو بوون بە دیلو ئەسیری ئەم دابو نەریت و قەراردادانە، خووی مرۆڤانەی خۆیان لە دەست دابوو و بوو بوون بە خەڵکێکی وشكو نەگبەتو سەرگەردانو ئەگەر بیانویستبا پەی بە بەدبەختیو نەگبەتیو بێهودەیی بوونی خۆیان بەرن، شتێکی تریان بە بەختەوەری دەزانی کە نەك هیچیان لێ هەڵنەکڕاند بەڵکو نابوتی دەکردن.

تۆلستۆی لەم رۆمانەدا زۆر پرسی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی میناکی داب ونەریتی موڵکداران، ئەو یاساورێسایانەی کە بۆ پەردەپۆشی ئاژاوەو هەراوهەنگامانیان دانا بوو، ریسوایی‌و بێ سەروبەری دەزگا دەوڵەتیەکان‌و تەنانەت پرسە گرینگە زانستی‌و هونەری‌و فەلسەفیەکانیشی هێناوەتە ناو ناوان‌و زۆر وەستایانە تاوتوێی کردوون‌و رووداوە مێژووییەکان‌و وەزع و حاڵی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەشی نەبواردووە.

لەو سەروبەندەدا کە تۆلستۆی(ئانا کارنینا)ی دەنووسی،واتە لە ١٨٧٠ەوە تا ١٨٨٠، هزرو بیری دەربارەی ژیان‌وبونیادی ژین‌وئەخلاق‌وئاکارو ئاین‌وپەیوەندیە کۆمەڵاییەتیەکانیش دەگۆڕاو یان بە گوتەیەکی دی ئەو بۆچوونە رەخنەییانەی کە لەم ماوەیەدا لە هزرو بیریا رەگی داکوتا بوو، پایەدارترو مکوم تروتیژبین تر دەبوو. رووداوەکانی رۆژگاریش ئەم گۆڕان‌وشۆڕشانەیان بەرینتردەکردوئەویش لەو ئەنجامەی کە دەبوایە بیگاتێ نزیکتر دەبووەوەو مکوم تر دەبوو.

شاکارەکانی دیکەی ئەم قۆناغەی: (دان نان بە تاوانا، باوەڕی من، دەبێ چ بکرێ؟) پتر لایەن‌و مۆرکی فەلسەفی‌وسیاسیان هەیە تا لایەنی ئەدەبی رووت، و لەم بەرهەمانەدا رێبازو رێچکەی جیهانبینی خۆی شرۆڤە کردووە. لەم سێ بەرهەمەدا بە زمانێکی راشکاوی بێ پەروا پەردەی لەسەر وەزع‌وحاڵی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی‌و ژیانی چینە باڵاکانی وڵات هەڵماڵیوە.

تۆلستۆی، لەو رۆژگارەدا یەکجار پەرۆشی نەگبەتی‌و نەزانی گشتی‌وئەو بێ سەروبەریانە بوو کە خەڵکی بێتاوان گیرۆدەی بوون،ودەیویست بە پێی توانای خۆی ئەم بارودۆخانە بشڵەقێنێ‌وبگۆڕێ، لەم سێ کتێبەدا وا دیارەتۆلستۆی وردە وردە نەگبەتی خەڵکی رەنج بێوەروبێبەش، لە خۆیشیدا دەبینێ‌وزۆر بە گلەیی‌وگازاندەیە. خویایە رۆژێ دێ کە جووتیارەکانی سەر موڵکەکەی خۆی دەکات بە شەریکی خۆی‌و سەرو بەشێکیان لە موڵکەکانی خۆی دەداتێ. نەفرەتی لە دامودەزگای شوم‌وتاوانبار دەکرد کە سەبەبکاری ئەم هەموو بەدبەختی‌ونەگبەتیانە بوو.

بەڵام هێشتا نەگەییوەتە دوا ئەنجامی هزروبیرەکانی خۆی‌وتەنێ جاڕدان‌و بڵاوکردنەوەی ئامۆچیاری ئاکاری‌وئاینی بە چارەی دەردو هەوێنی

دڵدانەوەی بێ بەشانی ڕۆژرەش دەزانێ نەك ئەو ڕاپەڕینو سەرهەڵدانانەی کە لەو سەروبەندەدا هزرێن شۆڕشگێڕیان پێشنیاز دەکردو بە چارەسەری ئەم دەردانەیان دەزانی. تۆلستۆی پێی وابوو کە دەستکەوتوسەرکەوتنە زانستیو هونەرییەکان ئادەمێزادیان لە جاران بەدبەخت تر کردووە. بۆیە بە ئاشکرا دژی کەلتورو شارستانیەتی نوێومودێرن بوو، وبە توندی هێرشی دەکردە سەر.

لە ڕای پێشڤەچوونی ئەم ئامانجە بەرزوشەریفەدا روحانیانی مەرایی کەرو ریاکاری روسیای بەر تانەو تەشەران دەداو ئەوجا پەردەی لە ڕووی ستەمکاریەکانی کارگێڕانو بەڕێوەبەرانی وڵات هەڵدەماڵی. یەکێك لەوکارانەی ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٨١دا نامەیەکی بۆ ئەلکساندەری سێیەم، ئیمپراتۆری روسیا نووسیو داوای بەخشینی بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە کردووە کە بە کوشتنی ئەلکساندەری دووەم تۆمەتبار بوون. (پوبدنسوف)ی دەرباریی بەناوبانگ کە ڕەمزی کۆنەپەرستیو کۆنەپارێزی ئەو ڕۆژگارە بوو، ئەم نامەیەی بە تزار نەگەیاند، وتۆلستۆی هەر لەو سەروبەندەدا لە ڕۆژانە یاداشتەکانیدا دەینووسی: "شۆڕشی ئابوری تەنیا لەگین نیە، بەڵکو حەتمیە. پێم سەیرە کە بۆچی تا ئێستا ئاگرەکە بڵێسەی نەسەندووە".

بڵاوبوونەوەی ئەم زنجیرە بەرهەمەی تۆلستۆی بووە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی تزارو کلێسای روسیا سیمای تورەی خۆیانی نیشانبدەن، بەڵام ئەو دەسەڵاتو خۆشەویستیەی کە لە دڵی خەڵکی روسیادا پەیدای کردبوو، ئەو قەدرو ڕێزەی کە لە هەموو جیهاندا هەی بوو نەیانهێشت کە کارگوزارانی ئەو ڕۆژگارە هیچ ئازارێکی پێ بگەیەنو میناکی گەلێك لە گەورە نووسەرانی روسیای تزاری هەواڵەی زندانی بکەن. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێبازە نوێیەی کە لە ژیانی شەخسی خۆیدا گرتبوویە بەر، تەنانەت ژینگەی خانەوادەییشی لێ تەنگ کردبوو وکەس و کارەکەی ژیانیان لێ تاڵ کردبوو، بە ڕادەیەك کە چەند جارێك لێبڕا کە ماڵومنداڵەکەی بەجێبێڵێ.

لەم قۆناغەدا، جیهانبینی ونۆڕینی تۆلستۆی بۆ هونەریش گۆڕا بوو. هونەرێکی بە سوودمەند دەزانی کە دەردی خەڵکی دەرمان بکاتو بەدبەختیومەینەتیان چارەسەر بکات، و بۆیە لەو هونەرەی کە تەنێ هەواو

هەوەسو سەرگەرمی چینە باڵاکانی دابین دەکرد بێزاربوو. بۆیە جارەکی دی، وەکو قۆناغی شکۆفایی لاویی خۆی، بایدایەوە سەر ئەدەبیاتی نەتەوەیی‌و میللی میناکی ئەفسانەو چیرۆك‌و گۆرانی‌و ئاوازو داستان‌و پەندی روسی‌ولەمبارەیەوە هەندێ چیرۆکی نووسی‌و لە ڕای دابینکردنی ئەم ئامانجەداو لە پێناوی بێدارکردنەوەی عەوامی خەڵکی، کەوتە نووسینی هەندێ نمایشنامەی ئەوتۆ کە دەبێ لە ریزی بەرهەمە بەرجەستەکانیدا حەساو بکرێن. (هێزی تاریکی) کە یەکێکە لە باشترین شانۆنامەکانی، بەرهەم‌ویادگاری ئەم قۆناغەیە.

ئەم شانۆنامەیە شرۆڤەیەکی رەوان‌وجوانی ئەو زیان‌وئاسیوە فراوانەیە کە بێ ئاگایی‌و نەزانی بە خەڵکی دەگەیەنێ، نووسەری مەزنی (شەڕو ئاشتی، و ئاناکارنینا) لێرەدا روویەکی هونەرو توانایی خۆی دەنوێنێ‌و نیشان دەدات. ئەو کەسەی کە تورەیی لە دامرکان نەهاتنەوەی خۆی دەربارەی بەدکاران‌و ستەمکاران بەو هەموو گیانە بەرزەو بەو هەموو شەرافەتی ویژدانەوە نیشانداوەو دەربڕیوە، لەم شانۆنامەیەدا دڵسۆزی‌و نیگەرانی قوڵی خۆی دەرهەق بە زۆرلێکراوان‌و بەشمەینەتانی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکات.

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٨١دا بۆ سەرپەرشتی خوێندنی منداڵەکانی بۆ مۆسکۆ چوو،و لەم سەفەرەدا بازاڕێن گشتی (خیتروادینکا)و ئەو ماڵە گشتیانەی کە هەژاران شەوانیان لەوێ رادەبوارد، بینی. هەر لەو کاتەدا لە مۆسکۆدا بۆ سێ دانە رۆژ سەرژمێریان دەکردو لەو سێ رۆژەدا ئەو هەژاری‌ونەگبەتی‌وبەدکاریانەی کە لە سەرانسەری روسیادا لەبرەودا بوو بینی، و ئەم دیمەنانەی لە کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆیدا (دەبێ چ بکرێ؟) نیشان داوەو بەرجەستە کردووە. هەر لەم کتێبەدایە کە پوختەی هزری خۆی دەربارەی ئاین وئەخلاق‌وزانست‌و هونەر نیشان داوەو دەشێت ئەو کتێبە بە کورتەو پوختەیەکی روونی بیروباوەڕی ئەو لەم بوارانەدا دابنرێ. لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەیدا خۆزیاو ئارەزوو ئاواتی ملیۆنان خەڵکی مزیارو کرێگرتەو زەڕخرێی بێ ماڵ‌و حاڵی، کە دیل‌وئەسیری دەستی زاڵم‌وستەمکاری سەرمایەداران بوونە، هێناوەتە ئارا. بۆیە دەربارەی ئەو گوتوویانە: "ئایدولۆژیای تۆلستۆی هاوارو گازی‌و فریادو ناڵەی ملیۆنان وەرزێرو

کشتیارانی بێ زەویومەینەتباری روسیایە". هەر هەمان پیاوی گەورە گوتوویەتی: "دەریای بێ کەناری میللەت کە تا بنی بنی هاڕوژا بوو، بە هەموو بێ توانایی‌و سستییەکانیەوە بە هەموو لایەنە بەهێزەکانیەوە لە بەرهەمی تۆلستۆیدا رەنگی داوەتەوە".

تۆلستۆی بە خۆی لە کتێبی (دان نان بە گوناح)دا دەڵێت: "من دەستم لە ژیانی پێشووم شتووە چونکە من نەدەژیام. جۆرە لاساییەکی ژیانم دەکردەوە. زۆری ئەو نیعمەت‌و فرەیی ئەو ئاسوودەییەی کە ئێمەی تێداین نایەڵێت ئێمە پەی بە حەقیقەت‌و ئامانجی دروستی ژیان بەرین. ژیانی کۆمەڵێك مێمڵ‌و مشەخۆری جیهانی وەکو ئێمە، هیچ مانایەکی تێدا نیە، هیچ دەرس و پەندێکی تێدا نیە. تەنێ ژیانی خەڵکی سادەو رەنجبەر، ئەو خەڵکەی چەرخی ژیان دەگێڕن، چەمك و مانای هەیە. جا بۆ حاڵی بوون لە حەقیقەت‌و کەشفکردنی حەقیقەت، بەناچاری دەبێ لە ژیانی خەڵکی رەنجبەرو سادە نزیك ببیەوە". تۆلستۆی لە ڕای هاوسۆزی دەگەڵ ئەم خەڵکە سادەو رەنجبەرەدا کە مەبەستی وەرزێرانی کرێگرتەو زەڕخرێی روسیای تزاری بووە، دژی دامودەزگای زۆردارو ملهوری ئەو رۆژە ڕابووە.

وەکو پێشتر باسکرا، هەر لە میانەی ئەم چارەسەرانەوە بە راشکاوی گوتوویەتی کە پێشکەوتنی زانست وهونەرو ئەوەی کەلتورو شارستانیەتی پێدەڵێن بۆ ئەم خەڵکە رەنجبەرو زەحمەتکێشە جگە لە زیان هیچی تری پێ نییە، چونکە بە هیچ میتۆدێکی سیاسی‌و رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی‌و جیهانبینی‌و تیۆریەکی ئابووری ناتوانرێ خەڵکی بەراستی بەختەوەر بکرێ. تاقە رێگەی بەختەوەری ئاکارو ئەخلاقی بەرزەو کەسێك بەختەوەرە کە ئەو ئەخلاقە بەدەست بێنێ. پرتەوو تیشکی بەختەوەری کاتێ بەسەر تاریکیی نەگبەتی‌و پەشێوی‌وپەرێشانیە جۆراو جۆرەکاندا زاڵ دەبێت کە هەموو خەڵکی جیهان بە ئەخلاقی بەرز گۆش بکرێن‌وئەم ئەخلاقە بەرزەش جگە لە پاڵاوتنی دەروون‌وپابەندی بە ئاموچیاری روونی ئاینان‌وشەریعەتانی مەزنی دنیا، بە هیچ شتێکی دی فەراهەم نابێت.

مەخابن کە ئەم باوەڕە مەردانەیەی تۆلستۆی ئەو کاریگەرییەی نەبووە کە ئەو بەتەمای بوو، چونك ئەو ئاموچیاریەکانی خۆی لەسەر بناغەوپایەی

پەندو ئامۆژگاری ئاینیو یاساو دەستورانی میتافیزیکیوپرەنسیپی رووت دانابوو،ویاسا سەلماوەکانی گۆڕانی مێژوویيو پەرەسەندنی ئاسايیو رەوتی حەتمی شارستانیەتی بە هەند نەگرتبوو. راستە کە تۆلستۆی پرەنسیپی سەرمایەداریوزاڵی سەرمایەداری بە تاقە سەرچاوەی نەگبەتیو چارە رەشی هەژارانی رۆژگاری خۆی دەزانیوهۆی ئەم کەساسیانەی کە دەیبینیوئەم دەردو رەنجە بەسوێیەی کە هەستی پێدەکرد دەگەڕاندەوە بۆ هەمان پرەنسیپی سەرمایەداریوهەندێ جاریش کە دەهاتە سەر چارەدۆزی لە هەندێ پرەنسیپانی سوسیالیستی نزيك دەبووەوەو بە خۆی سەرمەشقی پراکتیکی سنووردارکردنی موڵکایەتی دانا بوو،بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پەیڕەوی ئەم هزرە توندڕەوانانەی نەدەکرد کە لە زەمانی ئەودا لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا بەخێرایی برەوی دەسەندو رەواجی پەیدا دەکرد. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە دەربارەی بۆچوونو ئاموچیاریەکانی گوتوویانە: "هەرچەند ئامۆچیاریو بۆچوونە فەلسەفیەکانی تۆلستۆی بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپەرستانەو نا عەمەلی بووە، ئەوجاش نکۆڵی لە بایەخو گرنگیان لە رەوتورێبازی سوسیالیستیدا ناکرێ. تۆلستۆی لە مەیدانی سوسیالیزموئامانجومەرامی سوسیالیستیدا راو بۆچوونێکی ئیجابیوسوودمەندی دەرنەبڕیوە. بەڵام رەخنەی بێ پەروای ئەو لە پرەنسیپەکانی سەرمایەداری جەزرەبەیەکی توند بوو لە سیستەمی سەرمایەداریو لە مەیدانی کێشماکێشی چینایەتی پێشڕەو رۆشنبیر دەگەڵ سەرمایەداریدا، ئەم رەخنە بێ پەروایانە جەزرەبەیەکی کاریگەرو بناغە روخێن بووە". ئەوانەی کە بیروباوەڕی ئەویان بە رەنگدانەوەی خۆزیاوئاواتی ملیۆنان وەرزێرو زەرخڕێو نامرادی ئەو رۆژگارە زانیوە هەقیانەو دەشێت تۆلستۆی بە پشتیوانی جۆرە حکومەتێکی باب فرزەندیوعێلیاتی دابنرێ.

هەڵبەتە ئەم گوتارە پڕ جورئەتانەی هەر دەبوا داموودەزگای حکومەتی ستەمکاری رۆژ بجولێنێ، بۆیە کارگوزارانی دەوڵەتی تزار رێگەیان لە بڵاوبوونەوەی پەیام وگوتارە ئاینیو فەلسەفیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی دەگرت.

ناچار دەبوایە ڕێگەیەك بۆ بڵاوکردنەوەیان وەدۆزێ، بە یارمەتیوکۆمەکی چرتکۆف، یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی، بەرهەمەکانی هەوەڵجار لە سویسراو پاشان لە لەندەن بڵاوکردەوەو لە ساڵی ١٨٨٤ بە دواوە تۆلستۆیوچرتکۆف بە شەریکی چاپخانەو وەشانخانەیەکی چاپەمەنی تایبەتیان بە نێوی (پوسردنیك) لە دەرێی روسیا دامەزراندو گەلێك لە بەرهەمونووسینەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی لەوێندەر بڵاوبوونەوەو بە قاچاخ دەهاتنە ناو رووسیا.

ئەو بیروبوچوونانەی کە لە بەرهەمێن ئەم قۆناغەیدا دەربارەی ئەدەبوئەرکی ئەدیبانوفەیلەسوفان دەری بڕیون، بیروبۆچوونی جوانو مایەی سەرنجن. زۆر بە جدی دژی ئەدەبوهونەرێك کە لە ڕای سەرگەرمیودڵخۆشی دەوڵەمەندانومیملانی کۆمەڵگەدا بوایە دەخەبتی. باوەڕی وابوو کە هونەر دەبێ نەتەوەییوگشتی بێولایەنی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی تێدا بێ، دەبێ بە جۆرێ بێ کە خەڵکی رەشوکیو رەنجبەر بە زوویی دەرکی بکەنودەردەکانی خۆیانی تێدا ببینو بۆ دەرمانی ئەو دەردانەیان بگەڕێنو پێداویستییە مەعنەویەکانی خۆیانی لێوە هەڵێنجن. باوەڕی وابوو کە نووسەرو شاعیر نابێ لە جەماوەری میللەت دووربنو کونجی قەناعەت بگرن، دەبێ لە دەوروبەری کۆمەڵگەو لە ناو کۆمەڵگەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا بژین، چونکە هونەرو زانست باڵاترین ئەرکی کۆمەڵایەتیان دەستۆدایە، ئەویش رابەرایەتی کردنی هزرو پەروەردەی سۆزو رێنوێنی هەستی عەوامی خەڵکیە. دەیگوت هونەرمەند مامۆستای قوتابخانەی ژیانە، بۆیە هەمیشە دژی پرەنسیپی هەرە باوی (هونەر بۆ هونەر) بوو وپەیڕەوی (هونەری ئامانجدار)ی دەکرد.

هەڵبەتە ئەمە بوو بووە هۆی ئەوە کە بایەخێکی تایبەتی بە کەلتووری نەتەوەییو کەلەپوری فۆلکلۆری بداتوبە جۆشو خرۆشێکی تایبەتیەوە نەقڵو حیکایەتو گۆرانیوچیرۆكو پەندو قسەی نەستەقی روسی گرددەکردەوەو وەکو خۆی گوتوویەتی لە بەرهەمەکانیا سوودی لێوەردەگرتن. هەر ئەم ئەشقە واداری کرد زنجیرە چیرۆکێکی میللی بنووسێتو دەیویست لەم رێگەیەوە ئەخلاقی عەوامی خەڵك بخاتە سەر رێگەی راست ودروست.

ئەم چیرۆکانەی بە زمانێکی زۆر سادەو بە شێوازێکی نزیك لە شێوازی پوشکین نووسیوەو هزری بەرزو دروستی خۆی بە زمانی پەندو وەعزی زۆر سادەو هەندێجار بە شیعرێن زۆر رەوان دەربڕیوە.

وەکو پێشتر ئامازە کرا، هەر بە هەمان مەبەست ژمارەیەك شانۆنامەی عەوامفامی نووسیوەو لەوانەشدا هەمان پرەنسیپوبنەمای رەچاو کردووە، کە هەندێ لەو شانۆنامانە بە هاوتای شاکارەکانی شەکسپیر دەزانن‌و بەناوبانگترینیان (هێزی تاریکی)یە. لەم درامایەدا نیشانە دەروونی‌و پێچو پەنا روحیەکانی بەشێوە تایبەتیەکەی خۆی، بەوپەڕی وەستایی رون کردووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە پەرەسەندنی بنەمای سەرمایەداری لە گوندێکی دوورە دەستدا نیشاندەدات‌و ئەو جیاوازیە ناشیرین‌و بەرجەستەیەی کە لە نێوان پرەنسیپانی کۆن‌وڕێبازی کۆن لەگەڵ جیهانی نوێی سەرمایەداریدا پەیدا بووە، ئاشکرا دەکات. نمایشی ئەم درامایە لە روسیادا بە رووداوێکی گرینگ هاتە ژماردن‌ودوای ماوەیەکی کەم پاچڤەی ئەم بەرهەمەیان بە زمانانی دیکەی ئەوروپا نمایش کرد.

پاش ماوەیەکی کەمی دیکە کۆمیدیای (سوودەکانی زانست)ی نووسی‌ولەوێدا پەردەی لە رووی چاوچنۆکی‌و تەماعکاری‌و بەرژەوەندپەرستی دزێوی دەوڵەمەندانی بێکارو مفتەخۆر هەڵماڵی بوو. لەم شانۆنامەیەدا دەستەیەك لە خەڵکی بێکاروبەرەڵڵای سەروەتپەرست لە گەردی بەیانیەوە تا ئێواری هیچ کاریان نیە جگە لە باس وخواسی ئامادەکردنی روح و باسی خورافات‌وپڕوپوچان. لە هەنبەر ئەوانەدا ژمارەیەك خەڵکی بێبەش‌و نامراد دەبینرێ کە تۆلستۆی بەوپەڕی دڵسۆزی‌وخەمخۆرییەوە باسیان دەکات. لە ماڵی ژن‌و مێردێکی دەوڵەمەندا، کە قارەمانانی سەرەکی ئەم شانۆنامەیەن، ژنێکی کارەکەری بە هۆش‌و تیژبین هەیە کە بە ناسکییەکی تایبەتییەوە ئامادەی باس‌و خواسەکانی ئامادەکردنی روحانی گەورەکانی خۆی دەبێت و گاڵتەو قەشمەریان پێدەکات. سەرەنجام بە هەمان زەبەردەستی‌وتیژهۆشی‌ولە رێگەی ئامادەکردنی روحانەوە وایان لێدەکات کە بە نرخێکی کەم زەوی‌وزارەکانی خۆیان بە جووتیارانی نەدار بفرۆشن.

چیرۆکی (مەرگی ئیڤان ئیلیچ )یەکێکە لە شاکارەکانی تری تۆلستۆی کە کەمێك دوای ئەم شانۆنامەیە بڵاویکردووەتەوە، گی دی موپاسان، نووسەری زۆر بەنێوبانگ کە پاچڤەی فەرەنسی چیرۆکی ناڤبری خوێندووەتەوە هەر هەمان رۆژ لە دەفتەری یادگارەکانی خۆیدا نووسیویەتی: "ئەم کتێبەی تۆلستۆی بەتەواوەتی منی لە خۆم نائومێد کرد. ویستم دە دە کتێبەکانی خۆم بسووتێنم". بابەتی ئەم چیرۆکە وەسفو باسی ترسو واهیمەیەکە کە پیاوێکی ئاسایی لە هەنبەر مەرگی خۆیدا هەیەتی. هیچکەسێك پێش ئەوو تەنانەت پاش ئەویش دەردو ئازارە کوشندەو گیان پروکێنەکانی پیاوێکی لە حاڵی مەرگو گیانەڵلای، کە هەموو تەمەنی بە خۆڕایی رۆییشتووەو هیچ کارێکی لێنەوەشاوەتەوە، بەم تواناداریو حەقیقەتبینییەوە بەرجەستە نەکردووە.

دوو کتێبی دیکەی کە دوای ئەوە بڵاوی کردنەوە (ئاوازێك بۆ کروتیسر)و (ئەهریمەن)ش لەو بەرهەمانە بوون کە لە سەرانسەری دنیادا دەنگیان دایەوە. لە ئاخرو ئۆخری ژیاندا، بابەتێك کە پتر بیری تۆلستۆی مژول کردبوو پەیوەندی نێوان پیاوو ژن بوو. لەم دوو چیرۆکەدا پەیوەندی نێوان ژنو پیاوی هێناوەتە ئاراو گەییوەتە ئەم ئەنجامەی کە تاقە بزوێنەروئەنگێزەی ئەو پەیوەندییە شاوەتو لەشپەرستیو خۆ ویستییەو حەقیقەتو ئەشقێکی رووتو پەتی تێدانیە. تۆلستۆی باوەڕی وا بووە کە ئەو مەیلەی پیاو بۆ ژنی هەیە ئەگەر جمکانەی جیهانی مەعنەویوڤیانی پاكو بێگەرد نەبێت ئاگرێکە دەسووتێو دەبێ بە خۆڵەکەوەو مرۆڤ دەکات بە هاوتای گیانەوەران. لەم دوو کتێبەدا بە تایبەتی و لە هەموو کتێبەکانی کۆتاییەکانی ژیانیا بە گشتی هەمان ئەو هزروبیرانەی کە لەمەڕ زیانەکانی نەزانی هەبووە پەروەردە کردووەو لە ساڵی ١٨٧٥ەوە تا ساڵی ١٨٩٠ هەرچییەکی نووسیوە رەنگدانەوەی ئەم بیرەیە. لەم بەرهەمانەی خۆیدا ئەشقی شەهوانی بە کوشندە زانیوەو ئەوەی نیشانداوە کە چ رۆژە رەشییەك بە نسیبی قوربانیانی ئەم هەواو هەوەسە دەبێت.

لە ساڵی ١٨٩١دا رایگەیاند کە چاوپۆشی لە مافی هەموو ئەو بەرهەمانەی خۆی دەکات کە لە ساڵی ١٨٨١ەوە تا ئەو کاتەی نووسی بوونی، ئەم کارەی

خزمو کەسو کارەکانی نارەحەتو بێتاقەت کرد. لەم قۆناغەی ژیانیدا زۆربەی کاتی خۆی بە هاوکاریو دەستگیرۆیی خەڵکیوکارێن خێرخوازی رادەبوارد. لە سالانی ١٨٩١، ١٨٩٣، ١٨٩٨دا قاتو قڕییەکی دژوار لە ناوچەکانی ریازانو تولاوارلفدا رووی دا. تۆلستۆی هەرچیەکی لە توانادا بوو بۆ دڵدانەوەی ماڵوێرانانی قاتو قڕییەکە بە کاری برد. بە خۆی بۆ ئەو دەڤەرانە دەچوو، شتی بە وەرزێرو جووتیاران دەداو پیتاکی بۆ دەکردنو بە نووسینوگوتاران هاوسۆزیو هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی دەردەبڕی. بۆ نموونە کاتێ وتارێکی بەنێونیشانی (بۆچی جووتیارانی رووسیا گیرۆدەی قاتیو برسێتین؟) نووسیو لەو گوتارەدا بە توندیو بێپەروا رەخنەی لە دامودەزگای سیاسیو کۆمەلایەتی رۆژ گرت،دەرباریانی تزار ئەم گوتارەیان بەڕادەیەك لەبەر گران بوو کە مقۆ مقۆی دوورخستنەوەو گرتنو ناردنی تۆلستۆی بۆ شێتخانە هاتە بەرەوە. لەو زەمانەدا دۆستێك نامەیەکی بۆ تۆلستۆی نووسیوە و تیایدا دەڵێ: "یەك هەفتەیە کە گوتارەکەتان بووەتە وێردی سەر زاران، پارەدارانو مفتەخۆران پیس هاڕوژاون".

هەر لەم سەروبەندەدا چەندین نامەی بۆ تزار نووسیوەو دەستبەرداری رەخنەو ئیرادەکانی خۆی نەبووە. بۆ نموونە لە ئاخروئۆخری دیسامبەری ١٩٠١دا نامەیەکی بۆ نیکۆلای دووەم، دوا تزاری روسیا نووسی بوو و داوای لێ کردبوو نیری دکتاتۆریەتو زۆرداری بشکێنێورێگە بە خەڵکی رووسیا بدات کە ئازادانە گوزارشت لە مەیل و کەڵکەڵە مادیومەعنەویەکانی خۆ بکەن، ئەو یاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە کە عەوامی خەڵکیان کردووە بە زەڕخڕێو گلاوانی هندوستانو خەڵکانی بێ بەهرەو مەحروم لە ژیان، ئازادی بیروباوەڕو فێربوونوپەروەردە رابگەیەنێو لە هەموو ئەمانەش فەرتر ئەوەیە کە مافی موڵکداری لە تاقمی مفتەخۆرانی بێ حونەر بسەنێتەوەو زەوی بەسەر جووتێرو وەرزێراندا دابەش بکات.

دوا شاکاری جیهانی تۆلستۆی رۆمانی (ژیانەوە)یەوە کە لە ساڵی ١٨٨٩دا هەوەڵجار لە گۆڤاری (نیڤا)دا بلاوبووەوە، کە لە ساڵی ١٩٠٠دا ویستیان لە پوترسبۆرگ بە کتێب بلاوی بکەنەوە کاربەدەستانی سانسۆر هەندێ بەشی بەرجەستەیان، کە دەگەڵ سیاسەتی ئەو رۆژگارەدا تێکی نەدەکردەوە لێ

لابرد، بۆ ماوەیەکی زۆر نووسخەی تەواوی ئەو رۆمانە بریتی بوو لە پاچڤە ئینگلیزیو ئالمانیو فەرەنسیەکانی، دەقە تەواوە روسیەکەی چرتکۆف لە لەندەن چاپی کرد، بۆیە ئەمرۆ دوو نووسخەی ئەو رۆمانە لەبەر دەستی خەڵکیدایە کە یەکێکیان تەواوەو ئەویتریان نا تەواوە. هەرچەندە ئەم رۆمانە بۆ ریسواکردنی کڵێسا نەنووسراوەو تەنیا لە هەندێ شوێنیدا ئاماژەی بۆ بەدکاری وتاوانکاری کەشیشان تێدایە، ئەنجوومەنی باڵای روحانیانی رووسیا لە ساڵی ١٩٠١دا تۆلستۆیان لە کڵێسا دەرکردو تەکفیریان کرد.

ژیانەوە، چیرۆکێکی یەجگار پڕجۆشو هەستبزوێنە دەربارەی ژیانی کیژێکی سەر بە چینی سێیەمی رووسیا بە نێوی (کاتیوشا ماسلوڤا) کە لە لاویدا لە ژینگەیەکی ئەشرافیدا ژیاوەو لەوێندەر شازادەیەکی لاو بەنێوی (نەخلیودوف) فریوی داوەو گومڕای کردووەو خستوویەتێ دنیای بەدکارییەوە. کاتیوشایان بە غەرەزو بە هەڵە، لە رووداوی قەتڵێکدا تۆمەتبار کردووەو داویانە بە دادگاو (نەخلیودوف) وەکو ئەندامێکی ئەنجوومەنی دادڤانی بۆ داوەری بانگکراوە. لە ئەنجامی سستییەوە ناتوانێ زەمینەی تەبرێ بوونی خۆشبکات، بەڵام لەو بەینەدا هەست بە خەتاو تاوانی خۆی دەکاتو دەزانێ کە ئەم بەدبەختیە ئەو بەسەری هێناوە. لێرەدا ویژدانی نووستوو وغافڵی شازادە بێدار دەبێتەوەو لە ڕای قەرەبووکردنەوەی ئەم کارە خراپەیدا هەوڵدەدا ئازادی کاتیوشا فەراهەم بکاتوتەنانەت لەگەڵیا بۆ تاراوگەی سیبریا دەڕوات.

لەم سەفەرەدا تێکەڵی ژمارەیەك لە خەتابارانی سیاسی دەبێت، کە هەندێکیان گیانێکی شۆڕشگێڕانەی توندڕەویان هەیە، لەم بەینەدا نووسەری مەزن، بەوپەڕی هونەرمەندییەوە ئەو حاڵەتی شەرمەزاریو پەشیمانیو هەوڵوکۆششەی کە نەخلیودوف لە رای ئازادی قوربانیەکەی خۆیدا دەینوێنێودەیدا، بەرجەستە کردووە. لاپەڕە زۆر جوانەکانی ئەم رۆمانە بریتییە لە راڤەو شرۆڤەی نەگبەتیورەنجوعەزابو جەورکێشانی ئەم تاقمە تۆمەتبارە لە دادگاو زندانوتاراوگەدا،وبە ناچاری دیمەنو پەردەی زۆر زندوو لەمەڕ بارودۆخی کارگێڕیورامیاریودادڤانی ئەو رۆژگارە دەکەوێتە بەرچاوان.

تۆلستۆی لە هەموو شوێنێکدا ئەم خاڵە هەرە گرینگەی هێناوەتە ئاراوە کە ئەم هەموو ستەمکاریە لە شوێنانی دیکەی دنیاشدا کاری خۆی دەکات‌وملیۆنان خەڵکی رۆژ گیرۆدەی ئەم سەرکێشی‌وزوڵم‌و بەدکاریەن کە بە زۆری سەرەنێزە بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرێ. گەلێك لە رەخنەگرانی جیهان ئەم لاپەڕە بەناوبانگانەی رۆمانی ژیانەوە، بە گەورەترین جەزرەبە دەزانن کە نووسەرێك لە پرەنسیپ‌و بنەماکانی سەرمایەداری‌و حکومەتانی ستەمکاری دابێت. زۆرجار گوتوویانە کە هیچ یەکێك لە کتێبەکانی تۆلستۆی لە رووی وردی‌و قوڵبینی‌و وردکردنەوەو شیکردنەوەی گیان‌و دەروونی زۆرداری‌و جەورکێشی‌و هەستێن مەردانەی مرۆڤدۆستیدا بە پێی ئەم کتێبەدا ناگات. تۆلستۆی لە سەرانسەری رێگەدا دێهاتی وێران، خەڵکی برسی‌و رووت، جووتێرو وەرزێران، لاوانی شۆڕشگێڕ، دادوەرانی خۆپەرستی مەسڵەحەتچی دزێوو فەرمانبەران‌و کارگوزارانی گەندەڵکاری دەوڵەت نیشاندەدات‌وسیمای زۆر قێزەوەرونالەباروبێزراوی کارگوزارانی دەرباری تزاری لە هەموو شوێنێکدا دیارە.

ئەوەی لە کاری نڤیساری تۆلستۆیدا جوان‌ومایەی سەرنجە ئەمەیە کە لە ئەدەبیاتدا بە وەسفی قەفقاز دەستی پێکردووەولە کۆتایی کارەکەشیا دووبارە بۆ قەفقاز گەڕاوەتەوەو کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی (حاجی مراد)ی نووسیووە. حاجی مراد پیاوێکی چیانشینی دلێری خەڵکی قەفقازە کە لە ڕای ئازادی‌وسەربەخۆیی خاکی وڵاتی خۆیدا راپەڕیوەو دەگەڵ دەستەیەك لە هەڤاڵانی خۆیدا لەم پێناوەدا تێدەکۆشێت‌وئەم دلاوەرە قەفقازییە یەکێکە لە باشترین ئەو قارەمانانەی کە سوورە لەسەر باوەڕێکی نەگۆڕو لە بەرانبەر هیچ زوڵم‌و زۆرێکدا کۆڵنادات. سەیر ئەمەیە کە ئەم تۆلستۆیە پەیامبەر تەبیعەتە کە لەلایەکەوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا خەڵکی بۆ چاوپۆشی‌و لێبوردەیی هاندەداو ئامۆژگاری دەکردن کە بە خراپە وەلامی خراپە نەدەنەوە، لەم رۆمانەدا کە یەکێکە لە دوا بەرهەمە ئەدەبییەکانی تا ئەم ئەندازەیە ئەم چیانشینە قارەمانە قەفقازیەی کە بەم مەردایەتیە هاتووەتە مەیدان ستایش دەکات، وئەم رۆمانە لە راستیدا داستانێکە دەربارەی راپەڕینی مەردانەی ئەم خەڵکە رۆژگار رەشەی کە گیرۆدەی کۆت‌وزنجیری ئەسارەت‌و کۆیلەیەتین، هەر بۆیە گەورە هزرڤانان دەربارەی تۆلستۆی

گوتوویانە: " لە کاروانی پەرەسەندنی بەشەریەتدا هەنگاوێك لە پێشتر بووە".

تۆلستۆی لەو چەند ساڵەی دوایی تەمەنیشیدا هەر بەکارێن ئەدەبییەوە خەریك بوو. هەرچەندە لە ساڵانی ١٩٠١- ١٩٠٨ گیرۆدەی نەخۆشیەکی دژوار بوو، بەڵام هێشتا هەر بە تاقەتو بەگوڕ بوو وئومێدی ئەوەی لێدەکرا چەند ساڵێکی دیکەش بمێنێ. لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دەفتەری یادگاریەکانیدا دەنووسێت:"لە جاران پتر لە رەفاهیەتو ئاسوودەیی خۆمو لە دەست کورتیو هەژاری ئەوانەی دەوروبەرم بێتاقەتو بێزارم".

شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، دەلاقەیەکی ئومێدی لە رووی ئەو پیاوەدا کردەوە کە لە سەرانسەری تەمەنیا هەمیشە هەر چاوەڕوانی ڤەبوونی دەروویەك بووە. بەڵام ئەو دەورو دوکانە کۆنەپەرستە توندوتیژو گیان پڕوکێنەی دوای ئەوە بۆ تۆڵە ئەستاندن لە شۆڕشگێڕان دامەزرا، حەپس و دوورخستنەوەو کوشتنی ئازادیخوازان ئەم پیاوە مەزنەی لە پیریدا زۆر پەرێشان کرد، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٨ نامەیەکی بەنێوبانگی بە نێونیشانی (ناتوانم بێدەنگ بم) بڵاوکردەوەو تیایدا شەلاقێکی فرە مەردانەی بە سەری دامو دەزگای تزاریدا کێشا. ئەم پیاوەی کە لەوەپێش خەڵکی بۆ ئاشتیو سەبرو ئارامی هاندەدا چیتر نەیدەتوانی لە چوارچێوەی ئەو جیهانی پەندو ئاموچیاریانەدا وەمێنێ، و ئەو کەسەی کە لە سەرانسەری ژیانیا هەر دەرسی رازی بوونو ئاشتیو لێبوردەیی خەڵکی دادەدا ئەمجارەیان بە جۆرێ لە زوڵمو بێدادی تەنگەتاو بوو بوو وهاڕوژا بوو کە بە ئاشکرا خەڵکی بۆ راپەڕینو پەلامارو تێکشکاندنی نیری ملکەچیو کۆیلایەتی هاندەدا. بەخۆیشی لەم قۆناغەدا بەوپەڕی سادەیی دەژیاوگوزەرانی خۆیو خێزانەکەی بەو سووکە کشتیاریەی کە هەی بوو دابیندەکرد، بەڵام خۆی لە بەرانبەر چین وگروپە سیارۆژەکانی رووسیا کە لە هەموو شتێك بێ بەهرەو بەش بوون، بە شەرمەزاری دەزانیو هەستی دەکرد ئەرکێکی پیرۆزی دەستۆیە کە نابێ درێغی لێبکاتو لێی بێدەنگ بێ.

ئەو شتەی کە ئەم نیگەرانیو پەرێشانیەی زیاتر دەکرد ژیانی خانەوادەیی خۆی بوو. کەسەکانی خوویان بە شکۆو گەورەییەوە گرتبوو. ئەو لە دەرامەتی

مۆڵی مافی نووسینی کتێبەکانی خۆش بوو بوو وچاوپۆشی لێکردبوو. ئەو سووکە دەرامەتەی کشتوکاڵی یاسنایا پالیانا کە هەموو ڕۆژانی ژیانی ئاخری پیری لەوێندەر رادەبوارد، بەشی نەدەکردنوتینویەتی وانی نەدەشکاند. ژنەکەیو پێنج کوڕیوسێ کیژی کە لە کۆی یازدە منداڵی مابوونەوە، دەیان رەنجاندو زویریان دەکرد. تاقە دڵخۆشی ئەم مەزنە پیاوە ئەو شۆرەت و نێوبانگە جیهانیە گەورەیە بوو کە کەم نووسەری ناوداری جیهان لە ژیانی خۆدا بەخۆیانەوە دیتوە، لە هەر چوار نکالی دنیاوە دەچوونە دیدەنیو گەورەترین زانایانو هونەرمەندانی ئەو رۆژگارە ناسین و هاونشینی ئەویان بە شانازی دەزانی، هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە دوو نووسەری مەزنی رووسی، ئانتون چیخۆف وماکسیم گۆرکی چووبوونە دیدەنی، لە سەرانسەری دنیاوە نامەو بروسکەی پێ دەگەیی، بەرهەمەکانی تەقریبەن بۆ هەموو زمانە زندووەکانی رۆژهەڵاتو رۆژئاوا پاچڤەکرابوون، سەد حەیف ومەخابن کە ئەم پیاوە بەم هەموو مەزناتیو شۆرەتە جیهانییەوە لە وڵاتی خۆیاو لە ماڵی خۆیدا ئاسوودەیی هزری نەبوو. ئەم قۆناغی پەرێشانیو نیگەرانییە پێنج ساڵ درێژەی کێشا. بە خۆی لە ساڵی ١٩٠٥دا لە دەفتەری یادگارەکانیدا دەنووسێت: "کاتێ ژیانی ئارامو ئاسودەی خۆم دەگەڵ دەستکورتیو هەژاری خەڵکیدا بەراورد دەکەم، دڵم دەنیشێتە سەر خوێن، ژارۆ خەڵکێن دەستکورتو نەگبەت. تاقمێك چاك دەپۆشنو تێر دەخۆنو دەخۆنەوە، کە جگە لە فریودانو دژمنایەتی یەکدی چ کارێکیان نیە، وخەڵکانێکی زۆری دیکە بە ناوی رەنجبەرو کارەکەروخولام بۆ ئامادەکردنی کەرەستەی خۆشگوزەرانیو ئاسوودەیی خۆیان، بەردەوام دەچەوسێنەوە". بەڵام ئەم ئاسوودەبییەی کە لەم دێڕانەدا پێی شادمانە، لە دوا رۆژەکانی تەمەنیا نەمابوو. سەرباری هەموو ئەمانەش ئەوەی دەینووسیو کاربەردەستانی دەوڵەتی دڕدۆنگ دەکرد، لە ماڵەوە پەسندیان نەدەکردوهەندێجار لە نێویان دەبرد.

سەرەنجام پیرەمێردی هەشتاو دوو ساڵە لەو لوتکەی شانازیە جیهانیەوە، لەو رۆژانەدا کە ملیۆنان خەڵکی دنیا لێیان دەپرسیو نیگەرانی بوون، لە ١٩١٠/١٠/٢٨دا دوای نیوەشەو، بەو سەرماو تۆفەی سەرەتای زستانی رووسیا، لە نوێنی خەو وەدەرکەوتو لە ئەنجامی ئەو ناڕەحەتیەی بەو شێوەیە بۆی

چێبوو بوو بە پەلە جلکی پۆشیو تورەودڵگران، بێمالاوایی لە ماڵەکەی خۆی وەدەرکەوتو لەوێستگە بچووکەکەی یاسنایا پالیانادا، شوێنێکیان لە نمرە سێی قیتاردا پێ داو بەرەو باشوور رۆیی. لەم سەفەرەدا تووشی برك وسینەپاڵو بوو وحاڵی تێکچوو. لە قیتارەکەدا کە بۆ باکوری قەفقاز دەچوو دەرمانی ئەو نەبوو، هەرکە گەییە وێستگەی ئاستاپۆڤ و لەسەر رێی ریازانەوە گەییە ئورال، دایانبەزاندو بردیانە ماڵە پەرپوتەکەی سەرۆکی ویستگەکە. زوڵمو بەدکاری ئادەمیزادانو ناپایەداری جیهان کاری خۆی کردبوو ونەیان توانی ئەم پیاوە مەزنە لە چنگی مردن رزگاربکەن. لە هەمان ژوورە پەرپوتەکەی وێستگاکەدا، لە ١١/٧دا پاش دە رۆژ نەخۆشی سەخت لە دنیا دەرچوو. لە هەمان رۆژدا جەنازەکەیان بۆ یاسنایا پالیانا بردەوەو لە کۆتایی یەکێك لە شەقامە سێبەردارەکانی ئەوێ، لە بەینی چوار درەختی کۆنی (شیردار – جۆرە درەختێکە، وەرگێڕ)دا، لەو شوێنەدا کە بە منداڵی لێی دادەنیشت و یادی چیرۆكو حیکایەتی پەریانی دەکردەوە، لەو شوێنەدا کە بە منداڵی دەیگوت جادوگەرێکی دارین خۆی لەوێندەر وەشاردووە، بە خاك سپێردراو ئەم پیاوە لەوە گەورەتر بوو کە تەنانەت بەردە نووسێکیش لەسەر گۆڕەکەی دابنەن.

ئەمرۆ ئیتر گومان لەوەدا نیە کە لیف نیکولایوڤیچ تۆلستۆی لە رۆڵە هەرە گەورەکانی تیرەی بەشەر بووە. گەورەیی ئەو تەنیا لەوەدا نیە کە بەشەردۆستی خۆی لە جوانترین قاڵبی جیهانیدا دارشتووە، مەزناتی ئەو لەوەدایە کە هەمیشە هەوڵیداوە ژیانی پاچڤەی هزروبیروباوەڕەکانی بێ. ئەم هەوڵوکۆششەی لە پێناوی مشت وماڵدانی دڵ ودەروونو بڕینی قۆناغەکانی کەماڵدا، لە سەرانسەری بەرهەم و نووسینەکانیا، هەر لە لاوییەوە تا دەمی مردنی دەبینرێوخویایە. لە خۆڕایی نازناوی (دێرنشینی یاسنایا پالیانا)یان نەداوەتە پاڵوخەڵکی جیهان لە پلەی پەیامبەریدا دایاننناوە، تۆلستۆی ژیانی تەنیا لە رای خزمەتی خەڵکیدا دەویستو هونەری بە رێگەو کەرەستەی ئەم خزمەتە دەزانی. باوەڕی وابوو کە هونەریش وەکو ژیان دەبێ رێگەی کەماڵ بگرێتەبەرو لە هەر وەستانێك دووربێ. کوڕ ئەو کوڕەیە کە هەمیشە عەودالی ماناو گوزارەو رونکاری تازە بێ تا بتوانرێ بە هونەرەکەی بگوترێ: "ئەمەیە هونەری رۆژگاری ئێمە".

کەم نووسەر، هونەرمەندیی‌و وەستایی ئەویان لە واری وردکردنەوەو شیکردنەوەی روح‌و سایکۆلۆژیای ئینساندا هەبووە، بەڵام نەك روحە نەخۆشەکان، وەکو ئەوانەی کە دۆستۆیفسکی نیشانمانی دەدات، بەڵکو روحێن دروست‌وبەهێز، قارەمانانی چیرۆکەکانی بە رووتی لە بەردەممانا دەردەکەون، ئەو هەقدرژیانەی کە لە روح وسایکۆلۆژیاو ئاکاریاندا هەیە،وئەو بیروباوەڕانەی کە لە هەنبەر پرسە گرینگەکانی ژیان‌و پێداویستیە روحی‌و دەرونیەکانی مرۆڤ دێنە پێشێ، هەر هەمووی بە باشترین شێوە دەنوێنێ. ئەو لە چاوی دێهاتیەکی سادەوە، لە چاوی پیاوێکی کارامەوە، لە چاوی کەسێکەوە کە نەکەوتبووە گێژاوی غەرەزو بەرژەوەندییەوەو ژیانی لە پێناوی کارو کاری لە پێناوی ژیاندا دەیویست، دەیڕوانیە ئەم جیهانە گەورەیە. بۆیە دەیتوانی هەموو ئەم درۆوساختەچیاتی‌و خۆپەرستی‌و مەسڵەحەتچیاتیەی لە هەموو جیهاندا بڵاوەو لە هەزار کەس یەکێك لێی خەلەسیوە ببینێ‌وهەموو دزێوی‌و بەرەنجامە نەفرەت ئەنگێزەکانی بە خەڵکی نیشانبدات. تۆلستۆی لە هەموو ژیانیا هەر منەی حەقیقەتی کردو جگە لە حەقیقەت هیچی نەدی‌و هیچی نەنواند.

بەرهەمە زندووەکانی تۆلستۆی ئاوێنەیەکی یەجگار پرشنگدارو روونی ژیانی رۆژگاری ئەوە . لە ساڵی ١٨٦١دا یاسای ئازادی جووتیارانی زەرخڕێ و وێڕای سوور بوون‌و پێداگرتنی بنەماکانی سەرمایەداری کە تازە دەیویست لە روسیادا هەوار بخات، پەسندکرا.هەموو پرەنسیپ‌وبنەماو یاسا رزیوو کۆنەکان، کە دامودەزگاکانی حکومەتیان لەسەر بینا کردبوو، هەرەسی هێناو ئەم شۆڕش‌و گۆڕانکاریانە، واتە لە نێوچوون‌و هەرەسی دەورودوکانی پێشوو و هاتنە سەرکاری پرەنسیپ‌و سیستەمی کارخانەداری‌و سەرمایەداری کە دیاریی‌وسەوقاتی شارستانیەتی موزیڕی ئەوروپای رۆژاوایی بوو، لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا رەنگ دەداتەوە.

لەم بەینەدا ئەو پیاوەی کە لە ژینگەیەکی ئەرستۆکراتی ئەشرافی هاتبووە دنیایەو بەشێکی ژیانی خۆی لەو ژینگەیەدا قەتاندبوو، بە یەکجاری لە ژینگەکەی خۆی دادەبڕێ‌و بێئەوەی هیچ سنوورێك بێڵێتەوە لە ناکاودا دەداتە پاڵ ملیۆنان جووتیاری رۆژ رەش‌و خەڵکی بەدبەخت‌و دەبێ بە

هاوزوبانو هاوخەمی وان. لەوە بەدواوە پەیوەندیو مامەڵەو هاوئاهەنگی وی دەگەڵ ئەم چینەی خەڵکیدا لە سەرانسەری بەرهەمەکانیا زەلاڵ وخویایە. لەگەڵ ئەمەشدا نەیدەتوانی لە هەموو ئەو کۆتو بەندو لەمپەرانەی کە ژینگەو کۆمەڵگە لە بەردەمیان دانا بوو رەهابێ. باوەڕی وابوو کە رووداوە مێژووییەکانی جیهان لەوە بەهێزترن کە کەسێك بتوانێ بەربەرستێکی لە بەردەما دروست بکاتو تەنانەت پردێکیشی لەسەر دروست بکاتو بنیادەم لەوە بێ دەسەلاتو بێ تواناترە کە کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات.

لەو سەروبەندەدا کە تۆلستۆی کتێبە بەنێوبانگەکەی خۆی (جەنگ وئاشتی) دەنووسی، لە رووسیادا نووسەرانی تری میناکی پیسارۆف باسو ستایشی (ئاوەزو ئیدارەی ئاقلانەی ژیان)یان دەکرد. بەلام ئەو لە شاکارەکەی خۆیدا کاری رووداوەکانی بە حەتمی دەزانیو تەنانەت لەم بیرەدا تا رادەیەك قەدەری بووە.

تۆلستۆی میناکی چیخۆفو گۆرکی بە هەموو مانای وشە، رووسی بوو وگوندییانو خەڵکی چەوساوەی رووسیای، بە هەموو چاکیوخراپییەکەوە کە لێی دەدیتن، بە مرۆڤی کامیل دەزانی، پێی وابوو کەماڵ ئەوەیە کە یەکێك چاکیو رەفتاری ئەم نەگبەتە ساویلکانە بکات بە پیشەی خۆی. بەلام ئەم باوەڕەشی هەبوو کە هونەرمەندانو زانایانی جیهان باشترین ئاموچیارانی خەڵکین. گرنگترین لایەنی ئەدەبی ئەو ئەمەیە کە سیمای راستەقینەی زەحمەتکێشانو چەوساوانو پێشقەچوونی وان بەرەو ئامانجی ستراتیژی مرۆڤانی، وهەروەها دزێویو قێزەوەری چینی دەسەلاتدارو بالای بە جۆرێ نیشانداوە کەم کەس بە باشی ئەو نیشانیداوە.

لە دنیای نڤیساریدا ئەوەی کە پایەی تۆلستۆی یەجگار بەرزکردووە ئەمەیە کە پاش دوو دڵییەکی کەم لێبڕاوە هونەری خۆی بخاتە خزمەتی کۆمەڵگەوەو نموونەی بەرجەستەی ئەم هزرینوبیرکردنەوەیەش لە زۆربەی بەرهەمەکانیا، لەوانە لە ئاناکارنینادا هەیەو رەنگیداوەتەوەو یەکێك لە قارەمانەکانی، لوین نموونەی راستەقینەی ئەوە. لە وتارێکدا کە بە ناونیشانی (ئاینی من) نووسیویەتی، هۆیەکانی ئەم گۆڕینی بیروباوەڕە شرۆڤە دەکاتو پاش ئەوە لە زنجیرە وتارو کتێبانێکی دیدا بنەماکانی ئەم

باوەڕە روون دەکاتەوە. لەو سەروبەندەدا هەندێك پێیان وابوو کە تۆلستۆی لە جیهانی هونەردا لە کورتی دەداتو تەنانەت تورگنیف لە نامەیەکیا کە لە دەمی مردنا بۆ ئەوی نووسیوە، بەمجۆرە دواندوویەتی: "دۆستی من، بگەڕێوە سەر کارە ئەدەبییەکانی خۆت، ئەم هونەرمەندییەی تۆ لەوێوەیەو هەرچییەك ئێمە هەمانە لەوێوەیە... دۆستی من، تۆ کە مەزنترین نووسەری وڵاتی رووسیای ئەم داوایەی من قەبووڵ بکە". (تۆلستۆی)یش ئەم داوایەی قەبووڵ کرد، لە نێوان ئەم دوو گەورە نووسەرەدا کە لە خەڵکانی دی باشتر قەدری یەکیان دەزانی جۆرە دڕدۆنگیو رەنجانێك رووی دابوو. کاتێ کە تورگنیف دەستنووسی رۆمانە بەنێوبانگەکەی خۆی "باوکانوکوڕان"ی بۆ دەخوێنێتەوە، تۆلستۆی خەوی لێکەوتبوو، بەڵام تورگنیف لە دەمی مردندا ئەم ساردییەی لە بیر بردبوو و تۆلستۆی دەبوو تەسلیم بە دوا داوای هەڤڕکەکەی خۆی بێ.

پاش ئەوەی ماوەیەك هەموو کاتی خۆی بۆ باسی باوەڕێن ئاینیو راڤەوشرۆڤەی تەوراتو ئینجیلو خوداناسیو عیرفان تەرخان کرد، هەمدیس بایدایەوە سەر کارێن ئەدەبیو (مردنی ئیڤان ئیلیچ)و (ئاوازێك بۆ کرویتسر)و (وەستاو شاگرد)و (هێزی تاریکی) یادگاری ئەم قۆناغەنو لەم چەند بەرهەمەدا گەڕایەوە سەر هەمان دەست رەنگینیو هونەرنوێنی ئەو زەمانەی کە (جەنگ و ئاشتی) دەنووسی. (ژیانەوە) یەکێکە لە دوایەمین نموونەی جوانی ئەم دەست رەنگینیو هونەرنوێنییەی ئەو.

تۆلستۆی ماوەیەك بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم رۆمانە تەنازولی لە مافی نووسینەکانی کردبوو، بەڵام کە ئەم کتێبە بڵاوبووەوە هەقەکەی وەرگرت تا بە پارەکەی ئەو کتێبو نووسینانەی تری کە دەترسا فرۆشێکی ئەوتۆیان نەبێ، چاپ بکات.

هەندێ لە رەخنەگران رۆمانی (جەنگو ئاشتی)یان بە پوختەترینو گەشترین نموونەی دەستڕەنگینیوهونەری تۆلستۆی زانیوەو گوتوویانە ئەم رۆمانە باڵاترین پلەی هاوئاهەنگی هونەری تێدایەوزنجیرەی رووداوەکانی تەواو ئاساییو سیستەماتیکەو نووسەرەکەی باڵاترین ئاستی پوختەیی فیکری نیشاندەدا. تۆلستۆی بە خۆی لە کتێبی (ئاینی من)دا دەربارەی خۆی حوکمی

داوەو گوتوویەتی کە بەر لەوە دووچاری قەیرانوهەڤدژیوپەرێشانی فیکر بووبوو. لەو سەروبەندەدا ئەم پەرێشانیو هەڤدژییەی بە بەرەنجامی ئەو قەیرانە فیکرییە دەزانی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٥دا لە رووسیا پەیدا بوو بوو. بەڵام لە راستیدا ئەم قەیرانە بەر لەوەش لە بەرهەمەکانیا دیارەو لە دواتریشدا ئاشکراتر دەبێت. لە راستیدا ئەو نووسەرە بە تواناو دەستڕەنگینو هونەرمەندەی کە لە کتێبی (منداڵیوجەوانیدا)داو لە زۆر شوێنی (جەنگو ئاشتیدا) ئەوەندە دڵی بە ژیان خۆش بووەو تەنانەت لەم بارەیەوە لە هەموو نووسەرانی رووس گەشبین تر بووە، کەچی لەچیرۆکی (مردنی ئیڤان ئیلیچ)و (ئاوازێك بۆ کرویتسر)دا پرسی ترس لە مردنی هێناوەتە ئاراو تەنانەت لە هەوەڵین بەرهەمێن سەردەمی لاوی خۆیدا هەمان هزرو بیری پەروەردە کردووە. هەرچەندە گەشبین بووە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە رەشبینییەکی ئاشکراشی لەلا هەبووە. ئەوێ کە ئەوەندە لە وردکردنەوەو شیکردنەوەی باری دەروونیو روحی مرۆڤدا باڵا دەست بووەو دەیتوانی هۆکارو ئەنگێزەی هەموو هزرو فکرێك لە هەڵس و کەوت و رەفتاردا کەشف بکات، دوای چەند کتێبێکی دی لە ناکاودا وەك پیاوێکی سادە لە ئەنجامی هێزێکی شاراوەدا کە خویا نیە چیە، دەبێ بە پیاوێکی دیندارو خواناس، نموونەی ئەم گۆڕانە لە ناکاوە (پێتربزوخوف)ە کە یەکێکە لە قارەمانەکانی جەنگو ئاشتی-ی ئەو کە بە گوتەی خۆی زۆر پێش قەیرانی ساڵی ١٨٧٥ وەسفی نووسیوە.

تۆلستۆی بە هەموو شۆرەتێکی جیهانییەوە هەمیشە هەر نووسەرێکی رووسی تەواو عەیارو بێ عەیب بووەو هەمیشە ئەم خەسڵەتە نەتەوەییەی دەمێنێو لە پەیڕەوی کردنی روحیاتی گشتی خەڵکی رووسیای ئەو زەمانەدا بیروباوەڕو هەستەکانی خۆی پێکڤە سازاندووە. یەکێك لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەمەیە کە قەت باوەڕو متمانەی بە تاك نەبووەو وای وێنا کردووە کە ناتوانێ بە تەنیا بەهێزی خۆیو بە دەستی خۆی هیچ بە هیچ بکات. هەرچەندە لە یەکێك لە کتێبەکانیدا (یادگارەکانی سباستوپول)دا گوتوویەتی کە جگە لە حەقیقەت هیچ قارەمانێکی دیکە وەسف ناکات، هەڵبەتە لەم گوتەیەدا زێدەرۆیی کردووە.

تاقە قارەمانی پەسندو دڵخوازی ئەو هەمیشە رەمەکی مەردم بوو. ئەو حەقیقەتەی کە گەرەکی بووە کەشفی بکات لە بیروباوەڕی خەڵکیو بیرکردنەوەی ئەوانەوە هەڵی هێنجاوە. پێی وابووە کە باشترین ژیان، ژیانی هاوبەشی تاکەکانی نەتەوەیە. هزرو ئەندێشەی دروست هەمان هزرو ئەندێشەی ئەوانە چونکە زانست، ئەقڵو ئاوەز ناهێنیو ئاوەز تەنیا لە هەستی ئاسایی جەماوەری خەڵکیدایە. نابێ لە بیری ئەوەدا بی کە ئەم جەماوەرە رێنوێنی بکەی، بەڵکو باشتر وایە کە بکرێ بە رێنوێنو سەرمەشق چونکە هێزی بەشەر لەوەدایە کە شەپۆلو پێلی ئەم ئۆقیانووسە لەگەڵ خۆیدا ببیات و هێزی پێ ببەخشێت. لە شاکارەکانی تۆلستۆیدا پیاوانی مێژوویی یان خەیاڵی کە لە رەشو رووتی خەڵکی باشترو باڵاترین سەرنجیان رانەکێشاوە، مەگەر کاتێك کە نوێنەری ئەندێشەی نەتەوەیی بنو نەخوازن هزری خۆ بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنن. بۆیە لە (جەنگو ئاشتی)دا کوتوزوف، چونکە لە خۆیو هاوکارەکانی خۆی بەد گومانەو تەنیا پشتی بە هەستی ئەندامانی میللەت قایمە، بەسەر ناپلیۆندا پەسند دەدا. ناپلیۆنی بیست ساڵ وای وێنا دەکرد کە رابەری ئەوروپایە، کەچی تەنێکی بەر شەپۆلان بوو کە بە باوەشی شەپۆلەکانی مێژووەوە دەڕۆییو گەمەی دەستی رووداوەکان بوو و بە خۆی نەیدەزانی.

بە هەمان جۆر لە رۆمانی (ئاناکارنینا)دا یەکێك لە قارەمانەکانی، (لوین) کە، پیاوێکی سادەو دڵنەرم بوو سەرەنجام حەقیقەتی دۆزییەوەو رێگەی ژیانی دۆزییەوە، لە کاتێکدا ڤیرونسکی کە پیاوێکی بەهۆشو زیرەكو جەربەزە بوو خۆیو کەسوکارەکەی بەدبەخت کرد. خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە تۆلستۆی تەنیا لەمەدا هاوبیرو بۆچوونی دۆستۆیفسکی بووە کە دلاوەریو بێ پەروایی بەکار نایەتو ململانێ لە ژیانا ناگاتە هیچ شوێنێكو جگە لە تەسلیم بوونو رازی بوون هیچ چارێکی دیکە نیە. بەڵام ئەو تەسلیم بووانەی کە لە بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکیدا پەسندئاکارنو خەڵکانێکن کە لە ژیاندا شکستیان هێناوە، لە کاتێکا لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا دانانان بە بێ توانایيو زەبوونی لە هەنبەر سروشت و کۆمەڵگەو یەزداندا بۆ تاك نەك هەر کارێکی ئاقڵانەیە بەڵکو رێگەی گەییشتن بە بەختەوەریەو بەختەوەری تاك تاقە ئامانجی ژیانە.

لە بەرهەمی تۆلستۆیدا هەمیشە چەند پیاوێکی جیاواز هەن کە ڕەنگدانەوەی یەکترن. ئەگەر توانیویەتی لە جیاوازی دەروونی رزگار بێو بەم کارە سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی زەمانی خۆی راکێشێ، بە زەبری ئەو قوەتەیە کە لە هونەری نقیساریدا هەی بووەو لەبەر ئەمە توانیویەتی قارەمانێك بێنێتە ئاراو بخوڵقێنێ. ئەگەر وەکو خەڵکانی دی لە مەیدانی کاردا بوایە ئەویش دووچاری ناکۆکی هزرو رووداوان دەبوو. لێ چونکە پیاوێکی هونەرمەند بووە توانیویەتی ژیانی هەمە جۆرو پڕ رووداوی سەرزەمینو وڵاتی خۆی لە ئاوێنەیەکی روناكو پرشنگداردا بنوێنێ. لە رووی جازیبەی جیهانیەوە ڕەنگە هاوتاو وێنەی نەبێ، بۆیە بە هەمان ئەندازەی کە لە کوختەو کۆلیتی گوندییاندا لەزەتیان لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەبینی لە ژینگەو ناوەندی ئەشرافی سانپترسبۆرگیشدا هەمان لەزەتیان لێ دەبینی.

ئەو شارەزاییەی کە ئەو دەربارەی ژیانی رۆژگاری خۆی هەی بووە، بووەتە مایەی ئەوە کە قارەمانانی جیاواز بێنێتە ناو ناوانو میناکی هەر نووسەرێکی دی خودی خۆی باس کردووەو روحی خۆی لە هەموو شوێنێکدا تۆوداوە. لەم رووەوە جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ نووسەرانی رۆژاواییدا هەیە کە هەرگیز پێوە نەبووە خۆی باشترو زیاتر لە وەی کە هەیە بنوێنێو نیشانبداتو زیاتر مایل بەوە بووە کە دەربارەی خۆی ناملایم بێ.

ئەمە جگە لەوەی ئەم مەیلە کە لە بەرهەمێن پوشکیندا ئاشکراترو لە بەرهەمێن دۆستۆیفسکیدا هەست پێکراوترە خەسڵەتو خەسێتی گشتی نووسەرانی رووسییەو ڕەنگە جوانترین لایەنی ئەدەبیاتی رووسی بێ.

قارەمانان، لە بەرهەمێن تۆلستۆیدا وەکو بەرهەمێن تورگنیف دەستەیەك قارەمانی گشتین، ئەو شا قارەمانانەی کە لە سەرانسەری بەرهەمەکانی ئەودا دەبینرێن لە نیکولنکای قارەمانی چیرۆکی "منداڵی"یەوە بیگرە تا (پوزدنیشف)ی قارەمانی چیرۆکی (ئاوازێك بۆ کرویتسر)و (نەخلیودوف)ی قارەمانی رۆمانی (ژیانەوە) خەڵکانێکن کە بەوپەڕی زەبەردەستی ژیاننامەی خۆیان نووسیوەو گەلێك لە جوزییاتی ژیانی تۆلستۆیان تێدایە، هیچ یەکێك لەو حاڵەت و سیفەتو تایبەتمەندییە نائاساییانەیان تێدا نیە

که (بایرون)ی شاعیری ناوداری ئینگلیزی دەیداتە پاڵ قارەمانەکانی خۆی. بە زۆری خەڵکانی ئاساییو تەنانەت مامناوەندین کە لە ژیانا نەگبەتیو بەدبەختیان پترە لە شادیو بەختەوەری، بە زۆری کاری ناسایشتە دەکەنو تەنانەت وەکو قارەمانەکانی تورگنیف ئەم سیفەتەشیان تێدا نیە کە ناکامیو بێ موورادی خۆیان بە شۆخی و حەنەکان وەشێرن یان دەربڕن. بۆ نموونە قارەمانانی میناکی ڤیرنسکیو ئەندرێ ڤولکونسکی لە (جەنگ و ئاشتی)دا کە پیاوانی جوانو بەهرەو توانای سەررێژیان هەیەو لە ژیاندا بەختەوەرن، هەمیشە رووبەڕووی شکست خواردووانی ژیانو نەفرەت لێکراوانی چارەنووسو قەدەر دەبنەوە. وێڕای ئەمەش نووسەر بەخۆی بەسەر کەسانی دیکەدا پەسندیان ناداتو سەرەنجام لە ناکاودا لە دووڕیانێکدا بەخت پشتیان تێدەکات.

قارەمانانی نمرە دووش لە چیرۆکەکانی تۆلستۆیدا هەر یەکەیان نوێنەری یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵگەن، بۆ نموونە نیکولای راستوف لە رۆمانی (جەنگ و ئاشتی) ، ستیڤا ئەبلونسکی لە رۆمانی (ئاناکارنینا) کە خەڵکانێکی بەختەوەرن چونکە نە لە شوێنانی بەرزو نە لە شوێنانی نزم منەی بەختەوەری دەکەنو بە شێوەیەکی گشتی خەڵکێکی خۆویستن بەڵام دلۆڤانو میرەبانو تۆلستۆی بەخۆیشی بزەیەکی حەقارەت ئامێزیان بە روودا دەدات.

گرینگتر لە هەموو ئەوانە، قارەمانانێکن کە ئەو پتر بایەخیان دەداتێو بە پیاوانێکی داناون کە لە ناخی خۆدا هەندێ حەقیقەتیان پێیەو چاوەڕوانی چ شتێك نین لە ژیان چونکە ژیان هیچیان ناداتێ کە شایستەی ئەوان بێو لەقەد خۆیان بێ. شادیو بەختیاریان لە دەروونو ناخی خۆیاندایە، روح و دەروونێکی سادەو پایەدارو خاکییان هەیە. وەکو ئەو سازڤانە داماوەی کە لە چیرۆکی (لوتسرن)دا وەسفی کردووە یان پلاتن کاروتایف لە رۆمانی جەنگو ئاشتیدا یان (ئاکیم)ی وەرزێری پیر لە چیرۆکی (هێزی تاریکی)دا.

ئەو ژینگەیەی کە نووسەر ئەم قارەمانانەی تیا نیشاندەدات زۆر بەرینە، تۆلستۆی لە سەرەتاوە هونەرمەندیو دەسترەنگینی خۆی لە بواری نیشاندانی دەروونی منداڵاندا نواندووەو لەم مەیدانەدا کەسێکی تەواو

حەقیقەتبین‌و حەقیقەت نوێن بووە. وەکو نیکولنکو لە کاتێکدا عەسری(روندک) کەسەرو داخان بەسەر گۆڕەکەی دایکیا دەڕێژێ، لە بیرو خەیاڵی هەزاران شتی دیکەشدایە کە هیچ پەیوەندییەکی بە دەردە کوشندەکانی ئەوەوە نیە. ئەو ژینگەیەی کە نیکولنکوی تێدایە ژینگەیەکی ئەشرافییەو ئەو وەسفەی کە ئەو لەمەڕ ئەم ژینگەیەی کردووەو لە وەسفیا ئەوپەڕی خەمساردیو بێموبالاتی نیشاندەدات. بە هیچ جۆرێ رەنگدانەوەی وەزع‌و حاڵی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارە نیەولەو تەسەورەی کە خەڵکانی دی دەربارەی ئەو بارودۆخە هەیانە دوورە. گرتسن‌و چرنیشفسکی لەو رۆژگارەدا ئەم جۆرە پرسیارانەیان دەکرد: (خەتای کێیە؟ چ بکرێ؟) لێ تۆلستۆی هیچ وەڵامێکی ئەو پرسیارانەی نەداوەتەوە، وا دەنوێنێ کە هەر ئاگای لێیان نەبووە. (منداڵی، نەوجەوانی‌و جەوانی)و (بەختەوەری خێزان)و (دوگوسارد) لە جوملەی ئەم زنجیرە بەرهەمەی ئەون.

لە بەرهەمێن (یادگارەکانی سباستوپول)و (داگیرکردن)و (سێ مردن)و (قۆزاقان)دا کۆمەڵە دیمەنێکی تری هێناوەتە ئارا، ئاسۆی ئەو بەرینتر دەبێ، ئەو زاناو فەیلەسوفە فرەزانەی کە لە بەرهەمەکانی پێش ئەوانەدا خۆی نیشان نەدا بوو، دێتە مەیدان، خۆی لە پرس و مەسەلەکانی ژیان دەدات، واتە لەو مەسەلە حەقیقییەی کە دەبێ چۆن بژی تامەرگ خۆش بێ؟ لێرەدا قانون گوزارێکی ناپابەند ئاموچیاری خۆی دەربارەی بەختەوەری دەست پێدەکات. قارەمانانی راستەقینەی شەڕی قرم دنیایەك سەربازی دڵپاك و دڵساف و دلێرو گەورەن، بۆیە لە مەزنایەتی کارەکەی خۆیان کە مردن لە ڕای نیشتمانە بێ ئاگان. ئەم خاڵە لە چیرۆکی (سێ مردن)دا ئاشکرا ترە: مەرگی دژوارو ناخۆشی ژنێکی سەر بە چینی ئەشراف، مەرگی ئاسانی پیاوێکی سەر بە چینی ئاسایی خەڵك‌و مردنی درەختێك کە لە خۆشیا دەمرێت. پاش ئەوەی لەم بەرهەمانەدا هونەری مردن لە کامەرانیدای نیشان داوە، لە چیرۆکی (قوزاقان)دا هونەری ژیان لە کامەرانیدا نیشان دەدات، لەم کتێبەدا پاش ئەوەی ستایشی سادەیی‌و ساکاریی خەڵکی سەرەتایی دەکات، بە بابەتێك دەست پێدەکات کە لەوە پاش دەبێ بە ئەنجامی فەلسەفەی ئەو، و ئەویش ئەوەیە کە لە ناو هەموو شێوە بەختەوەریەکاندا، واتە رازی کردنی هەستە فیتری‌وخۆڕسکەکاندا،

خۆشەویستی یەکتروفیداکاری رەواترین‌و ئاسانترین بەختەوەریە. لەوە بە دواوە خۆیبوونی خودی‌ومرۆڤدۆستی پێکەوە لە بەرهەمەکانی خۆیدا نیشاندەدا.

لە رۆمانی جەنگ‌و ئاشتی‌و ئاناکارنینادا ئەم لێکدژی‌و جیاوازییە کەمتر دیارە، چونکە لە زۆربەی شوێنەکاندا زیاتر بایەخی بە وێنەگرتن‌و بەرجەستەکردنی رووداوەکان داوە تا بە فیکرو هزران. ئەو ئەنجامگیرییەی کە لە مەیل و کەڵکەڵە شەخسییەکانەوە کردوویەتی وەکو خەڵفێکە لە قەدی درەختێکی گەورە دەرچوو بێ، بۆیە لێبڕاون لە ئەسڵی رۆمانەکەی دەربێنن‌و بیکەن بە پاشکۆیەك. لە بەرهەمی ئەم نووسەرە مەزنەدا پرەنسیپی هەستێن فیتری‌و خۆڕسك هۆی شەخسی‌و تایبەتی هەیە:

گەورەیی ئەو زیاتر لەوەدایە کە بتەوێ ونەتەوێ‌ولە رێگەی ئەو ئاڵۆگۆڕە دەروونیانەوە کە دەشێت بگوترێ خۆبەخۆ روویانداوە، کاریگەریی دەرەکی وەردەگرێت. ئایا لێبڕاوە ئەم کاریگەرییانە شیبکاتەوەو پاژەکانی لێکدی هەڵاوێرێ؟ یان ویستویەتی بەکاردانەوەیەك ئەو رەگەزانەی کە ژیان پێك دێنن لێکدی جیا بکاتەوە؟ لەم بەینەدا زۆر پێناسەو پێوەرو بەڵگەو بەڵگاندن هەیەو واپێدەچێت کە سەلماندنەکانی خۆی کەمتر لە خەڵکی تر قەبووڵ بکات، هەروەها جۆرە سەلماندن‌و بەڵگاندنێکی ژنانەشی تێدا هەیەو بەلای ئەوەدا دەچێت کە بەڵگە لوژیکییەکان‌و کاریگەرییە راستەوخۆکان، بە گوتەیەکی دی ئەقڵ لەگەڵ دڵدا یەك بخات.

هەڵبەتە ئەو ئەنجامگیرییەی لەم کارەوە کراوە چوون یەك نیە. دەشێت بگوترێ کە رۆمانی جەنگ‌و ئاشتی بە شێوەیەکی گشتی‌و لە روانگەی گشتییەوە کەم دابێژێك پاشکۆو رەنگدانەوەی هەستە مرۆڤانیەکانە. مەبەستی ئەمە نیە کە شتێك بسەلمێنێ، بەڵکو دەخوازێت رووسیا وەکو چۆن لە سەردەمی شەڕەکانی ناپیلوندا بووە، لە ئاوێنەیەکی فرە مەزن‌و بێگەردا بە چاکبینییەکی تایبەتیەوە نیشان بدات‌و تەنانەت پرەنسیپەکانی زەڕخرێی جووتیارانیشی هێناوەتە ئاراوە. هەر شتێك رووسی بێ لە گۆشەنیگای تۆلستۆییەوە ئازیزە، چونکە بەخۆیشی رووسی بووە. لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا نە ئەو خەمساردی‌و بێموبالاتیە تایبەتیەی گوتە

هەیەو نە کاریگەرپەزێری ئەو نووسەرە فەرەنسیانەی کە هاوعەسری ئەو بوونەو پەیڕەوی رێبازو میتۆدی ناتورالیزمیان دەکرد. لە راستیدا جۆرە تەوجوهو چاوپۆشییەکە سەبارەت بە بێ توانابیە مرۆڤانیەکانو بێ ئەنجامی بالآترین ژیان، ئەم هەستە جارەکی دی ئەو (تۆلستۆی) لە دۆستۆیفسکی نزیك دەخاتەوە.

بەلآم ئەم هەستە لە بەرهەمەکانی تۆلستۆیدا سنووردارترەو خەڵکانی دڵ بەژانو گوناهکار ناگرێتەوە، نەك لەبەر ئەوەی تۆلستۆی لە دۆستۆیفسکی سەختیگرتر بووە، بەڵکو لەبەر ئەمەی کە ژانو ئازارو گوناح لە گۆشەنیگای ئەوەوە ئەوەندە بێ بایەخە کە ئەوە نایەنێ بایەخی بدرێتێ. دەشێت بگوترێ روحی شانۆنامەنووسانی یونانی کۆن لەم بیرانەی تۆلستۆیدا خویایە، کە خەتاو غەمی قارەمانەکانی خۆیان بە ویستی رەهای خواوەندان دەزانن . ئەم گەورە نووسەرەی رووسیاش میناکی گەلێك لە خەڵکی ولآتی خۆی قەدەری بووەو جەبرو ئیختیاری قەبووڵ کردبوو، ئەو هزرو بیرانەی کە لە (یادگارەکانی سباستوپول)دا گەلآڵەی کردبوو، هەندێجار لە (جەنگ وئاشتی)شدا چووەتەوە سەری، تەنانەت بە ئاشکرا ئەم باوەڕەی بە قەزاو قەدەر لەو جەنگە خوێناویانەدا کە نەوەسانێکی لە چارەنووسی ناپلیۆنو چارەنووسی رووسیادا فەراهەم کردبوو، جێ کردووەتەوە.

بەمجۆرە کوتوزۆف لە ئەنجوومەنی سوپاییدا کە نەخشەوپلانی جەنگی ئوسترولیتس لەوێ دەکێشن، خەو دەیباتەوەو پاشان لە شەوی پێش شەڕەکەدا دەگەڵ رادنیودا رۆمانێك دەخوێنێتەوەو بەم شێوەیە فیکری ئەسڵی خۆی نواندووە. بەمجۆرە کوتوزوف کاری ئاوەزداران دەکات چونکە رێگە دەدات رووداوەکان کاری خۆی بکەن و داوا ناکات گۆڕان لە قەزا بکات، لەم کتێبەدا رووداوەکان بە هەوڵ وکۆششی ئەمو ئەوەوە بەند نییە، بەڵکو بەندە بە کاری بێ بیرکردنەوەی خەڵکانێکەوە کە ویستی جیهانیو نا ئینسانی بزوێنەریانە، پیاوان تەنیا گەمەن. کەسێك کە بیەوێ رێ نیشاندەرییان بکاتو ئەگەر بەو رێگەیەدا کە بۆی داناون نەڕۆن، گلەییان لێ بکات شایانی گاڵتە پێکردنە. دەتوانرێ حاڵەتی دەرونییان لە ئەنجامی هێزە پەنهانیەکانو ئەوەی بە دڵیاندا دێ کەشف بکرێ، وتۆلستۆی هەمان

ئەو کارەی کە لە باس و وەسفی شەڕەکانی سباستوپولدا گرتبوویە بەر، جارەکی دی لەم کتێبەدا دووبارەی کردووەتەوە، بۆیە هەوڵین کەسانێك کە (جەنگو ئاشتی)یان خوێندووەتەوە سەریان سووڕماوەو ئەم حیرەتو سەرسوڕمانە تەنیا لە رووسیادا دەرکەوتووە، چونکە لە ئەوروپای رۆژاوادا کەمتر لە رووسیا باسی ئەوەیان کردووە. بێگومان تۆلستۆی بۆ نووسینی مێژووی شەڕەکانی ناپلیۆن شارەزاییو زانیاری تەواوی هەبووە.

هەر ئەو زانیاریانەی کە لەلاویدا، کاتێ کە لە ساڵی ١٨٥٤دا ئەفسەری دەستەی تۆپخانە بووە، بە دەستی هێناوە لە مەیدانەکانی شەڕی ئوسترلیتس و پارادینو بەکاری بردووە، گومانی تیا نیە کە هیچ نووسەرێك نەیتوانیوە لەو باشتر دەستەیەکی تۆپخانە یان سوارە لە مەیدانی جەنگدا نیشان بدات، لێ وا دیارە ئەم ئەفسەرە بچووکەی تۆپخانە ئەوەی لە یاد چوو بێ کە چۆن کاری ئەم تاقم و دەستانە پەیوەندی بەکاری تاقم و دەستەکانی ترەوە هەبووەو لایەنی هونەرمەندیو دەستڕەنگینی ئەو بەسەر لایەنە سوپاییەکەیدا زاڵ بووەو گەییوەتە ئەمەی کە ئەم جۆرە پەیوەندییە لە ئارادا نەبووە. چ شتێك بووە هۆی ئەمە کە لە جەنگی ئوسترلیتسدا لایەنێك زاڵو لایەنێك شکستی هێنا؟ ناپلیۆن هیچی لەو بارەیەوە نەزانیوەو کوتوزۆف-ش بێ ئاگا بووە. ئەو پێشڕەوە فەرەنسیانەی کە بە رێکەوت لە فلانە جێ بوونە توانیویانە بە هۆی ئەو تەمو مژەوە کە دەوری گرتبوون ئەو پێشڕەوە رووسیانەی کە دەبوایە لەوێ بوایەن غافڵگیر بکەن.

بێ سەروبەریو بێ زاکونیو پەشێوی کاری خۆی کردو جگە لەمە چ شتێکی دی نەبوو. لە چەندین لاپەڕەدا کتێبەکەی تۆلستۆی-ش بێ سەروبەر دەنوێنێ. لە رووی سوپاییەوە ئەم بەشەی کتێبەکە منداڵانەیە، بەڵام لە باری هونەرییەوە ئەو نیگارکێشە دەست رەنگینەی کە ئەم دیمەنەی کێشاوە، کۆمەڵە دیمەنێکی، زۆر لێهاتووانە رەسم کردووەو شاکارێکی لێ چێکردوون: بەمجۆرە گوێی بە پرەنسیپە چەسپاوەکانی هونەر نە داوە، تەنانەت گوێی بە حەقیقەت دۆزیش نەداوە. بەڵام ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت کە فیلمێکی لەو رووداوانە چێکردووەو لەم فیلمەدا نەك هەر جوزییاتی نیشان داوە

بەڵکو بە زەبری مۆنتاجو لێکدانی پاژەکان، گشتەکانیشی یەك خستووەو لێکی داون.

هەڵبەتە ئەو جوزییاتەی کە ئەو دیتوویەتی زۆربەی ئەو وردیو ئیحتوبارەی نیەو گوتراوە کە بایەخدانی فرە بە جوزییات هەندێجار ئەم لادانو هەڵانە فەراهەم دەکات.

لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا شرۆڤەی رووداوەکانی ساڵی ١٨١٢ی مۆسکۆ دەبینرێ. ئاشپەزێکی فەرەنسی کە گومانی سیخوڕیان لێکردبوو لە دار داوە. تۆلستۆی دەڵێت: "جەلادەکە ئەو کابرا تۆمەتبارەی لە سیاسەتگاکەوە هێنایە خوارێ، کابرایەکی توندوتۆڵی تۆکمە بوو، ردێنێکی دوو فلیقانەی زەردباوی هەبوو، گۆرەویەکی درێژی ئەستووری زبری شینو جلێکی سەوزی لەبەر بوو".

ئەو جوزییاتەی کە وەسفی کردووە یەجگار وردە بەڵام دروست نیە، چونکە ئەو پیاوەی کە لە داریان دابوو بە ناچاری رووت بوو وهیچ جلکێکی لەبەر نەبوو.

لە رووی فەلسەفییەوە ئەو باوەڕەی کە نووسەر بە قەزاو قەدەری هەیە، لە روانگەی ئەویشەوە موسەلەم نیەو بە ئاشکرا پێچەوانەی ئەو باوەڕەی گوتووە. قارەمانانی جەنگو ئاشتی دوو دەستەن: دەستەیەکیان ئەو کەسانەن کە دەزانن چ مەبەست و ئامانجێکیان هەیە لەوانە ئیمپراتۆری فەرەنساو ئیمپراتۆری رووسیا، شازادە بالکونسکیو بابە پیرەکەی، ماڵباتی کوراگینو ئەو ژنەی کە قارەمانی ژنانەی چیرۆکەکەیە، واتە ناتاشاراستوڤا. دەستەکەی تریان ئەو کەسانەن کە رەوتی رووداوەکان دەگەڵ خۆدا دەیان بەن: پتیر بزوخوف، راستوڤی پیرەمێر، شازادەخانم ماریا، پلاتون کاراتویف و کوتوزۆف. هەڵبەتە لە دوا ئەنجامدا پێشکەوتن بۆ ئەم دەستەی دووەمەیە. بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە بڕوانین ئەم بەختەوەرییەی ئەوان سوکنایی بە دڵ نابەخشێت، بۆ نموونە پیتر بزوخوف مێردی ژنێکی خەتاکارە، بۆ نەگبەتی ئامادەی شەر بووە، لەگەڵ رادینوداو خۆیشی نازانێ لەوێ چ دەکاتو بۆچی بۆ ئەوێندەر چووە، پاشان لە کوچەو کۆڵانانی مۆسکۆدا ماڵوێرانو سەرگەردان دەبێ، لەوێدا فەرەنسییەکان وا دەنوێنن بە تاوانی بەشداری لە سووتانی شاردا دەیانەوێ گوللە بارانی بکەن، پاشان بە هەمان

سەرگەردانی لە پاشماوەی لەشکری ناپلیۆن هەڵدێو، ئەم کەسایەتیە کە تۆلستۆی دەخوازێ لەبەر چاوی خەڵکی بیڕازێنێتەوە، رەنگە نەتوانێ هەموو خوێنەران راکێشێت.

لە رووی مێژووییەوە کوتوزۆف کاتێ دژمن نەخشەی جەنگی دەکێشا، خەو بردوویەتەوە یان رۆمانی خوێندووەتەوەو سەرەنجام بەسەر ناپلیۆندا زاڵ بووە، خۆشبەختانە لە مێژووی ئەو رۆژگارەدا کەسێکی واهی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە بووە.

تۆلستۆی لە نووسینی (ئاناکارنینا)دا بە هەمان شێوە بە پرەنسیپەکانی خۆیەوە پابەند بووە. لەم رۆمانەشدا هەمان جوزییات یەکجار زۆرە، بەڵام لە ژینگەیەکی سنووردارتردا کە ژینگەی بنەماڵەیە. هەروەها هەمان ناکۆکی لە نێوان خۆبیبوونی خودی مەغرورانەو پڕ توانایانەو تەسلیم بوونی ناچاریو بێ دەسەڵاتانە لە هەنبەر هێزێکی باڵاترو پەنهانیدا دەبینرێ. ئەم ناکۆکیو جیاوازیە لە یەك کاتدا لە بوونی شا قارەمانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ کە گرفتاری کێشماکێشێکی دەروونییەو لە نێوان ژیانی پڕ هەراو هوریای شارانی گەورەو ژیانی هێدی و هێمنی کشتزاراندا وێڵو سەرگەردانە. لەلایەکەوە پیاوانی بەهۆشو کارامەو لەلایەکی ترەوە خەڵکی ساویلکەو دڵسافو خۆشباوەڕو ئەم گروپەی دووەم کە لوین نوێنەریانە لە گروپی یەکەم کە بزوخوف نوێنەریانە، دەبەنەوەو، بەڵام لوین کە فرزەندی روحانی هەمان بزوخۆفە ئەمجارەیان دەبوایە دەستووری شفابەخشی روحانی کە تۆلستۆی بە خۆی لە گەنمەزارەکانی یاسنایا پالیانا دەیدا بە خەڵکانی تر بداتوئەویش کەفارەتی کارە خراپەکان نیە.

لەم بەینەدا هزری سوسیالیستەکانیش کە لە رۆمانی جەنگو ئاشتیدا هێشتا نەی هێنا بووە ناو ناوان دەردەبڕێ، بە تایبەتی لەو بەشە بەناوبانگەی ڕاوگەکەدا کە لوین هێرش دەکاتە سەر بلونسکیو لە ناکاو بۆی دەردەکەوێ کە خواردنی بەری رەنجی خەڵکانی دی زوڵموبێدادیە لەو خەڵکانە. تۆوی هەموو فەلسەفە تازەکەی تۆلستۆی کە لە ئایندەدا بەو رادەیە پەروەردەی کردووەو بە ناوی ئەوەوە ناسراوە، لێرەدا تۆو دەکرێت. سەیر لەمەدایە کە بۆ نۆبەرەکردنی ئەم تۆوە لوینی هەڵبژاردووە، چونکە ئەم خوردە موڵکدارە،

سەر لێشێواوێکە کە لە رۆژی زەماوەندەکەیدا لە بیری دەچێت بۆ کڵێسا بڕواتو لە کاتی هەڵبژاردنا لە هەموو کەسێك دەپرسێت دەبێ رەئی بەکێ بدات؟ تۆلستۆی وا دەنوێنێ کە ئەو پیاوێکی خوێنەوار بووەو بە هۆی بەرهەمێن فەیلەسوفانی ئاڵمانییەوە تووشی گومانو دوو دڵی بووە، بەڵام بێزاری خۆی لە هەمان فەلسەفە دەردەبڕێ. لەگەڵ هەموو ئەمەشا پیاوێکی زبرو سەختەو لە نێو ئەم سەرگەردانیە روحییەدا ئەرکی خۆی نازانێ تا رۆژێ سەری قسان دەگەڵ جووتیارێکدا دەکاتەوە و جووتیارەکە رێگەی راستی پێ نیشان دەدات. پێی دەڵێت ئەوەندە بەسە کە پیاو رێگەی راست بگرێ و تەنیا لە خودا رێنوێنی بخوازێ. بۆیە لوین لە گوندیدا دەژیو رێنوێنی ئەو پیاوێکی جووتێرە. جووتیارێکی دیکەش لە رۆمانی (جەنگوئاشتی)دا هەیە، کاراتوئیفی ناوە، ئەویش باوەڕی وایە کە دەبێ کوێرانە پەیڕەوی خودا بکرێ. لەو رۆمانەدا هێشتا تۆلستۆی بەگومانەو خویا نیە مەبەستی لە کام خودایە. بەڵام لەم رۆمانەدا ئەو خودایەی کە لوین بە رێنوێنی خۆیی هەڵدەبژێرێ مەسیح نیە بەڵکە بودایەو ئەوەی لەم بەینەدا سەیرە ئەمەیە کە خویا نیە تۆلستۆی چۆن پرەنسیپی نیرڤانای بوداییانو فەنافی اللە لەگەڵ ئەو قانونەدا کە دایناوە دەسازێنێ.

دەربارەی ئەو جیاوازیو ناکۆکیەی کە لە بەینی ژیانی شارو ژیانی گوندا هەیەو تۆلستۆی ژیانی گوندی پەسندکردووە، نووسەرانی دیکەش، لەوانە پوشکین، هەمان باوەڕیان هەبووەو هەڵبەتە بیری رۆسۆو جۆرج سانیش کاریگەرییان بەسەر تۆلستۆیەوە هەبووە، لێ رۆسۆو جۆرج سان رێگەیەکی روناکیان گرتووەتە بەرو گوتاری تۆلستۆی بەو ئەندازەیە روون نیە. لەم بارەیەوە زاراوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیەو ناوی ناوە (درۆی ژیانی شارستانیانە)و تەنانەت لەو کتێبانەدا کە پاشتر نووسیوونیو لە واری فەلسەفەی رووتدا، لەم بارەیەوە دوو دڵەو جارێ زانستە تازەکانو جارێ شێوەی حوکمڕانی لەم کارەدا بە کاریگەر دەزانێ.

لایەنی هونەریی ئاناکارنینا شایستەی هەمان ستایش وئیرادگیریانەی رۆمانی جەنگو ئاشتییە. هەمان هونەرمەندیودەستڕەنگینی ئەو لە شرۆڤەی جوزییاتو وەسفی جیهانێن روحانیدا دەبینرێوهەمان جیاوازیو ناکۆکی لە

کولیات داو هەمان ریزبەندی ئەفسانانی جیاواز هەن کە سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتێن چاوەڕوان نەکراوو تەنانەت درێژدادڕی نابەجێ رادەکێشێت. لەلایەکی ترەوە بە هەمان وەستاییو هونەرمەندیی تەواوەتی پێچ و پەناکانی دەروونی ئەو ژنەی کە قارەمانی ئەم چیرۆکەیە، راڤەو شرۆڤە کردووە. لایەنە سەرنج راکێشەکانی ئەم بارە دەروونیە ژنانەیە ئەمەیە کە سەفەرێکی هەندەران دەکاتولەوێوە دەگەڵ دڵدارەکەی خۆیدا پاش ئەوەی دەستبەرداری شووەکەی خۆی دەبێ دەگەڕێتەوەو وێڕای سەرزەنشتو لۆمەی خەڵکان دەگەڵ دڵدارەکەیدا دەچێت بۆ شانۆو چونکە لەوێدا بۆنی تەوهین دەکەن لە چاوی کەسێکەوە دەی بینێ کە ئەوی لەو کارە قەدەغە کردبوو. هەرچەندە دڵبەندی دڵدارەکەی خۆیەتی، بەڵام ئەو میهروسۆزەی دەرهەق بە منداڵەکەی هەیەتی ئارامی لێ هەڵدەگرێ، هیچ جۆرە هەست جوڵانێك لە ئارادا نییەو تاقە شتێك کە لە دابو نەریتان بەدەرە ئەمەیە کە ژنەی خەتاکار بەمەبەستی ئازاردانی شووەکەی خۆی، بە دەم خەمینییەکی زۆرەوە دان بە هەڵەو خەتای خۆیدا دەنێت. خویایە کە تۆلستۆی ئەم خاڵەی لە بەرهەمەکانی ئوستروفسکیو تەنانەت لیرمانتۆفەوە وەرگرتووەو لیرمانتۆف لە رۆمانی (قارەمانی زەمانی ئێمە)شدا ئەم خاڵەی هێناوەتە ئاراوە.

لایەنێکی دیکەی سەرنجڕاکێشی ئەم کتێبە شەرحو شرۆڤەی منداڵ بوونی کیتی لوین و مەرگی مێردەکەی، لوینەو لەم دوو هەڵوێستەدا وردبینیو هەڵچوونێکی تایبەتی هەیەو تۆلستۆی ئەنجامگیرییەکی پڕ جۆشو خرۆشی لە رێکەوتی ئەم دوو رووداوەوە هەڵێنجاوەو لە دابی ژیانی ئاسایی هێوەتر رۆییوەو خانمانێکی سەلارو سەنگینی ئەوتۆی هێناوەتە ئاراوە کە لە کتێبەکانی تریدا نیە. لێرەدا حەقیقەتجۆیی ئاوێتەی جوانییەکی تایبەتی کردووەو لە سەرانسەری ئەم باسەدا تاقە وشەیەکی ناشیرینو فکرۆکەیەکی، کە هەستو سۆز بهاڕوژێنێ، بە کار نەبردووە.

گەلەك لە رەخنەگرەکان گوتوویانە تۆلستۆی بەر لە رۆمانی جەنگو ئاشتیو بەر لە ئاناکارنینا بایەخێکی ئەوتۆی بە سایکۆلۆژیاو باری دەروونی ژنان

نەداوە، بەڵام لەم دوو رۆمانەدا هەندێ وەسفی دەربارەی ژنان هەیە کە بڕێکیان یەجگار جوانو شیرنن.

گوتوویانە کە ئەم هونەرنوێنییەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ زەماوەندەکەی خۆیو ئەو کارەی کە هاوسەرەکەی، سوفیا ئاندرییونا، لێی کردووە. بەڵام ئەو شتەی کە مایەی سەرسامیە ئەمەیە کە وێڕای ئەو پرەنسیپانەی بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دایناون، لە ئاناکارنینادا خەتاکاری زۆر ئاسایی ژنێکی مێردار بووە بە تەوەرەی بیرکردنەوەی.

پاش بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە تۆلستۆی تا ماوەیەك بەرهەمەکانی خۆی بۆ وەعز تەرخان کردووە. کاتێ کە کتێبی (ئاینی من)ی بڵاوبووەوە، لە تۆ وایە ئەوەی کە لە (ئاناکارنینا)دا دەربارەی گۆڕانی باوەڕی لوین گوتووبووی، حاڵەتێکە کە بەسەر خۆی هاتبوو. گەلێك لە هزرڤانانی جیهان، لەوانە شوپنهاوەرو هارتمان، فەیلەسوفانی ئاڵمانیی سەر بە ڕێبازی راسیونالیزم لە پڕ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان دەگەڵ تەبیعەتو خوداناسیدا گرتووەو (تۆلستۆی)ش میناکی وان بووە. تا ئەو رۆمانە کێشمەکێشێك لە نێوان ئاوەزو هەستی ئەودا هەبووە، ئاوەز بەرەو ئامۆچیاری فەیلەسوفانو هزرڤانانی تازەی بکێش دەکردو هەست بەرەو تەبیعەتو سروشتی دەبردو جاویدانی بوونو هەرمانی روحو بایەخدان بە خواناسی بە گوێیدا دەدا. لەوە دەچێت کە گومانی لە حەقیقەتی ئەم قەیرانو ئاستەنگە دەرونیو روحانیە هەبوو بێ، لەوەیە وای وێناکردبێ کە حەقیقەتێکی تازەی دەرك کردووەو هەوڵی داوە تیشکی ئەو حەقیقەتە لە خەڵکانی دی درێغی نەکات.

لە کتێبی (دان نان بە گوناح)داو کتێبی (ئاینی من)دا بنەمای ئەم باوەڕەو بناغەی ئەم ئاموچیاریانەی خستووەتە روو ولە بەرهەمێن دیکەی خۆیدا رەخنەیەکی وردی لە حیکمەتی ئیلاهی شەرعی گرتووەو پاچڤەیەکی تازەی چوار ئینجیلەکەی کردووە. هۆی دەست دانە ئەم کارە دژوارەی لە کتێبی (ئاینی من)دا بەمجۆرەو وەستایانە دەربڕیوە: "نەمتوانی مودەتێکی درێژ خوو بەم هزرەوە بگرم کە پاش هەژدە سەدە کە قانونو یاسای مەسیح هەزاران هەزار خەڵکی بەکاریان هێناوە، دوای هەژدە سەدە کە هەزاران هەزار

خەڵکان تەمەنی خۆیان سەرفی موتاڵاو خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئەم یاسایە کردووە، سەیرم کرد کە من شتێکی تازەی تیا دەبینم".

کەسێك کە کتێبی (ئاینی من) بخوێنێتەوە دەگاتە ئەم ئەنجامگیرییەی کە پاش دۆستۆیفسکی، ئامۆچیاریەکانی مەسیحی لەم پێنج خاڵەدا چڕ کردووەتەوە: "رکونی مەبن، زینا مەکەن، سوێند مەخۆن، بەزبریوتوندوتیژی بەرگری لە خۆ مەکەن، شەڕ مەکەن". ناچار بەهۆی ئەم ئاموچیاریانەوە دام و دەزگاو رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی زەمانی خۆی بە دیاردەو رواڵەتە جیاوازەکانی ئەو دامو دەزگایانەوە، وەکو دادگا، وهێزی سوپایی‌و باجو...هتد یەکسەرو راستەوخۆ وەلاناوەو نەی هێشتوون. پێدەچێت کە رۆمانی (ژیانەوە)شی بۆ ئەم مەرامو مەبەستە نووسی بێ.

نێوەڕۆکی ئەم رۆمانە ئەمەیە کە پیاوێك وەکو ئەندامی دەستەی گەواهی بۆ دادگا بانگ دەکەن‌ودەبێ رای خۆی دەربارەی ژنێك بدات کە ماشوقەی ئەو بووەو ئەو وازی لێهێناوەو ژنەی تووشی بێ ناموسی کردووە. ئەنجامو گوتاری ئەم رۆمانە ئەمەیە کە دەبێ ئەنجوومەنانی مونیسیفەو هەر جۆرە دادگایەکی دیکە لاببرێ. لەم رۆمانەدا پیاوێکی دیکەیان کە گسکێکی دزیوە کێشاوەتە دادگا. خاوەنی گسکەکە بۆ گەواهی هاتووە دەڵێت هاتوچۆی بۆ دادگا تا ئێستا دوو هێندەی نرخی ئەو شتەی کە لێیان دزیوە خەرجی تێچووە: ئەنجام ئەمەیە کە دەبێ واز لە دزان بهێنرێ لە کاری خۆدا ئازادبن. ئەمە ئەوەیە کە لە رواڵەتی ئەم قسانەوە دەخوێنرێتەوەو لەوەشە هەندێ لە خوێنەرانی رۆمانەکە ئەنجامێکی دیکەشی لێوە هەڵێنجن.

کاتیوشا، ژنێکە کە لەم رۆمانەدا باسی کراوە، هەرچەندە چاوی کەمێك تیلە، بەڵام یەکجار دڵڕفێنە. وادیارە خۆشی ئاگاداری ئەو گومانە بووە کە هەندێ لە خوێنەران لە بەرهەمەکانی ئەویان دەکرد، بۆ نموونە لە یەکێك لە دوا کتێبەکانیا کە بەناونیشانی (ئاین‌و ئاکار) کە لە ساڵی ١٨٩٣دا بڵاوی کردووەتەوە پاش ئەوەی دوو پەیوەندی ئەسڵی لە نێوان ئینسان‌و جیهاندا شرۆڤە کردووە، لە میانی باسێن دیدا پەیوەندییەکی سێیەمیشی نیشانداوە کە زادەی پەیوەندی یەکەمە.

ئەو ئەنجامە گوماناوییەی کە لەم بانگەشانەوە هەڵدەهێنجرێ وا دەنوێنێ زادەی جیاوازیوناکۆکی بیروباوەڕی ئەو گروپە جیاوازانە بووبێ کە لەو رۆژگارەدا لە ئیمپراتۆریەتی پانوبەرینی رووسیادا زۆر باوبووەو هەروەها هەستی بێموبالاتی کە لەو رۆژگارەدا بوو بوو بە خووی میللی رووسەکان لەم کارەدا بێ کاریگەریی نییە. حکومەتو دەوڵەتی ئەو زەمانە سوود لەم بانگەشانە وەردەگرێتو بە هۆیەوە رێگە لە بانگەشەی شۆڕشگێڕی کە یەجگار لەوە ترسناکتر بوو، دەگرێت. بێگومان بیروباوەڕێك کە بانگەشە بۆ تەسلیم بوونو سەردانەواندن لە هەنبەر خراپیاندا بکات، لە روانگەی هیچ دەوڵەتێکەوە ئاقیبەتی ئەوەندە ترسناکی نیە.

هونەرمەندیودەستڕەنگینی ئەو لە نووسینی رۆمانانوئەو کورتە چیرۆکانەی کە ناو بە ناو لە بەینی بەرهەمە فەلسەفیەکانی خۆیدا بڵاوی دەکردنەوە بە هەمان تینو تاوو گەشاوەیی رۆژی یەکەمی خۆیەوە مابووەوە، هەرچەندە لە هەندێکیاندا هەمان وەعزو ئاموچیاری دووبارە کردووەتەوە. هەڵبەتە بە زۆری ئەو دەستوورەی کە گوتە بە هەموو هونەرمەندانی داوەو گوتوویەتی:"نیگارکێشی بکەن، قسە مەکەن" فەرامۆش کردووە، بەڵام دوو بەرهەمی دیکەی ئەو کە یادگاری هەمان قۆناغن، واتە (ئاوازێك بۆ کرویتسر)و (مەرگی ئیڤان ئیلیچ) کە لە هەردووکیاندا باسی سەلبیاتو گەندەڵی زەوجینی کردووە، لە زۆر بەرهەمی پێشووتری ئەو باشترن.

هەندێ کەس، پازدنیشف، قارەمانی چیرۆکی (ئاوازێك بۆ کرویتسەر)یان بە وێنەیەکی نووسەرو بە جاڕچیو پەیڤداری ئەو زانیوەو هەندێکی دی ئەم بۆچوونەیان رەت کردووەتەوە. لە راستیدا هەڵبژاردنی ئەم بابەتە سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام لە وتارێکدا بەناونیشانی (ژیان) کە لە هەمان ساڵدا ١٨٨٩ نووسیویەتیو لە پاشکۆیەکدا کە بۆ (ئاوازێك بۆ کرویتسەر) لە ساڵی دواتردا نووسیویەتی هەمان بابەتی هێناوەتەوە ناو ناوانو پێدەچێت کە ئەم چیرۆکە ژیاننامەی خودی نووسەر بێ. ئەو شتەی کە پێچەوانەی ئەخلاقەو لە پەناوپاسارەکانی ویژدانی ئێمەدایەو ئەو فاکتەرە مەتریالیانەی کە جگە لە مەرگ چ شتێکیتر بە ئێمە ناڵێت، رووبەڕووی یەکتر کردووەتەوەو بەمجۆرە ئەو جیاوازیو ناکۆکییە ئاشکرایانەی کە لە ژیاندا هەیە

نیشانداوە. جا بۆ دەرباز بوونو رزگاریی لەم ناکۆکیانە چ چارەیەك نیە ئەوە نەبێ کە تا دەتوانین لە جیهانی مادی بچینە دەرێوئەم جیهانە مادیە فاکتەری کاتی گوێزانەوەی ویژدانی ئێمەیەو دەبێتە هۆیەك بۆ هەرەسهێنانی. ئەگەر بمانەوێ دەربارەی رەگەزو توخمی هیولایی بوونی خۆمان چاوپۆشی بکەین لە بەرانبەر ئازارو ترس لە مردن دەمرینو مەرگ هەر مەرگی هیولایی دەبێ. کەواتە ناچار ژیانی حەیوانیو بە پلەی یەکەم پەیوەندی سێکسی کە بناغەی ئەو ژیانەیە نابوت دەبێت،(مەسیح)ش ئەم حەقیقەتەی لەوەپێش خستووەتە روو، بەڵام چ کەسێك گوێی نەداوەتێ. وەکو چۆن پەرستنکاری لە ئاینی مەسیحیاندا نیە،زەوجینش لە ئاینی مەسیحیاندا نابێ، هەروەها لەشکری مەسیحیانو دادگای مەسیحیانو دەوڵەتو حکومەتی مەسیحیانیش نابێ هەبێ. مەسیحی راستەقینە دەبێ پەیوەندی ژنو مێردایەتی بە گوناه بزانێ، نابێ هاوسەرگیری بکات. ئەگەر لەوە پێش ژنی هێناوە دەبێ هاوسەرەکەی رابگرێ بەڵام وەکو خوشك رەفتاری لەگەڵ بکات. هەرچەندە ئەم ئاموچیارانە لە چاوی هەندێ مێرداندا دڵگیرو پەسەند بێ، بەڵام گومانی تیا نیە کە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك مەترسی تێدایە، لەگەڵ ئەمەشدا تۆلستۆی دڵبەندیەتی. زنجیرەیەك لەم هزرە سەیرانە، کە لە رۆمانەکانی جۆرج ساندیشدا هەیە، دەخاتە روو وقسەی خۆی دەبڕێت و لە زمانی (بازدنیشف)ەوە دەڵێت: "هەموو ئەمانە تازە بوونو زۆری سەرسام دەکردم.." بەڵام تا چ ئەندازەیەك ئیلهاماتی روحیو دەروونی لەهەنبەر ئەم سادە دڵیانە هەیەو دەڵێت: "لە ژنێکی بە نازو عیشوەی کارامەی ئەزموندار کە لێبڕاوە پیاوێك گومڕا بکات بپرسن کە کامیان پەسند دەکات: لە بەرانبەردا لە درۆو خیانەتو بێمیهری خۆی دڵنیا بێ یان بە جلێکی نا قۆڵاوە لە بەرانبەریا دەربکەوێ؟ هەڵبەتە ئەوەی یەکەم هەڵدەبژێرێ".

لێرەدا حەقیقەت دۆزییەکی جوان دێتە ئاراوە. بازدنیشف کە ژنەکەی کوشتووە، کاتێ کە دەڕوات بکەوێتە گیان دۆستی ژنەکەی کە رایکردووەتە ژوورەکەی تەنیشتەوە، سەیر دەکات کە پێڵاوی لەپێ نیە. پێڵاوەکانی داکەندووە بەو مەبەستەی کە (بەدکارەکان) باشتر غافڵگیر بکات،وهەستێکی

شەرمەزاری دەیگرێتو ئەمە خۆبە خۆ نایەڵێ بچێت. دەشێت ئەمە لە جێی یەك كتێبی فەلسەفە دابنرێ.

لە رووسیادا رەخنەگران تا رادەیەك بە توندی داوەرییان دەربارەی ئەو چیرۆكە میللیانە كردووە كە تۆلستۆی زۆربەی وەختی خۆی بۆ تەرخان كردوون، گوتوویانە كە تۆلستۆی ویستوویەتی شتی سادە بنووسێت بەڵام دەرەقەت نەهاتووە، دەشێت بگوترێ سادەییەكەی تا ڕادەیەك دەستكردە.

یەكێك لە دوا چیرۆكەكانی، كە بەر لە رۆمانی (ژیانەوە) نووسیویەتیو بەناونیشانی (خاوەنكارو كرێكار)ە، بە باشتر زانیوەو بریتییە لە شەرحی بابەتە هەرە باوەكەی بێ كەڵكیو بێهودەیی سەروەت. پیاوێكی دارفرۆش كە پیاگێكی زبروقسە رەقو نا ئینسانە دەگەڵ كرێكارێكی خۆیدا بۆ بێشە دەڕوات، رێگە ون دەكەنو بەفرێكی زۆر غافڵگیری دەكات. ئەسپی عەرەبانەكە دەكاتەوە، سواری دەبێو هەڵدێتو هاوسەفەرەكەی خۆی بە جێدێڵێ. ئەسپەكە كە لە نێوان تۆفو بۆرانەكەدا رێ دەرناكات، دەیگەڕێنێتەوە بۆ لای سورتمەكە(خزاك) – عەرەبانەیەكی تایبەتیە، كە كابرای كرێكار لە سەرما پەنای بۆ بردووە- بەفر تەقریبەن دای پۆشیوەو لە سەرما كەسیرە بووە. لە پڕ بێهودەیی ئەو هەوڵە سەختو دژوارەی كە بۆ رزگاركردنی خۆی داویەتیو بێسوودی ئەو هەوڵانەی پێشتر لە پێناوی سامان پێكەوەنان داویەتیو لەم دەمەدا هیچ سوودێك بەو ناگەیەنێ، لە ویژدانی ئەم خاوەنكارە تەمەعكارەدا بێدار دەبێتەوەو پەردەی دەستكردی هەستێن خۆپەسندی ئەو دەدڕێتو هەستی سەرەتاییو خۆڕسكی مەردمدۆستیو ژێردەست پەروەری بە سەریا زاڵ دەكات، بیری بە هیچ كۆییەك ناگات ئەمە نەبێ كە بە پاڵتۆكەی خۆیو بە بەدەنی خۆی ئەو بەدبەختەی كە تا ئەو كاتە بەو رادەیە فەرامۆشی كردبوو، گەرم بكاتەوە. خۆی بە سەریا دەداتو دوای چەند سەعاتێك ئەو بەو حاڵەوە دەبینن كە دوا كاری خۆی ئەنجام داوەو لەسەرمانا مردووە، بەڵام كرێكارەكەی لە مردن رزگار كردووە.

ئەم چیرۆكە كە لەباری هونەرییو شەرح و شرۆڤەوە لەوپەڕی سفتیو فەساحەتو بەلاغەتدایە، شاكارێكی بێ چەندو چوونە. بەڵام دەبێ ئەوە

ساغ بکرێتەوە کە ئایا لە رووی سایکۆلۆژییەوە ئەم بێدارییە کوتو پڕو گۆڕانەی کە لە هزری ئەم پیاوەدا روویداوە سروشتیوئاساییە؟!.

وێنەی هەمان گۆڕانی کوتو پڕ لە نەخلیودوف، قارەمانی رۆمانی (ژیانەوە)شدا دەبینرێ. نەخلیودوف، لەوەپێش ئەفسەری گاردبووە، پیاوێکی ئەهلی رابواردن، خۆشگوزەرانوسەراپا غەرق لە فسقو فجورو داوێن پیسیو شەهوەتڕانی، ئاشقی خۆ ئاراییو رواڵەتبازیوبادەنۆشی، بەم حاڵەوە، کیژێکی بە نێوی کاتیوشا کە لە ماڵە خزمەکانی ویدا کارەکەری کردووە لە رێ دەرکردووە. بەڵام لە پڕ دەکەوێتە هەوڵی ئەوەی کە لە قەحپەخانەو پاشان لە کاری قورس و تاراوگەی رزگار بکات. ئەو هزروبیرو هۆکارانەی کە تۆلستۆی هەوەڵجار لە چیرۆکی (خاوەن کارو کرێکار)داو پاشان لە رۆمانی (ژیانەوە)دا بۆ نیشاندانی ئەم گۆڕانە کوتو پڕو بێ پێشەکیەی بەکار بردوون جیاوازی ئاشکرایان لێکدی هەیە. هەمان جیاوازی لە نێوان (ئاوازێك بۆ کرویتسەر) و (مەرگی ئیڤان ئیلیچ)ش هەیە.

وێڕای هەموو ئەمەش ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە (هێزی تاریکی) شاکارێکی بێ چەندو چوونەو لە ئەدەبیاتی جیهاندا لە لوتکەی جوانیدایە. تۆلستۆی لەم شانۆنامەیەدا دەستورێکی تازەی بە جیهانیان داوە بۆ شانۆی عەوامپەسند. هەڵبەتە یەکێك لە بابەتو نێوەرۆکەکانی کە بریتییە لە داننان بە هەڵەو خەتاو ملدان بۆ سزا، تازەیی تیا نیەو نووسەرانی تریش خۆیان لێداوەو پەروەردەیان کردووە. بەڵام هیچکەسێك بەر لە تۆلستۆی نەیتوانیوە ئەم خاڵو بابەتە گرینگە بە شێوازو گوزارشتکارییەکی ئەمەندە پڕ فەساحەتوسفت وچڕو بە تۆنێکی ئەمەندە راشکاوانەو زندوو پڕماناو بە کاکڵ ئەنجام بداتو بخاتە روو. لەم شانۆنامەیدا سروشت و خووی مرۆڤانی لە ژیانی گوندیاتیدا بێ هیچ پێشەکیەكوبێ هیچ رتوش ودەسکارییەك وەکو چۆن هەیە دەبینرێ، دیمەنو دیمەنسازی، ئەو قسەو هەستانەی کە تیایدا بەکار هاتووە، ئەو وردەکاریانەی لە بواری دەروونپشکنیدا هاتوونەتە ئارا تەنانەت کەمترین جوزییاتی قسەو رەفتار بەوپەڕی هونەرکاریو وەستایی تیایدا گونجێنراوەو بەکار هاتووە. نیکیتا کە جووتیارێکی خەتاکارە بە زمانی ئاسایی میللی قسان دەکات، بەڵام هەندێ زاراوەو ئیدیۆمانی لەسەر

زاره کە ئەوە دەگەیەنێ دەگەڵ خەڵکانێکی دیکە کە گوندنشین نەبوونە هاتوچۆی هەبووە. دەشێت پەی بەوە ببرێ کە هێڵی ئاسن و سکەی قیتار گەییوەتە ئەم گوندەو لە نێو کوخی دێهاتیەکانو مەیخانەی گوندەکەدا تۆوی گەندی هزروبیرێن خەڵکی شاری داچاندووە.

هەندێ لە رەخنەگران، رەخنەی زۆر توندیان لە هەندێ لەو بیروباوەڕانەی تۆلستۆی کە دەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیداو بە تایبەتی ژیانی مودێرنی جیهانی ئەمرۆدا بە ئاشکرا ناکۆکن، گرتووە. بیروباوەڕی ئەویان سەبارەت بە دژایەتی زەوجینوهەندێ لەزەتپەروەری تری دنیایی کە لەوەیە زیاد لە هەر شتێ ئادەمیزاد بۆ کاروکۆشش و ئاوەدانیو سوود گەیاندن هان بدات، پەسند نەکردووە. کاری هزرییان، کە ئەو (تۆلستۆی) لە کارێن بەدەنی بەنزمتری دەزانێ، بۆ ژیانو شارستانیەت بە پێویستو حەتمی زانیوە. گوتوویانە کە ئەگەر بە گوێرەی ئاموچیاریەکانی ئەو کاری بەدەنی تاقە تەوەری ژیان بێ، ژیان بێ تامو بێ ئەنجام دەبێت. ژیانی دەروێشانەی وشك کە لایەنی عیبادەتکاریو ریازەتی فیکری بەسەرا زاڵە، بە زیانی ئادەمیزادان دەشکێتەوەو کێشەو دەردە کۆمەڵایەتیەکان دەرمان ناکات. خاڵێکی دیکە کە رەخنەیان لێگرتووە ئەمەیە کە ئەو (تۆلستۆی) کارو کۆشش، زانستو جیهانبینی ئادەمیزادی لە رووداوەکانی جیهانو پێشهاتە چاكو خەراپەکاندا بەکاریگەر نەزانیوەو هەوڵیداوە جەبریەت بەسەر ئختیاردا پەسند بداتو خەڵکی قەدەریانە گۆش بکاتو بۆ مل دان بە هەر رووداوێکیان ئامادە بکات. ئەو گیانی (بەرگری نێگەتیف)و مقاوەمەت نەکردن لە هەنبەر خراپیەکاندا، ئەوەی کەپاشان گاندی پێشەوای مەزنی هند ناوی نا (لاعونف) کە لە زۆر بەرهەمی ویدا رەنگی داوەتەوەو هەیە، یادگاری قۆناغی بێدەسەڵاتیە لە هەنبەر حکومەتە ستەمکاریو زۆردارەکاندا، لەگەڵ گەلێك لە پرەنسیپە بەشەریەکانی ئەمڕۆدا تێك ناکاتەوەو تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی گوتوویەتی کە هەمیشە سەرکەوتن بۆ جەماوەری خەڵکە، تێك ناکاتەوەو ناسازێت.

تەنانەت گوتوویانە تۆلستۆی کە خۆی بەم رێگا خزو پڕپێچ و دەورانەدا کردووە، بە خۆیشی خزیوەو بە ئاموچیارییێن زۆر کۆنی سەلبی رێگەی لە

پێشڤەچوونی ئادەمیزادان بەرەو جیهانێکی باشتر گرتووەو تەنانەت لە ئاموچیاریەکانی بودا نزیك بووەتەوە.

ژمارەیەکی دیکە لەرەخنەگران رەشبینی ئەویان کە لە لایەکەوە لە شوبنهاوەرو لەلایەکی ترەوە لە بایرون نزیك دەبێتەوە، بە ناسازگار نەزانیوە. لە کۆتایی ژیانیدا کە خەڵکی هانداوە هەرچیەکیان گەرەکە لە نێو جەماوەری خەڵکیدا منەی بکەن هەمدیس زێدەرۆیی کردووەو دەسەڵاتی پەیڤ وکاریگەریی بلیمەتی زانایانو پێشەنگانی زانست و هونەری پشتگوێ خستووە. ئەگەر لە زەمانی ئەودا حکومەتو دەوڵەتانی ستەمکارو دادگایانی زاڵم کە بە قازانجی بەرژەوەندییە نزمەکانی چینی دەسەڵاتدارو ئەرستوکرات کاردەکەنوخەڵکانێکی زۆر بەدبەختوڕۆژ ڕەش دەکەن، ئەمە مانای وا نیە کە حکومەتانوداموو دەزگای بە سوودو مەردومدۆستو خزمەتگوزار پەیدا نەبنو ئەم نەگبەتیو ستەمکاریانە لا نەبەن. ئەگەر دادگاو دادسێنو سوپاییو کاربەدەستانی ئەمنو ئاسایش زۆردارو زاڵم نەبن هەڵبەتە ژیانی خەڵکی باشتر دەبێ، بەڵام ئەگەر هەر لە بنی نەبێت خویا نیە کە ئەم خەڵکەی کە ئەو بەو جۆرە پەی بە رۆژ رەشی و داماویان بردبوو لەمە بەختەوەرتر بن. بە ماوەیەکی زۆر بەر لە تۆلستۆی، جان جاك رۆسۆش، بیروباوەڕو هزرێکی نزیك لەوەی تۆلستۆی هەبوو کە تەنانەت لە شۆڕشەکانیشدا دەورو کاریگەریی خۆی هەبوو، بەڵام ئەو شۆڕشانە نەشیان بناغەی ئەم ژیانە کۆمەڵایەتیە هەڵتەکێنن، و تاقە رێگەی جوتیارو خۆشگوزەرانی ئادەمیزاد بوو بەمەی کە ئەم داموودەزگایانە هەبن، بەڵام بە زیانی خەڵکی نەبن.

هەڵبەتە گومانی تیا نیە کە ئەو پیاوە تەماعکارە چاوچنۆکە زاڵمەی کە ماڵو سەروەتوسامانی ئێمەی بە کوشتارو تاڵان زەوت کردووە بوونەوەرێکی بێزەوەری ناشیرینی بەدعەمەلی ناپەسندە. بەڵام ناتوانرێ نکۆڵی لەوەش بکرێ کە ئەو پیاوە چلەکێشو ریازەتکێشەی کە گۆشەی بێکاری گرتووە بە هەمان ئەندازەی ئەو ناپەسند نەبێت. هەڵبەتە زندوو دەبێ بمێنێو دەبێ بژیو ژیان کاری دەوێو کار زندوو دەهێڵێتەوە. ئەگەر خەڵکانی دی کاری ناشیرینو دزێو بکەن ئەمە نیشانەی ئەوە نیە کە هیچ کەسێك کار نەکات،

پێویستە کاری خراپ لە جیهاندا نەهێڵرێو بناغەو پایەی ژیان لەسەر کاری باش ڕۆبنرێ. هەق بەو زانایانەیە کە تەنیا کاری باشیان بە مەرجی ژیان داناوە، نەك لەبەر ئەگەری دەردو رەنج خەڵکێك مل بۆ خۆکوژی بدات.

ئەو کەسانەی کە ئەم رەخنانەیان لە هەندێ لە بەرهەمەکانی تۆلستۆی گرتووە گوتوویانە کە هەموو جیلوەو دڵگیرییەکی ژیان لە پێشڤەچوونو تەرەقی دایە. دامو دەزگایەك باش و جوانە کە تەرەقیو پێشکەوتن ئاسانو ئامادە بکات. ئەگەر کەسێك بخوازێ هەموو ئاموچیاریەکانی ئەو بەکار بێنێ، ئەو ئازادیەی نابێ کە پێویستە لەواری پێشکەوتن هەی بێ، وەکو چۆن ژیانی هونەریی خودی تۆلستۆی-ش سەرمەشقو نموونەیەکی ئەم ئازادیە بووە لە هەنبەر پێشکەوتنو، تەرەقیو بەرزی جیهان لە هەموو شتێك پتر پێویستی بە زانستەو نکۆڵی کردن لە زانستو فەراموش کردنی بێگومان بەزیانی ئادەمیزادان دەشکێتەوە.

ئەمە جگە لەوەی تۆلستۆی بە خۆی کاتێ نامەیەکی بۆ یەکێك لە دۆستانی خۆی نووسیوە بە ئاشکرا دژی ئەو کۆمەڵەیە بووە کە لەو رۆژگارەدا لە رووسیا هەبووەو (بویە لیودی)یان پێ دەگوتنو ژمارەیان یەکجار زۆر بووەو پشتیان کردووەتە ژیانو کاروکۆشش، و بە ئاشکرا گوتوویەتی کە ئاموچیاریەکانی ئەوان بە زیان بەخش دەزانێ. لە نێو ئەو گروپ و کۆمەڵانەدا کە لە رووسیادا هەبوونەو لە بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتیدا زێدەرۆییان کردووە، تۆلستۆی زیاتر بەلای کۆمەڵەی (دوخوبورتسی) واتە (تاقیکارانی هزر) و کۆمەڵەیەکی دی دا بەناوی (مولوکان) مایل بووەو، ئەم کۆمەڵەیەش (مولوکان) وەکو تۆلستۆی پێی وابووە کە حەقیقەتی ئاینی مەسیحی کەشف کردوەو ئەوانی تر هەموو هەڵەن. بۆیە نەدەچوونە ژێرباری خزمەتی سوپاییو دانی باج و پەیڕەوی کردنی هەندێ یاساو دەستوران تەنانەت وا باوە کە بە یەکێك لە شوێنکەوتووانی ئەم رێبازەیان گوتووە: "هەواڵەی سیبریاتان دەکەن، شوێنێکی یەجگار خراپە، سەگیش ناتوانێ لەوێ هەڵبکات". پەرسڤی داوەتەوە: "خۆ خوا لەوێ هەیە!".

وێڕای هەمووئەمەش ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێت کە لەو ڕۆژگارە ڕەشەی بێدادی حوکمڕانی دکتاتۆریانەی تزاران دا، دەسەڵات و کاریگەریێ تۆلستۆی لە بێدارکردنەوەی خەڵکیدا زۆر بووە.

هەوڵی بەردەوامی ئەو لە دژایەتی کردنی ئەو دەزگا سەرکوتکارەدا، بێگومان یەکێك بووە لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵك.تۆلستۆی نزیکەی چل ساڵ لەم پێناوەدا ئەوپەڕی خەباتی کردووەو بەرهەمە نەمرەکانی بوون بە یەکێك لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی بێداریو هوشیاربوونەوەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارە.

یەکێك لە تابلۆ بەنێوبانگەکانی (ڕیپین)ی شێوەکاری ناوداری ڕووسی وێنەیەکی تۆلستۆییە کە لە یاسنایا پالیانادا، لە کێڵگەیەکدا ئەسپێکی سپی کە هەوەجارێکیان لێ بەستووە، داژوێو لە دواوە ئەسپێکی دیکە کە چانێکیان لێ بەستووە، بە دوی خۆیدا ڕادەکێشێت. نیوکۆتێکی کەوەیی یەخەوازی لەبەر کردووەو کاسکێتێکی سپی لەسەر ناوەو پوتێکی درێژی لە پێدایە، هەڵبەتە ئەم تابلۆیە باشترین ناسنامەی کاری ئەوە کە زەوی وڵاتی خۆی دەکێڵێو ناهەمواریەکان تەختو هەموار دەکات. هەڵبەتە مەبەستی ڕیپین ئەمە بووە کە ئەگەر زەوی کێڵدراو ناهەمواریەکان تەخت کرا، تۆو دەدرێو ئاو دەدرێو چەکەرە دەکاتو دەڕۆێتو گوڵ دەکاتو بەر دەدات، وەکو ئەمە ڕوویداو بوو.*

*- بڕوانە: مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی، سەعید نەفیسی. و: حەمە کەریم عارف. خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠

# پاژی یەکەم

# چەند چیرۆکێک بۆ نۆلاوان

## ١ – خوا ئاگادارە بەڵام بە سەبرە

بازرگانێکی گەنج بە نێوی ئیڤان ئاکسینوف لە شاری ڤلادیمیریا دەژیا. دوو دووکان و خانوویەکی هەبوو.

ئاکسینوف ، پیاوێکی ڕووخۆش، قژ لوولی ، قژ زەرد بوو. قسە شیرین و دەنگ خۆشبوو. لە گەنجیدا مەی خۆر بوو . ئەگەر زیادە خۆری بکردایە ، لە کافە و

بازرەکەدا دەیکرد بە هەرا و فەرتەنە و ئاژاوە. بەڵام دوای ژنهێنان خواردنەوەی تەرککرد. مەگەر جارجارە دەمێکی تەڕ بکردایە.

هاوینێک، کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ بازاڕی نیژنی بڕوات، کە خواحافیزی لە هاوسەرەکەی کرد، پێی گوت: " ئیڤان دیمیتریچ ئەمڕۆ سەفەر مەکە، دوێشەو خەونێکی ناخۆشم پێوە بینیت! ".

ئاکسینوف، پێکەنی وگوتی: " وا دیارە ترسی ئەوەت هەیە ئەگەر بگەمە ئەوێ،لە بادە نۆشیدا زیادەڕۆیی بکەم".

هاوسەرەکەی بەرسڤی دایەوە: " نازانم لە چی دەترسم، تەنیا ئەوە دەزانم کە خەوێکی ناخۆشم پێوە بینیت. لە خەوما کە لە شار گەڕایتەوە وکڵاوەکەت لە سەرت داکەنی قژت پاک سپی بووبوو" .

ئاکسینوف پێکەنی وگوتی: " ئەمە نیشانە و نوقڵانەیەکی باشە. دەبینی چۆن هەموو کاڵاکەم لە بازاڕا دەفرۆشم و بە سەلامەتی دەگەڕێمەوە و دیاری و سەوقاتیش بۆ تۆ دێنمەوە".

بەوجۆرە خواحافیزی لە خێزانەکەی کرد . سواری گالیسکە بوو وڕۆیی. لە نیوەی ڕێگا تووشی یەکێک لە بازرگانە ئاشناکانی خۆی بوو. شەوێ هەردووکیان پێکەوە لە خانێکدا لایاندا . دوای ئەوەی چایەکیان خواردەوە، چوون بۆ ژوورەوە تا بنوون.

ئاکسینوف کەسێکی زوو ڕاب بوو. دەیویست بەیانی بە فێنکی بەرلەوەی هەوا گەرم بێ، بکەوێتەڕێ. بۆیە بەیانی سەحەری هەستا، بە عەرەبانچیەکەی گوت گالیسکەکە ئامادەبکات و ئەسپەکانی لێ ببەستێ.

پاشان، چوو بۆ لای خاوەن خانەکە، کە لە کوختەیەکی پشت خانەکەوە دەژیا، کرێکەی دایە و کەوتەڕێ.

پاش ئەوەی نزیکەی چل کیلۆمەترێکی بڕی، وەستا تا ئەسپەکانی ئالیک بدات. لە ڕاڕەوی خانەکەدا کەمێک ئیسراحەتی کرد وخۆی بە هۆڵەکەدا کرد. داوای کرد سەماوەری بۆ هەڵکەن و چایەکی بۆ لێبنەن . گیتارەکەی هەڵگرت و کەوتە ژەنین. لە ناکاوا گالیسکەیەکی سێ ئەسپە لە ڕێگاوە هات

.ئەسپەکان زەنگوڵەیان بە ملەوە بوو. ئەفسەرێک لەگەڵ دوو سەربازدا، لە گالیسکەکە دابەزی. یارۆی ئەفسەر هات بۆلای ئاکسینوف وپرسیارپێچی کرد کە کێیە؟ لە کوێوە دێ؟ ئاکسینوف وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و گوتی چایت بۆ داکەم؟ بەڵام ئەفسەرەکە درێژەی بە پرسیارەکانی دا و پرسی:

"دوێشەو لە کوێ بووی؟ بە تەنیا بووی یان بازرگانێکی دیکەت لەگەڵدا بوو؟ ئەم بەیانییە ئەو بازرگانەت بینی؟ بۆچی بەو سەحەرییە لە خانەکە وەدەرکەوتی؟ "

ئاکسینۆف، هۆی ئەم پرسیارانەی نەدەزانی، بەڵام هەموو ڕووداوەکانی لە سیری تا پیازی گێڕایەوە. پرسیاری کرد بۆچی ئەم پرس و جۆیە لەمن دەکەی وەکو ئەوەی دز یان ڕێگر بم؟ من سەرگەرمی کاری خۆمم، پێویست بەوە ناکا، پرس وجۆم لە گەڵدا بکرێت.

ئەفسەرکە، سەربازەکانی بانگکرد وگوتی: " من ئەفسەری پۆلیسی ئەم دەڤەرەم، بۆیە پرس وجۆت لە گەڵدا دەکەم، چونکە دوێشەو بازرگانە هاوسەفەرەکەت کوژراوە و سەریان بڕیوە، دەبێ شتەکانت بپشکنین" .

خۆیان بە خانەکەدا کرد، سەربازەکان بار وبنەکەی ئاکسینۆفیان کردەوە وپشکنیان، ئەفسەرەکە لە ناکاوا لە کیسەیەکدا کێردێکی دۆزییەوە. هاواریکرد: " ئەم کێردە هی کێیە؟ "

ئاکسینۆف، سەیری کرد کێردێکی خوێناوی لە کیسەکەی ئەو دەرهێناوە، ترسا.

" ئەمکێردە بۆ خوێناوییە؟"

ئاکسینۆف، دەیویست وەڵام بداتەوە. بەڵام زمانی چووبووە کلیلە. بە دەمەلاڵکێ گوتی: " نازانم هی من نییە" .

ئەفسەرەکە گوتی: " ئەم بەیانییە جەستەی سەربڕدراوی یارۆی بازرگانیان لەناو جێگاکەی دۆزیوەتەوە. تۆ تاقە کەسێکی کە گومانی ئەم کارەت لێبکرێ، چونکە دەرگای ژوورەکە لە ناوەوە قفڵ بووە وکەس لە ژوورەوە نەبووە. ئەم کێردە بە خوێنەش لە ناو شتەکانی تۆدا دۆزراوەتەوە. بە سەر و

سیما و ڕەفتارتدا دیارە کە ئەم تاوانە کاری تۆ بووە! پێم بێژە بۆچی ئەم کابرایەت کوشتووە؟ چەندت پارە وپول لێدزیوە؟

ئاکسینوف، سوێندی خوارد کە شتی وای نەکردووە. دوای ئەوەی پێکەوە چایان خواردووەتەوە ، ئیدی کابرای بازرگانی نەدیتووە ، جگە لە هەشت هەزار ڕۆبڵی خۆی هیچ پارەیەکی تری پێ نییە. کێردەکەش هی ئەو نییە. بەڵام دەنگی دلێر و پتەو نەبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. لە ترسا دەلەرزی، وەکو ئەوەی ئەو تاوانبار بێ.

ئەفسەرەکە، ئەمری بە سەربازەکان کرد ئاکسینۆف بگرن وسواری گالیسکەکەی بکەن. لاقیان بەست وخستیانە بنەبانی گالیسکەکەوە. هێمای خاچی کێشا ودەستی بە گریە وزاری کرد. دەستیان بەسەر پارە وکەل و پەلەکانیا گرت. ئیدی لە زیندانی نزیکترین شاریان تووند کرد. لە ڤلادیمیردا، تاقیبی خوو و خدە و هەڵسووکەوتیان کرد. بازرگانان و خەڵکانی شار گوتیان: " لە گەنجیا کابرایەکی مەیگوسار و بەرەڵڵا بوو، بەڵام ئێستا پیاوێکی باشە. " ئەوسا دادگایی کرا. بەوە تاوانبارکرا کە بازرگانێکی خەڵکی ریزانی کوشتووە و بیست هەزار ڕۆبڵی لێ دزیوە.

ژنەکەی، کە تووشی ڕۆژ ڕەشی خۆی بووبوو نەیدەزانی چیبکات. منداڵەکانی هەموو بچووک بوون ، یەکێکیان شیرەخۆرە وبەرمەمکە بوو. منداڵەکانی هەڵگرت، چوو بۆ ئەو شارەی کە مێردەکەی لەوێندەر حەپس بوو. هەوەڵجار ڕێگەیان نەدا مێردەکەی بدینێ. بەڵام دوای لالانەوە و پاڕانەوەیەکی زۆر، ڕێگەیان دا. ژنەیان بۆ لای مێردەکەی برد. کە شووەکەی بە جلکی زیندانەوە وپێ لە زنجیراو لەنێو تاوانباران و دزاندا بینی لە خۆ چوو. دوای ماوەیەکی زۆر وەخۆ هاتەوە. ئەوجا دەستی منداڵەکانی گرت و لە لای مێردەکەی ڕۆنیشت. هەواڵی ماڵەوەی پێگەیاند و ئەوجا پرسیاری لێکرد بۆ وای بە سەر هاتووە. پیاوە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە. ئەوجا ژنە پرسی: " ئێستا تەگبیرمان چیە و دەبێ چ بکەین ؟ "

- دەبێ عەرز وحاڵێک بە تزار بدەین کە ڕێگری لە تیاچوونی کەسێکی بێگوناح و تاوان بگرێت.

ژنەکەی گوتی: عەریزەی بۆ تزار ڤرێکردووە، بەڵام قەبووڵی نەکردووە.

ئاکسینوف، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. سەری لەبەر خۆ نا.

هەنگێ هاوسەرەکەی گوتی: " بە خۆڕایی خەوم بە سپی بوونی قژتەوە نەبینی، بیرت دێ؟ نەدەبوو ئەو سەفەرە شوومە بکەی. " قامکەکانی کرد بە قژەکەیدا و گوتی: " ڤانیە، ئازیزەکەم بە هاوسەرەکەی خۆت بڵێ، تۆ ئەو کابرایەت کوشت؟ "

ئاکسینوف گوتی: " تۆش لێم بە گومانی؟ " هەنگێ ڕوخساری لە نێو هەردوو دەستی ناو دەستی بە گریان کرد. ئەوسا سەربازێک هات وگوتی کاتی دیدار تەواو بوو. ئاکسینوف بۆ دواجار خواحافیزی لە ژن و منداڵەکانی کرد.

کاتێ ئەوان ڕۆیشتن. ئاکسینوف هەموو قسەکانی وەبیر خۆی هێنایەوە. بیری کەوتەوە کە تەنانەت هاوسەرەکەشی لەو بە گومانە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " تەنیا خودا ئاگای لە هەموو شتێکە و دەبێ پەنا ببرێتە بەر ئەو کە بە دادمانا بگات. "

ئیدی عەرزوحاڵی نەنووسی و داوای شەفاعەتی نەکرد. ئومێدی بە کەس نەما. کەوتە نوێژ ونزا بۆ خودا و تەواو...

ئاکسینوف، حوکمی شەلاخ وبێگاری درا، ناچار ملی بۆ بێگارە زیندان دا. وەختایەک جێ زامی شەلاخەکان سارێژ بووەوە، دەگەڵ حوکمدراوانی دیکەدا ڕەهەنەی سیبریا کرا. ئیدی بیست وشەش دانە ساڵ بە مەحکوومی و حەپسی لە سیبریا مایەوە . قژەکەی وەکو بەفر سپی بوو. ڕدێنی درێژ و بۆز بوو . خەندە لە لێوانی تۆرا، پشتی چەماوە، هەنگاوەکانی سست بوون. کەم دوو بوو، قەت پێنەدەکەنی، هەمیشە هەر نوێژ و نزای دەکرد.

ئاکسینوف، لە زینداندا، فێری پینەدۆزی بوو، دەرامەتێکی کەمی پەیدا کرد، کتێبی " ژینامەی پیاو چاکانی " کڕی. تا ڕۆژ بوایە و دنیا ڕوناک بوایە ئەم کتێبەی دەخوێندەوە. ڕۆژانی یەکشەممە، لە کڵێسای زیندانەکەدا، پەیامی حەوارییەکانی دەخوێندو جارجاریش تا دەنگی باش بوو ستایشی ئایینی دەخوێند.

ئاکسینوف، چونکە کەسێکی بێوەی بوو، سەرپەرشتیارانی زیندانەکە خۆشیان دەویست. زیندانییەکانی دی ڕێزیان دەگرت. هەرکاتێ داوایەکیان لە بەرپرسانی زیندان هەبوایە ئاکسینوفیان بە نوێنەرایەتی خۆ بۆ لای دەنارد. ئەگەر لە نێو زیندانیەکاندا ناکۆکییەک پەیدا بوایە، بۆ چارەسەری ناکۆکییەکەیان دەهاتن بۆ نک ئاکسینوف تا ناوبژییان لە نێوانا بکات.

هیچ هەواڵێکی لە ماڵ ومنداڵەکانی نەبوو. تەنانەت نەیدەزانی ئایا ژن و منداڵەکانی هێشتا ماون یان نا . ڕۆژێک گروپێک مەحکوومی تازەیان بۆ زیندان هێنا. عەسر، زیندانییە کۆنەکان لە دەوریان خڕ بوونەوە ولێیان پرسین خەڵکی کام شار و گوندن و بۆچی ولە سەر چی زیندانی کراون؟ ئاکسینوفیش، لە جەم تازە زیندانییەکان، بە خەمینی ڕۆنیشتبوو، و گوێی لە قسە و باسەکان دەگرت.

یەکێک لە مەحکوومە تازەکان کە کابرایەکی تێکسمڕاوی باڵابەرزی شەست ساڵە بوو و تەنکە ڕیشێکی بەردابووەوە وهۆی زیندانی کردنەکەی بۆ ئەوانی دی دەگێڕایەوە گوتی:

" برادەرینە، ئەسپێک بە خزاکێکەوە بەسترابوو، من ئەسپەم کردەوە وبردم. ئیدی گیرام و بە دزی تۆمەتبار کرام، هەرچەند گوتم، ئەو ئەسپەم بۆیە برد تا زوو بگەمە ماڵەوە و ئیدی بەرەڵڵای بکەم، کەس باوەڕی نەکرد ونەکرد. سەرباری ئەمەش خاوەن خزاکەکە دۆست و ئاشنام بوو. بۆیە هیچ گوناحێکم نەکردووە، فایدەی نەبوو، گوتیان: " نەخێر، ئەسپەکەت دزییوە. " بەڵام نەیانتوانی بیسەلمێنن لە کوێ و چۆنم دزیوە. هەڵبەتە من جارێ لە جاران خەتایەکی گەورەم کردبوو، هەق بوو زۆر زوتر بۆ ئێرەیان هێنابوومایە. بەڵام ئەو جارە کەس پێی نەزانیم. کەچی هەنووکە بێ سووچ و گوناح، بێ هیچ بەڵگەیەک بۆ ئێرەیان هێناوم. هەڵبەتە پێشتریش بۆ سیبریایان هێنابووم، بەڵام زۆر نەمامەوە. "

یەکێک لە زندانییەکان لێی پرسی: خەڵکی کوێی؟

- خەڵکی ڤلادیمیرم، خانەوادەکەم لەو شارەن. نێوم مەکارە، بەڵام بە سیمیونیچ بانگم دەکەن.

ئاکسینوف سەری هەڵبڕی وگوتی: " سیمیونیچ، ئایا هیچ هەواڵێکت لە خانەوادەوماڵباتی ئاکسینوفی بازرگانەکەی خەڵکی ڤلادیمیرەوە هەیە؟ هێشتا لە ژیانا ماون؟ "

- هەڵبەتە بۆ ناسین دەیانناسم، خانەوادەی ئاکسینوف وەزع وحاڵیان باشە، دەوڵەمەندن، بەڵام بابەکەیان وەکو ئێمە تاوانبارە ولە سیبریایە! ئەدی تۆ باپیرە بۆچی ڕێت کەوتووەتە ئێرە؟

ئاکسینوف، نەیدەویست باسی ڕۆژ ڕەشی خۆی بگێڕێتەوە. ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " من لە سەر گوناحەکانم بیست و شەش ساڵە لێرەم. "

مەکار سیمیونیچ پرسی: " چ گوناحێک؟ "

ئاکسینوف بەرسڤی دایەوە: " دیارە، دەبێ شایەنی ئەمە بووبم "

لەوە زیاتری نەگوت. بەڵام هاوڕێکانی، باسی ڕەوش وحاڵ وحیکایەتەکەی ئاکسینوفیان بۆ تازە زیندانییەکان گێڕایەوە وگوتیان کە چۆن کەسێک بازرگانێکی کوشتووە وکێردە خوێناوییەکەی خستووەتە ناو کەل وپەلەکانی ئاکسینوفەوەو بێ سووچ وگوناح ئاکسینوفیان مەحکووم کردبوو. مەکار سیمیونیچ، کە بە مەسەلەکەی زانی، تەمەشایەکی ئاکسینوفی کرد و بە دەست کێشای بە ڕانی خۆیدا وگوتی: " سەیرە. بەڕاستی سەیرە. بەڵام باپیرە بۆچی وا تێک شکاوی؟ "

ئەوانی دی لە مەکاریان پرسی بۆچی بەوجۆرە حەپەساوە؟ پێشتر ئاکسینوفی لە کوێ دیتووە؟ لێ مەکار هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. تەنیا ئەوەندەی گوت: " کوڕینە، بە ڕاستی سەیرە کە من لێرە ڕووبەڕووی ئاکسینوف ببمەوە. "

ئەم قسەیە کردییە کارێک ئەکسینوف لە دڵی خۆیدا بپرسێت، ناکا ئەم پیاوە بزانێت کێ کابرای بازرگانی کوشتووە. ئەوجا گوتی: " سیمیونیچ، پێدەچێ ئاگات لەم بەسەر هاتە هەبێت؟ لەوەیە پێشتر منت لە شوێنێک بینی بێ؟ "

- چۆن ئاگام لێ نییە. قسە بکەوێتە زاران، دەیڵێنەوە هەزاران. ئەو بویەرە زۆر کۆنە، لە بیرم چووەتەوە.

ئاکسینوف پرسی: " باشە بیستووتە کێ ئەو بازرگانەی کوشتووە؟ "

مەکار سیمیونیچ پێکەنی وگوتی: " بێگومان، بکوژەکەی ئەو کەسەیە کە کێردە خوێناوییەکەیان لەنێو کەل و پەلەکانیا دۆزیوەتەوە . ئەگەر کەسێکی دیکەش کوشتبێتی، نەت بیستووە: " دز ئەو کەسەیە کە دەگیرێت. " چۆن دەشێت کێردەکە بخرێتە ئەو بوخچەیەوە کە لە ژێر سەری خۆتا بووە؟ بێگومان خەبەرت دەبووەوە. "

ئاکسینوف، هەرکە گوێی لەو قسانە بوو، ئیدی دڵنیابوو کە بکوژی بازرگانەکە، ئەم پیاوەیە. هەستا و لەوێندەر ڕۆیی. بە درێژایی ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی . حاڵێکی زۆر خراپی هەبوو. جۆرەها دیمەنی بە مێشک وخەیاڵدا هات. لەوانە دیمەنی خواحافیزی لە هاوسەرەکەی، ئەو ڕۆژەی وەبیرهاتەوە کە لێبڕابوو سەفەری نیژنی بکات. دەتگوت ئێستایە. سەر وسیما وقسەکردن وخەندەی ژنەکەی دێناوە بەرچاوی خۆی. منداڵە بچووکەکانی دەبینی. یەکێکیان پاڵتۆیەکی بە شانەوە بوو. ئەویتریان بە باوەشی دایکییەوە بوو. ئەوسا خۆی وەکو ئەو کاتە هاتەوە بەرچاو. گەنج، ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین وخەنۆڵ. بیری هاتەوە چۆن لە ڕاڕەو وهەیوانی خانەکەدا، کە لەوێدا دەستگیریان کرد، انیشتبوو وگیتاری لێدەدا. چەند بێخەم و خەیاڵ بوو. ئەو شوێنەی کە لەوێ شەلاخکاریان کرد هێنایەوە بەرچاوی خۆی، کابرای میر غەزەب وئەو خەڵکەی بە دیارییەوە وەستا بوون، لە زەینی خۆدا بەرجەستە کردن. کۆت وزنجیرەکان، کاروانی حوکمدراوان، بیست و شەش ساڵی حەپس و پیری زووڕەس، ئەو دیمەن و خەیاڵانە بەجۆرێ خەمباری کرد کە دەیویست خۆی بکوژێت.

ئاکسینوف، لە دڵی خۆیدا گوتی، هەموو ئەو کارەساتانە لە ناوچەوانی ئەم کابرا هیچ و پووچ وبەد خووەوە بوو. ڕقێکی وای لە مەکار سیمیونیچ هەڵگرت، حەزیدەکرد، ئەگەر بە لە ناوچوونی خۆیشی بووە، تۆڵەی لێبکاتەوە. بە درێژایی شەو هەر نوێژ و نزای کرد، بەڵام سوکنایی نەهات ونەهات. بۆ ڕۆژی دوایی لە مەکار سیمیونیچ نزیک نەبووەوە، تەنانەت تەمەشاشی نەکرد. دوو هەفتەیەک بەم جۆرە تێپەڕی. شەوان خەوی لێنەدەکەوت . نائومێدی بە جۆرێ سەر و دڵی گرتبووکە نەیدەزانی چ بکات.

شەوێک لە زیندانەکەدا ڕێی دەکرد، دیتی لە ژێر یەکێک لەو سەکۆیانەوە، کە زیندانییەکان لە سەری دەنووستن، خۆڵ دەڕژێ. هەڵوێستەیەکی کرد تا بزانێ ئەم خۆڵە لە کوێندەرەوە دێومەسەلە چییە. لە ناکاوا سیمیونیچ لە ژێر سەکۆیەکەوە هاتە دەرەوە. کە ئاسکینوفی بینی ترسا. ئاکسینوف، ویستی بێئەوەی تەمەشای بکات، بەلایا ڕەت بێ وبڕوات. لێ مەکار دەستی گرت وگوتی: لە ژێر دیوارەکەوە کونێکی هەڵکۆڵیوە و خۆڵی کونەکە دەکاتە چەکمەکانی خۆیەوە وهەر کە زیندانیەکانیان بۆ بێگار بردە دەرێ خۆڵەکە لە دەرێڕا دەرێژێ، و لە سەری ڕۆیی:

" پیرەمێرد ئەگەر دەمی خۆت بگری و قسە نەکەی تۆش لە گەڵ خۆما دەرباز دەکەم. ئەگەر خەبەرم لێبدەی لە ژێر شەلاقدا دەمکوژن بەڵام دڵنیا بە بەرلەوەی بمکوژن، دەتکوم. "

ئاکسینوف، لە حەژمەتاندا دەلەرزی، بە ڕقەوە ڕوانیە دژمنەکەی. ئەوسا دەستی لە دەستی ڕاپسکاند و دوور کەوتەوە وگوتی: " من حەزم لە هەڵاتن نییە و پێویست بەوە ناکات بمکوژی، زۆر دەمێکە منت کوشتووە. بەڵام سەبارەت بەوەی خەبەرت لێ بدەم ، ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە، خەبەرت لێدەدەم یان نا، ئەمە وەستاوەتە سەر خواست و مەشیەتی خوا. "

ڕۆژی دوایی، کە زیندانییەکانیان بۆ بێگار دەبرد، سەیریان کرد، خۆڵ لە چەکمەی یەکێک لە زیندانییەکان دەڕژێ. زیندانەکەیان پشکنی، کونەکەیان دۆزییەوە. سەرۆکی زیندان هات. یەک بە یەکی زیندانییەکانی پشکنی تا بزانێ کێ ئەم کونەی هەڵکەندووە. هەمووان نکۆڵیان کرد .ئەوانەی دەشیان زانی، خەبەریان لە سیمیونیچ نەدا. چونکە دەیانزانی دەیگرنە ژێر شەلاخ ونیوە مەرگی دەکەن. سەرەنجام سەرۆکی زیندان ڕووی کردە ئاکسینوف، کە دەیزانی ڕاستگۆیە و گوتی:

- پیرەمێرد تۆ پیاوێکی ڕاست و دروستی. بەخوا سوێندت دەدەم پێم بڵێ کێ ئەو کونەی هەڵکەندووە؟

مەکار سیمیونیچ، بێخەم وخەیاڵ ڕاوەستابوو و تەمەشای دیمەنەکەی دەکرد. تەنانەت تەمەشای ئاکسینوفیشی نەدەکرد. دەست و لێوانی ئاکسینوف

دەلەرزین. تا ماوەیەک نەیتوانی لێو ببزوێنێ. لە فکران ڕا چوو: " بۆچی دەبێ ڕازی کەسێک وەشێرم کە ژیانی وێران کردم. با سزای ئەو بەڵایە وەربگرێ کە بەسەر منیا هێنا. بەڵام ئەگەر خەبەری لێبدەم لەگینە لە ژێر شەلاخدا بمرێت. خۆ لەوەشە گومانەکەشم لە جێی خۆیدا نەبێ. باشە ئەگەر من ئەم کارە بکەم چ خێرێکی بۆ من تیا دەبێت، چ قازانجێک دەکەم؟ "

سەرۆکی زیندان، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

- پیرەمێر، ڕاستمان پێ بڵێ کێ دیوارەکەی هەڵکۆڵیوە؟

ئاکسینوف، تەمەشایەکی " مەکار سیمیونیچ " ی کرد و گوتی"

" جەنابی ڕەییس ناتوانم هیچ بڵێم. ویستی خوا ئەمەیە کە هیچ نەڵێم. چیت پێ باشە، ئەوەم لە گەڵ بکە، ئەوەتا لەبەر دەستتدا، ملم لە موو باریکترە. "

سەرۆکی زیندان، چەندی پێداگری کرد فایدەی نەبوو، ئاکسینوف لەوە زیاتری نەگوت، ئیدی مەسەلەکە بەو دەقەوە مایەوە.

شەوێ ئاکسینوف، لە سەر جێگاکەی خۆی ڕاکشابوو. خەریک بوو خەوی لێدەکەوت، کەسێک بە ئەسپایی و بێدەنگی هات و لەسەر تەختەکەی ئەو دانیشت. ئاکسینوف، لە تاریکییەکەدا تەمەشای کرد، مەکاری ناسییەوە. گوتی: " چیت لە من گەرەکە؟ بۆچی بۆ ئێرە هاتووی؟ "

مەکار سیمیونیچ، بێدەنگ بوو. ئاکسینوف لە جێی خۆی هەستا وگوتی: " چیت لە من دەوێ؟ هەستە بڕۆ، دەنا بانگی پاسەوانەکان دەکەم! "

مەکار سیمیونیچ، سەری نایە پەناگوێی ئاکسینوف وگوتی: " ئیڤان دیمیتریچ، بمبورە. "

ئاکسینوف گوتی: " بۆچی؟ لە چی بتبوورم؟ "

- من ئەو کەسەم کە یارۆی بازرگانم کوشت و کێردەکەم لە نێو کەل و پەلەکانی تۆدا شاردەوە. ئەو شەوە بە تەمابووم تۆش بکوژم، لێ دەنگێک لە

دەڕێرا هات. خێرا کێردەکەم لە کیسەکەی تۆدا شاردەوەو لە پەنجەرەکەوە هەڵاتم.

ئاکسینوف، بێدەنگ بوو. نەیدەزانی چ بڵێ. مەکارسیمیونیچ لە قەراخ تەختەخەوەکە دابەزی، لە سەر ئەرزەکە بە چۆکا هات وگوتی: " ئیڤان دیمیتریچ بمبورە. مەعز بۆ ڕەزای خوا بمبەخشە. من دان بەوەدا دەنەم کە من بکوژی بازرگانەکەم تا تۆ ئازاد بکەن و بەگەڕێیتەوە بۆ لای ماڵ و منداڵەکانت. "

ئاکسینوف گوتی: " قسەکردن بۆ تۆ ئاسانە، هیچی تێ ناچێ، بەڵام من بیست و شەش ساڵە باجی تۆ دەدەم. ئێستا، تازە بۆ کوێ بڕۆم؟ هاوسەرەکەم مردووە. منداڵەکانم فەرامۆشیان کردووم. هیچ شوێنێک شک نابەم بۆی بڕۆم. "

مەکارسیمیونیچ هەڵنەستا. سەری بە ئەرزەکەدا دەکێشا ودەپاڕایەوە: " ئیڤان دیمیتریچ بمبورە. ئەو کاتەی خستبوویانمە ژێر شەلاخ، ئەوەندەی ئێستا کە تۆ دەبینم، عەزابم نەدەکێشا... کەچی تۆ بەزەییت بە مندا هاتەوە و ناوت نەدام. مەعز بۆ ڕەزای خودا منی بەدبەخت و سیا کردەوە ببوورە. "

دەستی بە گریان کرد. ئاکسینوف کە گوێی لە گریانی ئەو بوو، ئەمیش دەستی بە گریان کرد. ئەوجا گوتی: "خوا بتبەخشێت! لەوەیە من سەد ئەوەندەی تۆ گوناحبار بم."

کە ئەو قسانەی کرد، سوکنایی دڵی هات. ئیدی ئارەزووی چوونەوە بۆ ماڵ بۆ لای منداڵان ، لە هزر وبیری دەرچوو. نەیدەویست لە زیندان ئازاد ببێ، هەموو ئارەزوویەکی هاتە سەر ئەوەی بە زووترین کات ڕۆژی تەواو ببێت.

وێڕای ئەو قسانەی ئاکسینوف، مەکارسیمیونیچ دانی بە تاوانەکەی خۆیدا نا. بەڵام کاتێ ئەمری ئازادی ئاکسینوف هات، دەمێ بوو باڵندەی ڕۆحی لە قەفەزی جەستەی ئازاد بووبوو.

ساڵی ١٨٧٢

## ٢ – یەخسیری قەفقاز

ئەفسەرێک هەبوو بە نێوی جیلین کە لە وڵاتی قەفقازدا خزمەتی عەسکەری خۆی دەکرد. ڕۆژێک لە زێدی خۆیەوە نامەیەکی بۆ هات. نامەکە لە دایکییەوە بوو. لە نامەکەدا نووسیبووی: "من پیر بووم، حەزم دەکەم بەرلە مردن جارەکی دی ڕۆڵە ئازیزەکەم بدینم. جا وەرەوە تا خوداحافیزیم لێبکەیت وپاشان بە خاکم بسپێرەو پاشان ئەگەر مەشیەتی خوای لەسەر بوو، بۆ خزمەتی خۆت بگەڕێیتەوە بەرەکەتی دوعای خێری منت لەگەڵدا بێ. کیژێکم بۆ دۆزیویتەوە، کیژێکی ئاقڵە ومولک ومالێکیشی هەیە. ئەگەر چووە دڵتەوە وئەقڵت گرتی ئەوا دەتوانی بیخوازیت و لە وڵات وزێدی خۆت بمێنیتەوە. "

جیلین لە فکران ڕاچوو. دایکی پیر وزەمینگیر بووبوو. ڕەنگە دەرفەتێکی دیکەی بۆ نەلوێ دایکی بدینێ. وا چاک بوو بڕوات. خۆ ئەگەر کچەکەش جوان بێ بۆچی نەیخوازێ؟ مردوو لەوە پاکتر ناشۆرێ.

چوو بۆ لای سەرهەنگەکەی فەرماندەی. مۆڵەت و مادوونی وەرگرت. خواحافیزی لە هاوڕێکانی کرد. شەوی بەر لە سەفەرەکەی، سەربازەکانی خۆی دەعوەت کرد و لە ئاهەنگی خواحافیزیدا چوار قەڕابە ڤۆدکای بۆ کڕین وخۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد.

لەو سەر و بەندەدا لە قەفقاز شەڕ و پێکادان بوو. ڕێگا وبان نەبە شەو و نە بە ڕۆژ ئەمین نەبوو. ئەگەر بابایەکی ڕووسی زاتی کردبا لە قەڵا ومەتەڕێزەکەی خۆی چ بە پیادە وچ بە سواری دوور کەوتباوە ئەوا تاتارەکان یان دەیانکوشت یان بە دیلی دەیانگرت و بۆ شاخەکانیان دەبرد. بۆیە قەرار بوو هەموو هەفتەیەک دووجار، کاروان و مەفرەزەیەکی سوپایی لەم قەڵاوە بۆ ئەو قەڵا بڕۆن تا ڕێبواران بە سەلامەتی لێرەوە بگەیەننە ئەوێ.

دنیا هاوین بوو. بەیانی زوو قافڵەی خەڵکەکە لەپەنا قەڵایەکە خڕبوونەوە. سەربازەکانیش هاتن. سەربازەکان پێشکەوتن وئەوسا هەمووان کەوتنەڕێ. جیلین سواری ئەسپێک بوو وعەرەبانەیەک کە لەگەڵ کاروانەکەدا بوو شتەکانی بۆ هەڵگرتبوو. دەبوایە نزیکەی بیست وپێنج کیلۆمەتر ڕێگە ببڕن. جووڵە و لڤینی قافڵەکە خاو بوو. سەربازەکان ناو بە ناو دەوەستان. یان پێچکەی یەکێک لە عەرەبانەکان دردەچوو. یا ئەسپێک جەنەی دەبەست ونەدەڕۆیی. ئەوسا دەبوایە هەمووان بوەستن وچاوەنۆڕ بکەن.

هەتاو لە ناوەندی ئاسمان تێپەڕی وهێشتا نیوەی ڕێگەکەیان نەبڕی بوو. گەرد وخاک گەرم بوو و گەرمی هەتاو لە کێشا نەبوو. هیچ پەنا وپاسارێک لەو دیار ودەڤەرەدا نەبوو. دەوروبەری ڕێگاکە دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، نە دارێ نە دەوەنێکی پێوە نەبوو.

جیلین کەوتبووە پێش کاروانەکەوە. ئەوسا دابەزی تا کاروانەرکەی بگاتێ و کەلوپەلەکەی پێبگات. لە ناکاوا ولە دواوە دەنگی شەیپوری وەستانی هاتە گوێ. کاروانەکە وەستا. لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " باشە وا باشتر نییە بە تەنیا سەفەربکەم؟ ئەسپەکەم ئەسپێکی باشە. ئەگەر تاتارەکان پەلامارم بدەن، دەتوانم بە چوار ناڵە لەدەستیان دەرباز بم. لەوەیە ماقووڵتر ئەمە بێ سەبر و هەدار بگرم! "

لە کاتێکا خەریک بوو سێ ودووی دڵی خۆی دەکرد، ئەفسەرێکی دیکەی سوارەی تفەنگ بەشان، بە نێوی کوستیلین، گەییە ئاستی وگوتی: " جیلین وەرە با بە تەنیا بڕۆین، ئەمە وەزع نییە. من زۆر برسیمە وگەرماکەش لە کێشا نییە. کراسەکەم لە ئارەقەدا هەڵکشاوە. "

کوستیلین، پیاوێکی کەتەی قەڵەو بوو. ئارەقە لە ڕوخسارە سوورەکەی دەتکا. جیلین کەمیک بیری کردەوەو پرسی: " تفەنگەکەت فیشەکی تیایە؟ "

- بەڵێ پڕە.

- دەی با بڕۆین بەڵام بەو مەرجەی یەکتر بەجێ نەهێڵین!

ئیدی بە ڕێگاکەدا و بەناو دەشت وبیابانەکە کەوتن. بەدەم دەمەتەقێ و هەڤپەیڤینەوە، چاویان لەمبەر و لەبەری ڕێگاکە بوو. ئەمبەر و ئەوبەریان تا دووری دوور لێوە دیار بوو. بەڵام کە دەشتەکەیان بڕی، ڕێگاکە بەرەو دۆڵێکی نێوان دوو گردا داگەڕا. جیلین گوتی: " وا چاکە بچینە سەر ئەم گردە وتەمەشایەکی دەوروبەر بکەین، دەنا دوور نییە، بێئەوەی بەخۆ بحەسین، تاتارەکان پەلامارمان بدەن" بەڵام کوستیلین گوتی: " ئەوەی بۆ چییە؟ با بڕۆین. "

جیلین قاییل نەبوو وگوتی: " ئەگەر حەزدەکەی تۆ لێرە بوەستە تا من دەچمە سەرێ و تاقیبێکی دەوروبەر دەکەم ودەگەڕێمەوە. "

سەری ئەسپەکەی بەرەو هەورازەکە وەرگێڕا. ئەسپەکەی جیلین ئەسپێکی ڕاوی چاک بوو. لە چاو تروکانێکا وەکو ئەوەی باڵدار بێ جیلینی گەیاندە سەر گردەکە. ( بە جوانوویی بە سەد ڕوبڵی کڕیبوو وخۆی بە خێوی کردبوو) هێشتا نەگەیی بووە ترۆپکی گردەکە، نزیکەی سی تاتاری بینی هەر سەد شەقاوێک لەمەوە دوور بوون. هەرکە چاوی بەوان کەوت سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو گەڕایەوە . لێ تاتارەکانیش ئەویان بینی بوو... بە چوار ناڵە و تفەنگ بە دەست دووی کەوتبوون. جیلین ئەسپەکەی بە چوارناڵە، بەرەو خوار تاودا و لێکدا لێکدا بەر مامێزانی دەدا و بە دەم هاوارەوە بە کوستیلینی گوت: " تفەنگەکەت سوار بکە. "

لە دڵی خۆیا بە ئەسپەکەی گوت: " ئەی ئەسپە مێرەبانەکەم لەم داوەم ڕزگار بکە! سەرەسم نەدەی دەنا تیا دەچم. هەرکە دەستم بگاتە تفەنگەکە،ئیدی ناتوانن دیلم بکەن."

بەڵام کوستیلین، لە جیاتی چاوەڕوانی جیلین بکات، هەرکە چاوی بە تاتارەکان کەوت، لەجیاتی ئەوەی چاوەنۆڕی جیلین بکات، بەوپەڕی خێرایی بەرەو قەڵاکە ئەسپەکەی تاوادا. لێکدا لێکدا، قامچی بەم کەفەڵ و بەو کەفەڵی ئەسپەکەدا دەکێشا. ئەسپەکە باڵی گرت، لەنێو تەپ و تۆزا، تەنیا کلکی دەبینرا.

جیلین، هەستی کرد وەزعەکە خراپە، تفەنگەکە ڕۆیی بوو. بە تەنیا و بە شمشێرێکەوە دەیتوانی چ بکات؟ بە تاو بەرەو قافڵەکە و سەربازە پاسەوانەکان ڕۆیی. بەڵام شەش کەس لە تاتارەکانیش، بەرەو ئەوێندەر بە تاو هاتن تا پێشی لێبگرنەوە. ئەسپەکەی باش بوو، بەڵام ئەسپی تاتارەکان لەوەی ئەو باشتر بوون. پێشیان لێگرتەوە. هەوڵیدا جڵەوی ئەسپەکەی ڕابکێشێت وڕێگاکەی بگۆڕێت. بەڵام ئەسپەکە بە جۆرێ گوڕی بەستبووەوە، کە نەدەگیرایەوە. ڕێک بەرەو ڕووی تاتارەکان ڕۆیی. تاتارێکی ڕدێن سووری بینی کە سواری ئەسپێکی کەوەیی بووبوو. تفەنگەکەی بەرز کردبووەوە وبەرەو ئەو دەهات، هاواری دەکرد و ددانی گڕ دەکردەوە.

جیلین بیری کردەوە، " من دەزانم ئێوەی نەحلەتی چماڵێکن، ئەگەر بە زیندوویەتی بەر دەستتان بکەوم دەمخەنە ڕەشچاڵەوەو لە ژێر شەلاخاندا دەم پسێنن. دڵی خۆتان خۆش مەکەن، بە زیندوویەتی ناکەومە دەستتان! "

جیلین، هەرچەندە کەتە وزەلام نەبوو، لێ ئازا وبوێر بوو. هەڵیکێشایە شمشێر و بەرەو یارۆی تاتاری ڕدێن سوور هێرشی برد ولە دڵی خۆیدا گوتی: "یان لە ئەسپەکەی بەر دەدەمەوە یان برینداری دەکەم! شمشێر بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ بۆکەی باشە! "

هێشتا دوو مەترێکی مابوو بگاتە کابرای تاتاری، لە دواوە تەقەی لێکرا، ئەسپەکەی بەرکەوت، تەختی زەوی بوو، لاشەی ئەسپەکە بەسەر جیلیندا کەوت. هەوڵیدا هەستێتەوە، بەلامدوو تاتاری ڕەزاگرانی بۆگەن خۆیان بە

سەریا دا وکەوتنە بەستنەوەی هەردوو دەستی لە پشتەوە. تەکانێکی دا و ئەو جووتەی لەسەر پشتی لادا. بەڵام دەم ودەست سێ تاتاری دیکە لە ئەسپەکانیان هاتنەخوارێ. بە قۆناغە تفەنگ کەوتنە لێدانی سەری، چاوانی کەوتنە ڕێشکە وپێشکە و بە پشتا کەوت ولەخۆچوو. ئیدی تاتارییەکان تەنگ وبەرۆکە یەدەکەکانیان لە زینی ئەسپەکانیان کردەوە وهەر دوو دەستیان لە پشتەوە ، بە شێوەیەکی تاتاریانە تووند بەست. ئەوسا کڵاوەکەیان لە سەر داکەند، پۆتینەکانیان لە پێی داکەند. زۆر بە وردی پشکنیان، جلەکانیان لە بەری دادڕی، پارەکان و سەعاتەکەیان برد.

جیلین، وەهۆش هاتەوە. تەمەشای دەوروبەری خۆی و ئەسپەکەی کرد. بەستەزمانە هەر بەو دەقەوە لە عاردی کەوتبوو. لاقەکانی بە حەواوە بوون. بەدەم لەقەفڕتێوە دەیویست هەستێ بەڵام چوارپەلی نەدەگەییە عاردەکە. کونێک بووبووە سەری و خوێنێکی ڕەشی لێوە دەهاتە دەرێ، ئەرزەکەی دەوروبەری ئەسپەکە، بە درێژایی نیومەتر هەر خوێن بوو.

یەکێک لە تاتارەکان خۆی گەیاندە دیار ئەسپەکە. زینەکەی لێکردەوە، ئەسپەکە هێشتا هەرلە لەقە فڕتێ وئاویلکە دانا بوو. کابرای تاتاری خەنجەرەکەی دەرهێنا و بە ملی ئەسپەکەیدا هێنا، قرخەقرخێک لە گەرووی ئەسپەکەوە دەرهات. پاشان دوا تەکانی داو تۆپی.

یارۆی تاتار، زین وزینپۆشەکەی هەڵگرت. یارۆی تاتاری ڕدێن سوور سواری ئەسپەکەی بوو. ئەوانی دی جیلینیان نایە تەرکی وی، بۆ ئەوەی نەکەوێ بە کەمەربەندی یارۆی ڕدێن سوورەوەیان بەست. ئەوسا هەموویان بەپەلە بەرەو بەرزاییەکان دوورکەوتنەوە.

جیلین، بەسەر ئەسپەکەوە، بەم لاو بەولادا دەخزی ولە دواوە سەری بە پشتی یارۆی تاتاری بۆگەندا دەکەوت. جگە لە پشتی کابرا وملە ئەستوور وتاشراو وشینەکەی کابرای تاتار هیچی دیکەی نەدەبینی. سەری جیلین زامدار بووبوو. خوێن بە سەرو چاوانیەوە وشک بووبووەوە . نەدەیتوانی لە سەر زینەکە بجووڵێت و نەدەیتوانی خوێنە وشکەوە بووەکەی سەروچاوی بسڕێت. هێندە بە تووندی بازووەکانیان بەستبوو، ملی هاتبووە ژان.

هەوراز و نشێوێکی زۆریان تەی کرد. گەیینە ڕووبارێک، لە ئاوەکەیان دا وپەڕینەوە. ئەوسا گەیینە ڕێیەکی سەخت کە بە دۆڵێکا دەڕۆیی.

جیلین، دەیویست بزانێت کێوەی دەبەن، بەڵام خوێنی وشکەوە بوو پێڵوەکانی هێنابوونەوە یەک. نەیدەتوانی ئاوڕ بداتەوە. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو. لە ڕوبارێکی دیکە پەڕینەوە. ئەوسا بە قەد پاڵی گردێکی ڕەقەن و بەردەلاّندا سەرکەوتن. لەوێدا بۆنی دووکەڵ دەهات. سەگ وکسۆکان لەوێندەرەوە دەحەپین. گەیینە یەکەمین گوندی تاتارییەکان. تاتارییەکان لە ئەسپەکانیان دابەزین. منداڵان هاتن و لە دەوری جیلین خڕ بوونەوە . بەدەم هاوار وهورای شادییەوە کەوتنە بەردبارانی. یارۆی تاتار منداڵەکانی دوورخستەوە. جیلینی لە ئەسپەکە دابەزاند وبانگی پیاوەکانی کرد. تاتارێکی گۆنا زەق بە دەنگییەوە هات، ئەم کابرایە تەنیا کراسێکی لەبەر بوو، کراسەکەشی بە جۆرێ شڕ و شەپڕێو بوو هەموو سینگ و بەرۆکی بە دەرەوە بوو. کابرای تاتار ئەمری پێکرد. یارۆ ڕۆیی وکۆت وزنجیرێکی هێنا. بریتی بوو لە دوو پارچە دار بەڕوو، کە سەروو ئەڵقەی ئاسنینیان پێوە بەسرابوو، قفڵ و کلیلیان پێوەبوو.

ئەوسا بە دوو قۆڵی، هەر دوو بازووی جیلینیان کردەوە وکۆت وپێوەندەکەیان لە لاقی بەست. ئەوجا بۆ ئاغەڵێکیان برد، خستیانە ئەوێندەرەوەو دەرگاکەیان لە سەری داخست.

جیلین، کەوتە سەر زبڵدانێک، لە شیاکە وسەرگین. ماوەیەک بە بێ جووڵە مایەوە. ئەوسا بە ناو تاریکییەکەدا کەوتە گەڕان تا جێگایەکی نەرمی دۆزییەوەو لێی دانیشت.

( ٢ )

جیلین، شەوێ نەخەوت. ئەو کاتانەی ساڵ بوو کە شەو کورت بوو. زۆری پێنەچوو، ڕۆشنایی ڕۆژ لە درزێکی دیوارەکەوە بەدیارکەوت. جیلین هەستا، کەوتە ڕووشاندنی درزەکە تا گەورەتری بکاتەوە. لەوێوە ڕوانییە دەرەوە.

لە درزەکەوە ڕێگایەکی بەدی کرد کە بەرەو داوێن وبناری گردەکە دادەگەڕا. لە سەمتی ڕاستی ڕێگاکەدا کوختەیەکی تاتاری هەبوو، دوو درەختی لە

نزیکەوە هەبوو. سەگێکی ڕەش لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەرکەوتبوو. بزنێک بە خۆی و کارژۆلەکەیەوە، بە کلک بادان لەو ناوە دەسووڕایەوە. ئەوسا ژنێکی گەنجی تاتاری بینی کە کراسێکی دەڵبی شۆڕی ڕەنگینی لەبەر بوو، کە ئاوەڵ کراسەکەی وچەکمە درێژەکانی لە ژێرییەوە دیاربوو. پارچە پەڕۆییەکی بە سەر سەرەوە بوو، مەنجەڵێکی گەورەی ئاوی نابووە سەری. دەستی منداڵێکی تاتاری سەرتاشراوی سفرکراوی گرتبوو، کوڕەکە بە تۆی یەک کراس بوو. ژنە هەوڵیدەدا بەڵانسی خۆی ڕاگرێت. بەدەم ڕێگاوە، ماسولکەکانی پشتی دەلەرینەوە. ژنەکە ئاوەکەی بردە ژوورەوە. زۆری پێنەچوو کە تاتاریە ڕدێن سوورەکەی دوێنێ لە کوختەکە وەدەرکەوت. چاکەتێکی ئاورێشمی لەبەربوو. خەنجەرێکی مشتوو زێوینی بە قەدەوە بوو. جووتێ پێڵاوی بە بێ گۆرەوێ لە پێ کردبوو. کڵاوێکی ڕەشی فەرووی نابووە تیلاکەی سەری. کابرا بەدەم باوێشکدانەوە لە کوختەکە هاتە دەرەوە. بە قامکان ڕدێنە سوورەکەی شانە کرد. ئەوجا هەڵوەستەیەکی کرد. ئەمرێکی بە نۆکەرەکەی دا وڕۆیی.

هەنگێ، دوو گەنج کە ئەسپەکانیان بۆ ئاودان بردبوو، گەڕانەوە. هێشتا دەم و قەپۆزی ئەسپەکان تەڕبوون. چەند منداڵکی سەر تاشراوی بێ دەرپێ کە تەنیا سەرو کراسێکیان لەبەر بوو، پەیدا بوون، لە نزیکی ئاغەڵەکە کۆ بوونەوە و تەرکەیەکیان هەڵگرت ولە درزی دیوارەکەوە بردیانە ژوورەوە. جیلین هاواری بە سەریاندا کرد. منداڵەکان، بە دەم هەڵاتنەوە بڵاوەیان لێکرد. کە غاریان دەدا لاقە باریک و بچووکەکانیان دەبریقانەوە.

جیلین، زۆری تینوو بوو. گەرووی وشک بووبوو. لە فکران ڕاچوو، خۆزیا دەهاتن و بەلای کەمەوە تەمەشایەکیان دەکردم. لە ناکاوا گوێی لە کردنەوەی قفڵ وزنجیری دەرگای ئاغەڵەکە بوو. کابرای تاتاری ڕدێن سوور وەژوورکەوت: کابرایەکی دیکەی لەگەڵدا بوو. کابرایەک بوو لەو بچووکتر بوو، ڕەشتاڵەیەکی چاوڕەشی چاوگەش، گۆنا ئاڵ وڕدێن کورت، ڕووخۆش وهەمیشە خەنۆڵ و دەم بە پێکەنین بوو. جل و بەرگەکەی تەنانەت لە جل وبەرگی یارۆی ڕدێن سووریش نایابتر بوو. عەبایەکی ئاورێشمی شینباوی پەراوێز زێڕدۆزی، دابوو بە شانیا. خەنجەرێکیمشتوو زێوینی گەورەی بە

قەدەوە بوو. جووتێ گۆرەوی لە پێدا بوو وجووتێ پێڵاوی ئەستووری بە سەریاندا لەپێ کردبوو. کڵاوێکی کەوڵە بەرخی سپی لەسەر بوو.

تاتارە ڕدێن سوورەکە هاتە ژوورەوە، پرتەپرتێکی کرد، پێدەچوو بێزار وبێتاقەت بێ. شانی دا بە لاشیپانەی دەرگاکەوە. یاری بە خەنجەرەکەی دەکرد وعەینی گورگ تەمەشای جیلینی دەکرد. تاتارەکەی دی، چالاک وچەلەنگ، دەتگوت سپرینگی لە ژێر پێیاندایە، یەکراست بۆلای جیلین هات. لەبەردەمیا هەڵتروشکا. دەستی نایە سەر شانی. بە پەلە و بە زمانی تایبەتی خۆی کەوتە قسان. چاوەکانی دەدرەوشانەوە و بەردەوام چاوی دەتروکاند. بە زمان دەنگێکی لە دەمی دەردێنا ولێکدا لێکدا دەیگوت: " ڕووس باشە. ڕووس باشە. "

جیلین، یەک وشەی لێ حاڵی نەبوو. گوتی: " تینوومە. ئاوم بدەنێ با بیخۆمەوە. " کابرای ڕەشتاڵە پێکەنی وگوتی: " ڕووس باشە. " و بە زمانی خۆی هەندێ شتی گوت.

جیلین، بە دەست ئاماژەی بۆ لێوی کرد کە گوایە تینوویەتی. هەنگێ کابرا ڕەشتاڵە حاڵی بوو. پێکەنی. ڕووی کردە دەرگاکە وکەسێکی بانگ کرد: " دنیا. "

کچۆڵەیەک بە هەشتاو هاتە ژوورەوە. هەر سیازدە ساڵێک دەبوو. لاوازێکی دەموچاو باریکی ڕەش ئەسمەری سیما تاتاری بوو. وا دیاربوو کیژی بوو. ئەمیش چاو ڕەشێکی ڕوخسار شیرین بوو. کراسێکی شینی ئاسمانی شۆڕی بێ کەمەربەندی، لەبەر بوو. پەراوێزی کراسەکەی وئاسینەکانی بە هەوداو داوی سوور چنرابوو. ئاوەڵکراسی لەبەر بوو، لە سەر سەرپاییەکانیەوە پێڵاوی پاژنەداری ئەستووری لە پێ کردبوو. گەردانەیەکی لە مل بوو کەلە دراوی زیوی ڕووسی دروست کرابوو. سەرپۆشی بەسەرا نەدابوو. پرچی بە نەوار بەستبووو بە دراوێن زیو ڕازاندبوویەوە.

بابی شتێکی پێگوت، کیژێ بە هەشتاو وەدەرکەوت، بە کاسەیەک ئاوەوە زڤرپییەوە . کاسە ئاوەکەی دایە دەست جیلین ولە هەنبەریا هەڵتروشکا. بە

چاوانی ئەبڵەقەوە تەمەشای ئاوخواردنەوەکەی جیلینی دەکرد، وەکو ئەوەی جیلین حەیوانێکی هۆڤی بێ.

هەرکە جیلین، کاسەکەی بۆ کیژێ گەڕاندەوە، کیژێ ڕاپەڕی و لە ترسا وەکو بزنە کێوی دەرپەڕی، بابی پێکەنین گرتی. کیژێ کاسەکەی وەرگرت. بابی شتێکی دیکەی پێگوت. کیژێ بلەز وەدەرکەوت وبە چەند نانێکەوە هاتەوە. دووبارە دانیشت وبە چاوانی ئەبڵەقەوە لە جیلین ڕاما.

ئەوسا، جووتە تاتارەکە ڕۆیشتن و دەرگاکەیان قفڵ دا. یارۆی نۆکەر هات وگوتی: " ئایدا، ئاغا، ئایدا. "

ئەویش ڕووسی نەدەزانی. جیلین وای بۆ چوو کە داوای لێدەکات بچێتە دەرەوە.

جیلین، بە شەلەشەل، دووی کابرای نۆکەر کەوت. چونکە پێی لە کۆت وزنجیرا بوو و زۆر بە زەحمەت هەنگاوی بۆ دەنرا. کە لە ئاغاڵەکە وەدەرکەوت، چاوی بە گوندێکی تاتاری کەوت. نزیکەی دە ماڵێک دەبوو. مزگەوتێکی تاتاریانەی منارە بچووکی تیابوو. لە بەر ماڵێکا سێ ئەسپی زینکراو، هەبوون، کە مندالانی بچووک هەوسارەکانیان گرتبوون. تاتارە ڕەشتاڵەکە لەو ماڵەوە وەدەرکەوت. بە دەست ئاماژەی بۆ جیلین کرد کە دووی بکەوێ. ئەوجا پێکەنی و بە زمانی زکماکی خۆی شتێکی گوت وخۆی بە ماڵەکەی خۆیدا کرد. جیلین، دووی کەوت. ژوورێکی باش بوو. دیوارەکانی وەستایانە کەفماڵ کرابوو. لە پاڵ دیوارەکەی پێشەوە نوێنی ڕەنگاوڕەنگ بە ڕێک وپێکی لە سەر یەک هەڵچنرابوون... دیوارەکانی تەنیشتەوە، مافورێن نایاب وگرانبەهایان پێوە هەڵواسرابوو. تفەنگ ودەمانچە و شمشێرێن زیونیشان بەسەر قالیچەکانەوە، بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوون. لە پاڵ یەکێک لە دیوارەکاندا، ئاگردانێکی بچووک هەبوو. ناو ژوورەکە خاوێن بوو. گۆشەیەکی زەمینەی ژوورەکەیان بە کولاڤ (لباد) داپۆشی بوو. قالیچەیان لە سەر لبادەکە ڕاخستبوو، کۆمەڵێک دۆشەکی پەڕیان ڕاخستبوو. پێنج تاتار، لەسەر دۆشەکەکان دانیشتبوون. تاتارە ڕەشتاڵەکە وتاتارە ڕدێن سوورەکە وسێ تاتاری میوان بوون. سەرپایی ناو ماڵیان لە پێدا بوو. سەر وسەرینیان لە پشتەوە بوو. لە سەر سینیەکی گەورە دنیایەک کولێرە چەورەی هەرزن

وکاسەیەک کەرەی تواوەو قەڕابەیەک بوزا، بیرەی تاتاری لە بەردەمیاندا دانرابوو. کولێرە وکەرەکەیان بە دەست دەخوارد.

تاتارە ڕەشتاڵەکە، بلەز هەستایە سەر پێیان و ئەمری کرد جیلین لە لایەکەوە لە سەر ئەرزە ڕووتەکە نەک لە سەر قالیچەکە دانیشێنن. پاشان دووبارە لە سەر قالیچەکە دانیشتەوەو میوانەکانی خوڵکی کولیچە و بوزا کرد. نۆکەرەکە، جیلینی لەو شوێنەدا، دانیشاند کە ئەمری پێکرابوو. پاشان پێڵاوەکانی خۆی داکەند و لە نزیک دەرگاکە و لای پێڵاوەکانی دی دایانا. لە نزیکی ئاغایەوەولە سەر لبادەکە دانیشت. بەدەم تەمەشاکردنی نان خواردنی ئەوانەوە، لێوی خۆی دەلستەوە. تاتارەکان، تا توانیان خاردیان. ئەوجا ژنێک کە جلکی وەکو جلکی کیژانی پۆشیبوو: کراسێکی دەڵبی شۆڕ و ئاوەڵکراسێکی لەبەر وسەرپۆشێکی بەسەریا دابوو، هات وپاشماوەی سفرەکەی کۆ کردەوەو بردی. دەست شۆرکێکی جوان وئافتاوەیەکی لوولە باریکی هێنا. تاتارەکان دەستیان شۆرد و هەستانە سەر پێیان. دەستیان بە سینگەوە گرت وفوویان بە هەر چوارلادا کرد، و سەڵاواتیان دا و پاشان کەوتنە گفت و گۆیان، تا یەکێک لە میوانەکان، ڕوویکردە جیلین و بە زمانی ڕووسی گوتی:

" قازی محەمەد تۆی یەخسیر کردووە " تاتارە ڕدێن سوورەکەی نیشان دا: " ... قازی محەمەد تۆی بە عەبدۆل مراد داوە... " تاتارە ڕەشتاڵەکەی نیشان دا. " ... هەنووکە عەبدۆل مراد خاوەنی تۆیە. "

جیلین، هیچی نەگوت. ئەوسا عەبدول مراد بە دەم پێکەنینەوە ڕوویکردە جیلین و دووبارەی کردەوە: " سەربازی ڕووسی، ڕووسان خەڵکی باشن! "

دیلمانجەکە گوتی: " ئەمرت پێدەکات کە نامە بۆ کەس و کارت بنێریت و داوایان لێ بکەی کە سەربەهات بۆ بنێرن تا ئازادت بکات . "

جیلین، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا پرسی: " چەندی لە بری ئازادی من دەوێ؟ " تاتارەکان ماوەیەک لە بەینی خۆدا قسانیان کرد وئەوسا دیلمانجەکە گوتی " سێ هەزار ڕوبڵ " جیلین گوتی: " نا ئەو پارەیەم پێ هەڵناسووڕێ. "

عەبدۆل مراد لە جێی خۆی ڕاپەڕی وهەردوو بازووی بەرز ونزم کردەوە، ڕوویکردە جیلین و وایدەزانی لەم تێدەگات. دیلمانجەکە گوتی: " ئامادەی چەند بدەی؟ " جیلین لە بیرەوە چوو وگوتی: " پێنج سەد ڕوبڵ " .

تاتارەکان کە گوێیان لەو قسەیە بوو، هەموویان بە پەلە وبەیەکەوە کەوتنە قسان. عەبدول مراد هاواری بە سەر تاتارە ڕدێن سوورەکەدا کرد، ئەوەندە بە پەلە قسەی دەکرد، کە تفەکەی دەمی بەم لا و بەولادا دەپژرا. کابرای ڕدێن سوور، چاوی نووقاندن و تەقەیەکی لە زمانی هەستاند.

دوای ماوەیەکی کەم هێور بوونەوەو دیلمانجەکە گوتی:

" پێنج سەد ڕوبڵ بەشی ئاغا ناکات. ئەو بە دووسەد ڕوبڵ هەڵی گرتوویتەوە . قازی محەمەد ئەو بڕە پارەیە بەو قەرزار بوو، تۆی لە جیاتی ئەو قەرزە بە عەبدول مراد داوە. داوای سێ هەزار ڕوبڵ دەکات، لەوە کەمتر قەبووڵ ناکات. ئەگەر ئەو بڕە پارەیە نەدەیت، لە ڕەشچاڵانت توونд دەکات و دەتگرێتە ژێر شەلاخان! "

جیلین، لە دڵی خۆیدا گوتی: " پیاو تا پتر لەمانە بترسێت، وەزعی خراتر دەبێت. " لە جێگای خۆی ڕاپەڕی وگوتی: " بەم سەگە بڵێ، ئەگەر لە هەوڵی ئەوەدا بێ من بترسێنێ، ئەوا نامە بۆ کەس نانێرم و یەک پولی قەڵبیش نابینێ. من قەت لە ئێوە، ئەی سەگینە نەترساوم و ناترسێم. "

دیلمانجەکە کە وتەکانی ئەوی پاچڤە کرد. هەموو پێکەوە و بە کەڕەتێ کەوتنەوە قسە.

ماوەیەکی زۆر چەنەیان لێدا. ئەوسا کابرای ڕەشتاڵە لە جێی خۆی ڕاپەڕی و لە جیلین هاتە پێشەوە وگوتی: " ڕووس ئازان. ڕووس ئازان! " ئەوسا پێکەنی وقسەیەکی بە دیلمانجەکە گوت کە پاچڤەی کرد. گوتی : " هەزار و پێنج سەد روبڵ "

بەڵام جیلین، لە سەر قسەی خۆی سوور بوو وگوتی: " لە پێنج سەد ڕوبڵ زیاتر نادەم. ئەگەر بمکوژێ هەر هیچی دەست ناکەوێ."

تاتارەکان، دیسان دەستیان بە ئاخافتن کردەوە. ئەوسا نۆکەرەکەیان ناردە دەرێ بۆ ئەوەی شتێک بێنێ. ئیدیجارێ سەیری جیلین وجارێ سەیری دەرگاکەیان دەکرد. نۆکەرەکە زڤڕییەوە. کابرایەکی کەتەی چوارشانەی شڕپۆشی لە گەڵدا بوو کە ئەویش پێی لە کۆت و زنجیردا بوو.

جیلین، لە سەرسامیا زاری بەش کردەوە. ئەو پیاوە کوستیلین بوو. ئەویشیان یەخسیر کردبوو. هەر دووکیانیان لە لای یەکەوە دانا. کەوتنە گێڕانەوەی بە سەرهاتی خۆیان. ئەو کاتەی ئەوان بە دوو قۆڵی قسانیان دەکرد، تاتارەکان بە بێدەنگی چاودێریان دەکردن . جیلین بە سەرهاتی خۆی گێڕایەوە، کوستیلینیش گێڕایەوە کە چۆن ئەسپەکەی وەستاوەو چۆن فیشەکی تفەنگەکەی سەری کردووەو ئەم عەبدول مرادە گەیوەتە سەری و یەخسیری کردووە.

عەبدول مراد، لە جێی خۆی ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ و ئەوجا ئاماژەی بۆ لای کوستیلین کرد و شتێکی گوت. دیلمانجەکە تێی گەیاندن کە هەنووکە هەردووکیان یەک خاوەنیان هەیە و هەر کەسێکیان زووتر سەربەهایەکەی بدات زووتر ئازاد دەبێت.

بە جیلینی گوت: " تۆ پیاوێکی تووڕەی، بەڵام ئەم هاوڕێیەت پیاوێکی هێدییە. نامەی بۆ کەس و کارەکەی نووسیوە. ئەوانیش پێنج هەزار ڕوبڵ دەنێرن. بۆیە خواردنی باشی دەدرێتێ و مامەڵەیەکی باشی لە گەڵدا دەکرێت. "

جیلین بەرسڤی دایەوە: "هاوڕێکەم بۆی هەیە بە کەیفی دڵی خۆی بکات، ڕەنگە ئەو دەوڵەمەند بێ، بەڵام من نیمە. ئەوەی گوتم هەر ئەوەیە. ئەگەر قاییل نیت بمکوژن، ئەمەش دادتان نادات، چونکە هیچتان دەست ناکەوێ... ئەگەر نامەش بنووسم، لە پێنج سەد ڕوبڵ زیاتر داوا ناکەم."

ماوەیەک بێدەنگ بوون. عەبدول مراد لە ناکاوا ڕاپەڕی. کارتۆنێکی بچووکی هێنا قەلەم و مەرەکەب و پەڕە کاغەزێکی لێ دەرهێنا و خستیە بەردەم جیلین ودەستی خستە سەر شانی و ئاماژەی کردێ کە بنووسێت. بە پێنج سەد ڕوبڵ قاییل بووبوو. جیلین، بە دیلمانجەکەی گوت: " سەبر بکە، پێی

بڵێ دەبێ خۆراکی تەواومان بداتێ، جل و بەرگی باش وپێڵاومان بداتێ، دەبێ هەر دووکمان پێکەوە بین، تا بێتاقەت نەبین، هەروەها دەبێ ئەم کوت و زنجیرەمان لە لاق بکاتەوە. " جیلین ڕوانییە خاوەنەکەی و پێکەنی. خاوەنەکەشی پێکەنی وگوێی لە قسەی دیلمانجەکە گرت وگوتی: " باشترین جل و بەرگیان دەدەمێ: پاڵتویەک و پێڵاوێک کە شایستەی زاوا بێ! خواردنی شازادە و میرانیان دەدەمێ. دەتوانن پێکەوە لە ئاغەڵەکەدا بن، بەڵام کۆت و زنجیرەکە لە لاقیان ناکەمەوە، هەڵدێن. بەڵام قەیدی نییە شەوانە ئەوەشیان لە لاقی دەکەمەوە! " ئەوجا لە جێی خۆی ڕاپەڕی ودەستێکی بە شانی جیلیندادا وگوتی: " تۆ باشیت. منیش باشم. "

جیلین، نامەکەی نووسی، بەڵام لە سەر زەرفەکە ئەدرەسێکی هەڵەی نووسی، بۆ ئەوەی نەگاتە جێ. لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە کە هەڵبێت.

ئەوسا جیلین وکوستیلین بران بۆ ئاغەڵەکە، کەمێک گەنمەشامی و مەسینەیەک ئاو و تۆزێک نانیان دانێ، دوو پاڵتۆی کۆنیان دانێ، هەندێ پێڵاوی عەسکەرییان دانێ کە پێدەچوو، لە پێی جەندەکی سەربازانی ڕووسیان دەرهێنابن. شەوێ کۆتو زنجیرەکەیان لە لاقیان دەکردەوەو دەرگای ئاغەڵەکەیان دەکردەوە.

( ٣ )

جیلین و هاوڕێکەی یەک هەیڤی تەواویان بەم جۆرە بردەسەر. خاوەنەکەیان هەمیشە پێدەکەنی و دەیگوت: " تۆ ئیڤان باشیت. منیش عەبدول مراد باشم. " بەڵام خواردنی خراپی دەدانێ. نانی هەڵنەهاتەی ئاردی هەرزنی بۆ دەکردن بە کولێرە، خۆ هەندێجار هەویری دەدانێ.

کوستیلین، دووبارە نامەی بۆ کەس و کارەکەی نووسی و دەستە وئەژنۆ دانیشتبوو و چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەی دەکرد تا سەربەهاکەی بۆ بنێرن.

بەڵام جیلین، دەیزانی چ کەسێک وەڵامی نامەکەی ناداتەوە. چونکە نامەکەی ناگاتەهیچ کەسێک. هیچ نامەیەکی دیکەشی نەنووسی! لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " دایکم پارەی لە کوێ بوو تا سەر بەهای من بدات؟ خۆی بەو

پارەیە دەژی کە من بۆی دەنێرم؟ تا پێنج سەد ڕوبڵ کۆ بکاتەوە دەمرێ. خوا یاربێ تەگبیرێکی حاڵی خۆم دەکەم و هەرچۆنێ بێ هەڵدێم! " ئیدی بیری لەوە دەکردەوە چۆن هەڵێت. بەدەم فیکە لێدانەوە بە دەوری گوندەکەدا دەسووڕایەوە . بە قوڕ، بووکەڵە و پەیکەرانی دروست دەکرد. یان بە شووڵ و تەرکە تەیکە و سەبەتەی دروست دەکرد. جیلین لە کاری دەستیدا بە توانابوو.

جارێکیان بووکەڵەیەکی دروست کرد کە سەر و لووت و دەست و لاقی هەبوون. جلکی تاتاری لە بەر کردبوو. بووکەڵەکەی لە سەربان دانا، کاتێ ژنانی گوند هاتن بۆ ئاوبردن، کیژی خاوەنەکەیئەم، دنیا بووکەڵەکەی بینی و ژنەکانی دیکەی بانگ کرد، گۆزە و جەڕەکانیان لە سەر شانیان داگرت تا تەمەشای بووکەڵەکە بکەن. جیلین بووکەڵەکەی هێنایە خوارێ و دەستی درێژ کرد کە بووکەڵەکەیان بداتێ. ژنەکان پێکەنین، بەڵام جورئەتیان نەکرد بووکەڵەکەی لێوەربگرن. ئیدی بووکەڵەکەی لە عاردی دانا و بەخۆی چووە نێو ئاغەڵەکەوەو چاوەڕوانی کرد تا بزانێ چ ڕوودەدات.

دنیا، بە غار خۆی گەیاندە لای بووکەڵەکە. تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بووکەڵەکەی هەڵگرت وهەڵات.

بۆ سبەی بەیانی، تەمەشایەکی دەرەوەی کرد. دنیا لە ماڵ هاتە دەرەوە. بووکەڵەکەی لە باوەش گرتبوو لە ئاستانەی دەرگاکە دانیشت. بە پەڕۆ کۆنە جلێکی سووری بۆ بووکەڵەکە کردبوو. وەکو منداڵی شیرەخۆرە بە باوەشییەوە دەی هەژاند، لای لایەی تاتاریانەی بۆ دەکرد. پیرەژنێک هاتە دەرەوە. سەرزەنشتی کرد. بووکەڵەکەی لە باوەشی دەرێنا و پارچەپارچەی کرد و دنیای بۆ کارێک نارد.

جیلین، بووکەڵەیەکی باشتری دروستکرد. دای بە دنیا. ڕۆژێک دنیا گۆزەیەکی بچووکی هێنا و لە سەر ئەرزەکە داینا وخۆیشی بە دیارییەوە دانیشت. چاوی بڕییە جیلین. پێکەنی و ئاماژەی بۆ گۆزەکە کرد. جیلین سەری سووڕما لە دڵی خۆیدا گوتی: " دەبێ بۆ ئەوەندە دڵی خۆش بێ؟ "

گـۆزەکـەی هـەڵگـرت، پێـی وابـوو ئـاوی تیـایە، بـەڵام دەرکـەوت شـیری تیـایە. شیرەکـەی خواردەوە و گوتـی: " چـەند بـە لـەزەت بـوو! "

دنیا زۆر خوشحاڵ بوو وگوتـی: " باشـە، ئیڤـان، باشـە ! " لـە جێـی خـۆی هـەستا و دەسـتـەکانـی پێکـدا مـاڵین. هـەنگـێ گـۆزەکـەی هـەڵگـرت و بـە هـەشـتاو ڕۆیـی. لـەو ڕۆژە بـە دواوە، هـەموو ڕۆژێک بـە دزییـەوە تۆزێ شیری بۆ دێنا.

تاتـاران، جۆرە پـەنیرێک لـە شیری بزن دروست دەکـەن کە بۆ وشک بـوونـەوە لـە سـەربان دایـدەنـەن.دنیـا هـەنـدێجار بـە دزیـیـەوە لـەم پـەنیـرەی بـۆ جیلـین دەهێنا. دنیا جارێک کە عـەبدول مراد بـەرخێکـی سـەربڕی بـوو، کیـژێ کـەمێک گۆشتـی لـە ئاسینی کراسـەکـەی شاردەوە و بـە دزیـیـەوە بـۆ جیلینـی هێنـا. ئـەم جۆرە شتانـەی دێنا، لـە ئـەرزەکـەی دادەنا و بـە ڕاکردن دەڕۆیی.

ڕۆژێـک زریـانێکی توونـد هـەڵیکـرد، پاشـان بـاران دایکـرد، بـارانـی بـە لێـزمـە، یـەک سـەعاتـی خایانـد. جۆگاکـان لێـوڕێژ بـوون، ئـاو لێـڵ و قـوڕاوی بـوو، ڕووبـارەکـە هـەستا، ئـاوەکـە لـە ئاستـی بـوارەکـەوە هـەفـت پێیـان بـەرز بـووەوە. لافاو و لـەهـی ئـەوەنـدە بـەهێز بوو تـاوێرانـی لـەگـەڵ خـۆدا ڕادەمـاڵی. لـە هـەمـوو لایـەکـەوە ئـاو لـە جۆگاکـان و ڕووبـارەکـە دەڕژا. هـەورە تریشـقـە و چـەخمـاخـەی کۆسـاران نـەدەبـڕایـەوە. کـە لافـاوەکـە نیشـتـەوە، کۆڵانـەکـانـی گونـد پڕبـوون لـە ئـاو، وەکـو ڕووبـاریـان لـێ هـاتبوو. جیلـین، چـەقـۆیـەکـی بـە ئـەمـانـەت لـە خـاوەنـەکـەی وەرگـرت، بـە چـەقۆیـەکـە لوولـەکێکی بچووکـی دروست کرد و ئـەوسا بـە چـەنـد پـارچـە دارێـک چـەرخێکـی دروسـتکرد و بـووکـەڵـەیـەکـی بـە هـەر لایـەکـی چـەرخـەکـەوە هـەڵواسی. کچۆڵان، هـەندێک پـەڕۆ کـۆن و وردەواڵایـان بـۆ هێنا. جلکـی پیاو و ژنـی دێهاتـی لـەبـەر کردن. ئـەوسا لـە جێـی خۆیـانـا داینـان و چـەرخـەکـەی بـە جـۆرێ دانـا کـە ڕەوتـی ئـاوەکـە بیجـوولێنـێ. ئیـدی چـەرخـەکـە کـەوتـە خـولانـەوە و بووکـەڵـەکـان کـەوتـنـە سـەما. هـەمـوو خـەڵکـی گوونـدەکـە کۆبـوونـەوە: لـە کـچ و کـوڕانـی بچـووکـەوە بیگـرە تـا دەگـاتـە پیـاوان و ژنـانـی تـاتـار، هـەر هـەموویان هاتبوون بۆ تـەمـەشا، هـەمـوو بـە سـەرسامـی دەیـانگوت: " ئا ڕووسی! ئا ئیڤان! "

عەبدول مراد، سەعاتێکی چاڵمەی ڕووسی هەبوو. سەعاتەکە خراپ بووبوو. جیلینی بانگ کرد. سەعاتەکەی نیشان دا، بە زمان "نچ نچ "ێکی کرد. جیلین گوتی: "بمدەیە، بۆتی چاک دەکەمەوە، دەیخەمەوە کار!"

سەعاتەکەی بە چەقۆ کردەوە، هەموو بورغوەکانی دەرهێنا، پاشان داینانەوە و سەعاتەکە کەوتەوە کارکردن. کابرا یەکێک لە کۆنە عەبا کۆنەکانی بە دیاری دایە جیلین. جیلین بە ناچاری قەبووڵی کرد. بەلای کەمەوە دەیتوانی شەوان بە خۆیدا دابدات.

لەوە بەدواوە جیلین ناوبانگی دەرکرد. ئیدی تاتاران لە گوندە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ لای. تفەنگ و دەمانچە و سەعاتی سەقەتیان لە گەڵ خۆدا دێنا و جیلین بۆی چاک دەکردنەوە. خاوەنەکەی هەندێک ئەوزار و تفاقی بۆ فەراهەم کرد. وەکو گیرە ومەنگەنە و دریل و هەرە و ...

ڕۆژێک تاتارێک نەخۆش کەوت، هاتن بۆ لای جیلین وگوتیان: "وەرە چاکی بکەوە."

جیلین، سەری لە پزیشکی دەرنەدەچوو. بەلام وێرای ئەوەش ڕۆیی تا تەمەشایەکی بکات و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بەڵکو خوا بەختەکی لە خۆیەوە چاک ببێتەوە!" بۆ ئاغەڵەکە زڤرپییەوە، کەمێک ئاوی هێنا، بڕێک لم و گڵی تێکرد. ئەوسا لە بەردەم تاتارەکەدا چەند وێردێکی خوێند، ئاوەکەی دا بە نەخۆشەکە تا بیخواتەوە، ئیدی لە خۆش شانسی خۆیا، کابرای تاتار چاک بووەوە.

جیلین، وردەوردە خەریک بوو لە زمانیان حاڵی دەبوو. هەندێک لە تاتارەکان میانەیان لەگەڵ پەیدا کرد و لێی نزیک بووبوونەوە. هەر کاتێ پێویستیان پێی بوایە بانگیان دەکرد ئیڤان؟ ئیڤان؟ بەلام هەندێکیش هەبوون بە گومانەوە سەیریان دەکرد، وەکو ئەوەی حەیوانێکی هۆڤی دڕندە بێ.

تاتارە ڕدێن سوورەکە ڕقی لە جیلین بوو. هەرکاتێ ئەوی دیتبا ڕووی گرژ دەکرد و ڕووی لێوەردەگێڕا وجوێنی دەدایە. پیرەمێردێکیش هەبوو، کە لە ناو گوندەکە دانەدەنیشت، بەلام جارجارێ لە بناری گردەکەوە سەردەکەوت.

جیلین ئەو کاتانە دەیبینی کە دەچوو بۆ مزگەوتەکە. کابرایەکی کورتە باڵا بوو، سەروبەستێکی لە سەر دەبەست. ڕدێن و سمێڵێکی کورتی سپی وەکو بەفری هەبوو. دەم و چاوی چرچ و لۆچ و سوور بە ڕەنگی خشت. کەپووی دەنووکە داڵاشی بوو. تەنیا دوو دانی لە دەما مابوو. بەدخوایی لە چاوە قاوەییەکانی دەباری. عەمامە بە سەر و دار عەسا بە دەست وەکو گورگ دەیڕوانیە دەوروبەر. هەرکە جیلینی دەبینی، بۆڵەیەکی دەکرد و ڕووی وەردەگێڕا وتووڕەیی خۆی دەنواند.

جیلین، جارێک لە گردەکەوە هاتەخوارێ تا بزانێ ئەم پیرەمێردە لە کوێ دادەنیشێت. ملی ڕێگای گرت، تا گەییە بێستانێکی بچووک کە دیوارێکی بەردینی کەڵەکە چنی بە دەورا کێشرابوو. لەو دیو دیوارەکەوە دار گیلاس و قەیسی بەدی کرد، کوختەیەکی سەربان تەخت لەناو بێستانەکەدا بوو. زیاتر نزیک بووەوە، چەند شانە هەنگێکی بەدی کرد، کە مێش هەنگەکان بە گیزەگیز بەدەوریا دەسووڕانەوە. پیرەمێردەکە بە دیار شانەیەکەوە هەڵکوڕمابوو. دیاربوو کارێکی دەکرد. جیلین ویستی تەمەشا بکات، ملی هەڵبڕی کۆت و زنجیرەکەی پای زرینگایەوە. پیرەمێرد ئاوڕی دایەوە. هەر هەڵی کێشایە دەمانچە و فیشەکێکی ئاراستەی جیلین کرد. جیلین خۆی دایە پەنا دیوارەکە و فیشەکەکەی پێ نەکەوت. ئەوسا پیرەمێرد چوو بۆ لای خاوەنەکەی جیلین و سکاڵای لێ کرد. تاتاری خودانی جیلین، جیلینی گاز کرد و بە پێکەنینەوە پرسی: " بۆچی بۆماڵی ئەو پیرەمێردە چووی؟ "

- " هیچ نیازێکی خراپم نەبوو دەمویست بزانم چۆن دەژی. "

تاتارەکەی خودانی جیلین، قسەکانی جیلینی بۆ کابرای پیرەمێرد گێڕایەوە . بەڵام پیرەمێردەکە تووڕە بوو. داد وبێدادی دەکرد. ددانەکانی گڕ دەکردەوە. کۆڵە مستی لە جیلین ڕادەوەشاند.

جیلین لە پیرەمێردەکە تێنەدەگەیی، بەڵام وای بۆ دەچوو کە یارۆی پیرەمێرد بە عەبدول مراد دەڵێت نابێ ئەم کابرا ڕووسە لەوەی پتر لە گوندەکەدا ڕابگرێ. بەڵکو دەبێ خۆی و هاوڕێ ڕووسەکەی بکوژێت. سەرەنجام کابرای پیرەمێرد ڕۆیی.

جیلین، لە ئاغای پرسی ئەم پیرەمێردە کێیە؟

ئاغا گوتی: "ئەمە پیاوێکی مەزنە! ئازاترین پیاوە. زۆری لە ڕووسەکان کوشتووە. کاتی خۆی زۆر دەوڵەمەند بوو. سێ ژن و هەشت کوڕی هەبوون، هەموویان لە یەک گوندا دەژیان. پاشان ڕووسەکان هاتن. گوندەکەیان وێران کرد و حەوت کوڕیان کوشت. تەنیا یەک کوڕی مایەوەو ئەویش ڕادەستی ڕووسەکان بوو. پیرەمێرد خۆیشی ڕادەستی ڕووسەکان بوو. سێ هەیڤان لە ناو ڕووساندا مایەوە تا کوڕەکەی دۆزییەوە و بەدەستی خۆی کوشتی و هەڵات. لەوە بە دواوە لە هیچ شەڕێکا بەشداری نەکرد. چوو بۆ مەکە تا لە خوا بپاڕێتەوە. بۆیە کەشیدە لە سەر دەکات، چونکە حاجییە. حەزی لە چارەی ڕووسانی وەکو تۆ نییە. ڕژدە لەسەر ئەوەی تۆ بکوژم. بەلام من ناتوانم تۆ بکوژم. من لە بری تۆ پارەم داوە، لە جیاتی پارە هەڵم گرتوویتەوە. ئەوە جگە لەوەی خووم بە تۆوە گرتووە و خۆشم دەوێی. نەک هەر ناتکوژم، بەڵکو ئەگەر قەولم پێ نەدابای، ڕێگەم نەدەدا بڕۆیت." لە قاقای پێکەنینی دا و بە ڕووسی گوتی: "تۆ، ئیڤان، باش ، من، عەبدول، باش."

( ٤ )

جیلین ، یەک هەیڤی دیکەی بەم جۆرە گوزەراند. بە ڕۆژەوە بە دەوری گوندەکەدا دەسووڕایەوە. خۆی بە کارێن دەستییەوە مژوول دەکرد. شەوان کاتێ بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکا دەکێشا، لە ناو ئاغەڵەکەوە خەندەکی لێدەدا. هەڵبەتە ئەم خەندەک لێدانە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەرزەکە بەردی زۆری تیابوو. بەلام بە بڕبەنگەکە (مورەت) ی تێیان بەربووبوو. ئەنجام کونێکی کردە دیوارەکە ، کە ئینسانێکی لێوە دەر دەچوو. لە بەر خۆیەوە دەیگوت خۆزیا دەمزانی ئێرە کوێیە و ڕووبکەمە کوێ و چ ڕێگەیەک بگرمەبەر. بەلام هیچ تاتارێک ئامادە نییە ڕێنوێنیم بکات . " چاوەڕوانی کرد تا ڕۆژێک ئاغای بە سەفەرێک لە گوندی وەدەرکەوت. دوای فراڤین بە گردەکەی دەرێی گوندا هەڵگەڕا تا تەمەشایەکی دەوروبەر بکات. بەلام ئاغا ، بەرلەوەی سەفەر بکات بە کوڕەکەی گوتبوو، ئاگای لە جیلین بێ و نەیەڵێ دوور بکەوێتەوە. کوڕیژگەکە بە غار دووی جیلین کەوت و

هاواریکرد: " مەڕۆ، بابم قەبووڵ ناکات. ئەگەر نەگەڕێیتەوە بانگی دراوسێکان دەکەم."

جیلین هەوڵیدا قەناعەتی پێبکات: گوتی: " دوور ناکەومەوە. نیازم وایە تا سەر گردەکە بڕۆم، هەندێ گیا دەرمانی بۆ چارەسەری نەخۆشان پەیدا بکەم. ئەگەر حەزدەکەی تۆش لەگەڵم وەرە. چۆن دەتوانم بەم کۆت و زنجیرەوە هەڵێم؟ سبەینێ تیروکەوانێکت بۆ دروست دەکەم."

بەوجۆرە کورەی قاییل کرد. بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن. سەرکەوتن بە گردەکەدا کارێکی زەحمەت نەبوو. بەڵام کوت و زنجیرەکە لاقی ئازار دەدا. درێژەی بە ڕۆیشتن دا، بەهەر گیانە سەرییەک بوو خۆی گەیاندە ترۆپکی گردەکە. دانیشت وکەوتە ڕوانینی دەوروبەر تا ڕێگا و بان و ئاراستەکان دیاری بکات.

لە باشوورەوە، لە پشت ئاغەڵەکەوە، دۆڵێک هەبوو کە گەلە ئەسپێک لەوێندەر دەلەوەڕان. لە خوارترەوە گوندێکی دی دیاربوو. لەو دیو گوندەکەوە گردێکی ڕک و ڕژد هەبوو، لەو دیوترەوە گردێکی تر هەبوو. لە نێو گردەکانا لە ئاسۆی شینباودا، لێرەوار و بێشە بوو. لەو دیو لێرەوارەکەوە، شاخ بوو، کە تا دوورتر دەبووەوە بەرزتر دەبووەوە. لوتکەی بەرزترین کێو بەفرێکی سپی وەکو شەکر داپۆشی بوو. لوتکەیەکی گەردن کەشی بەفر گرتوو، لە هەموو لوتکەکانی دی سەرکەشتر و بەرزتر بوو. لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشەوە ، هەر شاخ و داخ بوو. لێرەولەوێ دووکەڵی گوندانی ناو دۆڵ و قەدپاڵەکان بەدی دەکرا. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمانە هەموویان گوندی تاتارین! " ئەوسا ئاوڕی لای قۆڵی ڕووسیای دایەوە. ڕووبارێک لە ژێر پێیدا بوو، لەگەڵ گوندێکدا ، کە باخ وبێستانی بچووک بچووک دەوریان دابوو. کۆمەڵێک ژنی بینی، کە لە دوورەوە لە بووکەڵە دەچوون. لە سەر ڕووبارەکە دانیشتبوون وجلیان دەشۆرد. لەو دیو گوندەکەوە گردێک هەبوو. ئەم گردە لە گردەکەی ڕووبەڕووی باشوور بەرزتر بوو. دوای گردەکان ودارستان و لێرەوارەکان، دەشت وتەختانییەکی هەموار بوو ولە دوورەوە شین دەچووەوەو لە دووری دوورەوەو لەوپەڕی دەشتەکەوە، شتێک دیاربوو لە هەور یان دووکەڵ دەچوو. جیلین هەوڵیدا ئەوە وەبیر خۆی بێنێتەوە کە لەو قەڵایەدا کە ئەو خزمەتی عەسکەری تیا بەسەردەبرد خۆر لە کام لاوە هەڵدەهات ولە کوێندەرەوە ئاوا

دەبوو. زانی کە بە هەڵە  نەچووەو دەبێ ئەو قەڵا ڕووسیە لەو دەشتەدا بێ. هەستی کرد ئەگەر بیەوێ هەڵێ، دەبێ بە نێوان ئەو دوو گردەدا بڕوات. خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیی. شاخە پڕ بەفرەکان سوور دەچوونەوەو گردە بۆرەکان تاریکتر دەبوون. تیشکی زەردەپەڕ، ئەو تەم و مژەی کەلە دۆڵەکەوە بەرز دەبووەوەو ئەو دەشتەی کە وای وێنا دەکرد، قەڵای ڕووسەکان لەوێندەرە، هەر هەمووی بە جۆرێک ڕووناک کردبووەوە، لە دوورەوە لە ئاگر دەچوو. جیلین زیاتر ڕوانی، چاوی تیژ کردەوە، سەیری کرد شتێک لە دۆڵەکەوە، وەکو دووکەڵ، دووکەڵی ئاگردان بەرز دەبێتەوەو لوول دەخوات، ئیدی دڵنیا بوو لەوەی قەڵای ڕووسەکان لەو ئاقارەدایە.

ڕۆژ ئاوا بوو. دەنگی بانگ بەرز بووەوە. کات درەنگ بوو. مەڕ ومالات بەرەو ئاغەڵان کرانەوە. دەنگی چێلان بەرزبووەوە. کوڕیژگەکە، بەردەوام دەیگوت: "با بۆ ماڵ بڕۆینەوە! " لێ جیلین حەزی نەدەکرد بڕواتەوە.

سەرەنجام زڤڕینەوە. جیلین لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " ئێستا کە ئاراستەی ڕێگاکەم بۆ دەرکەوتووە، کاتی هەلاتن هاتووە! "

ئیدی بیری لەوە کردەوە کە ئەو شەوە هەڵێت. شەو زۆر تاریک بوو، مانگ بەرەو ئاوابوون دەچوو. بەلام لە بەد شانسی ئەودا، تاتارەکان هەمان شەو بۆ گوند گەڕانەوە. ئەم تاتارانە عادەتەن بەدەم گفتوگۆ وپێکەنینەوە پەز وڕانەکانیان وەپێش دەدا و دەگەڕانەوە. بەڵام ئەم چەلە بە بێ پەز وڕان زڤڕی بوونەوە. ئەوەی هێنابوویانەوە جەنازەیەک بوو، جەنازەی برایەکی کابرای ڕدێن سوور بوو کە کوژرابوو. بە خەمباری و خەمینی گەڕابوونەوە. هەموو پیاوانی گوند گردبوونەوە تا جەندەکی یارۆی کوژراو بەخاک بسپێرن. جیلینیش چوو تا تەمەشا بکات.

جەنازەکەیان لە کفنێکی سپیەوە پێچا وبە بێ تابووت بۆ دەرێی گوندەکەیان برد، لە سەر چیمەنی ژێر چەند دارچنارێکدا دایاننا. ئەوسا مەلاو پیرەمێردان هاتن، شاشکەکانیان لە ملیان ئالاند، پێڵاوەکانیان داکەند، لە تەنیشت یەکەوە، لە نزیک جەنازەکەوە، بە چیچکانەوە لە سەر پاژنەی پێیان هەڵتروشکان.

مەلا لە پێشەوە بوو، سێ پیرەمێردی کەشیدە بەسەر لە دوایەوە ڕیز بوون، تاتارەکانی دیکەش لە دووی ئەوانەوە ڕیز بوون. هەمووان خەمبار وخەمین چاویان بڕی بووە عاردی وبەبێ دەنگی دانیشتبوون. ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەوە تێپەڕی تا مەلا سەری هەڵبڕی و گوتی: " ئەڵڵا! " تەنیا ئەو وشەیەی گوت، دووبارە هەموویان سەریان دانەواندەوەو . دیسان ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون. بێ جووڵە لە جێی خۆ دانیشتبوون. نە جووڵەیان دەکرد و نە ورتەیەکیان لێوە دەهات. دیسان مەلا سەری هەڵبڕی و گوتی: "ئەڵڵا " هەموو لە دوایەوە گوتیانەوە ئەڵڵا، ئەڵڵا. دیسان بێدەنگی. تەرمەکە لە بەردەمیانا و لەسەر چیمەنەکە دانرابوو. خەڵکەکەش بە ڕادەیەک بێ جوولە بوون لە تۆ وایە ئەوانیش مردوون. کەسیان نەدەچووڵان. جگە لە خشەخشی گەڵای دار چنارەکان کە بە دەم شنە باوە، دەهەژان، هیچ دەنگێکی دی نەدەبیسترا. ئەوجا مەلا دوعایەکی خوێند. هەموو هەستان. جەنازەکەیان هەڵگرت وبردیان بۆ لای چاڵەکە، چاڵەکە چاڵێکی ئاسایی نەبوو. لە شێوەی سەردابێکی چکۆلەی ژێر زەمین ئاسادا هەڵکەندرابوو. دەست و لاقی جەنازەکەیان گرت و بە ئەسپایی خستیانە ناو چاڵەکەوە و هەر دوو دەستیان لە سەر سینگی قەد کرد.

نۆکەرەکە باوەشێک زەلی هێنا، چاڵەکەی لە زەل پڕ کرد و بلەز خۆڵیان بە سەردا کرد. ئەوسا خۆڵ و گڵەکەیان تەختکرد. ئەوسا کێلێکیان لەم سەر و لەو سەری گۆڕەکە چەقاند. ئەرزەکەیان کوتایەوە. دووبارە بە ڕیز بە دیار گۆڕەکەوە دانیشتن. ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون. سەرەنجام هەستان و بەدەم یا ئەڵڵا و ئەڵڵاهو ئەکبەرەوە ئاهیان هەڵکێشا.

تاتارە ڕدێن سوورەکە، سەر و بڕێک پارەی بە پیرەمێرەکان دا. ئەوسا ئەویش هەستا. قامچییەکی هەڵگرت و سێ جاران کێشای بە تەپڵی سەری خۆیدا و بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە.

جیلین، ڕۆژی دوایی، لای بەیانی کابرای تاتاری ڕدێن قرمزی بینی لە گەڵ سێ کەسی دیکەدا بارگیرێکی بۆ دەرێی گوند ڕادەدا. وەختایەک لە گوند وەدەرکەوتن، یارۆی تاتاری ڕدێن قرمز پاڵتۆکەی داکەند. قۆڵی لێ هەڵماڵی، بازووە ئەستوورەکانی وەدەرکەوتن، خەنجەرەکەی هەڵکێشا، بە بەردێکی

زبر تیژی کردەوە. ئەو تاتارانەی لە گەڵی بوون، سەریبارگیرەکەیان گرت. ڕدێن قرمز خەنجەرەکەی بە ملی بارگیرەکەدا هێنا و سەری بڕی. پیرە بارگیر تەختی زەوی بوو. دەستی بە کەوڵ کردنی ئەسپەکە کرد، بە دەستە گەورەکانی پێستەکەی کەوڵ کرد. پاشان ژنان و منداڵان هاتن. تا ورگ و ڕیخۆڵە و جەرگ و هەناوی بارگیرەکە بشۆن. هەنکێ بارگیرەکەیان لەت و پەت کرد و بە لەت و پەتکراوی بۆ ماڵ کابرای ڕدێن سووریان بردەوە. هەموو خەڵکی گوند بۆ بەشداری لە دەعوەت وزیافەتی مردوو، لە ماڵی کابرای ڕدێن سوورا کۆبوونەوە. خەڵکی گوند سێ دانە ڕۆژ گۆشتی یابو و بوزایان خوارد وخواردەوە و دوعای خێریان بۆ مردووەکە کرد. هەموو تاتارەکان لە گوندا بوون. جیلین، لە ڕۆژی چوارەمدا، لە کاتی نانی نیوەڕۆدا، دیقەتی دا کە خەریکە خۆ ئامادە دەکەن تا لە گوندێ بچنە دەرێ. ئەسپان هێنران و خۆیان ئامادە کرد. سواری ئەسپەکان بوون، کەوتنەڕێ. نزیکەی دە زەلام بوون، ڕدێن سووریشیان دەگەڵ بوو. لێ عەبدول مراد، لە گوندێ مایەوە. مانگ لە سەرەتادا بوو، شەو هێشتا تاریک بوو.

جیلین دەبیرەوە چوو، " ئەمشەو شەوی هەڵاتنە! " پاشان بە کوستیلینی گوت، لێ کوستیلین جورئەتی نەکرد. گوتی: " چۆن دەکرێ هەڵێین، لە کاتێکا ڕێگا نازانین "

- من ڕێگا بەڵەدم.

کوستیلین گوتی: " ئەگەر ڕێگاش بەڵەد بی، ناتوانین بە شەوێک خۆ بگەیەنینە قەڵاکە.

جیلین گوتی: " ئەگەر نەگەیشتین، لە لێرەوار و بێشاندا دەمێنینەوە. تەمەشاکە، بڕێک پەنیرم شاردووەتەوە . ئاخر مانەوەمان لێرە وبەدەم خەم خواردنەوە چ سوودێکی هەیە؟ ئەگەر سەربەهایەکەت بۆ بنێرن هەر نەیسە... ئەدی ئەگەر ئەو پارەیەیان پێ هەڵنەسووڕا؟ تاتارەکان حاڵی حازر تووڕەن چونکە ڕووسەکان یەکێکیان لێ کوشتوون، ئەمانە باسی کوشتی ئێمە دەکەن."

کوستیلین کەمێک لە فکران ڕۆچوو و گوتی: " باشە با بڕۆین."

جیلین، خۆی بە کونەکەدا کرد، گەورەی کردەوە تا کوستلینیش بتوانێ لێوەی دەربچێت. ئەوسا بە دوو قۆڵی چاوەڕوانیان کرد، تا چاوی گوند بچێتە خەو.

بێدەنگی باڵی بە سەر دنیادا کێشا. جیلین لە ژێر دیوارەکەوە دەرچوو، ئەوسا بە چپە بە کوستیلینی گوت: " وەرە. "

کوستیلین خۆی بە کونەکەدا کرد، لاقی لە بەردێک گیر بوو، دەنگێک لە بەردەکە بەرز بووەوە. ئاغا سەگێکی دڕی هەبوو، سەگێکی بازگ بوو، ناوی ئولیاشین بوو. ئولیاشین گوێی لە دەنگی بەردەکە بوو ودەستی بە وەڕین کرد. سەگانی دیکەش بە دوای ئەودا کەوتنە وەڕین. جیلین فیکەیەکی هێواشی بۆکرد و پارچە پەنیرێکی بۆ هەڵدا. ئولیاشین جیلینی دەناسی، بۆی کەوتە کلکە لەقێ و لە وەڕین کەوت.

بەڵام یارۆی تاتاری خودانی هەر دوو یەخسیرەکەش گوێی لە حەپەی سەگەکە بوو و لەنێو کوختەکەوە هاواریکرد: " ئەهۆی هۆی، ئولیاشین! "

جیلین، کەوتە خوراندنی پەنا گوییی سەگەکە. سەگەکە هێور بووەوە و خۆی لە لاقی وی هەڵسوو و دووبارە کەوتە کلکە سووتێ.

جووتە پیاو، ماوەیەک خۆیان دایە پەنایەک. بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکا کێشایەوە. بەرخێک لە نێو ئاغەڵەکەوە پژمی ودەنگی ئاوی ڕووبارەکە کە خۆی بە بەردەکاندا دەکێشا، دەهاتە گوێ. دنیا زۆر تاریک بوو، ئەستێران بە ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. مانگی نوێ کە ئەم لاو ئەولای ڕوو لە ئاسمان بوو، سوور دەچووەوە و بەرەو کەلی ئاوابوون دەچوو. تەم و مژی ناو دۆڵەکان وەکو شیر سپی دەچوونەوە.

جیلین هەستا وگوتی: " هاوڕێ بکەوە ڕێ " کەوتنەڕێ. لێ هەرکە چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن، گوێیان لە دەنگی مەلا بوو کە لە سەربانەوە بانگی دەدا: " ئەڵڵاهو ئەکبەر... بە ناوی خوای دەهەندە ودلۆڤان... وەرنە نوێژێ! " ئیدی بۆیان دەرکەوت کە دێهاتیەکان بە نیازی نوێژ بۆ مزگەوت دەچن.

ناچار خۆیان دایە پەنای دیوارێک. ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیان کرد تا هەموو خەڵکەکە ڕەتبوون. سەرەنجام بێدەنگی دووبارە بەرقەرار بوو.

" دەی با بڕۆین بە تەمای خوا " نیشانەی خاچیان کێشا ودووبارە کەوتنەڕێ. لە مەیدانێکەوە تێپەڕین. ئەوسا بە گردێکا بەرەو ڕووبارەکە نشێو بوونەوە . گەیینە ڕووبارەکە و پەڕینەوە . لەناو دۆڵەکەدا درێژەیان بە ڕێگای خۆ دا.

دنیا تەمتومانێکی چڕ بوو، لە عاردی تەم ومژ بوو، لێ ستێران بە بەرزی ئاسمانەوە، چریسکە چریسک پرشنگیان دەدا. جیلین بە گوێرەی ئەستێرەکان ڕێی دەکرد. لەو تەمتومانەدا هەوا سارد وڕێکردن ئاسان بوو. پێڵاوەکانیان کە کۆن ودڕاوبوون، ئازاریان دەدان. جیلین پێڵاوەکانی داکەندن و تووڕی دان و بە پێ خاوسی ڕێی دەکرد. لەم بەردەوە بازی دەدایە سەر ئەو بەرد وئەستێرەکانی کردبوو بە ڕێنوێنی خۆ. کوستیلین دوای کەوت وگوتی: "هێواشتر بڕۆ، ئەم پێڵاوە تەنگە پێمی بریندار کردووە."

جیلین گوتی: " دایکەنە! ڕێکردن بە پێی پەتی ئاسانترە."

کوستیلین، پێی پەتی کرد. بەڵام حاڵی خراتر بوو، بەرد پێی بریندار کرد وزیاتر دواکەوت.

جیلین گوتی: "ئەگەر پێت بریندار بن چاکدەبنەوە. بەڵام ئەگەر تاتارەکان بمانگرن، بێگومان دەمانکوژن، کە زۆر لە زامدار بوونی لاق خراپترە. "

کوستیلین هیچی نەگوت. درێژەی بە ڕێکردن دا. بەردەوام دەیناڵاند. ماوەیەکی زۆر بە نێو دۆڵەکەدا ڕێیان کرد. پاشان لە قۆڵی ڕاستەوە حەپەی سەگیان هاتە گوێ. جیلین وەستا، ڕوانییە دەوروبەر. کەوتە هەڵگەڕان بە گردەکەدا، بە دەستەکانی ڕێگاکەی سەح دەکردەوە، گوتی: " ڕێگاکەمان هەڵە کردووە. لە ڕادەبەدەر بە قۆڵی ڕاستا هاتووین. گوندێکی دیکە دیارە. هەمان ئەو گوندەیە کە لە سەر گردەکەوە دیتبووم. دەبێ بگەڕێینەوە و بە گردەکەی دەستە چەپا هەڵگەڕێین. دەبێ بێشەیەکمان بێتەڕێ."

کوستیلین گوتی: یەک خولەک سەبربکە، با نەفەسێ تازە بکەمەوە، هەر دوو پێم زامدار بوون و خوێنیان لێدەچۆڕێ."

- هاوڕێ گوێ مەدەیە، ساڕێژ دەبنەوە. دەبێ بە بازدان باز بدەیت، ئە ئاوها! " ئەوسا جیلین بە غاردان گەڕایەوە، بە گردەکەدا بەرەو بێشەکە هەڵگەڕا. بەڵام کوستیلین هێشتا هەر لە دواوەوە بوو و دەینالاند. جیلین گوتی: " بێدەنگ " ولە سەر سەرکەوتنی خۆی بەردەوام بوو.

لە گردەکە سەرکەوتن، وەکو جیلین گوتبووی، بێشەیەکیان هاتەڕێبە نێو دڕو وتوتڕکاندا ڕێی خۆیان کردەوە. جلەکانیان کە شڕ بوو، ئەوەندەی دی شڕو وڕ بوون، سەرەنجام گەیینە سەر ڕێگایەک. ملی ئەو ڕێیەیان گرت.

" ئیست! " گوێیان هەڵخست، دەنگی سمی ئەسپ لە سەر ڕێگاکەوە دەهات. گوێ قوڵاخ لە جێی خۆ چەقین. دەنگی پێی ئەسپ بوو. بەڵام لە پڕ نەما. کەوتنە ڕێ. دیسان دەنگی سمی ئەسپ هات. وەستان، دەنگی پێی ئەسپەکەش نەما. جیلین، بە ماتەمات چووەپێشەوە. نزیک بووەوە. شتێک لە ناوەندی ڕێگاکە وەستا بوو. دنیا زۆر تاریک نەبوو. شتەکە لە ئەسپ دەچوو، بەڵام ئەسپیش نەبوو، شتێکی سەیری بە سەرەوە بوو کە لە ئینسان نەدەچوو. جیلین گوێی لە پرخەپرخی بوو " تۆ بڵێی ئەمە چی بێ؟ " جیلین فیکەیەکی سووکی کێشا. حەیوانەکە هەڵات و بە هەشتاو خۆی بە دەوەنە جاڕەکەدا کرد و دەنگی شکانی لق و پۆپێن دار و دەوەنان بەرز بووەوە،دەتگوت گێژە لووکەیەک خۆی بە ناو دار و دەوەنەکاندا دەکرد و لق و پۆکانی دەشکاند.

کوستیلین، بەڕادەیەک ترسابوو، کە کەوتە سەر ئەرزەکە. لێ جیلین پێکەنی وگوتی: " گا کێویە. ئەدی گوێت لێ نییە چۆن بە شاخەکانی لق و پۆپی دارەکان دەشکێنێ؟ ئێمە لەوە دەترساین کە چی ئەو لە ئێمە دەترسێت! "

ئەوسا، دەستیان بە ڕیکردن کردەوە. ورچی گەورە خەریک بوو ئاوا دەبوو. دنیا خەریک بوو ڕوناک دەبووەوە. بەیان دەنگاوت.

نەیاندەزانی ئاخۆ ڕێگاکەیان دروستە یان هەڵەیە. جیلین وای وێنا دەکرد ئەمە هەمان ڕێگایە بوو کە تاتارەکان لێرەوە ئەویان بۆ گوندەکە بردبوو. هێشتا حەوت میلیان بۆ قەڵا ڕووسیەکە مابوو. بەڵام هیچ نیشانەیەک دیار

نەبوو تا بە تەواوی دڵنیا ببێت. هەڵبەتە ئاساییە پیاو بە شەو ڕێگەی لێبگۆڕێ.

دوای ماوەیەک گەیینە مەیدانێکی ڕووتەن. کوستیلین لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشت. گوتی: " چیت پێخۆشە وابکە. من ئیدی تەواو، یەک هەنگاوم پێنانرێ، لاقم لە دووم نایەن. "

جیلین، هەوڵیدا قەناعەتی پێبێنێ. بەڵام ئەو گوتی:

- نا، دەزانم ناتوانم بگەمە قەڵاکە، بڕناکەم!

جیلین، تووڕە بوو و بە زبری گوتی: - دەی باشە، هەر خۆم دەڕۆم، خوا حافیز!

هەنگێ کوستیلین هەستایە سەرپێیان و دووی کەوت. پێنج کیلومەتری دیکەیان بڕی. تەم و مژی ناوبێشەکە چڕتر بووەوە بە ئاستەم بەرپێی خۆیان دەبینی. ئەستێرەکانیش ڕەنگیان بواردبوو. لە ناکاوا ولە پێش خۆیانەوە گوێیان لە دەنگی سمی ئەسپان بوو. دەنگی ناڵی ئەسپەکە کە بەر بەرد دەکەوت زۆر ئاشکرا بوو. جیلین، لە ئەرزەکە پاڵکەوت و گوێی بە ئەرزەکەوە نا. گوتی: " بەڵێ، سوارێک بەرەو ئێمە دێ."

بە هەشتاو لە ڕێگاکە دوور کەوتنەوە، خۆیان لە دەوەنە جاڕەکەدا مات داو چاوەڕوانیان کرد. جیلین، بە ماتەمات لە ڕێگاکە نزیک بووەوە، سەرێکی کێشا، تاتارێکی بە سواری ئەسپێکەوە بینی کە چێڵێکی دابووە پێش و لەبەر خۆوە سۆزەی دەکرد. تاتارەکە لێیان تێپەڕی. جیلین بۆلای کوستیلین زقڕییەوە. گوتی:

- خوا ڕەحمی پێکردین، تێپەڕی و ئێمەی نەبینی . هەستە با بڕۆین! "

کوستیلین هەوڵیدا هەستێت، بەڵام خۆی بە پێوە نەگرت و کەوت.

- ناتوانم، بە شەرەفم ناتوانم، تەواو بەبەرمەوە نەماوە!

کوستیلین قەڵەو و قورس بوو، ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. پریشکی تەمەکە فێنکی کردەوە. پێیەکانی یەکپارچە خوێن بوون. تەواو شەل بووبوو.

جیلین دەستی دایە ژێر باڵی تا بەرزی بکاتەوە. کوستیلین لە ناکاوا هاواریکرد: " وای چەند دێشێت!"

جیلین خەریک بوو دڵی بوەستێ وگوتی: " بۆ هاوار دەکەی؟ خۆ یارۆی تاتاری هێشتا لەم نزیکانەیە. بێگومان گوێی لە دەنگت بووە. " لە دڵی خۆیدا گوتی: " لە پێ کەوتووە. چی لێبکەم؟ برادەرە، خۆ ناکرێ بە جێی بێڵم!"

"دەی باشە، هەستە وەرە کۆڵم. ئەگەر بە ڕاستی ناتوانی بڕۆی، من دەتکەمە کۆڵ." بەهەر حاڵ کوستیلینی کردە کۆڵ و دەستی نایە ژێر ڕانەکانی ئەو وکەوتەڕێ. گوتی:

" مەعز بۆ خوا، دەستەکانت مەکە ملم، دەخنکێم، دەستت بخە سەر شانەکانم."

بارەکەی جیلین قورس بوو، پێی ئەویش بریندار بووبوون. ماندوو بوو. ناوبەناو دەوەستا تا کوستیلین هاوسەنگ بکاتەوە. تەکانی دەدا تا لەسەر پشتی ئەم بەرزتر ببێتەوە. ئەوجا درێژەی بە ڕێگە دەدا.

دیارە کابرای تاتاری گوێی لە هاوارەکەی کوستیلین بووبوو. جیلین لە ناکاوا گوێی لە دەنگی کەسێک بوو بە زمانی تاتاری هاواری دەکرد و بە سواری ئەسپێک بە تاو لە دووی ئەمانەوە دەهات. سوارەکە وەکو تیر خۆی بە ناو دار ودەوەنەکاندا کرد، تفەنگەکەی دەرهێنا وکەوتە تەقە، گوللە بەر کەسیان نەکەوت، کابرای تاتار بە زمانی خۆی شتێکی دەگوت و بە چوار ناڵە خۆی گەیاندە سەر ڕێگاکە.

جیلین گوتی: " هاوڕێ کارمان تەواو بوو، ڕێگاکەمان لێگۆڕاوە. ئێستا ئەم تاتارە سەگ باوکە دەڕوات خەبەر بە تاتارەکانی دی دەدات، ئەوانیش دێن بە کڵاو دەمانگرن. ئەگەر چەند میلێک لەم ناوە دوور نەکەوینەوە، کارمان کراوە، بێگومان تیا دەچین!" لە دڵی خۆیدا گوتی: " نەعلەت لە شەیتان! ئەمە چی بوو لە خۆمم کرد بە بار، ئەم بارە چی بوو لە خۆمم نا؟ ئەگەر هەر خۆم بوایەم، حەوت زەمان بوو لێرە دوور کەوتبوومەوە.

کوستیلین گوتی: " بە تەنیا بڕۆ! بۆچی بە سایی منەوە تیا بچیت؟"

- نا نارۆم! بە جێهێشتنی هاوڕێ نامەردییە.

دیسان کوستیلینی کردە کۆڵی. نزیکەی یەک کیلۆمەتری تریان بەو حاڵەوە بڕی. هێشتا لە ناو لێرەوارەکەدا بوون وئەو سەری بێشەکەیان لێوە دیار نەبوو. تەم ومژەکە خەریک بوو دەڕەوییەوە. هەوران بەری ئاسمانیان دەگرت و ستێران بە دەرەوە نەمان. جیلین، پەکی بوو. گەیینە ئاستی کانیاوێک، کە دیوارێکی کەڵەکەچنیان لە دەوری دروست کردبوو. جیلین وەستا وکوستیلینی لە کۆڵی داگرت. گوتی: " با پشوویەک بدەم و تۆزێ ئاو بخۆینەوەو کەمێک پەنیر بخۆین. باوەڕ ناکەم ڕێگایەکی زۆرمان مابێت!" بەڵام هێشتا فریای ئەوە نەکەوتبوون ئاو بخۆنەوە ، لە ناکاوا دەنگی سمی ئەسپان لە دواوە هاتە گوێ. دووبارە خۆیان بە نێو دەوەنەجاڕەکەدا کرد وبە دەستە ڕاستا و لە سەرەو لێژییەکدا، ڕاکشان.

دەنگی تاتاران هات، لە هەمان ئەو شوێنەدا کە لە ڕێگاکە لایاندابوو وەستان. لە گەڵ یەکدا کەوتنە قسان. ئەوسا سەگێکیان بەرەڵڵا کرد تا بە بۆن بیاندۆزێتەوە. ئەوسا دەنگی شکانەوەی چل و چێوان هات. سەگێکی نامۆ لە پشت دەوەنەکانەوە پەیدا بوو. هەڵوەستەیەکی کرد وکەوتە وەڕین.

ئەوسا تاتارە غەریبەکان هاتن، جیلین و کوستیلینیان دەستگیر کرد و دەست ولاقیان بەستنەوەو خستیاننە سەر دوو ئەسپ و کەوتنە ڕێ.

دوای سێ کیلومەترە ڕێ، تووشی عەبدول مرادی خاوەنیان بوون، کە دوو تاتاری دیکەی بە دواوە بوو. دوای هەندێک قسان دەگەڵ تاتارە بێگانەکاندا، جیلین و کوستیلینی سواری ئەسپەکانی خۆی کردن و بۆ گوندەکە گەڕایەوە.

عەبدول مراد، ئەوکاتە پێنەکەنی ویەک قسەشی لە گەڵ نەکردن. لە گەڵ بەیاندا دووبارە گەیینەوە گوندەکە. لە سەر جادەکە دایان گرتن. منداڵان لە دەوریان خڕ بوونەوە، هاواریان دەکرد و بە بەرد و قامچی تێیان بەربوون.

تاتارەکان لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە. ئەو پیرەمێردەشیان لەگەڵ بوو کە لە بناری گردەکە دەژیا. کەوتنە گفتوگۆ. جیلین گوێی لێبوو، باسی ئەوەیان دەکرد کە چی لەو و کوستیلین بکەن. هەندێکیان دەیانگوت دەبێ بۆ کۆسارە

دوورەکان ڤڕێ بکرێن. بەڵام پیرەمێردەکە ڕژدبوو لە سەر ئەوەی: " دەبێ بکوژرێن! "

بەڵام عەبدول مراد گوتی: " من پارەم لە برییان داوە، بە کڕین کڕیومن، دەبێ سەر بەهاکەیان وەربگرم!" پیرەمێردەکە گوتی: " هیچت نادەنێ. تەنیا سەر یەشەت بۆ دروست دەکەن. نادان و بەخێو کردنی ڕووس گوناحە. بیانکوژە و ببڕێتەوە!"

ئەوسا بڵاوەیان لێکرد. کە ئەوان ڕۆیشتن عەبدول هات بە لای جیلینەوەو گوتی: " ئەگەر تا دوو هەفتەی دیکە سەر بەهاکەتان نەگا، دەتانگرمە ژێر شەلاخان و ئەگەر جارێکی دی هەوڵی هەڵاتن بدەن، وەکو سەگ دەتان تۆپێنم. نامە بنووسن، نامەی دروست بنووسن.

قەڵەم و کاغەزیان بۆ هێنان ودوو نامەیان نووسی. دووبارە کۆت و زنجیریان لە پێ کردن. بردیانن بۆ پشت مزگەوتەکە. لەوێندەر خستیاننە چاڵێکی قووڵەوە کە پانتاییەکەی چوار مەتری چوارگۆشە بوو.

( ٦ )

ئێستا ژیانیان بە ڕاستی سەخت و دژوار بووبوو. هەرگیز کوت و پێوەندەکانیان لێ نەکردنەوەو ڕێگەیان نەدەدا بێنە دەرێ و هەوایەک بگۆڕن و بایەکی باڵ بدەن. وەکو سەگ، گونکە هەویریان بۆ هەڵدەدان و ئاوی خواردنەوەیان لە قوتوویەکی تەنەکەدا بۆ شۆڕ دەکردنەوە.

چاڵەکە تەنگ وشێدار بوو. بۆگنخێکی ناخۆشی لێدەهات. کوستیلین خراپ نەخۆش کەوت. لەشی ئاوسا، ئازاری زۆر بوو. ئازای گیانی دەیزریکاند، یا دەینالاند یا دەخەوت.

جیلین، خەمینی دایگرتبوو. تروسکەی ئومێدی بە دی نەدەکرد، هیچ ڕێگایەکی هەڵاتنی شک نەدەبرد. هەولیدا، کونێک هەڵکەنێ، بەڵام نەیدەزانی گڵەکەی بکاتە کوێ. خاوەنەکەی هەستی بەمە کرد. بۆیە هەڕەشەی کوشتنی لێکرد.

ڕۆژێک بە نائومێدی لە نێو چاڵەکەدا دانیشتبوو، بیری لە ڕزگاری دەکردەوە. دڵی زۆر تەنگ بوو. لە ناکاوا کولیچەیەک کەوتە باوەشییەوە. نەخێر کولیچەیەکی دیکەی بە دوودا هات. دوای کولیچەکان بە لێشاو گێلاسی بەسەرا داباری. سەری هەڵبڕی، سەیری کرد دنیا بوو! دنیا تەمەشای کرد، پێکەنی و بە هەشتاو ڕۆیی. جیلین دەبیرەوە چوو: " دوور نییە دنیا یارمەتیم بدات!"

گۆشەیەکی بچووکی چاڵەکەی پاک کردەوەو تەختی کرد. کەمێک گڵی هەڵکەندو دەستی بە دروستکردنی بووکەڵە کرد.

ژمارەیەک بنیادەم وئەسپ و سەگی دروستکرد و لە دڵی خۆیدا گوتی: " هەرکاتێ دنیا بێت، ئەمانەی بۆ هەڵدەدەمە سەرەوە."

دنیا ڕۆژی دووەم نەهات. جیلین گوێی لە دەنگی سمی ئەسپان بوو. چەند سوارێک بەلایاندا تێپەڕین، تاتارەکان لە مزگەوتەکەدا کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییان هەبوو. ئیدی بە دەنگی بەرز گەنگەشەیان دەکرد. چەندینجار وشەی " ڕووس " دووبارە کرایەوە. دەنگی کابرای پیرەمێری شاشک بە سەری دەناسییەوە. هەرچەندە لە هەموو قسەکانیان حاڵی نەدەبوو، بەڵام بە مەزەندە بۆی دەرکەوت کە دەبێ سەربازانی ڕووس لەو نزیکانە بن و تاتارەکان نیگەرانی ئەوە بوون کە نەبا سەربازە ڕووسەکان بێنە ناو گوندەکەوە. نەیاندەزانی چی لە دیلەکان بکەن.

دوای ئەوەی ماوەیەک گفت وگۆ وگەنگەشەیان کرد، بڵاوەیان لێکرد. جیلین لە ناکاوا گوێی لە دەنگێک بوو کە لە سەرووی چاڵەکەوە هات. سەری هەڵبڕی، سەیری کرد دنیا بە دیار چاڵەکەوە هەڵکوڕماوەو بە جۆرێ سەری شۆڕ کردووەتەوە کە ئەو دراوانەی کردبوونی بە ملوانکە بە جوانی دەبینران. چاوەکانی وەکو ئەستێرە دەدرەوشانەوە. دوو پارچە پەنیری لە ئاسینی کراسەکەی دەرهێنان و بۆ جیلینی خستنە خوارەوە.

جیلین پەنیرەکانی گرتەوەو گوتی: " بۆچی دوێنێ نەهاتی، چەند بووکەڵەیەکم بۆ دروست کردبوویت! " بووکەڵەکانی یەک یەک بۆ هەڵدایە سەرەوە. بەڵام دنیا سەری با دا و تەمەشای بووکەڵەکانی نەکرد، وگوتی: "

بووکەڵەم ناون." ماوەیەک بە بێدەنگی دانیشت. پاشان گوتی: " ئیڤان گەرەکیانە بتکوژن" و بە دەست ئامازەی بۆ گەردنی خۆی کرد.

- کێ دەیەوێ بمکوژێت؟

- باوکم. پیرەمێرد دەڵێت کوشتنت فەرزە. من دڵم پێت دەسووتێ!

جیلین گوتی: " ئەگەر دڵت پێم دەسووتێ، ئەستوونێکی داری درێژم بۆ بێنە."

کیژێ سەری بادا. یانی کە ناتوانم. جیلین هەر دوو دەستی تێک ئاڵاندن ولێی پاڕایەوە: " دنیا، تکات لێدەکەم بۆمی بێنە، دنیای ئازیز تکات لێدەکەم! "

دنیا گوتی: - ناتوانم، هەمووان لەماڵەوەن، دەم بینن.

ئەو قسەیەی کرد وڕۆیی.

دەمەو ئێوارێ جیلین هێشتا لە جێی خۆی دانیشتبوو وناو بە ناو سەیرێکی سەرەوەی دەکرد. نەیدەزانی چی ڕوودەدات و چارەنووسی چی دەبێت. ستێران هەڵهاتن. لێ مانگ هێشتا هەڵنەهاتبوو. دەنگی بانگ بەرز بووەوە. پاشان دنیا کڕ وکپ بوو. جیلین حایرو سەرسام بیری لەوە دەکردەوە کە کیژێ ناوێرێ داواکەی جێبەجێ بکات.

لە ناکاوا گڵەکە بە سەریا ڕژا. سەری هەڵبڕی، سەیری کرد ئەستوونێکی درێژ بە قەراخی چاڵەکە دەکەوێ. سەرەنجام گەییە بنکی چاڵەکە. جیلین زۆر خوشحاڵ بوو. سەری ئەستوونەکەی گوت و ڕایکێشایە خوارەوە. ئەستوونێکی زۆر قایم و پتەو بوو. پێشتر لە سەربانی کوختەکەی ئاغادا دیتبووی.

چاوی هەڵبڕی. ئەستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. ڕێک لە قەراخ چاڵەکەوە چاوانی دنیا، وەکو چاوێن پشیک دەبریقانەوە، بە ئەسپایی گوتی: "ئیڤان، ئیڤان! "

دەستی لە بەردەم دەم و چاوییەوە تەکان دەدا، بۆ ئەوەی تێی بگەیەنێ کە بە ئەسپایی قسە بکات.

جیلین گوتی: "چییە؟ "

- هەمووان ڕۆیشتن تەنیا دووکەس نەبێ...

هەنگێ جیلین گوتی: " دەی کوستیلین ڕابە، با هەوڵێکی دیکە بدەین، من یارمەتیت دەدەم تا سەر بکەویت! "

بەڵام کوستیلین، بە گوێی نەکرد، گوتی: " نا، دیارە کە من ناتوانم لێرە بجووڵێم. چاوەڕوانی چی لە مەیتێکی وەکو من دەکەی. من ناتوانم لە جێی خۆم ئەم دیو و ئەو دیو بکەم، چ جای هەڵاتن؟"

- "کەواتە خواحافیز، گلەییم لێ مەکە! "

ئەوسا یەکتریان ماچ کرد. جیلین ئەستوونەکەی گرت وبە دنیای گوت سەری ئەستوونەکە بگرێت و ئیدی بە ئەستوونەکەدا هەڵزنا. یەک دوو جاران خزی. پێوەند و زنجیرەکە ڕێگەی نەدەدا. کوستیلین ژێر پای گرت. گەییە سەر چاڵەکە. دنیا بە دەم پێکەنینەوەو بە دەستە چکۆلەکانی گرتی و بۆ سەرەوەی ڕاکێشا. گەییە سەرەوە. ئەستوونەکەی هەڵکێشایە سەرەوە وگوتی: " دنیا گیان ئەمە ببەوە شوێنی خۆی، دەنا پێ دەحەسن و لێت دەدەن."

دنیا ئەستوونەکەی بە ڕاکێش ڕاکێش برد. جیلین لە گردەکەوە داگەڕا. کە لە گردەکەوە داگەڕا وگەییە بنار، بەردێکی تیژی هەڵگرت، تا قفڵی پێوەندەکەی پێ بشکێنێ. قفڵەکە زۆر قایم بوو، نەدەهاتە شکاندن. ئەوسا گوێی لە دەنگی پای کەسێک بوو کە لە گردەکەوە دادەگەڕا. لە دڵی خۆیدا گوتی "ڕەنگە دنیا بێ."

دنیا هات، بەردێکی هەڵگرت وگوتی: " بێنە با من تاقی بکەمەوە"

ئەوسا ئەژنۆی دادا. بەڵام مەچەکە چکۆلەکانی کە بەئەندازەی چڵە دارێکی باریک بوو، هێزی پێویستیان تیا نەبوو. بەردەکەی تووڕ داو دەستی بە گریان کرد. جیلین، سەرلەنوێ خەریکی قفڵەکە بوو. دنیا بە لایەوە دانیشت و دەستی نایە سەر شانی.

جیلین، چاوی بە دەوروبەردا گێڕا. بە دەستە چەپا و لە پشت گردەکەوە ڕووناکییەکی سوور دیار بوو. مانگ خەریک بوو هەڵدەهات. لە دڵی خۆیدا گوتی: " پێش ئەوەی مانگ هەڵبێ دەبێ لە دۆڵەکە دەرچم و خۆ بگەیەنمە بێشەکە. بەردەکەی تووڕدا و بە کۆت و زنجیرەکەوە کەوتە ڕێ و گوتی: " دنیا گیان خوا حافیز! هەرگیز لە بیرت ناکەم!"

دنیا، ڕایگرت، دەستی بە گیانیا گێڕا، تا شوێنێک بدۆزێتەوە، ئەو پەنیرەی تیا دانێت کە بۆی هێنابوو.

جیلین پەنیرەکەی لێوەرگرت وگوتی: " زۆر سوپاس بچکۆلە دوای من کێ بووکەڵەت بۆ دروست دەکات؟" ئەوجا دەستی بە سەریا هێناو قژەکەی نەوازش کرد.

دنیا دەستی بە گریان کرد. دەم و چاوی لە نێو دەستەکانی نا. ئەوسا وەکو کارمامزێک بە هەشتاو بە گردەکەدا هەڵگەڕا و بە دەم ڕاکردنەوە خرینگەی ئەو دراوانە دەهات کە بە گێسووەکانیەوەی هەڵواسیبوون.

جیلین، نیشانەی خاچی کێشا، کۆت وزنجیرەکەی بە دەست هەڵگرت تا دەنگی نەیات. ئەوسا کەوتەڕێ. ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە مانگ خەریک بوو سەری لێوە دەردێنا. ئێستا ڕێگاکە شارەزا بووبوو. ئەگەر ڕاست بڕۆیشتبایە دەبوایە نزیکەی دە کیلۆمەتران بڕوات. خۆزگە بەر لە هەڵاتنی مانگ دەگەییە لێرەوار وبێشەکە! لە ڕووبارەکە پەڕییەوە. ڕووناکی ئەو دیوی گردەکان ڕۆشن تر بوو. دۆڵەکەی بە نیگەرانی بڕی.

مانگ هێشتا بە تەواوەتی دەرنەکەوتبوو. ڕووناکییەکە، زیاتر گەشایەوە. لایەکی دۆڵەکە، سات بە سات ڕووناک و ڕووناکتر دەبووەوە. سێبەرەکان بەرەو پاینی گردەکە درێژ دەبوونەوەو لە جیلین نزیک و نزیکتر دەبوونەوە.

جیلین، بە بەر سێبەرەکاندا ڕێی دەکرد، پەلەی بوو. بەڵام مانگەکە لەو خێراتر بەرز و بەرزتر دەبووەوە. ترووپکی گردەکانی تەواو ڕوناک کردبووەوە. کە گەییە نزیکی بێشەکە، مانگ بە تەواوەتی لە پشت گردەکانەوە دەرهات ودنیای کرد بە ڕۆژی ڕوناک. دنیا بە ڕادەیەک ڕوناکبوو بووەوە، پیاو دەیتوانی یەک بە یەکی گەڵای دارەکان بژمێرێت. گردەکە لە ڕوناکیا نقوم

بوو، بەڵام کڕ وکپ بوو. لە تۆ وایە زیندەوەرێک بە سەر دنیاوە نییە. جگە لە خوڕەی ئاوی ڕووبارەکە کە لە خوارەوە دەهات، هیچ دەنگێکی دی نەدەهاتە گوێ.

جیلین، بێئەوەی تووشی هیچ کەسێک ببێت، بە سەلامەتی گەییە لێرەوارەکە. پەنایەکی تاریکی دۆزییەوە، دانیشت تا پشوویەک بدات. بە دەم دانیشتنەوە پارچەیەکی لە پەنیرەکە خوارد. بەردێکی دۆزییەوەو دیسان کەوتە هەوڵی شکاندنی قفڵی پێوەندەکەی. دەستەکانی بریندار بوون. قفڵەکەی بۆ نەشکا. هەستا و کەوتەڕێ. دوای ئەوەی مەودای کیلومەترێکی بڕی، ماندوویەتی زۆری بۆ هێنا. لاقی زۆر دەیەشان. ناچار بوو هەر دە هەنگاوێک بڕوات و تاوێک بوەستێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "هیچ چارێکم نییە" بە هەر نرخێ بووە دەبێ بڕۆم. ئەگەر دانیشم سارد دەبمەوەو ئیدی ناتوانم هەستم. ناگەمە قەڵایەکە. هەر کە ڕۆژ بووەوە، لە بێشەکەدا خۆم دەشارمەوە و دەخەوم تا شەو دادێ هەنگێ بەڕێ دەکەومەوە.

بە درێژایی شەو، بێوچان ڕێی کرد. دوو تاتاری ئەسپ سوار بە لایا تێپەڕین. بەلام لە دوورەوە گوێی لێیان بووبوو و خۆی لە پشت درەختێکەوە شاردبووەوە.

مانگ زەرد هەڵگەڕا، شەونم وخوناو کەوت. بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. جیلین هێشتا نەگەیی بووە کۆتایی جەنگەڵەکە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "چاکە، سی هەنگاوی دی دەڕۆم و ئەوسا خۆ بە جەنگەڵەکەدا دەکەم و پشوویەک دەدەم."

سی هەنگاوی دی ڕۆیی. سەیری کرد گەییوەتە کۆتایی جەنگەڵەکە. خۆی گەیاندە قەراخ جەنگەڵەکە. دنیا ڕوناک بووەوە. بەردەمی دەشت بوو و قەڵایەک لە ناوەندی ئەو دەشتەدا قوت بوو بووەوە. بە دەستی چەپا ولەنزیکی بناری نشێوەکەدا، ئاگرێک خەریک بوو دەکوژایەوەو دووکەڵەکەی بە دەوروبەرا بڵاودەبووەوە. چەند پیاوێک دەوری ئاگرەکەیان دابوو. زەینی دا. چەند تفەنگێکی بە دی کرد کە دەبریقانەوە. سەرباز بوون، قوزاق بوون!

جیلین لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. هەموو هێزی خۆی کۆکردەوە تا لە لێژایی گردەکەوە داگەڕێت. لە دڵی خۆیدا گوتی: "خوا نەکا ئەسپ سوارێکی تاتار لەم دەشتەدا بمبینێ، هەر چەندە نزیک بوومەتەوە، بەڵام مەحاڵە بتوانم لە کاتی خۆیدا خۆم بگەیەنمە قەڵایەکە." هێشتا لەم خەیاڵە نەبووبووەوە کە لە دووری کەمتر لە دووسەد مەترەوە سێ ئەسپ سواری تاتاری بە سەر گردەکەی دەستە چەپا بەدی کرد. ئەوانیش ئەمیان بەدی کرد و بە تاو بەرەو لای ئەم هاتن. خەریک بوو دڵی بوەستێ. ئیدی بە دەم دەست هەڵتەکاندنەوە، تا دەمی گرتی هاواریکرد: "براینە هاوار، براینە فریام کەون."

قوزاقەکان، گوێیان لە هاوارەکەی بوو. دەستەیەکیان سوار بوون و بە چوارناڵە هاتن تا لە بەردەم تاتارەکانا سەریان دەرهێنا. قوزاقەکان دوور بوون. تاتارەکان نزیک بوون. بەڵام جیلینیش لە تاو گیانی خۆی، پێوەندەکەی هەڵگرت وتا هێز لە لاقیا بوو، بەرەو قوزاقەکان پێی وەغارەوە نا.

خۆیشی نەیدەزانی چ دەکات. لێکدا لێکدا نیشانەی خاچی دەکێشا وهاواریدەکرد: " برایان، برایان، برایان، براکانم! "

قوزاقەکان، نزیکەی پازدە نەفەر بوون. تاتارەکان ترسان، پێش ئەوەی بگەنە جیلین وەستان. جیلین بە دەم کەوتن وهەستانەوەوە خۆی گەیاندە قوزاقەکان. دەوریان داو پرسیار پێچیان کرد. " کێی؟ چیت؟ لە کوێوە دێی؟ "

لێ جیلین، کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دا، خۆی پێ زەوت نەکرا، بە دەم گریانەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: "برایان، برایان."

ئەوسا، سەربازەکانی دیکەش هاتن. لە دەوری جیلین خڕبوونەوە .. هەریەکەو شتێکیان دەدایە... یەکێ نانی دەدایە، یەکێ کولیچە، یەکێکی دیکە ڤودکا، یەکێک پاڵتۆکەی خۆی پێیا داو یەکێکی دی لە پێوەندەکەی وڕوکا تا قفڵ و زنجیرەکەی بشکێنێ.

ئەفسەرەکان ناسییانەوە. سواری ئەسپیان کرد وبۆ قەڵاکەیان بردەوە. سەربازەکان بە هاتنەوەی ئەو خوشحاڵ بوون. هەموو هاوڕێکانی لە دەوری خڕبوونەوە.

جیلینیش، حاڵ و حیکایەتەکەی خۆی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوەو گوتی: " ئەمە بوو حیکایەتی مادوونی و زەماوەندەکەی بەندە! دیارە ئەمە قەدەرو چارەنووسی من بوو! "

ئیدی بەوجۆرە، درێژەی بە خزمەتی قوزاقی "عەسکەری" خۆی دا. دوای مانگێک کوستیلین، پاش ئەوەی پێنج هەزار ڕوبڵ سەربەهای دابوو، ئازاد بوو، کاتێ هێنایانەوە گەیی بووە حاڵی مردن.

ساڵی ١٨٧٠

## ٣- ڕاوە ورچ

" ئەم ڕیسکەی لێرەدا هاتووەتە وەسفکردن لە ساڵی ١٨٥٨ دا بە سەر تولستوی خۆیدا هاتووەو پاش پتر لە بیست ساڵ، لە بەر هەندێک هۆی مرۆڤانی خێرخوازانە، ڕاو و شکاری تەرک کردووە."

چووبووینە ڕاوە ورچ. هاوڕێ ڕاوچیەکەم ورچیکی پێکابوو، بەڵام تەنیا بریندار ی کردبوو، گوللەکەی هەر گۆشتەکەی گرتبوو، ئێسقانی نەگرتبوو. ڕچەی خوێن بە سەر بەفرەکەوە دیاربوو. لێ ورچەکە هەڵاتبوو ودوور کەوتبووەوە.

هەمووما ن لە ناو لێرەوارەکە دانیشتین تا ڕاوێژ بکەین و بڕیار بدەین: کە ئێستا پەیگیری ورچەکە بکەین یان یەک دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکەین تا هێور ببێتەوە؟ لە جووتیارەکانی ئەو دەڤەرەمان پرسی کە ئاخۆ "دەکرێ لە هەمان ڕۆژا پەیگیری ورچەکە بکەین و دەوری بگرین؟ "

یەکێک لە ورچ ڕانە پیرەکان گوتی: " نا شتی وا نابێ، دەبێ وازی لێبێنن تا هێور دەبێتەوە. دوای پێنج ڕۆژی دی دەتوانن دەوری بگرن. بەڵام ئەگەر ئێستا تاقیبی بکەن، دەترسێت و ناحەوێتەوە وهەڵدێ، دەتارێ و دەڕوات."

بەڵام ورچ ڕانێکی گەنج بە پێچەوانەی ورچ ڕانە پیرەکەوە گوتی: " دەکرێ، ئێستاش تاقیبی بکەن ودەوری بدەن."

ئەوسا گوتی: " بەم بەفرە ورچی قەڵەو ناتوانێ زۆر دوور بکەوێتەوە. بەرلەوەی شەو دابێ، لەم دەور وبەرەدا پەنایەک پەیدا دەکات وخۆی تێدەخزێنێ. ئەگەر واش نەکات من کە پێتاوم لە پێدایە، خێراتر لە ورچەکە دەجوڵێم پێشی پێدەگرم."

ئەو هاوڕێیەی دەگەڵ من بوو، دژی تاقیبکرنی ورچەکە بوو. دەیگوت با چاوەڕوان بکەین. پێم گوت، " ئەمە پێویستی بە چەند وچوون نییە! تۆ چۆنت پێ باشە وابکە، بەڵام من لە گەڵ دمیاندا پەیگیری ورچەکە دەکەم، ئەگەر گرتمان، ئەوا چاکە، ئەگەر نەشمان گرت هیچ زەرەرێک ناکەین. هێشتا زۆری ماوە بۆ ڕۆژئاوا. هیچ کارێکی ترمان بەدەستەوە نییە."

قەرارەکەمان وابوو.

ئەوانی دی چوون بە لای خزاکەکانیانەوە وبەرەو گوندی گەڕانەوە . من ودمیان، چەند نانێکمان هەڵگرت ولە لێرەوارەکە ماینەوە. کە ئەوان ڕۆیشتن، من ودمیان تفەنگەکانمان سەح کردەوەو کەوتینە گەڕان بە دووی ورچەکەدا. داوێنی کراسە درێژ و گەرمەکانمان، کرد بە پشتێنەکانماندا. شوێنەواری خوێنەکەمان هەڵگرت وکەوتینە ڕێ. کەش و هەوا باش وئارام و بەستەڵەک بوو. ڕێکردن بەناو بەفرا ئاسان نەبوو، بەفرەکە هەم ئەستوور بوو وهەم نەرم بوو. هەرچەندە دنیا یەخبەنان و ڕێبەنان بوو، بەڵام بەفرەکە نەی بەستبوو. دوێنێ بەفری زۆر باری بوو. پێتاوەکانمان، دە پازدە سانتیم و هەندێجار زیاتریش لە بەفرەکەدا ڕۆ دەچوو.

شوێن پێی ورچەکەمان لە دوورەوە لێدەرکەوت. دەمان بینی لە کوێوە بەرەو کوێندەر ڕۆیی بوو. لە هەندێ شوێنا تا بن زگی لە بەفرەکە ڕۆچوو بوو، بەفرەکەی لە دووی خۆیەوە کێڵابوو. تا لە نێو درەختە زەلامەکانا بووین، جی پای ورچەکە دیار بوو. بەڵام کە گەیینە ناو دەوەنەجارێکی سنۆبەرەوە، دمیان وەستا و گوتی: " ئێستا دەبێ واز لە تاقیبکردنی بێنین، دەبێ لە ڕێگاکە لابدەین، تەمەشا بکەین بزانین لە کوێندەرەوە دەرچووە. بێگومان پەنایەکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە. شوێنی هەڵتووتانی ورچەکە بە سەر بەفرەکەوە دیارە. ئێستا دەبێ بە دەوریا بسوڕێینەوە. بەڵام بێ قسە و بێ کۆکە. دەنا دەترسێت و دەڕەوێتەوە."

لە شوێنەواری ورچەکە دوور کەوتینەوە. بە سەمتی چەپا پێچمان کردەوە. نزیکەی چوارسەد مەترێکمان بڕی، دووبارە شوێن پای ورچەکەمان لێ دەرکەوتەوە. شوێن پێیەکەیمان هەڵگرت. گەیشتینە سەر ڕێگایەک. وەستاین. تەمەشای ڕێگاکەمان کرد تا بزانین ورچەکە لە کوێوە ڕۆییوە. لێرە ولەوێ شوێنەواری چنگی ورچەکە دیاربوو. لێرەولەوێ شوێنی پێتاوەی گوندییان دیار بوو. بۆمان بە دیار کەوت ورچەکە بەرەو گوندەکە ڕۆیی بوو. ملی ڕێگامان گرت، دمیان گوتی: " ئێستا تاقیبکرنی ڕێگاکە فایدەی نییە، بەڵکو دەبێ تاقیبی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بکەین، تا بەو نیشانانەی سەر بەفرە نەرم و وشکەکەی ئەم بەر وئەوبەری ڕێگاکەدا بزانین بە چ

لایەکا، بە چەپا یان بەڕاستدا پێچی کردووەتەوە. هەڵبەتە دەبێ بە لایەکا لایدابێ دەنا ماقووڵ نییە خۆی بە نێو گوندەکەدا کردبێ."

ماوەی یەک میلمان بە سەر ڕێگاکەدا بڕی، ئەوسا شوێنەواری ورچەکەمان بینی کەلە ڕێگاکە لایدابوو. بە دیقەت لە جێ پێیەکانی ورد بووینەوە. سەرمان سووڕما. گومان لەوە نەبوو کە جێ پایەکە هی ورچ بوو. سەیر ئەمە بوو کە ورچەکە لە ڕێگاکەوە بەرەو بێشەکە نەچووبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بێشەکەوە بۆ سەر ڕێگاکە هاتبوو! جێگەی چنگەکانی ڕوو لە ڕێگاکە بوو.

گوتم: - هەبێ و نەبی ئەمە ورچێکی دیکەیە!

دمیان، دیقەتی شوین پێیەکی دا، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی:

- نا، هەمان ورچە بەڵام فێڵی کردووە، کە لە ڕێگاکە لایداوە، پاشەوپاش ڕۆییوە!

جێ پێیەکەمان هەڵگرت، سەیرمان کرد دروستە. نزیکەی دە هەنگاوێک پاشەوپاش ڕۆیی بوو. پاشان لە پشت درەختێکەوە ڕووی وەرگێڕابوو و ڕاستەوڕاست ڕۆیی بوو. دمیان وەستا وگوتی: - هەنووکە دەوری دەگرین. زەڵکا وقۆپیەکمان لە بەردەمدایە. دەبێ خۆی بەو زەڵکاوەدا کردبێت. با بڕۆین. بۆ ئەوەی دەوری بگرین خۆمان بە کاژستانێکا کرد. من تەواو ماندوو بووبووم. ڕێکردن دژوار ودژوارتر دەبوو وجاری واهەبوو پێتاوەکەم لە ڕەگەدارێک گیر دەبوو ودەخزام. یان پێتاوەکەم، لە خەشیمی خۆما، لە پێم دەردەهات. یا جاری وا هەبوو، پێم لە کۆتەرە دارێکی ژێر بەفرەکە هەڵدەکەوت. زۆر ماندوو بووم، ئارەقە بە سەر وڕووما دەچۆڕایەوە. پاڵتۆ نەرم و گەرمەکەم داکەند. دمیان، بە پێچەوانەوە، وەکو بەلەم بەسەر بەفرەکەدا دادەخزی. دەتگوت پێتاوەکانی خۆ بە خۆ دەڕۆن. نە بەر هیچ دەکەوتن و نە لە پێی دەردەچوون. نە دەخزین. پاڵتۆیەکەی لێوەرگرتم و دای بە شانیا، و هانی دام کە ڕێ بکەم. دوو میلی ترمان بڕی. لەو سەری زەلکاوەکەوە سەرمان دەرهێنا. من لە دمیان دواکەوتبووم. پێتاوەکانم زوو زوو لە پێم دەردەچوو. ساتمەم دەدا. دمیان کە لە پێشەوە بوو لە ناکاوا

وەستا، دەستی بەرز کردەوە. کە گەییمە نک وی دانەوییەوە و بە دەست ئامازەی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئەو قەلە ڕەشەی کە بە سەر ئەو دوەنەوە دەخوێنێ دەبینی؟ لە دوورەوە بۆنی ورچەکە دەکات. دەبێ ورچەکە لەوێ بێ.

گەڕاینەوەو نزیکەی یەک کیلۆمەتری دی ڕێگەمان کرد. دیسان شوێنەوارەکۆنەکەمان بەدی کردەوە. یەک جاری تەواو بە دەوری ورچەکەدا سووڕابووینەوە. ئێستا کەوتبووینە دوای ورچەکەوە. وەستاین کڵاوەکەم داکەند، هەموو دوگمەکانم کردنەوە. ئەوەندە گەرمام بوو. دەتگوت لە گەرماوی هەڵمدام، ئەوەندەم ئارەقە کردبووەوە، دەتگوت مشکی لە ئاو هەڵکێشراوم. دمیانیش سوور هەڵگەڕابوو. بە سەری قۆڵی کەوتە سڕینی ئارەقەکەی سەر وچاوی. پێی گوتم:

- دەی قوربان، ئەرکی خۆمان جێ بە جێ کردووە، ئێستا نۆرەی ئەوەیە پشوویەک بدەین.

زەردەپەڕی ئێوارێ بە بێشەکەوە دیار بوو. پێتاوەکانمان داکەند ولە سەریان دانیشتین. نان ونمەکمان لە توێشە بەرەکانمان دەرهێنا. من هەوەڵجار تۆزێ بەفرم خوارد، ئەوسا هەندێک نانم خوارد. نانەکە ئەوەندە لە دەمما بە تام ولەزەت بوو، باوەڕم نەدەکرد بە عەمراتم نانی وا خۆش و بە لەزەتم خواردبێ. ئیدی دانیشتین تا پشوویەک بدەین. کە دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو، لە دمیانم پرسی: " گوندەکە زۆر دوورە؟ " گوتی: " بەڵێ نزیکەی دوازدە کیلۆمەتر دوورە. ئەمشەو دەیگەینێ، بەڵام دەبێ ئێستا پشوو بدەین. پاڵتۆکەت لە بەر بکە، دەنا سەرمات دەبێ و پەسیو دەگریت."

دمیان، بەفرەکانی تەخت کرد. چەند لقێکی لە دار سنۆبەرەکان کردەوە، لە سەر بەفرەکە ڕایخستن و بە دوو قۆڵی و بە تەنیشت یەکەوە لە سەری ڕاکشاین. سەرمان نایە سەر قۆڵمان. بیرم نایە کەی خەوم لێکەوت، بەڵام دوای دوو سەعات، لە دەنگی شکانی چڵە دارەکان بێدار بوومەوە.

خەوێکی هێندە قووڵم لێکەوتبوو، نەمدەزانی لە کوێم. ڕوانیمە هەر چوارنکالان. دیمەنێکی ئەفسووناوی یەجگار دڵڕفێن بوو! دەتگوت لە هۆڵێکا

بووم کە بەسەر چەند پایەیەکی بلورینی پرشنگدار وڕەخشانەوە بوو. کە تەمەشای سەرەوەم کرد، لە میانی تۆڕێکی سپی تەنکەوە ، قوبەیەکی تاریکی ڕازاوە بە جۆرەها کریستاڵی ڕەنگینم بینی. دوای ئەوەی ماوەیەک تەمەشام کرد، هەنگێ بیرم کەوتەوە ئێمە لە لێرەواردایین و ئەوەی من بە هۆڵ و پایەی بلورینم هاتبووە بەرچاو درەختە بەفر گرتووەکان و شەونمی جەمەدی بوو، کریستاڵە ڕەنگینەکانیش ئەو ئەستێرانە بوو کە لە نێوان لق و پۆپی درەختەکانەوە، چاوبرکێیان دەکرد.

شەوێ شەونم کەوتبوو و بە سەر لق و پۆپی درەختەکانەوە جەمەدی بوو. شەونم دمیانیشی داپۆشی بوو.باڵاپۆشە چەرمەکەی منیش یەکپارچە خوناوی جەمەدی بوو. دمیانم بێدار کردەوە. پێتاوەکانمان لە پێ کرد، بێدەنگی باڵی بە سەر بێشەکەدا کێشابوو. هیچ دەنگێک نەدەهات، جگە لە دەنگی پێتاوەکانی مە بە سەر بەفرە نەرم و فشەڵەکەوە. جارجار دەنگی چڵێک کە لە ژێر قورسایی بەفرەکەدا دەشکا، لە جەنگەڵەکەدا دەنگی دەدایەوە. تەنیا یەک جار گوێمان لە دەنگی بوونەوەرێکی زیندوو بوو. شتێک لە نزیکی ئێمەوە، تەکانێکی دا، ڕەوییەوەو ڕۆیی. دڵنیا بووم کە ورچەکە بوو. بەڵام کە لە سەرچاوەی دەنگەکە نزیک بووینەوە شوێن پیی کەروێشکمان بە دی کرد. هەندێک نەونیهالی سپیدارمان بینی کە ڕەگەکانیان کرۆژرا بوو. ئیدی ئەو کەروێشکانەی دەلەوەڕان، لە ئێمە رەوی بوونەوە.

ئەوجا چووینەسەر ڕێگاکە ودرێژەمان بە ڕێی خۆ دا. پێتاوەکانمان بە سەر بەفرەکەدا بکێش دەکرد. ئێستا ڕێکردن ئاسانتر بووبوو. پێتاوەکان بەم لا و بەولادا دادەخزین و بە سەر بەفرە پەستاوتەکەدا جیرەجیرڕیان دەکرد. دەم و چاومان یەکپارچە شەونمی جەمدی بوو. ستێرەکان لە بەینی درەختەکانەوە دەتگوت بە غاردان بەرەوپیری ئێمە غار دەدەن. چاوبرکێیان لەگەڵ دەکردین. سەریان دەردێنا، ون دەبوون، لە تۆ وایە هەموو ئاسمان دەجووڵێت.

سەیرم کرد هاوڕێ ڕاوچییەکەم خەوتبوو. بێدارم کردەوە. بۆم گێڕایەوە چۆن بە دەوری ورچەکەدا سووڕابووینەوە و، شوێنەکەیمان دیاری کردبوو. دوای ئەوەی بە خانە خوێ فەلاحەکەمان گوت کە ڕاوچیەکان بۆ بەیانی ئاگادار

بکاتەوە. شێومان خوارد. خەوتین. ئەوەندە ماندوو بووم، ئەگەر هاوڕیکەم خەبەری نەکردبامەوە، تا نیوەڕۆ دەخەوتم. هەستام، جلەکانم لەبەر کرد. هاوڕێکەم خەریکی تفەنگەکەی بوو.

لێم پرسی: - دمیان لە کوێیە؟

- ماوەیەکە ڕۆییوە بۆ لێرەوار. جارێکی دی چاوی بەو شوێن پایانەدا گێڕاوە کە ئێوە دروستتان کردووە. ئێستاش چووە ڕاوچیەکان بێنێ.

دەم وچاوم شت وخۆم لە بەر کرد. فیشەکم خستە بەر تفەنگەکەم. سواری خزاک بووین و کەوتینە ڕێ . سەرمایەکی بەترەف بوو. تفت هەڵدابا لە ئاسمان دەیبەست. دنیا کڕوکپ بوو. تەمتومانێکی هێندە چڕ بوو هەتاو نەدەبینرا. شەونمی جەمەدی هەموو دنیای داپۆشی بوو.

نزیکەی سێ کیلۆمەتران ڕۆیشتین. کەلە جەنگەڵەکە نزیک بووینەوە، سەیرمان کرد دووکەڵیکی هەورئاسا لە قووڵایی دۆڵەکەوە بەرز دەبێتەوە . تووشی دەستەیەک ژن و پیاوی گوندی بووین، هەموو کوتەک بە دەست بوون.

لە خزاگەکە دابەزین و بەرەولای ئەوان چووین. پیاوەکان دانیشتبوون و یارەڵماسیان دەبرژاند، بە دەم پێکەنینەوە قسەیان لە گەڵ ژنەکاندا دەکرد.

دمیانیش لەوێ بوو. هەموو دیهاتییەکان هەستان. دمیان هەر هەموویانی بە سەر ئەو بازنەیەدا دابەش کرد کە دوێنێ دەستنیشانمان کردبوو. سی نەفەری ژن و پیاو بەڕیز کەوتنەڕێ . بەفرەکە ئەوەندە زۆر بوو تەنیا لە ناو قەدیان بە سەرەوە دەبینرا. خۆیان بە نێو جەنگەڵەکەدا کرد. من و هاوڕیکەم دوابەدوای وان کەوتینەڕێ.

هەرچەندە ئەوان ڕێگەکەیان شکاند و بەفرەکە لە ژێر پێیاندا پەسترا بووەوە ، بەڵام ڕێکردن دژوار بوو. ئیدی نەدەکەوتین، وەکو ئەوە وابوو بە بەینی دوو دیواری بەفریندا ڕێ بکەین.

نزیکەی یەک کیلۆمەتریان بەو دەقەوە بڕی. لە ناکاوا دمیان لە سەمتی بەرانبەرەوە پەیدا بوو. بە پێتاوەوە بەرەو ڕووی ئێمە ڕایدەکرد. ئاماژەی کردینێ کە دووی ئەو بکەوین چووین بۆلای. نیشانی داین کە لە کوێ

بوەستین. لە جێگای خۆمەوە ڕوانیمە دەوروبەر. بەلای دەستە چەپما لێرەوارێکی دار سنۆبەر بوو، لە بەینی درەختەکانەوە تا مەودایەکی دوور دەبینرا. لە پشتدرەختەکانەوە هەندێک شتی وەکو پەڵەی ڕەش دیار بوو. یەکێک لە شکارچیەکانم بینی. بەرانبەرم بێشەیەک بوو لە نەمامی سنۆبەر، بەرزییان هەر بە ئەندازەی باڵای زەلامێک دەبوو. لقەکانیان لە بەفرا دانەوی بوونەوە. باریکە ڕێیەک بەنێو ئەم لێرەدا دەڕۆیی. ڕێک دەگەییە ئەو شوێنەی کە منی تیا وەستابووم. بێشەکە بە دەستی ڕاستشدا بەردەوام بوو. لە کۆتایی لێرەکەدا مەیدان و تەختانیەکی بچووک هەبوو. دمیان هاوڕێکەمی لەوێ دانابوو.

جارێکی دی هەر دوو تفەنگەکەم سەح کردەوە. بیرم لەوە دەکردەوە لە کوێدا بوەستم باشترە. دار سنۆبەرێکی گەورە بە دووری سی هەنگاو لە پشتمەوە هەبوو. لە دڵی خۆمدا گوتم باشتر وایە لەوی بوەستم تا تفەنگی دووەمم بە قەدی درەختەکەوە هەڵپەسێرم. ئەوسا بەرەولای درەختەکە چووم. لەگەڵ هەر هەنگاوێکا تا ئەژنۆم لە بەفرەکە ڕۆدەچوو. بەفرەکەم پەستایەوە وشوێنێکم، بە پانتایی یەک متری چوارگۆشە تەخت کرد تا تیا بوەستم. یەکێک لە تفەنگەکانم بە دەستەوە گرت، ئەوی ترم ئامادفەکرد و بە قەدی درەختەکەوەم هەڵپەسارد. خەنجەرەکەم لە کێلان دەرهێنا و دووبارە خستمەوە کێلانەکەی، دڵنیا بووم کە لە کاتی پێویستیدا بە ئاسانی دەردێ.

تا ئەو کارانەم کرد وخۆم ئامادەکرد، گوێم لە هاواری دمیان بوو کە لە نێو بێشەکەوە دەیگوت: " ئەها، هەستا، هەستا."

لە گەڵ هاوارەکەی دمیاندا، جووتیارەکانیش لە بازنەکەی خۆیانەوە کەوتنە هەرا و پیاوەکان بە دەنگی جیاواز هاواریان دەکرد: " هەستا، هەستا، هەستا. هۆی، هۆی." ژنەکان بە دەنگە ناسکەکانیان کەوتنە هەرا، هۆی، هۆی، هۆی."

ورچەکە لەنێو بازنەکەدا بوو ودمیان ڕاوی دەنا. هەموو خەڵکەکە هات وهاواریان دەکرد. من وهاوڕێکەم بێدەنگ و بێ جووڵە ڕاوەستابووین. چاوەروانی ئەوەمان دەکرد ورچەکە بەرەولای ئێمە بێت. من بە بێدەنگی وەستابووم و چاوەڕوانم دەکرد. دڵم بە توندی لێی دەدا. تفەنگە ڕیزەکەم

توووند بە دەستەوە گرتبوو و دەلەرزیم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: " هەر ئێستا دەردەکەوێ وبەرەولای من دێ. نیشانەی لێدەگرمەوەو دەستڕێژی لێدەکەم و دەکەوێت."

لە ناکاوا، لە دەستە چەپەوە ، لە دوورەوە گوێم لە دەنگی شتێک بوو کەوتە سەر بەفرەکە. لەبەینی دار سنۆبەرەکانەوە تەمەشام کرد، لە پشت دارە زەلامەکانەوە شتێکی ڕەشی زەلامم بە دی کرد. سێرەم گرتەوەو وەستام، لە دڵی خۆدا گوتم: - تۆ بڵێی نەیەتە پێشترەوە؟

بە دەم چاوەڕوانییەوە، سەیرم کرد گوێچکەکانی جووڵاند. گەڕایەوەو بەرەو پاش ڕۆیی. کەوتە سەر لاو، بە جوانی لێمەوە دەرکەوت. حەیوانێکی زۆر زەلام بوو. بە دەم هەڵچونەوە تەقەم لێکرد. گوێم لێبوو کە فیشەکەکەم بە قەدی درەختێک کەوت. ورچەکە بە هەڵتەک هەڵتەک، بەرەو بازنەکە ڕۆیی و لە نێو درەختەکانا ون بوو.

لە دڵی خۆدا گوتم: " نەخێر، دەرفەتەکەم لە کیس دا! ئیدی بۆ لای من ناگەڕێتەوە. یان هاوڕێکەم دەیکوژێ یان بە بەینی ڕاوچیەکاندا هەڵدێ و دەرباز دەبێ. بەهەر حاڵ ئیدی ئەو هەلە بۆ من هەڵناکەوێتەوە."

بەڵام دووبارە فیشەکەم خستەوە بەر تفەنگەکەم وڕاوەستام وگویم هەڵخست.جووتیارەکان لە هەر چوار نکاڵەوە هاواریان دەکرد. ئەوسا لە قۆڵی ڕاستەوە، نە زۆر دوور لەو شوێنەی هاوڕێکەم خۆی لە بۆسە نابوو، گوێم لە ژنێک بوو هاواریدەکرد: " لێرەیە، لێرەیە، وەرن ئەمەتا، ئەهۆی! "

دیاربوو ئەم ژنە ورچەکەی بینی بوو. من ئیدی بە تەمای گەڕانەوەی ورچەکە نەمابووم. تەمەشای لای هاوڕیکەم دەکرد. لە ناکاوا دمیانم بینی کوتەک بە دەست، بێ پێتاو، بەرەولای هاوڕێکەم غاری دەدا. لە لای ئەو دانەوبییەوەو بە کوتەکەکەی دەستی ئاماژەی بۆ لایەک کرد. هاوڕێکەم تفەنگەکەی بەرزکردەوەو نیشانەی لە هەمان شوێن گرتەە و فیشەکێکی تەقاند. لە دڵی خۆدا گوتم: " کوشتی! "

بەڵام هاوڕیکەم بەرەو لای ورچەکە غاری نەدا. دیار بوو ئەویش نەیپێکابوو. یان فیشەکەکە کاری تێنەکردبوو. لە دڵی خۆدا گوتم: " ورچەکە دەرەقێ.

دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هەرحال بۆ لای من نایەتەوە . بەڵام... ئەمە چییە خوایە؟"

شتێک وەکو گەردەلوول بە بۆڵەبۆڵ بەرەولای من دەهات. لە نزیکی منا بەفرەکە بە ئاسماندا دەچوو. یەکڕاست ڕوانیمە پێش خۆم. ورچەکە بوو، لە باریکە ڕێگاکەی ناو بێشەکەوە ڕاستەوڕاست بەرەو من دەهات. لە ترسا نەیدەزانی چی دەکات. هەر پێنج شەش هەنگاوێک لە منەوە دوور بوو. هەموو قەد و باڵایم لێوە دیار بوو.سینگە ڕەش وسەرە زلە سوورەکەیم جوان جوان لێوە دیار بوو. ڕێک بەرەو من هێرشی دێنا و بەفرەکەی بەملا و بەولادا هەڵدەدا. بە چاوەکانیا دیار بوو کە من نابینێت. بەلام لە ترسا شێت وهار بووبوو. کوێرانە هێرشی دێنا. ڕێک بەرەو ئەو درەختە دەهات کە من لە ژێریا وەستابووم. نیشانەم گرتەوەو تەقەم کرد. تەواو لە منەوە نزیک بووبووەوە. دیسان فیشەکەکەم بە فیڕۆ ڕۆیی. نەم پێکا. گوللەکە بە تەنیشتیا ڕۆیی بوو. تەنانەت گوێی لە دەنگی فیشەکەکەش نەبووبوو. دیسان ڕاستەوخۆ بەرەو من هات. تفەنگەکەم نزم کردەوە، لوولەی تفەنگەکە چیوای نەمابوو بەر سەری بکەوێ، تەقەم لێکرد، پێکام، بەڵام کاری تێنەکرد. سەری هەڵبڕی، گوێیەکانی خەواند، دانەکانی جیڕکردەوەو یەکڕاست بەرەومن هێرشی هێنا. دەستم بۆ تفەنگەکەی دیکەم برد، بەڵام بەرلەوەی دەستم بگاتە تفەنگەکە، گەییە سەرم، بە سەر بەفرەکەیدا دام و بە سەرما تێپەڕی. لە دڵی خۆدا شوکرانەی خوام کرد کە بە سەلامەتی بە سەرما تێپەڕی.

هەوڵم دا هەستم . بەڵام شتێک بەرهەقی کردبووم و بەرەو خوارەوە بکێشی دەکردم و نەیدەهێشت هەستم. خێرایی ورچەکە کردبوویە کارێک کە لە من تێپەڕێت. بەڵام گەڕایەوەو بە هەموو قورسایی خۆیەوە کەوت بە سەرما. هەستم بە شتێکی قورس بەسەر خۆمەوە دەکرد. شتێکی گەرمیش بە سەر دەم و چاومەوە بوو. زانیم دەیەوێ هەموو دەم و چاوم بە دەما ببات. کەپووم لە ناو دەمیا بوو. هەستم بە گەرمییەکەی دەمی دەکرد، بۆنی خوێنم دەکرد. هەر دوو دەستی خستبووە سەر شانم و نەمدەتوانی هەستم. تاقە کارێک کە توانیم بیکەم ئەمەبوو کە سەرم بۆ سەر سینگم شۆڕ کردەوە تا لە دەمی ورچەکەی دوور بخەمەوە. تا لووت و ڕوخسارم لە دەمی دەربێنم. ئەویش

هەوڵی دەدا، ددانەکانی لە ڕوخسارم بچەقێنێ. پاشان هەستم کرد، بە ددانەکانی خوارەوەی تەوێڵم و بە ددانەکانی سەرەوەی گۆناکانمی گرتووەو دەیەوێ هەر دوو شەوێلاگەی بێنێتەوە یەک. وەکو ئەوە بوو بە مشار وهەڕە دەم و چاوم ببڕنەوە. من لە هەوڵی ئەوەدا بووم هەستم و خۆم دەرباز بکەم. ئەویش دەیویست ددانەکانی بێنێتەوە یەک . توانیم بۆ ماوەیەک دەم وچاوم دوور بخەمەوە . بەڵام دووبارە دەمی لە ڕوخسارم نزیک کردەوە. لە دڵی خۆدا گوتم: " نەخێر تەواو، تازە کارم کراوە."

لە ناکاوا قورساییەکەم لە سەر لاکەوت. سەیری سەرەوەم کرد، ورچەکەم بەسەرەوە نەمابوو. هەستابوو و ڕەقی بوو.

هاوڕێکەم و دمیان کە دیتبوویان ورچەکە دابوومی بە عاردیدا و بە چنگ وقەپاڵ تێم بەر بووە، بە غاردان هاتبوون تا ڕزگارم بکەن.هاوڕیکەم لە پەلە پەلی خۆیدا لە جیاتی بە سەر بەفرە پەستاوتەکەدا بێ، خۆی بە بەفرە فشەلەکەدا دابوو و لە بەفرەکە چەقی بوو. لەو کاتەدا کە ئەو خەریکی ئەوە بووبوو، خۆی لە بەفرەکە دەربێنێ، ورچەکە تێم بەربووبوو. دمیان، بە بێ تفەنگ و کوتەک بە دەست بەرەو لای من هاتبوو. هاواری کردبوو: "خەریکە مامۆستا دەخوات، وا مامۆستا دەخوات. " ئیدی بە دەم ڕاکردنەوە هاواری بە سەر ورچەکەدا کردبوو: " ئەوە چ دەکەی گەوجە؟! وازی لێبێنە، دەستبەردار بە. "

ورچەکە بە گویی کردبوو، دەستبەرداری من بووبوو و ڕەقی بوو... کە هەستام ئەوەندە خوێن بە سەر بەفرەکەدا ڕژابوو، دەتگوت بەرخێکیان سەربڕی بوو. گۆشتەکەی ژێر چاو وسەر گۆنامی هەڵدڕی بوو. بەڵام بە ڕادەیەک حەپەسابووم هەستم بە ئازار نەدەکرد.

هەنگێ هاوڕیکەم گەییە سەرم، ئەوانی دیکەش لە دەورمان خڕ بوونەوە. تەمەشای زامەکەیان کردم. بەفریان نایە سەری. بەڵام من زامەکەم لە بیر چووەوە. لێکدا لێکدا دەمپرسی: " کوا ورچەکە، چی لێهات، کێوەچوو؟"

لە ناکاوا گوێم لە یەکێک بوو گوتی: " ئەوەتا. ئەوەتا. "

دووباره ورچەکەم بینی کە بەرەو ئێمە هێرشی دێنا. دەستمان دایە تفەنگەکانمان و نیشانەمان لێگرتەوە. بەڵام بەر لەوەی کەسمان فریای تەقەکردن بکەوین، ورچەکە بەلامانا دەرپەڕی. تەواو خرۆشابوو، دەیویست دووبارە خۆیم پێدا بدات و هەڵم بدڕێ، بەڵام سڵی لە حەساماتە زۆرەکە کردەوە و ترسا. بە شوین پێیەکانیدا بۆمان دەرکەوت کە سەری بریندار بووە. خوێن لە زامەکەی دەڕۆیی. دەمانویست دووی بکەوین. بەڵام چونکە ئازاری زامەکەم زۆر بووبوو، چوین بۆ شار، بۆ لای دکتۆر.

دکتۆرەکە، بە داوی ئاویشم زامەکەی بۆ دورومەوە. ئیدی بە خێرایی سارێژ بووەوە.

دوای یەک مانگی دی دووبارە بۆ ڕاوێ چووینەوە. دیسان کەوتینە تاقیبی هەمان ورچ. بەڵام هەلمان بۆ هەڵنەکەوت بیکوژین، لە نێو بازنەی گەمارۆیەکە نەدەهاتە دەرەوە. هەر دەسوورایەوەو دەسووڕایەوە، بە شێوەیەکی بەزەیی هاڕوژێن دەینالاند و دەیلوراند.

دمیان، دەرفەتی لێهێنا و کوشتی. شەویلاگەی خوارەوەی ورچەکە شکابوو، گوللەکەی من دانێکی شکاندبوو.

حەیوانێکی زۆر زەلام بوو، کەوڵێکی ڕەشی جوانی هەبوو. زامەکانی نێو چەوانم، بە جۆرێ سارێژ بووبووەوە، بە زەحمەت شوێنەکەی دەبینرا.

سالی ١٨٧٢

# پاژی دووەم

# چەند چیرۆکێکی میللی

## ٤ – مرۆڤ بە چی دەژی؟

### ( ١ )

پینە دۆزێک هەبوو بە ناوی سیمون. ئەم پیاوە نە زەوی هەبوو نە خانوو. لە گەڵ ژن و منداڵەکانیا لە کوختەیەکی دێهاتیانەدا دەژیا. بە ڕەنجی شان نان و بژێوی خۆی پەیدا دەکرد. کرێی کار هەرزان و نان گران بوو. سیمون هەرچییەکی پەیدا دەکرد هەر بەشی خوراک و خواردنی دەکرد. بە خۆی و ژنەکەی تەنیا یەک پاڵتۆی چەرمیان هەبوو. بە نۆرە لە بەریان دەکرد. پوستینێکی کۆن و دڕاو بوو.

دوو دانە ساڵ بوو، دەیویست پوستینێکی نوێ بکڕێت. سیمون بەر لە هاتنی زستان، تۆزێک پارەی پاشەکەوت کردبوو. ئەسکەناسێکی سێ ڕوبڵی لە سەندووقەکەی هاوسەرەکەیا شاردبووەوەو پێنج ڕۆبڵ وبیست کوپیکیشی لە لای مشتەرییەکانی هەبوو.

سیمون، بەیانییەک لێبڕا بڕوات بۆ گوند و کەوڵە مەڕێک بکڕێ. چاکەتە ئەستوورە ناو بە لۆکەکەی ژنەکەی بە سەر کراسەکەیدا لەبەر کرد. کۆتەکەی خۆی بە سەریا لەبەر کرد. ئەسکەناسە سێ ڕۆبڵیەکەی لە بەرکی نا، چلێکی لە دارێک بڕی، ڕێکی خست و کردی بە دار عاسا، دوای تاشت کەوتە ڕێ. لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەو پێنج ڕۆبڵە قەرزە لە مشتەرییەکانم وەردەگرمەوەو سێ ڕۆبڵیشم پێیە. بەشی کڕینی کەوڵە مەڕێک دەکات و فەروویەکی زستانەی لێ دروست دەکەم.

گەییە گوندەکە. چوو بە سۆراغی یەکێک لە قەرزاربارەکانیەوە. کابرا لە ماڵ نەبوو. ژنی کابرای جووتیار بەڵێنی دایێ کە هەفتەی داهاتوو قەرزەکەی بدەنەوەو ئێستا هیچیان بە دەستەوە نییە. سیمون چوو بە سۆراخی قەرزارێکی دیکەوە. ئەمەش سوێندی خوارد کە پارەی نییە. بەڵام

قاییل بوو ئەو بیست کوپیکەی بداتێ کە سیمون بە قەرز پێڵاوەکەی بۆ چاک کردبوو. بۆیە سیمون ویستی کەوڵە مەڕێک بە قەرز بکڕێت بەڵام بازرگانەکە متمانەی پێنەکرد و نەچووە ژێر بار. گوتی: " هەر کاتێ پارەی نەختت ( کاش ) دا باشترین کەوڵ هەڵگرە. بەڕاستی تاقەتی قەرز و قەرزکاریم نییە."

بەمجۆرە یارۆی پینەدۆز، تەنیا ئەو بیست کوپیکەی وەرگرتەوە کەلە بری چەک وپینەی پێڵاوێکا وەری گرت. جووتیارێکی دیکەش پێڵاوێکی لبادی دایە کە بنێکی چەرمی بۆ لێ بنێت.

سیمون، دڵتەنگ بوو. بیست کۆپیکەکەی دایە ڤودکا وخواردییەوە. بە دەستی بەتاڵ و بێ کەوڵ بۆ ماڵ گەڕایەوە. لای بەیانی هەستی بە کزەی ساردی سەرما کردبوو، بەڵام دوای خواردنەوەی ڤودکاکە، بە بێ پاڵتۆش گەرمای بوو. هێدی هێدی کەوتەڕێ، بە دار دەستەکەی، تەقەتەق بە ئەرزە بەستووەکەیدا دەکێشا و پێلاوە لبادەکەی بە دەستەوە گرتبوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " هەرچەندە پۆستینم لەبەردا نییە، بەڵام سەرمام نییە. دەمێکم تەڕ کردووەو خوێنی دەمارەکانم کەوتووەتە گەڕ. پێویستم بە پاڵتۆی فەروو نییە. بەڕێی خۆما دەڕۆم وهیچ کێشەیەکم نییە. من ئاوام! خەمم چیە؟ دەکارم بەبێ پاڵتۆی فەرووش بژیم. پێویستم پێی نییە. هەڵبەتە ژنەکەم خوتە خوت و بۆڵە بۆڵ دەکا. هەڵبەتە شەرمە پیاو لە بەیانییەوە تا ئێوارێ کار بکات و هەقەکەی نەدەنێ! ئا سەبرێ بکە. ئەگەر قەرزەکەم نەدەیتەوە، پێستت دەگرووم. هەرجارە و بیست کۆپیکم دەداتێ. باشە ماقووڵە؟ ئاخر چی لە بیست کوپیک بکەم، چی پێ دەکرێ؟ ڤودکای پێ بخۆمەوە؟ هەمووی بدەم بە مەی وبادە؟... دەڵێت نیەتی، لەوەیە ڕاست بکات! بەڵام من هەقم چییە؟ ماڵ و حاڵ و پەز ومەڕ ومالاتی هەیە. بەڵام من هەمە ونیمە، خۆم و ئەم جلە شڕانەی بەرمم هەیە. تۆ مەزرات هەیە، گەنم دادەچێنی وگەنم دەدورییەوە، لێ من دەبێ گەنم بکڕم. چەند دەست بگرمەوەو ڕەزیلی بکەم، دەبێ هەفتەی بایی سێ ڕوبلان نانی ڕووت بکڕم. دێمە ماڵەوە دەبینم نان نەماوەو دەبێ خێرا ڕوبڵ و نیوێکی دیکە خەرج بکەم. قەرزەکەت بدەوەو قسەی بەلاش مەکە."

سیمون، بە دەم ئەو خەیاڵانەوە ، گەییە مەزارێکی سەر ڕێگاکە. سەری هەڵبڕی شتێکی سپی لە پشت مەزارەکەوە بینی. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو. یارۆی پینەدۆز لێی ورد بووەوە، بەڵام بۆی هەڵنەهات چییە. جاران هیچ بەرد وکەڤرێکی سپی لەم ناوە نەبوو! ناکا چێل بێ! بەڵام شیوەی لە گا وچێلان ناچێت! سەری هەیە، سەری لە سەری مرۆڤ دەچێت. بەڵام زۆر سپییە. باسە ئەگەر مرۆڤ بێ، چ دەکات لەوێ؟

نزیکتر بووەوە. سەری سوورما. توانی بە ڕوونی بیدینێ. مرۆڤ بوو! زندوو یا مردوو، ڕووت و قووت و بێ جووڵە پشتی بە دیواری مەزارەکەوە دابوو. پینە دۆزەکە ترسا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " وا دیارە یەکێک کوشتوویەتی، ڕووتی کردووەتەوەو لەوێی فڕێداوە. ئەگەر بچم بە لایەوە تووشی ئاریشە وگێرە وکێشە دەبم."

بەوجۆرە، سیمون، خۆی لێ بە خاوەن نەکرد وتێپەڕی. بە بەردەم مەزارەکەدا تێپەڕی تا مردووەکە نەبینێ. کە ماوەیەک ڕۆیی ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد کابرای ڕووت، لە دیواری مەزارەکە لاکەوتووە. دەجوڵێت. لەوە دەچوو بۆ لای ئەم بێت. یارۆی پینەدۆز زیاتر ترسا. لە فکران ڕاچوو: " بگەڕێمەوە بۆ لای یان بە ڕێگای خۆدا بڕۆم هەقم بە سەریەوە نەبێت؟ کێ دەزانێ ئەم پیاوە کێیە؟ پێناچێ بۆ کاری خێر هاتبێتە ئێرە! ئەگەر بڕۆم بە لایەوە، لەوەیە پەلامارم بدات و بویەرێکی ناخۆش ڕووبدات. مەگەر خوا بزانێ کێیە. بە هەرحاڵ دیاری وسەوقاتی پێ نییە. ئەگەر لێی نزیک ببمەوە، لەگینە لێم ڕاپەڕێ و بم خنکێنێ و فریای خۆم نەکەوم، خۆ ئەگەر ئەمەشم لە گەڵدا نەکات دەبێ بە بار بە سەرمەوە، من چی لە کابرای ڕووت و قووت بکەم؟ جلەکانی خۆمی بدەمێ؟ مەگەر خوا بە خۆی لەم کێشە وئاستەنگەم ڕزگار بکات!"

کابرای پینەدۆز، پێی هەڵگرت. لە مەزارەکە ڕەت بوو، لە ناکاوا ویژدانی بێدار بووەوە. لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا وەستا. لە خۆی پرسی: " سیمون دەزانی چ دەکەی؟ لەگینە ئەم بەندەی خوایە لە نەبوونیا خەریک بێ بمرێتو تۆ لە ترسا هەڵدێی؟ ئەوەندە دەوڵەمەند بووی لە دز و ڕێگران بترسێت؟ سیمون شەرم لە خۆت بکە!"

ئەوسا، زۆرپییەوە وبەرەو لای کابرا چوو.

( ٢ )

سیمون لە کابرای نەناس نزیک بووەوە. لە سەراپای ڕوانی، سەیری کرد گەنجێکە ساغ وسەلامەت. نە جێ زامێکی پێوەیە نە برین. بەڵام لە سەرما ولە ترسا هەڵدەلەرزی. دانیشتبوو و پشتی بە دیوارەکەوە دابوو. سەری لە بەر خۆ نابوو، تەمەشای سیمونی نەدەکرد. دەتگوت لەوە بێ تواناتر بوو کە چاو هەڵێنێ. سیمون لێی نزیک بووەوە. کابرای نەناس دەتگوت خەریکە خەبەری دەبێتەوە. ئاوڕی دایەوە، چاوی هەڵێنان و ڕوانییە سەر وسیمای سیمون. نیگای، دڵی سیمونی هێنایە بەزەیی. پێڵاوە لبادەکانی هەڵدایە سەر ئەرزەکە. پشتێنەکەی کردەوە وخستیە سەر پێڵاوەکان. ئەوسا پاڵتۆکەی خۆی داکەند و گوتی: -کاتی قسە نییە. خێرا ئەم جلانە لەبەر بکە.

سیمون، دەستی گرت ویارمەتی دا تا هەستێت. کە هەستایە سەر پێیان سیمون سەیری کرد، بەدەنی ساغ و سەلامەتە. دست ولاقی عەیبیان نییە. دەم وچاوی جوان و میهرەبانە. سیمون پاڵتۆکەی خۆی دا بە شانی کابرادا، یارۆ نەیدەتوانی دەستەکانی بە قۆڵی پاڵتۆکەدا بکات. سیمون یارمەتی دا، پاڵتۆکەی لە بەرکرد وئەوسا پشتێنەکەی لە سەر پاڵتۆکەوە لە ناو قەدی بەست.

سیمون تەنانەت کڵاوە شڕەکەی خۆیشی داکەند تا لە سەری کابرای نەناسی بکات. بەڵام سەری یەکسەر چایی و بیری کردەوە: " من سەرم تاسە. ئەو قژی درێژ و لوولە. " کڵاوەکەی کردەوە سەری خۆی و لە فکران ڕاچوو: " چاکتر وایە پێڵاوەکانی لە پێ بکەم... کابرای نەناسی دانیشاند، پێڵاوە لبادەکانی لە پێی کرد وگوتی:

- دەی بڕادەر ڕابە وبکەوە ڕێ تا گەرم ببیتەوە. پاشان بە کارەکانی دیدا ڕادەگەین. دەتوانی بڕۆیت؟

کابرا هەستا. بە میهرەبانییەوە ڕوانییە سیمون. بەڵاسم تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتە دەرێ. سیمون لێی پرسی:

- بۆچی قسە ناکەیت؟ ئێرە زۆر ساردە. دەبێ بۆ ماڵ بڕۆیتەوە. هانێ ئەم دار دەستەی من بگرە بە دەستەوە. ئەگەر هەست بە بێتاقەتی دەکەی، خۆتی بەسەردا بدە. دەی بکەوە ڕێ!

کابرا کەوتە ڕێ. پێ بە پێی سیمون ڕێی دەکرد. سیمون لە ڕێگادا لێی پرسی:- خەڵکی کوێی؟

- خەڵکی ئەم دیار ودەڤەرە نیم.

- دەزانم من خەڵکانی ئەم دەڤەرە دەناسم. بەڵام چۆن بوو سەرت لەم مەزارەوە دەرهێنا؟

- ناتوانم ئەوە بگێڕمەوە.

- باشە کەسێک غەدری لێکردوویت؟

- نا، کەس غەدری لێنەکردووم، خوا سزای داوم.

- هەڵبەتە، هەموو شتێک بەدەستی خوایە. بەڵام خۆ تۆ پێویستت بە پەنا وپاسارێکە تیای بحەویتەوەوپارووە نانێکی تیا بخۆی. دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆی؟

- بۆ من فەرق ناکات!

سیمون سەری سوڕمابوو. کابرای نەناس بە کەسێکی ناجۆر وترسناک نەدەچوو. بە ئارامی قسەی دەکرد. بەڵام هیچ شتێکی دەربارەی خۆی نەدەگوت. سیمون لە دڵی خۆیدا گوتی: " کێ چوزانێ چی بە سەر هاتووە؟ " ئەوسا بە کابرای نەناسی گوت: " باشە لەگەڵ منا وەرە،دەچینەوە بۆ ماڵی ئێمە،بەلای کەمەوە تۆزێ خۆت گەرم بکەوە."

بەمجۆرە سیمون بەرەو ماڵی خۆی بووەوە. کابرای نەناس کەوتە شانی و پێ بە پێی ئەو ڕێی دەکرد. با هەڵیکرد. سیمون لە ژێر کراسەکەیەوە هەستی بە سەرما کرد. مەستی بەری دابوو، هەستی دەکرد لاقەکانی سەرمایانە. بە دەم لەرزینەوە ڕێی دەکرد و چاکەتەکەی ژنەکەی توندتر لە خۆیەوە دەپێچا ولە دڵی خۆیدا دەیگوت: " بزانە کەوڵ و پۆستین چی بە سەرم هێنا؟! کەوڵە مەڕم دەست نەکەوت هیچ، پاڵتۆکەشم لە دەست دا وسەرباری

ئەوەش، پیاوێکی ڕووت وڕەجاڵم دووی خۆ داوە. ژنەکەی بیر کەوتەوە. بەڵام کە چاوی بە کابرای نەناس کەوت تەمەشای ئەمی دەکرد، سووکنایی دڵی هات.

( ٣ )

ژنەکەی سیمون، هەموو کارەکانی تەواو کردبوو. داری شکاندبوو. ئاوی هێنابوو، نانی بە منداڵەکان دابوو. خۆیشی نانی خواردبوو. ئێستاش دانیشتبوو وبیری دەکردەوەو تیا مابوو کەنگێ نان بکات؟ ئەمڕۆ نان بکات یان سبەی. هێشتا هەندێک نانیان مابوو. لە فکران ڕاچوو: " ئەگەر سیمون لە گوندی نانی خواردبێ و شێوێکی تەواوی نەوێ، بەشی یەک ڕۆژی دی نانمان هەیە." ئەوسا بە دەستەکانی نانەکانی هەڵسەنگاند ولە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەمڕۆ نان ناکەم، تەنیا بەشی یەکجار ئاردمان هەیە دەبێ تا ڕۆژی هەینیی پێ بگوزەرێنین."

ماترینا، نانەکەی لە سەبەتەکە نایەوەو دانیشت تا کراسی مێردەکەی پینە بکات. بەدەم دەرزی وتەقەڵ لێدانەوە بیری لەوە دەکردەوە چۆن مێردەکەی کەوڵە مەڕ دەکڕێ تا فەروەی زستانەی لێ دروست بکات. " خۆزیا فرۆشیارەکە دەستی نەدەبڕی! مێردەکەم، مرۆڤێکی باشە، بەڵام ئەوەندە سادەیە منداڵێک فریوی دەدات.فێڵ لە کەس ناکات، بەڵام هەر منداڵێک دەتوانێ کڵاوی لە سەر بنێ. هەشت ڕوبڵ پارەیەکی زۆرە. بەم پارەیە دەبێ کەوڵێکی یەجگار باش بکڕێت. کەوڵێکی خۆشکراو. کە پاڵتۆیەکی زستانەی باشی تیا ببێت. زستانی ڕابردوو، چەند ناخۆش بوو کە پاڵتۆ وفەروەیەکی گەرممان نەبوو! نەمدەتوانی بچم بۆ گوێ ڕووبارەکە وئاو بێنم. هەرجارێ مێردەکەم بچووبایە دەرێ هەرچیەکمان هەبوو بە سەر یەکا لە بەری دەکرد. هیچ شتێک بۆ من نەدەمایەوە لەبەری بکەم. ئەم بەیانییە زۆر زوو نەچووە دەرێ، بەڵام وەختی گەڕانەوەی هاتووە. هەر خوا بکات نەچووبێتە مەیگوساری! " ماترینا هێشتا لەم خەیاڵانەدا بوو، کە دەنگی پێ هات و یەکێ وەژوورکەوت. ماترینا دەرزییەکەی لە کۆنە کراسەکە چەقاند وچوو بەرەو دەرگا، دوو نەفەری بە دی کرد. مێردەکەی و پیاوێکی دیکە کە جووتێ پێڵاوی لبادی لە پێ بوو، کڵاوی لە سەر نەبوو.

ماترینا، یەکسەر هەستی کرد کە مێردەکەی بۆنی مەی و بادەی لێدەهات. لە دڵی خۆیدا گوتی: " بێگومان مەیگوساری کردووە. " سەیری کرد پاڵتۆی لەبەر نییە. هیچ پریاسکەیەکیشی بە دەستەوە نەبوو. بە بێدەنگی وبە تەریقی لەبەر دەرگا وەستابوو. خەریک بوو لە حەژمەتان دڵی شەقی دەبرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: " هەرچییەکی پێ بووە، لە گەڵ ئەم کابرا مێملەدا داویە بە مەینۆشی و سەرباری ئەوەش لەگەڵ خۆیدا بۆ ماڵی هێناوەتەوە! "

ماترینا، ڕێی بۆ کردنەوەو وەژوور کەوتن. بە خۆیشی لە دووی وانەوە وەژوور کەوت. سەیری کرد کابرای نەناس گەنجێکی لەڕ ولاوازەو پاڵتۆی مێردەکەی ئەوی لەبەرە. هیچ کراسێک لە ژێر پاڵتۆکەوە دیار نەبوو. کڵاویشی لە سەر نەبوو. یارۆی نەناس کە هاتبووە ژوورەوە نە لە جێی خۆی دەجووڵا ونە چاوی هەڵدەبڕی. ماترینا دەبیرەوە چوو: " بێگومان پیاوێکی خراپە، دەترسێت، لە شتێک دەترسێت."

ماترینا پەست بوو، ڕووی گرژ کرد. لە لای ئاگردانەکەوە وەستا. چاوەڕوانی ئەوە بوو بزانێ ئەو دووانە چ دەکەن.

سیمون وەکو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، کڵاوەکەی داکەند ولە سەر تەختەکە دانیشت و گوتی: " دەی ماترینا، ئەگەر شێو ئامادەیە شتێکمان بدەیە با بیخۆین! "

ماترینا، لە بن لێوانەوە خوتە وبۆڵەیەکی کرد ولە جێی خۆی نەجووڵا. لە شوێنی خۆی ولای ئاگردانەکەوە چەقی . ماوەیەک سەیری ئەم و ئەوی کرد وتەنیا سەری دەلەقاند. سیمون هەستیکرد کە ژنەکەی پەست وبێزار بووە. بەڵام هەوڵی دەدا خۆی لە گێلی بدات. وای نواند هەستی بە هیچ نەکردووە. دەستی کابرای نەناسی گرت و گوتی:

- برادەر ڕوونە " دانیشە " با شتێک بخۆین.

کابرای نەناس لە سەر تەختەکە ڕۆنیشت. سیمون لە ژنەکەی پرسی: هیچت لێ نەناوە؟

ماترینا بە ڕوویا هەڵشاخی: " لێم ناوە، بەڵام بۆ تۆ نا. دیارە ئەوەندەت خواردووەتەوە هۆشت بە خۆ نەماوە. چووی کەوڵ وپۆستین بکڕیت، نەک هەر بەدەستی بەتاڵ گەڕاویتەوە، بەڵکو پاڵتۆکەی خۆشت لە دەست داوەو کابرایەکی بەرەڵڵای مێملشت بۆ هێناومەتەوە. من خواردنم بۆ خەڵکانی سیامەستی وەکو ئێوە نییە!"

- ماترینا بەسە، بە خۆڕایی بۆڵەبۆل مەکە و ئیراد مەگرە! باشتر وایە بپرسیت ئەم پیاوە کێیە؟...

- پێم بڵێ بزانم پارەکانت چی لێکرد؟

سیمون، دەستی بە بەرکیا کرد، ئەسکەناسە سێ ڕۆبڵییە قەد کراوەکەی دەرهێنا و قەدەکەی کردەوەو نیشانی داو گوتی:

" ئەوە پارەکەیە! تریفونوف قەرزەکەی نەدامەوە، لێ بەڵێنی دا بەو زووانە بۆمی پەیدا بکات. "

ماترینا، زیاتر تووڕە بوو. مێردەکەی نەک کەوڵی نەهێنابوو، بەڵکو تاقە پاڵتۆکەی خۆیشی کردبووە بەر ئەو کابرا ڕووت وڕەجاڵەو لە گەڵ خۆشیا بۆ ماڵەوەی هێنابووەوە. ماترینا پڕی دایە ئەسکەناسەکە، لە سەر مێزەکەی هەڵگرت تا لە شوێنێکی باش تاقەتی بکات وگوتی: " شێوم بۆ ئێوە نییە، من ناتوانم نانی هەرچی ڕووت و ڕەجاڵ و سیامەستی دنیا هەیە بدەم! "

- ماترینا، کەمێک زمانی خۆت بگرە. جارێ گوێ بگرە بزانە پیاوەکەت دەیەوێ چ بڵێ!.

- کەسێکی مەست و گەوج دەبێ چی پێ بێ تا گوێی لێ بگیرێ؟ مێردەکی مەست، نەهەقم نەبوو کە لە هەوەڵەوە نەمدەویست شووت پێبکەم. ئەو جیازییەی کە دایکم لە گەڵما ناردبووی، هەموویت خەرجی بادەنۆشی کرد. ئێستاش بە ناخێرت چووی کەوڵ بکڕی، پارەکەیت دایە خواردنەوەو هەستایتە سەر پێیان!

سیمون، هەوڵیدا ژنەکەی حاڵی بکات کە تەنیا بیست کوپیکی بە خواردنەوە داوە، هەوڵیدا ئەوەشی بۆ ڕوون بکاتەوە کە لە کوێ و چۆن تووشی ئەم پیاوە

نەناسە بووە. لێ ماترینا دەرفەتی نەدەدا. ئیدی بە دەم خۆتە و بۆڵەوە، کای کۆنی بیست ساڵ لەوە پێشی بە با دەکرد. لە پەستا و بێ پسانەوە هەر دەیپڕێسا و دەیپڕێسا. ئەنجام پەلاماری سیمونی دا و ئاسینەکەی ڕاتەکاند وگوتی: " کوا چاکەتەکەم بدەوە! تەنیا ئەو چاکەتەم هەیە، ناچار بووی لە بەرمی داکەنی و لە بەر خۆتی بکەی. سەگی پیس کوا بمدەوە، خوا گیانت بسەنێ! "

سیمون چاکەتەکەی داکەند. یەکێک لە قۆڵەکانی هەڵگەڕایەوە. ماترینا بە توندی ڕایکێشا، درومانەکەی هەڵتەقی، ماترینا چاکەتەکەی دا بەسەری خۆیا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. دەیویست بڕواتە دەرەوە. بەڵام بە دوو دڵی وەستا... دەیویست تووڕەیی خۆی بە سەر کەسێکدا هەڵبڕێژێ. بەڵام دەشی ویست بزانێ، ئەم پیاوە نەناسە کێیە.

( ٤ )

ماترینا لە بەر دەرگاکە وەستا وگوتی:

- ئەم پیاوە ئەگەر پیاوێکی باش بوایە، ئاوا ڕووت و قووت نەدەبوو. تەنانەت کراسیشی لەبەر نییە. ئەگەر پیاوێکی سەلار وسەنگین و ئابڕوومەند بوایە پێت دەگوتم، لە کوێ و چۆن دۆزیوتەوە.

سیمون گوتی:

- من دەمەوێ ئەمە بکەم، بەڵام تۆ دەرفەت نادەیت. کە گەییمە نزیکی مەزارەکە سەیرم کرد بە ڕووتی دانیشت بووەخەریک بوو ڕەق دەبووەوە. هەوای دەرەوە زۆرد سارد بوو، بە کەڵکی خۆ ڕووتکردنەوە نایەت! خوا منیبۆ نارد، دەنا ڕەق دەبووەوە. ئاخر چیم بکردایە؟ ئەگەر فریای نەکەوتبام، خوا دەیزانی چی بە سەر دەهات؟ ئیدی چووم بە لایەوە، هەڵمساند وجلم لە بەر کرد ولە گەڵ خۆما هێنامەوە. ماترینا، تووڕە مەبە، گوناحە! مردنت لە بیربێ، ئێمە هەمووی گیای مردنین، ڕۆژێک دێ هەموو هەر دەمرین.

ماترینا، دەیویست دیسان تووڕە بێت وبۆڵە بۆڵ بکات. بەڵام هەرکە ڕوانییە کابرای نەناس، بێدەنگ بوو. کابرا، بە بێ جوولە لە قەراغ تەختەکە

ڕۆنیشتبوو. هەر دوو ئەژنۆی گرتبوونە باوەش، سەری لە بەر خۆ نابوو. چاوەکانی نووقاندبوون. نێو چەوانی بە یەکا دابوو، پێدەچوو ئازاری هەبێت. ماترینا قسەی بۆ نەدەهات. بەڵام سیمون گوتی:

- ماترینا، تۆ خوات خۆش ناوێ؟ ڕەحمی خوات لە دڵدا نییە؟

ماترینا، کە گوێی لەو قسەیە بوو، دووبارە ڕوانییە کابرای نەناس. دڵی بە حاڵی سووتا. لە لای دەرگاکە گەڕایەوە. ڕووی کردە ئاگردانەکە تا شێف ئامادە بکات. تاسێکی لە سەر مێزەکە دانا وبڕێک شۆربای تێکرد. ئەنجام دوا کولێرەی دەرهێنا، چەقۆ و مراکی هێنا و گوتی: " فەرموو، خواردن ئامادەیە!"

سیمون، دەستی کابرای گرت و بەرەولای مێز وخوانەکەی برد وگوتی: " کەرەمکە لاوۆ."

ئەوسا، سیمون، نانەکەی گوشییە شۆرباکەوەو دەستیان بە خواردن کرد. ماترینا لە سووچێکی مێزەکەوە دانیشت. چەناگەی نایە نێو هەر دوو دەستی وکەوتە ورد بوونەوە لە یارۆی نەناس.

ماترینا دڵی بە یارۆی نەناس سووتا. دڵی لە حانایا نەرم بوو. لە پڕ ڕووی کابرا گەشایەوە. سەری هەڵبڕی و بزەیەکی بە ڕووی ماتریناد‌ا دا. کە لە شێوخواردن بوونەوە ، ژنە سفرەکەی پێچایەوە . ئەوسا یارۆی نەناسی پرسیار پێچ کرد:

- خەڵکی کوێی؟

- پێویست ناکات بڵێم خەڵکی ئەم دیار و دەڤەرە نیم.

- ئەدی چۆن بوو ڕێت کەوتە مەزارەکە؟

- نامەوێ باسی ئەوە بکەم.

- باشە ڕووتیان کردویتەوە؟

- خوا سزای داوم.

- باشە بە ڕووت و قووتی لە ناوەندی ڕێگاکە خەوتبووی؟

- بەڵێ، بە ڕووت و قووتی، چی وای نەمابوو ڕەق ببمەوە . ئیدی سیمون بینیمی و بەزەیی پێمدا هاتەوە. پاڵتۆکەی خۆی داکەند و لە بەر منی کرد ومنی بۆ ئێرە هێنایەوە. تۆش نان و ئاوت دامێ و میرەبانیت لە گەڵ کردم. خودا پاداشتتان دەداتەوە !

ماترینا هەستا وئەو کراسە کۆنەی سیمونی، کە پینەی کردبوو، هێنا و دای بە کابرای نەناس. هەروەها پانتۆڵێکیشی بۆ هێنا وگوتی:

- دەبینم کراست لەبەر نییە، هانێ ئەمانە لەبەر بکە. هەر شوێنێکت بە دڵە، لەوێ بخەوە. لە سەر تەختەکە یان لە نزیکی ئاگردانەکە.

کابرای نەناس، پاڵتۆکەی داکەند، کراس وپانتۆڵەکەی لەبەر کرد، لە سەر تەختەکە پاڵکەوت. ماترینا چراکەی کوژاندەوە. پاڵتۆکەی هەڵگرت، چوو بۆ لای ئاگردانەکە ولە نزیکی مێردەکەیەوە ڕاکشا. پاڵتۆکەی دا بە خۆیا، بەڵام خەوی لێنەدەکەوت. بیری لە لای کابرای نەناس بوو.

کە بیری کەوتەوە، دوا پارووە نانی ماڵەکەیان خورابوو وبۆ سبەینێ نانیان نەمابوو، ئەو کراس وپانتۆڵەی بیرکەوتەوە کە دابووی بەو، خەم دایگرت. بەڵام کە بزەکەی کابرای نەناسی بیر کەوتەوە دڵی خۆش بوو.

ماترینا تا درەنگانێک هەر بێدار بوو. هەستی کرد سیمونیش هەر بە خەبەرە. لایەک لە پاڵتۆکەی بەویشدا داو گوتی: - سیمون؟

- بەڵێ.

- هەموو نانەکەتان خوارد. هەویرم نەشێلاوە تا هەڵبێ. نازانم بۆ سبەی چی بکەم. تۆ بڵێی مارینای دراوسێمان بە قەرز چەند نانێکمان بداتێ.

- ئەگەر تا سبەی ماین، خوا کەریمە، شتێک پەیدا دەکەین کە بیخۆین.

ژنەی تاین ماوەیەک بێدەنگ بوو وپاشان گوتی:

- لە پیاوێکی باش دەچێت، بەڵام بۆ پێمان ناڵێ کێیە؟

- پێموایە، هۆیەک هەیە.

- سیمون؟

- بەڵێ.

- دەڵێم، ئێمە هەمیشە دەبەخشین... بۆ کەس شتێک بە ئێمە نابەخشێت.

سیمون هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، ئەوسا گوتی:

- زۆرمان قسە کرد، با بنووین.

ئەوسا پشتی کردە ئەو وخەوت.

(٥)

سیمون، بەیانی زوو ڕابوو، منداڵەکان هێشتا لە خەودا بوون. ژنەکەی چوو بوو بۆ ماڵی دراوسێکەیان نان قەرز بکات. یارۆی نەناس بە تەنیا لە سەر تەختەکە دانیشتبوو، کراس و پانتۆڵەکەی لەبەر بوو وتەمەشای سەرەوەی دەکرد. ڕەنگ و ڕووی لە دوێنێ گەشتر و نوورانی تر بوو.

سیمون گوتی:

- برادەر، سک پێویستی بە نان و خوراک و پۆشاک هەیە. پیاو دەبێ بە ڕەنجی شان بژێوی خۆی پەیدا بکات. چ کارێک دەزانی؟

- هیچ کارێک نازانم.

سیمون، سەری سووڕما، بەڵام گوتی:

- ئەگەر کەسێک بیەوێ، دەتوانێ هەر کارێک فێر بی.

- خەڵکی کار دەکەن، منیش کار دەکەم.

- ناوت چییە؟

- میخائیل.

- باشە میخائیل، ئەمەی کە ناتەوێ باسی خۆت بکەی، ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە و ئازادی. بەڵام دەبێ بە ڕەنجی خۆت بژێوی خۆت پەیدا بکەی. ئەگەر بە قسەی من بکەیت و ئەو کارەی پێتی دەسپێرم بکەیت خۆراک و شوێنێت بۆ دابین دەکەم.

- خوا پاداشتت بداتەوە! تۆ پیشانمی بدە دەیکەم، فێری دەبم.

سیمون پەتێکی هەڵگرت و لە دەوری کەڵە موستی ئاڵاند وکەوتە بادانی:

- تەمەشا، ئەمە کارێکی ئاسانە.

میخائیل، تەمەشای کرد، ئەوسا وەکو ئەو پەتەکەی لە دەوری کەڵە موستی هاڵاند و کەوتە بادانی. ئەوسا سیمون فێری کرد چۆن داوەکە (پەت) لە مۆم بگرێ، کابرا ئەو کارەش فێر بوو. ئەوسا سیمون فێری کرد، چۆن پەرگەمای پێڵاو بدات وچۆن سوژن و درەوشە بە کار بەرێ و تەقەڵان لێبدات. میخائیل، بە زوویی فێری ئەمانەش بوو.

سیمون هەر چییەکی پێ نیشاندەدا زوو فێری دەبوو. دوای سێ ڕۆژ وەکو ئەوە بوو لە ئیجادی هەر پینەدۆز بووبێ. بەردەوام کاری دەکرد وزۆر کەمی دەخوارد. کە لە کار دەبووەوە، بە بێدەنگی دادەنیشت وتەمەشای سەرەوەی دەکرد. نەدەچووە دەرەوە، لە کاتی پێویستا نەبوایە قسەی نەدەکرد. سوعبەتی نەدەکرد. پێنەدەکەنی. تەنیا لە کاتی زۆر پێویستدا قسەی دەکرد. ئەم ژن و مێردە، هەرگیز بزەیان بە سەر لێوانییەوە نەبینی بوو، تەنیا یەکەم شەو نەبێ، کە ماترینا شێوی دابوویە.

( ٦ )

ڕۆژان بوون بە هەفتە، هەفتە بوون بە مانگ، ساڵ هات ورۆیی. میخائیل، دەگەڵ سیموندا کاری دەکرد ودەژیا. ناوبانگی دەرکرد. وای لێهات خەڵکی دەیانگوت: کەس وەکو میخائیلی شاگردی سیمون پێڵاوی قایم نادوورێ. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بۆ لای سیمون دەهاتن ولای ئەو پێڵاویان بە دروون دەدا. کار وبار ڕەونەق وڕەواجی پەیدا کرد.

شەوێکی زستانە سیمون ومیخائیل مژوولی کار بوون لەناکاوا گالیسکەیەک کە خرابووە سەر خزاک وسێ ئەسپی زەنگوڵە بە گەردن ڕایان دەکێشا پەیدا بوو. لە پەنجەرەکەوە تەمەشایان کرد. گالیسکەکە لەبەر ماڵی ئەواندا ڕاوەستا، خولامێکی شیکپۆش خۆی لە گالیسکەکە هەڵدایە خوارەوە، دەرگای گالیسکەکەی کردەوە، نەجیمزادەیەک کە پاڵتۆیەکی فەرووی لەبەر بوو، دابەزی. ڕووی کردە کوختەکەی سیمون. ماترینا بە هەشتاو لە جێی خۆی هەستا ودەرگای خستە سەر گازی پشت. یارۆی نەجیمزادە ناچار خۆی دانەواندەوە تا بچێتە ژوورەوە. وەژوورکەوت. وەختێ خۆی ڕاستکردەوە لەزگ بوو سەری بەر میچەکە بکەوێت. کە بە پێوە وەستابوو وەکو ئەوە بوو لایەکی ژوورەکەی گرتبێ.

ئەوسا سیمون، هەستا وکڕنۆشی بۆ کابرا برد. بە سەرسامی ڕوانییە کابرای نەجیمزادە. سیمون، تا ئەو ڕۆژە کەسی وای نەبینی بوو. سیمون بۆ خۆی وردیلە بوو، میخائیل لاواز بوو. ماترینا هەر مەپرسە، یەکپارچە پێست وئێسقان بوو، پێستی بە سەر ئێسقانیەوە هیشک بووبوو. بەلام ئەو پیاوە لە دنیایەکی دیکەوە هاتبوو. دەم وچاوی سوور، قەڵەو بوو، کەتە و زەلام، ملی لە ملی گا جووت دەچوو. دەتگوت پەیکەری ئاسنینە.

یارۆی نەجیمزادە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، پاڵتۆکەی داکەند. لە سەر تەختەکە دانیشت و گوتی: "کێتان وەستای پینە دۆزن؟ "

سیمون هاتە پێشەوە وگوتی: "قوربان بەندە دەخزمەتودام"

نەجیمزادەکە، خولامەکەی گاز کرد وگوتی: "ئەهای فدکا، ئەو چەرمە بێنە! "

خولامەکە بە خۆی وگورزەیەکەوە وەژوورکەوت. گورزەکەی لە سەرمێزەکە دانا. یارۆی نەجیمزادە گوتی: - گورزەکە بکەوە.

خولامەکە کردییەوە.

یارۆی نەجیمزادە، چەرمەکەی نیشاندا وگوتی: "پینەدۆز، تەمەشا بکە، ئەم چەرمە دەبینی؟ "

- بەڵێ ئەزبەنی!

- دەزانی چ چەرمێکە؟!

سیمون، دەستێکی لە چەرمەکە دا وگوتی: - چەرمێکی زۆر عالە.

- هەر عالە؟ بە عەمراتت چەرمی وات نەدیتووە گەوجە. چەرمی ئەڵمانییە. بیست ڕۆبڵم پێی داوە.

سیمون بە ترسەوە گوتی: " هەرگیز چەرمی وا باشم نەدیتووە. "

- دەی باشە، دەتوانی جووتێ پووتی لێ دروست بکەی بۆ من؟

- بەڵێ، قوربان، دەتوانم.

هەنگێ کابرای نەجیمزادە هاواری بە سەریا کرد: " دەتوانی! ئایا دەتوانی؟ بەڵام ئەوەت لەبیربێ پووت بۆ کێ دەدرووی، وچ چەرمێکت لە بەر دەستدایە. دەبێ پووتێکم بۆ دروست بکەی کە بەلای کەمەوە بەرگەی یەک ساڵ بگرێ. نە تێک بچێ ونە دروومانەکەی هەڵبوەشێتەوە. ئەگەر دەرەقەتی دێی، چەرمەکە وەربگرە وببڕە. ئەگەر لە عۆیەشی نایەی لە ئێستاوە قسە بکە. جا من ئاگادارت دەکەمەوە ئەگەر پووتەکان لە زەرفی یەک ساڵدا تێک چوون یا درووومانەکانیان هەڵتەقی ئەوا بە حەپس کردنت دەدەم. بەڵام ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا تێک نەچوون یان درووومانەکانی هەڵنەتەقین، ئەوا دە ڕۆبڵ هەق دەستت دەدەمێ."

سیمون، ترسا و سڵی کردەوە. نەیدەزانی چ بڵێ. تەمەشای میخائیلی کرد، ئانیشکێکی تێوە ژەند ولە بن لێوانەوە گوتی: " چ دەڵێی، ئەم کارە بکەم یان نا؟ " میخائیل، سەری لەقاند کە بیکە.

سیمون بە گوێی میخائیلی کرد وبەڵێنی دا کە جووتێ پووتی بۆ بدوورێ تا یەک ساڵ نە تێک بچێت و نە هەڵبتەقێ.

نەجیمزادەکە، خوڵامەکەی گاز کرد، ئەمری پێکرد، تا پووتەکەی پای چەپی بۆ داکەنێ و پێی درێژ کرد وگوتی: " دەی ئەندازەی پێم بگرە! "

سیمون، پارچە کاغەزێکی هێنا درێژییەکەی چل سانتی مەتر بوو، لە سەر ئەرزەکەی دانا، سافی کرد، دانەوییەوەو بە پێشتەماڵەکەی دەستی سڕی نەبا گۆرەوییەکانی نەجیمزادە پیس ببن. ئەندازەی پێی گرت. درێژی پای، خڕی پاژنەی ئەندازە گرت. دەیویست ئەندازەی لاقیشی بگرێت، کاغەزەکە کەمی هانی. پوزی ئەوەندە ئەستوور بوو، لە تۆ وایە قەدی دارێکی ئەستوورە.

- ئاگادار بە تەنگ نەبێت!

سیمون، پارچە کاغەزێکی دی پێوە لکاند. نەجیمزادە قامکەکانی پێی لە نێو گۆرەوییەکەیەوە دەجووڵاند. چاوی بە ناو کوختەکەدا گێڕا. سەرنجی لە سەر میخائیل گیرسایەوە. پرسی: - ئەمە کێیە؟

- ئەمە شاگردمە. ئەو پووتەکانت بۆ دەدوورێت.

کابرای نەجیمزادە ڕوویکردە میخائیل وگوتی: " ئاگادار بە! پووتێکم بۆ دروست بکە بەشی یەک ساڵ بکات."

سیمونیش، ڕوانییە میخائیل، سەیری کرد تەمەشای یارۆی نەجیمزادە ناکات، بەڵکو دەیڕوانیە سووچەکەی پشتی ئەوەوە. وەکو ئەوەی یەکێکی لەوێندەر دیتبێ. میخائیل، ورد بوو بووەوە وتەمەشای دەکرد. لە ناکاوا بزەیەکی کەوتە سەر لێوان وڕوو و ڕوخساری گەشایەوە.

یارۆی نەجیمزادە هاواری کرد: "مێردەکی ( بۆرە پیاو ) گەوج بە چ پێدەکەنی؟ باشتر وایە حەواست جەم بکەی کە پووتەکان لە وەختا تەواو بکەی."

میخائیل گوتی: " خەمت نەبێ، لە کاتی خۆیدا تەواو دەبن. "

نەجیمزادەکە گوتی: " تا زووتر تەواوی بکەی قازانجی خۆتە. "

پووتەکەی لە پێ کردەوە. پاڵتۆکەی هەڵگرت، لە خۆوەی پێچا و بەرەو دەرگا ڕۆیی. بیری چوو لە ناو ئاستانەی دەرگاکەدا سەر دانەوێنێ، سەری بە سەر

دەرییەکە کەوت. بە دەم سەر خوراندنەوە کەوتە جنێودان. سواری گالیسکەکەی بوو ڕۆیی.

سیمون، دوای ڕۆیشتنی ئەو بە میخائیلی گوت: " ئەمە پیاوە! بە تۆخماخیش ( کوتەکی سەرزل ) نایەتە کوشتن! خەریک بوو سەر دەرییەکە بشکێنێ. کەچی هەر بە خەیاڵیشیا نەهات. "

ماترینا گوتی: " ئەو ژیانەی ئەو هەیەتی، هەر تۆکمە وکەتە دەبێ، عزرائیلیش دەرەقەتی ئەم تاوێرە نایەت."

( ٧ )

هەنگێ سیمون بە میخائیلی گوت: " ئێمە قەولمان پێداوە دەبێ حەواسمان جەم بێ و سەر یەشە وکێشە بۆ خۆمان دروست نەکەین. چەرمەکە، چەرمێکی گرانبەهایە و کابراش تووند مجێزە. نابێ هیچ هەڵەیەک بکەین. وەرە، چاوی تۆ لە چاوی من تیژتر و قامکت لە قامکی من چالاکترن. ئەندازەکان ببە وچەرمەکە ببڕە. من دەمەوێ سەرەکەی بدوورم. " میخائیل بە گوێی سیمونی کرد، چەرمەکەی لە سەر مێزەکە ڕاخست ودوو قەدی کرد. بە کێرد کەوتە بڕینی.

ماترینا هات تا تەمەشای چەرم بڕینەکەی ئەو بکات. ماترینا سەری لە کارەکەی سووڕما. ماترینا شارەزایی لە بڕینی چەرما هەبوو. بەڵام تەمەشای کرد میخائیل چەرمەکەی لە شێوەی پووتا وبە درێژی نەبڕی، بەڵکو بە شێوەیەکی بازنەیی بڕی. دەیویست قسە بکات. بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی ڕەنگە من نەزانم پووتی پیاوانە چۆن دەدوورێت. بەهەرحاڵ میخائیل لە من باشتری دەزانێ، با هەقم نەبێ و قسە نەکەم.

کە چەرمەکە هاتە بڕین، میخائیل دەستی بە دروون کرد. بەڵام لەبری ئەوەی وەکو هەر پێڵاوێک دوو سەری چەرمەکە پێکەوە بدوورێ، یەک سەری چەرمەکەی دەدروو. تا وەکو سۆل وسەرپایی نەرم وخۆش بێ. ماترینا، سەری لەمەش سووڕما، بەڵام ئەمجارەش قسەی نەکرد. میخائیل، تا نیوەڕۆ هەر کاری کرد و وچانی نەدا. هەنگێ سیمونهەستا نانی نیوەڕۆ بخوات. تەمەشای

دەوروبەری کرد، تەمەشای کرد میخائیل لە جیاتی پووت، سەرپایی و سۆلی دروستکردووە.

سیمون لە دڵی خۆیدا ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " ئەوە یەک دانە ساڵە میخائیل کار بۆ من دەکات وتاقە جارێکیش هەڵەی نەکردووە. چۆن ئەمجارە ئەم هەڵە گەورەیەی کردووە؟ خۆ کابرای نەجیمزادە پووتێکی مل درێژی داوا کردبوو. میخائیل سۆلێکی (سەرپایی ) نەرم و ناسکی درووست کردووە و چەرمەکەی خەسار کردووە. باشە من چ وەڵامێکی یارۆی نەجیمزادە بدەمەوە؟ قەت چەرمێکی وەکو ئەم چەرمەم دەست ناکەوێ! "

ئەوسا بە میخائیلی گوت: " برادەر ئەوە تۆ چیت کردووە؟ ماڵت وێران کردم! بە خۆت دەزانی کابرا داوای پووتێکی باشی کرد کە چی تۆ سەرپاییت دروستکردووە؟ "

هێشتا لە سەرزەنشتی میخائیل نەبوو بووەوە، کە بە دەرکوتەکە(دەرگا ژەنە) لە تەقەی دەرگا درا. کەسێک لە دەرگای دەدا. لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە دەرەوە. کابرایەک بە سواری ئەسپ هاتبوو. خەریک بوو ئەسپەکەی دەبەستەوە. دەرگاکەیان کردەوە. نۆکەرەکەی یارۆی نەجیمزادە وەژوورکەوت. گوتی: - ڕۆژتان باش!

سیمون وەڵامی دایەوە: " ڕۆژ باش! کەرەمکە، چ خزمەتێکت هەیە؟ "

- خانمم، سەبارەت بە پووتەکان ناردوومی.

- سەبارەت بە پووتەکان چ ئەمرێکیان هەیە؟

- ئاغام پێویستی بە پووت نییە، مرد!

- بەڕاست، ماقوولە؟!

- دوای ئەوەی لە لای ئێوە دەرچووین، نەگەیینە ماڵەوە، لە ڕێگا، لەناو گالیسکەکەدا مرد. کاتێ گەیینەوە ماڵ، خوڵام و دەست وپێوەند بە پیرییەوە هاتن، تا یارمەتی بدەن و لە گالیسکەکە دایگرن، وەکو فەردە کا بە دەما کەوتبوو. بەدەنی بە جۆرێ ڕەق بووبوو کە بە زەحمەت لە گالیسکەکەمان

دەرهانی. خانمم بۆ ئێرەی ناردووم وگوتی: " بە پینەدۆزەکە بڵێ، ئەو ئاغایەی پووتی لەلا بە کرد دابوو پێویستی بە پووت نییە، بەڵام با هەرچی زووە جووتێ سۆلی نەرم و ناسک بۆ جەنازەکە دروست بکات. " ئەمری بە من کرد بە دیارتانەوە دانیشم تا سۆلەکە تەواو دەبێ و لە گەڵ خۆمیا ببەمەوە. من بۆ ئەمە هاتووم. "

میخائیل، باقی چەرمەکەی کۆکردەوەو لوولی دا. دەستی دایە ئەو سۆلەی دروستی کردبوو، بەبەرکۆشەکەی سڕینی وهەنگێ لە گەڵ لوولە چەرمەکەدا دایە دەستی نۆکەرەکە. نۆکەرەکە سۆلەکان وچەرمەکەی وەرگرت وگوتی: "دەستتان خۆش وەستاینە، خواحافیز! "

( ٨ )

ساڵان هاتن وچوون. شەش ساڵ بوورین وهێشتا میخائیل لە گەڵ سیموندا دەژیا. وەکو جاران دەژیا. بۆ هیچ شوێنێ نەدەڕۆیی. تەنیا لە کاتی پێویستدا قسەی دەکرد. بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە تەنیا دووجار بزەی هاتبووێی: جارێکیان ئەو کاتە بوو کە ماترینا خواردنی دابوویە و جاری دووەم ئەو کاتە بوو کە یارۆی نەجیمزادە خۆی بە کوختەکەدا کردبوو. سیمون، زۆر لە شاگردەکەی ڕازی بوو. قەت لێی نەدەپرسی لە کوێوە هاتووە، تاقە ترس و دوودڵی ئەوە بوو نەبا میخائیل لێی جیا ببێتەوەو بە جێی بێڵێ.

ڕۆژێک هەموو لە ماڵەوە، لە دەوری یەکدی خڕ بووبوونەوە. ماترینا مەنجەڵێن کانزایی دەخستە سەر ئاگردانەکە. منداڵەکان بە ناو ماڵکەدا غاریان دەدا، دەچوونە سەر تەختە خەوەکان ولە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەیان دەکرد. سیمون، لە بەر پەنجەرەیەکدا خەریکی دروومان و تەقەڵ لێدان بوو. میخائیل لە بەر پەنجەرەیەکی دیدا خەریک بوو پاژنەی لە پێڵاوێک دەنا. یەکێک لە منداڵەکان بە غار چووە سەر ئەو تەختەی کە میخائیل لە تەنیشتییەوە کاری دەکرد. دەستی خستە سەر شانی، تا تەمەشای دەرەوە بکات. گوتی:

- هاپۆ میخائیل، خانمێک بە خۆ و دوو کچۆڵەوە بۆ ئێرە دێت. یەکێک لە کیژەکان لەنگە.

میخائیل، کە گوێی لە قسەی کوڕەکە بوو، کارەکەی دەستی دانا و لە پەنجەرەکەوە ڕاونییە دەرەوە. سیمون، سەری سووڕما. میخائیل قەت سەیری دەرەوەی نەدەکرد. کەچی هەنووکە هەنیەی بە شووشەی پەنجەرەکەوە نابوودەیڕوانییە شتێک. سیمونیش ڕوانییە دەرەوە. ژنێکی پوشتە وپەرداخی بینی کە بەرەو کوختەکەی ئەمان دەهات. دەستی دوو کچۆڵەی گرتبوو کە سەرو پاڵتۆیەکی فەروویان لە بەر و یەکی شاڵێکی سوفیان بە شانا دابوو. کچەکان بە ڕادەیەک لە یەکدی دەچوون، جیا کردنەوەیان ئەستەم بوو. یەکێکیان لاقی چەپی تەواو نەبوو ودەلەنگی.

ژنەی تاین خۆی بە ڕاڕەو و هەیوانی ماڵەکەدا کرد. ئەوجا خۆی گەیاندە دەرگاکە، دەستی گێڕا و کێلونی دەرگاکەی دۆزییەوە. بایدا، دەرگا کرایەوە. هەوەڵجار کچەکان و پاشان خۆی هاتنە ژوورەوە.

- ڕۆژتان باش خەڵکە باشەکە.

سیمون گوتی: - سەر سەر و سەر چاوان. کەرەمکە وەرە ژوورێ. ئەمرێکت هەیە؟

ژنەکە، لە بەردەم مێزەکە دانیشت. جووتە کچەکە خۆیان بە دایکیانەوە چەسپاند، دەترسان.

- دەمەوێ ، بۆ بەهار، دوو پێڵاوی چەرم بۆ ئەم کیژانە بە کرد بدەم.

- هەرچەندە پێشتر پێڵاوی منداڵانمان دروست نەکردووە، بەڵام قەیدی نییە، بۆیان دەدوورین. شاگردەکەم، میخائیل وەستای پێڵاو درووە!

سیمون، تەمەشای میخائیلی کرد. سەیری کرد دەستی لە کارەکەی هەڵگرتووەو زەق زەق چاوی بڕیوەتە کچەکان. سیمون سەری سوڕما. ڕاستە کچەکان جوان بوون، چاویان ڕەش بوو. ڕوومەتیان گۆشتن وئاڵ بوو. پاڵتۆی فەروویان لەبەر وشاڵی جوانیان لە شان بوو، بەڵام سیمون هێشتا نەیدەزانی میخائیل بۆچی بەوجۆرە لێیان ورد بووەتەوەو تەمەشایان دەکات. دەتگوت دەیناسین. هەرچەندە سیمون حایر مابوو، بەڵام لە گەڵ ژنەدا درێژەی بە قسان دا، و لەسەر نرخەکە ڕێکەوتن.

ئەوسا خۆی ئامادە کرد کە ئەندازەی پێی کچەکان بگرێت. ژنە کچە شەلەکەی هەڵگرت و نایە سەر باوەشی وئەوسا گوتی: " دوو ئەندازە بۆ ئەم کچە بگرە. یەکێک بۆ پێیە سەقەتەکەی و یەکێکیش بۆ پێیە ساغەکەی. یەک تاک بۆ پێیە سەقەتەکەی دروست بکە وسێ تاکیش بۆ پێیە ساغەکەی. هەر دوو کیژەکە پێیان بە ئەندازەی یەکە. جمکانەن ( دووانە، جمک، لفانە )."

سیمون، ئەندازەی گرتن، ئەوسا ئاماژەی بۆ شەلەکە کرد وگوتی: " ئەو کیژە جوانە بۆ وای لێهاتووە؟ هەر بە زکماک وابوو، یان لە ڕووداوێکا وای لێهاتووە؟"

- نا، دایکی وای لێکردووە، شەلی کردووە.

ماترینا، خۆی لە قسەکانیان هەڵقورتاند. حەزیدەکرد بزانێ ئەم ژنە کێیە و ئەم کچانە کیژی کێن. گوتی: " باشە تۆ دایکیان نیت؟ "

- نا خانمی میهرەبان. من نە دایکیانم و نە خزمیانم. ئەمانە بێگانەن هەڵم گرتوونەتەوە.

- یانی دایکیان نیت و بەو ڕادەیەش خۆشت دەوێن؟

- چۆن خۆشم نەوێن؟ هەر دووکیانم بە شیری خۆم بە خوودان کردوون. کوڕێکم لە خۆم هەبوو، خوا بۆ خۆی بردییەوە. ئەوەندەی ئەمانەم خۆش دەوون، ئەوندە متووی جگەر گۆشەکەی خۆم نەبووم!

- ئەدی ئەمانە کیژی کێن؟

( ٩ )

ژنەی تاین کەوتبووە قسان وحاڵ وحیکایەتەکەی لە نووکەوە گێڕایەوە: " نزیکەی شەش دانە ساڵە، کە دایک و باوکیان لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەک دوا بەدوای یەکدی مردن، باوکیان ڕۆژی سێ شەممە ئەمری خوای کرد ودایکەکەیان ڕۆژی هەینی مرد. ئەم هەتیوانە سێ ڕۆژ دوای مردنی بابیان لە دایک بوون. دایکیان بۆ ڕۆژی دوایی مرد. ئەو سەردەمانە من و شووەکەم لە گوندی دەژیاین. هاوسێی ئەوان بووین، دیوار بە دیوارەوە. بابی

ئەوان کەسێکی تەنیا وتەنیا باڵ بوو، دارکەر بوو، لە بێشە و جەنگەڵان داری دەکرد. ڕۆژێک، بە دەم دار بڕیینەوە، دارێکی گەورەی بە سەرا ڕما و ورگ و ڕێخۆڵەی دەرهێنا. هێشتا نەیان گەیاندبووە ماڵەوە گیانی دەرچوو. هەر لەو هەفتەیەدا، ژنەکەی بە سکێ دوو منداڵی بوو، کە ئەم دوانەن، ژنێکی تەنیا و بێنەوا بوو. هیچ کەس و بەخێوکەرێکی نەبوو، بە تاقی تەنیا ئەم دوو منداڵەی بوو و هەر بە تەنیاش مرد.

بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی چووم سەری بدەم. کاتێ وەژوور کەوتم ژنەی قەرەبەخت مردبوو و جەنازەکەی سارد بووبووەوە. بەدەم ئاویلکەدانەوە تلی دابوو و بە سەر ئەم کچەدا کەوتبوو وپای پلیشاندبووەوە. ژنانی گوند هاتن. جەنازەکەیان شۆرد، تابووتێکیان بۆ دروستکرد و لە تابووتیان نا و بە خاکیان سپارد. هەر هەموویان خەڵکی میرەبان بوون. ئەم دوو منداله بە تاقی تەنیا مابوونەوە. چییان لێبکرێ؟

من تاقە ژنێک بووم کە لەو کاتەدا منداڵی شیرەخۆرەم بە بەرەوە بوو. کوڕە نۆبەرەکەم دوو مانگان بوو. بە شێوەیەکی کاتی ئەم دوو منداڵەم بردە ماڵی خۆمان، پاشان جووتیارەکان کۆبوونەوەو کەوتنە ڕاوێژ وتەگبیر کە چی لەم دوو منداڵە بکەن؟ ئەنجام گوتیان: " ماری تۆ جارێ بە شێوەیەکی کاتی بیانگرە خۆت تا پاشان تەگبیریان دەکەین.

هەوەڵجار ئەم ساغەیانم شیر دا، شیرم نەدایە سەقەتەکەیان. لەو باوەڕەدا نەبووم کە بژی. بەڵام دوایی لە دڵی خۆدا گوتم: بۆچی ئەم منداڵە بەستەزمانە ئازار بچێژێ؟ بەزەییم پێدا هاتەوەو شیرم دایە. ئیدی بەو جۆرە کوڕەکەی خۆم و ئەم دوو کیژەم، واتە سێ منداڵم شیر دەدا. ئیدی گەنج بووم و بە تاقەت. خواردنی باشم دەخوارد. خوا ئەوەندەی شیرەکەم زیاد کرد، هەندێجار دەڕژا. هەندێ جار شیری دووانیانم پێکەوە دەدا و سێیەم چاوەڕێی دەکرد... هەرکاتێ یەکێکیان تێر بوایە، ئەوسا سێیەمم دێنایە بەر مەمکم.

ئیدی تەقدیر وای هانی ئەم دووانە بژین و گەورە ببن و کوڕەکەی خۆم کە بوو بە دووساڵان، مرد. دوای ئەوە ئیدی منداڵم نەبوو. وەزعمان بەرەو باشی چوو. مێردەکەم، لای بازرگانێکی دانەوێڵە و لە ئاشێکا کاردەکات.

مووچەکەی باشە. بەڵام من بە خۆم منداڵی خۆمم نییە. ئەگەر ئەم دوو کیژە نەبوایەن لە تەنیاییدا دیقم دەکرد! چۆن خۆشم نەوێن، کە مایەی خۆشی ژیانی منن! "

بە دەستێک کچە شەلەکەی بە خۆوە گوشی و بە دەستەکەی تری ڕوندکەکانی سەر گۆناکانی سڕی.

ماترینا، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " ڕاستیان گوتووە کە بە شەر بە بێ داک وباب دەژی، بەڵام بە بێ خوا ناژی! "

لە کاتێکا بەوجۆرە سەرگەرمی قسان بوون، لە ناکاوا کوختەکە ڕوناک بووەوە. وەکو ئەوە بوو بڵاچەیەکی هاوینە، لەو سووچەوە کە میخائیل تیا دانیشتبوو، بدرەوشێتەوە. هەموو سەیری ئەویان کرد، سەیریان کرد دانیشتووە، هەر دوو ئەژنۆی گرتوونەتە باوەش و ڕووی کردووەتە ئاسمان و بزەیەک بە سەر لێویەوەیە.

( ١٠ )

ژن و کچەکان ڕۆیشتن. میخائیل لە پشت تەختەکەوە هەستا، دەستی لە کار هەڵگرت. بەرکۆشەکەی داکەند. دوای ئەوە کڕنۆشی بۆ سیمون و ژنەکەی برد وگوتی:

- گەورەکانم بە دوعا! تەواو خوا لێم خۆشبوو. تکاتان لێدەکەم لە هەر کەم و کورپییەکم ببورن.

سەیریان کرد میخائیل یەکپارچە نوورە. سیمون هەستا و کڕنۆشی بۆ میخائیل برد و گوتی: " میخائیل، من دەمزانی تۆ وەکو خەڵکانی ئاسایی نیت. نە دەتوانم گلت بدەمەوە و نە دەتوانم پرسیارت لێبکەم. بەڵام پێم بڵێ بۆچی کاتێ تۆم دۆزییەوەو بۆ ماڵەوەم هێنایتەوە لە ڕادەبەدەر خەمبار بوویت؟ کاتێ کە ژنەکەم خواردنی بۆ هێنایت بزەت هاتێ و گەشایتەوە؟ کاتێ نەجیمزادەکە هات تۆ دیسان بزەت هاتێ و ڕوخسارت ڕوناک بووەوە؟ ئێستاش کە ئەم ژنە، ئەو دوو کیژەی هانی بۆ جاری سێیەم بزەت کەوتە ڕوو

و وەکو ڕۆژی ڕوناک، ڕوناک بوویتەوە؟ میخائیل پێم بڵێ بۆچی نوور لە ڕۆخسارت دەبارێ؟ بۆچی ئەو سێ کەڕەتە بزەت هاتێ؟ "

میخائیل وەڵامی دایەوە:

- کە نوورم لێدەبارێ، هی ئەوەیە کە من خوا غەزەبی لێگرتبووم وسزای دابووم، ئێستاش خوا لێم خۆش بووە. کە سێ جاریش پێکەنیم و بزەم کەوتە سەر لێو، لە بەر ئەوە بوو خوا منی ناردبوو تا سێ حەقیقەتم بۆ دەربکەوێ. هەنووکە ئەو سێ حەقیقەتەم بۆ دەرکەوتوون و فێریان بووم. حەقیقەتی یەکەمم ئەو کاتە بۆ دەرکەوت و فێر بووم کە ژنەکەت بەزەیی پێدا هاتمەوەو دڵی بە حاڵم سووتا. یەکەمجار بەوە پێکەنیم. حەقیقەتی دووەمم ئەو کاتە بۆ دەرکەوت کە کابرای نەجیمزادە، پووتەکانی دابە کرد، ئەوە بوو جاری دووەم پێکەنیم. جارێ سێیەمیش وەختێ کچەکانم بینی حەقیقەتی سێیەمم بۆ دەرکەوت وپێکەنیم.

سیمون گوتی: " میخائیل پێم بڵێ بۆچی ولە سەر چی خودا غەزەبی لێگرتیت وسزای دایت و سێ حەقیقەتە چین، بەڵکو منیش فێریان ببم؟"

میخائیل، بەرسڤی دایەوە: "خوا سزای دام چونکە نافەرمانیم کردبوو. من لە فریشتەکانی بەهەشت بووم و لە خوا یاخی بووم، بە گوێم نەکرد. خوا ناردمی تا گیانی ئافرەتێک بسەنم و بۆی بەرم. بە هەشتاو بۆ سەر زەوی هاتم. ژنێکی نەخۆشم بینی بە تاقی تەنیا کەوتبوو، کە دوو کیژی نۆزای بوو بوو، نۆزاکان لە پال دایکیانەوە، بە ئاستەم دەجووڵان. لێ ژنەکە ئەوەندە لاواز وبێ توانا بوو کە نەیدەتوانی شیری منداڵەکانی بدات و مەمکیان لە زار بنێ. ژنەکە چاوی بە من کەوت یەکسەر زانی خوا منی ناردووە تا گیانی بسێنم. گریا ولێم پاڕایەوە: "ئەی فریشتەی خوا! مێردەکەم هەمووی سێ ڕۆژە مردووە، چووبووە دار بڕین، دار بە سەریا کەوتبوو ومردبوو. جا من نە خوشک و نە پوور ونە دایکم نین. چ کەسێک شک نابەم ئەم هەتیوانەم بۆ بە خێو بکات. گیانم مەستێنە! دەرفەتم بدە با منداڵەکانم شیر بدەم و بە خێویان بکەم تا دەکەونە سەر پێی خۆیان ئەوسا ڕۆحم بکێشە. ئەم منداڵانە ناتوانن بە بێ باب وداک بژین. " بە گوێم کرد، یەکێک لە منداڵەکانم نایە بەر مەمکی ودووەمیانم نایە سەر بازووی. ئەوسا چوومەوە بۆ ئاسمان بۆ لای

خوا، گوتم: " نەمتوانی گیانی دایکەکە بکێشم. دارێک کەوتبوو بە سەر مێردەکەیا وکوشتبووی. ژنەش تازە جمکانەیەکی بووبوو، دەپاڕایەوە کە گیانی نەکێشم. دەیگوت دەرفەتم بدە تا مندالەکانم شیر بدەم تا دەکەونە سەر پێ. مندالەکان ناتوانن بە بێ داک و باب بژین، ئیدی گیانیم نەکێشا. " خوا گوتی: " بڕۆ خوارەوە سێ حەقیقەت بعەلمە. فێر بە بزانە چی لە نیهادی بەشەردا هەیە. فێری ئەوە بەو بزانە چیم بە مرۆڤ نەداوە و مرۆڤ بە چی دەژی؟ هەرکاتێ ئەوانە فێر بووی وزانیت هەنگێ دەتوانی بۆ بەهەشت بگەڕێیتەوە." دووبارە بۆ سەر زەوی هاتمەوە. گیانی دایکەکەم کێشا. منداڵەکان دەمیان لە مەمکی دایکیان هەڵگرت. دایکەکە بە دەم ئاوزینگەوە هەڵپڵاو وکەوت بە سەر یەکێک لە منداڵەکانداو لاقی پلیشانەوە. ئەوسا بەسەر گوندەکەدا هەڵفڕیم، دەمویست گیانی ژنەی تاین بەرمە خزمەتی خوا، کە چی بایەکە هەڵیکرد، باڵەکانم بەرەبەرە خاو بوونەوە، هێزیان لەبەر بڕا وهەڵوەرین، هەنگێ گیانی ژنەکە بەخۆی، بە تەنیا بۆ لای خوا چوو. ئیدی من کەوتمە خوارەوەو لە قەراخ ڕێگاکە گیرسامەوە.

( ١١ )

سیمون وماترینا کە زانیان کێیان ڕاگرتووەو جل وبەرگ و نان وئاویان بە کێ داوە، لە ترسا ولە خۆشیا، کەوتنە فرمێسک ڕشتن وگریان. فریشتەکە گوتی: " ئیدی ڕووت و قووت دەسووڕامەوە، تا نەبووبووم بە بەشەر، ئاگام لە پێداویستییە بەشەرییەکانی وەکو سەرما وبرسیەتی نەبوو. کە بووم بە بنیادەم هەستم بە برسیەتی کرد، خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوومەوە. نەمدەزانی چی بکەم؟ لە نزیکی ئەو مەزرایەدا کە لێی دابەزی بووم، مەزارێکم بە دی کرد. چووم بۆ ئەوێندەر بەو ئومێدەی پەنایەکم دەست بکەوێ، بەڵام دەرگای مەزارەکە داخرابوو. نەمتوانی بچمە ژوورەوە. لە پەنا دیواری مەزارەکەدا دانیشتم تا بەلای کەمەوە خۆم لە بایەکە بپارێزم. دەمەو ئێوارە بوو، برسیم بوو، خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوومەوە. لە ناکاوا گوێم لە دەنگی پێی پیاوێک بوو بە ڕێگاکەدا دەهات. جووتێ پێڵاوی بە دەستەوە بوو، لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد. لەوەتای شێوەی بنیادەمم وەرگرتبوو، ئەمە یەکەمجار بوو بەشەر بدینم. دیمەنەکەیم بەلاوە ترسناک

بوو. سەرم وەرگێڕا، گوێم لێبوو کابرا قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد: چۆن لە سەرمای زستانە خۆی بپارێزێ و بە چی خۆی پۆشتە بکاتەوە، چۆن خوراکی ژن و منداڵەکانی پەیدا بکات. لە فکران ڕاچووم: من خەریکە لە سەرما و لە برسا تیا دەچم و ئەو پیاوەش بیر لەوە دەکاتەوە چۆن جل وبەرگ بۆ خۆی و ژنەکەی فەراهەم بکات و چۆن نان وخوراک پەیدا بکات. کەواتە ناتوانێ یارمەتی من بدات." کە منی بینی، ڕووی گرژ بوو وسیما و ڕوخساری ترسناکتر بوو، لاتریسکەی بەست، لە من دوور کەوتەوە و ڕۆیی. خۆی لە گێلی دا، دەتگوت منی هەر نەبینی بوو. نائومێد بووم. لێ لە ناکاوا سەیرم کرد گەڕایەوە. تەمەشایەکی ئاسمانم کرد. هەمان پیاو بوو، بەڵام ڕوخساری بە جۆرێ بوو کە نەمناسییەوە. پێشتر شێوەی مەرگم لە ڕوخساریا بەدی کردبوو، بەڵام ئێستا زیندوویەتی لێ هەڵدەقوولا. زیندوو بوو. حوزووری خوام لە ڕوخساریا بەدی کرد. لێم هاتە پێشەوە. پاڵتۆکەی خۆی پێدا دام. بەگەڵ خۆی خستم وبۆ ماڵی خۆی هێنامەوە. چوومە ژوورەوە. ژنێک هات تا من بدینێ. دەستی بە قسان کرد، ژنە لە پیاوەکەش عەبووستر دیار بوو. بۆنی مەرگ لە زاری دەهات. بۆن مەرگێکی ئەوتۆ لە زاری ژنە دەهات، پیاو هەناسەی بۆ نەدەدرا. حەزی دەکرد لە ماڵەکە وەدەرم بنێ تا لە سەرماکەدا ڕەق ببمەوە. دەمزانی ئەگەر ئەو کارە بکات دەمرێت. لە ناکاوا مێردەکەی باسی خوای بۆکرد. ژنەکە یەکسەر گۆڕا. خواردنی بۆ هێنام ولێم ورد بووەوە. تەمەشام کرد، سەیرم کرد مەرگ لە ڕوخساریا باری کردووە. ژیابووبووەوە. خوام لەوا بینی. هەنگێ یەکەم دەرس وپەندم بیرکەوتەوە کە خوا ویستبووی فێری بم. زانیم چ شتێکی لە ناخ و نیهادی بەشەردا پەنهان کردووە. بۆم دەرکەوت خوا گڵی بنیادەمی بە مەحەبەت وڤیان هەڵشێلاوە. ئیدی وەجۆش هاتم، جەزمە گرتمی. خوا بەرە بەرە بەڵێنەکانی خۆی نیشان دەدام. بۆ یەکەمجار بزەم هاتێ. بەڵام هێشتا هەموو دەرس و پەندەکان فێر نەبووبووم: " چی بە مرۆڤ نەداوە " و " مرۆڤ بە چی دەژی " یەک ساڵم لە گەڵ ئێوەدا بەسەر برد. کەسێک هات و جووتێ پووتی بە ڕادان دا کە بۆ یەک ساڵ نە تێک بچێت ونە دروومانەکەی هەڵبتەقێ. تەمەشام کرد، لە پشت ئەوەوە، هاوکارەکەی خۆمم، فریشتەی مەرگم بینی. جگە لەمن کەس ئەو فریشتەیەی نەبینی. بەڵام من دەمناسی. ئیدی زانیم بەر لە ئاوابوونی ڕۆژ، گیانی ئەو

پیاوە دەوڵەمەند و نەجیمزادەیە دەکێشێت. لە دڵی خۆدا گوتم ئەم پیاوە خەریکە تەگبیری یەک ساڵی دیکە دەکات ونازانێ ناگاتە خۆرئاوا دەمرێت. ئیدی گوتەکەی دووەمی خوام بیر کەوتەوە: فێری ئەوە بە چیم بە بەشەر نەداوە."

پێشتر ئەوەم زانی کە خوا چ توحفەیەکی لە نیهاد ودەروونی بەشەردا پەنهان کردووە. ئێستاش بۆم دەرکەوت چی بە بەشەر نەداوە. بنیادەم توانای بەدیکردنی پێداویستییەکانی خۆی نییە. بۆیە جاری دووەم بزەم هاتێ. زۆر خوشحاڵ بووم هاوکارە فریشتەکەمم بینی وخوا لە ڕێگای ئەوەوە گوتەی دووەمی خۆی بۆ من ئاشکرا کردبوو.

بەڵام هێشتا هەموو شتەکانم بۆ بەدیار نەکەوتبوو، دەرس وپەندی سێیەم مابوو. نەمدەزانی بنیادەم بە چی دەژی. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد تا خودا سێیەمین ودوا پەندم بۆ ئاشکرا بکات. ئەوە بوو لە ساڵی شەشەمدا، ئەو ژنە بە خۆی ودوو کیژە جمکانەکەوە هات، ناسیانمەوەو گوێم لەوەبوو کە چۆن بە زیندوویەتی مابوونەوە. کە گوێم لە چیرۆک وبە سەر هاتی وان بوو، لە دڵی خۆدا گوتم: " لە من دەپاڕایەوە لە بەر خاتری ئەو منداڵانە گیانی نەکێشم وگوتی ئەو منداڵانە بە بێ داک و باب ناتوانن بژین، باوەڕم پێکرد. کە چی بێگانەیەک لەسەریان بانی بوویەوە، شیری دابوونێ، سەرپەرشتی کردبوون و بە خێوی کردبوون.

چونکە ئەو ژنە ڤیان ومەحەبەتی خۆی بە منداڵانێک بەخشی بوو کە هی خۆی نەبوون و فرمێسکی بۆ ڕشتبوون، جیلوەی خوام لەودا بینی. ئەوسا بۆ دەرکەوت کە " بنیادەم بە چی دەژی. " ئیدی زانیم خوا، دوا پەندی خۆی فێر کردووم ولە گوناحم خۆش بووە. ئەوە بوو بۆ جاری سێیەم پێکەنیم و بزەم هاتێ."

( ١٢ )

ئەوسا جلەکان لە بەری فریشتەکە داماڵدران و لە نوورێکی ئەوتۆ هەڵکشا کە چاو نەیدەتوانی تەمەشای بکات. دەنگی زووڵاڵتر بوو. لە تۆ وایە دەنگەکە دەنگی ئەو نەبوو. لە ئاسمانەوە دەهاتە خوارەوە. فریشتەکە گوتی:

" ئیدی زانیم مرۆڤ بەوە ناژی کە بایەخ بە خۆی بدات، بە خۆی ڕابگات، بەڵکو بە خۆشەویستی و ڤیان دەژی."

" ئیدی دایکەکە لەوە بە ئاگا نەبوو کە کچەکانی بە چی دەژین. کابرای نەجیمزادە بی خەبەر بوو لەوەی کە پێویستی بە چییە. ئاگاداری ئەوە نەبوو کە بۆ ئێوارێ پێویستی بە پووتە، یان پێویستی بە سۆل وسەرپاییە بۆ جەنازەکەی. جا ئەو ماوەیەی کە گۆڕابووم بۆ ئینسان و دەژیام،بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە بایەخم بە خۆ دەدا و بە خۆرادەگەییم، بەڵکو بە هۆی ئەوەوە بوو کە مەحەبەت وڤیان لە دەروون ونیهادی ڕێبوارێکدا پەنهان کرابوو، خۆی وژنەکەی بەزەییان پێما هاتەوەو خۆشەویستییان چووە سەرم. دوو هەتیوەکە بۆیە مابوون، لەبەر ئەوەی ژنێکی بێگانە لە سەریان بانی بویەوەو ڕەحم و بەزەیی و ڤیانی لە دڵ نرابوو. ئیدی ژنە مەحەبەتی چووە سەریان و خۆشی ویستن. پێش ئێستا دەمزانی کە خوا ژیانی بە بنیادەم بەخشیوە و بە جۆرێکی دروستکردووە کە کار بکات وبژی. هەنووکە زیاتر دەزانم، بۆم دەرکەوتووە خوا نایەوێ خەڵکی بە گۆشەگیری ودوور لە یەکدی بژین وهەر لە خەمی بەرژەوەندی خۆدا بن. بۆیە ئەوەیان لێ ئاشکرا ناکات کە چ پێویستیەکیان هەیە. بەڵکو دەیەوێ خەڵکی پێکەوەو بە دەستەجەمی بژین. ئیدی پێداویستی هەر یەکێکیان، بۆ هەمووان و لە هەمووان ئاشکرا دەکات. ئێستا دەزانم، خەڵکی هەرچەندە بە ڕواڵەت وا دەزانن، بەوە دەژین کە بایەخ بە خۆ بدەن و بەخۆڕا بگەن، بەڵام لە ڕاستیا ئامیان وهەوێنی ژیان و بەردەوامی ژیان خۆشەویستی وڤیانە. هەر کەسێک میهرەبان وبە سۆز وبەزەیی بێ لە خوادایە و خوا لەودایە. چونکە خودا میهرەبانی و مەحەبەتی ڕووتە."

فریشتەکە، بە دەنگێکی ڕەسای ئەوتۆ کەوتە ستایشی خوا کە کوختەکە هاتە لەرزین. میچەکە درزی برد و لوولەیەک نوور وڕوناکی لە ئەرزەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشا. سیمون و ژنەکەی و منداڵەکانیان کەوتنە سەر ئەرزەکە. دوو باڵ لە هەر دوو شانی فریشتەکەدا ڕووان و بەرەو ئاسمان فڕی.

کاتێ سیمون وەخۆ هاتەوە، کوختەکە وەکو جاری جاران بوو، جگە لە خۆی و خانەوادەکەی کەسی تری لێنەبوو.

سالی ١٨٨١

## ٥- فەرامۆشکردنی پزیسکێک، گڕ گرتنی ماڵێکی...

جووتیارێک بە نێوی ئیڤان شجرباکوف، لە گوندێکدا دەژیا، ژیان وگوزەرانی باش بوو. لە هەوەڵی تەمەنیا بوو. یەکێک بوو لە جووتیارە هەرە باشەکانی گوند. سێ کوڕی کارامەی هەبوو، هەموویان دەیانتوانی کاربکەن. کوڕە گەورەکەی ژنی هێنابوو. دووەمیان سەرگەرمی ژن هێنان بوو. سێیەمیان گەنجێک بوو دەیتوانی سەروکاری ئەسپان بکات و پێیان ڕابگات و شارەزای زەوی کێڵان بوو.

ژنەکەی ئیڤان، ژنێکی ماڵداریکەر و بە قینات بوو. خوا وبەختان بووکەکەشیان، ئافرەتێکی کەمدوو و ئیشکەر بوو. ئیدی بچووکترین پەڵە هەور بە ئاسمانی شادمانی ئەوانەوە دەبینرا، لە هیچیان کەم نەبوو. تاقە کەسێک کە کاری نەدەکرد ودەبوا بە خێوی بکەن باوکی ئیڤان بوو،

پیرەمێرێک بوو نەخۆشی هەناسە سواری لە گەڵدا بوو. حەوت ساڵ بوو لە سەر سەکۆ خشتینەکەی سەر موغەیریەکەیماڵەوە دەژیا و لە جێدا کەوتبوو.

ئیڤان، لە هیچی کەم نەبوو، سێ ئەسپ وجوانوو ئەسپێکی هەبوو. چێلێک و گوێرەکەیەک وپازدە سەر مەڕی هەبوو. ژنەکان جل وبەرگی هەموو خێزانەکەیان فەراهەم دەکرد، هەروەها لە کێڵگە ومەزراکەشا یارمەتی پیاوەکانیان دەدا. پیاوەکان زەوییان دەکێڵا وتۆویان دەدا. ماڵباتەکە هەمیشە بەشی تا ساڵی داهاتوو گەنمیان لە ماڵا هەبوو. ئەوەندەیان جۆ وشۆڤان دەفرۆشت کە هەم باجی لێبدەن وهەم هەموو پێداویستییەکی ماڵەکەی پێ ڕایی بکەن.

ئیڤان وماڵ ومنداڵەکەی دەیانتوانی بە تێر وپڕی وئاسوودەیی ژیان بە سەربەرن. ئەگەر ناکۆکی و ناتەباییان لەگەڵ دراوسێ دیوار بە دیوارەکەیان گابریلە شەلی کوڕی گوردی ئیڤانوفدا نەبوایە. تا ئەو کاتەی گوردی پیر لە ژیانا بوو وهێشتا بابی ئیڤان کاروباری خانەوادەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەم دوو ماڵباتە وەکو هەر دراوسێیەک دەژیان.

ئەگەر ژنانی هەر یەکێک لەم دوو ماڵە پێویستیان بە سوزگیەک یان سەتڵێک بوایە یان پیاوان پێویستیان بە خەرارێک یان چەرخی گالیسکەیەک بوایە، دەچوون لە ماڵی یەکتر وەریان دەگرت وهەقی دراوسێتیان ڕەچاو دەکرد ومدارای یەکیان دەکرد. یارمەتی یەکیان دەدا. ئەگەر گوێرەکەیەک وێڵ بوایە وبچوبایە سەر خەرمانی دراوسێیەکەوە، دەریان دەکردو تەنیا ئەوەندەیان دەگوت: " مەیەڵن جارێکی دی بێتە سەر خەرمانەکەمان، چونکە هێشتا نەمان کوتاوەو خەرمانمان هەڵنەگرتووە." ئەو زەمانە نە دەرگای ئاغەڵانیان قفڵ دەدا ونە دەرگای عەمارانیان دادەخست ونە لە عەلەیی یەک دەڕۆیشتن و نە لە پاشملەی یەکیان دەگوت.

لە ڕۆژگاری گەورەکانی هەر دوو ماڵباتە دراوسێکەدا، وەزع وحاڵیان بەو جۆرە بوو. بەڵام کە کوڕەکانیان بوون بە سەرگەڤاری ماڵ، هەموو شتێک گۆڕا.

پزیسکی ئەم ناکۆکی ودژایەتیە لە شتێکی زۆر هیچەوە هەڵایسا. بووکەکەی ئیڤان مریشکێکی هەبووکە زۆر زوو، زووتر لە کاتی خۆی هاتە هێلکە. ئەم ژنە هێلکەکانی بۆ جەژنی پاک کۆدەکردەوە. هەموو ڕۆژێک دەچووە تەوێڵەکەوە، ئەو هێلکەیەی کە مریشکەکە لەنێو عەرەبانەکەدا دەیکر، هەڵدەگرت. ڕۆژێک مریشکەکە لە هەراو زەنای منداڵان ترسا، لە سەر دیوارەکەوە فڕی وچووە حەوشی دراوسێکەیانەوەو لەوێ هێلکەکەی کرد. ژنە گویی لە قدقدی مریشکەکە بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئێستا کاتم نییە، کارم زۆرە، یەک شەممە بەڕێوەیە، دەبێ دەستێک بەماڵەکەدا بێنم تا بۆ یەک شەممە خاوێن بێ. پاشان دەچم هێلکە مریشکەکە دێنم. " عەسر چوو بۆ تەویلەکە، هێلکە مریشک نەبوو. لە خەسوو وشوو براکەی پرسی ئایا ئەوان هێلکەکەیان هەڵگرتووە؟ گوتیان نە. ئەوان هەڵیان نەگرتووە. بەڵام شوو برا سەڵتەکەی، تاراس گوتی: " مریشکەکەت لەو دیو، لە حەوشی دراوسێکەمان هێلکەی کردووە، دەنگی گارەگاری لەوێندەرەوە هات و پاشان بە سەر دیوارەکەدا هەڵفڕی و هاتەوە."

ژنە ڕۆیی، سەیری کرد، مریشکەکەی، لە گەڵ مریشکەکانی دیدا لە ناو کولانەیەک هەڵنیشتووەو چاوانی دەنوقاندن تا بخەوێ.

ژنە حەزی دەکرد، ئەگەر ببوایە، لە مریشکەکەی بپرسیبایە ئاخۆ هێلکەی کردووە یان نا، تا ڕاستی بۆ دەر بکەوێت. چوو بۆ ماڵی دراوسێکەیان. دایکی گابریل بە پیرییەوە هات.

-کچە خان چیت دەوێ؟

- داپیرە، ئەمڕۆ مریشکەکەم هەڵفڕییە حەوشەی ئێوە، لێرە هێلکەی نەکردووە؟

- هیچم نەدیتووە. لە خوا بەزیاد بێ مریشکەکانی خۆمان، ماوەیەکە هاتوونەتە هێلکە و هێلکە دەکەن. هێلکەی مریشکەکانی خۆمان کۆدەکەینەوە. پێویستمان بە هێلکەی خەڵکی نییە! ناشچین لە ماڵە دراوسێ لە هێلکە بگەڕێین.

ژنەی گەنجی ئەو قسانەی لە بەر گران بوو، بە توندی وەڵامی دایەوە. پیرەژنیش توندتر لەو وەڵامی دایەوە. جێگەی سندان قوزەڵقورتە. جووتە دراوسێ کەوتنە شەڕە جنێو. ژنەکەی ئیڤان بە ڕێکەوت بە ئەوێدا چوو ئاو بێنێ. گوێی لە هەراو هەنگامەکە بوو وئەویش خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتاند. ژنەکەی گابریل بە هەڵەداوان لە ژوورەوە هاتە دەرێ. کەوتە سەرزەنشتی ژنەی گەنج وهەندێک لەو شتانەی بە ڕوویا دایەوە کە بەڕاستی ڕوویان دابوو، وهێندەی دیکەشی، بێئەوەی هەرگیز ڕوویان دابێ، خستە سەر. ئیدی شەرەکە گەرم بوو. هەموو کردیان بە هەراو زەنا. ئیدی هەرکەسە دەیویست لەوی تر زیاتر جنێو بدات. ئیدی شەڕە جنێو گەرم بوو وهەر نەبڕایەوە.

" تۆ ئەمەی و ئەوەی " . " تۆ ئەوەی " . " تۆ دزی " ، " تۆ هەرزەی " ، تۆ خەزوورت برسی دەکەی تا بمرێت "، " تۆ ناکەس بەچەی... تۆ سوزگییەکەی ئێمەت کون کردووە. " ، تۆ ئەو دارەی سەتڵەکانتی پێوە هەڵدەواسی هی ئێمەیە. "، "کوا دارەکەمان بدەوە."

ئەوسا سەری دارەکەیان گرت، ئاوی سەتڵەکان ڕژا. ئیدی کەوتنە گیانی یەک وشەڕ هەڵگیرسا. سەرپۆشەکانی یەکتریان ڕاکێشا وپارچە پارچەیان کرد، کار گەییە کوتەک کاری. گابریل کە لە مەزرا دەگەڕایەوە بە هانای ژنەکەیەوە چوو. ئیڤان وکوڕەکانیشی هاتن و لە شەڕەکەدا بەشدار بوون. ئیڤان پیاوێکی بەهێز بوو. هەر هەموویانی تارو مار کرد ودەستی دایە ڕدێنی گابریل وپڕ بە چەنگی لێ دەسکەنە کرد. خەڵکی کۆبوونەوە تا بزانن مەسەلە چییە. بە ئەستەم لێکیان کردنەوە.

شەڕ وناکۆکییەکە بەوجۆرە دەستی پێکرد!

گابریل، چنگە مووەکەی ڕدێنی لە کاغەزێکەوە پێچاو وبردی بۆ دادگای گەڕەک و سکاڵای کرد وگوتی: " من ڕدێنم بۆ ئەوە نەهێشتبووەوە تا ئیڤانە کونج دەسکەنەی بکات!"

ئیدی ژنەکەی لە لای دراوسێکان کەوتە پروپاگەندە کە ئیڤان دادگایی دەکرێت وبۆ سیبریا دوور دەخرێتەوە. بەوجۆرە ناکۆکی ودژایەتییەکە تۆخ

بووەوە. بەڵام پیرەمێردەکەی بابی ئیڤان، کەلە سەر سەکۆی موغەیرییەکە کەوتبوو، لە هەوەڵەوە هەوڵیدا، شەڕەکە بکوژێنێتەوەو ئاشتەوایی بکەن. کەس گوێی لە قسەی وی نەگرت. دەیگوت: "کوڕینە ئەوەی ئێوە دەستان داوەتێ کەرێتییە! کوڕینە، بڕێک وەهۆش بێنەوە ئێوە. لە سەر شتێکی هیچ شەڕدەکەن. ئەم هەموو هەرا و زەنایەتان لە سەر هێلکەیەکە؟ لەوەیە منداڵەکان هەڵیان گرتبێ! چ قەیدیە؟ ئاخر هێلکەیەک چ بایەخێکی هەیە؟ خوا ڕزق و ڕۆزی هەمووان دەدات! گریمان دراوسێکەتان قسەیەکی نابەجای کرد، تۆ وەکو ئەو مەبە. بیسەلمێنە کە تۆ لەو باشتریت، دەشێت بە قسەی خۆش، مەسەلەکە چارەسەر بکرێت. خۆ ئەگەر بویەرێکی گەورەش ڕوویدابا هەر نەیسە. ئیدی ئەم بەد حاڵی بوونانە هەمیشە هەر هەبووەو دەبێت. ئێمە هەمووومان هەڵە وخەتامان هەیە! ئیدی لەبەر یەکدی دابێنن وببرێتەوە. خۆ ئەگەر بتانەوێ تووڕەیی خۆتان پاراو بکەن، بەر لە هەمووان خۆتان زەرەر دەکەن."

لێ گەنجەکان بە قسەی کابرای پیرەمێردیان نەکرد. وایان وێنا دەکرد گوتەکانی وی زادەی خڵەفان وپیرییە. ئیڤان ئامادە نەبوو، خۆی لە هەنبەر دراوسێکەی بچووک بکاتەوە و دەیگوت:

- من هەرگیز ڕدێنیم هەڵنەکێشاوە. خۆی هەڵیکێشاوە. بەڵام کوڕەکەی ئەو کراسەکەی منی دڕاند. تەمەشا بزانە کراسەکەم چی لێهاتووە.

ئیڤانیش لە دادگا سکاڵای تۆمارکرد. قازی سوڵح، پرس و جۆی لەگەڵ هەر دوولایەندا کرد. لەم کاتەدا شفتی چەرخی گالیسکەکەی گابریل گوم بوو. ژنانی ماڵی گابریل، بە ملی کوڕەکەی ئیڤانیاندا هێنا. دەیانگوت: " شەوێ دیتوومانە لە پەنجەرەکەوە بۆلای گالیسکەکە چوە. ژنانی دراوسێش گوتیان گوایە دیویانە لە مەیخانەی گوندەکەدا پیشانی خاوەن یانەکەی داوەو ویستوویەتی بیفرۆشێت."

بەمجۆرە ئاگری ناکۆکییەکە زیاتر بڵێسەی سەند. ڕۆژ نەبوو شەڕو پێکادان و تەنانەت کوتەک کاریش لە نێوان ئەم دوو ماڵباتەدا ڕوو نەدات. منداڵانیش بە چاو لێکەری گەورەکان دەکەوتنە گیانی یەکدی. تەنانەت ژنەکانیش کە دەچوون بۆ کوڵ و کانی و جل شۆردن کە لە گوێ ڕووبارەکە تووشی یەکدی

دەبوون، ئیدی تیغی زمانیان لە یەکدی دەخستە کار وشڕت و شۆیان لە یەکدی دەبڕی. هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆلکەیان بە یەکدی دەدا.

ئەم جووتیارانە لە هەوەڵەوە تەنیا جنێویان بە یەکدی دەدا. پاشان کەوتنە ئەوەی هەر شتێکی یەکتریان بەر دەست بکەوێ بیدزن. منداڵەکانیش لاسایی گەورەکانیان دەکردەوە. بەرەبەرە ژیان لە هەموویان حەرام بوو. ئیڤان شجرباکوف و گابریلە شەل بەردەوام لە ئەنجوومەنی گوند سکاڵایان لە یەکدی دەکرد وبەر دەرگای دادگایان لە یەکدی دەگرت و قازی سوڵحیان بێزار دەکرد. تەنانەت قازییەکانیش لێیان بێزار بوون. خۆ ئەگەر جارێک گابریل حوکمی دادگای ببردایەوەو ئیڤان جەریمە بکرایە، ئەوا ئیڤانیش دەستبەردار نەدەبوو تا حوکمێکی هاوتای حوکمەکەی خۆی نەبردایەتەوەو گابریلی بە جەریمەکردن نەدابایە. تا زیاتر خراپەیان دەرهەق بە یەکدی دەکرد، دژمنایەتیەکەیان تۆختر دەبوو، ڕێک وەکو چۆن کسۆکان دەکەونە گیان یەکدی وتا زیاتر یەکدی دەگەزن دڕ ودڕندەتر دەبن، خۆ ئەگەر لە دواوە لە یەکێک لە سەگەکان بدەیت، وا هەست دەکات سەگەکەی دی گەستوویەتی و هێندەی دی شێلگیر دەبێت. ئەم جووتیارانەش ڕێک وەهابوون. لە دادگا سکاڵایان تۆمار دەکرد، کە ئەم یا ئەو جەریمە و حەپس بکرایە، ڕق وبوغزیان بەرانبەر بە یەکدی زیاتر دەبوو. دەکەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە یەکدی: " ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن تۆڵەی ئەمەت لێ دەکەمەوە! "

ئەم ڕەوشە شەش دانە ساڵ بەردەوام بوو. تەنیا پیرەمێردە نەخۆشەکە، کە لە سەر سەکۆی موغەیرییەکە کەوتبوو، ئەم حاڵەی پێناخۆش بوو و دەیگوت:

- کوڕینە، بەسە، دەستبەرداری ئەم ڕق بە ڕقێیە بن، بچن بەلای کاری خۆتانەوە. هەڤڕکی هیچی لێ شین نابێت. دژمنایەتی و خیانەت ماڵتان وێران دەکات.

کەس گوێی لێنەدەگرت و بە قسەی ئەوی نەدەکرد. ساڵی حەوتەمی ئەم ناکۆکییە، بووکەکەی ئیڤان، لە کۆڕێکی زەماوەندا گابریلی بەوە تۆمەتبار کرد کە بە دزی ئەسپەوە گرتوویەتی و حەیا و ئابڕووی برد. گابریل کە سەری گەرم بوو (مەست بوو) جڵەوی خۆی پێ نەگیرا و دەستی لە ژنەی تاین

کردەوە، لێدانێکی وەهای لێدا کە یەک هەفتە لە جێدا کەوت. دوو گیان بوو. ئیڤان بەوە خۆشحال بوو. بە هەشتاو چوو بۆ لای قازی وسکاڵای کرد. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئیدی لە شەڕی کابرا ڕزگار دەبم، بێگومان حەپسی بۆ دەبڕنەوە یا بۆ سیبریای دوور دەخەنەوە! بەلام ئەو ئاواتەی نەهاتە دی. قازی دەعوا و سکاڵاکەی ڕەت کردەوە، دوای ئەوەی ژنەی تاین خرایە ژێر معایەنەوە (پشکنینی پزیشکییەوە) دەرکەوت ساغ و سەلامەتە وهیچ شوێنەوارێکی لێدانی پێوە دیار نییە، قازی داواکەی ڕەت کردەوە. بەڵام ئیڤان دەستبەردار نەبووبوو سکاڵای برد بۆ لای قازی سوڵح، ئەویش سکاڵاکەی هەواڵەی دادگای ناوچە کردبوو. ئیڤان سەری بە هەموو کونێکا کرد، دیاری وبەرتیلی بۆ سکرتێر وقازی دادگا برد، یەک گاڵۆن شەرابی زۆر نایابی بۆ بردن. سەرەنجام گابریل، حوکمی شەلاخی بۆ دەرچوو. سکرتێری دادگا حوکمی دادگای بە گابریل ڕاگەیاند، حوکمی دادگاش ئەمە بوو کە: " بەگوێرەی حوکمی دادگا دەبێ جووتیار گابریل گوردی لە بەردەم دادگای ناوچەدا، بیست دانە شەلاخی لێبدرێ."

ئیڤانیش، گوێی لە حوکمەکەی دادگا بوو، تەمەشایەکی گابریلی کرد تا پەرچەکرداری وی بدینێ: گابریل، ڕەنگی بوو بە جاوی سپی. لە دادگاکە وەدەرکەوت وچوو بۆ ناو حەوشەکە. ئیڤانیش لە دوایەوە وەدەرکەوت، مەبەستی ئەوەبوو بچێ سوراخی ئەسپەکەی بکات . گوێی لێبوو گابریل لەبەر خۆیەوە دەیگوت: " زۆر چاکە حەز دەکات، لە ژێر شەلاخ و قامچیدا پشتم بسووتێنن. بەڵام نەمرم شتێکی دەسووتێنم، دەقات خراپتر بێ."

ئیڤان، هەرکە گوێی لەو قسانە بوو بۆ دادگا گەڕایەوەو گوتی:

"جەنابی قازی، هەڕەشەم لێدەکات کە ماڵەکەم دەسووتێنێ. ئەم قسەیەی بە بەرچاوی خەڵکییەوە کرد! "

گابریل، بۆ دادگا بانگ کرایەوەو پرسیاریان لێکرد: " ئایا ڕاستە تۆ قسەی وات کردووە؟"

- بە هیچ جۆرێ قسەی وام نەکردووە! ئێوە خاوەن دەسەڵاتن، شەلاخی خۆتانم لێ بدەن و بڕایەوە. وا دیارە دەبێ هەر من سزا بدرێم؟ چونکە هەق بە منە، ئەویش ڕێی پێدراوە، هەر چی بوێ بیکات.

گابریل، دەیویست شتێکی دیکەش بڵێت. بەڵام دەم و لێوی کەوتنە لەرزین و ڕووی بۆ لای دیوارەکە وەرگێڕا. تەنانەت ئەندامانی دادگاش لە سەر وسیما ونیگاکردنەکەی ترسان. لە دڵی خۆیاندا گوتیان: "دوور نییە بەڵایەک بە سەر خۆی یا بەسەر هاوسێکەیدا بێنێ! "

ئەوسا گەورەی قازییەکان گوتی: " بەڕێزینە، باشتر وایە ئاقڵ بن وپێکبێن. باشە گابریل ماقوولە تۆ لە ژنێکی دوو گیان بدەیت؟ بەختت هەبوو کە مەسەلەکە بە سەلامەتی بووری وهیچ شتێک ڕووی نەدا. تۆزێ بیربکەوە، ئەگەر منداڵەکەی لە بار بچوایە، یا ئەو ژنە تووشی خوێنبەربوون بوایە چیت دەکرد!؟ ئایا کارێکی باشت کردووە؟ هەقە دان بە شتەکەدا بنەیت و داوای بوردن لە ئیڤان بکەیت، ئەویش دەتبەخشێت و ئێمەش حوکمەکەی خۆمان دەگۆڕین."

سکرتێری دادگا کە گوێی لەم قسانە بوو، ئەم سەرنجەی دەربڕی:

"بە گوێرەی مادەی سەد وهەڤدەی یاسا شتی وا مەحاڵە. چونکە لایەنەکانی کێشەکە پێشوەختە ڕەزامەندیان نەداوە، دادگا حوکمی خۆی داوەو دەبێ ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێت. ناکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە."

قازی گوێی لە یارۆی سکرتێر نەگرت، گوتی: " دەمت داخە کوڕۆ! حوکمی خودا لە سەرووی هەموو یاساکانەوەیە وخوای بەرز و باڵا، سوڵح و ئاشتی پێ خۆشە."

یارۆی قازی دیسان کەوتە هەوڵی ئەوەی قەناعەت بە جووتیارەکان بکات کە پێک بێن، بەڵام فایدەی نەبوو. نەهاتنە ڕەدا. گابریل بە ئامۆژگارییەکەی ئەوی نەکرد وگوتی:

" ساڵێکی دی تەمەنم دەبێ بە پەنجا ساڵ. کوڕەکەم ژنی هێناوە، بە عەمراتم شەلاخم نەخواردووە. کەچی ئێستا ئیڤانە کونج هاتووەو بە شەلاخ

خواردنم دەدات. هێشتاش دەتەوێ بڕۆم داوای بوردنی لێبکەم؟ نەخێر، شتی وا ناکەم. زۆرم سەبر کرد... کارێکی وا دەکەم ئیڤان قەت لە بیری نەچێتەوە!"

دیسان دەنگی گابریل کەوتە لەرزین ونەیتوانی لەوەی پتر لە سەر قسەکەی بڕوات. ڕووی وەرگێڕاو چووە دەرەوە.

دادگا، نزیکەی دە کیلۆمەترێک لە گوندەکەوە دوور بوو.

ئیڤان درەنگانێک گەییەوە ماڵ. زین و هەوساری ئەسپەکەی گرتەوەو بۆ حەسانەوەو خەوتن ئامادەی کرد. پاشان خۆی بە ماڵا کرد. کەس لە ماڵەوە نەبوو. ژنەکان چووبوون پەزەکان بێننەوەو خورتەکانیش ( گەنج ) لە کێڵگە ومەزرا نەگەڕابوونەوە.

ئیڤان چووە ژوورەوە. دانیشت و لە فکران ڕا چوو. ئەوەی بیر هانیەوە کە گابریل چۆن گوێی لە حوکمەکە گرتبوو وچۆن ڕەنگی هەڵبزرکابوو. دڵی گیرا. بیری کردەوە ئەگەر لە جیاتی گابریل بوایە چی بە سەر دەهات. بەزەیی بە گابریلدا هاتەوە. ئەوسا گوێی لە کۆکەی بابی بوو کە لە لای موغەیرییەکەوە هات. سەیری کرد هەستا، لاقی شۆڕ کردنەوە، هاتە خوارەوە، پیرەمێرد بە هەر حاڵێ بوو خۆی گەیاندە ئیڤان ودانیشت. پیرەمێرد ماندوو بوو. ماوەیەک کۆکی تا سینگی ساف بوو، خۆی دا بەسەر مێزەکەدا و گوتی: " چی بوو؟ حوکم درا؟ "

ئیڤان گوتی: " بەڵێ، بە بیست شەلاخ."

پیرەمێرد سەری لەقاند وگوتی: " بە داخەوە! خراپە! ئیڤان تۆ هەڵەی! ئەمە کارێکی خراپە، ئەوەندەی بۆ ئەو خراپە، دوو ئەوەندە بۆ خۆت خراپە! دەی باشە وا بەر شەلاخ درا، تۆ چ قازانجێک دەکەی؟ چیت دەست دەکەوێ؟! "

ئیڤان گوتی: "جارێکی دی ئەم کارانە ناکات!"

- کام کارانە دووبارە ناکاتەوە؟ چ کارێکی خراپتر لە کارەکانی تۆی کردووە؟

- بۆ کەمی زەرەر لە من داوە! چیوای نەمابوو بووکەکەم بکوژێت. ئێستاش هەڕەشەم لێدەکات کە ماڵەکەم بسووتێنێ. دەتەوێ بچم دەستی ماچ بکەم. سوپاسی بکەم؟!

پیرەمێرد ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- ئیڤان، من ساڵانێکە لە سەر ئەم سەکۆیە زەمینگیرم. بەڵام تۆ هەموو ڕۆژێ دەچیتە دەرەوە، لەم دنیا بەرینەدا دەسووڕێیتەوە... وا وێنا دەکەی تۆ هەموو شتێک دەزانیو من ئاگام لە هیچ نییە و چاوانم نابینن... نەخێر کوڕەکەم! تۆ هەموو شتێک نابینی. بوغز و کینە کوێری کردوویت. خەتا و خراپەی خەڵکی دەبینی، بەڵام هی خۆت نابینی . تۆ دەڵێی ئەو بەد ڕەفتاری کردووە. ئەمە کەی قسەیە؟ ئەگەر هەر ئەو خەتای بکردایە، هەر ئەو بەد ڕەفتاری بکردایە، شەڕ هەڵنەدەگیرسا. هیچ شەڕێکت دیوە تەنیا لە یەک لاوە هەڵگیرسابێ؟ شەڕ بە دوو لایەن دەکرێ. یا لە بەینی دوو کەسا یان لە بەینی دوو لایەنا ڕوودەدات. ئەگەر بەرانبەرەکەت خراپ بێ و تۆ باش بی هەرگیز شەڕ ناقەومێ. کی ڕدێنی ئەو کابرایەی هەڵکەنی؟ کێ کایەکەی ئەوی بە با دا؟ کێ ئەوی ڕاکێشا بەر دادگا؟ هێشتاش تۆ گازندە دەکەی! خراپی ئەو دەبین، بەڵام لە خراپی خۆت بێ خەبەری. ئەو بە خەتابار وخۆت بە بێ خەتا دەزانی. هەڵەکە لێرەوە دەست پێدەکات. ڕەفتارت باش نییە. کوڕم من بەمجۆرە نەدەژیام، وتۆشم بەم شێوەیە پەروەردە نەکردووە. باشە من وبابی ئەو ئاوا دەژیاین؟ ئێمە چۆن دەژیاین؟ ئێمە وەکو دوو دراوسێ دەژیاین، دراوسێتیمان دەفامی، ئەگەر ئاردیان نەمابا، یەکێک لە ئافرەتەکانیان دەهات و دەیگوت: " هاپۆ ترول، ئاردمان نەماوە، پێویستیمان بە ئاردە. " منیش دەمگوت: " کچەکەم بڕۆ بۆ عەمارەکەمان، چەندتان پێویستە ببیە! " ئەگەر کەسی نەبوایە ئەسپەکانی بۆ لەوەڕگە بەرێت، پێم دەگوتیت ئیڤان بڕۆ ئەسپەکانی ببە بۆ لەوەڕگە و ئاگات لێیان بێ"

یان ئەگەر من شتێکم پێویست بوایە دەچووم بۆ لای ودەمگوت: " هاپۆ گوردی فلان شتم دەوێ " دەیگوت: " هاپۆ ترول، بڕۆ ببیە، ئەمە پرسی ناوێ. " ئێمە ئاوا دەژیاین. ژیانیشمان زۆر خۆش بوو. ئەدی ئێستا...؟ هەموو شەڕ

ودەمەقاڵە ونەفرەتە. ئەو سەربازەت لە بیرە کە ڕۆژێ باسی شەڕە خوێناویەکەی ئابلیفنای بۆ کردین؟ باشە ئەم شەڕەی ئێوە لەوە خراپتر نییە؟ بەمەش دەڵێی ژیان؟ گوناح لەوە خراتر نابێ. تۆ پیاوی. سەرگەڤاری ماڵی. دەبێ ببی بە سەرمەشقی ژن ومنداڵەکان. چی فێری ژن و منداڵەکان دەکەی؟ فێری بەدگۆیی وشەڕ وئاژاوەیان دەکەی. ئاخر دوێنێ تاراسی کوڕت کە هێشتا بۆنی شیری خاوی لە دەم دێ، هەزار و یەک جنێوی نابەجای بە ئیرینای کیژی جیرانەکەت دا. ئاخر ئەمە کارێکی ڕاستە؟ ئاخر تۆ لەمە بەرپرسیت! بیرێک لە خێر و شەڕی خۆت بکەوە. پێم بڵێ ئەمە ڕاستە تۆ جنێوێک بدەی، من بە دوو جنێوان وەڵامت بدەمەوە؟ بۆکسێکت لێ دام خێرا دوو بۆکست لێ بدەمەوە؟ نا کوڕم! نە گیانەکەم کە عیسا لەم دنیایەدا بوو، بە شێوەیەکی جیاوازتر ئێمەی نەزانی ئامۆژگاری دەکرد... دەیگوت: ئەگەر کەسێک جوێنی دایتێ وەڵامی مەدەوە. ویژدانی لێی دێتە دەنگ و عەزابی دەدات. شەرمەزاری دەکات. ئەمە بوو ئامۆژگاری پێغەمبەری ئێمە: ئەگەر کەسێک زللەیەکی بەم لا ڕوومەتەتا کێشا، لایەکەی تری بۆ بێنە پێشەوە وبڵێ " ئەگەر خەتابارم، ئەم لایەش! " هەنگێ ویژدانی خۆی سەرزەنشتی دەکات. دڵی نەرم دەبێت و گوێت لێدەگرێ. مەسیح فێری کردووین کەلە خۆبایی نەبین وخۆ بە سەر کەسا با نەدەین!... بۆچی قسە ناکەی؟ قسەکانم خراپن؟ "

ئیڤان، بە بێدەنگی گوێی دەگرت.

پیرەمێرد، کۆکە گرتی، ماوەیەکی زۆر کۆکی تا سینگی پاک بووەوە. دووبارە دەستی بە قسان کردەوە: " تەسەور دەکەی ئەوەی عیسا فێری کردووین هەڵە بێ؟ هەموو ئەوەی ئەو گوتوویەتی بۆ قازانج و خێری ئێمە نەبووە؟ کەمێک بیر لە ژیانی ڕابردووی خۆت بکەوە، ئایا ئەو سات باشتر بوو یان ئێستات؟ لەوەتای شەڕتانە چەندت خەرجی دادگا کردووە. ئەم هەموو هاتوچۆیە لە کار وکاسبی بوونە، چەندی زەرەر لێداوی! منداڵەکانت چۆن گەورە بوون!؟ دەتتوانی بە خۆشی وشادی، بە دەوڵەمەندی و خوشگوزەرانی بژیت، بەڵام ئێستا سەرمایەکەت داویەتە کزی، بۆ؟ لەبەر کەودەنی، لەبەر ئەوەی لەخۆ بایی بوویت و هەوای گەورەیی داویە لە کەللەت. دەبوایە لە گەڵ کوڕەکانتا

خەریکی فەلاحەت و رەعەمەل هێنانی کێڵگە ومەزراکەت بی. بەڵام ئێستا هەموو کات و تەمەنی خۆت بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە بڕۆی بۆ ئەم دادگا و ئەو دادگا، ئەم فەرمانگە و ئەو فەرمانگە. زەوی و زارەکەت لە کاتی خۆیدا نایەتە کێڵان. بەروبوومت وەکو جاران نییە. بۆچی شۆڤان و جۆی ئەمساڵت باش نییە؟ کەی جۆت داچاندووە؟ دوای ئەوەی لەشار گەڕایتەوە! چ قازانجێکت کرد؟ تەنیا باری خۆت گران کردووە... ئاە کوڕەکەم، بیرێک لە کار و کاسبی خۆت بکەوە! لە گەڵ منداڵەکانتا، چ لە مەزرا و چ لەماڵەوە خەریکی کار وکاسبی خۆتان بن. ئەگەر یەکێکیش خراپەی لەگەڵ کردیت، گویی مەدەیە، لێی ببوورە، خوا ئەمری بە لێبووردەییە. هەنگێ ژیانت بە ئاسانی دەڕوات و دڵت بەمجۆرە ڕەش وڕەق نابێ."

ئیڤان هەر بێدەنگ بوو.

- ئیڤان کوڕەکەم، بە گوێی ئەم بابە پیرەت بکە! هەستە سواری ئەسپە بۆرە ببە و بڕۆ بۆ دادگا و لە داواکەت ژێوان ببەوە. بەیانیش هەر لەبەر خاتری خوا بڕۆ بۆ لای گابریل و لەگەڵیا ئاشت ببەوە . سبەینێ پشووەو دەعوەتی بکە بۆ ماڵی خۆت. لە جەژنی لە دایک بوونی پاکیزەدا. ئاهەنگێک فەراهەم بکە، چای لێ بنە، قاپێک ڤۆدکا ئامادە بکە، ئەم ناکۆکی ودژایەتیە بێ مانایە مەیەڵە ولە ڕەگ وڕیشەوە هەڵی بکەنە. ژن و منداڵەرکانیشت ئامۆژگاری بکە، با هەمان ڕەفتار بکەن و چاو لە تۆ بکەن.

ئیڤان ئاهێکی هەڵکێشا ولە فکران ڕاچوو: " ڕاست دەکا، قسەیتی " دڵی نەرم بوو، بەڵام نەیدەزانی چۆن و لە کوێوە دەست پێبکات، تا ڕەوشەکە بێنێتەوە تایم.

پیرەمێرد وەکو ئەوەی بیر وخەیاڵی ئیڤانی خوێندبێتەوە دووبارە گوتی: " دەی ئیڤان هەستە بڕۆ، کاری ئەمڕۆ مەخە سبەی! ئەم پزیسکەکە بکوژێنەوە تا هەموو شوێنێکی نەگرتووەتەوەو کار لە کار نەترازاوە.

پیرەمێرد، دەیویست لە سەر قسەکانی بڕوات، بەڵام لەو کاتەدا ژنەکان بە کۆمەڵ هاتنە ژوورەوەو وەکو قەلە ڕەش کەوتنە قڕاندن. هەواڵی مەحکووم بوونی گابریل بە شەلاخ خواردن و هەڕەشەی گابریل کە ماڵەکەیان

دەسووتێنیێ، بەوانیش گەیی بوو، ئیدی هەر مێشێکیان کردبوو بە گامێشێک. شەڕێکی گەورەشیان لەگەڵ ژن و منداڵەکانی گابریلدا نابووەوە. باسی ئەوەیان گێڕایەوە کە چۆن بووکەکەی گابریل هەڕەشەی کردبوو کە دەستە و ئەژنۆ دانانیشێت ودەچێتە دادگا و حوکمەکە تەمیز دەکاتەوەو دادگا ڕەئی خۆی دەگۆڕێت. مامۆستای قوتابخانەکە خەریکە عەرز وحاڵێکی دیکەیان بۆ دەنووسێت. ئەو عەرزوحاڵە سەربارەت بە ئیڤانە و بۆ خودی تزاری بەرز دەکەنەوە. هەموو شتێک لەو عەرزوحاڵەدا دەنووسن، هەر لە دزینی شفتی گالیسکەکەوە تا دەگاتە باخچە و بێستانەکە، نیوەی موڵکەکانی ئیڤان کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی گابریل. وەختێ ئیڤان گوێی لەو قسانە بوو، سەر و دڵی گیرا، دەستبەرداری بیرۆکەی ئاشتەوایی لەگەڵ گابریلدا بوو.

کاری کێڵگە ومەزرایان لە بڕانەوە نایەت وخاوەن مەزرایان هەمیشە مژوول و سەرقاڵن. بۆیە ئیڤان چاوەڕوانی نەکرد تا ژنەکان، لە قسان دەبنەوە، چوو بۆ جێ خەرمانەکان وعەمارەکان. تا ئێوارێ ئەوجا لە کارێن ئەوێ بووەوە. گەنجەکان لە مەزرا گەڕانەوە. بە دوو ئەسپان زەویان کێڵا بووتا تۆوی زستانە دابچێنن. ئیڤان تووشیان بوو، هەواڵی چەند وچوونی کاری لێ پرسین. یارمەتی دان، تا کەرەستە و تفاقەکان لە جێی خۆیان دابنەن. نیرێکی هەڵتەقیوی لە لایەکەوە دانا تا چاکی بکات و بیدورێتەوە. دەیویست بڕوات چەند دیرەکێک بخاتە ژێر میچی کادێنەکە، بەڵام دنیا تاریک بووبوو و ئەو کارەی هەڵگرت بۆ سبەی. ئالیکی کردە ئاخوڕی چارەوێکانەوە. ئەو ئەسپانەی، کە قەرار بوو تاراس بیانباتە شەوبەکێو، لە دەرێ ڕا بەستنەوە. گەڕایەوەو دەرگای تەوێڵەکەی دووبارە قفڵ دایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی هەنووکە دەڕۆمە ماڵەوە، شێوەکەم دەخۆم و دەخەوم. نیرە دڕاوەکەی هەڵگرت و چوو بۆ ماڵەوە . ئیدی ئەوەی بابی دەربارەی گابریل گوتبووی هەمووی فەرامۆش کرد. دەستی نابووە سەر دەسکی دەرگاکە تا بیکاتەوەو وەژوور بکەوێت، گوێی بە دەنگی دراوسێکەی زرینگایەوە، کە لەو دیو دەرگاکەوە، بە دەنگێکی گڕ جنێوی دەداو بە دەم نەفرەتەوە دەیگوت: " ئاخر ئەم پیاوە نەحلەتیە چیە و بە کەڵکی چی دێت. تەنیا بۆ کوشتن باشە! " ئیڤان کە گوێی لەو قسانە بوو، هەرچی ڕق و کینەی پەنهانی دڵی بەرانبەر

بە دراوسیکەی هەبوو، سەر لە نوێ هاتەوە جۆش. ڕاوەستا تا گابریل، لە هەڕەشە و گوڕەشەکانی بووەوە. ئەوجا خۆی بە کوختەکەدا کرد.

چرایان داگیرساندبوو. بووکەکەشی تەشی دەڕست، ژنەکەی شێوی ئامادە دەکرد. کوڕە گەورەکەی هەندێ تەرکەی لە بەر دەستا بوو، خەریک بوو پاتاوەی دروست دەکرد. کوڕی دووەمی لە نزیکی مێزەکەوە دانیشتبوو و کتێبی دخوێندەوە. تاراس خۆی ئامادە دەکرد، ئەسپەکان بەرێتە لەوەڕگە و شەوبەکێو. هەموو شتێک لە کوختەکەدا ئاسایی بوو... تەنیا شتێک کە مایەی نیگەرانی بوو، دراوسێ خراپەکەیان بوو!

ئیڤان، گرژ ومۆن خۆی بە ژووردا کرد، پشیلەکەی، کە لە سەر تەختەکە بوو خستە خوارەوە. لە ژنەکان تووڕە بوو کە تەنەکەی خۆڵەکەیان لە جیی خۆی دانەنابوو. کە دانیشت تا نیرەکە چاک بکاتەوە، یەجگار پەست وخەمبار بوو. دەنگی گابریل هێشتا هەر لە گوێیدا دەزرینگایەوە: هەڕەشەکانی لە دادگا و ئەو جنێوانەی کە تۆزێ لەمەپێش بە گوێی خۆی گوێی لێبوون، بە دەنگە گڕەکەی خۆی بە کەسێکی دەگوت: " تەنیا بۆ کوشتن باشە!"

ژنەکەی، شێوی دایە تاراس. تاراس پوستینەکەی لەبەر کرد، باڵا پۆشێکی بە سەردا لەبەر کرد وپشتێنێکی لە پشت کرد، توێشە بەرەیەکی هەڵگرت ورۆیی تا ئەسپەکان بەرێ بۆ پاوان و لەوەڕگە. برا گەورەکەی لە گەڵیا وەدەرکەوت تا بەڕێی بکات. ئیڤان خۆیشی هەستا و چووە بەر هەیوانەکە. دەرەوە تاریک بوو. ئاسمان هەورین بوو. بایەکی تووند هەڵیکردبوو. ئیڤان لە پلیکانەکانەوە داگەڕا. یارمەتی کورەکەی دا تا سواری ئەسپەکە بوو. جوانووەکەی لە دووی ئەوەوە دەنگ دا. وەستا، گوێی هەڵخست. تاراس بە ئەسپەکانەوە گوندەکەی تەی کرد وگەییە کورەکانی دیکە کە ئەوانیش ئەسپەکانیان بۆ لەوەڕگە دەبرد. ئیڤان چاوەڕوانی کرد تا دوور کەوتنەوەو دەنگیان نەما. لە بەر دەروازەکە وەستابوو، ئەو قسانەی گابریلی وەیاد هاتەوە کە گوتبووی: " شتێکی دەسووتێنم کە زۆر لەمە خراپتر بێ."

ئیڤان دەبیرەوە چوو: " دەستی لە هەموو شتێک شۆردووە! هەموو شتێک وشکە، بایشی دێت. لەوەیە بە دزییەوەو لە سووچێکەوە بێ و ئاگر لە شتێک بەر بدات و هەڵێت، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت وکەسیش نەتوانێ

سزای بدات وبڵێت بەری چاوت بە کلەوەیە... بەڵام ئەگەر بتوانم لە کاتی تاوانەکەدا بیگرم، ئەوسا دەرباز نابێت!" ئەو بیرکردنەوەیە بە ڕادەیەک بە سەریا زاڵ بوو کە پێی ڕێی دانەگرت کە بە پلیکانەکاندا سەر بکەوێتەوە. چووە کۆڵان، بە دەوری حەوشەکەیاندا سووڕایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " پێچێک بە دەوری ماڵەکەمانا دەکەم، کێ چووزانێ ئەم کابرایە بە نیازی چییە؟ " لە دەروازەکەوە وەدەرکەوت، هەرکە گەییە سووچی ماڵەکە، چاوێکی بە درێژایی دیواری حەوشەدا گێڕا، وای هاتە بەرچاو لە ناکاوا تارماییەک، وەکو ئەوەی بەشەر بێ، هاتە دەرێ و پاشان گەڕایەوە. ئیڤان، بە بێ جووڵە لە جیی خۆی وەستا. بایەکە گەڵای دار بیەکانی هێنابووە سەما وقامیشەکانی هێنابووە لوورە. دنیا تاریک بوو، لە سەرەتاوە هیچی نەدەبینی، پاشان کە چاوی بە تاریکییەکە ڕاهات توانی لە سووچێکی ئەو سەرەوە هەوجاڕێک ببینێ کەلە ژێر کەپرەکەدا دانرابوو. چاوی تیژ کرد، بەڵام کەسی بە دی نەکرد. دەبیرەوە چوو: " وادیارە من بە هەڵە چووم، بەڵام قەیدی نییە با پیاسەکەم تەواو بکەم " ئیڤان بە پال تەوێلەکەدا ڕۆیی، ئەوەندە هێواش هەنگاوی دەنا کە گوێی لە دەنگی پێی خۆشی نەدەبوو. کە گەییە سەر پێچەکە، وای هاتە بەرچاو کە ئاگرێک لە لای هەوجارەکەوە، بۆ ساتێک بەرز بووەوە و یەکسەر دامرکایەوە. ئیڤان، واقی وڕما، دڵی داخورپا. لە جێی خۆی وەستا. هێشتا بە تەواوی نەوەستابوو کە جارێکی دی پزیسکە ئاگرێکی، ئەمجارە گەشتری، لە هەمان شوێنی یەکەمەوە هاتە بەرچاو. پیاوێکی کڵاو بەسەری بینی کە دانەوی بووەوەو پشتی لەو بوو، چەپکێ پووشی بە دەستەوە بوو وئاگری پێوە نا. دڵی ئیڤان، لە سینەیدا، وەکو چۆلەکەیەک باڵەفڕێ بکات، بەو ئاوایە کەوتە لێدان. هەموو حەواسی خۆی کۆ کردەوە. بە هەنگاوی هەڕاو بەرەولای کابرا چوو، هەستی بە لاقەکانی خۆی نەدەکرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئۆخەی! ئیدی لە دەستم دەرناچێت! هەر ئێستا بە تاوانەکەوە دەیگرم!"

ئیڤان هێشتا مابووی بگاتە کابرا، لە ناکاوا ڕوناکیەکی درەخشانی بینی، بەڵام نە لە هەمان شوێنی هەوەڵ بوو ونە پزیسکێکی بچووک بوو. ئاگر لە نێو کەپرەکەوە بەرز دەبووەوەو خەریک بوو دەگەییە میچی کەپرەکە، گابریل، لە نێو کەپرەکەوە دیار بوو، وەکو ڕۆژی ڕوناک دیار بوو.

ئیڤان، وەکو چۆن هەڵۆیەک پەلاماری چۆلەکەیەک دەدات، بەو ئاوایە هێرشی بەرەو گابریلە شەل برد ولە دڵی خۆیدا گوتی: " هەر ئێستا دەیگرم! مەحالە لە دەستم دەربچێت. " بەڵام وادیار بوو گابریل گوێی لە دەنگی پێی ئەو بووبوو، ئاوڕی دابووەوە و وێڕای ئەوەی لەنگ بوو، وەکو کەروێشکی کێوی بۆی دەرچوو بوو. ئیڤان، چنگ لە سەر شان دوای کەوت و هاواری لێدەکرد: " بۆ کوێ! لە دەستم دەرناچیت! " بەڵام کە نیزک بووەوەو خەریک بوو بیگرێ، گابریل بایدایەوەو خەریک بوو دەرباز ببێ. بەڵام ئیڤان توانی چمکی پاڵتۆکەی بگرێت. پاڵتۆکە دڕا و ئیڤان بە دەما کەوت. بە هەشتاو هەستایەوەو کەوتە هاوار: " ئەهای بیگرن! فریا کەون! دز! پیاوکوژ! " دووبارە کەوتە غاردان بە دوویا. گابریل لەو کاتەدا گەیی بووەوە بەر ماڵی خۆی. ئیڤان گەییە سەری و لەزگ بوو بیگرێت کە جەزرەبەیەکی قورس بەر سەری ئیڤان کەوت. سەری سووڕا، وەکو ئەوە بوو بەردێکیان بە لاجانگیا دابێت. گابریل، پارچە دار بەڕوویەکی، کە لە بەر دەرگاکە کەوتبوو، هەڵگرتبوو و بە هەموو هێزی خۆیەوە، دابووی بە سەر ئیڤاندا.

ئیڤان، سەری بە گێژەوە چوو بوو، بەرچاوی تاریک بوون و ئەوسا هەموو دنیا لەبەر چاوی تاریک بوو وکەوتە سەر ئەرزەکە. کاتێ وەخۆ هاتەوە گابریل ڕۆیی بوو. شەو وەکو ڕۆژ ڕووناک بووبووەوە. لە قوڵی ماڵی ئیڤانەوە دەنگی تەق وتریق و قرچە قرچ دەهات. دەتگوت مەکینەیەک خرابووەئیش. ئیڤان ئاوڕی دایەوە، سەیری کرد ئاغەڵەکەی پشت ماڵەکەیان یەکپارچە ئاگرەو ئاغەڵەکەی تەنیشتەوەش خەریک بوو دەسووتا. دووکەڵ و کای سووتا و ئاگر بەرەو ماڵەکەی تەشەنەی دەکرد.

ئیڤان، بە دەم هاوارەوە، دەستی بەرز ونزم دەکردەوەو بە ڕانی خۆیا دەکێشا و هاواری دەکرد: " براینە ئەمە چیە؟ ... دەبوایە پزیسکەکەی ژێر کەپرەکە بێنمە دەرێ، پێیەکی پێدا بنەم و بیکوژێنمەوە... خزمینە ئەمە چییە؟... "

لێکدا لێکدا ئەو ڕستەیەی دەگوت ودەگوتەوە. حەزیدەکرد هاوار بکات. بەڵام هەناسەی دەر نەدەچوو. زمانی بەسترابوو. دەیویست غار بدات، لاقی لە دووی نەدەچوون و تێک دەئاڵان. بە ئەسپایی جوڵا، بەڵام دیسان کەوتە سەر ئەرزەکە. هەناسەی دەر نەدەهات. وەستا، تا هەناسەی وەبەر هاتەوە.

ئەوسا بە تۆبزی خۆی بکێش کرد. بەر لەوەی بە دەوری ئاغەڵەکەی پشتەوەدا بسووڕێتەوەو بگاتە ئاگرەکە، ئاغەڵەکەی تەنیشتەوەش گڕی گرت. سووچی کوختەکە وهەیوانەکەشی گڕیان گرت. ئاگر لە پەنجەرەکانی کوختەکەوە دەهاتە دەرێ. ئیدی هێز نەبوو بتوانێ خۆی بە حەوشەدا بکات. ئاپۆڕایەکی زۆر خڕبوونەوە، بەڵام فایدەی نەبوو، هیچ کارێک نەدەکرا. دەر ودراوسێکان، کەوتنە ئەوەی کەل وپەل وناو ماڵەکانیان لە ماڵەکانیان دەربێنن وئاژەڵەکانیان لە ئاغەڵ و تەویلەکان بکەنە دەرەوە. پەزەکانیان لە ئاغەلەکان کردنە دەرەوە. دوای مالەکەی ئیڤان، ماڵەکەی " گابریل "ش گڕی گرت. پاشان بایەکی توونद هەڵیکرد، ئاگر بە کۆڵانەکەدا پەڕییەوە، سیرایەتی کرد. نیوەی گوندەکە سووتا. لە گەڵ ئەرزەکەدا تەخت بوو!

لە ماڵی ئیڤاندا، بە ئەستەم توانیان بابە پیرەکەی لە نێو دووکەڵ وئاگر دەربێنن و ڕزگاری بکەن. ئەندامانی خێزانەکە بە سەڵتی، وبە جلەکانی بەریانەوە دەرباز بوون، هەموو شتێکیان لە دەست دا، تەنیا ئەسپەکانیان بۆ دەرچوو، کە شەوێ بۆ لەوەڕگەیان بردبوون. مەڕەکان، مریشک وکەڵەبابان، هەوجاڕ، چان وماڵە، کۆمەدیانی پڕ لە جل وبەرگی ژنان، گەنمی ناو عەماران، هەر هەمووی سووتا!

بەڵام لە ماڵی گابریل، توانیان پەزەکان وهەندی ناو ماڵ دەربکەن. ئاگرەکە بە درێژایی شەو بەردەوام بوو. ئیڤان لە بەردەم ماڵەکەیدا وەستابوو، لە پەستا وبێ پسانەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: " برادەرینە ئەمە چیە... ئەوەندە بەس بوو، پزیسکی ژێر کەپرەکە تووڕ بدەمە دەرێ، پێیەکی پێدا بنەم و بکوژێتەوە و ببڕێتەوە! " بەڵام کاتێ میچی خانووەکە دارووخا، ئیڤان هەڵیکوتایە ژوورەوە. دەستی دایە دیرەکێکی نیوە سووت و دەیویست ڕاییکێشێتە دەرەوە. ژنەکان کە دیتیان هاواریان لێکرد کە بگەڕێتەوە، بەڵام دیرەکەکەی ڕاکێشایە دەرەوە ولێبڕا بچێتە ژوورەوەو دیرەکێکی دی دەربێنێ. پێی هەڵنووتا و کەوتە ناو ئاگرەکەوە. کوڕەکەی خۆی بە ئاگرەکەدا دا وڕایکێشایە دەرەوە. قژی و ڕدێنی و جلەکانی و دەستەکانی سووتا بوون. بەڵام هەستی پێنەدەکرد. خەڵکی دەیانگوت: " لە داخا تێکچووە! " ئاگرەکە

خەریک بوو دادەمرکایەوە، ئیڤان هێشتا هەر ڕەق ڕاوەستا بوو وەدەیگوت وەدەیگوتەوە:

" دۆستان ئەمە چیە؟... تەنیا پزیسکە ئاگرەکەم توورِ بدایەتە دەرێ و پێیەکم پێیدا بنایە ئیدی!..."

بۆ بەیانی کوڕی دەم سپی گوندەکە هات بۆ لای ئیڤان و گوتی:

- هاپۆ ئیڤان بابت لە حاڵی مردندایە، منی ناردووە تا بچی بۆ لای و ماڵاوایی لێبکەی.

ئیڤان بابی لە بیر کردبوو. تێ نەگەیی چییان پێدەگوت، گوتی:

- کام باوک؟ بۆ لای کێی ناردوویت؟

کوڕی دەم سپی گوند گوتی:

- باوکی تۆ، خەریکە دەمرێ، ناردوومی بە شوێنتا تا ماڵاوایی لێبکەی، دەی با بڕۆین، دەنا فریای ناکەوی.

کوری دەم سپی گوند، دەستی گرت وڕایکێشا. ئیڤان دووی کەوت. کاتێ کە پیرەمێردەکەی بابی ئیڤانیان لە کوخەکە بردبووە دەرێ چەند پووشەکەیەکی نیوە سووتی بە سەر کەوتبوو و چەند شوێنکی سووتابوو. بردبوویان بۆ ماڵی ڕیش سپی گوند، کە لە قەراخی گوندا بوو وئاگرەکەی پێ نەگەیی بوو. کاتێ ئیڤان گەییە ئەوێندەر، تەنیا ژنەکەی ڕدێن سپی وچەند منداڵێکی لەبەر ئاگردانەکەدا بینی. ئەوانی دی چووبوون بۆ ئاگر کوژاندنەوە. پیرەمێرد، بابی ئیڤان لە سەر تەختێک ڕاکشابوو و چاوی بڕی بووە دەرگاکە، مۆمێکی بە دەستەوە بوو. کە کوڕەکەی وەژوورکەوت، بە ئاستەم جوڵا. ژنەکەی یارۆی ڕدێن سپی بەلایا چوو وپێی گوت کە کوڕەکەی هاتووە. پیرەمێرد گوتی: پێی بڵێ بێتە پێشترەوە. ئیڤان چووە پێشەوە .

پیرەمێرد، دەستی بە قسان کرد:

- ئیڤان پێم نەگوتیت؟ کێ گوندەکەی سووتاند؟

ئیڤان بەرسڤی دایەوە: " باوکە، گابریل، بە خۆم چووم بە سەرا، بە چاوی خۆم دیتم کە ئاگرەکەی خستە ژێر هەژگ و بژاڵی کەپرەکەوە. ئەگەر پووشە گڕ گرتووەکەم تووڕ بدایە دەرەوەو پێیەکم پێیدا بنایە، دەکوژایەوە و هیچ ڕووی نەدەدا. "

پیرەمێرد، لە سەری ڕۆیی: " ئیڤان من خەریکە دەمرم، تۆش ڕۆژێ لە ڕۆژان دەمریت. ئەمە خەتای کێ بوو؟ ".

ئیڤان بە بێدەنگی چاوانی بڕینە بابی. نەیتوانی هیچ قسەیەک بکات.

- ئێستا هەر خۆمانین، لە بەردەم خوادابن، پێم بڵێ ئەمە خەتای کێ بوو؟ مەگەر پێم نەگوتیت؟

ئەوسا ئیڤان وەخۆ هاتەوەو پەی بە هەموو شتێک برد. هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

- خەتای من بوو باوکە! من لە بەردەم تۆ و خوادا تاوانبارم!

ئەوسا لە بەردەم بابیا بە چۆکا هات وگوتی:

- ببورە باوکە. لە بەردەم تۆ وخوادا خەتابار منم.

پیرەمێرد دەستی جووڵاند، مۆمەکەی لە دەستی ڕاستیەوە بۆ دەستی چەپ گواستەوە. هەوڵیدا دەستی ڕاستی بەرزبکاتەوە تا نیشانەی خاچ بکێشێت، بەڵام نەیتوانی. وازی هێنا. ئەوسا گوتی: " سوپاس بۆ خوا! شوکر بۆ یەزدان! " دووبارە چاوی بڕینە کوڕەکەی:

- ئیڤان! گوێ بگرە ئیڤان گیان!

- دەڵێی چی باوکە؟

- ئێستا بە تەمای چ بکەی؟

ئیڤان بە گریانەوە گوتی: - " باوکە نازانم دوای ئەمە چۆن بژیم! "

پیرەمێرد، چاوەکانی لێک نان، لێوەکانی جووڵاند، وا دیار بوو دەیوست هێز وەبەر خۆی بنێت. ئەوسا چاوانی کردنەوە گوتی:

" ئەگەر، بە گویرەی ئامۆژگارییەکانی خوا بکەی، خوا فریات دەکەوێ وڕەوشت باش دەکات! " کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوسا بزەیەکی کرد وگوتی: " ئیڤان گیان ئاگادار بە! ئەگەر بە گویی من دەکەی، لای کەس مەڵێ کێ ئاگرەکەی هەڵگیرساندووە. تۆ ئەگەر هەڵە وخەتای کەسێک پەنهان بکەی، خوا لە دوو خەتا وهەڵەت خۆش دەبێ! " پیرەمێرد، مۆمەکەی بە هەر دوو دەست گرت، هەر دوو دەستی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندن، هەناسەیەکی هەڵکێشا. لاقی ڕاکێشان، و ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ئیڤان، تاقە قسەیەکی لە عەلەیی گابریل نەکرد. کەس نەیزانی سەبەبکاری شەوات و ئاگر کەوتنەوەکە کێ بوو. ڕقی ئیڤان لە گابریل، دامرکایەوە. گابریل، حایر مابوو بۆچی ئیڤان خەبەری لێنەداوە. گابریل، لە هەوەڵەوە دەترسا. بەڵام پاشان بە واقیعە تازەکە راهات. هەر دوو پیاوەکە دەستبەرداری دژمنایەتی بوون. هەر دوو خانەوادەکەش چاویان لەوان کرد. پاشان گوندەکە ئاوەدان کرایەوەو هەر دوو دراوسێ دەیانتوانی ماڵەکانیان لە دووی یەکدی بنیات بنەن، وایان نەکرد. مالەکانیان بە تەنیشت یەکەوە بنیات نا، وەکو جاران بوون بە دراوسێی دیوار بە دیوار. وەکو دوو دراوسێی باش، خاتری یەکیان دەگرت و مدارای یەکیان دەکرد.

ئیڤان بە ئامۆژگارییەکەی بابی دەکرد کە ڕایسپاردبوو پەیڕەوی شەریعەتی خوا بکات. خواستی شەریعەتیش ئەوە بوو کە یەکەم پزیسکی ئاگری هەر فیتنەیەک بکوژێننەوە. ئێستا ئەگەر کەسێک خراپەی لە گەڵدا بکردایە، هەوڵیدەدا تۆڵەی لێ نەکاتەوە، بەڵکو هەوڵیدەدا دۆستانە کێشەکە چارەسەر بکات. ئەگەر کەسێک جنێوی پێ بدابایە، لە جیاتی ئەوەی دوو جنێوی پێ بداتەوە، هەولی دەدا یارۆی جنێوفرۆش فێری ئەوە بکات کە قسەی نابەجا نەکات. ژن و مندالەکانیشی بەو جۆرە پەروەردە دەکرد.

جارێکی دی ئیڤان شجرباکوف هەستایەوە، کەوتەوە سەر پێی خۆی و ئێستا لە جاران خۆشتر دەژی و حاڵ و باڵی لە جاران باشتر بووە.

ساڵی ١٨٨٥

## ٦- دوو پیرەمێرد

( ١ )

دوو پیرەمێرد لە ڕووسیا، نەزریان کردبوو کە پێکەوە بچنە حەجی ماڵی خوا لە ئورشەلیم ( قودس ) تا لەوێ بکەونە خواپەرستی. یەکێکیان جووتیارێکی

دەوڵەمەند و خۆشگوزەران بوو، ناوی ئیفیم تراسیش شوڤیلیف بوو. ئەویتریان نێوی ئیلیشا بودوروف بوو کە وەکو ئەوی دی دەوڵەمەند نەبوو. ئیفیم پیاوێکی سەنگین وجدی بوو. لە ژیانیا دەمی بە خواردنەوەوە نەدابوو، جگەرەی نەکێشابوو، بڕنووتی بەکار نەبردبوو. لە ژیانیا وشەیەکی ناشیرین ونا ماقوولی بەدەما نەهاتبوو. دوو جاران بە کوێخا ودەمڕاستی گوند هاتبووە هەڵبژاردن. هەرکە نۆرە کوێخایەتیەکەی تەواو بووبوو، دەفتەری حیساب وکیتابی خۆی بە ڕێک وپێکی وبێ هیچ کێماسییەک ڕادەستی بەربژێرەکەی دوای خۆی کردبوو. خێزانێکی گەورەی بە ملەوە بوو: دوو کوڕ وچەند نەوەیەکی بە ژن و منداڵی هەبوون. هەر هەموو ئەمانە لە ماڵی ئەو ولە گەڵ ئەودا دەژیان. پیاوێکی لەش ساغ بوو، ڕدێنێکی درێژی بەردابووەوە. دوای ئەوەی پێی نایە ناو شەست ساڵییەوە، ئەوسا تاک و تەرا داوی سپی کەوتبوونە ڕیشی.

بەڵام ئیلیشا، حاڵی مامناوەند بوو، نە دەوڵەمەند بوو ونە هەژار. پێشتر کاری بازرگانی دەکرد. بەڵام ئێستا کە کەوتبووە تەمەنەوە لە ماڵەوە دانیشتبوو، هەنگەوانی دەکرد. یەکێک لە کوڕەکانی بە دووی کارا چوو بوو بۆ دەڤەرێکی دی. کوڕەکەی دی هێشتا لە گەڵ بابیدا دەژیا. ئیلیشیا، وێڕای بە تەمەنی خۆی، پیاوێکی میهرەبان و ناسک و چالاک وچەلەنگ بوو. ڕاستە کە ناو بە ناو دەمێکی تەڕ دەکرد، جگەرەی دەکێشا و بڕنووتی (سعووتی) بەکار دێنا و حەزی لە گۆرانی گوتن بوو، بەڵام پیاویکی سەلامەت و بێوەی بوو، پەیوەندی لەگەڵ خانەوادەکەی ودەر ودراوسێکانیا خۆش ودۆستانە بوو. کابرایەک بوو کورتە باڵا، ڕەشتاڵە، ڕدێن لوول، سەری وەکو نەبی ئەلیشع، کە بە خۆشی ئەوەوە ناو نرابوو ئیلیشیا، ساف وڕووتاوە بوو. ئەم دوو پیرەمێردە، لە مێژ بوو قەول و قەراریان کردبوو کە پێکەوە بۆ حەجی ماڵی خوا لە ئورشەلیم ( قودس ) ، بڕۆن. بەڵام ئیفیم، قەت دەرفەتی بۆ نەدەڕەخسا. هەمیشە دنیایەک کاری هەبوو، لە کار وگرفتارییەک نەدەبووەوە، یەکێکی دیکەی دەهاتە ڕێ. دەبوا خەمی زەماوەندی نەوەکەی بخوات وژنی بۆ بێنێ، پاشان دەبوا چاوەڕوانی ئەوە بکات تا کورە بچووکەکەی لە خزمەتی سەربازی تەواو ببێت وبێتەوە. پاشان بە دروستکردنی خانوویەکی تازەوە گیرۆدە بوو.

ڕۆژێکی پشوو، جووتە پیرەپیاو، لە بەر ماڵەوە، یەکیان گرت و بە دەم قسە کردن و حیکایەتەوە لە سەر لەوحە دارێک ڕۆنیشتن. ئیلیشیا گوتی:

- کەی وەعد وبەڵێنەکەمان جێبەجێ بکەین؟

ئیفیم، ڕووی گرژ کرد وگوتی:

- جارێ. ئەمساڵ بۆ من زۆر سەختبوو. کە دەستم دایە دروستکردنی ئەم خانووە، وام دانابوو هەر سەد ڕۆبڵ یان کەمێک زیاتری تێدەچێت. تا ئێستا سێ سەد ڕۆبڵم داوەو هێشتا تەواو نەبووە. دەبێ تا هاوین چاوەڕوان بکەین، خوا یاربێ هاوین دەڕۆین.

بەڵام ئیلیشیا گوتی:

- پێموایە نابێ لەوەی پتر دوای بخەین، دەبێ بە زووترین کات بڕۆین، بەهار باشترین کاتە بۆ سەفەر.

- ڕاستە بەهار وەرزێکی لەبارە بۆ سەفەر. بەڵام چی لەم خانووە بکەم؟ چۆن بە نیوەچڵی بە جێی بێڵم، کێ سەرپەرشتی بکات؟

- باشە کەسێک نییە ڕووی لێ بنەیت و سەرپەرشتیت بۆ بکات! کوڕەکەت عەیبی چییە؟

- کوڕە گەورەکەم؟ زۆر جێی متمانە نییە. هەندێجار لە خواردنەوەدا زێدەڕۆیی دەکات.

- هاوسێ، پێت وایە ئەمانە دوای مردنی من و تۆ نابێ بژین. واز بێنە با کورەکەت فێر بێ و لە کار و باراندا قاڵ ببێتەوە.

- هەق بە تۆیە، بەڵام ئینسان حەزدەکات ئەو کارەی خۆی دەستی داوەتێ، بە خۆی تەواوی بکات.

- دۆستی ئازیز کار لە بن نایەت. چەند ڕۆژێک لەمە پێش ژنان ماڵیان پاک دەکردەوە و خۆیان بۆ جەژنی پاک ئامادە دەکرد. ئەوەندە کار زۆر بوو نەیاندەزانی لە کام کارەوە دەست پێبکەن؟ فلان شت لێرە دابنەن یان لەوێ؟ ئەوەندەیان کار زۆر بوو کە نەیاندەزانی فریای کامەیان بکەون. سەرەنجام

بووکی یەکەمم، کە ژنێکی زیرەک و فامایە، هاتە قسان وگوتی: " دەبێ مەمنوون و سوپاسگوزاری جەژن بین کە ماتەڵی تەواو کردنی ماڵ پاک کردنەوەی مە نابێت، لە کاتی خۆیدا دێت، دەنا چاوەڕوانی ماڵ هەڵگرتن و ماڵ پاککردنەوە بێت، ئەمە قەت تەواو نابێ و نابێ بێت."

ئیفیم لە فکران ڕاچوو. ئەوسا گوتی:

- پارەیەکی زۆرم لە خانووەدا سەرف کردووە. سەفەری حەج بە بێ پارە نابێت. بە لای کەمەوە یەکی سەد ڕوبڵمان دەوێ. سەد ڕۆبڵ پارەیەکی کەم نییە.

ئیلیشا پێکەنی وگوتی:

- سەروەرم! بەلای کەمەوە دە هێندەی منت هەیە. هێشتاش باسی بێ پارەیی دەکەی؟ من خۆم حاڵی حازر پارەم نییە، بەڵام بەرلەوەی بەڕێ بکەوین، تەگبیری دەکەم.

ئیفیم پێکەنی وئەوسا گوتی: " سەیرە! تەسەورم نەدەکرد، ئەوەندە دەوڵەمەند بی! باشە پارە لە کوێ دێنی؟

- دەتوانم هەندێ پارە لە کەس و کار قەرز بکەم. ئەگەر نەیان بێ دەرزەنێک هەنگە ماڵ ( شانە هەنگ ) بە دراوسێکەم دەفرۆشم. دەمێکە حەزی لە هەنگەکانم کردووە.

- بەڵام ئەگەر ئەمساڵ مێشەکانت گەڕایەکی زۆر بخەن ژێوانی دەبیتەوە.

- پەشیمان دەبمەوە؟ نە دۆستی ئازیز! من لە ژیانما پەشیمان نەبوومەتەوە. تەنیا لە هەڵە وگوناحەکانم پەشیمان بوومەتەوە. هیچ شتێک لە گیان وڕۆحی مرۆڤ ئازیزتر نییە!

- دروستە! خۆ ناشکرێ کار وباری ڕۆژانەی ژیان فەرامۆش بکرێ.

- خۆ ناشکرێ زەخیرەی ئەو دنیاش نەخەی، ئەمە خراپ نییە؟ ئێمە نەزرمان کردووە و، نەزریش دەبێ ئەنجام بدرێ. من بە ڕاستمە، با بڕۆین، نابێ لەوەی پتر ماتەڵ ببین.

ئیلیشا، قەناعەتی بە هاوڕیکەی کرد. ئیفیم بۆ سبەی بەیانی دوای ئەوەی بیری خۆی کردبووەوە، هات بۆ لای ئیلیشا وگوتی:

- هەق بە تۆیە، با بڕۆین! دنیا ژیان و مردنە. تا لە ژیانداین وهێز وتوانامان هەیە، با بڕۆین.

دوای هەفتەیەک جووتە پیاو ئامادە بوون. ئیفیم، پارەی تەواوی هەبوو، سەد ڕۆبڵی بۆ خۆی هەڵگرت و دوو سەد ڕۆبڵی دا بە ژنەکەی.

ئیلیشاش خۆی ئامادە کردبوو. دە پلوورە هەنگی بە دراوسێکەی فرۆشت. بەو مەرجەی ئەو بیچووە هەنگانەی بەر لە هاوین لە پلوورەکە دێنە دەرێ بۆ یارۆی کڕیار بێت.

هەفتا ڕۆبڵی لەم سەودایە بە دەست هێنا. سی ڕۆبڵیشی لە ماڵ و منداڵەکانی قەرز کرد، تەقریبەن هەموویانی بێ پارە کرد. ژنەکەی چەندی بۆ کفن ودفنەکەی خۆی کۆ کردبووەوە دای بەو، بووکەکەشی هەرچیەکی هەبوو دایێ.

ئیفیم، هەموو کاروبارەکانی بۆ کوڕە گەورەکەی دیاریکرد: کەی بییەکان پەرچ بکات، کەی و چەند گیا بدورێتەوە، پەین بکات بە کوێوەو لە کوێی خڕ بکاتەوە، چۆن خانووە تازەکە تەواو بکات وسەری بگرێت. بیری لە هەموو کارەکان کردەوەو بەرەنجامی بیرکردنەوەکەی بەو سپارد.

لێ ئیلیشا، بە پێچەوانەوە، تەنیا یەک وەسیەتی بۆ ژنەکەی کرد، ئەویش ئەوە بوو کە بێچووە هەنگە تازەکان جیا بکاتەوەو بێ هیچ فەند وفێڵێک بیاندات بەو دراوسێیەیان کە هەنگەماڵەکانی لێ کڕی بوون. لێ سەبارەت بە ماڵ وکار وباری ماڵ تاقە وشەیەکیشی لە زار دەرنەچوو بوو. گوتی: " هەر کێشەیەک هاتە پێشێ ئیدی خۆتان دەزانن چ دەکەن، خۆتان خاوەن ماڵ و ئازادن، دەزانن خێر و شەڕی خۆتان دیاری بکەن. "

ئیدی جووتە پیرەمێرد، ئامادەی زیارەت بوون. خەڵکی وکەس وکار لێیان خڕ بوونەوە ، نانیان بۆ کردن، کولیچەیان بۆ برژاندن، کیسەیان بۆ دروون،

بەلەک پێچیان بۆ دروست کردن، پێڵاوی چەرمی نوێیان لە پێ کردن، چەند پێڵاویکی بن تەختەی یەدەگیان لە گەڵ خۆدا برد. خەڵکی گوند تا ئەو سەری کۆڵانی گوندەکە بەڕێیان کردن. ڕێوڕەسمی خواحافیزی ئەنجام درا. جووتە پیرەمێرد بەرەو زیارەتی ماڵی خوا بەڕێکەوتن.

ئیلیشا، حاڵی باش نەبوو. هێشتا لە گوندی وەدەرنەکەوتبوو، کە هەموو کار وباری ماڵ وکێشەکانی ژیانی فەرامۆش کرد. هەموو خەمێکی ئەو ئەمە بوو کە چۆن دڵی هاوسەفەرەکەی ڕابگرێ ومدارای بکات. ئاگای لە زمانی بوو، نەبا بە قسە کەسێک بریندار وزویر بکات. دەیوست بە خۆشی وشادی بگاتە مەزڵ وبە سەلامەتی بگەڕێتەوە سەر مال وحالی خۆی . بە دەم ڕێکردنەوە یا لە بن لێوانەوە  وێرد وسەڵاواتی دەخوێند. یا ئەوەندەی یادگەی بڕی دەکرد، ژینامەی وەلیانی دێنایەوە بەرچاوی خۆی. ئەگەر لە ڕێگا تووشی کەسێک بوایە یان شەوێ بۆ خەو لە شوێنێک لایان بدایە، هەوڵی دەدا بە گویرەی توانا بە خۆشەویستی ومیهرەبانی ڕەفتار بکات وقسەی خوا پەسندانە بکات. ئیدی بێ خەم و خەیاڵ ڕێی دەکرد. بەڵام لە عۆیەی یەک شت نەدەهات، بڕنووتی ( سعووتی ) بۆ تەرک نەدەکرا. هەرچەندە بە ئانقەست قوتووی بڕنووتیەکەی لە ماڵ بە جێ هێشتبوو، بەڵام ئارەزووی بڕنووتی دەستبەرداری نەدەبوو و نەدەبوو. لە ڕێگادا تووشی پیاوێک بوو کە بڕێک بڕنووتی دایە. جارجار کەمێک لە هاوڕێکەی دوا دەکەوت ( بۆ ئەوەی هاوسەفەرەکەی بێزار نەکات ) تا تۆزێ بڕنووتی هەڵمژێت.

ئیفیم، لە ڕێکردنا، گورج وگۆڵ بوو. نە گوناحێکی دەکرد، نە قسەیەکی خراپ و نابەجا. بەڵام دڵی خۆش نەبوو. خەمی ماڵ سەر ودڵی گرتبوو. هەمیشە خەمی ماڵی بوو. ئایا سەبارەت بە فلان یا فیسار کار کوڕەکەی ڕاسپاردبوو یان بیری چووبوو؟ ئایا کورەکەی کارەکان وەکو پێویست جێبەجێ دەکات؟ ئەگەر بە دەم ڕێگاوە خەڵکی بدیتبایە کە پەتاتەیان دادەچاند یان پەینیان بە زەوییەوە دەکرد، نیگەران دەبوو. ئایا کورەکەی ڕاسپاردە وئامۆژگارییەکانی ئەو جێبەجێ دەکات؟ زۆرجار حەزیدەکرد بگەڕێتەوە وبە کوڕەکەی بڵێت کە چۆن کارەکان ئەنجام بدات یان بە خۆی ئەنجامیان بدات.

پێنج هەفتە بوو، جووتە پیرەمێرد بەڕێوە بوون. ئەو پێڵاوانەی لەماڵەوە هێنابوویان دڕان. کە گەیینە ڕووسیای بچووک (مەبەست ئوکرانیایە) ناچار بوون پێڵاوی تازە بکڕن. لەو ساوەی لە ڕووسیا وەدەرکەوتبوون، بە ناچاری پارەی خواردن و مانەوەی شەویان دابوو. بەڵام کە گەیینە ڕووسیای بچووک، خەڵکی لە سەر میوانداری داکردنی وان، هەڤڕکی یەکدییان دەکرد. میوانداریان دەکردن وخواردنیان دەدانێ. پارەیان لێوەرناگرتن. ئەمە جگە لەوەی کە نان و شیرینیان دەدانێ تا لە ڕێگا بیخۆن.

جووتە پیرەمێرد، نزیکەی حەوت سەد کیلومەتریان بەو شێوەیە بڕی. بەڵام کە گەیینە دەڤەر وئاوەدانی دواتر، سەیریان کرد ناوچەکە پار هیچ بەر وبوومێکی کشت وکاڵی نەدابوو. جووتیارەکان شوێنی خەو وحەوانەوەیان بە خۆڕایی دەدانێ، بەڵام نەیاندەتوانی بە خۆڕایی نان وخوراکیان بدەنێ. پیرەمێردەکان هەندێجار بە پارەش نانیان دەست نەدەکەوت. چونکە نان نەبوو. خەڵکەکە پێیان دەگوتن، پار هیچ بەرو بوومێکیان هەڵنەگرتووە. دەوڵەمەندانی دەڤەرەکە، کەوتبوونە سەر ساجی عەلی و دار و نەداری خۆیان فرۆشتبوو. ئەوانەی حاڵیان مامناوەندی بوو، تەواو لێکەوتبوون. بەڵام ئەو هەژارانەی باریان نەکردبوو وهەر لە دەڤەرەکەدا مابوونەوە، ناچار گەداییان دەکرد، یان بە برسێتی لە ماڵەوە سەریان کز دەکرد. لە زستاندا ناچار بووبوون، ڕەگ و ڕیشە و گەڵای دار ودرەختان بخۆن.

پیرەمێردەکان شەوێک لە گوندێکی بچووک لایاندا، حەوت کیلۆ نانیان کڕی و شەویان لەوێندەر ڕۆژ کردەوە، سپێدە زوو، بەر لە هەتاو کەوتن، بە فێنێکی کەوتنە ڕێ. نزیکەی دە کیلومەترێک ڕۆیشتن گەیینە چەمێک، لە گوێ چەمەکە ڕۆنیشتن، تاسێکیان پڕ لە ئاو کرد، نانیان تێ گوشی، نانەکە تەڕ بوو وخواردیان، ئەوسا بەلەک پێچەکانیان گۆڕی، کەمێک ئیسراحەتیان کرد. ئیلیشا بڕنووتیەکەی هەڵمژی. ئیفیم سەری لەقاند و گوتی: " بۆچی ئەم عادەتە خراپە تەرک ناکەیت؟ "

ئیلیشا دەستی هەڵتەکاند وگوتی: " ئەم عادەتە خراپە لە من بە هێزترە. "

ئەوسا هەستان وکەوتنەڕێ. نزیکەی دوازدە کیلۆمەتری دیکەیان بڕی، گەیشتنە گوندێکی بڕێک گەورە. بێئەوەی بوەستن بە گوندەکەدا تێپەڕین. دنیا گەرم بووبوو. ئیلیشا ماندوو بووبوو. دەیویست کەمێک پشوو بدات وئاوێک بخواتەوە. بەڵام ئیفیم نەوەستا. ئیفیم لە ڕۆیشتنا لە ئیلیشا قۆچاغتر بوو. ئیلیشا هەرچی دەکرد پێیا نەدەگەیی.

ئیلیشا گوتی: - خۆزگە تۆزێ ئاوم دەخواردەوە!

ئیفیم گوتی: - بڕۆ ئاو بخۆرەوە، من نامەوێ، تینوو نیم!

ئیلیشا وەستا وگوتی:

- باشە، تۆ بڕۆ، من بە غار دەچم بۆ ئەو خانووە بچووکە، ئاو دەخۆمەوەو خێرا پێتا دەگەمەوە.

ئیفیم گوتی: " زۆر باشە "

ئەوسا بە تەنیا کەوتەڕێ. ئیلیشا بە هەشتاو گەڕایەوەو چوو بۆ بەر کوختەکە.

کوختەیەکی بچووکی گڵێن بوو. ناوەکەی گڵ بوو. دیوارەکانی ومیچەکەی بە قسڵی سپی تەڕاو کرابوو. بەڵام سواخی دیوارەکان درزیان بردبوو و دەبە بووبوون. دیار بوو لە مێژ بوو کەفمال نەکرابوونەوەو سواخ نەدرابوون. داری سەر میچەکە لە لایەکەوە شۆڕ بوو بووەوە. دەروازەی کوختەکە لە ناو حەوشەوە بوو.

کە ئیلیشا خۆی بە حەوشەدا کرد، لە پەنای سەکۆیەکەی دەوری کوختەکەدا، کابرایەکی لاوازی مردەلۆخی بێ ڕدێنی بینی کە یەک تەختە لە سەر ئەرزەکە درێژ بووبوو. بە پێچەوانەی عادەتی خەڵکی ڕووسیای بچووکەوە، داوێنی کراسەکەی لە ناو پانتۆڵەکەی نابوو. وا دیاربوو کابرا لە هەوەڵەوە لە بەر سێبەرەکەدا ڕاکشا بێ، بەڵام هەنووکە هەتاو گەیی بووە ناوەندی ئاسمان وخۆرەکە لێی دەدا. هەرچەندە خەوی لێنەکەوتبوو، بەڵام لەوێندەر پاڵکەوتبوو. ئیلیشا گازی کرد وداوای ئاوی کرد، کابرا بەرسڤی نەدایە.

ئیلیشا دەبیرەوە چوو: " دیارە یا نەخۆشە یا کابرایەکی نامیهرەبانە. " چوو لە دەرگا بدات، گوێی لە دەنگی منداڵێک بوو لە ژوورەوە دەگریا. درگاژەنەکەی گرت، لە دەرگای دا، بانگی کرد: " ئەهای ماڵێ، خاوەن ماڵ! " هیچ وەڵامێکی نەبیست. ئەمجارەیان بە دار عاساکەی لە درگای دا: " ئەهای خوا ناسینە! " هیچ وەڵامێک نەبوو. دووبارە بانگی کرد: " ئەهای خواپەرستان! " دیسان وەڵام نەبوو.

ئیلیشا، ویستی بگەڕێتەوەو بڕوات کە وای هاتە خەیاڵ ناڵەیەک لە پشت دەرگاکەوە هات. لە دڵی خۆیدا گوتی:

" هەبێ و نەبێ بەڵایەک بە سەر خەڵکی ئەم ماڵەدا هاتووە! وا چاکە تەمەشایەک بکەم، بزانم چییان لێقەوماوە."

( ٤ )

ئیلیشا، ئەڵقەی درگا ژەنەکەی (دەرکوت) با دا، دەرگا قفڵ نەبوو. دەرگاکەی کردەوە، خۆی بە هەیوانەکەدا کرد. دەرگای ژووری دانیشتن لە سەر پشت بوو. بە دەستە چەپا کوورەیەکی " ئاگردان " لە خشت چێکری هەبوو. لە دیوارەکەی بەرانبەرا تاقچەیەک هەبوو کە شوێنی ئیکۆنان و پەیکەرێن ئاینی بوو. مێزێکی لە بەردەما بوو. تەختێک لە پاڵ مێزەکەدا هەبوو، پیرەژنێک بە سەری ڕووتی وبە تۆیی کراسێک لە سەری دانیشتبوو. سەرە ڕووتەکەی نابووە سەر مێزەکە. کوڕیکی مردەلۆخی ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵەی، زگ باکردە، لە لایەوە دانیشتبوو. ئەم کوڕە داوای شتێکی دەکرد، ئاسینی پیرەژنی ڕادەکێشا و دەگریا ئەمما گریان!

ئیلیشا، چووە ژوورەوە. هەوای ژوورەکە بۆن بۆگەنیەکی ئەوتۆی لێدەهات. سەرداری بێ سەر دەکرد. چاوی گێڕا، لە پشت کوورەکەوە ژنێک لە سەر گازی پشت لە ئەرزەکەدا ڕاکشابوو. چاوانی نووقابوون و دەیپرخان. جارێ لاقی درێژ دەکرد و جارێ هەڵیدەکێشا. بەم لاو بەولادا گینگڵی دەدا. بۆن بۆگەنی لێ هەڵدەستا. دیاربوو نەیدەتوانی خزمەتی خۆی بکات وکەسیش نەبوو پاکی بکاتەوەو تەڕو وشکی بکات. پیرەژن سەری بەرزکردەوە وکابرای

بێگانەی بینی وگوتی: " چیت دەوێ؟ لە چ دەگەڕێی کابرا؟ ئێمە هیچمان نییە! "

هەرچەندە پیرەژن، بە زمانی ڕووسیای بچووک دەپەیڤی، بەڵام ئیلیشا لە مەبەستی حاڵی بوو وگوتی: - بەندەی خوا، من تەنیا کەمێک ئاوم دەویست.

- کەسمان نییە، کاسەیەکمان نییە ئاوی تێبکەین، بڕۆ بە ڕێی خۆتەوەو وازمان لێ بێنە.

ئیلیشا پرسی:

- سەیرە! باشە کەسێکتان نییە، خزمەت و ئاگاداری ئەم ژنە نەخۆشە بکات؟

- نە، هیچ کەسێکمان نییە. کوڕەکەم خەریکە لە دەرەوە گیان دەداو ئێمەش خەریکە لێرە، لە ژوورەوە دەمرین.

بەڵام منداڵەکە، لەوەتای ئەم پیاوە نەناسەی بینی بوو، ئیدی لە گریان کەوتبوو. بەڵام وەختێ پیرەژن دەستی بە قسان کرد، ئەویش دەستی بە گریان کردەوەو ئاسینی پیرەژنی گرت و بە دەم ڕوندک هەڵوەراندنەوە هاواری دەکرد:

- نان، داپیرە، نان.

ئیلیشا، دەیویست هەندێک پرسیار لە پیرەژن بکات. پیاوەکە بە لەقەلەق لە دەرێ ڕا هاتە ژوورەوە. خۆی گەیاندە بەر هەیوانەکە. دەستی بە دیوارەکەوە گرت، کە خۆی گەیاندە ژووری دانیشتن، لە نزیکی دەرگاکەدا کەوتە سەر ئەرزەکە. بێئەوەی هەوڵی ئەوە بدات خۆی بگەیەنێتە کورسییەکە، بە دەمەلاڵکێوە کەوتە قسان. قسەکانی پچڕپچڕ بوون، وشەیەکی دەگوت وماوەیەک دەوەستا تا نەفەسێک تازە بکاتەوەو قسەی دووەم بکات.

" هەمووومان نەخۆش و برسین... برسین... ئەوەتا خەریکە لە برسا دەمرێت."

ئەوجا بە ئاماژەی سەر، منداڵەکەی نیشاندا و دەستی بە گریان کرد.

ئیلیشا، کیسەکەی کۆڵی بەرزکردەوە، پەتەکانی شل کردەوە، لە ئەرزەکەی دانا، پاشان خستیە سەر مێزەکە، پەتەکەی کرەوە، کولێرەیەکی دەرهێنا، بە

چەقۆ پارچەیەکی لێکردەوەو بۆ کابرای ڕاگرت. کابرا وەری نەگرت، بەڵام ئامازەی بۆ کوڕەکە وبۆ کیژێکی بچووک کە لە لای کوورەکەوە هەڵکوڕمابوو،کرد. یانی:

- بیدە بەوان.

ئیلیشا، نانەکەی بۆ کوڕەکە درێژ کرد. کوڕەکە هەرکە بۆنی نانی کرد، دەستی درێژ کرد، بە هەر دوو دەستە چکۆلەکانی پارچە نانەکەی وەرگرت، قەپێکی وای بە نانەکەدا کرد کە کەپووی لە نانەکەدا ون بوو. ئەوسا کچۆڵەکە، لە پشت کوورەکەوە هاتە دەرێ و چاوی بڕییە نانەکە. ئیلیشا، پارچەیەکی بەویش دا. ئەوسا پارچەیەکی دیکەی بڕی و دای بە پیرەژنەکە، کە ئەویش وەکو هار کەوتە خواردنی.

پیرەژن گوتی: " خۆزگە تۆزێ ئاو دەبوو، دەمیان وشک بووە. دوێنێ یا ئەمڕۆ بوو چووم ئاو بێنم، بەڵام کەوتم وئیدی نەمتوانی بچم ئاو بێنم. سەتڵەکەش هەر لەوێ کەوتووە... ئەگەر یەکێک نەی بردبێ."

ئیلیشا پرسی بیرەکە لە کوێیە؟ پیرەژن نیشانی دا. ئیلیشا چووە دەرێ، سەتڵەکەی دۆزییەوە. ئاوی هێنا. منداڵەکان وپیرەژن نان وئاویان خوارد، بەڵام پیاوەکە نەیخوارد. گوتی: " ناتوانم بخۆم. "

ژنە گەنجەکە بە درێژایی ئەم ماوەیە لەوە ناچوو هۆشی بەخۆی بێ. ناو بە ناو گینگڵێکی دەدا. ئیلیشا بە هەشتاو بۆ دووکانی گوندەکە ڕۆیی. هەرزن و ئارد وخوێ و ڕۆنی کڕی. تەورێکی پەیدا کرد، هەندێ داری شکاند، ئاگری کردەوە، کچۆڵەکە هات و یارمەتی دا، شۆربایەکی لێناو ودایە ئەو خانەوادە برسییە کە بیخۆن.

( ٥ )

پیاوەکە کەمێکی خوارد. پیرەژنیش تێر بوو، دوو منداڵەکەش، کوڕ وکچەکە، قاپەکانیان بە تەواوەتی لستەوە، خۆیان قانگڵە کرد وبە باوەشی یەکەوە خەویان لێکەوت.

پاشان کابراو پیرەژن، بۆ ئیلیشایان گێڕایەوە کەبۆچی وچۆن، ڕۆژیان گەییوە بەم ڕۆژگارە ڕەشە:

" پێشتریش هەر دەست کورت بووین، بەڵام کە بوو بە وشکەساڵی و کشتووکاڵ هیچ بەروبومێکی نەدا، ئەوەی هەمان بوو نەی گەیاندینە پایز، کە زستان هات ئەشتەبای خوامان نەبوو. ناچار کەوتینە سواڵ وسەدەقە لە دەر ودراوسێ وئەم وئەو. لە سەرەتاوە کۆمەکیان دەکردین، بەڵام پاشان نەء. هەندێ کەس حەزیان دەکرد یارمەتیمان بدەن بەڵام خۆشیان نەبووبوون. ئێمەش گەداییمان پێ شەرم بوو. پارە و ئارد و نانی هەموو دراوسێکان قەرزار بووین.

پیاوەکە گوتی: " چووم لە کار گەڕام، هیچ کارێکم دەست نەکەوت. خەڵکی لە هەموو شوێنێ ئامادە بوون بە نانە سک کاربکەن. جاری وا هەبوو سووکە کارێکم دەست دەکەوت، ڕۆژێک بەردەوام دەبوو، پاشان دەبوو چەندین ڕۆژ بە دوو کارێکی دیدا بگەڕیم. پاشان پیرەژن وکچەکە، چوون بۆ گوندەکانی دی تا دەرۆزە بکەن، لێ کەس هیچی نەدەدانێ، یان ئەوەندە کەمیان دەدانێ، جێگەی هیچی نەدەگرتەوە. نان یەجگار کەم بوو. بەڵام بە هەرحاڵ بژی ونەمر لێرە ولەوێ شتێک پەیدا دەبوو. ئومێدەوار بووین، هەرچۆنی بووە تا سەری خەرمان هەڵبکەین. کە بەهار هات، ڕەوشەکە بە ڕادەیەک خراپ بوو، کەس فریای کەس نەدەکەوت. ئەوسا نەخۆش کەوتین، نەخۆشیش بوو بە سەربار. ڕۆژێک نانمان دەخوارد، دوو ڕۆژ دەممان بە قوتەوە دەگرت. دەستمان بە گیا خواردن کرد. ئیدی ژنەکەم نەخۆش کەوت، نازانم هی گیاکە بوو یا هی شتێکی دیکە. نەیدەتوانی خۆی بە پێوە بگرێت. من ئیدی هێز وتوانام بە بەرەوە نەما، هیچ کەسێک نەبوو فریامان بکەوێ و لەم نەخۆشییە هەستینەوە."

ئەوسا پیرەژن لە سەری ڕۆیی:

"ماوەیەک خۆم گرت، بە گوێرەی توانا هەوڵمدا. بەڵام سەرەنجام منیش لە بێ خواردنیدا پەکم کەوت. ئەم کچە بچکۆلەیەش لاواز بوو و پووکایەوە. پێمگوت بۆ ماڵە دراوسێکان بڕوات، بەڵام چوو بە چەقی نەعلەتا ونەچوو ونەچووو. خۆی خزاندە گۆشەی ژوورەکەوە ولەوێدا هەڵتروشکا. پێرێ یەکێک

لە ژنە دراوسێکان سەری داین. بەڵام کە بینی هەموومان نەخۆش وبرسین، گەڕایەوەو ڕۆیی. ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی هەر ئاوڕیشی نەدایەوە، مێردەکەی ناچار بووبوو بڕوات. ئەو ژنە بۆ منداڵەکانی خۆیشی خواردنی نەبوو. بەوجۆرە لە جێدا کەوتووین و چاوەنۆڕی مردن دەکەین."

ئیلیشا، کە گوێی لە سەر بهوردی ئەو خانەوادەیە بوو، دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە بوو کە هەمان ڕۆژ بگاتەوە بە هاوسەفەرەکەیدا.

شەوی لە هەمان ماڵدا ڕۆژ کردەوە. بەیانی لە خەو ڕابوو، کەوتە هەڵسوڕانی کار و باری ماڵەکە، دەتگوت ماڵی خۆیەتی. بە یارمەتی پیرەژن، هەویری شێلا، ئاگری کردەوە. ئەوسا دەگەڵ کچە چکۆلەکەدا چوو بۆ ماڵە دراوسێکان بۆ داوای زەروریترین شت، چونکە ماڵەکە هیچی تیا نەبوو، عەشتەبای تیا نەبوو. هەرچیەکیان هەبووبوو، فرۆشتبوویان تا نانی پێبکڕێن. ئامان و مەنجەڵێن چێشت لێنان، جل و بەرگ... و هەموو شتێکیان فرۆشتبوو.ئیلیشا، کەوتە ئامادەکردنی شتێن پێویست، هەندێک لە پێویستیەکانی بە خۆی دروستکرد. هەندێکی کڕین، سێ ڕۆژێک لەوێ مایەوە. کوڕە مندالەکە بوژایەوە. دەجووڵا، هەرکاتێ ئیلیشا دابنیشتایە، خێرا دەچووە سەر کورسییەکە وخۆی لە باوەشی داوێشت. کچەکەش بوژابووەوە. لە کاروباری ماڵەکەدا هاوکاری دەکرد. بە دووی ئیلیشادا غاری دەدا وبانگی دەکرد:" باپیر، باپیرە. "

پیرەژن، هێزی وەبەرهاتەوە، توانی بچێ بۆ دیدەنی یەکێک لە دراوسێکان. پیاوەکەش کەمێک وەخۆ هاتەوە، توانی دەست بە دیوار ڕێبکات. تەنیا ژنەکەی هێشتا هەر زەمینگیر بوو. تەنانەت ئەویش لە ڕۆژی سێیەمدا وەهۆش هاتەوەو داوای خواردنی کرد.

ئیلیشا دەبیرەوە چوو: " ڕەحمەت لە بابم! قەت بە تەما نەبووم، بەم ڕادەیە ماتەڵ ببم. دەبێ تا زووە بڕۆم و درێژە بە سەفەرەکەم بدەم."

( ٦ )

ڕۆژی چوارەم، ڕێکەوتی جەژنی دوای ڕۆژووی هاوینە بوو. ئیلیشیا دەبیرەوە چوو: ڕۆژێکی دیکەش دەمێنمەوە. لە گەڵ ئەم خانەوادەیەدا جەژن دەکەم.

دەڕۆم کەرەسە و تفاقی جەژن دەکڕم و پێکەوە جەژن دەکەین و سبەی ئێوارە دەکەومەڕێ.

ئیلیشا چوو بۆ ناو گوند. شیر وئاردی گەنم و ڕۆنی کڕی. یارمەتی پیرەژنی دا، ئاوی هێنایە کوڵ و خواردن وکێکی بۆ سبەینێ ئامادە کرد. ڕۆژی جەژن چوو بۆ کلێسا و نویژی جەژنی لەوێندەر کرد. پاشان لە گەڵ ئەم خانەوادەیەدا جەژنی کرد. ئەو ڕۆژە ژنەکە لە جێگا هەستا و وردە وردە کەوتە سەر پێ وتوانی تۆزێک بجووڵێت و ڕێ بکات. مێردەکەی ڕدێنی تاشی. کراسێکی پاکی لەبەر کرد کە پیرەژنەکە بۆی شۆردبوو. چوو بۆ لای ئەو جووتیارە دەوڵەمەندەی کە زەوی ومێرگەکەی بە بارمتە وڕەهن دابوویێ، تا تکای لێبکات کە ڕەحمی پێدا بکات وڕێگەی بدات زەوییەکەی تا کاتی خەرمان بە کاربەرێ، بۆ ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە. بەڵام ئێوارێ خەمبار وخەمین، چاو بە گریان گەڕایەوە.

یارۆی جووتیاری دەوڵەمەند هیچ بەزەییەکیپێدا نەهاتبووەوەو پێی گوتبوو: " قەرزەکەم دەوێتەوە! "

ئیلیشا دووبارە لە فکران ڕاچوو: " باشە ئەمانە دەبێ چۆن گوزەران بکەن؟ خەڵکی دەڕۆن پووش و کایەک کۆدەکەنەوە ئەمانە چ دەکەن؟ چونکە مێرگەکەیان لە ڕەهندایە. گیا لە خۆیەوە دەڕوێ وخەڵکی دی کێڵگە ومێرگەکەیان دەدوورنەوە. باشە تەگبیری ئەمانە چ دەبێ؟ هیچ ئومێدێکیان نییە. زەوییەکەشیان لە ڕەهن وبارمتەدایە. خۆ ئەگەر من بە جێیان بێڵم، وەکو خۆیانیان لێدێتەوە."

ئیلیشا، دووچاری دوو دڵی بوو. بەڵام ئەنجام بڕیاری دا ئەو ئێوارەیەش نەڕوات و تا سبەی چاوەڕوان بکات. ڕۆیی لە حەوشەدا بخەوێ. نوێژ ونزای خوێند وڕاکشا. بەڵام خەوی زڕا بوو. لە لایەکەوە بیری لەوە دەکردەوە دەبێ بڕوات و زیارەت و نەزرەکەی خۆی جێبەجێ بکات. زیاد لە پێویست پارە وکاتی بە فیڕۆ دابوو. لە لایەکی دیکەوە زۆر بەزەیی بەم خانەوادەیەدا دەهاتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " وا دیارە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، ئەم چیرۆکە، زۆر درێژەو بەو ئاسانیە کۆتایی نایەت. هەوەڵجار بە تەما بووم سەتلێک ئاویان بۆ بێنم ونانێکیان وێدەم. بەڵام تۆ بڕوانە چ

گرفتارییەکم بۆخۆم دروستکردووە. من ئێستا کەوتوومەتە حاڵێکەوە کە دەبێ مێرگ و کێڵگەکەیان لە بارمتە و ڕەهن دەربێنم. کە ڕەهنەکەم لابرد هەنگێ دەبێ چێلێکیان بۆ بکڕم. هەروەها دەبێ ئەسپێکیش بۆ پیاوەکە بکڕم، تا بارە کلۆشی لە دەشتی پێ بێنێتەوە. ئیلیشا گیان چاک خۆت تووش کرد. ڕێگای خۆت گوم کردووە وئەقڵ و حیسابی خۆت لە دەست داوە! "

ئیلیشا، لە شوێنی خۆی هەستا. پاڵتۆکەی، کە گرمۆڵەی کردبوو تا لە جیاتی سەرین بە کاری بێنێ، سافکرد، قوتووە برنووتیەکەی دەرهێنا وکەمێک بۆنی کرد وهەڵی مژی بەڵکو حەواسی بێتەوە جێ و هزری ساف ببێت.

لێ فایدەی نەبوو. بێهودە لووتی خوراند ومێشکی گوشی. نەگەییە هیچ بڕیارێک . دەبوایە بکەوێتەڕێ و بڕوات. لە لایەکی ترەوە بەزەیی ومرۆڤدۆستی کۆڵەی کوتابوو. نەیدەزانی چی بکات. دووبارە پاڵتۆکەی قەد کرد ونایە ژێر سەری. ماوەیەکی زۆر بەدەم بیرکردنەوەو هزرینەوە ڕاکشا. تا کەڵەبابان کەوتنە خوێندن. ئەوجا خەو بردییەوە. لە ناکاوا وای خەیال کرد کە یەکێک خەبەری کردەوە. سەیری خۆی کرد و بینی جلی لەبەر کردووەوکیسەکەی داوە بە کۆڵیا و دار عاساکەی بە دەستەوەیە. دەروازەکەش بایی ئەوە کراوەتەوەو دەتوانێ لێوەی بڕواتە دەرەوە. لە دەرچوونا بوو، کە کیسەکەی کۆڵی لە سووچێکی تەیمانی حەوشە گیربوو. ویستی کۆڵەکەی لە تەیمانەکە دەرباز بکات، ئەوسا بەلەک پێچەکەی لەم دیوەوە لە تەیمانەکە گیربوو و کرایەوە. کیسەکەی ڕاکێشا، سەیری کرد لە پەرژینەکە گیر نەبووە، کچە بچکۆلەکە، تووند گرتبووی و بە دەم گریانەوە هاواری دەکرد: " نان باپیرە، نان! "

ڕوانیە لاقی خۆی، سەیری کرد کوڕە چکۆلەکە خۆی بە لاقییەوە هەڵواسی بوو، خاوەنماڵەکە و پیرەژنەکە لە پەنجەرەکەوە تەمەشایان دەکرد.

ئیدی ئیلیشا لە خەو هەستا وبە دەنگی بەرز بە خۆی گوت:

" سبەی دەڕۆم ئەرزەکەیان لە ڕەهن (بارمتە) دەردێنم، ئەسپێکیان بۆ دەکڕم، ئەوندە ئاردیان بۆ دەکڕم کە بیانگەیەنێتە خەرمانان، چێلێکیانیش بۆ دەکڕم تا ئەم مندالانە شیرەکەی بخۆن. ئەگەر ئەم کارانە نەکەم، منێک

که دەڕۆم بۆ ئەو دیو دەریایان تا خودا بدۆزمەوە، مانای وایە خوا لە خودی خۆما ون دەکەم! "

پاشان ئیلیشا تا بەیانی خەوی لێکەوت. بەیانی زوو لە خەو ڕابوو، چوو بۆ لای یارۆی جووتیاری دەوڵەمەند، قەرزەکەی دایەوەو هەر دوو گێڵگەکە ومێرگەکەی لە ڕەهن دەرهێنا. داسێکی گەورەی ( داسەکەشیان فرۆشتبوو ) کڕی ولەگەڵ خۆیدا هێنایەوە. ئەوسا کابرای نارد تا گیا بدورێتەوە. بەخۆی بۆ ناو گوند گەڕایەوە. لە قاوەخانەیەک بیستی گوایە لە بازاڕی گوندا ئەسپ وعارەبانەیەک بۆ فرۆشتن ڕاگیراوە. سەوداو مامەڵەی لەگەڵ فرۆشیارەکەدا کرد وئەسپ وعەرەبانەکەی کڕی. گونیەک ئاردی کڕی و لە عارەبانەکەی بارکرد. ئەوسا کەوتە تاقیبی چێڵ. بە دەم ڕێوە تووشی دوو ژن بوو بەدەم ڕێوە قسانیان بۆ یەکدی دەکرد، هەرچەندە بە زمانی لۆکاڵی خۆیان داخافتن، بەڵام لێیان حاڵی بوو باسی چییان دەکرد. دەیانگوت:

" لە هەوەڵەوە نەیان دەزانی کێیە. وایان تەسەور دەکرد کەسیکی ئاساییە. هاتبوو داوای ئاوی دەکرد. پاشان لە لای وان مایەوە. هەموو شتێکی بۆ کڕیوون! دەڵێن ئەم بەیانییە لە بازاڕ ئەسپ وعەرەبانەیەکی بۆ کڕیوون! ئەم جۆرە بنیادەمانە لە دنیادا کەمن. وا چاکە بڕۆین بیدینین. ئەم جۆرە بنیادەمانە شایستەی دیتنن."

ئیلیشا گوێی لەو قسانەیان بوو، زانی ستایشی ئەو دەکەن. نەچوو بۆ چێل کڕین. گەڕایەوە بۆ قاوەخانەکە، پارەی ئەسپەکەی دا. لە عارەبانەکەی بەست. بەرەو کوختەکە لێی خوڕی، لەبەر مالەکە دابەزی. خەڵکی ماڵەکە بە دیتنی ئەسپ وعاربانەکە سەریان سووڕما. مەزندەیان وابوو کە بۆ ئەوانی کڕی بێ. بەڵام باوەڕیان نەکرد وجورئەتیان نەدەکرد بپرسن. کابرای خاوەن ماڵ هاتە دەرێ. پرسی: " باپیرە ئەم ئەسپەت لە کوێ بوو؟ "

ئیلیشا گوتی: " کڕیم. سەیرم کرد هەرزانە ئیدی کڕیم. بڕۆ هەندێ گیا بدوورەوە و بۆی بخە ئاخۆڕەکەوە با بیخوات. ئەو گونیە ئاردەش دابگرە."

کابرا ئەسپەکەی لە عارەبانەکە کردەوە، گونیە ئاردەکەی داگرت وبردی لە کادێنەکەی دانا. گیای دووریییەوەو لە ئاخوڕەکەی کرد. ئەوسا هەموو چوونە جێگاوەو خەوتن.

بەڵام ئیلیشا، چووە ناو حەوشە ولە نزیکی ڕێگاکە پاڵ کەوت، ئەو شەوە کیسەکەی لە گەڵ خۆیا بردبووە دەرەوە. کە هەمووان خەوتن، ئەو هەستا، شتەکانی کۆکردەوە، کیسەکەی توونند بەست تا بیدات بە کۆڵیا، بەلەک پێچەکانی لە لاقی بەست. پێڵاوەکانی لە پێ کرد، پاڵتۆکەی لەبەر کرد. کەوتە ڕێ تا بە ئیفیم دا بگاتەوە.

( ٧ )

ئیلیشا دوای ئەوەی نزیکەی پێنج کیلومەترێک ڕۆیی، دنیا ڕوناک بووەوە. لە ژێر درەختێکدا دانیشت، کیسەکەی کردەوە. پارەکەی ژمارد. سەیری کرد تەنیا حەڤدە ڕۆبڵ و بیست کوپیکی پێ مابوو.

لە دڵی خۆیدا گوتی: " فایدەی نییە، بەم پارەیەوە سەفەری دەریایی ناکرێت! خۆ ئەگەر لە ڕای سەفەرەکەما گەدایی بکەم رەنگە خراتر بێ لەوەی هەر نەچمە حەجێ " ئیفیم " ی دۆستم دەگاتە ئورشەلیم لە جیاتی منیش لەوێ لە زیارەتگاکە مۆم دادەگیرسێنێ. بەڵام خۆم دیارە بە قسمەت نەبووە نەزرو بەڵێنەکەم بەرمە سەر. دەبێ مەمنوونی بەختی خۆم بم، کە بەڵێنم بە خوایەک داوە بەخشندە و میهرەبانە ولە کەم و کوڕی و گوناهەکانم خۆش دەبێت! "

ئەوجا هەستا، کیسەکەی دا بە شانیا وگەڕایەوە. نەیدەویست کەس بیناسێتەوە، بە دەوری ئەو گوندەدا، کە چەند ڕۆژێک تیا مابووەوە، سووڕایەوە، بەرەو زێد وزاگەی خۆی کەوتە ڕێ. ئەو ڕۆژەی کە لە ماڵ وەدەرکەوت و بە نیازی حەج و زیارەت وەڕێ کەوتبوو، پێی ڕێێ دانەدەگرت. ڕێکردنی لەبەر گران بوو و نەیدەتوانی بە پێی ئیفیم دا بگات بەڵام ئێستا کە بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕایەوە، خوا یارمەتی دەدا، ڕێگاکەی ئەوەندە خۆش لەبەر دەڕۆیی کە هەستی بە ماندوو بوون نەدەکرد. ڕێکردنی بەلاوە

وەکو گەمەی منداڵان وابوو. بەدەم گۆچان بادانەوە دەڕۆیی و ڕۆژێ نزیکەی هەفتا کیلۆمەتر ڕێگەی دەبڕی.

ئیلیشا گەییەوە ماڵی خۆی. دروێنە تەواو بووبوو وخەلە وخەرمان هەڵگیرابوو. خانەوادەکەی بە هاتنەوەکەی خۆشحاڵ بوون. هەموویان حەزیان دەکرد، لە سەربردە و بەسەرهاتەکانی ئاگادار بن. بۆچی وچۆن لە ئیفیم دابڕابوو؟ بۆچی و چۆن نەگەیی بووە ئورشەلیم ولە نیوەی ڕێگا گەڕابووەوە؟ لێ ئیلیشا هیچی بۆ نەدرکاندن. بەڵکو گوتی: " ئیرادەی خوای لە سەر نەبوو، بە قیسمەت نەبوو بگەمە ئەوێندەر. پارەکەم لە ڕێگا گوم کرد. لە هاوڕێکەم دوا کەوتم. مەعز بۆ ڕەزای خوا وازم لێ بێنن! "

ئەو پارەو پولەی کە پێی مابووەوە دای بە ژنەکەی. ئەوجا پرسیاری کاروباری ماڵی لێکردن، هەموو شتێک ئاسایی وڕێک وپێک بوو. کاروبارەکان ئەنجام درابوون. هەموو کۆک و تەبا، بە ئاشتی و خۆشەویسی دەژیان.

ماڵبات وکەس وکاری ئیفیم هەر ئەو ڕۆژە هەواڵی هاتنەوەی ئیلیشایان بیست وهاتنە دیدەنی. هەواڵی پیرەمێردەکەی خۆیان لێ پرسی. گوتی:

" ئیفیم، پیاوێکی قۆچاخە. لە ڕێکرنا خێرایە. سێ ڕۆژ بەر لە جەژنی سان پەترۆس لێکدی دابڕاین، دەمویست دواتر بیگەمێ. بەڵام هەزار و یەک بویەر ڕوویان دا. پارەکەم گوم کرد و نەدەکرا درێژە بە سەفەرەکەم بدەم. ئیدی ناچار گەڕامەوە."

خەڵکەکە، سەریان لەوە دەسوڕما کە پیاوێکی زانا وبەئاوەزی وەکو ئیلیشا حەماقەتێکی وای لێ ڕوودابێ. بەنیازی حەج و زیارەت لە ماڵ دەرچێ و نەگاتە جێ؟ و هەموو پارەکەی لە ڕێگا بە فیڕۆدابێ! ماوەیەکی زۆر ئەم سەفەرەو باسی ئەم سەفەرە بووە وێردی سەر زاران، پاشان خەڵکەکە باباتەکەیان فەرامۆش کرد. ئیلیشاش لە بیری چوو و بڕایەوە. دووبارە کەوتەوە بەڕێوەبردنی کار وباری ماڵەکەی. بە هاوکاری هەر دوو کوڕەکەی ئیزنگ وداری زستانی شکاند وئامادەکرد. بە هاوکاری ژنەکان خەرمانی کوتا، سەری ئاغەڵ وعەمارەکانی نۆژەن کردەوە. سەری هەنگە ماڵەکانی گرت. ئەو دە پلوورە هەنگەی کە بە هاوسێکەیی فرۆشتبوو، بە هەنگە

تازەکانەوە ڕادەست کرد. ژنەکەی هەوڵیدا، ئەوە بشارێتەوە کە هەنگەکان لەو ماوەیەدا چەندجار گەرایان خستبوو. بەڵام ئیلیشا دەیزانی کام هەنگەماڵ بێچووی کردووەو کامە نەیکردووە. لە جیاتی ئەوەی دە وەجبە بێچوو ڕادەستی هاوسێکەیان بکات، هەڤدە وەجبەی ڕادەست کرد.

ئیلیشا، هەموو شتێکی بۆ زستان ئامادە کرد. کوڕەکەی نارد تا کار پەیدا بکات. بۆ خۆیشی کەوتە پێڵاو و پاتاو دروستکردن و هەڵکۆڵینی قەدە درەختان بۆ هەنگەکانی.

( ٨ )

ئەو ڕۆژەی کە ئیلیشا لە گوندەکەیا، لای خانەوادە نەخۆشەکە مابووەوە، ئیفیم بە درێژایی ڕۆژەکە چاوەڕوانی کردبوو. تەنیا مەودایەکی کورت وکەم ڕۆیی بوو و ئەوسا دانیشتبوو، هەر چاوەڕوانی کردبوو، پاشان چاوێکی گەرم کردبوو، ئەوسا هەستابوو و دووبارە چاوەڕوانی کردبوو، بەڵام هاوڕێکەی هەر نەچووبوو ئەوەندە چاوەڕوانی کردبوو چاوانی هاتبوونە گل. هەتاو لە پشت درەختانەوە ئاوابوو وئیلیشا هەر دەرنەکەوت.

ئیفیم، بیر دەکاتەوە: " ڕەنگە ئەوکاتەی کە من نوستووم، بە لاما ڕۆیی بێ و پێشم کەوتبێ. یا لەوەیە لەو کاتەدا گالیسکەیەک بەلایا ڕۆیی بێ هەڵیگرتبێ و منی نەبینی بێ. بەڵام چۆن دەبێ نەی بینیبم. بە تایبەتی لەم دەشتە تەختانیەدا هەتەری چاو زۆر بڕدەکات؟ چ بکەم، بگەڕێمەوە؟ خۆ ئەگەر پێش من کەوتبێ ئەوسا لێکدی گوم دەبین و خراپتر دەبێت. وا چاکترە بڕۆم، شەوێ، کە دەبێ بۆ خەو لە شوێنێک لابدەین، یەکدی دەدۆزینەوە."

گەییە گوندێک، بە حەس حەسی گوندەکەی گوت: " ئەگەر پیرەمێردێکی سەر ڕووتاوەی کورتەباڵا هات، بیهێنە بۆ ئەو کوختەیەی کە من تیا دەمێنمەوە. " شەو هات و هیچ هەواڵێک لە ئیلیشاوە نەبوو. ئیفیم، درێژەی بە ڕێگای خۆی دا. لە ڕێگا تووشی هەر کەسێک بوایە لێی دەپرسی ئایا پیرەمێردێکی سەرسافی کورتە باڵای نەدیتووە؟ کەس پیرەمێردێکی بەو شێوەیەی نەبینی بوو. ئیفیم سەری لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو. بە تەنیا ڕۆیی ولە دڵی خۆیدا دەیگوت: " بێگومان لە ئودیسا یان لە سەر کەشتی تووشی دەبم و

یەک دەگرینەوە. " ئیدی زۆر خۆی بەو مەسەلەیەوە مژوول نەدەکرد. لە ڕێگادا تووشی ڕێبوارێکی ڕێگای حەج بوو کە جبەیەکی لەبەر بوو. قژی درێژ بوو، کڵاوێکی قووچی، وەکو پیاوانی ئاینی لە سەر نابوو. ئەم زیارەتکارە، زیارەتی چیای ئاتوسی کردبوو و ئەمە جاری دووەمی بوو کە بۆ حەجی ئورشەلیم دەچوو. شەوێ پێکەوەو لە یەک شوێن لایانداو بوون بە هاوسەفەر. جووتە ڕێبوار بە سەلامەتی گەیینە ئودیسا، سێ دانە ڕۆژ ماتەڵی کەشتی بوون. حەجاجێکی زۆر لە هەر چوارنکالی دنیاوە هاتبوون.

ئیفیم دووبارە تاقیب وسوراغی ئیلیشای کرد، بەڵام کەس نەیبینی بوو. بە دەست هێنانی گوزەرنامە، بۆ ئیفیم، پێنج ڕوبڵی تێچوو. چل ڕوبڵیشی دایە کرێ کەشتی دوو سەرە بۆ ئورشەلیم. هەروەها بڕێک نان وماسی سوێرکراو و ئازووقەشی کڕی.

حاجییەکان، دەیانویست ئیفیم فێربکەن کە چۆن بە بێ پارە و بلیت سواری کەشتی ببێت. لێ ئیفیم گوێی لێنەگرتن وگوتی: " من کە لە ماڵ وەدەرکەوتووم، بۆ ئەوە دەرکەوتووم پارە بدەم. ئێستاش پارەی خۆم دەدەم و منەتی کەس هەڵناگرم."

کەشتییەکە باری خۆی بارکرد. ڕێبوارەکان، لەوانە ئیفیم وهاوسەرە تازەکەی سوار بوون. کەشتییەکە لەنگەری هەڵگرت و کەوتەڕێ. بە درێژایی ڕۆژەکە دنیا ساف و هەوا ئارام بوو وکەشتییەکە بە هێوری دەریای دەبڕی. بەڵام دەمەو ئێوارێ بایەکی توند هەڵیکرد. باران دایکرد. کەشتییەکە بە سەر شەپۆلەکانەوە جۆلانەی دەکرد وئاو هاتە ناو کەشتییەکەوە. ڕێبوارەکان ترسیان لێنیشت. ژنەکان کەوتنە هاوارو واوەیلا. هەندێ پیاوی ترسەنۆک بە هەڵەداوان بەم لاو ئەولادا غاریان دەداو بۆ پەنایەک دەگەڕان.

" ئیفیم " یش دەترسا، لێ بە سەر خۆی نەدەهێنا. هەر لە هەمان شوێندا مایەوە کە لەکاتی سەرکەوتنیا لێی دانیشتبوو. لە نزیکی چەند پیرەمێردێکەوە دانیشتبوو کە لە " تامبوف "ەوە هاتبوون. تا شەو وڕۆژێک لەوە دواش، دەریا هەر بۆران وزریان بوو، ڕۆژی سێیەم دەریا هێوربییەوە. ڕۆژی پێنجەم کەشتییەکە لە قەستەنتەنیە لەنگری خست. هەندێک لە حاجییەکان دابەزین تا زیارەتی کڵێسای ئایاسوفیا بکەن کە ئەو زەمانە لە

ژێر دەسەڵاتی تورکەکاندا بوو. بەڵام ئیفیم دانەبەزی، هەر لە ناو کەشتیەکەدا مایەوە. هەندێک نانی سپی کڕی. دوای ئیسراحەتێکی بیست وچوار سەعاتە، کەشتییەکە دووبارە کەوتەوە ڕێ. لە سمیرنا و ئەسکەندریەشدا وەستان. ئەنجام بە ساغی و سەلامەتی گەیینە یافا. هەموو حاجیەکان لەوێ دابەزین. هێشتا پتر لە شەست کیلومەتر ڕێگای وشکانی مابوو کە بگەنە ئورشەلیم. لە کاتی دابەزینیشدا هەموو ترسان، کەشتییەکە زۆر بەرز بوو، ڕێبوارەکانیان بۆ ناو بەلەمانێک شۆڕ دەکردەوە کە بە سەر شەپۆلانەوە، سەمایان دەکرد، بۆیە هیچ دوور نەبوو بکەونە ئاوەکەوە. دوو ڕێبوار کەوتنە ئاوەکەوەو تەڕبوون، بەڵام ئەنجام هەر هەموویان بە سەلامەتی گەیینە سەر ئەرزەکە.

پاشان بە پێیان کەوتنەڕێ. ڕۆژی سێیەم گەیینە ئورشەلیم. لە دەرێی شار، لە ئوتێلێکی ڕووسی لایاندا تا پاسپۆرتەکانیان مۆر بکەن. دوای نیوەڕۆژە، ئیفیم لەگەڵ ئەو حاجیەدا کە بووبوو بە هاوسەفەری چوو بۆ زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان. هێشتا کاتی زیارەتی ئەو گۆڕە پیرۆزە نەبوو کە مەسیح، بە زیندوویەتی تیایا هەستا بووبووەوە. بەڵام چوونە سەردانی قەشە باشییەک. هەموو زیارەتکارەکان لەوێ خڕ بووبوونەوە. لەوێندەر ژنان لە پیاوان جیاکرانەوە، داوا لە پیاوەکان کرا، بە سەری کوت و بە پێی ڕووت، بە شێوەی بازنەیی دانیشتن. پاشان ڕەبەنێک خاولی بەدەست بە تەشتێکەوە هات، پێی هەموویانی شۆردو وشکی کردنەوەو ماچی کردن. هەر دوو پێی " ئیفیم " یشی شۆرد وماچی کردن. ئەوجا ئیفیم لە نوێژی شێوان و بەیانیا بەشداری کرد، لە بەردەم هەر مەزارگەیەکدا مۆمێکی داگیرساند. ناوی داک وبابی خۆی لە دەفتەرێکی تایبەتیدا نووسین، تا لە کاتی نوێژ ونزاکانی کڵێسادا ناویان ببرێت. لە پەتریارکیەکەدا نان وخوراک وشەرابیان دانێ. بەیانی چوون بۆ زیارەتی دێری مەریەمی میسری، ئەو دێرەی کە مەریەمی میسری تیایدا جێگیر بووبوو، تۆبەی کردبوو وخۆی بۆ نوێژو نزایان تەرخان کردبوو. لەوێش مۆم وشەمالکیان داگیرساندبوو. لەوێندەرەوە چوون بۆ دێری برایم خەلیل، وئەو شوێنانەیان بینی کە برایم لە زگ بوو لەوێ کوڕەکەی لە پێناوی خودادا وبۆ خوا بکات بە قوربانی. ئەوسا زیارەرتی ئەو شوێنەیان کرد، کە مەسیح خۆی پیشانی مەریەمی مەجدەلیە دابوو وسەری کڵێسای

یاقووبی برای خوایان دابوو. هاوسەفەرەکەی ئیفیم، هەموو ئەم شوێنانەی بە ئیفیم نیشاندەداو پێی دەگوت کە چەند پارە بدات.

نیوەڕۆ بۆ نشینگەکەی خۆیان گەڕانەوە، نانیان خوارد، لە کاتی خەوتندا، هاوسەفەرەکەی ئیفیم هاواری لێ هەستا کە پارەکەیان دزیوە. دەیگوت: " کیسەکەمیان، کە بیست وهەندێک ڕۆبڵی تیا بوو، دوو ئەسکەناسی دە ڕۆبڵی و باقیەکەی خوردە بوو، دزیوە! "

پەک وپۆیەکی زۆری کرد، بەڵام فایدەی نەبوو. ئیدی ڕاکشان تا بخەون.

( ٩ )

ئیفیم بە دەم ڕاکشانەوە کەوتە واسواسە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " هیچ کەسێک پارەی لەم حاجیە نەدزیوە. باوەڕناکەم پارەی هەر پێ بوو بێ. لە هیچ شوێنێکدا تاقە پولێکی بە کەس نەدا، لە هەموو شوێنەکان بە منی دەگوت پارە بدەم. تەنانەت ڕۆبڵێکیشی لە من قەرزکرد."

هێشتا لەم خەیاڵانەدا بوو کە کەوتە سەرزەنشتی خۆی وبە خۆی گوت: "هەقی ئەوەم نییە ئەم جۆرە دادوەرییە سەبارەت بە هیچکەسێک بکەم. ئەوە گوناحە، ئیدی بیر لە شتی وا ناکەمەوە! " بەڵام هەر کە حەواسی پەرت دەبوو، دووبارە بیر وهۆشی دەهاتەوە لای کابرای حاجی: "چەند کابرایەکی پارە خۆشەویست بوو، ئەگەری دزینی کیسەی پارەکەی زۆر دوور بوو! "

لە فکران ڕاچوو: " ئەسڵەن پارەی هەر پێ نەبوو. ئەمە درۆیەکی ڕووتە!"

دەمەو ئێوارە لە خەو ڕابوون، چوون بۆ نوێژی نیوەشەو لە کڵێسا گەورەکەی پەسڵان، کە مەزارگەی عێسای لێیە. حاجی لە ئیفیم دوور نەدەکەوتەوە، بەوەوە نووسابوو. گەیینە کڵێساکە. کڵێساکە لە حاجیانا جمەی دەهات. هەندێکاین ڕووس بوون و ئەوانی دی لە نەژاد ومیللەتانی جیاواز بوون: یۆنانی، ئەرمەنی، تورک و سوریایی.

ئیفیم لە گەڵ ئاپۆڕاکەدا، لە دەروازەی پیرۆز ڕەت بوو. ئەوسا ڕەبەنێک بە بەردەم قەرەوڵانی تورکا بردنی بۆ ئەو شوێنەی کە عیسایان لە خاجەکە

هێنابووە خوارێ و بە زەیت چەوریان کردبوو تا بینێژن. لە قەرەوڵە تورکەکە ڕەت بوون، گەیینە ئەو شوێنەی کە لە نۆ شەمەدانی گەورەدا نۆ شەمالک (مۆم) دەسووتان. ڕەبەنەکە لە هەموو شتێکدا ڕێنوێنی دەکرد.

ئیفیم، لەوێ مۆمێکی داگیرساند. ئەوسا حاجیەکەی کە لە گەڵیا بوو بە دەستە ڕاستا بردی ، بە پلیکانەکانی لای کەللە سەرەکەدا بۆ ئەو شوێنەی سەرخست کە خاچەکەی مەسیحی لێ چەقێنرابوو. ئیفیم لەوێ نوێژ ونزای کرد. ئەوسا ئەو خەرەندەیان نیشان دا کە تا قووڵایی زەوی دەمی کردبووەوە. ئەوسا ئەو شوێنەی بینی کە هەر دوو دەست ولاقی مەسیحیان بە بزمار لە داری خاچەکە داکوتابوو. پاشان قەبرەکەی ئادەم، کە دەگوترا خوێنی عیسا بە سەر ئێسقانەکانی حەزرەتی ئادەما ڕژابوو. پاشان ئەو بەردەیان نیشان دا کە عیسا لەو کاتەدا تاجە دڕکینەیان لە سەر دەنا، لە سەری دانیشتبوو. ئەوسا ئەو ئەستوونەی کە مەسیحیان پێوە بەستبوو، تا بەر شەلاقی بدەن. پاشان ئەو بەردەی بینی کە مەسیح پێی نابووە سەری و جێگای هەر دوو پێی کون بووبوو. خەریک بوو جێگای دیکەشیان نیشاندەدا، کە ئاپۆڕای خەڵکەکە بە جارێ بەرەوکڵێسای قەبرە بەتاڵەکە جما، نوێژ بە زمانی لاتینی تەواو بووبوو. نوێژ و نزا بە زمانی ڕووسی تازە دەستی پێکردبوو. ئیفیم بە دەم پاڵە پەستۆی ئاپۆڕاکەوەڕۆیی و ئەو گۆڕە بەتاڵەی بینی کە لە تاوێر هەڵکەندرابوو.

ئیفیم، هەوڵیدا، خۆی لە شەڕی ئەو حاجیە ڕزگار بکات کە وەکو قیری کەوای سپی پێوەی نووسابوو. بەڵام حاجی بە ئامان و زامان لێی نەدەبووەوە. بەڵکو بردی بۆ ئەو نوێژەی کە لای قەبرە بەتاڵەکەدابەسترابوو. ویستیان زیاتر بچنە پێشەوەو خۆیان بگەیەننە ڕیزی پێشەوە، بەڵام فریا نەکەوتن. قەرەباڵغییەکی وەها بوو، نە دەکرا بچیە پێشەوەو نە دەکرا بگەڕێیە دواوەوە. ئیفیم هەر لەوێندەر نوێژی دابەستا ، بە دەم دوعا و نزاوە ڕێک دەیڕانیە پێشەوە. لە هەمان کاتدا ئاگای لە کیسەی پارەکانیشی بوو. هەندێجار وای گومان دەکرد کە زیارەتکارەکەی هاوڕێی فریوی دەدات. جاری واش هەبوو وای تەسەور دەکرد کە ڕاستدەکات وبەڕاستی کیسەی پارەکەیان لێی دزیوە، دوور نەبوو هەمان بەڵا بەسەر ئەویش بێت.

ئیفیم، لەوێ ڕاوەستا، دەیڕوانییە ئەو میحرابەی کە مەزارگە پیرۆزەکەی لە ژێردا بوو. سی و شەش مۆمی هەڵکراوی بە سەرەوە بوو. لە کاتێکا بە دەم وەستانەوە، لە سەر سەری جەماوەرەکەوە دەیڕوانی لە ناکاوا دیمەنێکی سەیری بینی: دروست لە ژێر ئەو چرایانەوە کە ئاگری پیرۆزیان تیا کرابووەوە، ئیفیم، لە ڕیزی پێشەوە، پیرەمێردێکی پاڵتۆ لەبەری بینی کە سەری وەکو سەرە ڕووتاوەکەی ئیلیشا بودروف دەبریقایەوە.

ئیفیم لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " لە ئیلیشا دەچێ، بەڵام مەحاڵە ئەو بێ. ماقوول نییە پێش من کەوتبێ. کەشتییەکەی پێش ئێمە، هەفتەیەک لەوەی ئێمە زووتر کەوتبووە ڕێ. هەرگیز فریای ئەو کەشتییە نەکەوتووە. لە کەشتییەکەی ئێمەشدا نەبوو، چونکە بەچاوی خۆم هەموو نەفەرەکانم بینی."

ئیفیم، هێشتا لەو بیر وخەیاڵانە نەبووبووەوە کە پیرەمێرە کورتە باڵاکە کەوتە نوێژ کردن. سێ کەڕەتکڕنۆشی برد، جارێک بۆ پێشەوە و ڕوو لە خوا، دووجاریش بەملاو بەولادا ڕوو لە برا حاجییەکانی. کە سەری بەلای ڕاستا وەرگێڕا، ئیفیم ناسییەوە، خودی ئیلیشا بودروف بوو، بە ڕدێنە ڕەشە لوولەکەیەوە کە داوێن سپی کەوتبوونە لاجانگەکانی. چاو وبرۆکانی، چاوەکانی، کەپووی و سیما وڕوخساری. بەڵێ دەقاودەق خۆی بوو.

ئیفیم، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە دووبارە دۆستەکەی دۆزی بووەوە. بەڵام سەری لەوە سوور مابوو چۆن توانیبووی لە پێش ئەوا بگاتە ئورشەلیم (قودس) .

لە فکران ڕاچوو: " باریکەڵڵا ئیلیشا! ئافەرین بۆ خۆت! بزانە چۆن پێش کەوت. دیارە تووشی یەکێک بووە ڕێنوێنی کردووە. کە لێرە چووینە دەرەوە دەیدۆزمەوە. لەم کابرا کڵاو قووچە ڕزگار دەبم. بەگەڵ ئیلیشا دەکەومەوە. بێگومان فێرم دەکات چۆن خۆم بگەیەنمە ڕیزی پێشەوە."

ئیفیم، چاوی نەدەگواستەوە تا ئیلیشای لە چاو ون نەبێت. بەڵام هەرکە نوێژ تەواو بوو، ئاپۆڕای خەڵکەکە هوڕوژمیان هێنا تا بگەنە مەزارگە پیرۆزەکە وماچی بکەن. ئیفیم لە ژێر پاڵەپەستۆی ئاپۆڕاکەدا کەوتە لاوە. دیسان

ترسی لێنیشت کە نەبا کیسەی پارەکەی لێبدزن. دەستی توووند خستەسەر کیسەکەی. بەهەر دوو ئانیشکی دڕی بە ئاپۆڕاکە دەدا وهەوڵیدەدا، هەرچی زووتره لە کڵێساکە و لە قەرەباڵغییەکە دەربچێ. کە لە قەرەباڵغییەکە وەدەرکەوت، ماوەیەکی زۆر چ لە ناو کڵێساکە وچ لە دەرێی کڵێساکە لە ئیلیشا گەڕا. خەوگاکانی کڵێساکە زۆر قەرەباڵغ بوون. خەڵکی لەوێ دەیانخوارد و دەیانخواردەوەو یان نوێژ ونزایان دەکرد یان دەخەوتن. بەڵام ئیلیشا لە هیچ شوێنێکەوە سەر وسۆراخی نەبوو. ئیدی ئیفیم بە بێئەوەی هاورێکەی بدۆزێتەوە بۆ نشینگەکەی گەڕایەوە. ئەو شەوە کابرای کڵاو قووچی ڕۆحانی ئاسا دیار نەبوو. ڕۆیی بوو، ئەو ڕۆبڵەشی نەدابووەوە کەلە ئیفیمی قەرزکردبوو. بەوجۆرە ئیفیم بەتەنیا مایەوە.

ئیفیم، سبەی بەیانی دیسانەوە بە هاوڕێیەتی ئەو پیرەمێرە تامبوفیەی لە سەر کەشتیەکەی ناسی بوو، چوو بۆ زیارەتی مەزارگەی پیرۆز. هەوڵیدا خۆی بگەیەنێتە ڕیزی پێشەوە. بەڵام لە بەر گوشاروپاڵە پەستۆی خەڵکەکە نەیتوانی. لە لای ستوونێکەوە وەستا ودەستی بە نوێژکردن کرد. بە دەم نوێژکردنەوە دەیڕوانیە پێشەوە. سەیری کرد لە پێشی پێشەوە، لە ژێر چراکانا ولە نزیکی مەزارگە بەتاڵەکەوە ئیلیشا وەستابوو، بازووەکانی وەکو کەشیشی میحراب بڵاوکردبوونەوە وسەرە ڕووتاوەکەشی لە دوورەوە دەبریقایەوە! ئیفیم لە دڵی خۆیدا گوتی: " زۆر چاکە! ئەمجارە نایەڵم لێم ون بێ."

بە هەشتاو دڕی بە ئاپۆڕاکە دا، گەییە پێشەوە، بەڵام کە گەییە ئەوێندەر، ئیلیشای نەبینی. دیار بوو لەوێ ڕۆیی بوو.

ئیفیم، ڕۆژی سێیەمیش، هەڵیڕاونی بینی ئیلیشا لە نزیکی مەزارگەکە، لە پیرۆزترین شوێنا، لە پێشی ئاپۆڕاکەوە وەستاوەو بازووەکانی بڵاوکردوونەتەوەو چاوانی بڕیونەتە ئاسمان وەکو ئەوەی یەکێک لە سەرەوە بدینێ، سەرە سافەکەشی یەکپارچە دەبریقایەوەو پرشنگی دەدا.

ئیفیم، لە دڵی خۆیدا گوتی: " زۆر چاکە، ئەمجارەیان لە دەستم دەرناچێت! دەڕۆم لە بەر دەرگاکە دەوەستم. بێگومان یەکدی دەبینین."

ئیفیم وەدەرکەوت، چوو لە بەر دەرگاکە وەستا. تا دوای نیوەڕۆ لەوێ مایەوە. هەمووان ڕۆیشتن، بەڵام ئیلیشا هیچ سەر وسەدایەکی نەبوو.

ئیفیم، شەش هەفتە لە ئورشەلیم مایەوە، زیارەتی هەموو شوێنە پیرۆزەکانی کرد، لە بەیت لەحمەوە تا بەیت عنیا و ڕوباری ئەردەن. کفنێکی بۆ خۆی کڕی ومۆری گۆڕی پیرۆزی لێدا تا کەی مرد بەو کفنە، کفنی بکەن. شووشەیەکی لە ئاوی ڕوباری ئەردەن پڕکرد. مستێ گڵی پیرۆزی هەڵگرت، مۆمێکی کڕی وبە ئاگری پیرۆز دایگیرساند. لە هەشت شوێنان ناوی خەڵکانێکی نووسی کە حەزیدەکرد لە کاتی نوێژدا دوعایان بۆ بکرێت. هەموو پارەکەی خەرج کرد، تەنیا بایی پێویستی ڕێگای گەڕانەوەی هەڵگرت. پاشان بەرەو زاگە وزێدی خۆی کەوتەڕێ. تا یافا بە پێیان ڕۆیی. لەوێوە بە کەشتی بۆ ئودیسا ڕۆیی، لەوێشەوە بە پێ بەرەو گوندەکەی خۆیان کەوتەڕێ.

( ١١ )

ئیفیم بە هەمان ڕێگادا کە لێوەی هاتبوو، گەڕایەوە. تا زیاتر لە دیار ودەڤەرەکەی خۆیان نزیکتر دەبووەوە، پتر نیگەران دەبوو. نەیدەزانی لە غیابی ئەودا چی بەسەر کار وبارەکانی هاتووە وەکو دەڵێن هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێ؟

لە فکران ڕاچوو: " بینا کردنی خانوویەک عومرێکی دەوێ، بەڵام وێران کردنی ئاسانە، وەختێکی کەمی دەوێ." لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " ئاخۆ کوڕەکەی لە نەبوونی ئەودا چی کردووە، چۆن کاروباری ماڵەکەی بەڕێوە بردووە؟ ماڵ ومنداڵەکەی چ بەهارێکیان بەڕێ کردووە. زستان چی بە سەر پەز ومالاتەکەی هێناوە، ئەدی خانووە تازەکە چی بەسەر هاتووە، تەواو بووە؟ بە جوانی تەواو کراوە؟

کاتێ ئیفیم گەییە ئەو دەڤەرە کە پار هاوین، لەوێ لە گەڵ ئیلیشادا لێکدی دابڕان باوەڕی نەدەکرد ئەو خەڵکە هەمان خەڵکەکەی پار بن. پار گرانی و وشکە ساڵیان بوو خەیک بوو لە برسا دەمردن. بەڵام ئێستا حاڵیان زۆر باش بوو. بەر وبومی باشیان هەبوو، خەڵکەکە ڕەنگ وڕوویان هەڵێنابووەوەو بوژابوونەوە. بەدبەختی وکوێرەوەری پاریان لە بیر چووبووەوە.

ئیفیم، دەمەو ئێوارەیەک گەییە ئەو شوێنەی کە ئیلیشا لەو دواکەوتبوو. خۆی بە گوندەکەدا کرد. کچۆڵەیەک کە کراسێکی سپی دەڵبی لەبەربوو بە غاردان لە کوختەیەکەوە دەرچوو و گوتی: - باپیرە، باپیرە، وەرە بۆ ماڵی ئێمە!

ئیفیم، دەیویست لە کچۆڵەکە ڕەت بێ، بەڵام کچەی تاین چمکی پاڵتۆکەی گرت و بە پێکەنینەوە بۆ ناو کوختەکەی ڕاکێشا. ژنێک بە کوڕێکی بچووکەوە لە بەر هەیوانەکەدا وەستابوو، بە دەست ئاماژەی بۆ ئیفیم کرد وگوتی: " باپیرە فەرموو ژووریٚ شێو ئامادەیە، نان بخۆ و شەویٚ میوانی ئێمە بە."

ئیفیم، بە ناچاری وەژوور کەوت، لە دڵی خۆیدا گوتی: " با بچم چ زەرەرێک دەکەم، هەوڵێکی ئیلیشاش دەپرسم؟ ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، ئەمە هەمان ماڵە کە ئیلیشا بۆ ئاو خواردنەوە ڕووی تێکرد!."

ژنەکە یارمەتی دا، کیسەکەی لە کۆڵی داگرت و لە ئەرزی دانا. تەشت و ئاوی هێنا تا دەست وچاوی بشوات. لە سەر مێزەکە داینیشاند. شیر، کێک وشێوی بۆ دانا. ئیفیم سوپاسی ژنەی کرد کە ئەو هەموو ڕێز وحورمەتە لە حاجیەکی ماڵی خوای وەکو ئەو دەگرێت. ژنە سەرێکی لەقاند و گوتی:

- ئێمە لە خۆڕایی ڕێزی زیارەتکارانی ماڵی خوا ناگرین. یەکێک لەو حاجیانە، مانای ژیانی فێرکردین. ئێمە خوامان فەرامۆش کردبوو، خواش سزای داین وگەییینە حاڵی مردن. هاوینی ڕابردوو گەیینە حاڵێک خەریک بوو لە برسا دەمردین. هەر هەموومان نەخۆش کەوتین، لە جێگادا کەوتین، زەواد لە ماڵمانا نەبوو بیخۆین، لە حاڵی مردنا بووین کە خوا پیرەمێردێکی بەخشندەی وەکو تۆی بۆ ناردین. ڕۆژێک خۆی بە ماڵەکەماندا کرد وداوای ئاوی خواردنەوەی کرد. ئیدی حاڵەکەی بینین، بەزەیی پێمانا هاتەوە ولە لامان مایەوە. نان و ئاوی داینیٚ، کۆمەک و پەرستاری کردین تا دووبارە بکەوینەوە سەر پێی خۆمان. مەزراو کێڵگەکەمانی لە ڕەهن دەرهێنایەوە. ئەسپ و عەرەبانەیەکی بۆ کڕین."

ئەوسا پیرەژنەکە وەژوورکەوت، قسەی ژنە گەنجەکەی بڕی وگوتی: " نازانم ئەو پیاوە ئینسان بوو، یان یەکێک بوو لە فریشتەکانی خوا. بەزەیی بە

هەمووماندا دەهاتەوە. مداراو پەرستاری هەر هەمووومانی کرد، وەختێک ڕۆیی، تەنانەت ناوی خۆیشی پێنەگوتین تا دوعای خێری بۆ بکەین. ئێستاش هەموو شتێکم لە بەر چاوە! من ئا لەوێدا کەوتبووم چاوەڕوانی مەرگم دەکرد. لە ناکاوا پیاوێکی سەرساف خۆی بە ژووردا کرد. شکڵ و شێوەیەکی سەیری هەبوو، نموودی ئەوەی نەبوو تەمەشاشی بکەی. داوای ئاوی خواردنەوەی کرد. منی گوناحکار لە دڵی خۆدا گومانی ئەوەم کرد: " ئەم کابرا بەرەڵڵایە لە چ دەگەڕێ، چی لە ئێمە دەوێ؟ " بڵێ چی کردبێ باشە! کە ئێمەی بەو داماوییە بینی، کیسەکەی لە کۆڵی داگرت وئالێرەی دانا، سەری کیسەکەی کردەوە.."

لێرەدا کیژە بچووکەکە هەڵیدایە وگوتی:

- نا، داپیرە، هەوەڵجار کیسەکەی لێرە، لە ناوەندی ژوورەکە دانا، پاشان هەڵیگرت ولە سەر تەختەکەی دانا.

ئیدی بە دەم گفتوگۆوە هەرچییەکی گوتبوو و کردبوو، لە کوێ دانیشتبوو و لە کوێ خەوتبوو، چی بە هەر یەکێکیان گوتبوو، هەر هەموویان گێڕایەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ، یارۆی جووتیار، خاوەن ماڵ، بە سواری ئەسپ هاتەوە . ئەویش کەوتە باس و تاریفی ئیلیشا کە چۆن چەند ڕۆژێک لە گەڵ ئەماندا ژیابوو، وگوتی:

" ئەگەر ئەو فریامان نەکەوتبا، بە بێ دین و ئیمان لەم دنیا دەر دەچووین. خەریک بوو لە نائومێدیدا دەمردین، لە خەڵک وخوا بە گلەیی بووین. بەڵام ئەو دووبارە خستینیەوە سەرپێ. کارێکی وایکرد چۆن خوا بناسین، باوەڕ بەوە بکەین کە چاکە ومیهرەبانی لە سروشت وجەوهەری بەشەردایە. خوا چاکی بۆ بکات، پێشتر وەکو ئاژەڵ دەژیاین، بەڵام ئەو کردینی بە بەشەر!"

ئیفیم، پاش ئەوەی کە نانی خوارد، شوێنی خەویان پێ نیشاندا، ئەوانیش ڕاکشان تا بخەون. ئیفیم هەرچەندە ڕاکشابوو، بەڵام خەوی لێنەدەکەوت. هەرچی دەکرد نەیدەتوانی ئیلیشا لە بیری خۆی بەرێتەوە. ئەوەی بیرکەوتەوە کە چۆنسێ چەلان (کەڕەت، جار) ئیلیشای لە ئورشەلیم بینی بوو کەلە ڕیزی پێشی پێشەوەی ئاپۆڕاکەدا وەستا بوو. لە فکران ڕاچوو "

کەواتە ئاوها! بەم شێوەیە پێش من کەوتووە؟! لەوەیە خوا زیارەتەکەی من قەبووڵ بکات یان نەیکات، بەڵام دڵنیام حەجەکەی ئەوی قەبووڵ کردووە!"

ئیفیم، سبەی بەیانی خواحافیزی لە ماڵەکە کرد. بەر لەوەی بەڕێ بکەوێ توێشە بەرەیەکی پڕ لە نان وگۆشت وجۆرەها خوادنیان بۆ پێچایەوەو بە ڕێیان کرد، ئەمان چوون بە لای ئیش و کاری خۆیانەوەو ئەویش ڕێگای ماڵی خۆی گرتە بەر.

( ١٢ )

سەفەرەکەی ئیفیم یەک ساڵی تەواوی خایاند. ئەو شەوەی لە حەج گەڕایەوە وگەییە ماڵەوە، بەهار دەستی پێکردبوو. کوڕەکەی لە ماڵەوە نەبوو. چووبوو بۆ یانە، کە بۆ ماڵ گەڕایەوە مەست بوو. ئیفیم ئەحواڵی کاروبارەکانی لێ پرسی. دیار بوو ئەو گەنجە لە نەبوونی بابیا هەموو کار وبارەکانی پشت گوێ خستبوو. پارەکانی بە فیڕۆ دابوو، کارەکانی فەرامۆش کردبوو. خانووە تازەکە هەر بەو دەقەوە مابووەوەو تەواوی نەکردبوو. بابی گلەیی لێکرد، بەڵام کوڕەی تاین بە توندی بەرسڤی دایەوە:

" بۆچی نەمایتەوە کە بە کار و بارەکانی خۆت ڕابگەی؟ کە ڕۆیشتی هەرچی پارەت هەبوو لە گەڵ خۆتا بردت و ئێستا داوای پارە لە من دەکەی؟"

ئیفیم، توورە بوو، کەوتە لێدانی کوڕەکەی.

ئیفیم، سبەی بەیانی چوو بۆ لای ڕدێن سپی گوند تا سکاڵا لە ڕەفتاری کوڕەکەی بکات.. کە بە بەر ماڵی ئیلیشادا دەڕۆیی، ژنەکەی ئیلیشا لە بەر هەیوانەکەوە سڵاوی لێکرد و ئەحواڵپرسی لە گەڵدا کرد وگوتی:

- هاوسێ چۆنی؟ دۆستی ئازیز ئەحواڵت چۆنە؟ بە سەلامەتی گەیشتیە ئۆرشەلیم؟

ئیفیم وەستا و گوتی:

- لە خوا بەزیاد بێ بە سەلامەتی گەیشتم و هاتمەوە. بەڵام لە ڕێگا مێردەکەتم ون کرد، بیستم بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە.

پیرەژن، حەزی لە قسان بوو، گوتی:

- بەڵێ هاوسێ گەڕاوەتەوە. لە مێژە گەڕاوەتەوە، بە ماوەیەکی کەم دوای جەژنی میعراجی مەریەم گەڕایەوە. بە گەڕانەوەی مەمنوون و خۆشحاڵین، کە ئەو لێرە نەبوو حاڵمان خراپ بوو. هەرچەندە ئێمە چاومان لە کاری ئەو نییە وتەمەنی کارکردنی بە سەر چووە، وبەشی خۆی کاری کردووە، بەڵام هەر چییەک بێ گەورە و سەرگەڤاری ماڵەکەمانە. خۆشی وشادی ماڵەکەمان بەوەوە بەندە. مەگەر خوا بزانێ کوڕەکەمان چەند بە گەڕانەوەی ئەو خۆشحاڵ بوو. دەیگوت: " کە باوکمان لە ماڵ نەبێ، وەکو ئەوەیە هەتاو بە دەرەوە نەبێ! " بەڵێ بێ ئەویمان پێوە دیاربوو دۆستی ئازیز. چیبکەین خۆشمان دەوێ، مدارای دەکەین، پێی ڕادەگەین. "

- " ئێستا لە ماڵەوەیە؟ "

- " بەڵێ، دۆستی ئازیز. خەریکی هەنگەکانیەتی، جێگە بۆ بێچوەکان دەکاتەوە ، دەڵێ هەنگەکان ئەمساڵ، بێچووی باشیان هەڵێناوە. خوا بەرەکەتی زۆری خستووەتە هەنگەکانمان. تەنانەت مێردەکەم بیری نایەت کە پێشتر ئەم هەموو بێچوە هەنگەی بینی بێ. دەڵێت: "خوا بە گوناحی خۆمانی لەگەڵ نەکردووین." فەرموو دراوسێی ئازیز! بە دیتنت خۆشحاڵ دەبێت.

ئیفیم، بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕی، خۆی بە حەوشەدا کرد وبەرەو هەنگەماڵەکان ڕۆیی تا ئیلیشا بدینێ. ئیلیشا بە خۆی وپاڵتۆ خاکییەکەیەوە لەوێندەر بوو، نە دەستکێشی لە دەست بوو و نە تۆڕێکی بە سەروچاویا دابوو. لە ژێر سپیدارێکا ڕاوەستابوو و ڕووی کردبووە ئاسمان و هەر دوو دەستی بەرز کردبوونەوە. سەرە سافەکەی دەدرەوشایەوە، ڕێک وەکو ئەو کاتەی کە ئیفیم، ئەوی بە دیار مەزارگە پیرۆزەکەی ئورشەلیمەوە بینی بوو. ڕێک وەکو تیشکی ئاگرە پیرۆزەکەی ئورشەلیم، هەتاو لە بەینی لق و پۆپی سپیدارەکەوە، بە سەر سەری ئیلیشاوە دەدرەوشایەوەو مێشی زێڕین وەکو خەرمانە بە دەوری سەریا دەسووڕانەوەو پێوەیان نەدەدا.

ئیفیم وەستا. پیرەژن گازی مێردەکەی کرد وگوتی: " ئیفیمی برادەرت هاتووە!"

ئیلیشا ئاوڕی دایەوە، ڕوی گەشایەوە. بەرەو پیری ئیفیم هات . بە ئارامی هەنگەکانی لە نێو ڕیشیا دەردێنا.

- ڕۆژ باش هاوسێ، بە خێریێی دۆستی ئازیز. سەفەر سەلامەت، بە سەلامەتی گەیشتی؟

- بەڵێ، بەم پێیانەی خۆم شوێنە پیرۆزەکانم تەی کرد. هەندێ ئاوی ڕووباری ئەردەنم بۆ هێناوی. وەرە بۆماڵەوە بیبە. بەڵام ئاخۆ پەروەردگار حەجەکەی لێ قەبووڵ کردووم...

ئیلیشا گوتی: " سوپاس بۆ خوا، عیسا ڕاوەستاوت بکات."

ئیفیم، کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوسا گوتی:

- لاقم گەیینە ئورشەلیم، بە جەستە گەییمە ئەوێ، بەڵام ڕۆحی من یا ڕۆحی کەسانی دی لەوێ بوون یان نا ...

ئیلیشا قسەکەی پێ بڕی: " ئەوە ئیدی کاری خوایە دراوسێ، کاری خوایە!"

ئیفیم گوتی: " دەزانی لە گەڕانەوەدا لامدایە ئەو ماڵەی کە تۆ لێی مایتەوە... "

ئیلیشا ترسا و بلەز بابەتەکەی گۆڕی وگوتی:

"ئەوە کاری خوایە، دراوسێ، کاری خوا، کوا وەرە ژووری! با تۆزێ هەنگوینت بدەمێ!" ئیلیشا بابەتەکەی گۆڕی و کەوتە باسی کار وباری ماڵ.

ئیفیم ئاهێکی هەڵکێشا، نە باسی ماڵەکەی سەر ریگای هاتنەوەی خۆی گێڕایەوەو نە باسی ئەوەی کرد کە چۆن ئیلیشای لە ئورشەلیم بینی بوو. بەڵام هەنگێ بۆی دەرکەوت کە باشترین ڕێگا بۆ خوا پەرستی، بۆ جێبەجێ کردنی مەشیەت وئیرادەی ئەو، ئەوەیە ئینسان تا لە ژیاندایە چاکە ومەحەبەت لەگەڵ خەڵکیدا بکات.

سالّی ١٨٨٥

## ٧– لە هەر شوێنێ خۆشەویستی هەبێ، خواش هەیە

قۆندەرە درووبەک بە نێوی مارتین ئەڤدیچ لە شارێکدا دەژیا. لە ژێر زەمینێکا ژوورێکی بچووکی هەبوو. تاقە پەنجەرەی ژوورەکە بە سەر جادەکەدا دەکرایەوە. لەو پەنجەرەیەوە تەنیا پای ڕێبواران دەبینرا، مارتین خەڵکی بە پێڵاوەکانیاندا دەناسییەوە. لە مێژ بوو لەو شوێنەدا دەژیا و دۆست و بنازۆیەکی زۆری هەبوون. هیچ پێڵاوێک لەو دەوروبەرەدا نەبوو کە یەک دووجار نەهاتبێتە بەردەستی ئەو ودەستی ئەوی پێ نەگەیی بووبێ. بەوجۆرە زۆرجار لە پەنجەرەکەوە هاتوچۆی پێڵاوە دەسکارو دەستدرووەکانی خۆی دەبینی. ئیدی بنی لە هەندێک لەو پێڵاوانە نابوو، هەندێکیانی پینە کردبوو، بڕێکی تریانی دووروو بووەوە. تەنانەت هەندێکیانی بە ڕووکەشی تازە نفت و نوێ کردبووەوە. کاری یەجگار زۆر بوو، چونکە لە کاری خۆیا وەستایەکی کارامە بوو. کەرەستەی چاک وئەسڵی بە کار دەبرد. هەرزان جان و بە وەعد بوو. ئەگەر بیتوانییا کارێک لە کاتی داوا کراوا تەواو بکات،

کارەکەی وەر دەگرت، ئەگەر فریا نەکەوتبا ڕاستەوڕاست پێتی دەگوت وچاو وڕاوی لەگەڵ نەدەکردیت. وەعد وبەڵێنی درۆی نەدەدا. ئیدی ناوبانگی دەرکردبوو و هیچ کاتێک بێکار نەبوو.

مارتین، بە درێژایی تەمەنی پیاوێکی چاک و سەرڕاست بوو. بەڵام ئێستا کە تەمەنێکی بەسەر بردبوو وپێی نابووە ناو ساڵەوە، زیاتر بیری لە باری ڕۆحی خۆی ونزیک بوونەوە لە خوا دەکردەوە.

ئەو ڕۆژگارانەی کە هێشتا شاگردی دەکرد وهێشتا کارگەیەکی تایبەت بە خۆی دانەنابوو، ژنەکەی مردبوو ومنداڵێکی سێ ساڵانی لە پاس بەجێ مابوو. بەڵام منداڵەکانی پێشووتری هەر هەموویان بە بچووکی مردبوون. مارتین لە هەوەڵەوە بە تەما بوو، کوڕەکەی بۆ گوندی، بۆ لای خوشکەکەی بنێرێ بەڵام دوایی دڵی نەهات لە منداڵەکەی جیا ببێتەوە. بیری کردەوە: " گەورە بوونی کاپیتونی بچکۆلەی من لە نێو خانەوادەیەکی نەناسا زۆر زەحمەتە، نەخێر باشتر وایە لێرە، لەلای خۆم بیهێڵمەوە." وەختێ کورە گەییە تەمەنێک کە بتوانێ وردەوردە بەردەستی بابی بکات ویارمەتی بدات وببێتە مایەی دڵخۆشی بابی، نەخۆش کەوت. یەک هەفتە بە دەم تاوە لە جێدا کەوت و مرد. مارتین دوای ئەوەی کوڕەکەی بە خاک سپارد، بە ڕادەیەک خەمبارو نائومێد بوو کە کەوتە جنێودان بە خوا. لە هەڕەتی خەمباری و نیگەرانیدا، زۆرجار دوعای دەکرد و دەپاڕایەوە کە خۆیشی بمرێت، گلەیی لە خوا دەکرد کە کوڕە تاقانەکەی ئەوی، کە زۆری خۆش دەویست بردووەتەوە بۆ خۆی، بەڵام ئەمی پیرەمێردی هێشتووەتەوە. مارتین لەوە بەدواوە هات وچۆی کڵێسای تەرک کرد.

ڕۆژێک پیرەمێردێکی خەڵکی گوندەکەی زاگەی مارتین، کە هەشت ساڵ بوو، کاری چوونە حەج وزیارەت بوو، لە ڕێگای گەڕانەوەوە لە دێر وکڵێسای تروتیسا، هاتە دیدەنی مارتین. مارتین گرێی دڵی بۆ کردەوەو لە خەم و پەژارە وڕۆژ ڕەشی خۆی ئاگاداری کردەوە. سەرەنجام گوتی:

"پیاوی خوا، لە ژیان بێزار بووم. تەنیا داوام لە خوا ئەمەیە کە هەرچی زووتر بمرم و ڕزگار بم. هیچ ئومێدێکم بەم دنیایە نییە ونەماوە."

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە:

- مارتین، هەقی ئەوەت نییە ئەم جۆرە قسانە بکەیت. ئێمە هەقی ئەوەمان نییە داوەری دەربارەی کارەکانی خوا بکەین. قەدەر وچارەنووس بە دەستی خوایە نەک بە دەستی من وتۆ. مادامێک ئیرادەو مەشیەتی خوا وا بووە کە کوڕەکەت بمرێ وتۆ بمێنی، دیارە حیکمەتێک لەوەدا هەبووەو هەیە. بەڵام نائومێدی تۆ وتێر بوونت لە ژیان، ئەنجامی نۆرماڵی ئەم حەقیقەتەیە کە تۆ تەنیا بۆ شادمانی و بەختەوەری خۆت دەژی.

مارتین لێی پرسی: - ئەدی ئینسان جگە لەوە دەبێ بۆ چیتر بژی؟

پیرەمێرەکە گوتی:

- بۆخوا مارتین گیان. خوا ژیانی بە تۆ بەخشیوەو دەبێ بۆ ئەو بژیت. هەرکاتێ فێری ئەوە بووی بۆ خوا بژیت، ئیدی خەم و پەژارەت نابێ و بارسووک و سەر سەلامەت دەژیت.

- مارتین، ساتێک بێدەنگ بوو. ئەوسا گوتی: " باشە، مرۆڤ ، دەبێ چۆن بۆ خوا بژی؟

پیرەمێردەکە بەرسڤی دایەوە : " عیسا، ڕێگای پێ نیشانداوین کە چۆن دەبێ بۆ خوا بژین. خوێنەواریت هەیە؟ کەواتە ئینجیلێکی پیرۆز بکڕەو بیخوێنەوە، هەنگێ تێدەگەی خوا دەیەوێچۆن بژیت. هەموو شتێک لەوێدا نووسراوەو ڕوونکراوەتەوە.

ئەو قسانە کاریان لە ناخی مارتین کرد وچوونە دڵییەوە. هەر ئەو ڕۆژە چوو ئینجیلێکی پیرۆزی خەت درشتی کڕی و دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

لە سەرەتاوە بە نیاز بوو تەنیا ڕۆژانی پشوو بیخوێنێتەوە، بەڵام هەرکە دەستی بە خوێندنەوە کرد، یەکسەر هەستی بە دڵرامیەکی گەورە کرد. ئیدی هەموو ڕۆژێ دەیخوێندەوە. هەندێجار بە ڕادەیەک لە خوێندنەوەدا نقووم دەبوو، نەوتی چراکەی تەواو دەبوو. ئەوجا کتێبەکەی دادەنا. بەوجۆرە هەموو شەوێ دەیخوێندەوە. تا زیاتر دەیخوێندەوە، زیاتر دەرکی بەوە دەکرد کە خوا چی لەو دەوێ و چۆن دەتوانێ بۆ خوا بژی. ڕۆژبەڕۆژ، باری دەروونی

سووک وسووکتر دەبوو. پێشتر، کە دەچووە جێگاوە تا بخەوێ، خەمی کوڕە مردووەکەی بەجۆرێ سەرو دڵی دەگرت، لە کانگای دڵەوە دەیناڵاند. کەچی ئێستا سەری زمانی و بنی زمانی بووبوو بەمە: " خودایا هەر خۆت بە شکۆی، شکۆ وستایش هەر بۆ تۆیە، خودایا ڕازیم بە ڕەزای تۆ."

لەو کاتە بە دواوە ئیدی ژیانی مارتین گۆڕا. پێشتر، ڕۆژانی پشوو دەچوو بۆ کافە، چایە- دووانی دەخواردەوە. خۆ ئەگەر بۆی بلوایە دەمێکی تەر دەکرد و یەک دوو پێک ڤۆدگاشی دەخواردەوە. هەندێجار، دوای ئەوەی یەک دوو پێکی دەگەڵ هاورێکانیا دەخواردەوە، مەست نا، بەڵکو کەمێک خەیاڵ دەبوو هەندێک قسەی سووکی دەکرد، وڕێنەی دەکرد، وهاواری بەسەر خەڵکیدا دەکرد وهەندێجار جنێویشی دەدا. بەڵام هەنووکە هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارانەی تەرک کردبوو، و ژیانی بە خۆشی و سەلامەتی بەسەر دەبرد: بەیانی دەچووە سەر کار و تا ئێوارێ کاری دەکرد. پاشان کە لە کار دەبووەوە، چراکەی لە قەد دیوارەکە دەکردەوەو لە سەر مێزەکەی دادەناو دایدەگیرساند. کتێبەکەی دێنا، دەیکردەوە، بە دیارییەوە دادەنیشت ودەستی بە خوێندنەوە دەکرد. هەرچی زیاتری دەخوێندەوە، باشتر حاڵی دەبوو وهزر وبیری ڕۆشنتر دەبووەوە.

مارتین، شەوێک بە ڕێکەوت تا درەنگانێک سەرگەرمی خوێندنەوە بوو. ئینجیلی لۆقای دەخوێندەوە، لە بابی شەشەما، ئەم، ئایەتانەی بەرچاو کەوت:

" هەر کەسێک لەم ڕوومەتەی دایت، ئەوی تری بۆ ڕابگرە. کەسێک کە چاکەتەکەی بردی پاڵتۆکەشتی بدەیە. هەرکەسێک داوای دەرۆزەی لێکردی بیدەیە، هەر کەسێک ماڵی بردیت داوای لێمەکەوە، وەکو چۆنتان دەوێ خەڵکی ڕەفتارتان لە گەڵ بکەن، ئێوەش بەو ئاوایە ڕەفتار وهەڵس و کەوتیان لەگەڵ بکەن."

پاشان ئەو ئایەتانەی خوێندەوە کە خوا تیاندا دەڵێت:

"بۆچی بانگم دەکەن خودایا، خودایا و بە قسەم ناکەن؟ هەر کەسێک پەنا بۆ من بێنێ و گوێم لێ بگرێ وبە قسەم بکات پێتانی نیشاندەدەم لە کێ دەچێ:

وەکو یەکێکە کە بناغەی خانوویەکی هەڵکەندبێ و بە بەرد و تاوێران پڕی کردبێتەوەو خانووەکەی لە سەر ڕۆنابێ. کە لافاو هەستا وخۆی بەو خانووەدا کێشا، ناتوانێ بیجوڵێنێ و ڕایماڵێت. چونکە لە سەر تاوێر ڕۆنراوە. بەڵام هەر کەسێک هەر گوێ بگرێ و کرداری نەبێ وەکو یەکێکە خانوویەکی بێ بناغە ڕۆبنێ و بە یەکەم لافاو بڕوخێت وخەسارەیەکی گەورەی لێبکەوێ."

مارتین، دوای خوێندنەوەی ئەو وشانە ڕۆحی هاتە جۆش ودڵی خۆش بوو. عەینەکەکەی داکەند ولە سەر مێزەکەی دانا . هەر دوو ئانیشکی دادانە سەر مێزەکە. کەوتە هزرین وڕامان لەوەی خوێندبوویەوە. ئەوسا ژیانی خۆی بە پێوەری ئەوەی خوێندبوویەوە، هەڵسەنگاند ولە خۆی پرسی:

" ئەدی من؟ خانووەکەم لە سەر بەرد ڕۆناوە یان لە سەر لم؟ ئەگەر لە سەر بەرد و تاوێر ڕۆنرابێ، زۆر چاکە. وادیارە مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کاتێ مرۆڤ بە تەنیا دادەنیشێت و بیر لە ڕێنمایی و فەرمانەکانی خوا دەکاتەوە، ئاسوودە بیرو سەر ڕەحەتە. بەڵام کە یەک سات لە خوا غافڵ دەبم، دەگەڕێمەوە سەر خەتاو گوناحان. بەڵام وێڕای ئەمەش کۆڵنادەم وهەر هەوڵی چاکە کردن دەدەم. دڵ وڕۆحمی پێ سووک دەبێ، پێی شاد دەبم، خودایا کۆمەکم بکە، هەر خۆت فریاڕەسی!"

ماوەیەک بیری لەو شتانە کردەوە وئەوسا ویستی بڕوات بخەوێ بەڵام نەیدەتوانی لە کتێبەکە دوور بکەوێتەوە. هەر لە بابی حەوتەما درێژەی بە خوێندنەوە دا وگەییە بابەتی باوەڕی فەرماندەی سەد کەسەکە و هەستانەوەی کوڕی بێوەژنەکە لە مردن و بەرسڤی مەسیح سەبارەت بە پرسیارەکەی یوحەنای مەعمەدان تا گەییە ئەو بەشەی فرەیسی دەوڵەمەند دەعوەتی مەسیح بۆ ماڵی خۆی دەکات. ئەوەشی خوێندەوە کە چۆن ژنێکی گوناهکار خۆی بە ژووردا دەکات و بە ڕوندکی چاوانی پای عیسای شۆرد و چۆن خوا لە گوناهەکانی خۆش بوو. ئەوجا گەییە ئایەتی چل و چوار ئەمەی خوێندەوە:

" ئەوجا ئاوڕی لە ژنە دایەوە وبە شەمعوونی گوت: ئەم ژنە دەبینی؟ من هاتمە ماڵەکەت ئاوت نەهێنا پێیەکانمی پێ بشۆم، لێ ئەم ژنە پێیەکانی منی بە ڕوندکی چاوان شۆرد وبە قژەکەی خۆی وشکی کردنەوە. تۆ تاقە

ماچێکت نەکردم، لێ ئەم ژنەی لەوەتای هاتوومەتە ئێرە، ئاو وەستابێ، ئەو لە ماچ کردنی پێیەکانم نەوەستاوە. تۆ سەرت بە زەیت مەسح نەکردم، بەڵام ئەو بە عەتر وعەبیر لاقی مەسح کردم. بۆیە پێت دەڵێم گوناحەکانی ئەو کە زۆرن هاتنە بەخشین، چونکە مەحەبەتێکی زۆری نواندو ئەوەی کەمتر مەحەبەت بکات کەمتر دێتە بەخشین."

ئەو ئایەتانەی خوێندەوە ولە فکران ڕاچوو: " ئاوی نەهێنا تا پێیەکانی بشوات، ماچی نەکرد، سەری بە زەیت مەسح نەکرد..."

مارتین، جارێکی دی عەینەکەکەی داکەند ولە سەر کتێبەکەی دانا ولە خۆیدا غەرق بوو.

"دیارە ئەم فریسییە وەکو من بووە. ئەویش تەنیا لە خەمی خۆیا بووە: چۆن قاوەیەک بخوات، چۆن دڵنیا وئاسوودە بێ. هیچ لە خەمی میوانەکەیا نەبووەو مدارای نەکردووە و تەنیا بەرژەوەندی خۆی مەبەست بووە. بەڵام میوانە بەڕێزەکەی کێ بوو؟ خودی خوا نەبووە؟ ئەگەر بێتەماڵەکەی من، ئاخۆ منیش هەمان ڕەفتاری ئەو کابرایە دەکەم؟"

ئەوسا مارتین، سەری نایە سەر هەر دوو قۆڵی و یەکسەر خەو بردییەوە.

لە ناکاوا گوێی بە دەنگێک زرینگایەوە دەیگوت: "مارتین! "کێیە؟ یەکێک بە گوێیا چپاندبووی. لە خەو ڕاپەڕی وگوتی: " کێیە؟ " ئاوڕی لای دەرگاکەی دایەوە، کەسی لەوێندەر نەبینی. دووبارە پرسی : "کێیە؟ " دەنگێکی ڕوون و ڕەوانی بیست کە گوتی: " مارتین! مارتین! سبەی چاودێری شەقامەکە بکە، من دێم! "

مارتین بە تەواوی هۆشیار بووەوە. لە سەر کورسییەکە هەستا، چاوەکانی هەڵگلۆفتن، نەیدەزانی ئەو وشانەی لە خەوا بیستبوو یان لە بێداریدا. چراکەی کوژاندەوە وچوو خەوت.

سبەینێ لە گەڵ شیرەی شەبەقا بێدار بووەوە. دوای نوێژ ونزا، کوورەکەی نێڵ دا. دەستی بە لێنانی شۆربای کەلەرم کرد. سەماوەرەکەی هێنایە کوڵ، بەر کۆشەکەی بەست. لە بەردەم پەنجەرەکەدا دانیشت ودەستی بە کارکردن

کرد. بە دەم کارکردنەوە، بیری لە لای ڕووداوەکانی دوێنێ شەو بوو. هەندێجار وەکو خەون دەهاتنە بەرچاوی، هەندێجاریش وای وێنا دەکرد کە بە ڕاستی گوێی لە دەنگێک بووە. سەرەنجام لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەم جۆرە شتانەش ڕوو دەدەن. پێشتریش شتی وەها ڕوویان داوە.

بەوجۆرە لە بەر پەنجەرەکە دانیشت وبە دەم کارکردنەوە، چاودێری شەقامەکەشی دەکرد. هەر کاتێ پا وپێڵاوێکی نائاشنا بە بەر پەنجەرەکەدا تێدەپەڕی، دادەنەوییەوە تا نەک هەر پێیەکە بەڵکو دەم وچاو وڕوخساری ڕێبوارەکەش ببینێ. حەماڵێک تێپەڕی، پاشان سەقایەک، دوای کەمێک سەر وسەکوتی سەربازێکی پیری زەمانی حکوومەتی نیکولا، پەیدا بوو. هاتە بەر پەنجەرەکە، بێڵێکی بە دەستەوە بوو. مارتین، بە پاو پێڵاوەکانیا، کە لە لباد دروست کرابوو وکۆن وشڕ بووبوون، ناسییەوە. ئەم پیرەمێردە ناوی ستیپانیچ بوو. بازرگانێکی دراوسێ، لە ڕای خوا، لە ماڵەکەی خۆیا جێگای کردبووەوە. کار وئەرکی ئەوە بوو کە یارمەتی دەرگاوانی ماڵەکە بدات. یارۆی سەربزای پیر، دەستی بە ماڵینی بەفری بەر پەنجەرەکەی مارتین کرد. مارتین تەمەشایەکی کرد ودرێژەی بە کارەکەی خۆی دایەوە.

مارتین، دوای تۆزێک، بە دەم پێکەنینەوە بە خەیاڵ پلاوەکانی خۆی لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەنجام پیری کاری خۆی کرد و ئەو تۆزە ئەقڵەی هەمبوو، ئەویشم لە دەست دا. ستیپانیچ دێت بەفر دەماڵێ و من وا تەسەور دەکەم کە عیسا هاتووەتە سەردانم. بە ڕاستی خەڵەفاوم، ئەی ئافەرین پیری! " دوای لێدانی چەند تەقەڵ وکۆکێک، هەستیکرد شتێک ڕایدەکێشێت کە لە پەنجەرەکەوە بڕوانێتە دەرەوە. بینی ستیپانیچ بێڵەکەی بە دیوارەکەوە هەڵپەساردووە، لەوە دەچوو بیەوێ ئیسراحەت بکات یان خۆی گەرم بکاتەوە. ئەم پیاوە پیر وماندوو بوو. دیار بوو هێز وتوانای بەفر ماڵینیشی نەبوو. مارتین لە فکران ڕاچوو: "بۆچی بۆ ئێرەی بانگ نەکەم و چایەکی نەدەمێ؟ سەماوەرەکە خەریکە دێتە کوڵ."

درەوشەی پێڵاو دروینەکەی لە جێی خۆی چەقاند. هەستا. سەماوەرەکەی نایە سەر مێزەکە، چای دەم دا، بە قامکان لە پەنجەرەکەی دا. ستیپانیچ ئاوڕی دایەوەو لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە. مارتین ئاماژەی کردێ کە بێتە

ژوورەوە. ئەوسا چوو دەرگاکەی لێبکاتەوە. گوتی: " کەرەمکە ژوورەوە، کەمێک خۆت گەرم بکەوە. دڵنیام سەرماتە!"

ستیپانیچ بەرسڤی دایەوە: " خوا ڕاوەستاوت بکات! سەرما گەییوەتە سەر مۆخم."

بەفرەکەی لە خۆی تەکان و هاتە ژوورەوە. پاشان ویستی پێڵاوەکانی پاک بکاتەوە تا زەمینەی ژوورەکە تەڕ نەبێت. بەڵام بە لادا هات و خەریک بوو بکەوێ.

مارتین گوتی: قەینا زەحمەت مەکێشە، خۆم پاکی دەکەمەوە، ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکمە. فەرموو دانیشە چایەک بخۆوە!"

دوو پیاڵە چای تێکرد، یەکێکیانی دا بە میوانەکە. چایەکەی خۆی کردە ژێر پیاڵەکەوە، فووی لێکرد تا سارد ببێتەوە.

میوانەکە چایەکەی خواردەوە، ئەوسا پیاڵەکەی پاڵ خست وپاشماوەی کلۆ قەندەکەی نایە پاڵی. کەوتە سوپاسکردنی مارتین. دیار بوو حەزی لە چایەکی دیکەش هەبوو.

مارتین گوتی: " چایەکی دیکەت بۆ داکەم؟ " دووبارە هەر دوو پیاڵەکەی تەژی کردەوە. مارتین بەدەم چا خوارنەوە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرەوە.

میوانەکە پرسی: " چاوەڕوانی کەسێک دەکەی؟"

" چاوەڕوانی کەسێک؟ شەرم دەکەم پێت بڵێم. ئەوەی ڕاستی بێ چاوەڕوانی کەسێکی دیاریکراو نیم. بەڵام دوێشەو گوێم لە دەنگێ بوو، هەرچی دەکەم و دەکۆشم لە گوێم دەرناچێ. نازانم خەون بوو یان خەیاڵ. برادەری ئازیز دوێشەو خەریک بووم ئینجیلم دەخوێندوە، دەربارەی مەسیحی خواوەند کە چ دەرد ورەنجێکی لەم دنیایەدا کێشاوەو ڕۆییوە. پێم وایە شتێکت دەربارەی بیستووە."

ستیپانیچ بەرسڤی دایەوە: " بەڵێ، بیستوومە. لێ من کەسێکی نەخوێندەوارم."

" بە هەرحاڵ! من خەریک بووم ئینجیلم دەخوێندەوە، گەییمە ئەو بابەتەی وەسفی ئەوە دەکات چۆن چووەتە ماڵی یەکێک لە فرەیسییەکان کە وەکو پێویست پێشوازی لێناکات. کابرای فرەیسی ڕووی ناداتێ. کە گەییمە ئێرە بیرم لەوە کردەوە چۆن ئەم فرەیسییە خەڵەفاوە قەدری مەسیحی کوڕی خوای نەگرتووە وپێشوازی نەکردووە وکڕنۆشی بۆ نەبردووە. پاشان لە دڵی خۆدا گوتم: ئەگەر پێشهاتێکی وا بۆ من و لەمن هەڵکەوێ بزانە چ پێشوازییەکی لێدەکەم! ئەوەی بۆ.... کەر هەڵدەکەوێ بۆ ڕاوکەر هەڵناکەوێ. لەو بیر وخەیاڵانەدا بووم، خەو بردمییەوە، هەرکە خەوم لێکەوت گوێم لێ بوو کەسێک بە ناوی خۆمەوە بانگی لێکردم. خەبەرم بووەوە، هەستام، وام خەیاڵ کرد یەکێک بە گوێیدا چپاندم وگوتی: "مارتین، سبەی چاوت لە شەقامەکەوە بێ، من دێم!" ئەو گوتەیەی دووجار دووبارە کردەوە. ئیدی ئەو قسەیەم لێ بوو بە خولیا و هەرچەندە شەرم دەکەم باسی بکەم، بەڵام لێتی ناشارمەوە چاوەڕوانی خواوەندی بەخشندە دەکەم، چاوەڕوانییەک کە بە دەستی خۆم نییە.

ستیپانیچ، چەند جارێک بە بێدەنگی سەری لەقاند. چایەکەی خواردەوەو پیاڵەکەی لە نێو ژێر پیاڵەکەدا پاڵخست. بەڵام مارتین پیاڵەکەی ڕاستکردەوەو چایەکی دیکەی بۆ داکرد وگوتی: فەرموو ئەم چایەش بخۆرەوە، نۆشی گیانت بێ، خێر وبەرەکەتت هانی!"

ئیدی بیرم لەوە دەکردەوە چۆن لەم دنیایەدا ژیاوە بێ ئەوەی هیچ کەسێک ببوغزێنێ، لە گەڵ هەموو کەسێکا گونجاوە وزیاتر تێکەڵاوی دەست کورت ونەدارانی کردووە. هاوڕێیاتی خەڵکی سادە وساکاری کردووە، قوتابیەکانی لە نێو کرێکارانی وەکو من و تۆدا، لە ناو ئێمەی خەتابارا هەڵبژاردووە.

دەیگوت: "خاکی بن، لووت بەرز مەبن، لووت بەرزان نەوی دەنیشنەوە، خاکییان بەرز دەبنەوە" ، دەڵێت: " ئێوە بە خوا ومامۆستام بانگدەکەن، من پێتان دەشۆم" ، گوتوویەتی " کەسێک گەورە ولە پێشە کەلە خزمەتی هەمووواندا بێ." هەروەها گوتوویەتی: " خوا بە هانای دەستکورتان، نەداران،

خاکییان وخەڵکانی بێ شێلە وبێلە و میهرەبانەوە دەچێت و لێیان خۆش دەبێت!"

ستیپانیچ، چایەکەی بەردەمی لە بیر چووەوە. پیربوو، سۆز دایگرتبوو، بە دەم گوێگرتنەوە، بە بێدەنگی دەگریا و ڕوندک وەکو بارانی بوهار لە چاوانی دەباری وبە ڕوومەتیا دەهاتە خوارێ.

مارتین گوتی: "با چای دیکەت بۆ دابکەم! " بەڵام ستیپانیچ نیشانەی خاچی کێشا و سوپاسی کرد وپیاڵەکەی دایە دواوە وهەستا وگوتی:

- مارتین ئەڤدیچ، زۆر مەمنوونی تۆم. جەستە وگیانت ئاوەدان کردمەوە، ئارامیت بە جەستە ورۆحم بەخشی. مارتین گوتی:

- هەمیشە پات لە سەر چاوانمە! زوو زوو وەرە، بە میوان دڵخۆش دەبم.

ئەوسا ستیپانیچ ڕۆیی. مارتین پاشماوەی چایەکەی ناو قۆریەکەی بۆ خۆی تێکرد و خواردیەوە. ئەوسا کەرەستە تفاقی چایەکەی هەڵگرت وخستیەوە شوێنی خۆی. ئەوسا چووەوە سەر جێگاکەی خۆی و کەوتە دروونەوەی پێڵاوێک، بە دەم تەقەڵ لێدانەوە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە. چاوەڕوانی مەسیحی دەکرد، بیری لە قسەو کارەکانی ئەو دەکردەوە.

دوو سەرباز بەبەر پەنجەرەکەدا ڕەتبوون. یەکێکیان پێڵاوێکی حکومەتی لە پێدا بوو، ئەویتریان پێڵاوی ئاسایی لە پێدا بوو. ئەوسا خاوەنماڵێکی دراوسێ تێپەڕی کە جووتێ گالۆشی (پێڵاوی لاستیک) بریقەداری لە پێدا بوو. پاشان نانەوایەک کە سەبەتەیەکی بە دەستەوە بوو، هەموو ئەوانە هاتن وبەبەر پەنجەرەکەدا تێپەڕین. پاشان ژنێک هات کە جووتێ گۆرەوی خوری و جووتێ قاپ قاپی دێهاتیانەی لە پێدا بوو. ژنە لە پەنجەرەکە تێپەڕی، بەڵام کە گەییە دیوارەکە ڕاوەستا.

مارتین لە پەنجەرەکەوە تەمەشای کرد، بینی ژنێکی غەریبی سرپۆشە و منداڵێکی بە باوەشەوەیە. لە پاڵ دیوارەکەیاو پشت لە بایەکە وەستا. دەیویست منداڵەکە لە پارچەیەکی گەرمەوە وەپێچێ، بەڵام هیچی نەبوو منداڵەکەی تێوە بپێچێ. ژنەی تاین جلێکی تەنکی کۆن وشری هاوینەی

لەبەر بوو. مارتین، لە پەنجەرەکەوە گوێی لە گریانی منداڵەکە بوو. دایکەکە دەیویست ژیری بکاتەوە، لێ منداڵەکە هەر ژیر نەدەبووەوە. مارتین هەستا، لە دەرگاکە وەدەرکەوت وچووە سەر پلیکانەکە وژنەی بانگکرد: " خانم، ئەهای خانم."

ژنە گوێی لێی بوو وئاوڕی دایەوە. مارتین گوتی: "بۆچی بەو منداڵەوە لە بەر ئەو سەرمایە وەستاوی؟ فەرموو وەرە ژوورەوە، ئێرە گەرمە و دەتوانی باشتر منداڵەکەت بپێچیتەوە. لەم لایەوە وەرە.

ژنەی تاین، کە ئەم پیرەمێردە عەینەک لە چاوەی بە بەر کۆشەکەی بەریەوە بینی کە خوڵکی ئەوی دەکرد بچێتە ژوورەوە سەری سوڕمابوو. بەڵام وێڕای ئەوەش هەر دوای کەوت وچووە ژوورەوە. بە دوو قۆڵی لە پلیکانەکانەوە دابەزین و چوونە ژوورە بچووکەکەوە. مارتین تەختێکی نیشاندا و خوڵکی کرد کە دانیشێت.

- فەرموو کچەکەم لەوێ، لە نزیک سۆپاکەوە دانیشە، منداڵەکەت گەرم بکەوە وشیری بدەیە.

ژنە گوتی: - شیرم نییە. من خۆم لە دوێنێوە تا ئێستا نانم نەخواردووە.

بەڵام وێڕای ئەوەش منداڵەکەی بە سینگیەوە قەرساند تا شیری بداتێ.

مارتین سەری لەقاند، هەستا قاپێک وهەندێک نانی هێنا. ئەوسا دەرکۆکەی سۆپاکەی کردەوە، کەمێک شۆربای کەلەرمی کردە قاپەکەوە. مەنجەڵی حەلیماوەکەشی دەرهێنا، بەڵام هێشتا باش پێنەگەیی بوو. سفرەیەکی لە سەر مێزەکە ڕاخست ونان و شۆرباکەی بۆ دانا.

- دانیشە کچەکەم، نان بخۆ. من منداڵەکەت ژیر دەکەمەوە، گوێی مەدەیە، خۆیشم منداڵم هەبووە، دەزانم چۆنیان ژیر بکەمەوە.

ژنە، نیشانەیەکی خاچی کێشا، لە سەر مێزەکە دانیشت ودەستی بە نان خواردن کرد. مارتین منداڵەکەی لە سەر تەختەکە دانا وخۆیشی لە لایەوە دانیشت. ویستی بە زمان نچ نچ بۆ منداڵەکە بکات ولە گریان بکەوێ، بەڵام مارتین ئەوەی بۆ نەکرا چونکە ددانی نەبوو. منداڵەکە ژیر نەبووەوە و هەر

دەگریا. ئەوسا مارتین هەوڵیدا بە قامکی منداڵەکە ژێر بکاتەوە، قامکی لە دەمی منداڵەکە نزیک کردەوەو بلەز ڕای کێشایەوە. چەند جارێک ئەو کارەی دووبارە کردەوە. بەڵام چونکە قامکی بە بۆیاخی پێڵاوەوە بوو، نەیدەهێشت قامکی بگاتە لێوی منداڵەکە. منداڵەکە بەم گەمەیە لە گریان کەوت، ئەوسا دەستی بە پێکەنین کرد. مارتین هەستی بە شادییەکی زۆر کرد. ژنە دانیشتبوو وبە دەم نانخواردنەوە قسەی دەکرد وبۆ مارتینی دەگێڕایەوە کە کێ بووە ولە کوێوە هاتبوو. گوتی: " من هاوسەری سەربازێکمهەشت دانە مانگە مێردەکەمیان بۆ شوێنێکی دوور ناردووەو لەو ساوە هیچ هەواڵێکیم پێ نەگەییوە. لە ماڵێکا چێشت لێنەر بووم، بەڵام کە منداڵەکەم لە دایک بوو ئیدی ماڵەکە جوابیان کردم. سێ دانە مانگە لە دووی کارێک دەگەڕێم، کارم دەست نەکەوتووە. هەرچیەکم هەبوو فرۆشتم و دام بە نان و خواردن. ویستم ببم بە دایەن، هیچ کەسێک وەری نەگرتم، دەیانگوت لاواز وبێتاقەت دیاری. حاڵی حازر لە لای ژنە بازرگانێکەوە دێم کە ژنێکی گوندەکەی خۆمان خزمەتی دەکات، ئەو ژنە بازرگانە بەڵێنی داوە ڕامبگرێ، دڵم خۆش بوو کە تەواو ڕزگار بووم و کێشەم نەما. بەلام پێی گوتم کە هەفتەیەکی دی بڕۆم بۆ لای. زۆر لێرەوە دوورە، ئیدی من زۆر ماندووم و منداڵەکەشم بەسزمانە برسیەتی. خوا بەوە ڕەحمی کردووە خاوەن ماڵەکەمان کەسێکی میهرەبانە، کرێمان لێوەرناگرێت. دەنا نەمدەزانی چی بکەم!.

مارتین، هەناسەیەکی هەڵکێشا وپرسی: "باشە جلی گەرمتر لەم جلانەی بەرت نییە لەبەری بکەیت؟"

ژنە گوتی: "جلی گەرم لە کوێ بێنم؟ دوێنێ دوا کۆڵوانەم خستە بارمتەوەو شەش کۆپیکم لە جیاتی وەرگرت!

ئەوسا ژنەی تاین هەستا و منداڵەکەی هەڵگرت. مارتین هەستا وچوو بە سوراغی ئەو جلانەوە کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. بالاپۆشێکی کۆنەی هێنا وگوتی:

- فەرموو هەرچەندە ئەم بالاپۆشە کۆنەیە، بەڵام بە کەڵکی ئەوە دێ منداڵەکەتی تێوە بپێچی."

ژنەی تاین تەمەشایەکی باڵاپۆشەکە وئەوسا پیرەمێردەکەی کرد. بە دوو چاوی تەژی ڕووندکەوە لێی وەرگرت.مارتین گەڕایەوە، تەمەشایەکی ژێر تەختەکەی کرد، جانتایەکی چکۆلەی دەرهێنا، چاوی بە شتەکانی ناو جانتاکەدا گێڕاو لە بەرانبەر ژنەکەدا دانیشت.

ژنەکە گوتی: " ماڵت ئاوا بێ هاپۆ، خوا خێر وبەرەکەت بخاتە عەمرت. بێگومان مەسیح منی گەیاندووەتە بەر پەنجەرەکەی تۆ دەنا وا نەبوایە منداڵەکە ڕەق دەبووەوە. کەلە ماڵ هاتینە دەرەوە کەش وهەوا خۆش بوو، بەڵام ئێستا تەمەشا چەند ساردی کرد. بەڵێ، هەڵبەتە مەسیح لە دڵتی ناوە لە بەر پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوە بکەیت و ڕەحمت بجووڵێ و بەزەییت بە منی بەدبەختا بێتەوە!"

مارتین، بزەیەکی کرد وگوتی: " ڕاست دەکەی، هەڵبەتە ئەو هانی دام تەمەشا بکەم، بە ڕێکەوت تەمەشای دەرەوەم نەکرد."

ئەوسا خەوەکەی بۆ ژنە گێڕایەوە وبۆی باسکرد چۆن لە خەویا گوێی لە دەنگی مەسیح بووە کە گوتبووی سبەی دێتە دیدەنی.

ژنەکە گوتی: " کێ دەزانێ؟ قودرەتی خوا سنووری نییە!"

ئەوجا هەستا، باڵا پۆشەکەی دا بە شانیا، خۆی و منداڵاکەی تێوە پێچا. جارێکی دیکە سوپاسی مارتینی کرد وکڕنۆشی بۆ برد.

مارتین، شەش کوپێکی دا بە ژنەکە کە شاڵ و کۆڵوانەکەی لە ڕەهن دەربێنێتەوە. هەر دووکیان مارتین وژنەکەش نیشانەی خاچیان کێشا. پاشان مارتین تا بەر دەرگا ژنەکەی بەڕێکرد.

دوای ڕۆیشتنی ژنەکە، مارتین تۆزێکی لە شۆربای کەلەرمەکە خوارد. قاپەکانی کۆ کردنەوەو مێزەکەی پاک کردەوەو چوو لە جێگاکەی دانیشت ودەستی بە کارکردن کرد. بەڵام چاوێکیشی هەر لە پەنجەرەکە بوو. هەرجارێ سێبەرێک دەکەوتە سەر پەنجەرەکە یا تارماییەک بە بەردەمیا ڕەت دەبوو، سەرێکی هەڵدەبڕی تا بزانێ کێیە. هەندێک لەو ڕێبوارانە ئاشنا

وناسیاو بوون وهەندێکیان غەریب وبێگانە. بەڵام کەسیان تیا نەبوو، مایەی سەرنج بێ.

دوای ماوەیەک مارتین ژنێکی میوەفرۆشی بینی ڕێک لە هەنبەر پەنجەرەکەی ئەمدا وەستا. سەبەتەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو، کە سێوی زۆری تیا نەبوو، یانی پڕ نەبوو. دیار بوو زۆربەی سێوەکانیفرۆشتبوو. گونیەکی پڕ لە تەلاشە داری بە سەر شانەوە بوو و بۆ ماڵی دەبردەوە. دیار بوو ئەو چڵ و چێوانەی لەو شوێنەدا کە بینایان دروست دەکرد کۆکردبووەوە. دیار بوو گونیە چڵ و چێوەکە ئازاری دەدا، لەم شانیەوە دەیگوازتەوە بۆ ئەو شانی. گونیەکەی لە سەر شۆستەکە دانا، سەبەتەکەی لە سەر بەردێک دانا، گونیەکەی هەڵتەکان تا چڵ و چێوەکان بچنەوە یەک. لەو کاتەدا ژنەکە ئەو کارەی دەکرد، منداڵێک کە کڵاوێکی دڕاوی لە سەر بوو، هات بە لای سەبەتەکەوە، سێوێکی هەڵگرت و ویستی ڕابکات، بەڵام سێو فرۆشەکە وەئاگا هاتەوە، ئاوڕی دایەوە و ئاسینی منداڵەکەی گرت. منداڵەکە کەوتە تەقەللا تا خۆی لە چنگی دەرباز بکات. بەڵام ژنەی تاین بە هەر دوو دەست توونـد گرتبووی. کڵاوەکەی لە سەری منداڵەکە داکەند و ، قژەکەی گرت. منداڵەکە هاواری دەکرد، ژنە جنێوی دەدایە وهەڕەشەی لێدەکرد. هەنگێ مارتین درەوشەکەی فرێ دا، تەنانەت سەبری نەکرد لە جێی خۆیشی دای بنێت. بە هەشتاو لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت. لە سەر پلیکانەکان پێی هەڵنووتا و لە پەلە پەلیدا عەینەکەکەی کەوت. ئیدی بەو حاڵەوە گەییە سەر جادەکە،پیرەژن قژی کوڕەکەی توونـد گرتبوو، ڕایدەکێشا وهەڕەشەی لێدەکرد کە دەیبات ڕادەستی پۆلیسی دەکات. منداڵەکەش بە دەم هەوڵ و تەقەللاوە دەیگوت: " خۆ من سێوەکەم نەبردووە! بۆچی لێم دەدەی؟ وازم لێبێنە با بڕۆم! "

مارتین، لێکدی جیا کردنەوە. مارتین دەستی منداڵەکەی گرت وگوتی: " داپیرە وازی لێ بێنە، مەعز بۆ ڕەزای مەسیح بیبەخشە! "

" نەخێر، سزایەکی وای دەدەم بە لای کەمەوە تا ساڵێک لە بیری نەچێت. ئەم بەرەڵڵایە ڕادەستی پۆلیس دەکەم! با تەمێ خواردوو ببێت!"

مارتین، دڵی پیرەژنی دایەوە وگوتی: " داپیرە، ئەمجارە وازی لێبێنە، جارێکی دی کاری وا ناکاتەوە. لەبەر خاتری مەسیح ئەمجارە وازی لێبێنە! "

هەنگێ ژنە دەستی لە منداڵەکە بەردا. منداڵەکە ویستی هەڵێت، بەڵام مارتین پێشی گرت وگوتی: " دوای بوردن لە داپیرە بکە! جارێکی دی ئەم جۆرە کارانە مەکە. من دیتم کە سێوەکەت هەڵگرت. "

منداڵەکە دەستی بە گریان کرد و داوای بوردنی کرد.

مارتین گوتی: "باریکەڵڵا، مادام ئاقڵ بوویت ئەم سێوەش بۆ تۆ." ئەوجا مارتین دەستی برد سێوێکیلە سەبەتەکە دەرهێنا و دایە منداڵەکە. بە پیرەژنەکەی گوت: "من پارەکەیت دەدەمێ داپیرە."

پیرەژن گوتی: " بەم کارەت، ئەم بەرەڵڵایانە چەشە دەکەیت وهێندەی دی ڕوودار دەبن، دەبوایە بە جۆرێ بەر شەلاخ بدرێ تا هەفتەیەک شوێنەکەی بە لەشیەوە بمێنێ و لە بیری نەچێتەوە.

مارتین گوتی: " نا داپیرە، ئەمە شێوازی من و تۆیە، شێوازی خوا نییە. ئەگەر قەرار بێ لە سەر دزینی سێوێک ئەو مندالە بخرێتە ژێر شەلاخ، هەنگێ دەبێ چی لە من و تۆی گوناهکار بکرێت؟"

پیرەژن بێدەنگ بوو.

مارتین، حیکایەتی ئەو نۆکەرەی بۆ پیرەژن گێڕایەوە کە ئاغاکەی لە قەرزێکی زۆر بەخشی بووی، بەڵام نۆکەرەکە هەرکە ڕزگاری بووبوو، بە هەڵەداوان چووبوو بۆ لای هاوڕێیەکی زۆر هەژاری خۆی کە قەرزێکی زۆری ئەمی لە لا بووبوو، هەر دوو پێی لێکردبووە تاکێ کەوشەوە، هەر ئێستا، ئیستەرەم قەرزەکەم دەوێتەوە. پیرەژن گوێی لە هەموو پەندەکە گرت، کوڕەکەش بە دەم گوێگرتنەوە وەستا.

ئەوسا مارتین گوتی: " خوا داوامان لێدەکات لێبوردە وبەخشندە بین دەنا ئەویش ئێمە نابەخشێت. بە تایبەتی دەرهەق بە مندالێکی نەفام!"

پیرەژن سەری لەقاند وگوتی: " ڕاست دەکەیت! بەڵام زۆر ڕوودار بوون و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوودارتر دەبن."

مارتین بەرسڤی دایەوە: " دەبێ ئێمەی گەورە ڕێگەی باشتریان نیشان بدەین. "

پیرەژن گوتی: "منیش ئەمەم مەبەستە. منیش حەوت منداڵی وەکو ئەمەم هەبوون، تەنیا کچۆڵەیەکم بۆ ماوەتەوە."

پاشان پیرەژن بۆ مارتینی گێڕایەوە کەی وچۆن لە گەڵ کچەکەیدا دەژی وچەند نەوەی هەیە. ئەوسا گوتی: " ئێستاش بەم پیریە کە بە ئاستەم هێزم تیا ماوە، لە پێناوی نەوەکانما کار دەکەم ورەنج دەدەم. نەوەکانم زۆر باشن، کە بۆ ماڵ دەڕۆمەوە هەر ئەوان بە پیرمەوە دێن. ئانی چکۆلە من بە کەس ناگۆڕێتەوەو وێردی زمانی ئەمەیە: "ئەمە داپیرەمە، داپیرە ئازیزەکەمە، داپیرە خۆشەویستەکەمە! "

ئیدی پیرەژن، لێرەدا دڵی تەواو نەرم بوو، دڵی لە کوڕەکە پاک بووەوە، ڕوی کردە کوڕەکە وگوتی: " هەڵبەتە لە ڕووی نەزانیەوە ئەم کارە منداڵانەیەی کرد، خوا هیدایەتی بدات! "

ژنەکە، خەریک بوو گونیە دارەکە هەڵبگرێ وبیدات بە کۆڵیا، کوڕەکە لێی چووە پێشەوە وگوتی: "داپیرە با من بۆتی هەڵگرم. منیش بە هەمان ڕێدا دەڕۆم. یانی ڕێگەمان یەکە. "

پیرەژن، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند. گونیە دارەکەی دا بە کۆڵی منداڵەکەدا و بە دوو قۆڵی کەوتنە ڕێ. پیرەژن لە بیری چوو پارەی سێوەکە لە مارتین وەربگرێت. مارتین وەستا و بە نیگا بە ڕێی کردن، کە بەدەم قسە کردنەوە لەچاو ون بوون مارتین بۆ ماڵەکەی گەڕایەوە. عەینەکەکەی دۆزییەوە، بە ساغی لەسەر پلیکانەکە کەوتبوو، درەوشەکەی هەڵگرت، لە شوێنی کارەکەی دانیشت و دووبارە دەستی بە ئیش کردەوە. کەمێک ئیشی کرد، هەستی کرد چاوی باش نابینێ کە پەتەکە بە کونی درەوشەکەدا بکات. ئیدی لەو کاتەدا ماموری هەڵکردنی چراکانی سەر جادەکەی بینی کە بەبەر پەنجەرەکەی ئەودا تێپەڕی. لە فکران ڕاچوو: " وادیارە کاتی هەڵکردنی چرایە. " هەستا

فتیلەی چراکەی بەرز کردەوەو دایگیرساند ودانیشت ودەستی بە کارکردن کردەوە. وازی نەهێنا تا تاکێک لە پێڵاوەکەی تەواو کرد. تەمەشایەکی ئەم لاو ئەولای پێڵاوەکەی کرد، کە دڵنیا بوو لەوەی هیچ عەیبی نییە، کەرەستە وتفاقەکانی کۆکردەوە، ژێر پێیەکانی خۆی گسک دا. سوژنەکە و داو ودرەوشەکەی لە جێی خۆیان دانا. ئەوجا چراکەی هێنایە خوارەوە ولە سەر مێزەکەی دانا. چوو ئینجیلەکەی لە سەر ڕەفەکە هێنایە خوارێ، دەیویست بیخوێنێتەوە ، لەو شوێنەوە دەست پێبکات کە دوێشەو پێی گەیی بوو ونیشانەی کردبوو. بەڵام کتێبەکە لە شوێنێکی دیکەوە کرایەوە. مارتین هەرکە کتێبەکەی لەبەردەم خۆیدا دانا، خەونەکەی دوێنێ شەوی بیر کەوتەوە. هێشتا لەو خەیاڵاتەدا بوو، وای هەست کرد، گوێی لە دەنگی پێیان بوو، وەکو ئەوەی چەند کەسێک بەرەو ئەو بێن. مارتین ئاوری دایەوە، لەوە دەچوو چەند کەسێک لە سووچێکی تاریکی ژوورەکەدا وەستابن. مارتین نەیدەزانی ئەمانە کێن. دەنگێک بە گوێیا چپاندی: "مارتین، مارتین، نامناسیتەوە؟ "

مارتین پرسی: " تۆ کێی؟ "

دەنگەکە گوتی: " منم! "

ستیپانیچ، لە سووچە تاریکەکەوە وەدەرکەوت. بزەیەکی کرد وپاشان وەکو پەڵە هەورێک ڕۆیی و ئاوا بوو.

پاشان دەنگەکە دووبارە گوتی: " ئەمەش منم! " لە سووچە تاریکەکەوە ژنەکە بە مندالەکەی باوشییەوە هاتە دەرێ. ژنە بزەیەکی کرد، مندالەکەی پێکەنی. ئەوانیش ون بوو و دیار نەمان.

جارێکی دی دەنگەکە گوتی: "ئەمە منم! " پیرەژنەکە و کوڕەکە بە سێوەکەی دەستیەوە بەدیار کەوتن، هەر دووکیان پێکەنین و ئەوانیش ون بوون ودیار نەمان.

هەنگێ ڕۆحی مارتین تەژی شادی بوو. نیشانەی خاچی کێشا، عەینەکەکەی کردە چاوی وکەوتە خوێندنەوەی ئینجیلەکەی، لەوێندەرەوە دەستی بە

خوێندنەوە کرد کە خۆبەخۆ کرابووەوە. ئەم سەر دێڕەی هاتە بەردەم: " برسی بووم نانت دامێ، تینوو بووم ئاوت دامێ، غەریب بووم داڵدەت دام."

لە پاینی لاپەڕەکەدا ئەمەی خوێندەوە:

"هەموو کاتێ پێت دەڵێم ئەوەی دەرهەق بە یەکێک لەو برا بچووکانەمت کردووە، دەرهەق بە من کردووتە."

مارتین، بۆی دەرکەوت خەونەکەی هاتووەتە دی و عیسا ئەو ڕۆژە هاتبووە دیدەنی و ئەو پێشوازی لە عیسا کردبوو. ساڵی ١٨٨٥

# پاژی سێیەم

## ٨- بە سەر هاتی ئیڤانی سا ئەقڵ

( ١ )

ڕۆژگارێک، لە شارۆچکەیەکی وڵاتا، جووتیارێکی دەوڵەمەند، دەژیا، ئەم جووتیارە سێ کوڕی هەبوو: سیمونی سەرباز، تاراسی قەڵەو، ئیڤانی گێلۆکە (سا ئەقڵ) . کچێکی عازەبیشی هەبوو بەنێوی مرتا، کە کەڕ و لاڵ بوو.

سیمونی سەرباز، چوو بۆ شەڕ تا خزمەتی پاشا بکات. تاراسە قەڵەو چوو بۆ شار کە کاسبی بکات. ئیڤانە گێل لە گوندیدا، لە گەڵ خوشکەکەیا مایەوە. کەوتە زەوی کێڵان، ئەوەندەی زەوی کێڵا تا پشتی چەمایەوە.

سیمونی سەرباز، وردە وردە تەرەقی کرد، موڵک وئاوێکی کڕی، زەماوەندی دەگەڵ کیژی کابرایەکی دەوڵەمەند وئەشرافدا کرد. مووچەکەی باش بوو، موڵک ومەزراکەی بەرین بوو. بەڵام خەرج ومەسرەفی لە دەرامەتەکەی زۆر زیاتر بوو، ئەوەی پیاوە پەیدای دەکرد، ژنە دو ئەوەندەی خەرج دەکرد. هەمیشە پێویستیان بە پارە بوو.

ڕۆژێک سیمون چوو بۆ مەزراکەی، تا دەرامەتی مەزراکە لە پێشکارەکەی وەربگرێت. بەڵام وەکیل وپێشکارەکەی گوتی: "دەرامەتی چی؟ ئێمە نە گاجووتمان هەیە، نە کەرەستە وتفاقی فەلاحەتی، نە ئەسپ، نە هەوجاڕ، نە بێڵ و ... هەرکاتێ ئەو شتانە فەراهەم بوو، هەنگێ دەستکەوت و دەرامەتیش دەبێت!"

سیمونی سەرباز چوو بۆ لای بابی وگوتی: " باوکە، تۆ کەسێکی دەوڵەمەندی، بەڵام تا ئێستا هیچت بە من نەداوە. سەروەت وسامانەکەت دابەش بکە، سێ یەکیم بدەیە، تا موڵک و مەزراکەمی پێ ئاوەدان بکەمەوە.

لێ بابە پیرەکەی گوتی: " تۆ تا ئێستا هیچ خێرێکت بۆ من نەبووە. بۆچی سێ یەکی داراییەکەمت بدەمێ؟ ئەگەر کاری وابکەم مانای وایە زوڵمم لە ئیڤان وکچەکەم کردووە."

سیمون بەرسڤی دایەوە: "ئیڤان سائەقڵ وشێتۆکەیە. کچەکەش بێ شوو وکەڕ ولاڵە، ئەوانە سەروەت و داراییان بۆ چیە، بە کەڵکی چییان دێت."

پیرەمێرد گوتی: "باشە قسە لەگەڵ ئیڤان دەکەین با بزانین ئەو چ دەڵێت."

ئیڤان گوتی: " هەر چیەکی دەوێ با بیبات! "

سیمون، بەشی خۆی برد وبۆ سەر موڵک وئاوەکەی برد. دووبارە بۆ خزمەتی پاشا ڕۆیشتەوە.

تاراسە قەڵەویش، سەروەت وسامانێکی زۆری پێکەوەنا. بوو بە زاوای بازرگانێک، بەڵام ئەویش هەر تێر نەدەبوو. ئەویش چوو بۆ لای بابی وگوتی: "بەشی خۆمم بدەیە."

لێ پیرەمێرد، نەیدەویست بەشیک بە تاراسیش بدات وگوتی:

" تۆ قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان خێرت بۆ من و ماڵی من نەبووە. ئەوەی هەمانە هەمووی هی ڕەنجی شانی ئیڤانە، بۆچی غەدر لەو ولە خوشکەکەت بکەین؟ "

تاراس گوتی: " ئەوان ماڵی دنیایان بۆ چییە؟ ئیڤان شێتە، ژن نایەنێ، کەس ژن بەو نادات. کچەکەش کەڕ ولاڵە پێویستی بە هیچ نییە."

ئەوجا بە ئیڤانی گوت: " گوێ بگرە ئیڤان، نیوەی بەر وبومی گەنمەکە بدە بە من. ئیدی هیچ کەرەستە وئەوزار وتفاقێکیفەلاحەتیم ناوێ. لە ولاخ وچارەوێکانیش تەنیا ئەسپە بۆرم بدەنێ کە بە کەڵکی جووت وزەوی کێڵان نایەت."

ئیڤان پێکەنی وگوتی: هەرچیت دەوێ بیبە، من کار دەکەم و قەرەبووی دەکەمەوە."

بەوجۆرە تاراسیش بەشێکی برد، گەنمەکەی لە عەرەبانە بارکرد و بۆ شاری برد، ئەسپە بۆریشی برد. تەنیا یابوویەکی پیر بۆ ئیڤان مایەوە. وەکو جاران فەلاحەتی دەکرد و مەسرەفی داک و بابی دەردێنا و بە خێوی دەکردن.

( ٢ )

شەیتان زۆر لەوە قەڵس بوو کە ئەم برایانە لە سەر دابەشکردنی بەشە ماڵی بابیان لێیان نەبوو بە شەڕ وقەرقەشە. حەزیدەکرد بەینیان تێکبچێ و بە گژ یەکدیدا بچن. ناردی بە دووی سێ بێچووە جنۆکەداو پێی گوتن: " گوێ بگرن، ئەمانە سێ بران. سیمونی سەرباز، تاراسە قەڵەو، ئیڤانی سائەقڵ. دەبوایە بچن بە گژ یەکا، کەچی زۆر دۆستانە و ئاشتیانە دەژین، بەینیان زۆر خۆشە. ئیڤانە گێل، هەموو نەخشە و پلانەکانی منی هەڵوەشاندەوە. ئێوە هەر ئێستا بڕۆن، بچنە بن کلێشەی ئەم برایانەوە، کارێکی وەها بکەن، نەک هەر بە گژ یەکدا بچن، بەڵکو چاوی یەکتر دەربێنن. لە عۆیەی ئەم کارە دێن؟

سێ بێچووە جنەکە گوتیان: " بەڵێ، ئەو کارە دەکەین."

- چۆن ئەو کارە دەکەن؟

گوتیان: - یەکەمجار، ماڵیان وێران دەکەین، دەیانخەینە سەر ساجی عەلی، کارێکی و ا دەکەین، ئاتاج بە نانی شەو بن، ئەوسا پێکەوە هەڵناکەن ودڵنیاین دەکەونە گیانی یەکدی و دوای یەک دەبڕنەوە!

- ئافەرین بۆ خۆتان! وادیارە لە کاری خۆتانا وەستان. بڕۆن تا تۆوی دووبەرەکیان لە نێوانا دانەچێنن، نەگەڕێنەوە دەنا بە زیندوویەتی پێستتان دەگروم.

بێچوە جنەکان ڕۆیشتن. لە دیار زەلکاوێکا ڕۆنیشتن وکەوتنە ڕاوێژ وتەگبیر، چۆن کار وماموورییەتەکەی خۆیان ئەنجام بدەن. ئیدی لێیان بوو بە مشت ومڕ. هەر یەکێکیان دەیویست بەشە سادە وئاسانەکەی کارەکە ئەنجام بدات.

سەرەنجام تیر و پشکیان کرد کە هەر یەکێکیان بچێ بەلای کام لەو برایانەوە.

دوای ئەوەی تیر وپشکیان کرد، قرێریان کرد کەی بگەڕێنەوە بۆ لای زەلکاوەکە تا بزانن کامیان کاری خۆی ئەنجام داوە وکێهەیان پێویستی بە کۆمەک و هاوکارییە.

کاتی دیاریکراو هات. بێچوە جنەکان دووبارە لای زەلکاوەکە یەکیان گرتەوە. ئیدی هەر یەکەیان کەوتە باسی چۆنیەتی ڕایی کردنی کاری خۆی. یەکەمیان کە لە سیمونی سەرباز بەرپرس بوو، گوتی: " کارەکەی من جێبەجێ بووە. سیمون، سبەی بۆ ماڵی بابی دەگەڕێتەوە تا داوای شتی زیاتر بکات."

هاوکارەکانی لێیان پرسی: " چۆن توانیت ئەو کارە بکەی؟ "

وەڵامی دایەوە: "یەکەم، جورئەتێکی ئەوتۆم خستە دڵ ودەروونی سیمونەوە کە پێشنیازی بۆ شا کرد هەموو دنیای بۆ بگرێت. شا، کردی بە سوپا سالاری لەشکر و بۆ شەڕی شای هندستانی نارد. چوونە مەیدانی شەڕ وبەرانبەریان لێکدی گرت. من شەوی پێش دەستپێکی شەڕەکە، هەموو بارووتی لەشکرەکەی سیمونم تەڕکرد و ئەوەندەم سەربازی کارتۆنی بۆ شای هندستان دروستکرد کە لە ژمارە نەیەن. سوپاییانی سیمون کە خۆیان لە ئابلۆقەی سەربازانی کارتۆنیا بینییەوە، ترسان. سیمون فەرمانی تەقەکردنی بە سوپاکەی دا. بەڵام تۆپ وتفەنگەکانیان نووسان و کاریان نەکرد. هەنگێ ترس سوپاکەی سیمونی داگرت و وەکو پەزان بەرەو دوا هەڵاتن. ئیدی شای هیندستان بە کەیفی دڵی خۆی قەتڵ وعامی کردن. ئابڕووی سیمون ڕۆیی، دەست بە سەر موڵک و ماڵیا گیرا. حوکمی ئیعدام و خەنەقاندنی بۆ دەرچوو، قەرارە سبەی ئەو حوکمە ئەنجام بدرێ، تەنیا کاری یەک ڕۆژی ترم ماوە، دەبێ یارمەتی بدەم و زەمینەی بۆ خۆش بکەم کە لە زیندان هەڵێت وپەنا بۆ ماڵ بابی بەرێت. بۆیە سبەی دەمپەرژێ یارمەتی هەر یەکێکتان بدەم."

بێچوە جنی دووەم کە لە تاراس بەرپرس بوو، کەوتە قسە و گوتی:

- من پێویستم بە یارمەتی نییە، کارەکەم بە باشی پێشڤە دەڕوات. تاراس، هەر یەک هەفتەی دیکە بەرگە دەگرێت. یەکەم، کارێکم کردووە، زۆر نەوسن بێت و زیاتر قەڵەو بێ، چاو برسیەتی و تەمەعکاری گەییوەتە ڕادەیەک کە هەر چیەک دەبینێ دەیکڕێت. هەرچی پارە وپولی هەیە داویە بە کاڵا وشتی جۆراوجۆر وهێشتاش لە کڕین بەردەوامە. کەوتووەتە قەرزکردن وکاڵا بە قەرز دەکڕێت. قەرزێکی زۆری بە ملا کەوتووە. تا بیناقاقای لە قەرزدایە، مەحاڵە بتوانێ لە ژێر ئەو هەموو قەرزە دەربچێ. دەبێ لە زەرفی یەک هەفتەی دیدا هەموو قەرزەکەی بداتەوە. جا بە نیازم بەر لە کاتی دیاریکراو، هەموو کاڵایەکەی لە کەڵک بخەم وکەس نەیەوێ. ئیدی قەرزەکانی پێنادرێتەوەو بە ناچاری پەنا بۆ ماڵی بابی دەبات."

پاشان، بە دوو قۆڵی لە بێچووە جنی سێیەمیان کە لە ئیڤان بەرپرس بوو، پرسی: "ئەدی کارەکەی ئەو چۆنە؟ "

گوتی: " کاری من باش نییە، هیچ پێشڤە چوونێکی بە خۆوە نەبینیوە."

یەکەم تفم کردە ئەو ئاوەوە کە دەیخواردەوە. تا تووشی ژانە سک ببێت. پاشان چووم بۆ کێڵگەکەی و زەوییەکەیم بە جۆرێ پەستایەوە وکوتایەوە، بە ڕادەیەک ڕەق بوو کە نەتوانێ بیکێڵێ. دڵنیابووم کە ناتوانێ بیکێڵێ . بەڵام ئەوندە ساویلکە وسائەقڵە هات و دەستی بە کێڵانی کرد. هەرچەندە تووشی ژانە سک بووبوو بەڵام گوێی لێنەبوو و لە زەوی کێڵانی خۆی بەردەوام بوو. کارێکم کرد، کە هەوجارەکەی شکا. بەڵام چوو لە ماڵەوە هەوجارێکی دیکەی هێنا. خۆم خستە ژێر زەوییەکە، گاسنی هەوجارەکەیم گرت، بەڵام نەمتوانی لە کاری بخەم. بە ڕادەیەک گوشاری خستەسەر هەوجارەکە کە دەستی بڕیم. زەوییەکەی جگە لە باریکەلاتێک هەر هەمووی کێڵاوە. برادەرینە خێرا فریام بکەون ئەگەر ئەم ئیڤانە گێلە پایەداری بکات وبەردەوام بێ لە ڕەعەمەل هێنانی زەوییەکە، هەرگیز براکانی نەبوونی و ئاتاجی بە خۆوە نابینن و دەتوانێ هەر دووکیان بە خێو بکات."

بێچوە جنەکەی لە مەڕ سیمونی سەرباز بەڵێنی دا کە سبەی بچێتە کۆمەکی، ئەوسا بڵاوەیان لێکرد وجیابوونەوە.

ئیڤان، جگە لە باریکەلاتێک ئیدی هەموو کێڵگەکەی کێڵا. هاتبوو ئەو لاتەش بکێڵێ. هەرچەندە ژانە سکی بوو دەیویست شۆو بڕینەکەی تەواو بکات. پەتەکانی هەوجاڕەکەی کردەوە ودەستی بە کارکردن کرد. هۆگانە جووتێ ڕۆیی، بەڵام لە گەڕانەوەدا ئامورەکەی (هەوجاڕ) وەستا. پێدەچوو لە ڕەگ وڕیشەی درەختێک گیر بووبێ. تومەز ئەمە بێچوە جنەکە بوو، کە لاقەکانی خستبوونە بەر گاسنی هەوجاڕەکە و نەیدەهێڵا جووڵە بکات.

ئیڤان لە فکران ڕاچوو: " سەیرە. خۆ ئێرە ڕەگی درەختی تیا نەبوو. خێرە وا ئەم ڕەگە لە ناکاوا پەیدا بووە" ئیڤان دەستی خستە ژێر خەتە جووتەکەوە، ژێر ئەرزەکەی سەح کردەوە. هەستی بە شتێکی نەرم کرد. توند گرتی، ڕایکێشاو هێنایە دەرەوە. وەکو ڕەگی درەخت ڕەش بوو، بەڵام دەجووڵایەوە. بێچوە جنێکی زیندوو بوو.

ئیڤان گوتی: "کە شتێکی قیزەونی!" دەستی بەرز کردەوە تا بیکێشێت بە هەوجاڕەکەدا. بێچوە جنەکە پاڕایەوە: " ئەگەر ئازارم نەدەی هەر ئەمرێ بکەی بۆتی ئەنجام دەدەم."

- " چ کارێک بەڵەدی تا بیکەی؟ "

- هەر کارێک کە ئەمر بکەی.

ئیڤان سەری خوراند وگوتی:

- ژانە سکم لە گەڵە دەتوانی چاری بکەی؟

- بێگومان.

- زۆر چاکە، دەست بە کار بە.

بێچوە جنەکە، خۆی بە ژێر خەتە جووتەکەدا کرد، دەستی گێڕا، لەبن ئەرزەکەوە، سێ ڕەگی بچووکی دەرهێنا، دانی بە ئیڤان و گوتی:

- فەرموو، هەر کەسێک یەکێک لەم سێ ڕەگە گیایە بخوات لە هەرنەخۆشییەک بە دوور دەبێت.

ئیڤان، ڕەگە گیایەکانی وەرگرت. لێکدی جیاکردنەوە. یەکێکیانی خوارد یەکسەر ژانە سکەکەی لە کۆڵ بووەوە. بێچوە جنەکە دیسان پاڕایەوە کە ئازادی بکات وگوتی:

- خۆم بە ژێر زەویدا دەکەم وهەرگیز ناگەڕێمەوە.

ئیڤان گوتی: - بڕۆ، بە ئەمانی خوا!

هەرکە وشەی خوای لە دەم دەرچوو، بێچوە جنەکە، خۆی بە ژێر عاردیدا کرد، ڕێک وەکو بەردێک بیخەنە ئاوەوە، تەنیا شوێنەواری کونێک بە سەر ئەرزەکەوە مایەوە.

ئەوسا ئیڤان، دوو گیایەکەی دیکەی خستە ناو کڵاوەکەیەوە ودەستی بە کێڵانی خۆی کردەوە. لاتە (زەوی خەت دراو بۆ کێڵان ) زەویە تەواو نەکراوەکەی تەواو کرد. ئەوسا هەوجاڕەکەی هەڵگرت وبۆ ماڵ گەڕایەوە. قایش و قروشی ئەسپەکەی کردەوە وخۆی بە ماڵا کرد. بینی سیمونی برا گەورەکەی لە گەڵ ژنەکەیا لە سەر خوانی ئێوارێ ڕۆنیشتبوون. موڵک وئاوەکەی سیمون، دەستی بە سەرا گیرابوو، بە خۆیشی بە ئەستەم لە زیندان هەڵاتبوو. هاتبووەوە تا لە ماڵی بابیا بژی.

سیمون، کە چاوی بە ئیڤان کەوت گوتی: " هاتووم لە گەڵ ئێوەدا بژیم. تا کارێکی تازە دەدۆزمەوە، خەرجی خۆم و ژنەکەم بکێشن. "

ئیڤان گوتی: " چ قەیدییە، لە گەڵ ئێمەدا بمێننەوە."

بەڵام هەرکە ئیڤان ویستی لە سەر تەختەکە دانیشێت، هاوسەرەکەی سیمونی سەرباز، بۆنی ئارەقەی ئەوی بەسەردا هات، گوتی: " من ناتوانم دەگەڵ گوندییانی پیسدا ببم بە هاوسفرە."

سیمونی سەرباز گوتی: " ژنەکەی من دەڵێت تۆ بۆنت دێ. باشتر وایە بچیت لە دەرەوە نانەکەت بخۆیت."

ئیڤان گوتی: " زۆر چاکە! بە هەرحاڵ خۆ من دەبێ شەوێ لە دەرەوە بە سەر بەرم، چونکە دەبێ ئەسپەکە بەرمە لەوەڕ."

پاشان، تۆزێ نانی هەڵگرت، پاڵتۆکەی هەڵگرت و ئەسپەکەی بۆ دەشت ودەر برد.

( ٤ )

بێچوە جنەکەی لە مەڕ سیمون، کاری خۆی تەواو کردبوو. ئیدی لەسەر بەڵێنەکەی خۆی هات بە سوراغی بێچوە جنەکەی لە مەڕ ئیڤانەوە، تا بە دوو قۆڵی ئەو پیاوە سا ئەقڵە بێننە ڕەدا. هات بۆ کێڵگەکە، هەرچی گەڕا، هاوڕێکەی خۆی نەدۆزییەوە. تەنیا شوێنەواری کونێکی لە سەر ئەرزەکە بەدی کرد. لە فکران ڕاچوو: " وادیارە، هاوڕێکەم شتێکی خراپی لێقەوماوە. بۆیە دەبێ شوێنی ئەو بگرمەوەو کارەکەی ئەو تەواو بکەم. تازە کێڵگەکە کێڵراوەو تەواو، بۆیە دەبێ، لە مێرگەکەدا ڕووبەڕووی ئیڤانی سائەقڵ ببمەوە."

ئەوسا بێچوە جنەکە ڕۆیی بۆ مێرگ وسەوزەزارەکان، لەهی ولافاوێکی هەستاند وکردی بەگژ مێرگەکەی ئیڤاندا و مێرگەکە لە قوڕولیتەدا نقووم بوو.

ئیڤان، بەیانی سەحەری لە مێرگەکە گەڕایەوە. داسە دەسک کورتەکەی لە هەسان دا و چوو بۆ گیا دروون. دەستی بە گیا دروونەوە کرد، هەرکە یەک دوو سواڵەی دوورییەوە، داسەکەی لە دەم کەوت وهیچی نەدەبڕی. ئیڤان ماوەیەک هەوڵیدا فایدەی نەبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " فایدەی نییە. دەبێ بڕۆم بۆ ماڵەوە تا شتێک بێنم و دەمی داسەکە تیژ بکەمەوە. تۆزێ نانیش بۆ خۆم دێنم. ئەگەر یەک هەفتەش لەم دەشت و دەرە ماومەتەوە، تا گیاکە نەدوورمەوە کۆڵنادەم و ناڕۆم. " بێچوە جنەکە کە گوێی لەو قسەیە بوو لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەم گێلە پیاوە زۆر سەرسەختە ها. بەم جۆرە دەرەقەتی نایەم. دەبێ فێڵێکی دیکە تاقی بکەمەوە."

ئیڤان گەڕایەوە. داسەکەی تیژ کردەوەو خجڵی گیا بڕین بوو. بێچوە جنەکە خۆی خزاندە نێو گیایەکانەوە. لە دواوە داسەکەی دەگرت وبەجۆرێ پاڵی پێوە دەنا کە دەمەکەی لە عاردی بچەقێ.

ئیڤان، هەرچەند گیا بڕینەکە زۆر قورس بووبوو، لێ هەر کۆڵی نەدا وبە هەر گیانە سەرییەک بوو هەموو گیایەکەی دووریەوە، تەنیا بەشێکی کەمی نەبێ کە تەڕ بووبوو و لە ناو زەلکاوەکەدا بوو وداسەکە کاری تێنەدەکرد. بێچوە جنەکە خۆی بە قۆپی و مرداوەکەدا کرد. لە فکران ڕاچوو. هەچەندە دەست وباڵم بریندار بووە، بەڵام هەر نایەڵم گیایەکە ببڕێ.

ئیڤان گەییە مرداوەکە. هەرچەندە گیایەکە چڕ وپڕ نەبوو بەڵام داسەکە کاری لێ نەدەکرد. ئیڤان تووڕە بوو، هەموو هێزی خۆی دایە دەسکی داسەکە، بێچوە جنەکە تاقەتی چوو. نەیدەتوانی هاوکات لە گەڵ جوڵەی داسەکەدا بجووڵێت. ئیڤان سات بە سات تووندتر داسەکەی ڕادەوەشاند و لە ساقەتەی گیایەکانی گیر دەکرد. لەم بەینەدا نیوەی کلکی بێچوە جنەکەی بڕی. ئەوسا لە دروێنەی گیا بووەوە. بە خوشکەکەی گوت کە گیایەکە کۆ بکاتەوە. بە خۆیشی ڕۆیی تا درۆینەی جۆ وسێپەڕە بکات. لێ بێچوە جنە کلک بڕاوەکە لەو زووتر خۆی گەیاندە تەبارە جۆیەکە. هەمووی پێکەوە بەستن تا داسەکە کاری تێنەکات. لێ ئیڤان بۆ ماڵ ڕۆیشتەوەو داسێکی گەورەی هێنا ودەستی بە دروێنەی جۆ کرد وهەموو مەزراکەی دوورییەوە.

ئەوجا گوتی: " ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، بچمە سەر تەبارە شۆڤانەکە."

بێچوە جنە کلک بڕاوەکە گوێی لەو قسەیە بوو، لە فکران ڕاچوو: "لە کێڵگەی سێپەڕەکە دەرەقەتی نەهاتم، بەڵام لە کێڵگەی شوڤانەکەدا دەماری دەردێنم. چاوەڕوانی سبەی دەکەم."

بێچوە جنەکە بەیانی بە هەشتاو چوو بۆ کێڵگە شۆڤانەکە. لێ شۆڤانەکە دروێنە کرابوو! ئیڤان بە درێژایی شەو کاری کردبوو تا کەمترین دەنکی شۆڤانەکە بڕژێ. بێچوە جنەکە زۆر تووڕە بوو، دەبیرەوە چوو: " ئەم کەرە ئازای لەشی زامدار کردووم، ئەم دێهاتیە سائەقڵە، کوشتوومی. ئەم کارەی من لە شەڕێکی بێهودە خراپترە. ئەم کابرا گەوجە، خەوی نییە. فریای ناکەوم. ئێستا بە ناو کێڵگە شۆڤانەکە دەکەوم و هەمووی وێران دەکەم."

بێچوە جنەکە، خۆی بە ناو سێپەڕە وشۆڤانەکەدا کرد، گیشەکانی تێک دا، شۆڤانەکە گەرم بوو، بێچوە جنەکە گەرم داهات و خەوی پێدا کەوت.

ئیڤان، ئەسپەکەی لە عەرەبانە بەست، لە گەڵ خوشکەکەیدا ڕۆیی تا شۆڤانەکە بار بکات و بیهێنێتەوە بۆ سەر خەرمان. چووە سەر گیشەکان. ئیدی شەنەی لێ خستنەکار و بۆ ناو عەرەبانەکەی بەرزکردنەوە دوو گورزەی لە عەرەبانەکە بار کرد، شەنەکەی لە گورزەی سێیەم چەقاند تا بیکاتە عەرەبانەکەوە. پیرە شەنە لە پشتی بێچوە جن چەقی. کە شەنەکەی بەرز کردەوە، بێچوە جنێکی زیندووی کلک بڕاوی بە سەر لقی شەنەکەوە بینی، کە بەدەم لەقە فڕتێوە دەیویست خۆی دەربازبکات وهەڵێت.

- هەی موزیڕی ناڕەسەن دووبارە پەیدا بوویتەوە؟

بێچوە جنەکە گوتی: " من یەکێکی دیکەم. ئەوەی یەکەم برام بوو. من لە دووی سیمونی برات بووم."

ئیڤان گوتی: - هەر کێیەک هەی بە، دووچاری هەمان چارەنووس بوویت.

لێبڕا بەرزی بکاتەوە وبیکێشێت بە عارەبانەکەدا وحەیاتی لە بەر ببڕێت. بێچوە جنەکە کەوتە گریان و پاڕانەوە: " بەرم بدە با بڕۆم، جارێکی دی نایەمەوە بەلاتا، هەر شتێکیشت بوێ بۆتی جێبەجێ دەکەم! "

- چ کارێکت لە دەست دێ؟

- دتوانم سەرباز لە هەر شتێک خۆت بتەوێ، دروست بکەم.

- باشە سەرباز بە کەڵکی چی من دێت؟

- دەتوانی هەر کارێکت گەرەک بوو بەوانی بکەی.

- دەتوانن ستران بێژن؟

- ئەگەر داوایان لێبکەی، بەڵێ.

- دەی چاکە، ژمارەیەک سەربازم بۆ دروست بکە!

بێچوە جنەکە گوتی:

- وەرە سواڵەیەک لەم شۆڤانە هەڵگرە، ڕاست لە سەر ئەرزەکە بە قیتی دای بنە و بڵێ:

" سواڵە شۆڤان، خولاّمەکەی من

ئەمر دەکەم

هەر لاسکە شۆڤانێک

ببێت بە سەربازێ

و ئامادەی خزمەتی من بێ! "

ئیڤان، سواڵەیەک شۆڤانی هەڵگرت، بە قیتی لە سەر ئەرزەکە وەستاندی، وتەکانی بێچوە جنەکەی پێ گوت. ساقەتەکان کەوتن وهەر لاسکێکی بوو بە سەربازێک. شەیپور ژەنێک و دەوڵ کوتێک لە پێشیانەوە وەستابوون. کەتیبەیەکی تەواویان پێکهێنا.

ئیڤان پێکەنی وگوتی: " زۆر چاکە، بە ڕاستی زیرەکی! مەگەر خوا بزانێ کچانی گوند، چەند دڵیان بەمە خۆش بێ "

بێچوە جنەکە گوتی: "کەواتە ئازادم بکە با بڕۆم. "

ئیڤان گوتی: - نا، دەبێ فێرم بکەی چۆن لە گوڵە شۆڤانی پووک، ئەوەی دانی تیا نییە، سەرباز دروست بکەم. دەنا گوڵە شۆڤان وگەنم وجۆکان خەسار دەبن. فێرم بکە چۆن ئەم سەربازانە بگۆڕم بە گوڵە جۆ وگەنم. دوای ئەوەی خەرمانم کوتا، لە کا و کوتەکەی سەرباز دروست بکەم.

بێچوە جنەکە گوتی: "ئەم قسەیە دووبارە بکەوە: "

" هەر سەربازێک

ببێتەوە بە ساقەتە و پووش

چونکە خولاّمەکەی من

وای ئەمر کردووە! "

ئیڤان ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە. هەموو سەربازەکان بوونەوە بە سواڵە و گورزە ساقەتە.

بێچوە جنەکە کەوتە پاڕانەوەو گوتی: " دەی ئازادم بکە با بڕۆم. "

ئیڤان، لە قەراخ عەرەبانەکە داینا، بە دەستێک گرتی و شەنەکەی لە بەدەنی دەرهێنا و گوتی: " بڕۆ، خوات لە گەڵ! "

هەرکە ئیڤان ناوی خوای هێنا، چوو بە ناخی ئەرزا، وەکو چۆن بەرد لە ئاو ڕۆ دەچێ. هیچ شوێنەوارێکی بە سەر ئەرزەوە نەما، جگە لە کونێک.

ئیڤان بۆ ماڵ گەڕایەوە. براکەی دیکەشی هاتبوو. خۆی و ژنەکەی خەریکی نانخواردن بوون. تاراسە قەڵەو نەیتوانی بوو قەرزەکانی بداتەوە. لە دەستی خاوەن قەرزەکان هەڵاتبوو و پەنای بۆ ماڵی بابی هێنابوو. کە چاوی بە ئیڤان کەوت گوتی:

- گوێ بگرە، تا ئەو کاتەی بۆم دەلوێ بگەڕێمەوە سەرکاری بازرگانی دەبێ تۆ خەرجی من و ژنەکەم بکێشێت.

ئیڤان گوتی: - خەمت نەبێ! ئەگەر حەز دەکەی دەتوانی لێرە بمێنیتەوە.

ئیڤان، پاڵتۆکەی داکەند، ئەوجا لە سەر خوانەکە دانیشت تا نان بخوات.

بەڵام ژنی بازرگان گوتی: " من ناتوانم لە گەڵ ئەم فەلاحە لێبۆکەدا، لە سەر یەک مێز و خوان دانیشم، بۆنی ئارەقەی یەک سەعاتە ڕێ دەڕوات! قیزەونە!"

تاراسە قەڵەو گوتی: " ئیڤان بۆنت ناخۆشە، بڕۆ لە دەرەوە نانەکەت بخۆ."

ئیڤان گوتی: " زۆر چاکە! "

تۆزێ نانی لە گەڵ خۆیدا برد وچووە ناو حەوشە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " بەهەر حاڵ کاتی ئەوە هاتووە بچم ئەسپەکە بۆ لەوەڕ ببەم."

( ٥ )

بێچوە جنەکەی لە مەڕ تاراس ئەو شەوە بێکار بوو وەکو چۆن قەراریان دابوو، هات بۆ یارمەتی دانی هاوڕێکەی تا بە دوو قۆڵی ئیڤان بەرهەق بکەن. چوو بۆ کێڵگەی گەنمەکە، لەوێ ماوەیەک لە هەر دوو هاوڕێکەی گەڕا،

لێ شتاقیانی نەدۆزییەوە. تەنیا کونێکی لە عاردی بینی و هیچی دی. چوو بۆ مێرگەکە. لەوێ لە زەلکاو و مرداوەکەدا کلکی بێچوە جنەکەی بینی و لە گەڵ کونێکا لە ژێر گیشە شۆڤان وسێپەڕەکاندا. لە فکران ڕا چوو: " دەبێ شتێکی خراپیان لێقەومابێ. دەبێ شوێنی ئەوان بگرمەوەو ڕووبەڕووی ئەم گێلە پیاوە ببمەوە."

بێچوە جنەکە چووە سوراغی ئیڤان. ئیڤان لە کۆکردنەوەی سواڵە گەنمەکان بووبووەوە. چوو بوو بۆ لێرەوار تا درەخت ببڕێتەوە. جووتە برا هەستیان کردبوو، قەرەباڵغن و بە ئاسانی لە ماڵەکەدا جێگەیان نابێتەوە، بۆیە ئیڤانیان ڕاسپاردبوو، دار ببڕێتەوەو دوو خانووی تازەیان بۆ دروست بکات.

بێچوە جنەکە، بە هەشتاو بۆ لێرەکە چووبوو. خۆی بە نێو لق و پۆپی درەختەکاندا کردبوو، تا تەگەرە بۆ ئیڤان دروست بکات ونەیەڵێ دار و درەختەکان ببڕێتەوە. ئیڤان بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە تەورەکەی، بەر بووە پاینی قەدی درەختێک، بەو نیازەی ڕاستەوخۆ بکەوێتە بۆشاییەوە. لێ لە کەوتنا خوار بووەوەو لە لق و پۆپی درەختانی دی گیربوو. ئیڤان دیرەکێکی دیکەی بڕی تا دارە خواربووەکەی پێ بخاتە خوارەوە. بە زەحمەتێکی زۆر ئەوجادارە گیر بووەکە بخاتە خوارەوە. ئەوجا کەوتە ویزەی دارێکی دیکە. دووچاری هەمان کێشە بووەوە و دوای هەوڵێکی زۆر داری دووەمیشی بڕییەوە، ئەوجا چووە وێزەی درەختی سێیەم و هەمان کێشەی بۆ دروست بووەوە.

ئیڤان بە تەمابوو بەلای کەمەوە سەد درەختی بچووک ببڕێتەوە، کەچی وێڕای ئەوەی کات درەنگ بووبوو و ئێوارەیەکی درەنگ بوو و خەریک بوو شەوی لێ بەسەر بێت، بەڵام هێشتا هەر حەوت هەشت درەختێکی بڕی بووەوە. شەکەت و ماندوو بووبوو، ئارەقە وەکو باران بە سەر و ڕوویا دەهاتە خوارەوە. هەڵم لە گیانیەوە هەڵدەستا و وەکو تەمتومان دەوروبەری دەتەنی. بەڵام وێڕای ئەوەش کۆڵی نەدا و لە کارەکەی بەردەوام بوو. دارێکی دیکەی بڕییەوە، بەڵام پشتی دایە ئازارێک نەیدەتوانی خۆی بە پێوە بگرێت. ئیدی تەورەکەی لە قەدی درەختێک چەقاند و لە لایەکەوە دانیشت تا دەمێ پشوو بدات.

بێچوه جنەکە، کە بینی ئیڤان لە کار وەستا، زۆری کەیف هات، لە فکران ڕاچوو: " ئەنجام ماندوو بوو! ئیدی دەستبەردار دەبێ، منیش بۆ خۆم پشوویەک دەدەم." ئەوسا بۆ خۆی چووە سەر لقە درەختێک ولە دڵی خۆیدا پێدەکەنی. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئیڤان هەستا. تەورەکەی لە درەختەکە دەرهێنا، لە دیوەکەی ترەوە بەربووە درەختەکە، پیرە درەخت یەکسەر و زۆر بە خێرایی کەوتە سەر ئەرزەکە. بێچوه جنەکە کە وێنای ئەمەی نەدەکرد، بە جۆرێ غافڵگیر بوو، فریای ڕاکردنیش نەکەوت. پێی کەوتە ژێر درەختەکەوەو پەنجەی پلیشایەوە. ئیڤان کەوتە بڕینەوەی چڵەکانی درەختەکە، بە دەم پەرچ کردنی چڵەکانەوە بێچوه جنێکی بەدی کرد کە بە چڵێکەوە هەڵواسرابوو. پێی گوت: - هەی موزیرِی ناڕەسەن، دیسان پەیدا بوویتەوە؟

- نە، من یەکێکی دیکەم، من لە تاراسی برات بەرپرس بووم.

- هەر کێیەک هەی، ببە. چارەنووست، هەمان چارەنووسە.

تەورەکەی بەرزکردەوە تا سەراپا شەقی بکات و بیکات بە دوو لەتەوە. لێ بێچوه جنەکە کەوتە گریە و زاری و پاڕایەوە وگوتی:

"مەمکوژە، هەر چیت دەوێ بۆتی دەکەم! "

- چ کارێک بەڵەدی؟

- دەتوانم، پارە و پولت بۆ دروست بکەم. هەر چەندەت دەوێ بۆتی دروست دەکەم.

- دەی باشە، هەندێ نموونە دروست بکە.

- بەسەر چاو، ئێستا بۆتی دروست دەکەم.

بێچوه جنەکە پێی نیشاندا کە چۆن پارە دروست دەکرێت وگوتی:

" هەندێ گەڵای دار بەڕوو ببە، لە نێو هەر دوو دەستا بیسووەوە، ئیدی زێڕ وتەڵا لە دەستت هەڵدەوەرێ."

ئیڤان هەندێک گەڵای هەڵگرت، لە دەستیا هەڵی گلۆفتن. ئیدی زێڕ لە دەستی کەوتە خوارەوە. گوتی: " ئەمە بۆ منداڵان باشە کە لە ڕۆژانی جەژنا گەمەی پێبکەن."

بێچوە جنەکە گوتی: " کەواتە ڕێم بدە با بڕۆم. "

ئیڤان دارەکەی لە سەری لادا و گوتی: " بڕۆ ئەسپاردەی خوا بی."

هەرکە ناوی خوای هێنا، بێچوە جنەکە چوو بە ناخی ئەرزا، وەکو بەردێک هەڵیدەنە ناو ئاوەوە. بەڵام تەنیا شوێنەواری کونێک لە سەر ئەرزەکە مایەوە.

( ٦ )

بەوجۆرە دوو خانوویان بۆ جووتە برا دروستکرد و بۆ خۆ بە جیا دەژیان. ئیڤان لە کاروباری درەو وخەلە و خەرمان بووەوە، شەرابی دروست کرد، هەر دوو براکەی دەعوەت کرد کە جەژنی داهاتوو میوانی ئەو بن و جەژنەکە پێکەوە بەسەر بەرن. بەڵام براکانی دەعوەتەکەیان قەبووڵ نەکرد و گوتیان: " حەزمان لە دەعوەتی فەلاحان نییە! "

ئیڤان، فەلاحەکانی دەر ودراوسێی بە خۆ وهاوسەرەکانیانەوە دەعوەت کرد. هاتن، نانیان خوارد، ئەوەندەیان مەینۆشی کرد کە ئیڤان سەری گەرم بوو. ئیڤان چووە کۆڵان، کۆمەڵێک خەریکی سەما و هەڵپەڕکێ بوون. پەیوەندی بەوانەوە کرد. داوای لەو ژنانەی کە گۆرانیان دەچڕی کرد تا گۆرانیەک لە سەر شەرەفی ئەو بڵێن. بەڵێنی دانێ ئەگەر شتی وا بکەن شتێکیان دەداتێ کە بە عەمراتیان نەیان بینی بێ!

ژنەکان پێکەنین وکەوتنە گۆرانی و هەڵگوتن بەودا. کە لە گۆرانیەکە بوونەوە گوتیان: " دەی ئەو پاداشتەمان بدەیە کە بەڵێنت داینێ."

گوتی: " هەر ئێستا بۆتانی دێنم! " ئەوسا زەمیلەیەکی هەڵگرت وبە هەشتاو بەرەو لێرەوارەکە ڕۆیی.

ژنەکان پێکەنین. گوتیان: "شێتە! " و ئاراستەی قسەکانیان گۆڕی. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئیڤان بلەز گەڕایەوە. زەمیلەکەی قورس دیار بوو. گوتی:

- دەتانەوێ بە هەمووتانی بدەم؟

- بەڵێ بە هەمووماتی بدە.

ئیڤان، چنگێ زێڕی هەڵگرت و بۆ ژەنەکانی هەڵدا. بڕیا لەوێ دەبوویت و دەتبینی بۆ هەڵگرتنەوەی زێرەکە بوو بە چ هەراو هەنگامە وپاڵە پەستۆیەک! پیاوەکان چۆن پەلاماریان دەدا و دراوەکانیان لە دەست یەکدی دەڕفاند، فڕکان فرکانێ بوو ئەو سەری دیار نەبوو. خەریک بوو پیرەژنیک لە بن دەست و پێیاندا بپلیشێتەوە.

ئیڤان، بە دەم پێکەنینەوە هاواری دەکرد: " گێلینە، بۆچی ئەو پیرەژنەتان خستە ژێر دەست و پێیان؟ کەمێک سەبرتان بێ، بەشی هەمووتان دەدەم."

ئەوسا، هەموو ئاڵتونەکەی بۆ هەڵدان. خەڵکەکە داوای زیاتریان دەکرد. بەڵام ئیڤان گوتی: " تەواو، پێم نەما. جارێکی دی زیاترتان دەدەمێ. ئێستا با سەما و شایی بکەین و دەتوانن گۆرانی بە مندا هەڵبڵێن! "

ژنەکان کەوتنە گۆرانی گوتن.

ئیڤان گوتی: " گۆرانیەکانتان خۆش نییە. "

گوتیان: " گۆرانی لەمە خۆشتر نییە "

گوتی: " ئێستا نیشانتانی دەدەم. "

ئەوسا، بەرەو کادێنەکە ڕۆیی. گورزەیەک قرشەی ( کلۆش )ی هەڵگرت. گوڵەکانی هەڵوەراند ودانی تیادا نەهێشتن، پوشەکەی ڕاست وئەستوونی لە ئەرزەکە چەقاند و گوتی:

" دەی گورزەکە، خولامی من

ئەمر دەکەم

لە جێگای هەر پووشێک

سەربازێکم بۆ پەیدا بکە

دەربەست لە خزمەتمابێ "

ئیدی گورزە قەسەڵەکە لێکدی جیابوونەوە، هەر قەسەڵە ولە جێی خۆیەوە بوو بە سەربازێک. شەیپورژەن ودۆڵ کوتەکان کەوتنە شەیپورژەندن ودۆڵ کوتان. ئیڤان ئەمری بە سەربازەکان کرد کە دەست بە سەما و گۆرانی بکەن. پێشیان کەوت و بەڕیز بۆ سەر جادەکەی بردن. سەربازەکان کەوتنە هەڵپەڕکێ وگۆرانی. خەڵکەکە سەریان سوڕما. پاشان ئیڤان بردنی بۆ خەرمانەکان. نەیهێشت هیچ یەکێک لە جووتیارەکان دوایان بکەون. لەوێ کردنیەوە بە گورزەیەک کلۆش ولە شوینی خۆی دایانانەوە.

پاشان بۆ ماڵ گەڕایەوە. لە تەویلەکەدا پاڵکەوت تا بنوێ.

( ٧ )

سیمونی سەرباز، بۆ سبەی بەیانی لە هەموو ڕووداوەکە ئاگادار بوو، چوو بۆ لای براکەی و گوتی: - پێم بڵێ ئەو سەربازانەت لە کوێ هێنا وبۆ کوێت بردن؟

ئیڤان پرسی: - بۆچی دەپرسیت و ئەو شتە بایەخی چیە؟

- بۆچی دەپرسم؟ بایەخی چیە؟ ئەگەر سەرباز وسوپات هەبێ، دەتوانی هەموو کارێکی پێ بکەی، دەکرێ لەو ڕێگایەوە بگەیە پاشایەتی وڵاتێک.

ئیڤان سەری سوڕما وگوتی:

- بەڕاست؟ باشە بۆ پێشتر پێت نەگوتم؟ چەند سەربازت بوێ بۆتی دابین دەکەم. خۆشبەختانە من و خوشکەکەم یەک دنیا کلۆشمان کۆ کردووەتەوە."

ئیڤان، براکەی بۆ کادێنەکە برد وگوتی:

- گوێ بگرە. ئەگەر سەربازم بۆ دابین کردی، دەبێ بە هەشتاو هەر هەموویان لێرە ببەی و بڕۆی. چونکە ئەگەر قەرار بێ نان و ئاویان بدەینێ، بە ڕۆژێک هەموو گوندەکە دەخۆن.

سیمونی سەرباز، بەڵێنی دا، هەموو سەربازەکان لەوێندەر ببات. ئیڤان دەستی بە سەرباز دروست کردن کرد. سواڵە کلۆشێکی لە عاردی دەچەقاند، دەبوو بە یەک فەوج سەرباز. ئەوەندە ئەو کارەی دووبارە کردەوە، دەشت و دەر پڕ بوو لە سەرباز. پاشان لە براکەی پرسی: - بەسە؟

سیمون لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری وگوتی: " بەسە ئیڤان، سوپاس! "

ئیڤان گوتی: " زۆر چاکە! هەر کاتێ سەربازی ترت ویست وەرە بۆ لام تا سەربازت بۆ داین بکەم. خۆشبەختانە ئەمساڵ کلۆشمان ( لاسکە دەغل ، قرشە ) یەجگار زۆرە. "

سیمونی سەرباز، یەکسەر ڕابەرایەتی سوپاکەی گرتە ئەستۆ، کۆی کردەوەو ڕێکی خست و بەرەو مەیدانی جەنگ بەڕێکەوت. هێشتا سیمون بە تەواوەتی نەڕۆیشتبوو، سەر وسەکوتی تاراسە قەڵەو پەیدا بوو. ئەویش، حاڵ و حیکایەتەکەی دوێنێی بیستبوو. بە ئیڤانی برای گوت:

- پێم بڵێ ئەو هەموو زێڕ وتەڵایەت لە کوێ بوو! خۆ ئەگەر من بڕێک زێڕم هەبوایە، دەم خستە ئیشەوەو لە هەر چوار نکالی دنیاوە پارە و پولم بە سەردا دەڕژا.

ئیڤان، حایر وحەپەساو گوتی:

- بەڕاست؟ ئەدی بۆ زوو قسەت نەکرد. چەندت زێڕ بوێ بۆتی فەراهەم دەکەم.

براکەی زۆر دڵخۆش بوو وگوتی: - سێ زەمیلەی پڕم بدەیە بەسە.

ئیڤان گوتی: " زۆرچاکە! با بڕۆین بۆ بێشەکە. باشتر وایە ئەم یابوەش زین بکەی و لە گەڵ خۆتیا بێنی، چونکە سێ زەمیلە سکە قورسە و بە تۆ هەڵناگیرێت."

بە هەشتاو چوون بۆ بێشەکە. ئیڤان کۆمەڵێک گەڵای دار بەڕووی هەڵگرت ولە نێو هەر دوو دەستیا سوویەوەو خەرمانێ زێڕی هەڵدایەوەو بە بەراکەی گوت: " ئەوەندەت بەسە؟ "

تاراس، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری وگوتی:

- ئەمڕۆ بەسە، سوپاس ئیڤان گیان!

ئیڤان گوتی: " زۆر چاکە، ئەگەر زیاترت ویست وەرە بۆ لام. دار بەڕووەکان گەڵای دنیایان پێوەیە.

تاراسە قەڵەو، عەرەبانەیەکی پڕ لە سکەی زێڕ کرد وڕۆیی تا بازرگای پێوە بکات.

جووتە برا ڕۆیشتن، سیمونی سەرباز بۆ مەیدانی جەنگ ڕۆیی و تاراسە قەڵەو دووی مامەڵە و سەودا ، کڕین و فرۆشتن کەوت.

سیمونی سەرباز، مەملەکەتێکی فەتح کرد وبوو بە سوڵتانی ئەو شوێنە وتاراسە قەڵەویش، سەروەت وسامانێکی زۆری بە دەست هێنا. پاشان ئەم جووتە برایە کە یەکتریان بینی وحاڵ وحیکایەتی خۆیان بۆ یەکدی گێڕایەوە چۆن بوون بە خاوەنی لەشکر و قۆشەن و زێڕ وسەروەت وسامان. سیمونی سەرباز بە براکەی گوت: "مەملەکەتێکم فەتح کردووە، ژیانێکی بە شکۆ وجەلالم هەیە، بەڵام ئەوندەم پارەو دارایی نییە کە خەرجی سەربازەکانم بکێشم.

تاراسە قەڵەو گوتی:

- من سەروەت و سامانێکی مۆڵم ( زۆر، فرە، گەلەک ) بە دەست هێناوە بەڵام کێشەم ئەمەیە کەسم نییە، پاسەوانی و ئاگاداری ئەو هەموو سەروەت و سامانەم بۆ بکات.

هەنگێ سیمونی سەرباز گوتی:

- وەرە با بڕۆین بۆ لای ئیڤانە گێلی برامان، داوای لێدەکەین سەربازانی زیاتر بۆ من فەراهەم بکات، تا من ئەو سەربازانە بدەم بە تۆ، بۆ ئەوەی

پاسداری سەروەت و سامانەکەی تۆ بکەن و سکەی زێڕی زیاتر بۆ تۆ دروست بکات، تا من بتوانم مووچەی سەربازەکانم بدەم.

بە دوو قۆڵی چوون بۆ نک ئیڤانی برایان. سیمون گوتی: " برای ئازیزم، من سەربازم کەمن، بەلای کەمەوە دوو فەوجی دیکەم بۆ دابین بکە! "

لێ ئیڤان سەری لەقاند وگوتی: - نا، هیچ سەربازێکی دیکەت بۆ دابین ناکەم!

- بەڵام تۆ بەڵێنت دا.

- بەلێ بەڵێنم دابوو. بەڵام تەواو لەوە زیاترت بۆ دابین ناکەم.

- بۆ نایکەی قەلپیاو؟!

- چونکە سەربازەکانی تۆ پیاوێکیان کوشتووە. چەند ڕۆژێ لەمە پێش لە نزیکی ڕێگاکە زەویم دەکێڵا. ژنێکم بینی جەنازەیەکی لە عەرەبانەیەک نابوو وبە گریان وشیوەن دووی کەوتبوو. لێم پرسی ئەم جەنازەیە کێیە؟ گوتی: " سەربازانی سیمون لە شەڕا مێردەکەمیان کوشتووە. " من وام خەیاڵ دەکرد ئەو سەربازانەی کە من دروستیان دەکەم تەنیا دەهۆڵ و زوڕنا لێدەدەن. کەچی ئەوەتا مرۆڤێکیان کوشتووە. ئیدی تەواو، تاقە یەک سەربازیشت بۆ دروست ناکەم!"

چوو بە چەقی نەعلەتا وچیدی سەربازی دروست نەکرد.

تاراسە قەڵەویش، لە ئیڤان پاڕایەوە وتکای لێکرد کە هەندێ سکەی زێڕی دی بۆ دروست بکات. لێ ئیڤان سەری بادا و گوتی:

- نا، سکەی زێڕ بۆ کەس دروست ناکەم!

- مەگەر خۆت بەڵێنت نەدابوومێ؟

- با، بەڵێنم دابوو، بەڵام تەواو، ئیدی دروستی ناکەم.

- بۆچی دروستی ناکەی قەلپیاو؟

- چونکە سکە زێڕەکانی تۆ بوونە بایسی ئەوەی کە کیژەکەی میخائیل چێلەکەی لە دەست بدات.

- چۆن؟

- چاک، چێلەکەی کیژی میخائیل بە پارەی تۆ ڕۆیی! کیژی میخائیل چێلێکی هەبوو، منداڵەکانی شیری چێلەکەیان دەخوارد وخوویان پێوە گرتبوو. دوێنێ منداڵەکان هاتن بۆ لای من و داوای شیریان کرد. گوتم " ئەدی چێلەکەتان چی بە سەر هات؟ " گوتیان: " پێشکارەکەی تاراس هات، سێ سکەی زێڕی دا بە داکمان وچێلەکەی برد. ئێستا بێ شیر ماوینەتەوە. " من وام خەیاڵ دەکرد، تۆ تەنیا گەمە بە سکە زێڕەکان دەکەیت. بەڵام تۆ بەو سکە زێڕانە چێلەکەت لە دەست داکیان دەرهێناوە. تەواو ئیدی هیچی ترت بۆ دروست ناکەم.

ئیڤان چوو بە چەقی نەعلەتا وداواکانی هەر دوو براکەی ڕەفز کرد. جووتە برا ڕۆیشتن. بە دەم ڕێگاوە باسی ئەوەیان کرد، چۆن کێشەکانیان چارەسەر بکەن. سیمون گوتی:

- گوێ بگرە، دەزانی دەبێ چ بکەین. تۆ پارەم بدەیە کە من بتوانم خەرجی سەربازەکانم بکێشم و مووچەیان بدەم. منیش نیوەی مەملەکەتەکەی خۆمت دەدەمێ و ئەوەندەت سەرباز دەدەمێ کە بتوانن پاسەوانی سەروەت وسامانەکەت بکەن.

تاراس قایل بوو. بەوجۆرە جووتە برا، ماڵ وموڵکەکەیان دابەش کرد. هەردووکیان بوون بە پاشا و هەردووکیان دەوڵەمەند بوون.

( ٨ )

ئیڤان، لە ماڵە گوندیاتیەکەی خۆیاندا، لە گەڵ داک و باب و خوشکە نوقستانەکەیدا دەژیا و بە هاوکاری خوشکە کەڕ ولاڵەکەی مەزراکەی بەڕێوە دەبرد. بەڕێکەوت سەگەکەی ئیڤان نەخۆش کەوت. گەڕ بوو، خەریک بوو بتۆپێ. ئیڤان بەزەیی پێیدا دەهاتەوە. هەندێک نانی لە خوشکی وەرگرت و نایە ناو کڵاوەکەی و بردی و خستیە بەر سەگەکە. بەڵام کڵاوەکەی کون بوو،

یەکێک لە سێ لاسکە گیایەکان، ئەوانەی بێچوە جنەکە پێی دابوو، لە گەڵ نانەکەدا لە کونی کڵاوەکەوە کەوتە سەر ئەرزەکە. سەگەکە گیایەکەی لەگەڵ نانەکەدا خوارد. هێشتا لە گەرووی ئاودیو نەبووبوو کەلە جێی خۆی هەستا. دەستی بە گەمە وکلەکە لەقێ و وەڕین کرد. داک و بابی کە ئەم دیمەنەیان بینی حایر مان ولە ئیڤانیان پرسی:

- چۆن سەگەکەت چاک کردەوە؟

ئیڤان بەرسڤی دانەوە:

- دوو ڕەگە گیای بچووکم هەبوون بۆ شیفای نەخۆشی. سەگەکە یەکێکیانی خوارد.

هەر لەو ڕۆژانەدا کیژی پاشاش نەخۆش کەوت. شا لە هەموو شار وگوندەکاندا جاڕی دابوو هەرکەس بتوانێ نەخۆشی کیژەکەی چاک بکاتەوە، خەڵاتی دەکات. خۆ ئەگەر سەڵت بێ ئەوا کیژەکەی لێ مارە دەکات و دەیکات بە زاوای خۆی. ئەم جاڕە لە گوندەکەی ئیڤانیش درا.

باب و داکی ئیڤان، ئیڤانیان بانگ کرد وگوتیان:

- گوێت لێبوو پاشا چ جاڕێکی داوە؟ تۆ گوتت گیا دەرمانێکت هەیە بۆ هەموو نەخۆشیەک باشە؟ بڕۆ کیژی پاشا چاک بکەوە تا بە درێژایی ژیان بە بەختەوەری بژیت.

ئیڤان گوتی: - باشە، دەچم!

ئیڤان خۆی ئامادە کرد بڕوات. داک و بابی باشترین جل و بەرگیان لەبەری کرد. لێ هەرکە لە دەرگا وەدەرکەوت، تووشی ژنێکی دەرۆزەکەر بوو کە دەستێکی وشک بووبوو. ژنە دەرۆزەکەرەکە پێی گوت:

- بیستوومە تۆ دەتوانی نەخۆشان چاک بکەیتەوە. تکات لێدەکەم دەستم چاک بکەوە، تا بە لای کەمەوە، بتوانم بە خۆم پێڵاوەکانم لە پێ بکەم.

ئیڤان گوتی: - زۆرچاکە.

ڕەگە گیایەکەی دا بە ژنە دەرۆزەکەرەکە و پێی گوت بیخوات. ژنە گیایەکەی خوارد و شیفای بۆ هات. ئیدی دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی دەستی بجولێنێ.

داک وبابی هاتن تا بۆ لای پاشای بەڕێ بکەن. بەڵام کە زانیان گیایەکەی داوە بە ژنە دەرۆزەکەرەکە وهیچی پێ نەماوە کە کیژی پاشای پێ چاک بکاتەوە، کەوتنە سەرزەنشتی و گوتیان:

- یانی بەزەییت بە ژنێکی گەدادا دێتەوە، بەڵام دڵت بە کیژی پاشا ناسووتێ؟!

بەڵام ئیڤان دڵی بە کیژی پاشاش دەسووتا. عەرەبانەی لە ئەسپەکەی بەست، گورزەیەک پووشی لە عەرەبانەکە نا تا لە سەری دانیشێت، ئەوسا دانیشت تا بکەوێتەڕێ. داک و بابی لێیان پرسی: - بۆ کوێ گەوجە؟

- دەچم شیفای کیژی پاشا بدەم.

- بەڵام تۆ هیچت پێ نەماوە تا شیفای ئەو کیژە بدەی!

ئیڤان گوتی: - خەمتان نەبێ!

ئەوسا کەوتەڕێ.

بەرەو کۆشکی پاشا بەڕێکەوت. هەرکە پێی نایە ناو حەوشەی کۆشکی پاشا، کیژێ وەخۆ هاتەوە وچاک بووەوە.

پاشا خۆشحاڵ بوو. ئەمری کرد، ئیڤانیان بردە حوزووری، ئەمری کرد نایاب ترین جل و بەرگی لەبەر بکەن... گوتی: - ببە بە زاوای من.

ئیڤان گوتی: - باشە!

ئیڤان، زەماوەندی دەگەڵ شادۆتدا ( شازادە خانم ) کرد. دوای ماوەیەک خەزووری (واتە بابی شادۆت) مرد. ئیڤان جێگای گرتەوەو بوو بە پاشا. بەوجۆرە هەر سێ برا، هەموویان بوون بە پاشا.

سێ برا بە پاشایەتی ڕۆژگاریان دەگوزەراند. برا گەورەکە، سیمونی سەرباز، کار وباری زۆر باش بوو. لە ڕێگەی سەربازە کارتۆنیەکانیەوە کەوتە سەربازگیری ڕاستەقینە. ئەمری کرد لە سەرانسەری مەملەکەت و پاشا نشینەکەی ئەوا، لە هەر دە ماڵ یەکێک بە سەرباز بگیرێ. بە مەرجێ ئەو سەربازە باڵابەرز، ساغ و سەلامەت، قۆزو ڕوخسار جوان بێ. ژمارەیەکی زۆری لەو جۆرە سەربازە کۆ کردەوە ومەشقی دادان، خۆ ئەگەر کەسێک بە گوێی نەکردبا، یەکسەر ئەو سەربازە مەشقدراوانەی دەکردە سەری و بە خورتی دەیان هێنانە ژێر بار، وای لێهات هەموو خەڵکی لێی دەترسان. ئیدی ڕۆژگاری بە خۆشی دەقەتاند ( دەگوزەراند ) . چاوی بە هەر شتێک بکەوتایە و دڵی بیگرتایە، دەبوو بە هی ئەو. سەربازی دەنارد و بۆیان دێنا.

تاراسە قەڵەویش، بە ئاسوودەیی دەژیا. ئەو پارە وپولەی لە ئیڤانی وەرگرتبوو، بە فیڕۆی نەدا، بەڵکو خستیە وەبەرهێنانەوە وهێندی دی زۆری کرد. نەزم و نیزام و ئەولەکاری ( ئەمنیەت و ئاسایش ) لە مەملەکەتەکەیدا بەرپا کرد. گەنجینەکەی پڕ بوو لە پارە، باجی لە خەڵکی وەردەگرت. سەرانەی وەردەگرت، باجی هاتوچۆی بەسەر پیادە و سوارەدا سەپاند، تەنانەت لە سەر جۆری پێڵاو وگۆرەوێ وجل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگیش وەردەگرت، هەر چیەکی بویستایە دەیکرد. خەڵکی لە پێناوی پارەدا هەموو شتێکیان بۆ دێنا، دەیانویست خزمەتی بکەن، هەر ئیشێکی بۆ بکەن. چونکە هەمووان هەر کوشتەی پارە بوون.

حاڵ وئەحواڵی ئیڤانی سائەقڵێش ( کەم فام ) خراپ نەبوو. دوای بە خاک سپاردنی خەزووری، هەموو جلە نایاب و شاهانەکانی لەبەر داکەند ودانی بە هاوسەرەکەی تا لە سەندووقیان بنێت. دووبارە هەمان کراسی جاو وپانتۆڵی کۆن وپێڵاوە فەلاحیەکانی لەبەر کردەوە، کەوتە کاری جووتیاری، گوتی:

- من فێری ژیانی تەمەڵی نیم. خەریکە قەڵەو دەبم. ئیشتیای خواردنم نەماوە، خەوم تێکچووە.

داک وباب وخوشکە نوقستانەکەی هێنان تا هەموویان لە یەک شوێن بژین. خەڵکی گوتیان: " خۆ تۆ خوا نەیبرێ پاشای"

گوتی: - بەڵێ، بەڵام پاشاش دەبێ خواردن بخوات.

ڕۆژێیەکێک لە وەزیرەکان هات بۆ لای وگوتی:

- پارەمان نییە مووچەی دەست و پێوەندە وکارمەندان بدەین.

گوتی: - چ قەیدیە، مەیان دەنێ.

- ئیدی خزمەت ناکەن.

- قەیدی نییە، با نەیکەن. هەنگێ دەرفەتی کارکردنی زیاتریان دەبێ. بلێ با پەین و زبڵان بگوازنەوە. وڵات پاک وخاوێن بکەنەوە.

خەلکی سکاڵای خۆیان دێنایە لای ئیڤان. یەکێک لەوانە گوتی:- فلان کەس پارەکەی دزیووم. ئیڤان گوتی: " قەیدی ناکا، دیارە پێویستی بە پارە بووە. "

ئیدی هەموو خەڵکی بۆیان دەرکەوت ئیڤان سائەقلە. هاوسەرەکەی پێی گوت: " خەڵکی دەڵێن تۆ شێتی. " ئیڤان گوتی: " قەیدێ ناکا. "

ژنەکەی لەو بارەیەوە زۆری بیرکردەوە. بەڵام ئەویش سائەقڵ بوو. لە دلی خۆیدا گوتی:

- باشە دروستە من دژایەتی مێردەکەم بکەم؟ نا، دەرزی کێوە چوو، داو دووی دەکەوێ!

ژنەش، جلکی شادۆتی وشاهانەی لەبەر داکەند و لە سندوقی نا. چوو بۆ لای خوشکە کەڕ وڵاڵەکەی ئیڤان تا فێری کار ببێت. فێری کار بوو و بوو بە یاریدەدەری مێردەکەی.

ئیدی هەموو خەڵکە ژیر وزاناکان، قەڵەمڕەوەکەی ئیڤانیان بە جێهێشت. تەنیا خەڵکانی ساکار وگێلۆکە مانەوە. کەس پارە وپوولی نەبوو. هەموو کاریان دەکرد ودەژیان. خەرجی خۆیان دەر دێنا و، خۆراک و پۆشاکی خەڵکی دیکەشیان دابین دەکرد.

شەیتان دانیشتبوو وچاوەڕوانی دەکرد تا بێچوە جنەکان هەواڵی نابووتی و ماڵوێرانی سێ براکەی بۆ بێنن. بەڵام چەند چاوەڕوانی کرد، هیچ خەبەرێک نەبوو! بۆیە بە خۆی ڕۆیی تا بزانێ مەسەلە چییە. چەند تاقیب وسۆراغی کرد، هیچ هەواڵێکی بێچوە جنەکانی پەیدا نەکرد. بەڵام لە بری ئەوەی بێچوە جنەکان بدۆزێتەوە سێ کونی لە ئەرزەکە بەدی کرد. لە دڵی خۆیا گوتی: " وا دیارە شکستیان هێناوە وهیچیان بە هیچ نەکردووە. واچاکە بەخۆم قۆڵی لێ هەڵماڵم. "

ئیدی بە خۆی چووە تاقیب وسۆراغی سێ برایەکە. بەڵام شتاقیان لە جێی جارانی خۆیان نەبوون. بۆی دەرکەوت لە سێ سوڵتاننشینی جیاوازا دەژین. هەرسێکیان سوڵتان و فەرمانڕەوان. هەڵبەتە شەیتانی کارامە، ئەمەی زۆر لە بەرگران وناخۆش بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " چاکە، کە مەسەلەکە وای لێهاتووە، دەبێ خۆم دەست بە کار بم."

یەکەمجار ڕۆیی بۆ لای سیمون پاشا، هەڵبەتە بە شیوە وفۆرمی ئاسایی خۆیەوە نەڕۆیی. بەڵکو خۆی گۆڕی ولە شیوەی فەرماندەیەکی سوپاییدا، بە سواری گالیسکە چوو بۆ کۆشکەکەی سیمون وگوتی:

- سیمون شا، من ناوبانگی جەنگاوەری و فتوحات وجیهانگیری تۆم بیستووە، جا لەبەر ئەوەی من لەو بوارەدا پسپۆڕ و شارەزام، حەزدەکەم خزمەتی تۆ بکەم.

شا سیمون، چەند پرسیارێکی لێکرد، کە بینی پیاوێکی کارامە وپڕ ئەزموونە، سەری لە ڕازی کار و باری جەنگ دەردەچێت، لە لای خۆی وەری گرت.

فەرماندەی تازە، شا سیمونی فێرکرد کە چۆن هێزی چەکداری خۆی بەهێز بکات و قۆشەن و لەشکرێکی بە هێز دروست بکات، گوتی:

- دەبێ لە سەرەتاوە سەربازێکی زۆربگرین. چونکە ژمارەی بێکاران لە قەڵەمڕەوەکەی تۆدا یەجگار زۆرن. دەبێ هەموو گەنجەکان، بکرێن بە سەربازو خزمەتی سەربازی بکەن. بەمجۆرە ژمارەی سەربازانت دەگاتە پێنج هێندەی ئێستا. پاشان دەبێ تۆپ و تفەنگ وئەسپابی شەڕی نوێ ومۆدێرن ئامادە بکرێ. تفەنگێک بە سەربازەکانمان بدەین کە بە کەڕەتێ سەد

فیشەک بتەقێنێ. ڕیز بکات ڕیز. تۆپی وەهات بۆ فەراهەم دەکەم، کە خاک و خەڵک و دار و بەرد و دەر ودیوار بە جارێ بسووتێنێ و لەناو بەرێ.

سیمون شا، بە گویی فەرماندە تازەکەی کرد، ئەمری کرد هەموو گەنجەکان، بێ ڕیز پەڕ بۆ سەربازی بانگ بکرین. کۆمەڵێک کارگەی تازەی تفەنگسازی وتۆپی پێشکەوتووی دامەزراند. ئەوسا شەڕی دژی شایەکی هاوسێ وهاسنووری خۆی ڕاگەیاند. هەرکە ڕووبەڕووی هێزەکانی شای دراوسیی بووەوە، ئەمری بە هێزەکانی خۆی کرد کە بە تۆپ و تفەنگی تازەوە هێرش بۆ هێزی دژمن بکەن، بە یەک هێرش نیوەی سوپای دژمنی سووتاند ونابووت کرد. شای دراوسێی، بە ڕادەیەک زراوی تۆقی، کە بەزینەکەی خۆی قەبووڵ کردو وڵاتەکەی ڕادەست کرد. سیمون گەییە لوتکەی شادی وگوتی: - ئێستا، نۆرەی داگیرکردنی هندستان هاتووە.

بەڵام شای هندستان، ئاگای لە حاڵ وئەحواڵی سیمون شا هەبوو. نەک هەر چەکی هاوشێوەی چەکەکانی ئەوی فەراهەم کرد، بەڵکو زۆر لەوەی ئەو زیاتری پەیدا کرد. تەنیا کوڕانی گەنجی بە سەربازی نەگرت، بەڵکو هەموو کچانی ئازەب و بێ شوویشی هێنایە ژێر خزمەتی ئاڵای وڵات. سوپا و قۆشەنێکی گەورەتر و بە هێزتر لە سوپاکەی سیمون شای فەراهەم کرد، تۆپ وتفەنگی هاوتای تۆپ وتفەنگی سیمۆن شای پەیدا کرد، ئەمە جگە لەوەی تۆپ ئەندازێکی پەیدا کرد، کە گولە تۆپی ئاگرینی بە سەر هێزەکانی دژمندا دەباراند.

سیمون شا، چووە شەڕی شای هندستان، لە دڵی خۆیدا بە تەما بوو شای هندستانیش، وەکو شایەکەی دی ببەزێنێ. بەڵام شمشێرە بڕندەکەی ئێستا کول بووبوو و شمشێرەکەی جاران نەبوو! شای هندستان نەیهێشت هێزەکانی سیمون شا بگەنە تیررەسی سوپاکەی ئەو، سەربازە ژنە چەکدارەکانی خۆی هەڵفڕاندن، تا لە ئاسمانێ ڕا، سەربازەکانی سیمون شا بومباباران بکەن. ژنەکان وەکو چۆن دەرمان بە مێرو و سیسرکانەوە دەکرێ، بەو ئاوایە بۆمبایان بەسەر سوپای سیمون شادا هەڵدەڕشت. هێزەکانی سیمون شا شکستیان خوارد وهەڵاتن. سیمون شا بە تاقی تەنیا مایەوە. ئیدی شای

هندستان، وڵاتەکەی سیمون شای گرت. سیمونی سەرباز، تا هێز لە لاقیا بوو قووچانی و هەڵهات.

شەیتان، دوای ئەوەی دەستی خۆی لە سیمون وەشاند، چوو بۆ لای شا تاراس، چووە کلێشەی بابایەکی بازرگانەوە. لە وڵاتەکەی شا تاراسدا ئاکنجی بوو، سەنتەرێکی بازرگانی کردەوە وکەوتە پارە خەرج کردن. هەر کاڵایەکی بە بەهایەکی گران دەکڕی. هەموو خەڵکی ڕوویان کردە یارۆی بازرگانی تازە، تا قازانجی زیاتر بکەن. میللەت هەموو دەوڵەمەند بوو. ئەوەندەیان پارە و پول هاتە دەست، دەست بە جێ باجی خۆیان دەدا، باجی کۆنیان دایەدوەو باجی تازەیان دوا نەدەخست، شا تاراس لە خۆشیا لە پێستی خۆی نەدەهێوری. لە فکران ڕاچوو، لە سایەی ئەم بازرگانە تازەیەوە لە جاران دەوڵەمەندتر دەبم و ژیانم لە ئێستا خۆشتر وئارامتر دەبێت.

تاراس شا، بەرنامەی تازەی بۆ خۆی دانا، بناغەی کۆشکێکی نوێی دایەوە. جاڕی دا کە خەڵکی بەرد وداری بۆ بێنن و کاری بۆ بکەن و نرخی بەرزی بۆ هەر شتێک دیاری کرد. تاراس شا وای وێنا دەکرد خەڵکەکە وەکو جاران، لە پێناو کرێی زۆر و بەهای زۆری کەرەستە و تفاقی بیناسازیدا، کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەنگییەوە دێن. بەڵام کە بینی هەرچی کەرەستەی بیناسازی هەیە بۆ یارۆی بازرگانی تازە دەبرێ و خەڵکی بۆ کار کردن بۆلای ئەو دەچن، سەری سوڕما. شا تاراس نرخەکانی خۆی زیاد کرد، کرێی کرێکاری زیاد کرد. بەڵام بازرگانە تازەکە لەو زیاتری کرد. شا تاراس پارەدار بوو، بەڵام بازرگانەکە پارەدارتر بوو. ئیدی بەردەوام مزایدەی بەسەر تاراس شادا دەکرد.

بەوجۆرە، جووڵە و لڤین لە کۆشکەکەی شا سست بوو، کاری بیناسازی کۆشکەکە بە نیوەچڵی مایەوە. تاراس شا، ویستی باجێکی تازە دروست بکات. کە پاییز هات، داوای لە خەڵکی کرد بێن ودرەختان بڕۆێنن، بەڵام کەس نەهات. خەڵکەکە مژوولی هەڵکەندنی ئەستێڵێکی گەورە بوون بۆ یارۆی بازرگان. پاشان زستان هات. تاراس شا ویستی پێستی سمۆرە بکڕێ وبیکات بە پاڵتۆیەکی زستانەی تازە. خەڵکی نارد پێستی بۆ بکڕن، بەڵام بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە وگوتیان: " پێستی سمۆرە لە بازاڕ نەماوە. یارۆی بازرگان هەمووی کڕیوە، گوایە مافووری لێ دروست دەکات."

تاراس شا، دەیویست هەندێک ئەسپی فەحل بکڕێت تا بیانخاتە ناو ڕەوە ئەسپەکەیەوە. دەلاڵانی ڕاسپارد کە فەحلی بۆ بکڕن، ئەوانیش بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە وگوتیان: " کابرای بازرگان هەموو فەحلەکانی کڕیوە، تا بۆ پڕکردنی ئەستێڵەکەی ئاویان پێ بکێشێت."

بەمجۆرە، هەموو کار وبارێکی شا وەستا. کەس کاری بۆ ئەو نەدەکرد. هەموو خەڵکەکە لای کابرای بازرگان کاریان دەکرد. تەنیا باجی دیاریکراویان بۆ شا دێنا.

شا تاراس، پارە وپول وسەروەت وسامانێکی یەجگار زۆری کۆکردەوە، شوێن نەما پارە وپولی تیا عەمار بکات. بەڵام ژیانی ژیان نەبوو. وازی لە پرۆسە و بەرنامان هێنا. هەر ئەوەندەی دەویست بژی، بەڵام ژیانەکەشی لێ تەنگ بوو. پێویستی بە هەموو شتێک بووم، ئاشپەز وخزمەتکارەکانی یەک یەک بە جێیان دەهێشت ودەچوونە لای یارۆی بازرگان. وای لێهات خواردنیشی دەست نەدەکەوت. ئەگەر بیناردایە بۆ بازاڕ شتێکی بۆ بکڕن، ئەو شتەیان دەست نەدەکەوت. خەڵکەکە تەنیا بۆ دانی باج دەهاتن بۆ لای پاشا.

تاراس شا تووڕە بوو. ئەمری دا بازرگانەکەیان لە قەڵەمڕەوی ئەو دەرکرد. بەڵام بازرگانەکە، ڕێک چەند هەنگاوێک لەودیو مەرزەوە ئاکنجی بوو. وەکو جاری جاران خەریکی بازرگانی خۆی بوو. چونکە پارەی باشی دەدا، خەڵکەکە هەموو شتێکیان بۆ لای ئەو دەبرد و بەویان دەفرۆشت. هیچ شتێک بۆ تاراس شا نەدەمایەوە.

ڕەوشی تاراس شا خراپ بوو. تەنانەت هەندێجار بە چەند ڕۆژ خورادنی دەست نەدەکەوت. تەنانەت دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە بازرگانەکە بە نیازە خودی پاشاش بکڕێت! شا تاراس ترسی لێنیشت، نەیدەزانی چی بکات. لەوکاتەدا سیمونی سەرباز هات بۆ لای و گوتی: " یارمەتیم بدە، فریام بکەوە، شای هندستان بۆری پێداوم."

بەڵام تاراس شا، خۆی تا بیناقاقای لە کێشەدا نقوم بووبوو، گوتی: " کەچەڵ دکتۆر بوایە سەری خۆی تیمار دەکرد، من تا تەپڵی سەرم لە کێشە و ئاریشاندا غەرق بووم. دوو دانە ڕۆژە شتێکم نییە بیخۆم!"

شەیتانی کارامە وپڕ ئەزموون دوای ئەوەی لە کاری ئەو دوو برایە بووەوە، چوو بۆ سۆراغی ئیڤان. چووە کلێشەی فەرماندەیەکی سوپاییەوە. کە گەییە لای ئیڤان، هەولێدا قەناعەتی پێ بێنێ کە دەبێ هێز وسوپای هەبێ. گوتی:

- لە شان و شەوکەتی پاشا نایەت کە قۆشەن و سوپای نەبێت. تۆ تەنیا ئەمر بفەرموو، بزانە چتۆ سوپایەکت لە خەڵکی وڵاتەکەت بۆ دروست دەکەم.

ئیڤان، گوێی لێگرت وگوتی: " باشە! سوپایەک دروست بکە، بەڵام فێریان بکە کە سروود و گۆرانی بڵێن. من حەزم لە سروود و گۆرانیە."

بەوجۆرە شەیتان بەناو قەڵەمڕەوەکەی ئیڤان کەوت تا ناوی خەڵکی بۆ خزمەتی عەسکەری تۆمار بکات.بەخەڵکەکەی گوت هەرکەسێک خۆی ناونووس بکات قەڕابەیەک ئەلکحول وکڵاوێکی قووچی سووری جوانی دەدرێتێ. خەڵکەکە پێی پێکەنین وگوتیان.

" خۆمان ئەوەندەمان ئەلکول هەیە سەرو زیادمانە. خۆمان دروستی دەکەین. بەڵام سەبارەت بە کلاو ژنەکانمان هەموو جۆرە کڵاوێکمان بۆ دروست دەکەن. تەنانەت شەوکڵاوی گوڵینکەداریشمان بۆ دروست دەکەن."

ئیدی کەس ناونووسی نەکرد.

شەیتانی زۆڵ چوو بۆ لای ئیڤان وگوتی: " ئەم ڕەعیەتە نەزان ونەخوێنەوارە ئامادەنین، خۆبەخشانە لە ڕیزی هێزی چەکداریدا ناونووسی بکەن، دەبێ بە خورتی بهێنرێنە ڕیزی سوپاوە."

ئیڤان گوتی: - " دەی باشە، تاقی بکەوە. "

شەیتان، ڕایگەیاند، دەبێ هەموو خەڵکی بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سوپایی، ناونووسی بکەن، هەر کەسێک ئەم ئەمرەی ئیڤان جێبەجێ نەکات، دەکوژرێت. خەڵکەکە هاتن بۆ لای فەرماندەی لەشکر وگوتیان: " تۆ گوتووتە ئەگەر بۆ خزمەتی سوپایی، خۆمان ناونووس نەکەین، ئەوا شا دەمانکوژێت، بەڵام ئەوەت ڕوون نەکردووەتەوە کە ئەگەر ناونووسی بکەین چی ڕوو

دەدات؟ هەڵبەتە ئەوەشمان بیستووە کە هەندێجار سەربازی خۆبەخشیش دەکوژرێن.

- بەڵێ، هەندێجار شتی وەهاش ڕوو دەدات.

خەڵکی کە گوێیان لەوە بوو، زیاتر چوون بە چەقی نەعلەتا وگوتیان:

- ناونووسی ناکەین! خۆ ئەگەر قەراربێ بکوژرێین و بمرین، باشتر وایە لە ماڵی خۆدا و لە ناو کەس و کاری خۆدا بکوژرێین و بمرین، تا لە غەریبی و بێکەسیدا.

شەیتان گوتی: " گێلینە! بەڕاستی گێلن! سەرباز ڕووبەڕووی دوو ئەگەرە، لەگینە بکوژرێ ولەگینە نەکوژرێ. بەڵام ئەگەر ناونووسی نەکەن، ئەوا بێ چەند وچوون ئیڤان شا دەتانکوژێ."

خەڵکەکە حایرمان، هەندێکیان بە مەبەستی شیرەت وڕاوێژ چوون بۆ لای شا ئیڤان و، گوتیان:- " سەر لەشکرێک هاتووە دەڵێ دەبێ هەموومان ببین بە سەرباز. دەڵێت ئەگەر ببین بە سەرباز، لەوەیە بکوژرێن ولەوەشە نەکوژرێین، بەڵام ئەگەر ناونووسی بۆ عەسکەری نەکەین، ئەوا ئیڤان شا بێ چەند وچوون دەمانکوژێت. ئایا ئەم قسەیە دروستە؟ "

ئیڤان دەستی بە پێکەنین کرد وگوتی:- " ئاخر منی تاک وتەنیا چۆن دەتوانم هەمووتان بکوژم؟ ئەگەر کەسێکی گێلۆکە نەبام بۆم ڕوون دەکردنەوە. بەڵام ڕاستتان دەوێ، من خۆیشم سەر لەمە دەرناکەم."

گوتیان: - " کەواتە، سەربازی ناکەین. "

گوتی: - " چ قەیدیە، مەیکەن. "

خەڵکەکە چوون بۆ لای سەر لەشکر و گوتیان سەربازی ناکەین.

شەیتان کە بینی ئەم فێڵەی سەری نەگرت وڕیسەکەی لێ بووەوە بە خوری، ڕۆیی و خۆی لە شای سەرزەمینی سیسرکان نزیک کردەوەو پێشنیازی بۆ کرد کە:

- با بچینە جەنگ و وڵاتی ئیڤان داگیر بکەین. ڕاستە لەو سەرزەمینە پارە و پول پەیدا نابێ، بەڵام تا حەزبکەی دانەوێڵەو پەزوماڵات وئەو شتانەی لێیە.

شای سیسرکان، تفاقی شەڕی ئامادە کرد. لەشکرێکی گەورەی سازدا، تفەنگ و تۆپخانەی ئامادە کرد، بەرەو سنوور کەوتەڕێ، خۆی بە شانشینەکەی ئیڤاندا کرد.

خەڵکەکە هاتن بۆ لای ئیڤان وگوتیان: " شای سیسرکان هاتووەتە شەڕی ئێمە. "

ئیڤان گوتی: - " چ قەیدییە، وازی لێ بێنن با بێ! "

شای سیسرکان، کە لە سنوور هات بەم دیوا، مەفرەزەی شناسایی نارد، تا خەبەری سوپاکەی ئیڤانی بۆ بێنن. چەند چاویان گێڕاو تاقیبیان کرد، لە هیچ شوێنێکەوە، سوپایان بە دی نەکرد، هیچ نیشانەیەکی هەبوونی سوپا ولەشکر لە ئارادا نەبوو. نە هیچ کەسێک بە تەمای بەرەنگار بوونەوەیان نەبوو. هەنگێ شای سیسرکان سوپای نارد تا گوندەکان داگیربکەن. سەربازان گەیینە گوندێک وداگیریان کرد، خەڵکی بە پیاو و بە ژنەوە هاتنە دەرێ وبە سەرسامی دەیان ڕوانیە سەربازانی داگیرکەر. سەربازەکان گا وگۆتاڵ وڕان و پەزی خەڵکەکەیان کۆکردەوە. بەڵام خەڵکەکە هیچ بەرەنگارییەکیان نەکرد. سوپاییەکان چوون بۆ گوندێکی دیکە، لەوێش هەمان کاریان کرد. لەشکری داگیرکەر ڕۆژێ ، دووانی دیکەش پێشڕەویان کرد ولە هەموو شوێنەکان هەمان شت دووبارە بووەوە. سوپای شای سیسرکان، هەرچییەکیان دەبرد، خەڵکەکە دەنگیان نەدەکرد وهیچ کاردانەوەیەکیان نیشان نەدەدا، بە پێچەوانەوە، سەربازەکانیان خولک دەکرد تا لە گەڵ ئەواندا بژین. پێیان دەگوتن:

- " بەلەنگاز خۆتان! ئەگەر ژیانتان لە وڵاتی خۆتان خراپە بۆچی نایەن بۆ ئێرە تا لە گەڵ ئێمەدا بژین؟! "

لەشکری شای سیسرکان، هەر پێشڕەوی کرد وکرد، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی لەشکر و سوپایان بەدی نەکرد. تەنیا خەڵکانێکیان بینی کە کاریان دەکرد وپێداویستیانی خۆیان وخەڵکی دیکەیان دابین وفەراهەم دەکرد. هیچ

بەرەنگارییەکیان نەدەکرد، داوایان لە سەربازەکان دەکرد لە گەڵ ئەواندا بژین. سەربازەکان تاقەتیان چوو. بێزاربوون. چوون بۆ لای شای سیسرکان و گوتیان:

- ناتوانین لێرە بجەنگین، بۆ شوێنێکی دیکەمان ببە. جەنگ خراپ نییە. بەڵام ئەمە چیە؟ جەنگ نییە، وەکو ئەوەیە بە شمشێر بەربیتە هەوا. بە ڕاستی لەم شەڕەی ئێرە بێزار بووین. "

شای سیسرکان تووڕە بوو. ئەمری بە لەشکرەکەی کرد، کە خاکی ئەو وڵاتە بە توورەکە ببێژن. گوندەکانیان وێران بکەن. ئاگر لە دانەوێڵە وماڵەکان بەر بدەن، گا و گوتاڵ و پەزەکانیان سەر ببڕن. لە سەری ڕۆیی وگوتی:- " ئەگەر ئەمرەکانم جێبەجێ نەکەن، هەمووتان ئیعدام دەکەم."

سوپاییەکان ترسان ودەستیان بە جێبەجێکردنی ئەمرەکانی شای سیسرکان کرد. ئاگریان لە ماڵەکان بەردا. مەڕ وپەزەکانیان سەر بڕی. لێ خەڵکە گێلەکە دیسان بەرەنگارییان نەکرد، تەنیا گریە و زاریان کرد وهیچی دیکە. پیرەمێردان، پیرەژنان، گەنجان، هەر هەموویان دەگریان ودەیانگوت:

- بۆچی ئازارمان دەدەن؟ بۆچی خێر وبیری وڵات بە فیڕۆ دەدەن؟ ئەگەر پێویستتانە بۆچی بۆ خۆتانی نابەن؟

سەرەنجام سەربازەکان ماندوو بوون، تاقەتیان چوو، دەستیان لە پێشڕەوی هەڵگرت. سوپا بڵاوەی کرد، سەربازەکان هەڵاتن.

( ١٢ )

شەیتان ناچار دەستبەرداری ئەم پیلانەش بوو. نەیتوانی بە هێزو سوپا ئیڤان کۆنترۆڵ بکات. چووە کلێشەی پیاوێکی دەوڵەمەند وبەڕێزەوە ولە مەملەکەت و شانشینەکەی ئیڤاندا گیرسایەوە. لێبڕا ئەویش وەکو تاراسە قەڵەو لە ڕێگای ماڵی دنیا و تەماع کاریەوە، تەفرە بدات وبیخاتە سەر ساجی عەلی. چوو بۆ لای ئیڤان وگوتی:- " دەمەوێ چاکەیەکت دەگەڵ بکەم و فێری حیساب و کیتابت بکەم. سەنتەرێکی بازرگانی بەرپا بکەم تا کار وباری بازرگانی قەڵەمڕەوەکەت ڕەونەقێک پەیدا بکات!.

ئیڤان گوتی: - باشە، ئەگەر حەزدەکەی وەرە لە ناو ئێمەدا بژی.

کابرای دەوڵەمەند بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆیی بۆ مەیدانی شار، یەک بار سکەی زێڕی پێ بوو و پارچە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو وگوتی:- " خەڵکینە ئێوە هەمووتان وەکو چوارپێیان دەژین. من دەمەوێ فێرتان بکەم کە چۆن ژیانێکی شایستە بژین. جا وەرن بە گوێرەی ئەم نەخشەیە تەلارێکم بۆ دروست بکەن. بە گوێرەی دەستووری من کار بکەن. منیش بە سکەی زێڕ کرێکەتان دەدەمێ. "

ئەوسا زێڕەکانی نیشاندان.

خەڵکە گێلەکە سەریان سووڕما. پارەو پولیان نەدەناسی. مامەڵە وسەودایان بە پارە نەبوو. کاڵا بە کاڵایان دەکرد، خۆ ئەگەر یەکێک قەرزارباری یەکێکی دیکە بوایە، لە جیاتی قەرزەکە کاری بۆ دەکرد. بەسەرسامی ڕوانیانە سکە زێڕەکان و گوتیان:

- عەجەب شتهایەکی بچووک وجوانن!

ئیدی کەوتنە گۆڕینەوەی کاڵا وکارێن خۆ بە سکە زێڕەکانی کابرای دەوڵەمەند. شەیتان وەکو چۆن لە مەملەکەتەکەی تاراسدا بە لێشاو پارە وپوولی هەڵدەڕشت، لێرەش بە هەمان دەست کراوەیی پارەو سکەی زێڕی هەڵدەڕشت. خەڵکی هەموو شتێکیان بە سکەی زێڕ دەگۆڕییەوەو هەموو کارێکیان لە پێناو زێڕدا دەکرد.

شەیتان لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. لە فکران ڕاچوو: " ئەمجارە کارەکان بە مەرامی دڵی من پێشڤە دەچن. ئیدی کاتی ئەوەیە وەکو چۆن تاراسم لە قوڕ نا، ئەم گێلەش لە قوڕ بنەم و بە پێست وکۆڵکەوە دەیکڕم و دەربەست دەبێ بە هی من."

لێ خەڵکە گێلەکە هەرکە بوون بە خاوەنی سکەی زێڕ، دایان بە ژنەکانیان تا بۆ خۆیان بیکەن بە گەردن بەند. کچەکان دایان لە زلف وپەرچەمیان. ئەنجام کار گەییە ئەوەی منداڵان لە کۆڵانان گەمەیان پێدەکرد. وەختایەک هەر کەسەو بوو بە خاوەنی بڕێکی زۆر لە سکەی زێڕ، ئیدی کەس

نەیدەویست، بە بەلاشیش وەری نەدەگرت. بەڵام تەلارەکەی کابرای دەوڵەمەند هێشتا لە نیوەشا نەبوو. گا وگۆتاڵ ومەڕ وپەز و دانەوێڵەی پێویستی ساڵ هێشتا فەراهەم نەکرابوو. ئیدی داوای لە خەڵکی کرد کە بێن بۆ لای ئەو کار بکەن، وتی، پێویستی بە ماڵات وگەنم و دانەوێڵەیە و ئامادەیە لە هەنبەر هەر شتێک و هەر کارێکا کە دەیکەن سکەی زێڕیان بداتێ. بەڵام کەس نەهات کرێکاری بۆ بکات، هیچ شتێکیان بۆ فرۆشتن نەهێنا. بەڵام هەندێجار کوڕیژگەیەک یان کچۆڵەیەک، هێلکەیەکی بۆ دێنا تا لە بری هێلکەکە سکەی زێڕی لێوەربگرێت. بەڵام هیچ کەسێکی دی نەهات بە لایەوە. شەیتان هیچی نەبوو بیخوات. کابرای دەوڵەمەند کە برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، چوو بۆ ناو گوند بەو ئومێدەی خواردن بۆ نیوەڕۆ و ئێوارەی خۆی بکڕێت. لە دەرگای ماڵێکی دا و داوای کرد مریشکێکی بە سکەیەکی زێڕ پێ بفرۆشن. بەڵام کەیبانووی ماڵەکە بە زێڕەکەی ئەو قاییل نەبوو وگوتی:- "سکەی زێڕم زۆرە، بۆ چیمە! "

ئەوسا چووە بەر ماڵی بێوەژنێک تا ماسی سوێرکراو بکڕێ، ویستی سکەیەکی زێڕی بداتێ. بێوەژنەکە گوتی:

- بەڕێز، نامەوێ، مندالم نین تا بیاندەمێ بۆ خۆ یاری پێبکەن. بۆ خۆشم سێ پارچەم هەن وەکو توحفە و بۆ جوانی هەڵمگرتوون!

ئەوسا چوو بۆ بەر ماڵە جووتیارێک تا نان بسەنێ، لێ جووتیارەکە پارەی وەرنەدەگرت، وگوتی:

- پێویستیم بە سکەی زێڕ نییە، لێ ئەگەر بۆ سواڵ هاتووی، کەمێک سەبرم لێبکە با بە ژنەکەم بڵێم لە ڕای مەسیح پارچە نانێکت بداتێ.

شەیتان کە گوێی لەو قسەیە بوو، تفێکی کرد وهەڵات. ناوی مەسیحی زۆر لە بەر گران بوو. گەر خەنجەرێکی لێدرابا هەر ئەوەندەی ئازار دەبوو.

بەوجۆرە نانی دەست نەکەوت. شەیتان ڕووی دەکردە هەر شوێنێ کەس ئامادە نەبوو بە سکەی زێڕ هیچی بداتێ. هەر هەموویان زێڕیان هەبوو. دەیانگوت: -" یا شتێکی دی بێنە، یا وەرە لای ئێمە کار بکە یا لە ڕای خوا خێرت پێدەکەین و وەری بگرە."

لێ شەیتان جگە لە پوول هیچی دیکەی نەبوو. ئامادەش نەبوو کار بکات. قەبووڵ کردنی خێریش لە بەر خاتری مەسیح، بەو قووت نەدەچوو. ئەوسا بە جارێ دەهری بوو وگوتی:

- باشە من کە پارەتان دەدەمێ، ئەنگۆ لەوەی پتر چیتان دەوێ؟ خۆ هەر چیەکتان بوێ دەکارن بە پارە بیکڕن.

بەڵام خەڵکە گێلەکە گوێیان لێنەدەگرت، بەڵکو دەیانگوت:- " نا، پارەمان ناوێ، نە قەرزارباری کەسین و نە باجمان لە سەرە، ئیدی چی لە پارە بکەین؟"

شەیتان هیچ چارەیەکی نەما، شەوان بە سکی برسی دەخەوت. ئیدی حاڵ و حیکایەتەکە لە سیری تا پیازی بۆ ئیڤانی سائەقڵ هاتە گێڕانەوە. خەڵکی هاتن ولە ئیڤانیان پرسی:- " تەگبیری ئێمە چیە؟ چ بکەین؟ کابرایەکی دەوڵەمەندی بە ویقار هاتووەتە ناومان، کابرایەکە خۆشخۆر و خۆش جل وبەرگ، بەڵام حەزی لە کارکرن نییە، هیچ خێرێکیش لە ڕای مەسیح وەرناگرێت، تەنیا دەیەوێ بە سکە زێڕەکانی، کار و باری خۆی ڕایی بکات. لە هەوەڵەوە هەرچیەکی ویست خەڵکەکە دایانێ، هەموو بوون بە خاوەنی سکەی زێڕ. لێ هەنووکە کەس هیچی ناداتێ. تەگبیرمان چییە، چی بکەین؟ کار وا بڕوات زۆری پێناچێ لە برسا دەمرێت."

ئیڤان، بە وردی گوێی لێگرتن وئەوسا گوتی: - " زۆر چاکە! دەبێ نان و ئاوی بدرێتێ. وای دابنەن سەگی ڕان و پەزەکانە، هەر ڕۆژەی ماڵێک نانی بداتێ.

هیچ چارێک نەما. شەیتان دەبوا بە سەر ماڵانا بگەڕێ. لە کاتی خۆیا، نۆرەی ئەوە هات کە بۆ ماڵی ئیڤان بڕوات. شەیتان بۆ نانخواردنی ئێوارێ هات بۆ ماڵی ئیڤان. کە کیژە نوقسانەکە خواردنەکەی ئامادە دەکرد. زۆرجار خەڵکانی تەمەڵ و تەوەزەل ئەم کیژەیان فریو دابوو، بێ ئەوەی بەشە کاری خۆیان تەواو کردبێ، زووتر لە کاتی خۆی هاتبوون بۆ نان خواردن و هەموو شۆرباکەیان خواردبوو. ئیدی کیژێ ئەوەی بە بیرا هاتبوو کە خەڵکانی تەمەڵ وئیش نەکەر بە دەستیاندا بناسێتەوە! ئەگەر کەسێک دەستی زبر

بوایە، لە سەر خوانەکەی دادەنا ونانی دەدایە، بەڵام ئەوانی دی کە دەستیان نەرم و لووس و ناسک بوایە، تەنیا بەرماوەی دەدانێ.

شەیتان، لە سەر خوانەکە ڕۆنیشت، لێ کیژە کەڕ وکاسەکە دەستی گرت وڕوانیە هەر دوو لەپی دەستی. هیچ زبرییەکیان پێوە دیار نەبوو. هەر دوو نێو لەپی خاوێن و لووس بوون. نینۆکەکانی درێژبوون. کچەی کەڕ وکاس، کەوتە خوتەخوت وبۆڵەبۆڵ و شەیتانی لە سەر خوانەکە هەستاند. ژنەکەی ئیڤان گوتی:- " بەڕێز، ناڕەحەت مەبە، خوشکی مێردەکەم ڕێگەی کەسانێک کە دەستیان زبر نەبێت، نادات لە سەر خوانەکە دانیشێت. بەڵام کەمێک سەبر بکە تا هەمووان نان بخۆن، ئەوسا بەرماوەی ئەوانت دەداتێ. "

شەیتان، لەوەی کە لە ماڵی شادا بەوجۆرە ڕەفتاری دەگەڵ دەکەن وحیسابی ئاژەڵی بۆ دەکەن، زۆر پەست وتووڕە بوو. بە ئیڤانی گوت:- " ئەم قانوونە باوەی مەملەکەتەکەی تۆ کە هەموو خەڵکی دەبێ بە دەستی خۆ کاربکەن، قانوونێکی گەوجانەیە! ئەم قانوونە زادەی گەوجاتی خۆتانە. باشە خەڵکی هەر بە دەست کار دەکەن؟ باشە زانا و دانایان دەبێ بە چی کار بکەن؟"

ئیڤان گوتی:- " ئێمەی گێل چ بزانین؟ ئێمە زۆربەی کارەکان بە دەست و بە پشتی خۆ ئەنجام دەدەین!"

- لە گێلێتی خۆتانە ئەوە دەکەن. ئێستا فێرت دەکەم چۆن بە مێشک و زەین کار بکەی. ئەوسا بۆت دەردەکەوێ کارکردن بە مێشک چەند لە کار کردن بە دەست بە سوودترە.

ئیڤان، بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- ئەگەر ئەوەی دەیلێی دروست بێ، هەقی خۆتە بە گێل وسائەقڵمان بزانیت.

شەیتان گوتی:- " کار کردن بە مێشک ئاسان نییە. ئێوە لەبەر ئەوەی دەستم زبر نین نانم نادەنێ. بەڵام نازانن کارکردن بە مێشک سەد قاتی کاری دەستی قورسە. جاری وا هەیە پیاو خەریکە مێشکی بتەقێ."

ئیڤان لە فکران ڕاچوو و پاشان گوتی:

- برادەر، کە وایە بۆچی خۆت ئەزیەت دەدەی؟ زۆر حەزدەکەی مێشکت بتەقێ؟ ئایا باشتر نییە بار سووک وسەر سەلامەت بە دەست وپشتت کارێکی ئاسانتر ئەنجام بدەیت؟

شەیتان گوتی:

- من لە بەر ئەوەی دڵم بە ئێوەی گەوج دەسووتێ، بۆیە بە مێشک بیر دەکەمەوە. من بۆ ئێوەمە. ئەگەر خۆم ئەزیەت نەدەم ئێوە تا هەتاهەتایە هەر بە کەرێتی وکەودەنی دەمێیننەوە. ئێستا کە مێشکم خستووەتەکار، بۆ ئەوەیە فێرتان بکەم!

ئیڤان حایرما وگوتی:

- زۆرچاکە، فێرمان بکە، بۆ ئەوەی هەر کاتێ دەستمان ماندوو بوو، بە سەرمان کار بکەین.

شەیتان بەڵێنی دا کە خەڵکەکە فێربکات. ئیڤان لە سەرانسەری وڵاتا جاڕی داو خەڵکەکەی ئاگادار کردەوە کە پیاوێکی دەوڵەمەند هاتووە، تا هەمووان فێربکات چۆن بە سەریان کاربکەن. گوایە دەکرێت بە سەر لە دەست زیاتر کار بکرێ، هەموو خەڵکی دەبێ بێن وخولی فێربوون ببینن.

لە مەملەکەتەکەی ئیڤاندا بۆرج و تاوەرێکی بەرز هەبوو، بە چەندین پلیکانە بۆی سەر دەکەوتی و دەگەیشتییە منارەکەی سەری. ئیڤان، یارۆی دەوڵەمەندی بەڕێزی بۆ سەر بۆرجەکە نارد تا هەمووان لەوێرا بیدینن. یارۆی دەوڵەمەند چووە سەر ترۆپکی بورجەکە ودەستی بە قسان کرد. خەڵکی خڕ بوونەوە تا بیدینن وگوێ لە وەعزەکەی بگرن. وایان وێنا دەکرد ئەم پیاوە بە حورمەتە بە راستی ئەوەیان نیشان دەدات چۆن بە بێ ئەوەی دەستیان بە کاربەرن، تەنیا بە سەریان کار ئەنجام بدەن. لێ شەیتان دوای زۆر وێژیەکی فرە، تەنیا ئەوەی گوتبوو چۆن دەتوانن بە بێ ئەوەی کاربکەن، بژین. خەڵکەکە هیچی لێ حاڵی نەبووبوون. ماوەیەک تەمەشای یەکیان کردبوو و دەبیرەوە چووبوون و پاشان بڵاوەیان لێکردبوو، چووبوونەوە بۆ سەر کار وباری خۆیان.

شەیتان، یەک ڕۆژی تەواو لە سەر بۆرجەکە مایەوە وقسەی کرد، نەخێر ڕۆژێکی دیکەش مایەوە، بەردەوام قسەی دەکرد. ئەوەندە لەو سەر بۆرجە مایەوە تا برسێتی زۆری بۆ هێنا. ئەو خەڵکە گێلە قەت بیریان لەوە نەکردەوە کە خواردنی بۆ ببەنە سەرەوە. وایان خەیاڵ دەکرد، ئەوێک کە بتوانێ بە سەری باشتر لە دەستەکانی کار بکات، بێگومان، دەتوانێ لەو سەرەوە نان بۆ خۆی پەیدا بکات. شەیتان، ڕۆژی سێیەمیش لە سەر بۆرجەکە مایەوەو لە قسان نەکەوت. خەڵکی دەهاتن، تەمەشایەکیان دەکرد و دەڕۆیشتن و دووی کاری خۆ دەکەوتن.

ئیڤان لە خەڵکەکەی پرسی: " چی بوو؟ یارۆی دەوڵەمەند کەوتە کارکردن بە سەری؟

خەڵکەکە گوتیان:- " نا، هێشتا دەستی پێنەکردووە! هەر خەریکی زۆر وێژییە."

شەیتان، یەک ڕۆژی دیکەش بە سەر بورجەکەوە مایەوە. بەڵام بەرەبەرە بێتاقەت دەبوو و لارەلاری پێدەکەوت. سەری کەوت بە یەکێک لە ستوونی منارەکەیا کە چرایەکی پێوە هەڵواسرابوو. یەکێک لە ئامادەبووان ئەو دیمەنەی بینی وچوو خەبەری بۆ ژنەکەی ئیڤان برد. ئەویش بە هەشتاو چوو بۆ لای ئیڤان، کە لە کێڵگە ومەزرادا خجڵی کار بوو، گوتی:- " وەرە تەمەشا بکە، جەنابی یارۆی دەوڵەمەند دەستی بەوە کردووە کە کار بە سەری بکات."

ئیڤان، سەرسام و حەپەساو گوتی:- " بەڕاست؟ "

ئیدی سەری ئەسپەکەی وەرگێڕاو بەرەولای بورجەکە کەوتە ڕێ. گەییە لای بورجەکە. شەیتان، لە برسا لاکەی سەری دەهات، بە لادادەهات ، سەری بەر ستوونەکان دەکەوت. کاتێ ئیڤان بە تەواوەتی گەییە لای بورجەکە، شەیتان نووچێکی دا و زرم لە پلیکانەکانەوە بەر بووەوە وبە تلدان لە سەرەوە تا پاینی بورجەکە هات. سەری بە یەک بە یەکی پلیکانەکان کەوت.

ئیڤان گوتی:

- ئێ، ئەم ئاغایە، پیاوێکی ڕاستگۆیە! ڕاستی کرد هەندێجار پیاو سەری دەتەقێ... دوای ئەم کارە پیاو سەری دەئاوسێ و نەهەقی نییە بتەقێ. دیارە ئەم جۆرە کارکردنە بە سەر، بێگومان، سەر بە بادا دەدات.

شەیتان، لە پاینی پلەکانی بورجەکەدا گرمۆڵە بوو. سەری دای بە عاردیدا. ئیڤان دەیویست بڕوات بزانێ یارۆی دەوڵەمەند چەندی کار ئەنجام داوە. لە ناکاوا زەوی شەقی برد وشەیتان کەوتە ناویەوە، تەنیا شوێنەواری کونێک بە سەر ئەرزەکەوە مایەوە!

ئیڤان سەری خوراند وگوتی:

- عەجەب گووراوێکی نارەسەن و ناجسن بوو! وادیارە ئەمیش یەکێک بوو لەو بێچوە جنانە. چەند درۆزن بوو، وادیارە بابی هەموویان بووە.

ئیڤان هێشتا دەژی، خەڵکی لە هەر چوار نکاڵەوە بۆ وڵات و قەڵەمڕەوەکەی ئەو دێن. تەنانەت هەر دوو براکەشی هاتوون و لە لای ئەو دەژین، ئەوانیش بە خێو دەکات.

هەر کەسە دێت و داوای خواردن دەکات، ئیڤان وەڵامی دەداتەوە:

- باشە، لای ئێمە بمێنەوە. هەموو شتێکمان هەیە. خوراک مشەیە.

لە وڵاتی ئەوا تەنیا یەک قانوون هەیە: هەر کێیەک دەستەکانی زبر وبەتلۆقن، دەتوانێ لە سەر خوان دانیشێت و نان بخوات، بەڵام ئەوانەی دەستیان نەرم وناسک و لووسن، دەبێ بە بەرماوەی دەست زبران ڕازی بن.

ساڵی ١٨٨٥

## پاژی چوارەم

## چەند چیرۆکێک کە بۆ سینەما نووسراون

### ٩ – خراپە مایەی گومانە، چاکە مایەی پایداری

لە عەیام ورۆژگاری کۆنا پیاوێکی میهرەبان ودڵاوا وخۆشخوو هەبوو. دەوڵەمەند بوو. هەموو شتێکی هەبوو. کۆیلە وخزمەتکاری زۆر خزمەتیان دەکرد. کۆیلەکان شانازیان بە ئاغایانەوە دەکرد. دەیانگوت:

" لەم دنیایەدا، ئاغای کەس وەکو ئاغای ئێمە باش نییە. خواردنمان دەداتێو پۆشاکی باشمان بۆ دەکات. بە گوێرەی توانا وتاقەتی خۆمان کارمان پێدەسپێرێت. کەسێکی بەدخوا و بوغزن و کینەکێش نییە. جوێن بە کەسمان نادات. وەکو ئاغایانی دی نییە، کە وەکو ئاژەڵ ڕەفتار دەگەڵ کۆیلەکانیاندا دەکەن و لە وەخت و ناوەختا، بە هەو وناهەق سزایان دەدەن وهەرگیز قسەیەکی خۆشیان لە زار نایەتە دەر. ئاغای مە، خێری ئێمەی دەوێ. چاکە دەکات و قسەکانی خۆش ودڵگیرن. ئێمە بە عەزرەت ژیانێکی لەوە باشتر نین"

بەوجۆرە کۆیلەکان بەردەوام ستایشی ئاغاکەی خۆیان دەکرد. لێ شەیتان کە بینی کۆیلەکان بەو خۆشی و ئاشتییە لە گەڵ ئاغاکەیاندا دەژین و موو بە بەینیانەوە ناچێت، زۆر پەست بوو. چووە بن کلێشەی یەکێکیانەوە کە ناوی ئالب بوو. بە تەواوەتی کۆنتۆڵی کرد. شەیتان داوای لێکرد کە کوێلەکانی دیکەش فریو بدات. ڕۆژێک کە هەموویان لە دەوری یەکدی دانیشتبوون وئیسراحەتیان دەکردو بە دەم قسانەوە کەوتنە ستایشی ئاغاکەیان. ئالب، دەنگی لێ هەڵبڕی وگوتی: " ئەم هەموو مەدح و ستایشەی ئاغا نیشانەی گەوجاتیە. ئەگەر ئەو هەموو خزمەتەی بۆ ئاغای دەکەن، بۆ شەیتانیشی بکەن دەگەڵتاندا بە لوتف ومیهرەبان دەبێت. ئێمە شەو ورۆژ بە دڵ و بەگیان خزمەتی ئاغا دەکەین، هەموو حەز وئارەزووەکانی دێنینە دی. بیر لە هەر چییەک بکاتەوە بۆی ئەنجام دەدەین. مەجبوورە لە گەڵماندا باش بێ. باش نابێ چ دەکات! ئەگەر تاقە جارێک بە گوێی نەکەین، یان زیانێکی بچووکی لێبدەین، هەنگێ دەبینن چ بەڵایەکمان بە سەر دێنێ. هەمان ڕەفتاری هەموو ئاغایەکی دیکەمان لە گەڵدا دەکات. وەکو هەر ئاغایەکی زۆردار، تۆڵەمان لێدەکاتەوە."

کۆیلەکانی دی قسەکانی " ئالب" یان قەبووڵ نەدەکرد. کار گەییە گرەو وگرەوکاری. گرەویان لە گەڵ ئالب کرد. ئالب بەڵێنی دا کە ئاغا توورە بکات. ئەگەر ناکام ببێ، ئەوا جل وبەرگی جەژنەکەی خۆی بدات بە هاوڕێ کۆیلەکانی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر توانی ئەو کارە بکات، ئەوا کۆیلەکانی هاوڕێی، جل وبەرگی جەژنی خۆیان بەو بدەن، هەروەها بەڵێنیان دا لە لای

ئاغا بەرگری لەو بکەن. ئەگەر ئاغا کۆت و زنجیری کرد یان لە زندانی توووند کرد، ئازادی بکەن. دوای ئەم قەوڵ و قەرارانە، ئالب خۆی ئامادە کرد کە بەیانی ڕۆژی دواتر، ڕقی ئاغا هەستێنێ و توورەی بکات.

ئالب، شوان بوو، ئاگاداری چەند سەرێک مەڕی ڕەسەن و قەڵەوی، دڵخوازی ئاغای لە ئەستۆ بوو. ڕۆژی دوایی ئاغا چەند میوانێکی بۆ پەچە مەڕەکان هێنا تا مەڕەکان بە میوانەکانی نیشان بدات. ئالب چاوێکی لە هاوڕێکانی داگرت، وەکو ئەوەی پێیان بڵێت: "تەمەشا بکەن، بزانن چۆن توورەی دەکەم و لە دین دەری دەکەم." هەموو کۆیلەکانی دی خڕبوونەوە. لە دوورەوە ولە سەر تەیمانەکەوە تەمەشایان دەکرد. شەیتانیش چووە سەر درەختێکی ئەو نزیکانە تا بزانێ نۆکەرەکەی چۆن دەستوورەکانی وی جێبەجێ دەکات. ئاغا بە ناو پەچەکەدا دەسووڕایەوە ومەڕ وبەرخە قەڵەوەکانی بە میوانەکانی نیشاندەدا. خەریک بوو باشترین بەرانی نیشاندەدان وگوتی: " هەموو بەرانەکانم، بەرانی ناوازەن. بەڵام یەکێکی قۆچ لوولم هەیە کە لە قیمەت نایە، لە بیلبیلەی چاوم خۆشترم دەوێ."

هەنگێ پەزەکان لە میوانە غەریبەکان ڕەوینەوەو بە نێو پەچەکەدا ئەم سەرو ئەوسەریان دەکرد. میوانەکان نەیاندەتوانی بەرانەکە لە نزیکەوە بدینن. هەرکە پەزەکان هێور دەبوونەوە، ئالب خێرا، وەکو ئەوەی پەزەکان بە ڕێکەوت بڕەوێنەوە، بەو ئاوایە دەیڕواندنەوەو نەیدەهێشت بحەوێنەوە. دووبارە تێکەڵی یەکدی دەبوونەوە. میوانەکان نەیاندەزانی بەرانە ناوازەکە کامەیە؟ سەرەنجام ئاغاسەبری سواو وگوتی: " ئالب، برادەری ئازیز، تکایە بەرانە شاخ لوولەکەم بە ئەسپایی بۆ بگرە وکەمێک ڕایبگرە."

هێشتا ئاغا بە تەواوی لە قسەکەی نەبووبووەوە کە ئالب وەکو شێرێکی توورە، بە هەشتاو خۆی بە ناوەندی پەزەکاندا کرد. بەرانی تاینی هێنا. بە دەستێک پشتی ملی گرت و بە دەستەکەی دیکەشی پێی چەپی. لە بەردەم ئاغادا بەرانەکەی بەرزکردەوە. بەڵام پێی بەرانەکەی بە جۆرێ بەرزکردەوە وەکو دارێکی وشک قرچەی کرد و گردە بڕ شکا. پێی بەرانەکە شکا وئەو ئاژەڵە بەستەزمانە بە بارەبار کەوتە سەر ئەرزەکە میوان و کۆیلەکان زۆریان خەفەت خوارد. هەنگێ ئالب پێی ڕاستی بەرانەکەی گرت و پیرە

بەرانی لە جوولە خست. میوانەکان و کۆیلەکان زۆریان پێناخۆش بوو. شەیتان کە لە سەر درەختەکە دانیشتبوو، کە بینی ئالب، زۆر لێهاتووانە ئەم کارەی ئەنجام دا زۆر خۆشحال بوو. ئاغا ڕەنگی وەکو پەڵە هەورێکی تاریک ڕەش داگەڕا. گرژ بوو، سەری لە بەر خۆ نا. بەڵام ورتەی لێوە نەهات، تاقە وشەیەکی نەگوت. میوانەکان و کۆیلەکانی دی بێدەنگ بوون تا بزانن چی ڕوو دەدات. دوای ماوەیەک بێدەنگی، ئاغا خۆی تەکاند، وەکو ئەوە بوو بارێکی قورس لە سەر شانی فڕێ بدات. هەنگێ سەری هەڵبڕی. تەمەشایەکی ئاسمانی کرد، چەند ساتێک بەو دەقەوە مایەوە. دوای کەمێک ڕووی کرایەوە وگرژییەکەی ڕوخساری ڕەوییەوە. بە خەندەوە ڕووی کردە ئالب وگوتی:

- ئەی ئالب، ئاغات ئەمری پێکردبوویت توورەم بکەی. لێ ئاغای من، زۆر لە ئاغای تۆ بەهێزترە. هیچ لە تۆ توورە نیم. هیچم بەرانبەر بە تۆ لە دڵدا نییە. بەڵام ئاغات توورە دەکەم. تۆ لەوە دەترسیت سزات بدەم؟ ماوەیەکی زۆرە بە تەمای ئازادیت؟ جا چونکە بە ئومێدی ئازادیت، نەک سزات نادەم، بەڵکو ئاواتەکەت دێنمە دی. هەر ئێستا لە حوزووری ئەم میوانە بەڕیزانەدا ئازادت دەکەم. بڕۆ تۆ ئازادیت. بڕۆ کوێت پێخۆشە بۆ ئەوێ بڕۆ، جل و بەرگی جەژنت بەرە، بۆ خۆت! "

ئەوجا ئاغای میهرەبان لە گەڵ میوانەکانیا بۆ ماڵ گەرایەوە. لێ شەیتان، کە لە داخا دانەکانی لێکدی دەسوون، لە درەختەکە بەر بووەوە وبە ناخی عاردیدا ڕۆچوو.

ساڵی ١٨٨٥

## ١٠ – دوو کچۆڵەی بە ئاوەزتر لە پیاوان

سەرەتای جەژنی پاک بوو. وەرزی خزاک سواری تازە کۆتایی هاتبوو. هێشتا بەفر لە ناو حەوشە و مەیدانەکاندا مابوو. ئاو بە جۆگاکانی گوندیدا دەڕۆیی.

دوو کیژی منداڵی سەر بە دوو خانەوادەی جیاواز، لە کۆڵانەکانی نێوان ماڵەکانی خۆیاندا تووشی یەکدی بوون. ئاوێکی قوڕاوی لێڵ لە حەوشەکانەوە دەهاتە دەرێ و لە چاڵێکی گەورەدا کۆدەبووەوە. یەکێک لە کچەکان، کەمێک لە کچەکەی دی کە زۆر بچووک بوو، گەورەتر بوو. دایکیان جلی نوێیان لە بەر کردبوون. کچە بچووکەکە جلێکی شینی لەبەر بوو، ئەویتر، جلێکی زەردی گوڵداری لەبەر بوو. هەر دووکیان سەر و لەچکی سووریان لە سەر بوو.

هەر دووکیان، تازە لە کڵێسا وەدەرکەوتبوون. لە سەرەتادا جلەکانیان بەیەکدی نیشان دا. پاشان دەستیان بە گەمە وکایە کرد. پاشان وایان هات بە خەیاڵا کە بە ئاوی چاڵەکە گەمە بکەن. کچە چکۆلەکە دەیویست بە پێڵاو وگۆرەوییەکانیەوە بڕواتە ناو چاڵە ئاوەکەوە. کچە گەورەترەکە لێی نەگەڕا وگوتی:

- نا، مالاشە! مەچۆ ئاوەکەوە، دوایی داکت سەرزەنشتت دەکا. من پێڵاو و گۆرەوییەکانم دادەکەنم. تۆ پێڵاو وگۆرەوییەکانت دابکەنە. ئەوسا هەر دووکیان داوێنی کراسەکانیان هەڵکرد و بەناو ئاوەکەدا بەرەو یەکدی چوون. ئاوەکە گەییە گوزینگی پێی مالاشە. گوتی:

- ئاکولیا، ئاوەکە قووڵە دەترسم!

کچەکەی دی گوتی: - وەرە مەترسە، ئاوەکە لەوە قووڵتر نابێ.

کە تەواو لە یەکدی نزیک بوونەوە. ئاکولیا گوتی:

- مالاشە، ئاگادار بە ئاوەکەم پێدا نەپرژێ. لە سەرخۆ هەنگاو بنە!

هێشتا لە قسەکەی نەبووبووەوە کە مالاشە، هەنگاوێکی توندی نا، ئاوەکە بە کراسەکەی ئاکولیادا هەڵپڕژا. جلەکەی ئاکولیا و سەر وچاوی تەڕ بوون. کە بینی جلەکانی پەڵەپەڵاوی بوون، تووڕە بوو و بە هەشتاو دووی مالاشە کەوت تا لێی بدات. مالاشە ترسا. کە بینی تووشی ئاریشە بووە، لە ئاوەکە وەدەرکەوت تا بۆماڵەوە بڕواتەوە. دایکی ئاکولیا بە کۆڵانەکەدا تێدەپەڕی. سەیری کرد داوێنی کراسی کچەکەی لەکەدار بووە و ئاسینەکانی (سەری قۆڵەکانی) پیس بووە. گوتی:

- ئەی کچۆڵەی ناجسنی چەپەڵ، ئەوە چیت کردووە؟

کچەکە بەرسڤی دایەوە:

- مالاشە، بە ئانقەست وای لێکردم!

دایکی ئاکولیا کە گویی لەو قسەیە بوو، دووی مالاشە کەوت، گرتی و زللەیەکی بە پشتە ملیا کێشا. مالاشە، بەجۆرێ کەوتە گریە و زاری کە هەموو خەڵکی گوند گوێیان لێبوو. دایکیشی گوێی لە هاوار وگریانەکەی بوو، بە هەڵەداوان هات و بەڕووی ژنەکەی دراوسێیاندا هەڵشاخی وگوتی: " بۆچی لە کچەکەم دەدەی؟ " وقسە ، قسەی ڕاکێشا و لێیان بوو بە شەڕ و دەعوا. پیاوان لە ماڵ هاتنەدەرێ.

قەرەباڵغی دروست بوو. کەس گوێی لە کەس نەدەگرت. هەموو هەر هاواریان دەکرد. ئیدی قەرقەشە و دەمبۆڵە بەردەوام بوو. شەڕەکە خەریک بوو تەشەنەی دەسەند و دەگەییە شەڕە مست. کە داپیرەی ئاکولیا هات. کەوتە بەینیانەوە کە نەیەڵێ بە گژ یەکدا بچن. گوتی:

- دۆستان، خزمینە ئێوە دەزانن چی دەکەن؟ ئایا ئەم ڕەفتارە، نەخاسما لە ڕۆژی جەژنا، دروستە؟ ئەمڕۆ ڕۆژی جەژن و شادیە، نەک شەڕ و قەرقەشە.

کەس گوێی لە پیرەژن نەگرت. خەریک بوو پیرەژن بکەنە ژێر دەست وپێوە. نەیدەتوانی ئاگری شەڕەکە بکوژێنێتەوە. دەرەقەتی ئاپۆڕای خەڵکەکە نەدەهات. مالاشە و ئاکولیا خۆیان فریا کەوتن. لە کاتێکا جووتە دراوسێ خەریکی شەڕ وقەرقەشە بوون. ئاکولیا پەڵەکانی سەر کراسەکەی سڕی و خاوێنی کردەوە. دووبارە خۆی بە چالاوەکەدا کرد، بەردێکی هەڵگرت و جۆگەیەکی لە بەردەم چاڵاوەکەدا دروست کرد تا ئاوەڕۆیەک دروست بکات وئاوی چاڵەکە بە کۆڵانەکەدا بڕوات وچاڵەکە وشک بکات. مالاشەش بە گەڵ ئەو کەوت و بە پارچە دارێک کەوتە یارمەتی دانی تا هەرچی زووتر ڕێگەی ئاوی چاڵەکە بکرێتەوە وئاوەکە بڕوات.

لە کاتێکا پیاوەکان خەریک بوو بە گژ یەکا دەچوون، ئاوەکە لەو جۆگەلەیەوە کە دوو مندالەکە دروستیان کرد، بەرەو کۆڵانەکە، بەرەو ئەو شوێنەی کە پیرەژن خەریک بوو ناوبژی خەڵکەکەی دەکرد، کەوتەڕێ، هەردوو کچۆڵەکەش لەم بەر ولەوبەری جۆگەلەکە گوێ بە گوێی ئاوەکە غاریان دەدا.

ئاکولیا هاواری دەکرد: "مالاشە، ڕاکە، فریای ئاوەکە بکەوە!" مالاشە، پێکەنین گرتبووی و لە پێکەنینا نەیدەتوانی وەڵامی ئاکولیا بداتەوە.

کچەکان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە، دووی ئەو تەڵاشەدارە کەوتبوون کە کەوتبووە سەر ئاوەکە و بە دەم ڕاکردنەوە خۆیان بەنێو ئاپۆڕاکەدا کرد. پیرەژن کە ئەوانی بینی ڕوویکردە پیاوەکان وگوتی:

- شەرم لە خۆتان ناکەن؟ یانی دەتانەوێ لە سەر ئەم کیژۆڵانە، یەکدی بکوژن. ئەوەتا ئەوان شەڕەکەیان هەر لە بیریش نەماوە. بۆ خۆیان خەریکی یاری کردنن. ئەوان هەزار ئەوەندەی ئێوە ئاقڵترن.

پیاوەکان ڕوانیانە کچۆڵەکان و تەریق بوونەوە، پێکەنینیان بە خۆهات، هەرکەسە و ڕۆیشتەوە بۆماڵی خۆی.

" ئەگەر نەگەڕینەوەو وەکو منداڵەکان پاک وبێگەرد نەبن، هەرگیز ناگەنە مەلەکوتی ئاسمانان."

ساڵی ١٨٨٥

## ١١ –ئەلیاس

لە عەیام و ڕۆژگاری کۆنا، لە دەڤەری ئوفا، یەکیک لە خەڵکی باشگیر، بە ناوی ئەلیاس دەژیا. بابی ئەلیاس، یەک ساڵ دوای ژن هێنانی ئەلیاس کۆچی دوایی کرد. میراتێکی ئەوتۆی بۆ ئەلیاس لە پاش بەجێ نەمابوو. لەو سەر وبەندەدا ئەلیاس تەنیا حەوت ماین و دوو چێل و دە –پازدە سەر پەزی هەبوو. لێ چونکە پیاوێکی ئیشکەر و زەحمەتکێش بوو، زۆری پێنەچوو دەرگای بەرەکەتی بەڕوودا کرایەوە. لە گەڵ هاوسەرەکەیا لە بەیانیەوە تا ئێوارێ کاریان دەکرد. لە خەڵکی زووتر لە خەو ڕادەبوون و درەنگتر دەخەوتن. ئیدی بەوجۆرە ژیانە بەرەبەرە بوو بە خودانی سەروەت و سامان، دوای سی و پێنج سال بوو بە خاوەنی دوو سەد ئەسپ. سەد و پەنجا سەر چێل وهەزار ودووسەد سەر مەڕ و پەز، شوان وکرێکاری بۆ مەڕ ومالاتەکەی ڕاگرت. ژنانی بۆ دۆشینی ماین وچێلەکانی بە کرێ گرت. کەرە وپەنیر و کومیسیان بۆ دروست دەکرد. ( کومیس: جۆرە شەرابێکە کەلە خەمراندنی شیری ماین دروست دەکرێ.) ئیدی ئەلیاس دەوڵەمەند بوو، بوو بە خاوەنی

هەموو شتێک. حەسوودی پێدەبرا و خەڵکی دەڤەرەکە لە پاشە ملەیان دەگوت: " ئەلیاس پیاوێکی بەختەوەرە، لە هیچی کەم نییە، دەبێ لە ژیانی ئەم دنیا ڕازی بێ! "

خەڵکانی پلە وپایەدار، بە حاڵ وئەحواڵی ئەلیاسیان زانی، ئارەزووی ناسینیان دەکرد، حەزیان بە هات وچۆی دەکرد. لە دیار ودەڤەریدوورەوە دەهاتنە دیدەنی. ئەویش بە ڕووی خۆشەوە پێشوازی لە هەمووان دەکرد وخواردن و خواردنەوەی بە هەمووان دەدا. هەر کەسێک لە ڕێوە هاتبا، بە سفرە وخوانی پڕ لە کومیس، چای، شەربەت و بەرخی سورەوەکراو پێشوازی دەکرا. هەر کاتێ میوانی هاتبا، بەرخێ، هەندێجار دوو بەرخی بۆ سەر دەبڕا. بەڵام ئەگەر میوانی زۆری هاتبا، یەک ماینی سەر دەبڕی.

ئەلیاس سێ منداڵی هەبوون. دوو کوڕ وکچێک. ژنی بۆ کوڕەکانی هێنابوو و کچەکەشی بە شوو دابوو. کاتێ کە هەژار ونەدار بوو، کوڕەکانی کاریان بۆ دەکرد. مەڕ و مالاتیان بۆ بە خەم دەکرد. بەڵام کە دەوڵەمەند بوو، کوڕەکانی تەمەڵ بوون. تەنانەت یەکێک لە کوڕەکانی، ئالوودەی مەیخۆری بوو. کوڕە گەورەکەی لە شەڕێکا کوژرا. بەڵام کوڕە بچووکەکە کە ژنێکی خۆپەرستی هێنابوو، بە گوێی بابی نەدەکرد، نەیدەتوانی لە گەڵ ئەودا لە یەک ماڵدا بژی. لێکدی جودا بوونەوە. ئەلیاس خانوویەکی بۆ کوڕەکەی دروست کرد وچەند سەر مەڕ ومالاتیشی دایە. سەروەت وسامانەکەی دایە کزی. دوای ماوەیەک دەرد لە پەزەکانی دا و زۆریان لێ مردار بوونەوە. ساڵی دواتر وشکە ساڵ بوو، شیناوەرد نەبوو، ئالف دایە کزی، ئەوسا گا وگۆتاڵێکی زۆری مرداربوونەوە. ئەوسا قەرغیزییەکان، باشترین ڕەوە ئەسپیان دزی. دارایی ئەلیاس ڕۆژبەڕۆژ دایە کزی. لەگەڵ کەمبوونەوەی سەروەت وسامانەکەیا، خۆیشی لە تاقەت و توانا دەکەوت. کە گەییە تەمەنی هەفتا ساڵی کەوتە فرۆشتنی فەروو و مافور و زین و ڕەشماڵ وخەرگاکانی. سەرەنجام دوا پەزی فرۆشت وکەوتە حاڵی نەداری و نەبوونیەکی ئەوتۆ کە خێری پێ دەشیا. بەرلەوەی بزانێ کە بۆ وای لێ بە سەر هاتووە، هەموو شتێکی لە دەست دابوو. هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی کە خۆی و ژنەکەی لە لای کەسێک ئیش بکەن. ئەلیاس، جگە لە جلەکانی بەری، پۆستینێک و کڵاوێک وجووتێ

سەرپایی وجووتێ گالۆش هیچی تری نەبوو. شم- شماگی خێزانیشی پیر بووبوو. ئەو کوڕەشی کە لێی جیا بووبووەوە، ڕۆیی بوو بۆ شوێنێکی دوور، کچەکەشی مردبوو. کەسێک نەبوو بە دادی ئەم جووتە پیرە لە کارکەوتووەدا بگات.

محەمەد شای دراوسێیان، دڵی بە حاڵی ئەم دووە سووتا. محەمەد شا نە دەوڵەمەند بوو ونە هەژار. ژیان و گوزەرانی باش بوو. پیاوێکی باش بوو. میوانپەروەری و دڵاوایی ئەلیاسی لەبیر مابوو، بەزەیی پێیدا هاتەوە. پێی گوت: "خۆت و ژنەکەت وەرن لە لای ئێمە بژین. هاوینان لە بێستانی کاڵەکەگەی من دا، بە گوێرەی توانای خۆت کار بکە. زستانانیش ئالیک بکەبەر پەزەکان. خورد و خوراک و جل و بەرگیشتان لە سەر من. هەر شتێکی دیکەشت گەرەک بوو، قسە بکە تا بۆتی فەراهەم بکەم."

ئەلیاس، سوپاسی دراوسێکەیانی کرد. خۆی و ژنەکەی وەکو کرێکار لای محەمەد شا دەست بە کاربوون. لە سەرەتاوە ئەم ڕەوشەیان لەبەر گران بوو. بەڵام وردە وردە ڕاهاتن و ڕۆژیان بەڕێ دەکرد، بە گوێرەی توانای خۆیان کاریان دەکرد.

محەمەد شا، بۆی دەرکەوتبوو، داکردن وحەوانەوەی ئەم دووە بە قازانجی ئەوە. چونکە بۆ خۆیان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاغا و خانەدان بوون و سەریان لە کار وباران دەردەچێت. تەمەل نەبوون. بە گوێرەی توانای خۆیان کاریان دەکرد. کە دەیبینی ئەوانە لەو پێگە بەرزەوە، کەوتوونەتە ئەم حاڵە وبەو جۆرە لێکەوتوون زۆری لەبەر گران بوو.

ئیدی ڕۆژێک بە ڕێکەوت، هەندێک لە خزمانی شا محەمەد، لە دەڤەرێکی دوورەوە دێنە سەردانی و مەلایەکیانش لەگەڵ بوو. محەمەد شا، بە ئەلیاس دەڵێت بەرخێک سەرببڕێت. ئەلیاس بەرخەکەی سەربڕی، کەوڵی کرد، کوڵاندی وبۆ میوانەکانی نارد. میوانەکان نانیان خوارد. چایان خواردەوەو پاشان کەوتنە کومیس خواردنەوە. لە سەر مافوران دانیشتبوون وشانیان دادابووە سەر سەرینان وبەدەم کومیس خواردنەوە قسانیان دەکرد. ئەلیاس کاری تەواو بووبوو. بە بەر دەرگاکەدا، کە کرابووەوە، تێپەڕی. محەمەد شا بەدی کرد. بە یەکێک لە میوانەکانی گوت:

- ئەو پیرەمێردەت بینی کە بەبەر دەرگاکەدا ڕەت بوو؟

میوانەکە گوتی: - "بەڵێ دیتم. مەبەستت چیە؟ "

خانەخوێ گوتی: - هیچ، ئەم پیاوە ڕۆژگارێک دەوڵەمەندترین کەسی لای ئێمە بوو. ناوی ئەلیاسە لەوەیە ناوبانگیت بیستبێ؟

- هەڵبەتە ناویم بیستووە، بەڵام قەت نەمدیتووە!

- بەڵێ، ئێستا تەواو لێکەوتووەو هیچی نییە، کەوتووەتە سەر ساجی عەلی. خۆی و ژنەکەی لەلای من بە کرێ کار دەکەن. ژنەکەی ماین و چێلەکانمان بۆ دەدۆشێت.

میوانەکە حەپەسا. تەقەیەکی لە زمانییەوە دەرهێنا، سەرێکی لەقاند وگوتی:

- بەخت و یەغباڵ وەکو چەرخە، بەردەوام لە سووڕانەوەدایە. نەویان بەرز دەکاتەوە و بەرزان نەوی دەکاتەوە. باشە ئەم پیرەمێردە، خەفەت بۆ ئەوە ناخوات کە هەموو شتێکی لە دەست داوە؟

- بڵێم چی، هێدی و هێمن دەژی و بە بێدەنگی کاری خۆی دەکات.

میوانەکە گوتی:

- دەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم؟ حەز دەکەم لە زمانی خۆیەوە گوێم لە بەسەرهاتی بێ.

یارۆی خانەخوی گوتی: - بۆ نا؟

ئەوسا، هەر لە هۆڵی میوانەوە بانگی کرد:

- بابای ( بە زمانی باشگیری مانای باپیرە دەگەیەنێ ) وەرە با پێکەوە جامێ کومیس بخۆینەوە. ژنەکەشت بێنە.

ئەلیاس و ژنەکەی هاتنە ژوورەوە. دوای سەلام و ئەحواڵپرسی لە گەڵ خاوەن ماڵ و میوانەکانیا، دوعایەکی کرد ولە لای دەرگاکەوە دانیشت. ژنەکەشی چووە ئەو دیو پەردەکەوەو دەگەڵ خانمی ماڵێدا دانیشت.

جامێ کومیسیان دایە دەست ئەلیاس. داوای ساغی وسەلامەتی بۆ خاوەن ماڵ و میوانەکانی کرد، ئەوسا سەرێکی دانەواند وتۆزێکی لە کومیسەکە خواردەوەو جامەکەی دانا.

ئەو میوانەی حەزیدەکرد پرسیاری لێبکات گوتی:

- باپیرە، وا بزانم بە دیتنی ئێمە هەست بە خەمباری دەکەیت، کە ئێمە دەبینی ڕابردووی شکۆداری خۆت و مەینەتی ئێستات لەلا زندوو دەبێتەوە.

ئەلیاس پێکەنی وگوتی:

- ئەگەر باسی بەختەوەری و بەد بەختی خۆمانتان بۆ بکەم ڕەنگە باوەڕ نەکەن. باشتر وایە ئەو پرسیارە لە ژنەکەم بکەن. چونکە ئەو ژنە و ژن قسەی دڵ و دەمی یەکە. ئەو ڕاستیەکانتان بۆ دەگێڕێتەوە.

میوانەکە ڕووی لە پەردەکە کرد وبانگی کرد:

- داپیرە، ئەرێ ئەم نەداری ونەگبەتیەی ئێستاتان، چۆن لەگەڵ بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ڕابردووتان بەراورد دەکەی؟

شم – شماگی ، لە پشت پەردەکەوە گوتی:

- من ئەوەند دەزانم کە من ومێردەکەم پەنجا ساڵ لە خۆشبەختی گەڕاین و بەرێکەوتیش تووشی نەهاتین. بەڵام ئێستا، لەم دوو ساڵەدا کە هیچمان بە دەستەوە نەماوە وبە ڕەنجی شان نانی خۆمان پەیدا دەکەین، تووشی بەختەوەری ڕاستەقینە بووینو لەم چارەنووس و ڕەوشەی ئێستامان ڕازی ڕازین و لەوەی زیاتر تەماحمان لە دنیادا نییە.

میوانەکان وخانەخوێش سەریان لەو گوتەیە سوڕما. خاوەن ماڵ تەنانەت هەستا و پەردەکەی لادا تا روخسار وسیمای پیرەژن ببینێ. پیرەژن، دەستەکانی نابوونە سەر سینگی وتەمەشای مێردەکەی دەکرد و بزەیەکی بە سەر لێوەوە بوو. مێردەکەشی ڕوو لە ئەو بزەیەک نیشتبووە سەر لێوی. ژنەکە لە سەری ڕۆیی:- " ئەوەی دەیلێم قسەی دڵمە وهیچ گاڵتە ناکەم. نیو سەدە بە دەوڵەمەندی لە بەختەوەری گەڕاینوبە ڕێکەوتیش تووشی نەبووین.

لێ ئێستا کە هەژار و نەدار بووین و بە کرێکاری دەژین، بەختەوەری خۆمان دۆزیوەتەوەو لەوەی زیاترمان ناوێ."

میوانەکە پرسی: - باشە بەختەوەری ئێوە لە چیدایە؟

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- ئەو کاتەی کە دەوڵەمەند بووین، من و مێردەکەم هێندەمان نیگەرانی وگرفت هەبوو کە فریا نەدەکەوتین دوو قسە لەگەڵ یەکدا بکەین. یان بیرێک لە خۆمان بکەینەوە، یا ڕوو لە قاپی خوا بکەین و نوێژ و نزایەک بکەین. زۆربەی کات میوانمان هەبوو. دەبوایە بیر لەوە بکەینەوە چ خواردنێکیان بۆ دابنەین یا چ دیارییەکیان بدەینێ تا لە پاشملەمان نەڵێن. کە میوان دەڕۆیشتن، دەبوایە بەکار وباری کرێکار و ڕەنجبەرەکانماندا بگەین. ئەو ڕەنجبەر وکرێکارانەی کە بە زۆری خۆیان لە کار دەدزییەوەو دەیانویست باشترین خواردن بخۆن. ئێمەش لە لای خۆمانەوە هەوڵمان دەدا زۆرترین کاریان لێ بکێشینەوە. ئیدی گوناحمان دەکرد. جاری وا هەبوو دەترساین گورگ لە ماڵاتەکانمان بدات، بەرخێ یان گوێرەکەیەک بخوات یان دزان ئەسپەکانمان بدزن. شەو تا بەیانی نەدەخەوتین. نەبا مەڕەکان بە سەر بەرەخەکان بکەون و بیان پلیشێننەوە. دەبوایە تا بەیانی چەند جارێک سەریان بدەین، تا هیچ پێشهاتێک نەیەتە پێشێ. لە خەمێک نەدەخەڵەسین خەمێکی دی بە سەرا دەهات. نیگەرانیەکی تازە دەهاتەپیشێ. بۆ نموونە چۆن بۆ زستان ئالیکی پێویست عەمار بکەین؟ سەرباری هەموو ئەمانەش، زۆربەی کات لە گەڵ مێردەکەما ناکۆک بووم. ئەو دەیگوت دەبێ ئەمە و ئەوە بکەین و من دەمگوت نا، بە کورتی ئەو دەیگوت سیر من دەمگوت پیاز. لە سەریەشەیەک نەدەبووینەوە دووچاری سەریەشەیەکی دی دەبووین. گوناح لەسەر گوناحمان دەکردو خۆشی و بەختەوەری لە حەوت کێوان ئاودیو بووبوو."

- ئەدی ئێستا چۆنن؟

- ئێستا، بەیانی کە لە خەو ڕادەبین، من و مێردەکەم بە قوربان و بە سەدەقەی یەکدی دەبین. چونکە هیچمان نییە، بە شەڕنایەین، بە خۆشی

وشادی دەژین. هیچ نیگەرانیەکمان نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە کار بۆ ئاغامان بکەین. بە گوێرەی توانای خۆمان کاری بۆ دەکەین وهەمیشە لە خەمی ئەوەداین کە ئەو لە سۆنگەی ئێمەوە تووشی زەرەر نەبێت. کە لە سەر کار دێینەوە شیو وفراڤین و کومیس ئامادەیە. کە دنیا سارد دەبێ شەوات وئیزنگمان بۆ خۆ گەرم کردنەوە هەیە. فەرووەمان هەیە بە خۆمانیا بدەین. کاتمان هەیە قسە لە گەڵ یەکدیدا بکەین. بیر لە خۆمان بکەینەوە، نوێژ ونزا بکەین. پەنجا دانە ساڵ لە بەختەوەری گەڕاین تووشی نەبووین. ئەنجام لێرە دۆزیمانەوە."

میوانەکان پێکەنین. بەڵام ئەلیاس گوتی:

- " براینە پێ مەکەنن، چونکە بە ڕاستی ئەمە بابەتی گاڵتە و پێکەنین نییە. بەڵکو بابەتێکی جدییە، حەقیقەتی ژیانە. لە سەرەتادا کە سەروەت وسامانەکەمان لە دەست دابوو، لە نەزانی خۆمانا گریە وزاریمان دەکرد. بەڵام ئێستا مەشیەتی خوا ئەمەیە کە پەی بە حەقیقەت بەرین و بۆ ئێوەی بگێڕینەوە. نەک لە بەر ئەوەی داخی دڵی خۆمان هەڵڕێژین، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە ئێوەش پەندی لێوەربگرن."

کابرای مەلا گوتی:

- ئەمە قسەیەکی ئاقڵانەیە. ئەلیاس ڕاستگۆیانە حەقیقەتی بەیان کردووە. ئەمە ڕێک دەگەڵ دەقی قورئانی پیرۆزدا تێکدەکاتەوە.

میوانەکان لە پێکەنین کەوتن و لە فکران ڕاچوون.

ساڵی ١٨٨٥

# پاژی پێنجەم

## چەند حیکایەتێکی فۆلکلوری

## بە گێڕانەوە وداڕشتنەوەیەکی نوێوە

## ١٢ – سێ تەرکە دنیا

ئەفسانەیەکی کۆنی باوی دەڤەری ڤولگایە.

" ... کە نویژ و نزا دەکەن، وەکو بت پەرستەکان هەمان قسەی بۆش وبەتاڵ دووبارە مەکەنەوە. کە پێیان وایە دوعا و نزا بە دووبارە کردنەوە گیرا دەبن، چاو لەوانە مەکەن. چونکە خواوەند پێش ئەوەی داوای لێبکەن، دەزانێ پێویستیتان بە چییە.

ئینجیلی مەتی، بابی شەشەم ، ئایەتی هەفت و هەشت. "

مەترانێک (پلەیەکی ئۆلییە، لە قەشە بالاترە) لە ڕێگای دەریاوە لە ئارخانگلەوە بۆ دێری سولوفسکی دەڕۆیی. لە هەمان کەشتیدا ژمارەیەک زیارەتکاری دیکەش، بە مەبەستی حەجی زیارەتگاکانی ئەوێندەر، لە هەمان کەشتیدا بوون. سەفەرەکەیان خۆش بوو. کەش وهەواکەی خۆش بوو، بایەکی لەباری دەهات، زیارەتکار وحاجیەکان، لە حەوشەی کەشتیەکەدا کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەم نانخواردن وقسانەوە دانیشتبوون. یارۆی مەترانیش هاتە سەرەوە، تا پیاسە بکات. بینی کۆمەڵیک لە حەوشی کەشتیەکەدا دانیشتوون وکابرایەکی ماسیگر قسەیان بۆ دەکات وبە دەست شتێکیان نیشان دەدات. مەترانەکە وەستا وڕوانیە ئەو شوێنەی کە نیشانی ئەوانی تری دەدا. جگە لە ئاوی دەریاکە کە لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقایەوە هیچی دیکەی نەبینی. لە کۆمەڵەکە نزیک بووەوە. ماسیگرەکە کە ئەوی بینی کڵاوەکەی لە سەری داگرت وکرنۆشی بۆ برد و بێدەنگ بوو. ئەوانی دیکەش چاویان لەو کرد، کلاوەکانیان داگرت وکرنۆشیان بۆ برد.

مەترانەکە گوتی:

- براینە ببورن، نامەوێ بێزارتان بکەم. هاتووم تا گوێم لە قسەکانی ئەم پیاوچاکە بێ.

یەکێک لەو بازرگانانەی کە لەوانی دی گۆساختر بوو، گوتی:

- یارۆی ماسیگر، باسی تەرکە دنیایانی بۆ دەکردین.

مەترانەکە چووە قەراخ کەشتیەکە ولە سەر سەندووقێک ڕۆنیشت وپرسی:- " کامە تەرکە دنیایان بۆم باس بکە..."

ماسیگرەکە بە دەست ئاماژەی بۆ شوێنێکی دەستە ڕاستی پێشەوەی کەشتیەکە کرد و گوتی:

- ئەو دورگەیە دەبینی؟ چەند تەرکە دنیایەکی تێدایە، کە هەوڵی ڕزگارکردنی ڕۆحی خۆیان دەدەن.

مەترانەکە پرسی: - کامە دورگە؟ من هیچ نابینم!

- ئەوێندر، بڕوانە ئاراستەی قامکی من. ئا ئەو پەڵە هەورە بچووکە دەبینی. لەژێر پەڵە هەورەکەوە، کەمێک بە سەمتی چەپا، کە لە تیلماسکێکی بچووک دەچێ، ئەوە دورگەکەیە!

مەترانەکە، چاوی تیژ کردەوە وبە وردی هەڵیڕوانی، بەڵام چاوانی ئەو کە بە دەریا ڕانەهاتبوون، جگە لەو ئاوەی کەلە ژێر هەتاوەکەدا دەبریقایەوە هیچی تری بە دی نەکرد و گوتی: - نای بینم. بەڵام ئەو تەرکە دنیایانەی لەوێندەر دەژین کێن؟

ماسیگرەکە گوتی:

- ئەوانە ئەولیا و خودان کەرامەتن. لە مێژ بوو ناوم بیستبوون بەڵام نەمدیتبوون. پێرار بەخت یار بوو وبە زیارەتیان شاد بووم.

ئەوسا ماسیگرەکە، کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چۆن پێرار بە دەم ڕاوە ماسییەوە ڕێگەی گوم کردبوو وشەوێ لەو دورگەیەوە سەری دەرهێنابوو. بە خۆیشی نەیزانی بوو لە کوێیە. بەیانی لە دورگەکەدا گەڕابوو، تووشی کوختەیەکی گڵین بووبوو، پیرەمێردێکی لە لاوە وەستابوو. دوای کەمیک دوو کەسی دیکەش پەیدا بووبوون. ئیدی هەموویان یارمەتیان دابوو وبەلەمەکەیان چاک کردبووەوە وخواردنیان دابوویە و وشکیان کردبووەوە.

مەترانەکە پرسی: - شێوە وشەکڵیان چۆنە؟

- یەکێکیان، وردیلەیەکی قەمووره، جل و بەرگی ڕوحانی لەبەرەو زۆر پیره، تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەڕیوه. ئەوەندە پیره کە سپێتی ڕدێنی سەوز دەنوێنێ. بەڵام پیاوێکی هەمیشە دەم بە خەندەیه. ڕوخساری وەکو فریشتەێن ئاسمانی نوورانیه. پیاوی دووەم لە پیاوی یەکەم باڵابەرزتره. بەڵام وەکو ئەو پیره. پاڵتۆیەکی شڕی جووتیارانەی لەبەره. ڕدێنی تۆپه، سپیەکی ئاماڵ زەرده. بەڵام کەسێکی بەهێزه. پێش ئەوەی من فریا بکەوم و یارمەتی بدەم بەلەمەکەی منی بە جۆرێ هەڵگێڕایەوه وەکو ئەوەی سەتڵێکی سووک بێ. ئەویش کەسێکی میرەبان و ڕووخۆشه. پیاوی سێیەمیش کەسێکی باڵابەرزە وڕدێنی وەکو بەرف سپییه. ڕدێنی دەگاتە ناو قەدی. پێدەچێ هەندێک سەخت گیر بێ. برۆکانی چڕ وپەیوەستن. جلی لەبەر نییه، چەرچەفێکی لە ناو قەدییەوە ئاڵاندووه.

مەترانەکە پرسی:- " قسەت لە گەڵدا کردن؟ "

- زۆربەی کات بێدەنگ بوون. زۆر کەم قسەیان لە گەڵ یەکدا دەکرد. کە یەکێکیان تەمەشایەکی بکردایە ئەوانی دی لە مەبەستی حاڵی دەبوون. لە درێژ وباڵا بەرزەکەیانم پرسی: ئایا دەمێکە لێرە دەژین؟ چارەی بە یەکدا دا وخوتەخوتێکی کرد وەکو ئەوەی تووره بووبێ. بەڵام ئەوەی لە هەموویان پیرتر بوو، دەستی گرت و هێوری کردەوەو ئەوسا گوتی: " ڕەحم بە ئێمەدا بکەن و ببورن " وبزەیەکی کرد.

لەو کاتەدا کە کابرای ماسیگر قسەی دەکرد، کەشتیەکە لە دورگەکە نزیک بووبووەوه.

بازرگانێک بە دەست ئاماژەی بۆ شوێنێ کرد وگوتی:

- بەڕێز، ئێستا دورگەکە بە ئاشکرا دیارە کەرەمکە تەمەشا بکه.

مەترانەکە تەمەشای کرد. پەڵەیەکی ڕەشی لە دوورەوە بەدی کرد. دورگەکە بوو. دوای ئەوەی چەند سانێک تەمەشای دورگەکەی کرد، لە کەشتیڕانەکە نزیک بووەوەو گوتی: - ئەو دورگە بچووکە ناوی چییە؟

یارۆی کەشتیڕان وەڵامی دایەوە:

- لەم جۆرە دۆرگانە زۆر هەن. ئەو دورگەیە ناوی نییە.

- ئەدی ڕاستە گوایە سێ تەرکە دنیا لەوێندەر دەژین و چوونەتە خەڵوەتەوە تا ڕۆحیان پاک ببێتەوە؟

- قوربان، وا دەڵێن. بەڵام نازانم ئاخۆ ئەمە ڕاستە یان نا. ماسیگرەکان دەڵێن دیویانن. بەڵام ڕەنگە ئەمە چیرۆکی خەیاڵی خۆیان بێ.

مەترانەکە گوتی:

- حەز دەکەم لەو دورگەیە دابەزم و ئەو پیاوانە بدینم! چۆن ئەو کارە بکەم؟

کەشتیڕانەکە گوتی:

- کەشتیەکە ناتوانێ لە دورگەکە نزیک ببێتەوە بەڵام دەتوانی بە بەلەمی سەوڵدار بڕۆیت. باشتر وایە قسە لەگەڵ کاپیتاندا بکەیت.

ناردیان بە دووی کاپیتاندا. هات. مەترانەکە گوتی:

- دەمەوێ ئەو تەرکە دنیایانە بدینم. دەتوانی بە بەلەم بۆ ئەوێندەرم بنێری؟

کاپیتانەکە ویستی ژێوانی بکاتەوە، گوتی:

- هەڵبەتە دەکرێ. بەڵام وەختەکەمان بە فیڕۆ دەچێت. قوربان نەبێ بە بێ ئەدەبی لە ڕووی جەنابتا،دەترسم کاتەکەت بە خۆڕایی بە فیڕۆ بچێ.دیدەنی ئەو پیرەمێردانە ئەم ماندووبوونە نایەنێ. ئەوەی من بیستوومە ئەوانە خەڵکانێکی شێت وشوورن، لە هیچ تێناگەن، وەکو ماسی دەریا بێدەنگ وخامۆشن. قسە ناکەن.

مەترانەکە گوتی:

- دەمەوێ بیان بینم. پارەی دواکەوتنەکەی ئێوەش دەدەم. تکایە بەلەمێکم بۆ دابین بکە.

چارە نەبوو. کاپیتان ئەمری کرد. چارۆکەکان دادرانەوە، کەشتیڕانەکە سوکانەکەی بادایەوەو پیرە کەشتی بەرەو دورگەکە کەوتەڕێ. کورسییەکیان بۆ مەتران هێنا، لە پێشەوەی کەشتیەکە دایان نا. لە سەری دانیشت و تەمەشای پێشەوەی دەکرد. نەفەرەکان هەموو لە پێشی کەشتیەکەدا خڕبوونەوە وکەوتنە تەمەشا کردنی دورگەکە. ئەوانەی کە چاویان تیژ بوو. سەرەتا تاوێرەکانی دورگەکەیان بەدی کردو پاشان کوختە گڵێنەکەیان لێ بە دیارکەوت. ئەنجام یەکێک لە نەفەرەکان خودی تەرکە دنیاکانیشی بەدی کرد. ئەوسا کاپیتانەکە دووربینی هێنا وبە دووربینەکە کەوتە تەمەشاکردن. ئەوسا دووربینەکەی دایەدەست مەترانەکە وگوتی:

- ڕاستە، سێ نەفەر لە کەناری دورگەکە ڕاوەستاون. لە سەمتی ڕاستی ئەو تاوێرەوە ڕاوەستاون.

مەترانەکە، دووربینەکەی وەرگرت، میزانی کرد، نای بە چاوییەوە وسێ کەسەکەی بەدی کرد. یەکێکیان باڵابەرز، دووەمیان کەمێک لە یەکەم کورت تر وسێیەمیان پیاوێکی وردیلەی قەموور بوو. بە سێ قۆڵی لە کەنار دورگەکەوە وەستابوون و دەستی یەکیان گرتبوو. کاپیتانەکە ڕوویکردە مەترانەکە وگوتی:

- قوربان، کەشتیەکە ناتوانێ لەوەی پتر بچێتە پێشەوە. ئەگەر دەتەوێ بگەیتە دورگەکە دەبێ لێرە لەنگەر بگرین و بە سواری بەلەم بڕۆیت.

یەکسەر پەت وزنجیرەکانیان کردەوە، لەنگەریان فڕێ دا. چارۆکەکانیان پێچایەوە. کەشتیەکە تەکانێکی داو وەستا، ئەوسا بەلەمێکیان خستە دەریاکەوە، سەوڵەوانەکان خێرا خۆیان بە ناو بەلەمەکەدا کرد. مەترانەکە لە پەیژەی کەشتیەکەوە دابەزی و خۆی بە بەلەمەکەدا کرد. سەوڵەوانەکان، بە دەم سەوڵ لێدانەوە بەلەمەکەیان بەرەو دورگەکە ئاژۆت. کە گەیینە بەرداوێژی دورگەکە، سێ پیرەمێردەکەیان بینی. درێژەکەیان چەرچەفێکی لە ناو قەدییەوە پێچابوو، مامناوەندیەکەیان، پاڵتۆیەکی شڕی لەبەر بوو، پیرە وردیلە و قەموورەکەیان جبەیەکی لەبەر بوو. هەر سێکیان دەست لە ناو دەست وەستابوون. سەوڵەوانەکان، بەلەمەکەیان گەیاندە کەنارەکە، ڕایانگرت تا کابرای مەتران دابەزێت. پیرەمێردەکان هەرکە مەترانیان بینی

کڕنۆشیان بۆ برد. مەتران دوعای بۆ کردن، دووبارە کڕنۆشیان بۆ برد. هەنگێ مەتران پێی گوتن:

- بیستوومە، ئێوەی باوەڕداران وپیاوانی خوا، لێرە خەڵوەتتان گرتووەو نوێژ بۆ مەسیح دەکەن، تا لە گوناحی خۆتان و خەڵکانی دی خۆش بێت. من لە بەندە گوناحکار و کەمتەرخەمەکانم. بەڵام خواوەند وای ئیرادە فەرمووە، کە شوانی خەڵکی لە ئەستۆ بگرم و ڕێنوێنی ئەو خەڵکە بکەم. حەزم کرد ئێوەی بەندەی خوا لە نزیکەوە بدینم و بە گوێرەی توانای خۆم ڕێنوێنیتان بکەم.

پیرەمێردەکان بە دەم زەردەخەنەوە ڕوانیانە یەکدی. بەڵام ورتەیان لێوە نەهات.

مەترانەکە گوتی:

- پێم بڵێن ئێوە لەم دورگەیەدا، چ دەکەن بۆ پاکبوونەوەی ڕۆحی خۆتان. چۆن لێرەدا خزمەتی پەروەردگار دەکەن؟

پیرەمێردی دووەم ئاهێکی هەڵکێشا و ڕوانییە ئەوەی لە هەموویان پیرتر بوو. ئەویش بزەیەکی کرد وگوتی:

- ئێمە نازانین چۆن خزمەتی خوا بکەین. ئێمە تەنیا خزمەتی خۆمان دەکەین ولە خەمی بژێوی خۆماندا ین.

مەترانەکە پرسی:- " ئەدی چۆن نوێژ بۆ خوا دەکەن؟ "

یارۆی تەرکە دنیا گوتی: -" نوێژی ئێمە بەمجۆرەیە: تۆ سیانی، ئێمە سیانین، لە ڕەحمی خۆت بێبەشمان مەکە! "

دوای ئەو قسەیە هەرسێ پیرەمێردەکە ڕوویان کردە ئاسمان وبە یەک دەنگ گوتیانەوە: " تۆ سیانی، ئێمە سیانین، بە ڕەحمی خۆت ڕەحممان لێبکە! "

مەترانەکە بزەیەکی کرد وگوتی:

- وا دیارە شتێکتان لە بارەی سێینەی پیرۆزەوە بیستووە. بەڵام نوێژەکەتان دروست نییە. جا چونکە خەڵکانێکی ئیماندارن، من خۆشم دەوێن و دەزانم کە ئەنگو خوازیاری ڕەزامەندی خوان، بەڵام نازانن چۆن عیبادەتی بکەن.

ئەمە ڕێورەسمی نوێژ ونزا نییە. ئەگەر گوێم لێبگرن فێرتان دەکەم. من ئەم ڕێورەسمی نوێژ ونزایەم لە گیرفانی خۆمەوە دەرنەهێناوە. ئەمە فەرموودە ودەستوورێکە کە خوا لە کتێبی پیرۆزا بۆ هەموو بەشەری داناوە.

ئەوجا مەترانەکە کەوتە شرۆڤە وراڤەی ئەوەی کە چۆن خوا خۆی بۆ بەشەر ئاشکرا کردووە وڕوونکردنەوەی پێویستی سەبارەت بە خوای باوک، خوای کوڕ وخوای ڕۆحی پیرۆز، بە هەر سێ تەرکە دنیاکە دا وگوتی: " خوای کوڕ لە پێناوی ڕزگاری بەشەر هاتووەتە سەر ئەرز، خەڵکی فێری چۆنیەتی نوێژ ونزا کردووە. دەبێ ئێستا گوێ بگرن و هەر چیەک دەڵێم، لە دوامەوە بیڵێنەوە: " ئەی باوکی ئێمە. "

پیرەمێردی یەکەم گوتی: " ئەی باوکی ئێمە " . پیرەمێردی دووەم گوتی: " ئەی باوکی ئێمە " و پیرەمێردی سێیەم گوتی: " ئەی باوکی ئێمە " .

مەترانەکە لە سەری ڕۆیی: " کە لە ئاسمانی. "

پیرەمێردی یەکەم دووبارەی کردەوە: " کەلە ئاسمانی " بەڵام پیرەمێردی دووەم زمانی کەوتە تەتەڵە وپیرەمێردی سێیەم هەر بۆی نەوترا. قژەکەی بە سەر دەم و چاویا ڕژا بوو ودەنگی دەرنەدەهات. پیرەمێردی یەکەمیش کە ددانی نەبوو، قسەکانی ڕوون نەبوون.

مەترانەکە، دەست بەردار نەبوو. وشەکانی دووبارە دەکردەوەو، پیرەمێردەکانیش کە لە بەردەمیا ڕیز بووبوون، هەوڵیان دەدا قسەکانی وی دووبارە بکەنەوە. مەترانەکە لە سەر بەردێک ڕۆنیشت. پیرەمێردەکان چاویان بڕی بووە دەمی وگوتەکانی ئەویان دووبارە دەکردەوە. یارۆی مەتران بە درێژایی ڕۆژ هەوڵی لە گەڵدا دان، زەحمەتی کێشا. هەر وشەیەکی بیست جار، سی جار، سەد جار دووبارە کردەوە، پیرەمێردەکان دووبارەیان دەکردەوە، هەڵەیان دەکرد، بە هەڵە دەیانگوتەوە. لێ مەترانەکە هەر کۆڵی نەدەدا. هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردنەوەو وشەکانی بۆ دووبارە و چەند بارە دەکردنەوە و پێی دەگوتنەوە ودەستبەرداریان نەبوو تا نوێژ و نزاکەی بە دروستی پێ ئەزبەر کردن. پیرەمێردە ناوەنجیەکەیان، لە پێش دوانەکەی ترەوە فێر بوو و بە تەنیا هەموو نوێژەکەی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بە

ڕەوانی و بێ هەڵە خوێند. مەترانەکە مەجبووری کرد چەند جارێک نوێژ ونزاکە دووبارە بکاتەوە وسەرەنجام ئەوانی دیکەش نوێژ و نزاکەیان ئەزبەر کرد و فێری بوون.

وەختێ مەترانەکە بۆ سەر کەشتیەکە زڤڕییەوە دنیا تاریک ومانگ هەڵاتبوو. کاتێ ویستبووی دورگەکە بە جێ بێڵێ هەر سێ پیرەمێردەکە کڕنۆشیان بۆ بردبوو و تەنانەت کەوتبوونە سوجدە بردنیش. هەڵیساندبوونەوەو ماچی کردبوون وبیری خستبوونەوە کە نوێژ ونزاکەیان بەو شێوەیە بکەن کە ئەو فێری کردبوون. ئەوسا بە سواری بەلەمەکە بۆ سەر کەشتیەکە گەڕابووەوە.

لەو کاتەدا کە بە سواری بەلەمەکە بۆ لای کەشتیەکە دەگەڕایەوە گوێی لە دەنگی پیرەمێردەکان بووبوو کە هەمان نوێژ ونزایان دەخوێند کە ئەو فێری کردبوون. وەختێ بەلەمەکە لە کەشتیەکە نزیک بووەوە، ئیدی دەنگی پیرەمێردەکانیش بڕا. بەڵام لە بەر تریفەی مانگەکەدا ولە دوورەوە دەبینران کە لە کەنار دوڕگەکەدا ڕاوەستابوون.کورتەکەیان لە ناوەڕاستاو درێژەکەیان لە دەستە ڕاستا و مامناوەندیەکەیان لە دەستە چەپا وەستابوون.

هەرکە مەترانەکە گەییە ناو کەشتیەکە، لەنگەرەکەیان هەڵگرتەوەو چارۆکەکانیان هەڵکرد و پڕ بوون لە با وکەوتنە ڕێ. مەترانەکە لە سەر کەشتیەکە دانیشتبوو و تەمەشای دورگەکەی دەکرد کە سات بە سات لێی دوورتر دەکەوتنەوە. تا ماوەیەکی زۆرپیرەمێردەکان هەر دیار بوون. پاشان هەرچەندە دورگەکە هێشتا دیاربوو، بەڵام پیرەمێردەکان لە چاو ون بوون. سەرەنجام دورگەکەش دیارنەما. ئیدی تا چاو هەتەری دەکرد هەر دەریا بوو ودەریا وشڵپ وهۆڕی پێل وشەپۆلان وهەیڤەشەو. زیارەتکارەکانی سەر کەشتیەکە خەوتبوون. بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. مەترانەکە نەیدەویست بخەوێ. بە تاقی تەنیا لە بەشی دواوەی کەشتیەکە دانیشت، دەیڕوانیە دەریاکە. بیری لەو پیرەمێردانەی دورگەکە دەکردەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە بێگومان سەبارەت بەوەی فێری نوێژ ونزا بوون، هەست بە خۆشی و شادییەکی زۆر دەکەن و لە دڵی خۆیدا شوکرانەی خوای دەکرد کە ئەوی بە هانای ئەم سی ئیماندارەوە ناردبوو.

مەترانەکە بە دەم دانیشتنەوە دەیڕوانیە ئەو شوێنەی کە دورگەکەی لێبوو، هەڵبەتە دورگەکە بە تەواوەتی لە چاو ون بووبوو. تریفەی مانگەکە هەندێجار دەیدا لە شەپۆلەکانی دەریاکە ولەبەر چاویا دەدرەوشایەوە. لە ناکاوا شتێکی سپی ڕەخشانی بینی کەلە بەر تریفەی مانگەکە و بە سەر دەریاکەوە سپی دەچووەوە. خۆیا نەبوو ئاخۆ نەورەس بوو، یان چارۆکەی سپی بەلەمێکی بچووک بوو؟ مەترانەکە لێی ورد بووەوە تا بزانێ چییە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " وا دیارە بەلەمێکە و دووی ئێمە کەوتووە. تۆزێ لەمە پێش زۆر لێمانەوە دوور بوو، کەچی ئێستا تەواو نزیک بووەتەوە. پێناچی بەلەم بێ. چارۆکەی پێوە نییە. بەهەرحاڵ هەرچیەک بێ، دووی ئێمە کەوتووە و هاکا پێمان گەیی."

بۆی ساغ نەبووەوە چییە. بەلەم نەبوو، باڵندە نەبوو، ماسیش نەبوو. لە ئینسان گەورەتر بوو. ئەمە جگە لەوەی کە ئینسان لە کوێ دەیتوانی بەو شیوەیە بەسەر دەریادا بڕوات؟ مەترانەکە هەستا و بە کەشتیڕانەکەی گوت:

- تەمەشا برادەر. ئەوە چییە؟ ئاخۆ ئەوە چ بێ؟

بەڵام زۆری پێنەچوو، مەترانەکە بە ئاشکرا شتەکەی دەبینی... سێ تەرکە دنیاکە بوون کە بەسەر ئاوەکەوە بە هەشتاو دەهاتن وسپی دەچوونەوە. ڕدێنە سپییەکانیان نوورانی بوو. هێندە بلەز لە کەشتیەکە نزیک دەبوونەوە، لە تۆ وایە کەشتیەکە وەستاوە.

کەشتیڕانەکە تەمەشای کرد. بە ڕادەیەک ترسا کە دەستی لە سوکانەکە بەربوو و هاواریکرد:- " خودایا، سێ تەرکە دنیا دوومان کەوتوون و بە جۆرێ بە سەر ئاوەکەدا ڕێدەکەن، لە تۆ وایە بە سەر وشکانیەوە ڕێدەکەن! "

نەفەرەکان، لە دەنگە دەنگا خەبەریان بووەوە. لە کەنار دیواری کەشتیەکەدا خڕ بوونەوە. تەرکە دنیاکانیان بینی کە دەست لە نێو دەست دەهاتن. دووانەکەی ئەم پەر و ئەوپەر، بە دەست ئاماژەیان دەکرد تا کەشتییەکە بوەستێ. هەرسێکیان بێئەوەی لاق بجوڵێنن، بە سەر ئاوەکەدا دادەخزین. پێش ئەوەی کەشتیەکە بوەستێ، هەرسێ تەرکە دنیاکە گەیینە کەشتیەکە، سەریان هەڵبڕی و بەیەک دەنگ بانگیان کرد:

- جەناب، ئەی خادمی خوا، ئەوەی فێرت کردبووین، هەر هەموویمان بیر چووەتەوە. تا ئەو کاتەی دووبارەمان دەکردەوە جوان لە بیرمان بوو، بەڵام کە تۆزێ مژوول بووین، هەموویمان لە بیر چووەوە، نوێژ ونزاکەمان لەبیر چووەوە. تاقە وشەیەکیمان بەبیر نایەتەوە. هاتووین جارێکی دی فێرمان بکەیتەوە.

مەترانەکە، نیشانەی خاچی کێشا، خۆی بە سەر دیواری کەشتیەکەدا دانەواندەوەو گوتی: " ئەدی بەندەێن خودا، نوێژ ونزاکەی خۆتان دەگاتە خوا. من ناتوانم هیچتان فێر بکەم. دوعا بۆ منی گوناحکاریش بکەن."

مەترانەکە کڕنۆشی بۆ پیرەمێردەکان برد. ئەوانیش گەڕانەوەو ڕێ و ڕێ بە سەر دەریاکەدا کەوتنەڕی، تا بەرەبەیان کەلە چاو ون بوون، پەڵە ڕوناکییەک لە دوویانەوە دەدرەوشایەوە.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٣ – بێچوە جن و پرچە نانێک

ڕۆژێک، بەیانیەکی زوو، جووتیارێکی هەژار لە ماڵ وەدەرکەوت تا بڕوات زەوی بکێڵێ. پارچە نانێکی لە گەڵ خۆیدا برد تا تێشتی پێ بکات. هەوجارەکەی ئامادەکرد، نانەکەی خستە تۆیی پاڵتۆکەیەوە. پاشان لە ژێر دەوەنێکا شاردییەوەو دەست بەکار بوو. دوای ماوەیەک کە ئەسپەکەی ماندوو بوو وخۆیشی برسی بوو، هەوجارەکەی لە عاردی چەقاند وئەسپەکەی

بەڕەڵڵاکرد تا بلەوەڕێت وئەوسا چوو بە سۆراغی پاڵتۆکەیەوە تا نانەکەی بخوات.

کابرای جووتیار، پاڵتۆکەی هەڵگرت. نانەکە نەمابوو، پاڵتۆکەی ئەم دیو وئەودیو کرد، هەڵی تەکاند. نانەکە نەبوو. کابرا ئەمەی لەبەر گران بوو، هەرچی سەری دێنا ودەبرد، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی. لە فکران ڕاچوو: " سەیرە! کەسم لەم دەوروبەرەدا نەبینی. کەچی دیارە یەکێک هاتووە ونانەکەی بردووە! "

بێچوە جنێک، کاتێ یارۆی جووتیار خەریکی زەوی کێڵان بووبوو، نانەکەی دزی بوو. لە پشت دەوەنێکەوە خۆی مات دابوو، تا گوێی لە جووتیارەکە بێ کە چۆن نەفرەت لە شەیتان دەکات.

جووتیارەکە، خەفەتی لەوە دەخوارد کە نان وخوراکەکەی نەمابوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "چار نییە. بەهەرحاڵ خۆ لە برسا نامرم. دیارە ئەو کەسەی نانەکەی بردووە، پێویستی پێی بووە. دەی نۆشی گیانی بێ!"

پاشان چوو بۆ سەر بیرەکە، ئاوی هەڵکێشا وکەمێک پشووی دا، پاشان ئەسپەکەی هێنا، لە هەوجاڕەکەی بەست و دەستی بە جووتکردن کردەوە.

بێچوە جنەکە تووڕە بوو، چونکە نەیتوانی بوو، جووتیارەکە وادار بە گوناح بکات. چوو بۆ لای شەیتانی ئاغای تا ئەم بویەرەی بۆ بگێڕێتەوە. شەیتانی بینی، بۆی گێڕایەوە چۆن نانی جووتیارەکەی دزی بوو و جووتیارەکە لە جیاتی ئەوەی تووڕە بێ و جنێو بدات گوتبووی: " دیارە ئەو کەسەی نانەکەی بردووە پێویستی پێی بووە، نۆشی گیانی بێت."

شەیتان تووڕە بوو وگوتی:- "کە ئەو جووتیارە بە سەر تۆدا زاڵ بووە، لە کەمتەرخەمی تۆیە. کاری خۆت بەڵەد نیت! خۆ ئەگەر ئەم جووتیارەو هەموو ئەوانەی دی وپاشان ژنەکانیان بەوجۆرە ڕەفتاربکەن، ئێمە ئیفلاس دەکەین ودەبێ دووکانەکەمان دابخەین. ئەمە مەسەلەیەک نییە دەستبەرداری ببین، هەر ئێستا بە پەلە و بێ دواکەوتن برۆ وئەم کارە ئەنجام بدە. ئەگەر نەتوانی لە زەرفی سێ ساڵاندا، بە سەر ئەم جووتیارەدا زاڵ ببیت، ئەوا ڕادەسپێرم لە ئاوی پیرۆزت هەڵکێشن.

بێچوە جنەکە ترسا، دوو لاقی هەبوو، دووی دیکەشی قەرزکردو وەکو با بۆی دەرچوو. بە دەم ڕێوە بیری لەوە دەکردەوە، چۆن قەرەبووی ئەم کەمتەرخەمیەی خۆی بکاتەوە! دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، نەخشەیەکی بە خەیاڵدا هات کە بەلایەوە باش و پەسند بوو.

بێچوە جنەکە، چووە کلێشەی کابرایەکی وەرزێرەوە. ئەوجا ڕۆیی وخۆی خستە خزمەتی هەمان جووتیاری هەژارەوە. ساڵی یەکەم ئامۆژگاری کابرای جووتیاری کرد کە گەنمەکەی لە زەوییەکی نمسار وگراڤدا داچێنێ. جووتیارەکە بە گوێی کرد. ئەو ساڵە، وشکە ساڵ بوو، هەتاو بەروبوومی هەموو جووتیارەکانی سووتاند. بەڵام گەنمەکەی یارۆی جووتیاری هەژار، زۆر جوان ڕوا، بە قەد بالا زەلامێک بەرزبووەوە و گوڵی کرد و بەرێکی زۆری دا. نەک بەشی هەموو ساڵەکە دانەوێڵەی بە دەست هێنا، بەڵکو زۆریشی لێ زیاد بوو.

بێچوە جنەکە، ساڵی دووەم ئامۆژگاری جووتیارەکەی کرد کەلە بەرزاییدا گەنمەکەی بچێنێ. ئەوساڵە تەڕە ساڵ بوو، باران هەموو کێڵگەکانی دی گرتەوە، گەنم لە ژێر باراندا خەوت، ژەنگی هەڵێنا، گولەکانی پووکانەوە. بەلام گەنمەکەی یارۆی جووتیارە هەژارەکە، کەلە بەرزایی داچێنرابوو، زۆر باش بوو. بەروبوومەکەی بە ڕادەیەک لە پێویستی خۆی زیاتر بوو کە نەیدەزانی چی لێبکات

بێچوە جنەکە، جووتیارەکەی فێرکرد، چۆن گەنمەکەی بخەمرێنێ ومەی لێدروست بکات. یارۆی جووتیار عارەقی دروست کرد، نەک هەر خۆی دەیخواردەوە، بەڵکو بە دۆست ئاشناکانیشی دەدا.

پاشان بێچوە جنەکە چوو بۆ لای شەیتانی وەستای وبە کەش و فشەوە پێی ڕاگەیاند کە قەرەبووی کەمتەرخەمییەکانی ڕابردووی خۆی کردووەتەوە. گوتی، دەبێ بە خۆی لەگەڵیا بێت تا بە چاوی خۆی ببینێ کە چی بە سەر یارۆی جووتیار هاتووە. شەیتان هات، بینی یارۆی جووتیار دراوسێ دەوڵەمەندەکانی خۆی دەعوەت کردووەو ژنەکەی ئارەق و شەرابیان بە سەردا دەگێڕێت. ژنەکەی لە کاتێکا ئارەقی بە سەردا دەگێڕان، لە ناکاوا لاقی لە مێزەکە گیرا، پەرداخێک ئارەق قلْپ بووەوەو ڕژایە سەر ئەرزەکە.

جووتیارەکە توورە بوو، هاواری بەسەر ژنەکەیدا کرد. گوتی:- " ئەوە چیت کرد، هەی بەرەڵڵا؟ پێت وایە ئەمە ئاوی جۆگایە تا بەم ئاسانیە بیڕێژی؟

بێچوە جنەکە، ئانیشکێکی لە قەبرغەی وەستاکەیەوە ژەند وگوتی:- " بینیت؟ ئەمە ئەو پیاوەیە کە نانەکەی لە دەست دا و هەر گوێشی نەدایە."

جووتیارەکە، کە هێشتا لە ژنەکەی پەست بوو، بە خۆی سینیە شەرابەکەی هەڵگرت و بە سەر ئامادەبووانیدا دەگێڕا. لەو کاتەدا جووتیارێکی هەژار، کە لە کار گەڕابووەوە، بە بێ ئەوەی کەسێک دەعوەتی کردبێ خۆی بە مەجلیسەکەدا کرد. سڵاوی لە حازری کرد. سەیری کرد هەمووان مژوولی خواردنەوەن. دانیشت. ماندووی کار بوو. حەزی دەکرد ئەویش دەمێ تەڕ بکات. ماوەیەکی زۆر دانیشت، دەمی ئاوی کردبوو، بەڵام خاوەن ماڵ لەبری ئەوەی پێکێکی بداتێ، پرتاندی:- " من لە کوێم بوو، هەرکەسێک لەڕێوە بێت، شەرابی بدەمێ؟"

شەیتان. ئەم هەڵوێستەی، پێخۆش بوو. بەڵام بێچوە جنەکە خەندەکەی خۆی کۆنترۆڵ کرد و گوتی: " هێشتا چیت دیوە، کەمێک سەبر بکە تا ببینی چ پێشهاتێکی تازە ڕوودەدات. "

جووتیارە دەولەمەندەکان، لە گەڵ خانەخوێیەکەیاندا، ئارەق و شەرابیان دەخواردەوە. ئیدی کەوتنە تاریف و هەڵکێشانی یەکدی وڕیاگۆیی.

شەیتان، گوێی لە هەموو قسە وڕیاگۆییەکان گرت، ستایش و ئافەرینی بێچوە جنەکەی کرد و گوتی: " ئەگەر خواردنەوە بکاتە کارێک بەوجۆرە درۆ بکەن و یەکدی بخەڵەتێنن، مانای وایە نانمان دەکەوێتە ڕۆنەوەو هەر هەموو ئەمانە دەبن بە خزمەتکاری ئێمە."

بێچوە جنەکە گوتی: - " کەمێک سەبر بکە تا ببینی چ ڕوودەدا. چاوەڕێ بکە با سەرو پێکی دی بخۆنەوە. ئەگەر ئێستا وەکو ڕێوی کلکە سوتێ دەکەن و بە دەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە تا کڵاو لە سەر یەکدی بنەن، ئەوا تۆزێکی دی وەکو گورگ دەکەونە گیانی یەکدی!"

جووتیارەکان سەرو پێکی تریان خواردەوە. لە قسەکردنا بێ پەرواتر و زبرتر بوون. لە جیاتی خێرهانیان ومجامەلە، کەوتنە جنێودان ومۆڕەکردن لە یەکدی. کار گەییە شەڕە مست. دەم و لووتی یەکیان کوتایەوە. خانەخوێش تێکەڵی شەڕەکە بوو، حەسیر مەیدانێکی باش کرا!

شەیتان بە دیتنی ئەم دیمەنە زۆر خۆشحاڵ بوو، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری وگوتی: - " زۆر چاکە، لەمە باشتر نابێت."

لێ بێچوە جنەکە گوتی: - " کەمێک سەبر بکە، ئەمە هێشتا هەوەڵی کارە تۆ سەبر بکە با پێکی سێیەم بخۆنەوە، ئەگەر ئێستا وەکو گورگی هاروژاوبن، با پێکیکی دی بخۆنەوە، هەنگێ دەبن بە بەرازی کێوی! "

جووتیارەکان پێکی سێیەمیان خواردەوەو وەکو دڕەندە وهۆڤیان لێهات. ئیدی هەرا و هەنگامەیەکیان بوو بە خۆشیان نەیاندەزانیلە سەر چی هات و هاواریانە، کەس گوێی لە کەس نەدەگرت. ئیدی خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد، هەندێکیان بە تەنیا ڕۆیین، هەندێکیان دوو دوو یان سێ سێ دەڕۆیشتن، هەموو بەدەم ڕێگاوە لەتریان دەدا و بەلادا دەهاتن. خانەخوێش چووە دەرێ تا میوانەکانی بەڕێ بکات. بەڵام بە دەما کەوتە ناو چاڵاوێکەوە وسەراپای لە قوڕا هەڵکشا و هەر لەوێدا خەو بردییەوەو وەکو بەراز دەی پرخاند. شەیتان بەو دیمەنە یەجگار خۆشحاڵ بوو... ڕووی کردە بێچوە جنەکە وگوتی: " ئافەرین بۆ خۆت، باشترین ئارەقت دروستکردووە. کەم و کۆڕییەکەی خۆت سەبارەت بە پارچە نانەکە، جوان قەرەبوو کردووەتەوە! بەڵام وەرە پێم بڵێ ئەم مەشرووبەت چۆن دروستکردووە. وادیارە هەوەڵجار بە خوێنی ڕێوی گرتووتەوە بۆیە وەکو ڕێوی ڕەفتاریان دەکرد. پاشان خوێنی گورگت تێکردووە، بۆیە وەکو گورگ بەربوونە گیانی یەکدی. دیارە پاشان خوێنی بەرازت تێکردووە، دەنا نەیاندەتوانی خووی بەراز بگرن."

بێچوە جنەکە گوتی: " نەخێر، شتی وام نەکردووە، ئەوەی من کردوومە تەنیا ئەوە بوو کە جووتیارەکە دانەوێڵەیەکی زۆر زیاد لە پێویستی خۆی هەبێت. بێگومان، خوێنی حەیوانیەت لە دەماری مرۆڤدا هەیە، بەڵام تا ئەو کاتەی ئینسان تەنیا بە قەد پێویستی خۆی گەنم ودانەوێڵەی هەبێت، ئەو خوێن وخووی حەیوانیەتە، لە خەودایە ومت بووە. تا ئەو کاتەی جووتیارەکە هەژار

ونەدار بوو، خەمی نانەکەی نەبوو، هیچ خەفەتی بۆ نەخوارد، بەڵام وەختایەک دەوڵەمەند بوو، لە پێویستی خۆی زیاتری پەیدا کرد، ئیدی بیری لە ڕابواردن وعەیش ونۆش کردەوە. ئیدی من لەزەتی خواردنەوەم پێ نۆشت. پاشان کە کەوتە سەر ئەوەی نیعمەت و بەرەکەتی خوا سەرفی لەزەت وخۆشی خۆی بکات ئیدی خووی ڕێوی وگورگ وبەراز، کە لە خوێنی ئەودا پەنهان بوو، سەری هەڵدا. لە سەر ئارەق خواردنەوەو مەیگوساری بەردەوام بێ، هەربە حەیوانییەت دەمێنێتەوە."

شەیتان، ستایش و ئافەرینی بێچوە جنەکەی کردولە کێماسیەکەی پێشووی خۆش بوو ولە دام و دەزگاکەی خۆیدا، پایەیەکی بەرزتری دایە.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٤ – مرۆڤ پێویستی بە چ قاس زەوییە؟

( ١ )

ژنێک لە شارەوە دێ بۆ گوند تا سەردانی خوشکە بچووکەکەی بکات. ئەم خوشکە گەورەیە هاوسەری بازرگانێک بوو ومالّیان لە شار بوو. خوشکە بچووکەکەی هاوسەری جووتیارێک بوو ومالّیان لە گوندی بوو. جووتە خوشک بە دەم چا خواردنەوەوە، سەری قسەیان دامەزراندبوو. خوشکی گەورە باسی ئەرێنی و تایبەتمەندییەکانی ژیانی شاری دەکرد. چەند خۆش وئاسانە، چۆن جلکی نایاب لەبەر دەکەن. مندالّەکانی چۆن جلی ئالاو والا لەبەردەکەن. چ جۆرە خوراکێکی خۆش و گەوارا دەخۆن. چۆن دەچنە شانۆ و گەشت وگەڕان وکۆڕی ئاهەنگ و گۆرانی و...

خوشکی بچووک، ئەمەی لەبەر گران بوو، ئەویش کەوتە زەمی ژیانی شارو بازرگانی و بەرگریکرن لە ژیانی گوندی و جووتیاری، گوتی:

- " من ئامادەنیم. شوێنەکەی خۆم لە گەلّ تۆدا بگۆڕمەوە. لەوەیە ژیانم وەکو ژیانی تۆ ڕەحەت و ئیسراحەت نەبێت. بەلّام بە لای کەمەوە هیچ نیگەرانی و پەژارەیەکم نییە. هەلّبەتە شێوازی ژیانی ئێوە، لە شیوازی ژیانی ئێمە باشترە. هەرچەندە زۆربەی کات دەسکەوتتان لە پێداویستی خۆتان زیاترە، بەلّام ئەگەری ئەوەش زۆرە هەرچیەکتان هەیە لەدەستی بدەن. دیارە ئەو پەندەت بیستووە: " قازانج وزیان دوو برای جمکن." مالّی دنیا چلّکی دەستە، دنیا پڕە لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ دەولّەمەندن و سبەینێ، ئاتاج بە نانێکن! شێوازی ژیانی ئێمە سەلامەت تر وئەمین ترە. ڕاستە کە ژیانی جووتیاری خۆش نییە، بەلّام درێژتر وبەرقەرارترە. قەت دەولّەمەند نابین، بەلّام هەمیشە بایی ئەوەمان هەیە پێی بژین."

خوشکی گەورە بە پۆزخەنێکەوە گوتی: " پێی بژین؟ بەڵێ ئەگەر بتانەوێ لەگەڵ بەراز وگوێرەکاندا بژین، ئەوەندەتان دەبێ پێی بژین. ئەدی ئەتەکێتی ژیان کێوە دەچێ؟ مێرەدەکەت چەند ڕەنج بدات وزەحمەت بکێشێت، مردنەکەت وەکو ژیانەکەت لە سەر تەپاڵە و زبڵدان دەبێت، منداڵەکانیشت هەمان قەدەر وچارەنووسی خۆتیان دەبێت."

خوشکی بچووک بەرسڤی دایەوە: " وێڕای هەموو ئەوەش، هەرچەندە کاری مە قورس وزەحمەتە، بەڵام خەیاڵمان ئاسوودەیە، ناچار نین سەر لەبەر کەس دانەوێنین بەڵام ئێوەی شارنشین، جۆرەها واسواسەتان هەیە. ڕەنگە ژیانی ئەمڕۆتان باش بێ، بەڵام دوور نییە سبەی شەیتان بچێتە بن کلێشەی مێردەکەتەوەو خوو بداتە قومارو بادەنۆشی ومەیگوساری ومێبازی، هەنگێ ژیانتان لێ تاڵ دەبێت. نابینی ئەم جۆرە پێشهاتانە لە شاراندا چەند زۆرن؟"

پاهوم، خاوەن ماڵ، لە سەر سەکۆی موغەیرییەکە پاڵ کەوتبوو وگوێی لە گفتوگۆی جووتە خوشک دەگرت. لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " ڕاست دەکات، هەق بەوە. ڕاستە ئێمە لە منداڵییەوە زەحمەت دەکێشین و زەوی دەکێڵین و فەلاحەت دەکەین و ئارەقە دەڕێژین و وەختی ئەوەمان نییە بیر لە هیچ گەندەڵییەک بکەینەوە. تاقە خەم و کێشەی مە ئەوەیە کە بە ئەندازەی پێویست زەویمان نییە. ئەگەر زەوی زیاترمان هەبوایە، لە شەیتانیش نەدەترساین!"

جووتە ژن، لە چای خواردنەوە بوونەوە. کەمێک باسی جل و بەرگیان کرد. ئەوجا تفاقی چاکەیان هەڵگرت وپاڵکەوتن تا بخەون.

شەیتان، خۆی لە پشت موغەیریەکەوە مەڵاس دابوو. گوێی لە هەموو ئەو قسانە بوو. خوشحاڵ بوو کە ژنی کابرای جووتیار تەماعی مێردەکەی بزواندبوو و واداری کردبوو ئیدیعا بکات ئەگەر زەوی زیاتری هەبوایە، لە شەیتانیش نەدەترسا.

شەیتان لە فکران ڕاچوو: " زۆر باشە، یەکتر دەبینینەوە. من زەوی زیاترت دەدەمێ. لەو ڕێگایەوە سندمت دەکەم."

لە نزیکی ئەو گوندەوە، خانمێک دەژیا. ئەم خانمە خوردە موڵکدار بوو. نزیکەی دوو سەد – سێ سەد هیکتار زەوی هەبوو. هەمیشە بەینی لە گەڵ جووتیارەکاندا دۆستانە و خۆش بوو. تا سەربازێکی دێرینی کرد بە وەکیل و پێشکاری خۆی. ئەم پێشکارە بە سەپاندنی باج و تاوان، ژیانی لە جووتیارەکان حەرام کرد.

پاهۆم هەرچەندە پارێزی دەکرد، بەڵام هەر جەریمە (سزا) دەکرا. ئیدی جارێ ئەسپەکەی دەچووە ناو کێڵگە شوڤانەکەی خانمەوە، جارێ چێلەکەی دەچووە حەوشەی خانمەوە. یان گوێرەکەکانی دەچوونە پاوان ومێرگەکانیەوە. ئیدی دەبوایە هەموو جارێک لە بری ئەو حاڵەتانە جەریمە بدات.

پاهوم، جەریمەکەی دەداو خوتەخوتوبۆلەبۆڵی دەکرد. تووڕە دەبوو وکە دەگەڕایەوە شەڕی بە ماڵ ومندالەکەی دەفرۆشت. پاهوم، بە درێژایی ئەو هاوینە، تاڵاوی بە دەست ئەو وەکیل وپێشکارەوە چەشت. سەرەنجام دوای ئەوەی زستان هات و ئاژەڵو وڵساتەکەی کردنە تەویلە وپشتیرانەوە، هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا. هەرچەندە کڕینی ئالیکی، لە جیاتی ئالیک ولەوەڕی خۆڕایی، پێناخۆش بوو، بەڵام دڵی بەوە خۆش بوو کە نیگەرانی لە کۆڵ بووبووەوە.

زستان، مقۆمقۆ بڵاوبووەوە کە خانم دەیەوێ موڵکەکەی بە خاوەن ئوتێلێکی سەر رێگا گشتیەکە بفرۆشێت . کە جووتیارەکان بەم هەواڵەیان زانی، زۆر نیگەران و شپرزە بوون. لە دڵی خۆیاندا دەیانگوت:" ئەگەر خاوەن ئوتێلەکە ئەم موڵکە بکڕێت، لە پێشکارەکەی خانم، خراپتریان پێدەکات وجەریمە وسزای لەو قورستریان بە سەردا دەسەپێنێ. ژیان و چارەنووسمان بەندە بەم موڵکەوە."

ئیدی چەند جووتیارێک بە نوێنەرایەتی دەڤەرەکە چون بۆ لای خانم و تکایان لێکرد کە زەوییەکەی بە خاوەن ئوتێلەکە نەفرۆشێت. بەڵکو بیدات بەوان کە نرخێکی زیاتریان دەدایە. خانم قاییل بوو موڵکەکە بەوان بدات.

ئەوسا جووتیارەکان هەموو چوونە ئیدارەی دەڤەرەکە، تا موڵکەکە بە شەریکی بکڕن وتێکڕا ڕەعەمەلی بێنن. دوو کۆبوونەوەی دوابەدوای یەکیان کرد، تا مەسەلەکە تاوتوێ بکەن. بەڵام نەگەیینە هیچ ڕێکەوتنێک. ئیدی لێبڕان بە جیا موڵکەکە بکڕن، هەڵبەتە هەرکەسە و بە گوێرەی توانای خۆی. خانم، بەم مامەڵەیەش قایبل بوو.

پاهوم بیستی یەکێک لە دراوسێکانی لە گەڵ خانما ڕێکەوتووە کە پەنجا هیکتار زەوی لێبکڕێ، نیوەی پارەکەی بە کاش بداتێ ونیوەکەی تری بە وەعدەی ساڵێک بداتێ. پاهوم بەغیلی بە دراوسێکەی برد. لەدڵی خۆیدا گوتی: " تۆ بڕوانە! زەویەکە هەمووی دێتە فرۆشتن. هیچ بۆ من نامێنێتەوە."

ئەوسا بە ژنەکەی گوت: "دەزانی چییە؟ خەڵکی سەریان کردووەتە زەویەکان و هەرکەسە و بەشی خۆی دەکڕێت. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، تاقە یەک بستیش بەر من ناکەوێ. دەبێ ئێمەش بیست هیکتارێک بکڕین. ژیان قورس بووە. لە ژێر باری جەریمە و سزای کابرای پێشکار دەرناچین."

بەوجۆرە ژن ومێرد کەوتنە ڕاوێژ وتەگبیر کە چۆن پارچەیەک لەو زەوییە بکڕن. سەد ڕۆبڵیان پاشەکەوت کردبوو. جوانوویەکیان فرۆشت ونیوەی مێشەکانیان فرۆشت. یەکێک لە کوڕەکانیان خستە ڕەنجبەرییەوەو کرێکەیان پێشوەختە وەرگرت. باقی پارەکەی لە ژن برایەکی قەرزکرد. بەوجۆرە نیوەی پارەی زەوییەکە فەراهەم بوو.

پاهوم، زەوییەکی چل هیکتاری هەڵبژارد، کە بەشێکی باغ بوو. چوو بۆ لای خانمی خاوەن موڵک تا مامەڵەی لە گەڵدا بکات. ئیدی لە سەر نرخەکەی ڕێکەوتن. پاهوم بێعانەی دا. پاشان چوون بۆ شار، قەواڵەیان نووسی و سەنەدەکەیان ئیمزا کرد. پاهوم، نیوەی پارەکەی داو وقەرار کرا باقی پارەکە بە مودەتی دووساڵ بدات.

بەمجۆرە پاهوم بوو بە خاەنی موڵکی خۆی. تۆوی قەرزکرد وزەوییەکەی داچاند. بەر و بوومێکی باشی هاتە دەست. لە زەرفی یەک ساڵدا هەم قەرزی ژن براکەی دایەوە و هەم پارەکەی خانمی دا. بەوجۆرە بوو بە موڵکدار و زەوی خۆی دەکێڵا و دایدەچاند. خەرمانی خۆی دەکوتا و کای هەڵدەگرت، دار

ودرەختی خۆی دەبڕییەوە. پەز ومەڕو مالاتی خۆی لە پاوان و مێرگی خۆیدا دەلەوەڕاند. هەرکاتێ کە دەچووە جووت، یان تەمەشای کێڵگە گەنمە ڕوواوەکەی دەکرد، یان دەیڕوانیە مێرگە سەوزەکەی، زۆر دڵخۆش دەبوو. تەنانەت ئەو گیا وگوڵانەی لە زەوی و مێرگەکانی ئەو دەڕوا، لە هی شوێنەکانی دی گەشتر و جوانتر بوو. جاران کە بە ناو ئەو زەوی و زارانە دەکەوت، لە بەرچاویا هیچ جیاوازییەکیان لە زەوی وزارەکانی دی نەبوو. لێ هەنووکە تەواو جیاواز بوو!

( ٣ )

پاهوم، بەم ژیان و گوزەرانە ڕازی بوو. هەموو شتەکان بەدڵی خۆی بوو. تاقە کێشە و خەمی ئەمە بوو کە هەندێجار جووتیارەکانی دەر ودراوسێی، دەهاتنە ناو کێڵگە و مەزارکەی. زۆر بە ئەدەب و نەزاکەتەوە داوای لێدەکردن کە ئەو کارە نەکەن. بەڵام بە گوێیان نەدەکرد. هەندێجار گاوانەکەی گوند گاگەلەکەی دەکردەناو پاوان و مێرگەکەی ئەوەوە. هەندێجار ئەسپی گوند دەچوونە ناو دەغڵەکەیەوە وپاهوم هەموو جارێ ئەو ئەسپانەی لە ناو دەغڵەکە دەر دەکرد وچاوپۆشی لە خاوەنەکانیان دەکرد وهیچی بە ڕوویاندا نەدەدا. ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە مایەوە. بەلام سەرەنجام کاسەی سەبری لێوڕێژ بوو. ناچار چووە دادگای دەڤەرەکە وسکاڵای لە سەر یەکێکیان تۆمار کرد. دەیزانی جووتیارەکان ئەمەیان لە بەدڕایی و نیاز خراپیەوە نەدەکرد، بەڵکو هەموو ئەمە زادەی کەمی زەوی وزار بوو. بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی: "خۆ ناکرێ تا هەتاهەتایە چاوپۆشی لەمە بکات، دەنا هەرچی ڕەنجی هەیە بە با دەڕوات. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، کردەی ئەم و بردەی شەماڵ دەبێت. دەبێ چاوترسێن بکرێن."

شکاتی لە یەک دوو کەس کرد. پاشان دوو کەسی بە جەریمە کردن دا. پاش ماوەیەک دەر ودراوسێکان ڕقیان لێهەڵگرت. وایان لێهات ناو بە ناو بە ئانقەست مەڕ و ئاژەڵەکانیان بەرەڵلای ناو زەوی وزارەکانی ئەو دەکرد. تەنانەت یەکێک لە جووتیارەکان شەویک خۆی بە باغەکەی ئەودا کرد، پێنج درەختی زیزەفونی، بۆ توێکڵەکەی بڕی بووەوە. ڕۆژێک پاهوم بە ناو باغەکەدا دەروات، شتێکی سپی سەرنجی ڕادەکێشێت، لێی دەچێتە پێشەوە،

قەدی سپی کراوی درەختەکان بە سەر ئەرزەکەوە دەبینێ. پاهوم خوای نامێنێ. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: " ئەگەر دارێکی لێرەو یەکێکی لەوێ ببڕایە قەیدی نەدەکرد، زۆرم لە دڵ گران نەدەبوو. بەڵام ئەم خوێڕیە، لایەکی باغەکەی بڕیوەتەوە. خۆزگە دەمزانی کێ ئەمەی کردووە، بزانە چۆن ڕام دەکێشایە پای دادگا! "

ماوەیەک مێشکی خۆی گوشی تا بزانێ ئەمە کاری کێیە. ئەنجام مەزەندەی چووە سەر سیمون. لە دڵی خۆیدا گوتی: " تەنیا سیمون کاری وای لێدەوەشێتەوە، کەسی دی کاری وا خوێڕیانەی لێ ناوەشێتەوە!"

چوو بۆ دەوروبەری ماڵی سیمون، چاوی بە نێو حەوشەکەیاندا گێڕا. هیچی بە دی نەکرد. بەڵام کەرب وکینی دانەمرکایەوە. لە دڵی خۆیدا دڵنیا بوو کە ئەمە کاری سیمونە. ئیدی سکاڵای لە سەر تۆمار کرد. سیمون بانگ کرا، یەک دووجار تەمەشای کەیسەکەی کرا، پاشان بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە سیمون تەبرێ بوو.

هەنگێ پاهوم، هێندەی دی هەستی بە مەزلوومیەت کرد، ئیدی زمانی خۆی پێنەگیرا و کەوتە قسەی دزیو بە دەم سپی گوند وقازییەکان، گوتی: " هەڵبەتە کە دەمتان چەور بکرێ، هەق دەکەن بە ناهەق ونەهەق دەکەن بە هەق، ئەگەر یەک زەرە ویژدانتان هەبوایە، نەتاندەهێشت بابایەکی دز، بە بێ سزا دەرباز بێ!"

بەوجۆرە، پاهوم، بە گژ قازیەکان وهاوسیکانی خۆیدا چوو. هەڕەشەی لێکرا کە ماڵەکەی دەسووتێنن، ژیانی لێ تاڵ دەکەن. ئێستا کە بووبوو بە موڵکدار وخاوەن زەوی و زاری فراوان، بەڵام پێگەی لە ناو کۆمەڵگەدا زۆر لە جاران خراتر بووبوو.

لەم سەر وبەندەدا دەنگۆیەک بڵاوبووەوە کە خەڵکانێکی زۆر باردەکەن ودەڕۆن. پاهۆم لە دڵی خۆیدا گوتی: " هیچ پێویست ناکات من زەوی و زارەکەی خۆم بە جێ بێڵم. پێدەچێ هەندێک لە جووتیارەکان باربکەن. هەنگێ زەوی وزار زۆر دەبێت، من زەوی وزارەکانی وان دەکڕم. موڵکەکەم

فراوانتر دەکەم، ئەوسا ژیانم ئاسوودەتر دەبێت. حاڵی حازر جێگاکەم تەنگە، موڵکەکەم لەوە کەمترە، بە تێروپڕی بەشم بکات."

ڕۆژێک پاهوم لەماڵەوە دانیشتبوو، جووتیارێک بە ڕێبواری بە گوندەکەدا تێپەڕی، شەوێ لای پاهۆم مایەوە. دوای ئەوەی شیویان خوارد، پاهوم کەوتە قسە و لێی پرسی لە کوێوە دێ؟ یارۆی بێگانە گوتی: "خەڵکی دەڤەری ئەوبەری ڤولگایە ولەوێندەر خەریکی کارکردن بووە."

ئیدی قسە، قسەی لێدەکەوێتەوە. کابرای بێگانە گوتی جووتیارێکی زۆر بۆ ئەو دەڤەرە کۆچ دەکەن. بۆی گێڕایەوە چۆن جووتیاران لە دەوری یەکدی خڕدەبنەوەو کۆمەلەێن هەرەوەرزی دروست دەکەن وهەر جووتیارە وبیست وپێنج هیکتار زەوی دەدرێتێ. دەیگوت زەوی و زاری ئەوێندەر ئەوەندە بە پیت وبەرەکەتە، ئەو جۆو شوڤانەی دەڕوێنرێ بە قەد بالای ئەسپێک بەرز دەبێتەوە. ئەسپی تیا ون دەبێ. ئەوندە چر وپرە هەر پێنج گەوزی داس سواڵەیەکی تەواوی تیا دەبێت. دەیگوت: جووتیارێک بە دەستی خاڵی چوو بوو بۆ ئەوێ، ئێستا خاوەنی شەش ئەسپ و دوو چێل بوو.

ئاگری تەماح لە دڵی پاهومدا بڵێسەی سەند. لە فکران ڕاچوو: " بۆچی خۆم لەم دۆڵە تەنگەدا حەپس بکەم، مادامێکی پیاو بتوانێ لە شوێنێکی دیدا بە ئاسوودەیی بژی؟ زەوی و زار وماڵەکەی ئێرەم دەفرۆشم و بە پارەکەی لەوێ ژیانێکی نوێ پێکەوە دەنەم. لەم شوێنە قەرەباڵغ و تەنگەدا، هەمیشە تووشی گیروگرفت دەبی...بەلام وا چاکە خۆم بڕۆم و ڕەوشی ئەو دیار ودەڤەرە تازەیە لە نزیکەوە بدینم."

دەمەو هاوین، ئامادە بوو وکەوتە ڕێ. بە سواری کەشتی هەڵم، لە ڕوباری ڤولگاوە بەرەو سامارا بەڕێکەوت. پاشان نزیکەی پێنج سەد کیلۆمەتری بە پێیان تەی کرد. ئەنجام گەییە مەزڵ، ڕێک بەو جۆرە بوو کە یارۆی ڕێبوار بۆی گێڕابووەوە. جووتیارەکان تا حەزکەی زەوی و زاریان هەبوو. کۆمەڵەی هەرەوەرزی، بیست و پێنج هیکتار زەوی بە هەر کەسێک دەدا تا ڕەعمەلی بێنێ. خۆ ئەو جووتیارەی پارەی هەبووایە، بۆی هەبوو لە سەرووی ئەو بیست وپێنج هیکتارەوە، چەندی زەوی عەرەسە و ئەمیری دەوێ، هەر هیکتارەی بە دوو ڕۆبلان بکڕێ.

پاهوم، دوای ئەوەی هەموو شتێکی زانی بوو، دەمەوپاییز بۆ گوندەکەی خۆی گەڕایەوە. موڵکەکەی بە قازانج فرۆشت وخانوو و پەزو وڵساتەکەشی لە کۆڵ کردەوە. وازی لە ئەندامیەتی کۆمەڵەی هەرەوەرزی هێنا وتا بەهار چاوەنۆڕی کرد، هەنگێ دەگەڵ ماڵباتەکەیدا، بەرەو هەواری نوێ وەڕێکەوت.

( ٤ )

پاهوم هەرکە گەییە دیار و دەڤەرە تازەکە و جێگیر بوو، دوای ئەندامێتی لە کۆمەڵەی هەرەوەزی گوندیکی گەورەدا کرد. سمێڵی بەرپرسەکانی چەور کرد، دەعوەتی کردن، قەواڵە و سەنەدی پێویستی کۆکردەوە. بە ئەندازەی پێنج ئەندام بەشە زەوی هاوبەش بە خۆی و کورەکانی درا. واتە سەد وبیست وپێنج هیکتار زەوی بە سەریەکەوە وەرگرت. وێڕای ئەوەش مۆڵەتیان دایە کە سوود لە پاوان ومێرگە هاوبەش و گشتیەکانیش وەربگرێت.

پاشان پاهوم، خانووبەرەی پێویستی دروست کرد. پەز و گا وگۆتاڵی کڕی، تەنیا ئەو زەوییە ئەمیری و هاوبەشەی کە بە دەستیەوە بوو، سێ چەنانەی ئەو زەویە بوو کە جاران ولە گوندەکەی خۆیان هەیبوو. زەوییەکە بەپیت و بەرەکەت و بە بڕشت بوو و گەنمی چاکی دێنا. کار وکاسبیەکەی دە هێندەی جاران باشتر بووبوو. زەوی و زاری کشتوکاڵی ومێرگ وپاوانی زۆری هەبوو. دەیتوانی بە کەماڵی ئارەزوو پەز وگا وگۆتاڵ بکڕێت.

لە سەرەتاوە کە سەرگەرمی خانوو دروستکردن وجێگیربوون بوو، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام کە دەگەڵ ئەم شوێنە تازەیەدا ڕاهات، غایلەی ئەوەی کەوتەسەر کە بە ئەندازەی پێویست زەوی نییە. ساڵی یەکەم بەشە زەوییەکەی خۆی بە گەنم داچاند. بەروبوومێکی زۆری هەڵگرت. ویستی گەنمی زیاتر دابچێنێ بەڵام سەیری کرد ئەوەندەی زەوی هاوبەش بە دەستەوە نییە کە بتوانێ ئەوکارە بکات. لەو دیارو دەڤەرە عادەت وابوو گەنم لە زەوی بەیاردا یان لە زەوییەکا کە ئیسراحەتی پێ درابێ، دادەچێنرا. واتە ساڵێک یان دوو ساڵ زەوییەکەیان دادەچاند وپاشان تەرک دەکرا تا دەبووەوە بە چەمەنزار. خەڵکانێکی زۆر داوای ئەو جۆرە زەویانەیان دەکرد وبەشی هەمووانی نەدەکرد. خەڵکی لە سەر زەوی بە شەڕ دەهاتن.

ئەوانەی دارا بوون ئەو زەویانەیان بۆ داچاندنی گەنم دەویست و ئەوانەی هەژار بوون ئەو زەویانەیان بۆ بەکرێ دان دەویست تا بە پارەکەی باجی حکوومەت بدەن. پاهوم دەیویست گەنمی زیاتر دابچێنێ. ناچار زەویەکی بۆ ماوەی ساڵێک بەکرێ وەرگرت. گەنمێکی زۆری داچاند و دانەوێڵەیەکی زۆری هەڵگرت. بەڵام ئەم زەوییە لە گوندەوە دوور بوو. دەبوایە گەنمەکە لە عەرەبانە باربکات ولە دووری نزیکەی پازدە کیلۆمەترەوە بۆ ماڵەوەی بگوازێتەوە. دوای ماوەیەک پاهوم دیقەتی دا، هەندێ لەو جووتیارانەی کە ئیجارەکاریش دەکەن ولە مەزرای سەربەخۆدا دەژین، ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەگەر زەوییەکی عەرەسە و ئەمیری بکڕم و خانوویەکی تیا دروست بکەم وەزعم دەگۆڕێ. ئیدی هیچ خەمێکم نابێ، بۆ خۆم ئاسوودە دەبم."

ئیدی کەڵکەڵەی کڕینی زەوی عەرەسە وئەمیری کەوتە سەر. بەردەوام بیری لەمە دەکردەوە. سێ ساڵ بەو خولیایەوە ژیا. زەوی بە ئیجار دەگرت. گەنمی دەچاند. هاتە ساڵ بوو، حاسڵاتی زۆر و بە بەرەکەت بوو. پارەی باشی پاشەکەوت کرد. دەیتوانی بەوجۆرە، بەباشی بژی. بەڵام زۆر لەوە بێزار بوو کە دەبوایە هەموو ساڵێک زەوی لە خەڵکی بە کرێ بگرێت. زەوی باش و بە پیت کەم بوو، لە هەر شوێنێ زەوی باش هەبوایە جووتیارەکان بە لێشاو بۆی دەچوون. ئەگەر فریا نەکەوتبای لە کاروان بەجێ دەمایت. ساڵی سێیەم پاهوم لە گەڵ کەسێکی دیکەدا مێرگێکی بە شەریکی بەکرێ گرت. هێشتا لە کێڵانی زەوییەکە نەبووبوونەوە کە دەگەڵ خاوەن زەوییەکەدا تێک چوون. کار گەییە دادگا. ناچار بوون زەویەکە بە خاوەنەکەی بدەنەوە وهەموو هەوڵ و ڕەنجێکیان بە با چوو. پاهۆم لە فکران ڕاچوو: " ئەگەر زەوی خۆم بوایە و سەربەخۆ بام، تووشی ئەم هەموو کێسە و سەریەشە نەدەبووم. " ئەوسا کەوتە تاقیبی زەوییەک کە بیکڕێت. تووشی جووتیارێک بوو کە زەوییەکی بە پانتایی هەزار و سی سەد هیکتار کڕی بوو، بەڵام کێشەی بۆ پێشهاتبوو و ئامادەبوو ئەرزەکەی بە نرخێکی گونجاو بفرۆشێت. پاهوم، لە گەڵیا کەوتە مامەڵە وسەودا. ئەنجام ڕێک کەوتن کە ئەرزەکە بە هەزار و پێنج سەد ڕۆبڵ بکرێ. بڕێک لە پارەکە لە پێشەوە بدات و ئەویتری بە وەجبە بدات. خەریک بوون سەودا و مامەڵەکەیان تەواو دەکرد. ئیدی بە

ڕێکەوت ئیجارەکارێکی ئاشنا، لایدایە ماڵی پاهوم تا ئالیک بۆ ئەسپەکەی وەربگرێت. دانیشت، چای لە گەڵ پاهومدا خواردەوە. ئیدی قسەیەک لێرە ویەکێک لەوێ سەری قسانیان دامەزراند. کابرای ئیجارەکار گوتی تازە لە دەڤەری باشگیرەوە دێتەوە. لەوێ سیازدە هەزار هیکتار زەوی تەنیا بە هەزار ڕۆبڵ کڕی بوو. پاهوم کێچ کەوتە کەوڵی، کابرای ئاشنای پرسیارپێچ کرد. کابرا گوتی:

- ئەوەندەت بەسە کە ناسیاوی لە گەڵ سەرۆکەکەیان پەیدا بکەی. بایی نزیکەی سەد ڕۆبڵ جلکی ئاورێشم و قالیچە و سەندوقێک چایی وهەندێ مەشروب و ڤەخواردنی ئەلکولیم بە سەردا دابەش کردن و بە هەرازانترین نرخ، هەرزانتر لە تۆڵەکەی تەڕ، ئەرزەکەم لێکڕین. ئەوسا قەواڵەکەی نیشانی پاهوم دا و لە سەری ڕۆیی: " ئەرزەکە نزیکی ڕووبارە. هەر هەمووی مێرک و زەوی بەیاوە. " پاهوم بە پرسیارەکانی کابرای داگرتەوە. کابرا وەڵامی دایەوە:

- " زەویان ئەوەندە زۆرە، یەک دانە ساڵ پێیا بڕۆیت ناگەیتە ئەوسەری. هەر هەمووی موڵکی باشگیرەکانە، ئەم باشگیرانە، ئەوەندە ساویلکەن، لە تۆ وایە بەرخن. دەتوانی بە خۆڕایی زەویان لێ بسەنی."

پاهوم دەبیرەوە چوو. " ئەمەش بوو بە کار؟ هەزار ڕۆبڵ بدەم و تەنیا هەزار و سێ سەد هیکتار زەوی وەربگرم. ئەوجاش خۆم بخەمە ژێر قەرزەوە؟ ئەگەر ئەم پارەیە بەرم و بڕۆم بۆ ئەوێ، بەم پارەیە، لەوێ دە ئەوەندەی ئێرە زەوی دەکڕم."

( ٥ )

پاهوم پرسیاری ڕێگای ئەوێی کرد. کە میوانەکەی ڕۆیی ئەوسا خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوێندەر بڕوات. سەرپەرشتی ماڵ و حاڵی بە ژنەکەی سپارد ولە گەڵ یەکێک لە کرێکار وپێشکارەکانیا بەرەو ئەوێ وەڕێکەوت. لە سەر ڕێگای خۆیانەوە، لە شارێکدا لایان دا. سەندوقێک چای و هەندێک مەی و بادە ودیاری و سەوقاتی دیکەیان کڕی. کەوتنەوەڕێ. پتر لە پێنج سەد کیلۆمەتر ڕێگەیان تەی کرد. لە ڕۆژی حەوتەما، گەیینە شوێنێک کە باشگیرەکان

خێوەتیان هەڵدابوو. ئیدی ڕێک ئەوە بوون کە کابرای میوان بۆی باسکردبوون. باشگیرەکان، لە دەشتێکا ولە نزیکی ڕووبارێک هەڵیاندابوو، هۆبە بە هۆبە لە ژێر ڕەشماڵدا دەژیان. ئەمانە زەویان نەدەکێڵا، گەنمیان دانەدەچاند. نانیان نەدەخوارد. پەز وگاگەل و ڕەوە ئەسپەکانیان لەو دەشتە پان وبەرینەدا دەلەوەان. جوانووەکانیان لە پشت ڕەشماڵەکاندا دەبەستنەوەو ڕۆژێ دوو چەلان ماینەکانیان بۆ لا دەهێنانەوە. لە شیری ماین کومیسیان دروست دەکرد. ژنەکان کومیس وپەنیریان دروست دەکرد. پیاوەکان تەنیا کۆمیس وچایان دەخواردەوە، گۆشتی بەرخیان دەخوارد. نایان لێدەدا. هەر هەموویان قەڵەو و شەنگوڵ بوون. بە درێژایی ساڵ بیریان لەوە نەدەکردەوە کارێک بکەن. هەموویان نەخوێندەوار وبێ سیوات بوون. یەک وشەی ڕووسییان نەدەزانی. بەڵام زۆر خۆشخوو بوون.

هەرکە چاویان بە پاهوم کەوت، هەموو لە خێوەتەکان هاتنەدەرێ ولە دەوری میوانەکەیان خڕبوونەوە. دیلمانجیان هێنا وپاهوم گوتی: "هاتووە هەندێک زەوی بکڕێت." باشگیرەکان خۆشحاڵ بوون. پاهومیان بۆ باشترین خێوەت برد. لە سەر مافورێک دایان نیشاند وپشتییەکیان نایە پشتی و لە دەوری ڕۆنیشتن. کومیس و چایان بۆ هێنا، بەرخێکیان سەربڕی وگۆشتێکی زۆریان دەرخواردی دا. ئەوجا پاهوم ئەو دیاری و سەوقاتیانەی کەلە گەڵ خۆی هێنابوونی، لە عەرەبانەکە داگرت وبە سەر باشگیرەکانیا دابەشی کردن. باشگیرەکان زۆریان پێ خۆشبوو. لە بەینی خۆیاندا هەندێ قسەیان کرد، پاشان بە دیلمانجەکەیان گوت کە پێی بڵێت: "باشگیرەکان عادەتیان وایە تا دەتوانن ڕێزی میوان بگرن وخزمەتی بکەن و قەرەبووی دیارییەکانی بۆ بکەنەوە. دەیانەوێ بزانن کە حەزی لە چ مولک و ماڵێکی ئەوانە تا بە دیاری بیدەنێ."

پاهوم گوتی: " ئەوەی من حەزم لێیەتی و دڵم پێی خۆشە تەنیا زەویەکانتانە. لە وڵات و دەڤەری ئێمەدا خەڵکی زۆرن و زەوی و زار کەمە. بەڵام ئێوە زەوی و زارتان زۆرە، بە پیت و بەرەکەتیشە. هەمووی بەیارە. تا ئێستا زەوی وام نەدیتووە."

دیلمانجەکە وتەکانی پاهومی پاچڤە کرد. باشگیرەکان ماوەیەک لە نێو خۆیاندا قسەیان کرد. پاهوم نەیدەزانی چی دەلێن. بەڵام دیار بوو خۆشحاڵ وبە کەیفن، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد وپێدەکەنین. پاشان بە بێدەنگی سەیری پاهومیان کرد ودیلمانجەکە گوتی: "دەڵێن لە هەنبەر دیارییەکانی تۆدا، چەندت زەوی گەرەکە، بە کەماڵی ڕەزامەندی دەتدەنێ. تۆ هەر ئەوەندەت لە سەرە دەست بخەیتە سەر هەرپارچە زەوییەک تا یەکسەر ببێ بە هی تۆ."

باشگیرەکان، دووبارە لە نێو خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆ. دیار بوو لە سەر شتێک مشت و مڕیانە. پاهوم پرسی: " کێشەیان چییە؟ " دیلماجەکە گوتی: " هەندێکیان قەناعەتیان وایە سەبارەت بە زەوییەکە، دەبێ پرس بە سەرۆکەکەیان بکەن ونابێ بە بێ ئەو هیچ گفتێک بدەن. هەندێکی دیکەیان دەڵێن پێویست ناکا چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرۆک بکەن.

( ٦ )

لە کاتێکا باشگیرەکان سەرگەرمی گەنگەشە بوون، لە ناکاوا پیاوێک کە کڵاوێکی گەورەی فەروە ڕێوی لە سەر بوو، خۆی بە ژووردا کرد. هەموو بێدەنگ بوون و بەرزەپێ لەبەری هەستان. دیلمانجەکە گوتی: " ئەمە سەرۆک و گەورەمانە." پاهوم خێرا باشترین پاڵتۆ ونزیکەی دوو کیلۆ چای هێنا و وەکو دیاری پێشکەش بە سەرۆکی کرد. سەرۆک دیارییەکانی وەرگرت ولای سەرەوەی مەجلیسەکە دانیشت. باشگیرەکان یەکسەر شتێکیان پێگوت. سەرۆک ماوەیەک گوێی گرت. ئەوسا بە ئاماژەی سەر داوای لێکردن بێدەنگ ببن. ڕوویکردە پاهوم و بە زمانی ڕووسی گوتی: " زۆر باشە بە دڵی خۆتت لە گەڵ دەکەین. هەرپارچە زەوییەکت بە دڵە، هەڵیبژێرە. چی زۆرە زەویمان زۆرە."

پاهوم، لە فکران ڕاچوو: " یانی دەکرێ چەندم زەوی بوێ، بمدەنێ. دەبێ لە ئێستەوە شتەکە یەک لایی بکەمەوە، قەواڵەیەک لەبەینا هەبێ کە زەویەکەم بۆ مسۆگەر بکات. دەنا لەوەیە بە دەمی و ئێستا بڵێن ئەم زەویە هی تۆیە و پاشان ژیوان ببنەوە ولێمی بسەننەوە. " بۆیە بە دەنگی بەرز گوتی: "من مەمنوونی میوانپەروەری و فەرمایشتە جوانەکانتانم! زەویتان

زۆره، من تەنیا بڕێکی کەمم دەوێ. بەڵام حەز دەکەم دڵنیا بم کە کام پارچە زەوی هی منە، ئایا دەکرێ بێتە ئەندازە کردن و بە ناوی من بکرێ؟ دنیا ژیان و مردنە، هەرچەندە ژیان و مردن بە دەست خوایە. جا ئێوەی پیاوباش ئەمڕۆ ئەم زەوییە بە من دەدەن، بەڵام لەوەیە سبەی منداڵەکانتان ژیوان ببنەوەو لێمی بسەننەوە."

سەرۆک گوتی: "هەق بە تۆیە. خەمت نەبێ بە ناوی تۆی دەکەین."

پاهوم لە سەری ڕۆیی: "بیستوومە، ئیجارەکارێک لێرە بووە. هەندێک زەوی و زارتان داوەتێ، قەواڵە وسەنەدتان بە ناوی ئەو کردووەو بۆتان ئیمزا کردووە. ئەگەر ئەو قەواڵە و سەنەدەش بۆ من بکەن، زۆر مەمنوون و سوپاسگوزارتان دەبم."

سەرۆک لە مەبەستی حاڵی بوو وگوتی: " کێشە نییە، کاتبێکمان هەیە، پێکەوە دەچین بۆ شار و و قەواڵەکەت بۆ مۆرو واژۆ دەکەین."

پاهوم پرسی: " نرخەکەی چەندە؟ "

- " نرخ لای ئێمە وەکو خۆیەتی: ڕۆژی هەزار ڕۆبڵ! "

پاهوم، لە مەبەستی حاڵی نەبوو. پرسی:"ڕۆژی؟ ئەدی ڕووبەرەکەی؟چەند هیکتارە؟"

سەرۆک گوتی: " ئێمە ڕووبەر و ئەو شتانە نازانین، بەڵکو بە ڕۆژ دەیفرۆشین. واتە لە تاقە ڕۆژێکا بە پای پیادە چەقاس زەوی تەی بکەی، هەر هەموویت بە هەزار ڕۆبڵ دەدەینێ.

پاهوم، حەپەسا وگوتی: " خۆ لە ڕۆژێکا دەکرێ زەویەکی زۆر تەی بکەی "

سەرۆک پێکەنی وگوتی: "هەر هەمووی بۆ تۆ دەبێ! بەڵام یەک مەرجمان هەیە: ئەگەر تا ئێوارێ نەتوانی بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو شوێنەی کە لێوەی کەوتبوویتە ڕێ، پارەکەت بە خۆڕایی دەڕوات.

- " باشە بە چیا دەزانن لە کوێوە دەستم پێکردووە؟ "

- " خەمت نەبێ! لە هەر شوێنێکەوە بتەوێ بڕۆی لە گەڵتا دێین و لەوێ دەوەستین. لە هەر شوێنێک پێویست بکات نیشانەیەک دادەنەین. بە هەر لایەکا پێچت کردەوە، چاڵێک هەڵدەکەنین، یان چەند بەردێک لە سەر یەک دادەنەین، یان کۆمەڵە خۆڵێک کەڵەکە دەکەین. پاشان دەڕۆین خەتە جووتێک لە نیوان ئەم نیشانە و ئەو نیشانەیەدا دەکێڵین. چەندت دەوێ تەی بکە. بەڵام دەبێ بەر لە ڕۆژئاوا بوون بگەیتەوە لای هەمان خاڵی یەکەم. ئیدی هەموو ئەو زەوییەی لەماوەی ڕۆژەکەدا تەیت کردووە دەبێ بە هی تۆ.

پاهوم، زۆر خۆشحاڵ بوو. لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. بڕیاریاندا سبەی بەیانی زوو دەست پێبکات. ماوەیەک قسەیان کرد. دوای ئەوەی کومیسیان خواردەوەو گۆشتی بەرخیان خوارد، سەرلەنوێ چایان خواردەوە، ئیدی بوو بە شەو. دۆشەکێکی پەڕیان بۆ پاهوم ڕاخست. ئەوسا باشگیرەکان بڵاوەیان لێکرد وبەڵێنیان دا سبەی بەیانی زوو ئامادە بن و بەر لە هەتاو کەوتن، بە سواری ئەسپ بۆ ئەو شوێنە بڕۆن کە پاهوم لێوەی دەکەوتە ڕێ.

( ٧ )

پاهوم، لە سەر دۆشەکی پەڕ ڕاکشا. بەڵام خەوی لێنەدەکەوت. هەر بیری لە زەوییەکە دەکردەوە: " بزانە چ پارچە زەوییەکی گەورە تەی دەکەم. لە ڕۆژێکا شەست کیلۆمەتران دەبڕم. شەست کیلۆمەتر چیە! وەکو ئاو خواردنەوە وایە. خۆم وبەختم ڕۆژ درێژە. تیرەی شەست کیلومەتر، زەوییەکی یەجگار فراوان لە خۆ دەگرێت! زەوییە خراپەکان دەفرۆشم. یان بە کرێ دەیدەم بە جووتیارەکان. زەوییە هەرە باشەکان دەکێڵم. دوو جووت گاجووت دەکڕم و دوو جووتکار بە کرێ دەگرم. ڕووبەری سەد وپەنجا هیکتار زەوی دەکێڵم و بە گەنم دای دەچێنم. ئەویتری دەکەم بە پاوان بۆ پەز ومالات."

پاهوم، بە درێژایی شەوەکە خەو نەچووە چاوی. کەمێک بەرلە سپێدە خەوی لێکەوت. هەرکە چاوی چووە خەو، خەوی بینی، لە خەوەکەدا هەر لە هەمان خێوەتدا پاڵ کەوتبوو، گوێی لێبوو یەکێک لە دەرەوە پێدەکەنی. نەیدەزانی کێیە. لە دڵی خۆیا گوتی دەبێ کێ بێ. ئەوسا هەستا، چووە دەرەوە. سەیری کرد سەرۆکی باشگیرەکان وڵە بەردەم خێوەتەکەدا دانیشتووەو هەر دوو دەستی ناونەتە کەلەکانی و خەریکە لە پێکەنینا دەخنکێ.

لە سەرۆک نزیک بووەوەو لێی پرسی: " بە چی پێدەکەنی؟ " بەڵام کە دیقەتی دا، بینی ئەمە سەرۆکی باشگیرەکان نییە. هەمان ئەو کابرا ئیجارەکارەیە کە کاتی خۆی هاتبووە ماڵی ئەم و باسی زەوی و زاری باشگیرەکانی بۆ کردبوو. کە ویستی لێی پرسێت: "ئایا لە مێژە لێرەیت؟ " سەیری کرد ئەمە کابرای ئیجارەکار نییە. بەڵکو هەمان ئەو جووتیارەیە کە لە دەڤەری ئەو بەری ڤولگاوە هەواڵی بۆ هێنابوو. کە زیاتر دیقەتی دا دەرکەوت، ئەو جووتیارەش نییە. بەڵکو خودی شەیتان بوو بە سم وشاخەوە. لەوێ دانیشتبوو وقاقای لێدەدا. پیاوێکی پێ پەتی، بە تۆی پانتۆڵ وکراسێکەوە لە بەردەمیا کەوتبوو. شەیتان بە دیارییەوە دانیشتبوو وقاقای لێدەداو خەریک بوو لە پێکەنینا دەبووڕایەوە. پاهوم لە خەوەکەدا چاوی تیژکردەوەو تا بزانێ ئەو زەلامەی لە ئەرزەکەدا کەوتووە کێیە. بۆی دەرکەوت کابرا مردووە. زیاتر ورد بووەوە، سەیری کرد پاهوم خۆیەتی! بە ترسەوە  لە خەو ڕاپەڕی ولە دڵی خۆیدا گوتی: " بەشەریش خەوی سەیر دەبینێ، چ نییە، زندە خەوە!"

سەری هەڵبڕی، لە دەرگای خێوەتەکەوە سەیری کرد، بەیان ئەنگاوتووە. لە دڵی خۆیا گوتی دەبێ خەبەریان بکەمەوە. پێویستە بکەوینەڕێ.

هەستا، کرێکارەکەی بێدارکردەوە. ( لە عەرەبانەکەدا خەوتبوو. ) ئەمری پێکرد کە عەرەبانەکە لە ئەسپەکە ببەستێ. ئەوجا ڕۆیی باشگیرەکان خەبەر بکاتەوە. پێی گوتن: "کاتی ئەوەیە بڕۆین بۆ دەشت تا ڕووبەری ئەرزەکە بپێوین!"

باشگیرەکان هەستان، لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە، سەرۆکەکەشیان هات، کومیسیان خواردەوە. چایان بە پاهوم دا. بەلام سەبری نەگرت. گوتی: " ئەگەر قەرارە بڕۆین، دەبێ لە ئێستاوە بکەوینەڕێ، دەنا دێر دەکەوین!"

( ٨ )

باشگیرەکان ئامادەبوون. هەموو کەوتنەڕێ. هەندێک بە سواری ئەسپ و هەندێک بە سواری گالیسکە. پاهوم لەگەڵ پیاوەکەیدا سواری گالیسکە بچووکەکەی خۆی بوو. بێڵچەیەکیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. کە گەیینە

دەشتەکە، ئاسۆی سپیدە خەریک بوو ڕووناک دەبووەوە. بە سەر گردێکا هەڵگەران ( باشگیرەکان پێیان دەگوت شیخان ) لە گالیسکە وئەسپەکان دابەزین. لە خاڵیکی دیاریکراوا خڕبوونەوە. سەرۆک هاتە پێشەوە و بە دەست دەشتاییەکی نیشانی پاهوم دا وگوتی:

- تەمەشا بکە. تا چاو بڕدەکات زەوی ئێمەیە. کوێت بە دڵە بۆ خۆتی هەڵبژێرە.

چاوانی پاهوم گەشانەوە، زەوییەکە هەمووی بەیار بوو، تەخت وساف وەکو لەپی دەست. ڕەش وەکو تۆوی خەشخاش. گیا لە نشێوەکاندا بە قەد باڵا زەلامێک بەرز بووبووەوە.

سەرۆک کڵاوە فەروە ڕێوییەکەی لە عاردی دانا وگوتی:

- ئەمە نیشانەکەمانە. لێرەوە دەست پێبکە ودووبارە و بەر لە خۆرئاوابوون وەرەوە بۆ ئێرە. هەنگێ ئەو ئەندازە زەوییەی بە دەوریا دەسووڕێیتەوە دەبێ بە هی تۆ.

پاهوم، پارەکانی دەرهێنا و خستیە ناو کڵاوەکەوە. ئەوجا پاڵتۆکەی داکەند، ئێلەکێکی بێ قۆڵی لەبەر بوو. پشتێنەکەی شل کردەوەو ئەوسا توندی کردەوە. بڕێک نانی لە توێشە بەرەیەکی بچووک نا وخستیە گیرفانییەوە. زەمزەمیەک ئاوی بە قەد خۆیا کرد. قەیتانی پێڵاوەکانی توند کردەوە. بێڵچەکەی لە دەست کرێکار وپێشکارەکەی وەرگرت و ئامادە بوو کە بکەوێتەڕێ. دوو دڵ بوو لە کوێوە بڕوات. هەموو لایەکان هەر باش بوون. ئەنجام بڕیاری دا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " چ فەرقێ دەکات! بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆم، بەرەو خۆر دەڕۆم."

ڕووی کردە ڕۆژهەڵات. ئامادەبوو تا ڕۆژ لە کەل دەربکەوێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: " نابێ کات بە فیڕۆ بدەم. ڕێکردن بە فێنکی خۆشە. " هێشتا خۆر بە تەواوەتی لە کەل دەرنەکەوتبوو کە پاهوم بێڵچەکەی نایە سەر شان ولە گردەکەوە بەرەو دەشتەکە داگەڕا. لە سەرەتاوە نە خێرا دەڕۆیی و نە هێواش. دوای ئەوەی نزیکەی هەزار مەترێک ڕۆیی، وەستا و قۆرتێکی چکۆلەی هەڵکەند، گڵەکەی کەڵەکە کرد تا نیشانەکە بە ئاسانی

بناسرێتەوەو لە دوورەوە دیار بێ. دووبارە کەوتەوە ڕێ. لاقی گەرم بوون، خێراتر هەنگاوی دەنا. دوای ماوەیەک قۆرتێکی دیکەی هەڵکەند. پاهوم ئاوڕی پاشی دایەوە، گردەکە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا بە جوانی دیار بوو. خەڵکەکە لە سەر گردەکە ڕاوەستابوون. چەرخی گالیسکەکان لە دوورەوە دەبریقانەوە. پاهوم، بە مەزەندەی خۆی نزیکەی پێنج کیلۆمەترێکی تەی کردبوو. دنیا گەرمی کرد. ئێلەکەکەی داکەند و دای بە شانیا ودووبارە کەوتەوە ڕێ. ئێستا دنیا تەواو گەرم بووبوو، تەمەشایەکی هەتاوی کرد. کاتی تێشت خواردن بوو. بەڵام لە دڵی خۆیا گوتی: " ئەوا لە قۆناغی یەکەم بوومەوە. بەڵام ڕۆژ چوار قۆناغە، هێشتا زۆر زووە بۆ پێچ کردنەوە. باشتر وایە پێڵاوەکانم دابکەنم تا خێراتر ڕێ بکەم."

لە سەر ئەرزەکە دانیشت، پێڵاوەکانی داکەند، کردنی بە قەد پشتێنەکەیەوەو کەوتەڕێ. ئێستا خۆشتر دەڕۆیی. لە دڵی خۆیدا گوتی: " پێنج کیلۆمەتری دی دەڕۆم ئەوسا بە دەستە چەپا پێچ دەکەمەوە. ئێرە ئەوەندە جوان وباشە حەیفە لە کیسی خۆمی بدەم. پیاو تا زیاتر دەچێتە پێشێ ئەرزەکە جوان وجوانتر دەبێ!" ماوەیەک ڕاستەوڕاست ڕۆیی. کە ئاوڕی پاشی دەدایەوە، گردەکە بە ئاستەم دەبینرا. خەڵکانی سەر گردەکە، لە دوورەوە هێندە بچووک دیاربوون دەتگوت مێرولە ڕەشەن. پاهوم لە دلی خۆیدا گوتی: " لەم قوڵەوە زۆر هاتووم، کاتی پێچ کردنەوەیە. چەندم ئارەقە کردووەتەوە. زۆرم تینووە." وەستا، قۆرتێکی هەڵکەند، خاک وخۆڵەکەی کەڵەکە کرد. زەمزەمیەکەی کردەوە و ئاوی خواردەوە. بە دەستی چەپا پێچی کردەوە. گیایەکە بەرز ودنیا گەرم بوو. پاهوم خەریک بوو شەکەت دەبوو، تەمەشای هەتاوی کرد بینی نیوەڕۆی بەسەرا هاتووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "وا چاکە پشوویەک بدەم وکەمێک بحەسێمەوە. " دانیشت نانی خوارد. ئاوی خواردەوە. بەڵام پاڵنەکەوت. دەترسا خەوی لێبکەوێ. دوای چەند ساتێک دووبارره کەوتەوە ڕێ. لە سەرەتاوە بە ئاسانی دەڕۆیی، نانی خواردبوو و هێزی پەیدا کردبوو. بەڵام دنیا گەرم بووبوو. خەوی دەهات. بەڵام لە سەر پێشڕەوی خۆی بەردەوام بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "سەعاتێ ڕەنج، تەمەنێک ئاسوودەیی!" لەم قۆڵەشەوە مەودایەکی فرەی تەی کرد. دەیویست دووبارە بە دەستی چەپا پێچ بکاتەوە. کە لە ناکاوا چاوی بە گۆلاوێک

کەوت. لە دڵی خۆیدا گوتی: " حەیفە ئەم گۆلاوە لە ناو ئەرزەکەی مندا نەبێ وبە خۆڕایی لە کیسی خۆمی بدەم! ئەم شوێنە بۆ داچاندنی کەتان زۆر باشە." چوو لەو سەری گۆلاوەکەوە قۆرتێکی هەڵکەند. ئەوسا ئاوڕی دایەوە تا تەمەشای گردەکە بکات. گەرما هەواکەی لێڵ کردبوو، لە تراویلکە دەچوو. گردەکە، لە دوورەوە وەکو ئەوە بوو بلەرزێ و بلەرێتەوە. لەو هەوا لێڵ و تەماوییەدا، باشگیرەکانی سەر گردەکە نەدەبینران.

پاهوم لە فکران ڕاچوو: " ئەم قۆڵەی موڵکەکەم زۆر درێژ بوو، دەبێ ئەم لایەی کورت تر بکەم." ئەوجابە هەشتاو کەوتە تەیکردنی لای سێیەم. ڕوانیە هەتاو، هەتاوەکە لە نیوەی یەکەمی ڕۆژ تێپەڕی بوو. بەرەو ئاسۆی ئاوابوون دەڕۆیی. هێشتا دوو سێیەکی پێنج کیلومەترەکەی لای سێیەمی زەوییەکەی نەبڕی بوو. هێشتا نزیکەی پازدە کیلۆمەتری مابوو بگاتە ئامانجی خۆی. لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەرچەندە موڵکەکەم قەناس دەردەچێ، بەڵام دەبێ بە پەلە وڕاستەوڕاست بگەڕێمەوە. وادیارە زۆر دوور کەوتوومەتەوە. بەهەر حاڵ بەم حاڵەشەوە زەویەکەم هەر زۆرە. "

بەپەلە قورتێکی هەڵکەند وڕاست بەرەو گردەکە گەڕایەوە.

( ٩ )

پاهوم، ڕاستەوڕاست بەرەو گردەکە کەوتەڕێ. بەڵام زۆر ماندوو بوو، لاقی لە دووی نەدەهاتن، گەرما لە پەل وپۆی خستبوو. پێیەکانی بریندار بووبوون وخوێنیان لێدەچۆڕا. ئەژنۆکانی نەدەنوشتانەوە. خوا خوای بوو کەمێک پشوو بدات. بەڵام ئەوە کاری نەکردەنی بوو. دەبوایە بەرلە ئاوابوونی هەتاو بگاتەسەر گردەکە. خۆ هەتاو چاوەڕوانی کەسی نەدەکرد پەیتا پەیتا بەرەو کەلی ئاوابوون دادەکشا. لە دڵی خۆیا گوتی: " عەجەب هەڵەیەکم کرد! بریا تەماح نەیدەگرتم و ... باشە ئەگەر لە کاتی دیاریکراوا نەگەمەوە چ دەبێ؟ "
تەمەشایەکی گردەکە وهەتاوەکەی کرد. هێشتا زۆری بۆ گردەکە مابوو، هەتاو لە ئاسۆ نزیک بووبووەوە. پاهوم ڕۆیی وڕۆیی. ڕێکردنی بەلاوە قورس وزەحمەت بوو. بەلام ڕژد بوو لە سەر ڕۆیشتن. بەڵام هێشتا زۆری مابوو بۆ گردەکە. دەستی بە غاردان کرد. ئێلەکەکەی داکەند، پێڵاوەکانی و

زەمزەمیەکەی تووڕدان. بەڵام بێڵچەکەی فڕێ نەدا، جارجار وەکو دار عاسا خۆی بە سەریدا دەدا.

دووبارە لە فکران ڕاچوو: " چم بە خۆم کرد. بارێکی زۆرتر لە توانای خۆمم بە کۆڵا دا. زەحمەتە بەر لە ڕۆژئاوا بگەمەوە گردەکە! "

ئەم ترسە، هێندەی دی سەر ودڵی گرت. پاهوم کەوتە غاردان. کراس وپانتۆڵەکەی لە ئارەقەدا تەڕیتەڕ بووبوون و بە لەشیەوە نووسابوون، گەرووی لە تینواندا هیشک بووبوو. سنگیوەکو موشەدەمەی ئاسنگەران بەرزو نزم دەبووەوە. دڵی وەکو چەکوش لێیدەدا. ئەژنۆکانی بە ڕادەیەک شل بووبوون، جەستەیان هەڵنەدەگرت. ترسی ئەوەی لێنیشت نەبا لە ماندوویەتیدا بمرێت. وێڕای ئەوەی ترسی مەرگی هەبوو، هەر نەیدەتوانی بوەستێ و پشوویەک بدات. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " دوای ئەم هەموو ڕاکە ڕاک وگیانەهاڕییە، ئەگەر ڕابوەستم دەڵێن چ پیاوێکی گەوج و کەودەن بوو. " ئیدی کەوتە غاردان، گوێی لە هاواری باشگیرەکان بوو کە هانیان دەدا. هاواری ئەوان هێندەی دی ئاگری لە دڵی بەردا. دوا هێزی دایە خۆی و، گوڕی لە ڕاکردن بەستەوە. هەتاو گەیی بووە سەر کەل. تەنکە خەرمانەیەک دەوری دابوو وگەورەتر دیاربوو، سوور دەتگوت خوێنە. خەڵکی سەر گردەکەی دەبینی کە دەستیان بۆ هەڵدەتەکان و هانیان دەدا. هەتاوەکە سات بە سات زیاتر دادەکشا ولە ئاوابوون نزیک دەبووەوە. ئەویش خەریک بوو دەگەییە ئاواتەکەی. ئەو دەستانەی دەبینی کە لەسەر گردەکەوە بۆیان تەکان دەدا وهانیان دەدا. کڵاوە فەروە ڕێوییەکەی لێ بەدیار کەوت، کە پارەکەی تیا دانابوو. سەرۆک بە دیارییەوە دانیشتبوو، هەر دوو دەستی نابوونە قەبرغەکانی، هەنگێ خەونەکەی بیرکەوتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " زەویەکە، زۆری زۆرە، بەڵام ئاخۆ خواوەند مەودا دەدا لەسەری بژیم؟ ژیانم لە دەست دا! ژیانی خۆم بە فیڕۆ دا! هەرگیز ناگەمە ئەو خالە!"

پاهوم ڕوانیە هەتاوەکە، تەواو گەیی بووە دەم کەل. بەشیکی لە کەل ئاوا بووبوو. نەدەبینرا. دوا تینی دایە خۆ وبەدەنی بەرەو پێشەوە دانەوی بووەوە، لاقەکانی بە ئاستەم هەڵدەهاتنەوەو لەنگەری بەدەنیان ڕادەگرت. کە گەییە داوێنی گردەکە دنیا تاریک بووبوو. سەری هەڵبڕی، خۆر ئاوا

بووبوو. ئەوسا هاوارێکی پڕ نائومێدی کرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: " هەموو ڕەنجەکەم بە فیڕۆ چوو! " ویستی بوەستێ. بەڵام گوێی لە دەنگی باشگیرەکان بوو کە هێشتا هورایان دەکێشا. هەنگێ بیری کەوتەوە بۆ ئەو کە هێشتا لە داوێنی گردەکەدا بوو، هەتاو ئاوا بووبوو، بەڵام هەتاو هێشتا لە خەڵکەکەی سەر گردەکەوە دیار بوو. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە غار بە گردەکەدا هەڵگەڕا. گەییە سەر گردەکە. سەرۆکی بینی بە دیار کڵاوەکەوە دانیشتبوو دەستەکانی نابوونە هەر دوو کەلەکەی وخەریک بوو لە پێکەنینا بخنکێ. پاهوم دووبارە خەونەکەی بیر کەوتەوە، هاواریکرد، لاقەکانی شل بوون، بە دەما کەوت و دەستی بۆ لای کڵاوەکە ڕاکێشا.

سەرۆک گوتی: " چەند پیاوێکی دەگمەنە! زەوییەکی زۆری بردەوە! " پێشکارەکەی پاهوم، بە غار هات تا یارمەتی بدات وهەڵی بسێنێتەوە. بەڵام سەیری کرد خوێن لە دەمیەوە فیچقەی کرد... پاهوم مردبوو!

باشگیرەکان بە دەم نچ نچ کردنەوە هاوخەمی خۆیان دەربڕی. پێشکارەکە، بێڵچەکەی هەڵگرت و گۆڕێکی بە ئەندازەی پاهوم هەڵکەند و پاهومیان بە خاک سپارد. لە تەپڵی سەرییەوە تا بنی پێی، تەنیا پێویستی بە یەک مەتر وهەشتا سانتیم زەوی هەبوو.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٥ – دەنکە گەنمێک بە ئەندازەی هێلکە مریشکێک

ڕۆژێک چەند منداڵێک، لە شێوەڵەیەکدا، شتێکیان دۆزییەوە لە دەنکە گەنم دەچوو، بە ئەندازەی هێلکە مریشکێک دەبوو وخەتێکی لە ناوەندەوە هەبوو. بە ڕێکەوت گەڕیدەیەک بە ئەوێدا دەڕوات و ئەو شتە دەبینێ، بە فلسێک لە منداڵەکانی کڕی و دەگەڵ خۆیدا بۆ شاری برد و وەکو توحفەیەک بە پاشای فرۆشت.

پاشا ناردی بە شوێن زانا و دانایانی دیار ودەڤەرەکەدا تا بزانن ئەم توحفە دەگمەن و نایابە چییە. زانا و دانایان ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوون وڕاوێژ وتەگبیریان کرد. بەڵام سەریان لێدەرنەچوو. نەچوونە بنج و بناوانی. بە هەرحاڵ شتەکەیان لە قەراخ پەنجەرەیەک دانا. ڕۆژێک مریشکێ خۆی بە ژوورا کرد، بە دەنووک بەربووە شتەکە، کونی کرد. هەنگێ هەموو دیتیان کە ئەو شتە دەنکە گەنمێک بوو. زانایان خۆشحاڵ بوون و چوون بۆ لای پاشا و گوتیان: - گەنمە!

پاشا سەری سوڕما. ئەمری بە زانا و داناکان کرد کە بزانن ئەم جۆرە کەی و لە کوێ ڕوێنراوە؟ دیسان زانا وداناکان کەوتنە ڕاوێژ وتەگبیر، کتێب وسەرچاوانیان دەور کردەوە. بەڵام نەگەیینە هیچ ئەنجامگیرییەکی قەناعەت بەخش. ئیدی چوونەوە بۆ لای پاشا و گوتیان:

- وەڵامی دروستمان نەدۆزیوەتەوە. لە سەرچاوەکانی ئێمەدا هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە نییە. پێمان باشە پرسیار لە جووتیاران بکرێ لەگینە یەکێکیان شتێکی لەو بارەیەوە لە باب و باپیرانی بیستبێ کە ئەم جۆرە گەنمە بەم ئەندازە و قەبارەیە کەی و لەکوێ ڕوێنرابێ.

پاشا ئەمری کرد کە بە تەمەنترین جووتیاری بۆ بێنن. پاسەوانەکانی کەسێکی پیریان دۆزیەوە وهێنایان بۆ لای. پیرەمێردێکی قەموور، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵە و چرچەڵە، بێ ددان، بە هەر زەحمەتێ بوو، بە دوو دارشەقەوە، بە لەقەلەق گەینرایە خزمەت پاشا.

پاشا، دەنکە گەنمەکەی نیشاندا. لێ کابرای جووتیار نەیدەبینی بەڵام بە دەست تاقیکردەوە پاشا لێی پرسی:

- پیرەمێرد بە بیرەوەری تۆ ئەم جۆرە گەنمە لە کوێ ڕواوە؟ تۆ قەت ئەم جۆرە گەنمەت کڕیوە؟ لە کێڵگەکانی خۆتدا داتچاندووە؟

کابرای پیرەمێرد گویی گران بوو. بە باشی قسەکانی پاشای نەدەژنەوت. بە زەحمەتێکی زۆر لە پرسیارەکەی پاشا حاڵی بوو. ئەنجام گوتی:

- نەخێر! من هەرگیز گەنمی وام لە کێڵگەکەما دانەچاندووەو نەدوریوەتەوە . هەرگیز ئەمجۆرە گەنمەم نەکڕیوە. بە بیرەوەری من گەنم هەر بە هەمان قەوارەو ئەندازەی گەنمی ئەمڕۆ بووە. بەڵام دەتوانی پرسیار لە بابم بکەی. لەگینە ئەو بیستبێتی ئەم جۆرە گەنمە لە کوێ ڕوابێ.

پاشا، لەدووی بابی پیرەمێردی نارد، دۆزیویانەوەو هێنایانە خزمەتی پاشا. ئەم پیرەمێردە یەک دارشەقی پێبوو. پاشا دەنکە گەنمەکەی پێ نیشاندا، پیرەمێرد تەمەشای گەنمەکەی کرد، چاوی هێشتا دەبینا، گەنمەکەی وەرگرت و تەمەشای کرد. پاشا گوتی:

- پیرەمێرد، دەتوانی پێمان بڵێی ئەم جۆرە گەنمە کەی و لە کوێ ڕوێنراوە؟ تۆ قەت ئەم جۆرە گەنمەت کڕیوە؟ یان ئەم جۆرە گەنمەت لە کێڵگەی خۆتا داچاندووە؟

پیرەمێردەکە، هەرچەندە گویی گران بوو، بەڵام لە کورەکەی باشتر بوو، گوتی:

- نەخێر، من هەرگیز گەنمی بەم قەوارەو ئەندازەیەم لە کێڵگەکەی خۆما دانەچاندووە و نەدوریوەتەوە. بەڵام سەبارەت بە کڕین، لە سەردەمی منا پارە دانەهاتبوو و مامەڵە بە پارە نەدەکرا. هەر جووتیارە گەنمی خۆی

دادەچاند وئەگەر پێویستیان بە گەنم بوایە، گەنمەکەیان لە بەینی خۆیاندا دابەش دەکرد. من نازانم ئەم جۆرە گەنمە لە کوێ ڕوواوەو هەبووە. گەنمی سەردەمی ئێمە لە گەنمی ئەمڕۆ درشت ترو بە ئاردترو نانەکەی بە بەرەکەت تر بوو. بەڵام گەنمی بەم قەوارە و ئەندازەیەم بە عەمراتم نەدیوە. بەڵام لە باوکم بیستووە کە گەنم لە سەردەمی ئەودا، لە گەنمی سەردەمی ئێمە گەورەتر و بە ئاردتر بووە. واچاکە لەو بپرسیت.

پاشا، ناردی بە شوێن بابی پیرەمێردی دووەمدا. دۆزیانەوەو هێنایانە خزمەت پاشا. بە هەنگاوی بتە و بە بێ دارشەق ڕێی دەکرد. چاوی تیژ بوو، گوێی سووک بوو، قسەکانی ڕوون وڕەوان بوو. پاشا دەنکە گەنمەکەی نیشاندا. پیرەمێرد دەنکە گەنمەکەی وەرگرت، جوان دیقەتی دا. زمانێکی لێدا تا تامی بکات وگوتی: " زۆر لە مێژە گەنمی وا نایابم نەدیوە. بەڵێ خۆیەتی."

پاشا گوتی:

- باپیرە، بڵێ بزانم کەی و لە کوێ ئەم جۆرە گەنمە ڕواوە؟ ئایا هەرگیز لەم جۆرە گەنمەت کڕیوە. یان ئەم جۆرە گەنمەت لە کێڵگەکەی خۆتا ڕوواندوەو دۆزیوەتەوە؟

پیرەمێرد پێکەنی وگوتی:

- لە ڕۆژگاری مندا، گەنم لە هەموو شوێنێک بەو قەوارەیە بوو. ئێمە بەمجۆرە گەنمە پەروەردە بووین، ئەم جۆرە گەنمەمان دادەچاند، دەماندوریەوەو دەمانکوتی.

پاشا پرسی: - پیرەمێرد ئەم جۆرە گەنمەت دەکڕی یان خۆت داتدەچاند؟

پیرەمێرد بزەیەکی کرد وگوتی:

- لە زەمانی منا کەس بیری لەوە نەدەکردەوە خۆی لە قەرەی گوناحی " کڕین و فرۆشتنی گەنم و نان " بدات. نەماندەزانی پارە چییە، باوی پارە نەبوو، هەر کەسەو بە ئەندازەی پێویستی خۆی گەنمی هەبوو.

پاشا پرسی:

- پیرەمێرد، کێڵگەکەت لە کوێ بوو؟ ئەم جۆرە گەنمەت لە کوێ دادەچاند؟

باپیرە گەورە وەڵامی دایەوە:

- هەموو ئەرزی خوا کێڵگەی من بوو. ئارەزووی خۆم بوو، کوێم بکێڵایە، دەم کێڵا و ئەوێ کێڵگەی من بوو. زەوی بە خۆڕایی بوو. شتێک بوو کەس ئیدیعای نەدەکرد کە موڵکی ئەوە. تاقە شتێک کە خەڵکی خۆیان بە خاوەنی دەزانی، کاری بازوویان بوو. ئەو کارە بوو کە دەیانکرد، ئەو ڕەنجە بوو کە دەیاندا.

پاشا گوتی:

- وەڵامی دوو پرسیاری ترم بدەوە. یەکەمیان بۆچی لەو زەمانەدا زەوی ئەم جۆرە گەنمەی بەرهەم دەداو لە زەمانی ئێمەدا وا بچووک بووەتەوە؟ دووەمیان: بۆچی نەوەکەت بە دوو دارشەق دەڕوات و کوڕەکەت بە یەک دار شەق و خۆت بە بێ دار دەڕۆی؟ بۆچی چاوەکانت تیژ، دانەکانت ساغ و دەم و زمانت ڕەوان و بێ گرێن، هوی ئەمە چییە؟

پیرەمێرد بەرسڤی دایەوە:

- هۆی ئەمە، ئەوەیە کە خەڵکی بە کاری تایبەتی خۆیان ناژین. پشت بە خەڵکی و کاری خەڵکانی دی دەبەستن. لە ڕۆژگاری کۆنا خەڵکی بە گوێرەی شەریعەتی خوا دەژیان. بە بەشی خۆیان ڕازی بوون، چاوی تەماعیان لە ماڵ و دەست ڕەنجی خەڵکی دی نەبوو.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٦ – زڕ کوڕ

بیستووتانه گوتراوه: چاو به چاو، ددان به ددان. بەڵام من پێتان دەڵێم: ڕووبەڕووی شەڕ مەبنەوه.

" ئینجیلی مەتی، بابی پێنجەم، ئایەتی ٣٨ و ٣٩ "

( ١ )

جووتیارێکی هەژار کوڕێکی بوو، کابرا زۆری کەیف پێهات بردی بۆ لای دراوسێکەیان تا ببێ بە عەڕابی، غوسڵی تەعمیدی بکات. بەڵام دراوسێکە قەبووڵی نەکرد، چونکە حەزی نەدەکرد، ببێ بە بابی مەعنەوی منداڵی پیاوێکی هەژار وبێنەوا. یارۆی جووتیاری بێنەوا، بۆ هەمان مەبەست ڕووی لە هاوسێکەی تری نا. ئەویش قاییل نەبوو. ئەوسا کابرای هەژار، بۆ هەمان

مەبەست یەک بە یەکی ماڵەکانی گوند گەڕا. بەلام کەسی نەدۆزییەوە کە ببێ بە عەڕابی کوڕەکەی. ئیدی بۆ گوندێکی دیکە ڕۆیی. لە ڕێگا تووشی پیاوێک بوو. پیاوە وەستا و گوتی:

- ڕۆژ باش. پیاوی باش خێرە، کێوە دەچی؟

کابرای جووتیار بەرسڤی دایەوە:

- خواوەند کوڕێکی پێ بەخشیووم تا لە گەنجیا چاوم پێی ڕوون بێ. لە پیریا دەستم بگرێ و هاوکارم بێ، لە دوای مردن دوعای خێرم بۆ بکات، بەڵام چونکە هەژار و بێنەوام، لە گوندەکەی خۆمانا کەس ئامادە نییە ببێ بە عەڕابی کوڕەکەم. بۆیە کەوتوومەتە ڕێ تا لە شوینێکی دیدا عەڕابێکی بۆ بدۆزمەوە.

یارۆی بێگانە گوتی: - من دەبم بە عەڕابی!

یارۆی جووتیار، سوپاسی کرد ولە سەری ڕۆیی:

- ئەدی کێ بکەم بە عەڕابەی ( دایکی مەعنەوی ) ؟

یارۆی نەناس گوتی:

- بڕۆ بۆ شار. لە مەیدانی شارا خانوویەک هەیە بە بەرد دروستکراوە. ڕیزە دووکانێکی لەبەردەمە، ڕوویان لە جادەکەیە، یارۆی دووکاندار خاوەنی ئەو ماڵەیە، بازرگانە. داوای لێبکە کیژەکەی بنێرێ تا ببێ بە عەرابەی کوڕەکەت.

یارۆی جووتیار، هەڵوەستەیەکی کرد، بە دوو دڵییەوە گوتی:

- باشە چۆن داوایەکی وا لە بازرگانێکی دەوڵەمەند و زەنگین بکەم؟ تەریقم دەکاتەوە و ڕێگە بە کیژەکەی نادات شتی وابکات.

- خەمت نەبێ! بڕۆ و ئەو داوایەی لێبکە بۆ سبەی بەیانی هەموو شتێک ئامادە بکە. دێم کوڕەکەت غوسڵی تەعمید دەکەم و ناوی لێدەنەم.

یارۆی جووتیاری هەژار بۆ ماڵی خۆی گەڕایەوە. بە سواری ڕۆیی بۆ شار تا یارۆی بازرگان بدۆزێتەوە. هێشتا ئەسپەکەی نەگەیی بووە ناو حەساری ماڵەکەی کابرای بازرگان، کابرای بازرگان پەیدا بوو و پرسی:

- چیت دەوێ؟

جووتیارەکە گوتی:

- قوربان، خواوەند کوڕیکی داومەتێ تا لە گەنجیا چاوم پیی ڕوون، لە پیریا پشتیوانم بێ و لە دوای مردن دوعای خێرم بۆ بکات. هاتووم بۆ لای تۆ کە میهرەبانی بفەرمووێت و ڕێگە بدەی کیژەکەت ببێ بە عەڕابەی!

بازرگانەکە گوتی: - کەی غوسڵی تەعمیدی دەکەن؟

- سبەی بەیانی.

- دەی زۆر باشە، تۆ بڕۆ خوات لەگەڵ. سبەی بەیانی کیژەکەم دێت بۆ کلێسا.

سبەی بەیانی، عەڕابەکە هات، یارۆی عەڕابیش ئامادەبوو ومندالەکەیان غوسڵی تەعمید کرد. دوای ڕێوڕەسمی غوسڵەکە کابرای عەڕاب بە پەلە ڕۆیی. کەس و کاری مندالەکە نە زانیان ئەو کابرایە کێ بوو، نە جارێکی دی دیتیانەوە.

( ٢ )

کوڕە گەورە بوو، مایەی بەختەوەری و دڵخۆشی ژیانی داک و بابی بوو، کوڕێکی بە هێز و توانا بوو، ئیشکەر وزیرەک وگوێڕایەڵ بوو. تەمەنی کە گەییە دە ساڵان نایانە بەر خوێندن تا فێری خوێندنەوەو نووسین ببێت. ئەوەی خەڵکانی دی بە پێنج ساڵ فێری دەبوون، ئەو لە زەرفی ساڵێکا فێری بوو. دوای ماوەیەک وای لێهات کەس نەبوو، فێری شتی زیاتری بکات.

جەژنی پاک هات. کوڕە ڕۆیی بۆ لای خانمە عەرابەکەی تا پیرۆزبایی جەژنی لێبکات. کە بۆ ماڵ گەڕایەوە، لە داک و بابی پرسی:

- کێ عەڕابی منە؟ و لە کوێیە؟ تا بڕۆم جەژنە پیرۆزە لەویش بکەم.

بابی برسڤی دایەوە:

- کوڕی ئازیزم، هیچ شتێک دەربارەی عەڕابەکەت نازانین. لەو ڕۆژەی کە تۆی غوسڵی تەعمید کردووە، نە دیتوومانە ونە هیچ هەواڵێکمان لێوەی هەبووە. زۆریشمان پێ ناخۆشە! نازانین لە کوێ دەژی و نازانین ئاخۆ لە ژیانا ماوە یان نا؟

کورە ئیکلامی بۆ داک و بابی کرد وگوتی: " داوای بوردنتان لێدەکەم، تکایە ڕێگەم بدەن بڕۆم عەڕابەکەم بدۆزمەوە. دەبێ بیدۆزمەوەو پیرۆزبایی جەژنی لێبکەم.

داک و بابی ڕێگەیان دا، کوڕە کەوتەڕێ تا عەڕابەکەی بدۆزێتەوە.

( ٣ )

کوڕە لە ماڵ وەدەرکەوت وکەوتەڕێ، دوای چەندین سەعاتە ڕێ لە ڕێگا تووشی کابرایەکی بێگانە بوو، کابرا پرسی:

- ڕۆژ باش کوڕی باش، ئەوە کێوە دەچی؟

کوڕە بەرسڤی دایەوە:

- چووم بۆ لای خانمە عەڕابەکەم و پیرۆزبایی جەژنم لێکرد. کە بۆ ماڵ گەڕامەوە لە داک و بابم پرسی عەڕابەکەم لە کوێ دەژی تا بچم بۆ لای و پیرۆزبایی جەژنی لێبکەم. وەڵامیان دامەوە کە دوای غوسڵی تەعمیدەکەم، بە پەلە ڕۆییوەو لەو ساوە نە دیتوویانە و نە هیچ هەواڵێکیان لێوە زانیوە، کە ئاخۆ لە ژیان ماوە یان نا. بەڵام من حەزم کرد عەڕابەکەی خۆم بناسم و بیدینم. بۆیە وەڕێ کەوتوم تا بیدۆزمەوە.

یارۆی نەناس گوتی: - من عەڕابەکەتم.

کوڕە، کە گوێی لەو قسەیە بوو خۆشحاڵ بوو و بە بۆنەی جەژنەوە سێ جاری ماچ کرد و پرسی:

- بابۆ، هەنووکە بە نیازی کوێی؟ ئەگەر بە دەڤەری ئێمەدا دەڕۆی، فەرموو وەرە بۆ ماڵی خۆمان با لە خزمەتتا بین. ئەگەر بۆ ماڵی خۆشت دەڕۆیتەوە، با لە خزمەتتا بێم و بتگەیەنم.

کابرای عەڕاب بەرسڤی دایەوە:

- ئێستا دەرفەتی ئەوەمنییە سەردانتان بکەم. کارم لە چەند گوندێک هەیە. سبەی بۆ ماڵی خۆم دەگەڕێمەوە. ئەو کاتە وەرە بۆ لام.

- باشە چۆن ماڵەکەت بدۆزمەوە بابۆ؟

- کە لە ماڵ وەدەرکەوتی، ڕاستەوخۆ ڕوو بکەرە ڕۆژهەڵات، دەگەیتە لێرەوارێک، کە لە لێرەکە ڕەت دەبی، دەگەیتە تەختانیەکی ڕووتەن. لەو تەختانیە دانیشە وپشوو بدە. بڕوانە دەوروبەری خۆت و چاوەڕوان بکە، بزانە چی ڕوودەدات. لەو سەری لێرەکەدا باخێک دەبینی. خانوویەکی تیایە، سەرەکەی لە زێڕە. ئەوە ماڵی منە. لە دەرگا بدە. بە خۆم دەرگات لێدەکەمەوە.

دوای ئەو قسانە یارۆی عەڕاب، لە چاوی فەلیونەکەی ون بوو.

( ٤ )

کوڕەکە بە گویی عەڕابەکەی کرد. ڕاستەوڕاست ڕووەو ڕۆژهەڵات ڕۆیی تا گەییە لێرەوارەکە. پاشان گەییە تەختانیە ڕووتەنەکە، تەختانیەکە لە تەما غەرق بووبوو. لە نێو تەمەکەوە بینی پەتێک بە لقی دارکاژێکی گەورەوە هەڵواسراوەو کۆتەرە دار بەڕوویەکی قورسی پێوە بەستراو بوو. لە ژێر ئەم کۆتەرە بەڕووەوە سەتڵێکی دارینی پڕ لە هەنگوین دانرابوو. کوڕە هیشتا ئەوەی بۆ ڕوون نەبووبووەوە کە بۆچی ئەو هەنگوینە کراوەتە ئەو سەتڵە دارینەوەو بۆچی ئەو کۆتەرە دار بەڕووەیان، لە لقی دار کاژەکەوە بە سەریەوە هەڵواسیوە، کە گوێی لە خشەخش و قرچەقرچی لقی دار و درەختەکان بوو و چەند ورچێک پەیدا بوون. دێڵە ورچێک، بیچوویەکی یەک ساڵە و سێ توڵە ورچی دوای خۆی خستبوو. ورچەکە بۆنێکی بە هەواکەوە کرد ویەکڕاست چوو بە سۆراغی کوپەڵە هەنگوێنەکەوە وتوڵەکانیش دووی

کەوتن. ورچەکە دەم و قەپۆزی ژەندە هەنگوینەکەوەو بە تولەکانیشی گوت کە چاو لەو بکەن. هەنگێ تولەکان هێرشیان هێنا و کەوتنە هەنگوین خواردن. لەو کاتەدا کە تولەکان سەرگەرمی هەنگوین خواردن بوون، کە دایکیان پێشتر کۆتەرە دار بەڕووەکەی لادابووە لاوە، کۆتەرە دار بەڕووەکە بەربوو، گەڕایەوەو ڕێک کەوت بە تولەکاندا. هەنگێ دێڵە ورچەکە. بە پاشووەکانی کۆتەرە دار بەڕووکەی دوور خستەوە. کۆتەرەکە ئەمجارە توندتر گەڕایەوەو کەوت بە سەری یەکێک لە تولەکاندا وکەوت بە پشتی یەکێکی تریاندا . تولەکان لە تاو ئازار بە قروسکە قروسک هەڵاتن. دێڵە ورچەکە مڕاندی. کۆتەرە دارەکەی بە هەر دوو دەستی گرت وبەرزی کردەوە بۆ سەر سەری وبە هەموو هێزی خۆیەوە هەڵیدا. کۆتەرە دارەکە بۆ ئاسمان بەرزبووەوە. ورچە یەک ساڵەکە، هێرشی بۆ کوپڵە پڕ لە هەنگوینەکە برد. دەم و قەپۆزی تێنا وبە مڵچەمڵچ کەوتە هەنگوین خواردن. تولەکان دووبارە هاتنەوە. هێشتا نەگەیی بوونە سەر کوپەڵەکە کە کۆتەرەکە بە توندی گەڕایەوە و کەوت بە ورچە یەک ساڵەکەداو کوشتی. دێڵە ورچەکە لە جاران تووڕەتر بوو و بە هەموو هێزی خۆیەوە کۆتەرەکەی تووڕ دا، کۆتەرە بۆ ئاسمان بەرز بووەوە ، تەنانەت لەو لقە کاژەش بەرزتر بووەوە کە پێوەی بەسترابوو. ئەوەندە بەرز بووەوە کە پەتەکەی تەواو خاو بووەوە. دێڵە ورچەکە چوو بۆ لای کوپەڵە هەنگوینەکە. تولەکانیش دووی کەوتن. کۆتەرە دارەکە زۆر بەرز بووەوە، بەڵام لە پڕ بەرەو خوار داهاتەوە. تا زیاتر دادەهاتەوە، لەزتر دەبوو. ئەنجام بەوپەڕی خێرایی خۆیەوە کەوت بە کەللەی دێڵە ورچەکەدا. دێڵە ورچ پەلەخوار بووەوە، بە دەم لەقە فڕتێوە گیانی دەرچوو. هەنگێ تولەکان هەڵاتن ولە ناو لێرەوارەکەدا ون بوون.

( ٥ )

کوڕەکە بە سەرسامی ڕوانیە هەموو ئەو بویەر و دیمەنانە. ئەوسا ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی. لە بێشەکە دەرچوو. گەییە باخێکی گەورە، کە کۆشکێکی گەورەی لە ناوەندا بوو وساپیتەکەی لە زێڕ بوو. یارۆی عەڕاب، لێو بە خەندە لە بەر دەرگای کۆشکەکە ڕاوەستابوو. بە گەرمی پێشوازی لە فەلیونەکەی (لە ناو کریستاناندا ئەو کەسەی لە لایەن کەسێکەوە غوسڵی

تەعمید دەکرێ، پێی دەگوترێ فەلیون) کرد. ئەوجا لە ڕاڕەوێکەوە بۆ ناو باخەکەی برد. کوڕە، لە خەویشا ئەو هەموو جوانیەی دەوروبەری کۆشکەکەی نەبینی بوو.

ئەوسا، عەڕابەکەی بردییە ناو کۆشکەکەوە. کۆشکەکە لە ناوەوە زۆر لە دەرەوە جوانتر بوو. یارۆی عەڕاب (ئەشبین) هەموو ژوورەکانی بە کوڕەکە نیشاندا. ژوور لە ژور جوانتر وبە شکۆتر بوو. ئەنجام گەیینە بەر دەرگایەک کە مۆر کرابوو. عەڕابەکە گوتی:

- ئەم دەرگایە دەبینی؟ قفڵ نییە، بەڵکو مۆر کراوە. کردنەوەی ئاسانە. بەڵام نامەوێ بیکەیتەوە. دەتوانی لێرە بمێنیتەوە. بۆ هەر کوێت دەوێ بڕۆی، لەزەت لە جوانی و شکۆی کۆشکەکە بدینی. تاقە ئەمری من ئەمەیە کە ئەم دەرگایە نەکەیتەوە وتەواو. بەڵام ئەگەر دەرگاکەت کردەوە، ئەوەت بیربێتەوە کە لە جەنگڵ ولێرەوارەکە چیت بینی.

یارۆی عەڕاب (بابی ڕۆحی) دوای ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگاریانە کوڕەی بە جێهێشت و ڕۆیی. فەلیونەکە (کوڕەکە) لە کۆشکەکەدا مایەوەو ژیان وگوزەرانی ناو کۆشکەکە ئەوەندە خۆش و دڵگیر بوو لە کوڕە وایە تەنیا سێ سەعاتە لەوێندەرێیە، لە کاتێکا سێ دانە ساڵ بوو لەوێندەر دەژیا. دوای تێپەڕینی سێ ساڵ ڕۆژێ کوڕەکە بەبەر دەرگا مۆر کراوەکەدا تێدەپەڕێ و سەری سوڕ دەمێنێ کە بۆچی عەڕابەکەی گوتبووی نەچێتە ئەو ژوورەوە. لێی بوو بە مەراق و بەرەو دەرگاکە ڕۆیی.

لە دڵی خۆیدا گوتی: " تەنیا سەرێ دەکێشمە ژوورەوە تا بزانم چی تیایە. " پاڵێکی سووکی بە دەرگاکەوە نا، مۆر ومۆمەکەی هەڵوەری و دەرگاکە کرایەوە. کوڕەکە چووە ژوورەوە. کوڕە هۆڵێکی بینی، لە هەموو هۆڵەکانی تری ناو کۆشکەکە گەورەتر وبە شکۆتر بوو. تەختێکیان لە ناوەندی هۆڵەکە دانابوو. ماوەیەک بە چوار دەوری هۆڵەکەدا سووڕایەوە. ئەوسا بە پلەکانی تەختەکەدا سەرکەوت و لە سەری دانیشت. هەرکە لە سەر تەختەکە دانیشت سەوڵەجانێکی (دار عاسای پاشایەتی) بینی بە قەد تەختەکەوە هەڵپەسێردرابوو. سەوڵە جانەکەی هەڵگرت. لە ناکاوا هەر چوار دیواری هۆڵەکە نەمان. کوڕەکە ڕوانییە دەوروبەری خۆی. هەموو دنیا وخەڵکی دنیای

بینی. ڕوانییە پێشی خۆی، دەریا و کەشتیانی بینی، ڕوانییە دەستە ڕاست، وڵاتانی گەلانی کافری ڕۆژئاوای بینی. ڕوانیە دەستە چەپ، خەڵکەکەی مەسیحی بوون، بەڵام ڕووس نەبوون. ئاوڕی پاشی دایەوە، خەڵکانێکی بینی وەکو ئەو ڕووس بوون. لە دڵی خۆیدا گوتی: " تەمەشایەک دەکەم با بزانم دەنگ و باسی ماڵی ئێمە چییە. ئایا ئەمساڵ خەلە و خەرمان بە بڕشت بووە؟ "

ڕوانیە کێڵگە ومەزراکانی باوکی، سەیری کرد سواڵە و مەلۆیان کۆکراونەتەوەو کراون بە شارا. ویستی شاراکان بژمێرێ تا بزانێ چەندیان گەنم هەیە. کابرایەکی وەرزێری بینی کە عەرەبانەیەکی داژۆت. دنیا شەو بوو. فەلیونەکە وای وێنا کرد ئەو وەرزێرە بابیەتی و بەوشەوە هاتووە تا گەنمەکەی بگوازێتەوە. بەڵام کە ورد بووەوە و بە جوانی زەینی دایە ڤاسیلی کوردیاشوفی دزی ناسییەوە. هاتبوو شاراکان لە عەرەبانەکەی باربکات و بیدزێت. فەلیون، تووڕە بوو، بانگی بابی کرد: " باوکە، خەریکە شاراکان دەدزن! " بابی کە ئەسپەکانی بردبوو بۆ ناو پاوانەکە، لە خەو ڕاپەڕی و گوتی: " خەوم دەبینی، کە شاراکانیان دەدزیم. با بە سواری بڕۆم بۆ ناو کێڵگەکە تا بزانم چ خەبەرە."

ئەوجا سواری ئەسپێک بوو. بەرەو کێڵگەکە ڕۆیی. ڤاسیلی بە سەر دزییەوە گرت. دوو جووتیاری دیکەی بانگ کرد و تێروپڕیان لە یارۆی دز دا، دست و لاقیان بەست و بۆ زیندانیان برد. پاشان فەلیونەکە، ڕوانیە شار. ڕوانیە ئەو شوێنەی کە خانمە عەرابەکەی (ئەشبینە) لێ دەژیا. ئێستا شووی بە بازرگانێک کردبوو. لە غوڕابی خەودا بوو. مێردەکەی هەستا وچوو بە سۆراغی ماشقەکەیەوە. کوڕە هاواری لە خانمە عەڕابەکەی کرد: " ڕابە، ڕابە، مێردەکەت گومڕا بووە و بە گوێی شەیتان دەکات."

خانمە عەڕابەکە لە خەو ڕاپەڕی. جلکی پۆشی . ڕۆیی و مێردەکەی دۆزییەوە، لە ماشقەی مێردەکەی دا. مێردەکەی لە ماڵ دەرکرد.

ئەوسا کوڕەکە، لە دایکی گەڕا. سەیری کرد لە کولبەکەی خۆیاندا خەوتووە. دزیک خۆی بە کولبەکەدا کردبوو، چووبووە دیار ئەو سەندووقەی کە دایکی شتەکانی خۆی تیا دادەنا. دایکی لە خەو ڕاپەڕی. قیژەیەکی کرد. دزەکە،

تەورێکی لەو ناوە هەڵگرت و بەرزی کردەوە بۆ سەر سەری، تا بیکێشێت بە دایکیا و بیکوژێت. یارۆی فەلیون، خۆی پێنەگیرا، سەوڵەجانەکەی هەڵگرت وتا هێز لە بازوویا بوو سرەواندیە دزەکە، ڕێک بەر لاجانگی کەوت و لە جێوە کوژرا.

( ٦ )

کاتێ فەلیونەکە یارۆی دزی کوشت، دیوارەکان سەر لە نوێ پەیدا بوونەوە، هۆڵەکە، وەکو خۆی لێهاتەوە.

دەرگا کرایەوە. یارۆی عەڕاب وەژوورکەوت. هاتە پێشەوە، دەستی فەلیونەکەی گرت، لە تەختەکەی هێنایە خوارەوە. پێی گوت:

- تۆ لە فرمانی من دەرچووی! یەکەم هەڵەت ئەمە بوو ئەو دەرگایەت کردەوە کە لێم قەدەغە کردبوویت. هەڵەی دووەمت ئەوە بوو کە چووی لە سەر تەختەکە دانیشتیت و کە لە سەر تەختەکە دانیشتی سەوڵەجانەکەی منت گرت بە دەستەوە. ئێستاش هەڵە و خەتای سێیەمت کردووە، بەم کارەت هێندەی دی شەڕارەت وڕەزالەتی دنیات زیاد کردووە. ئەگەر یەک سەعاتی دی لێرە دانیشیت نیوەی بەشەر لەناو دەبەیت.

عەڕابەکە، جارێکی دی فەلیونەکەی گەڕاندەوە سەر تەختەکە، سەوڵەجانەکەی بە دەستەوە گرت. دووبارە دیوارەکان دیار نەمان. هەموو شتێک دەرکەوت. کابرای عەڕاب گوتی:

- تەمەشا بزانە چیت بە سەر بابت هێناوە. ڤاسیلی یەک ساڵ لە زیندانا مایەوە، لە زیندانا فێری هەموو خراپەیەک بوو، بە جۆرێ لە ڕێ دەرچووە، هەرگیز چاک نابێتەوە. تەمەشا ئەوەتا دوو ئەسپی لە بابت دزیوە. کادینەکەی سووتاندووە هەر هەموو ئەم بەڵایانە تۆ بەسەر باوکتا هێناوە.

فەلیون، بە چاوی خۆی کادێنەکەی بابی دەبینی کە گڕی لێ دەبووەوە. بەڵام عەڕابەکەی ئەو دیمەنەی لەبەر چاوی لابرد وداوای لێکرد تەمەشای ئەم لا بکات. گوتی:

- تەمەشای مێردی خانمە عەڕابەکەت بکە. یەک ساڵە ژنەکەی تەڵاق داوە و کەوتووەتە ڕاوەژن. ماشقەکەی جارانی، زۆر لە جاران خراتری بە سەر هاتووە. ژنەکەی لە داخا مەی ئالوودە بووە. تۆ ئەوەت بە سەر خانمە عەڕابەکەی خۆت هێناوە.

کابرای عەڕاب، ئەم دیمەنەشی لە بەرچاوی سڕییەوە. ماڵی باوکی بە فەلیونەکەی نیشاندا. سەیری کرد دایکی بۆ گۆناهەکانی خۆی دەگری و تۆبە دەکات و دەڵێت:

- بریا ئەو شەوە دزەکە دەیکوشتم و گوناحی مەرگی وی بە ملی مندا نەدەهات.

کابرای عەڕاب گوتی: - تۆ ئەمەت بە سەر دایکت هێناوە!

ئەم دیمەنەش ئاوابوو. بە دەست ئامازەی بۆ خوارەوە کرد. فەلیونەکە دوو پاسەوانی بینی کە دزەکەیان لە بەردەم زنداندا گرتبوو. کابرای عەڕاب گوتی:

- ئەم پیاوە نۆ کەسی کوشتبوو. دەبوایە بە خۆی کەفارەی گوناهەکانی بدات. بەڵام تۆ کوشتت وگوناحەکانیت لە ئەستۆی خۆت گرت. دەبێ ئێستا قەساسی هەموو تاوانەکانی بدەی. بزانە چ بەڵایەکت بە سەر خۆتا هێنا؟ دێڵە ورچەکە، یەکجار کۆتەرە بەڕووەکەی پاڵنا، تولەکانی ئاسیویان بینی، دووجاری پاڵنا بێچوە یەک ساڵانەکەی لە دەست دا. جاری سێیەم کە پاڵینا، خۆی کوشت. تۆش هەمان کاری ئەوت کردەوە. سی ساڵ دەرفەتت پێ دەدەم تا بڕۆی لەو ماوەیەدا کەفارەی گوناحەکانی دزەکە بدەی. ئەگەر نەتتوانی کەفارەی بدەی، دەبێ بچیتە شوێنەکەی ئەو.

فەلیونەکە پرسی: - چۆن کەفارەی گوناحانی کابرای دز بدەم؟

کابرای عەڕاب، بەرسڤی دایەوە:

- هەر کاتێ توانیت، ئەو هەموو خراپەیەی بە سەر دنیاتا هێناوە لێ بسڕیتەوە مانای وایە کەفارەی گوناهانی دزەکە وخۆتت داوە.

فەلیون پرسی: - باشە چۆن دەتوانم خراپە و دزێوی لە دنیا بسڕمەوەو نەهێڵم؟

عەڕابەکە گوتی:

- بڕۆ دەرێ وڕووەو ڕۆژهەڵات بکەوەڕێ. دوای مودەتێک دەگەیە مەزرایەک. خەڵکانیکی لێیە. دیقەت بدە بزانە چی دەکەن. ئەوەی دەیزانی فێریان بکە. ئەوسا بەڕێی خۆتا بڕۆ. دیقەت بدە چی دەبینی. ڕۆژی چوارەم دەگەیە لێرەوارێک لە ناو لێرەکەدا خەڵوەتگەیەک هەیە کە تەرکە دنیایەکی تیایە. سەربهوردی خۆتی لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕەوە. ئیدی فێرت دەکا کە چی بکەیت. ئەگەر بە گوێی بکەیت وهەموو ئامۆژگارییەکانی جێبەجێ بکەیت، مانای وایە کەفارەی گوناهەکانی خۆت وکابرای دزیشت داوە.

کابرای عەڕاب، دوای ئەو قسانە، فەلیوونەکەی بۆ دەرێی باخەکە برد و لەبەر دەرگای دەرەوە بەڕێی کرد.

( ٧ )

فەلیونەکە بەڕێ کەوت. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " ئاخر چۆن دنیا لە شەڕارەت و دزێوی پاک دەکرێتەوە؟ شەڕاڕەت و خراپە، بە دوور خستنەوەی خەڵکانی بەدڕا و بەد سروشت، بە زیندانی کردنیان، بە ئیعدام کردنیان لە نێو دەبرێت. ئاخر چۆن دنیا لە شەڕ و شەڕاڕەت پاک بکەمەوەو گوناهانی خەڵکانی دی لە ئەستۆ نەگرم؟"

فەلیونەکە، زۆری بیر لەوە کردەوە، بەڵام ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەگەیی. ڕۆیی گەییە کێڵگەیەک، گەنمەکەی بە قەد باڵای زەلامێک هەستابوو، تەبارەیەکی فراوان بوو، ئامادەی دوروێنە بوو. فەلیون، گوێرەکەیەکی بچووکی بینی چوو بووە ناو قایمە گەنمەکەوە. چەند کەسێکی ئەو نزیکانەش گوێرەکەکەیان بەدی کرد، بە سواری ئەسپ، بەناو تەبارە گەنمەکە کەوتن وچنگ لە سەرشان دووی گوێرەکەکە کەوتن. گوێرەکەکە لەو سەری گەنمەکەوە بۆ ئەو سەری گەنمەکە غاری دەدا. هەرجارێ کە دەیویست لە نێو تەبارە گەنمەکە وەدەربکەوێ، سوارێ لە بەردەمیا قوت دەبووەوە. گوێرەکەکە دەسڵەمیەوەو بۆ ناو تەبارە گەنمەکە دەگەڕایەوە.

سوارەکان بە چوار ناڵە دووی دەکەوتن و گەنمەکە لە ژێر سمی ئەسپەکانا پێ پەست دەبوو. ژنێک کە لە کەنار ڕێگاکە وەستابوو، دەگریا و دەیگوت: - واوەیلا، گوێرەکەکەم دەکوژن.

فەلیونەکە، بە جووتیارەکانی گوت:

- ئەوە چ دەکەن؟ هەمووتان لە تەبارە گەنمەکە وەرنە دەرەوە. واز بێنن با ئەو ژنە بانگی گوێرەکەکەی بکات.

پیاوەکان بە قسەیان کرد. ژنەکە لە قەراخ تەبارە گەنمەکە وەستا و هاواریکرد:

- وەرە دەرێ، گوێرەکە سوور وەرەدەرێ.

گوێرەکەکە، گوێچکەکانی قوت کردنەوەو کەمێک گوێی هەڵخست وئەوسا خۆبەخۆ بەرەولای ژنەکە بەتاو ڕۆیی، سەری بە کۆشیا کرد و خەریک بوو ژنەی تاین بکەوێ بە ئەرزەکەدا. پیاوەکان خۆشحاڵ بوون. ژنەکە خۆشحاڵ بوو، هەروەها گوێرەکە چکۆلەکەش خۆشحاڵ بوو.

فەلیونەکە، بەڕێی خۆیا ڕۆیی. لە فکران ڕاچوو: " ئێستا دەزانم کە شەڕ و خراپە، شەڕ و خراپەی لێدەبێتەوە. تا خەڵکی بیانەوێ بە شەڕ، شەڕ دوور بخەنەوە، شەڕ زیاد دەکات. وادیارە شەڕ، بە شەڕ لە ناو ناچێت. بەڵام نازانم بە چی لە ناو دەبرێ؟ گوێرەکەکە بە گوێی خاوەنەکەی کرد وهەموو شتێک هاتەوە تایم وبە سەلامەتی بڕایەوە. باشە ئەگەر گوێرەکەکە بە گوێی خاوەنەکەی نەکردبایە، چۆن دەکرا لە تەبارە گەنمەکە بهێنرێتە دەرێ؟"

فەلیونەکە، زۆری بیرکردەوە، بەڵام نەگەییە هیچ ئەنجامگیرییەک. ئیدی ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی.

( ٨ )

فەلیونەکە، درێژەی بە ڕێگای خۆی دا تا گەییە گوندێک. لەو سەری گوندەکە وەستا، لە دەرگای ماڵێکی دا کە شەوێ جێی بکەنەوە و بیحەوێننەوە. ژنێک بە تەنیا لە ماڵەوە بوو. خەریک بوو ماڵەکەی خاوێن دەکردەوە. ژنەکە

پێشوازی لێکرد. فەلیونەکە وەژوور کەوت. لە لای ئاگردانەکەوە دانیشت ودیقەتی ژنەکەی دا تا بزانێ چ دەکات. بینی زەمینەی ژوورەکەی سڕی. دەستی بە سڕینی مێزەکە کرد. بە پەڕۆیەکی پیس کەوتە سڕینی مێزەکە. مێزەکە پاک نەبووەوە. پەڕۆ پیسەکە مێزەکەی لەکەدار کرد. پەڕۆکەی توندتر بە مێزەکەدا هێنا، فایدەی نەبوو، لایەکی مێزەکە پاک دەبووەوە، لایەکەی تری دەبوو بە پەڵە. لە هەر لایەکەوە مێزەکەی دەسڕی پاک نەدەبووەوە. پەڕۆ پیسەکە مێزەکەی پیستر دەکرد، پەڵەیەک پاک دەبووەوە، پەڵەیەکی دی پەیدا دەبوو. فەلیونەکە، ماوەیەک بە بێدەنگی دیقەتی دا. پاشان بە ژنەکەی گوت:

- خانم، ئەوە تۆ چ دەکەی؟

- نابینیماڵەکە بۆ پێشوازی جەژن خاوێن دەکەمەوە؟ بەڵام سەرم لەم مێزە سوڕماوە، هەرچی دەکەم پاک نابێتەوە، ماندووی کردووم.

یارۆی فەلیون گوتی:

- دەبێ لە پێشا پەڕۆکە پاک بشۆی ئەوسا مێزەکەی پێ بسڕی.

ژنەکە، بە گوێی کرد، یەکسەر مێزەکە خاوێن بووەوە. ژنەکە پێی گوت:

- زۆر سوپاست دەکەم، کە ڕێنوێنیت کردم.

فەلیون، بەیانی ماڵاوایی لە ژنەی تاین کرد وکەوتەڕێ. پاش ماوەیەک گەییە قەراخ بێشەیەک. سەیری کرد چەند جووتیارێک خەریکن لە لق وپۆپی خواری درەختێک پێچکە وچەرخی گالیسکە دروست دەکەن. چووە نزیکترەوە. سەیری کرد پیاوەکان هەرچی دەکەن ودەکۆشن لقەدارەکانیان وەکو پێویست بۆ خوار ناکرێتەوە. بە دیاریانەوە وەستا و کەوتە تەمەشا کردنیان. سەیری کرد ئەو کۆتەرەیەی کە دەیانەوێ، لقەکەی بە دەورا بسوڕێننەوە، بە هیچ شوێنێکەوە بەند نییە. لەگەڵ لقە دارەکەدا دەسووڕێت. هەنگێ گوتی:

- برادەرینە ئێوە چ دەکەن؟

- مەگەر نابینی؟ گەرەکمانە پێچکەی گالیسکە دروست بکەین. دووجار لقە دارەکانمان دانەبەر هەڵم، بەڵام هەرچی دەکەین پێچ ناخۆن، بە هیلاک چووین.

یارۆی فەلیون گوتی:

- دەبێ لە پێشا کۆتەرەکە قایم بکەن، دەنا لەگەڵ لقەکەدا دەسووڕێت.

جووتیارەکان، بە گوێیان کرد، کۆتەرەکەیان قایم کرد. کارەکەیان بە باشی وبە ئاسانی سەری گرت.

فەلیونەکە ئەو شەوەی لەگەڵ ئەواندا بەسەر برد، ئەوسا ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی. شەو ورۆژێکی تەواو ڕێی کرد. لە دەوروبەری سپێدەدا، تووشی کۆمەڵێک شوان و مەڕدار بوو کە خێوەتیان بۆ شەوێ هەڵدابوو. لەلای ئەوان مایەوە. سەیری کرد ڕانە مەڕەکەیان مۆڵ دابوو ودەیانویست ئاگر بکەنەوەو خۆیان گەرم بکەنەوە. ئیزینگ و شەواتیان خڕکردبووەوە. ئاگریان لە چڵ وچێوە وشکەکان بەردابوو و پەیتا پەیتا داری تەڕیان دەنایە سەری. چڵ و چێوە تەڕەکە فشەفشیان لێوە دەهات و ئاگرەکە دووکەڵی دەکرد وادادەمرکایەوە. مەڕدار و شوانەکان چڵ و چێوی وشکی دیکەیان دێنا و ئاگریان تێ بەردەدا، ئەوسا داری تەڕیان دەخستە سەری، ئاگرەکە دیسان دەکوژایەوە. ماوەیەکیزۆر خەریک بوون ئاگر بکەنەوە، بەڵام دارە تەڕەکان ئاگریان نەگرت. هەنگێ یارۆی فەلیون گوتی:

- پەلە مەکەن، دارە تەڕەکان مەخەنە سەر ئاگرەکە، سەبر بکەن با دارە وشکەکان بە تەواوەتی ئاگر بگرن، ئاگرەکە بەتەواوی بگەشێتەوە، ئەوسا بە کەیفی دڵی خۆتان چڵ و چێوی تەڕی بخەنەسەر.

شوان ومەڕدارەکان بە تەگبیرەکەی ئەویان کرد. چاوەڕوانیان کرد تا ئاگرەکە بە جوانی و بە تەواوەتی گەشایەوە. ئەوسا چڵ و چێویان کرد بە سەریا وئاگرەکە بڵێسەی سەند.

فەلیونەکە، ماوەیەکی کەم لای ئەوان مایەوەو ئەوسا کەوتەڕێ. بە دەم ڕێکردنەوە لە خۆی دەپرسی: " ئەم سێ بویەرە چ مانایەکیان هەیە؟" سەری هێنا و سەری برد، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا نەگەیی.

( ٩ )

فەلیونەکە بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر ڕێی کرد، ئێوارە گەییە بێشەیەکی دی، لەوێ کولبەکەی کابرای تەرکە دنیای دۆزییەوە، لە دەرگای دا. یەکێک لە ژوورەوە پرسی: "کێیە؟ "

فەلیونەکە بەرسڤی دایەوە: " گوناحکارێکی ڕوو ڕەشم! دەبێ کەفارەی گوناحانی خۆم و کەسێکی دیکەش بدەم."

یارۆی تەرکە دنیا وخەڵوەت نشین کە گویی لەو قسەیە بوو، لە کولبە ودێرەکە هاتە دەرەوە:

- ئەو گوناحەی کە دەبێ لە جیاتی کەسێکی دی، تۆ کەفارەکەی بدەیت کامەیە؟

فەلیونەکە، هەموو شتێکی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە. باسی عەڕابەکی خۆی، دێڵە ورچەکە وتوڵەکانی، تەختەکە وهۆڵە مۆرکراوەکە. ئامۆژگاریەکانی عەڕابەکەی، ئەو جووتیارانەی کە تەبارە گەنمەکەیان پێشێل دەکرد، ئەو گوێرەکەیەی خۆبەخۆ بۆ لای خاوەنەکەی هاتەوە. باسی هەموو ئەوانەی بە دوور و درێژی بۆ کرد وگوتی:

- بۆم دەرکەوتووە کە مرۆڤ ناتوانێ خراپە و شەڕ، بە خراپە و شەڕ لە ناو ببات. بەڵام نازانم شەڕ بە چی و چۆن لە ناو دەبرێ. فێرم بکە چۆن ئەو کارە بکەم.

تەرکە دنیا گوتی: " پێم بڵێ چی دیکەت لە رێگا بینی؟ "

فەلیونەکە، باسی ئەو ژنەی بۆ گێڕایەوە کە پارچە پەڕۆیەکی پیسی پێ بوو و دەیویست مێزەکە خاوێن بکاتەوە. باسی ئەو جووتیارانەی گێڕایەوە کە دەیانویست پێچکەی گالیسکە دروست بکەن، باسی ئەو شوان و مەڕدارانەی

کرد کە خەریک بوون ئاگریان دەکردەوە. کابرای خەڵوەت نشین گوێی بۆ هەموو ئەو سەربهوردانە گرت، ئەوجا بۆ ناو دێرەکە گەڕایەوە. تەورێکی کۆنی لە دەم کەوتووی هێنا وگوتی: "وەرە لە گەڵ منا!"

داوی ئەوەی ماوەیەک ڕۆیشتن، یارۆی تەرکە دنیا، درەختێکی نیشاندا وگوتی:

- ئەم درەختە ببڕەوە.

فەلیونەکە، دارەکەی بڕییەوە، دارەکە کەوتە سەر ئەرزەکە. تەرکە دنیاکە گوتی:

- ئێستا بیکە بە سێ پارچەوە.

کوڕەکە ، دارەکەی کرد بە سێ پارچەوە. ئەوسا کابرای خواپەرست، خۆی بە دێرەکەدا کرد، هەندێک پشکۆی هێنا وگوتی: " ئاگر لەم سێ پارچە دارە بەر بدە. " فەلیونەکە، ئاگری کردەوە، سێ پارچە دارەکەی سووتاند، سێ کۆتەرەی نیوە سووت مایەوە.

- ئێستا، ئەم سێ پارچە نیوە سووتانە تا نیوەیان لە عاردی بچەقێنە. بەم شێوەیە.

فەلیونەکە، کۆتەرە نیوە سووتەکانی لە عاردی چەقاند.

- ئەو ڕوبارەی پاینی هۆ و گردە دەبینی؟ بڕۆ گوپت پڕ لە ئاو بکە وبیهێنە وئەم کۆتەرە نیوە سووتانەی پێ ئاو بدە، وەکو چۆن ئەو ژنەت فێرکرد مێزەکەی خاوێن بکاتەوە، وەکو چۆن جووتیارەکانت فێرکرد پێچکە دروست بکەن، وەکو چۆن شوان و مەڕدارەکانت فێر کرد ئاگر بکەنەوە، کاتێ ئەم کۆتەرە دارانە ڕەگیان داکوتی و ئەم دارە نیوە سووتانە، کە داری سێون، چرۆیان کرد، هەنگێ فێر دەبی چۆن شەڕارەت و ڕەزالەت لە بنیادەما دەسڕیتەوە. کە ئەوەت کرد مانای وایە کەفارەی گوناحەکانت داوە.

یارۆی خواپەرست، دوای ئەو قسانە، بۆ دێرەکەی گەڕایەوە. فەلیونەکە، ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە، بەڵام سەری لە قسەکانی یارۆی خەڵوەت نشین

دەرنەکرد. بەڵام وێڕای ئەوەش دەستی بە ئەنجامدانی گوتە و ئامۆژگارییەکانی ئەو کرد.

( ١٠ )

فەلیونەکە، چوو بۆ سەر ڕووبارەکە. دەمی پڕ لە ئاو کرد. گەڕایەوەو ئاوەکەی کردە ژێر یەکێک لە کۆتەرە نیوە سووتەکان. وەختێ برسیەتی زۆری بۆ هێنا و شەکەت بوو، چوو بۆدێرەکە تا داوای خواردن لە کابرای تەرکە دنیا بکات. دەرگای کردەوە. تەختێک لە ژوورەوە بوو. سەیری کرد پیرەمێرد لە سەری ڕاکشاوە و مردووە. فەلیونەکە، گەڕا تا خۆراکێ بدۆزێتەوە. کەمێک نانی وشکی دزۆییەوە. تۆزێکی خوارد. ئەوسا بێڵێکی هەڵگرت و کەوتە هەڵکەندنی گۆڕێک بۆ یارۆی تەرکە دنیا. شەوێ ئاوی هێنا و دارە نیوە سووتەکانی ئاوداو بە ڕۆژیشەوە گۆڕەکەی کابرای تەواو کرد. تازە گۆڕەکەی تەواو کردبوو وخەریک بوو جەنازەکەی هەڵدەگرت تا لە گۆڕەکەی بنێت، کە چەند گوندییەک هاتن بە سەرا. نان و خوراکیان بۆ پیرەمێردەکە هێنابوو.

ئیدی زانیان کە کابرای پیرەمێرد ئەمری خوای کردووە و دوعای خێری بۆ فەلیونەکە کردووە وجێگەی خۆی بەو داوە. ئیدی پیرەمێردەکەیان لە گەڵیا ناشت و ئەو خوراکەی کە هێنابوویان دایان بە فەلیونەکە و بەڵێنیان دایە هی دیکەشی بۆ بێننو ئەوسا ڕۆیشتن.

فەلیونەکە، جێگای پیرەمێردەکەی گرتەوە. بەو خوراکە دەژیا کە خەڵکی بۆیان دێنا. ئەو کارەی ئەنجام دەدا کە یارۆی پیرەمێرد بۆی دانابوو. بە دەم ئاوی لە ڕووبارەکەوە دێنا و دارە نیوە سووتەکانی ئاو دەدا.

یەک ساڵی بەم جۆرە گوزەراند. خەڵکیکی زۆر هاتنە دیدەنی. ناوبانگی دەرکرد کە پیاوێکی پارسا لەو بێشەیەدا دەژی، لە ڕووبارەکەی پاینی گردەکەوە، بە دەم ئاو دێنێ و چەند دارێکی نیوە سووتی پێ ئاو دەدات، تا خوا لە گوناحی خۆش بێ ورۆحی ئاسوودە ببێت. خەڵکی بەسەریا دابارین. بازرگانانی دەوڵەمەند سەوقاتی و دیارییان بۆ دێنا. چەندی پێویست بوایە سەرفی دەکرد و ئەویتری بە سەر هەژاراندا دابەش دەکرد.

فەلیونەکە بەم جۆرە دەژیا،تاقێک بە دەم ئاوی دێناو دارە نیوە سووتەکانی ئاو دەداو تاقێکیش ئیسراحەتی دەکردو پێشوازی خەڵکی دەکرد.بەرەبەرە گەیی بووە ئەم قەناعەتەی کە دەبێ بەم شێوەیە بژیتا شەڕ وخراپە لە نێو بەرێ وکەفارەی گوناحەکانی خۆی بدات.

دوو ساڵی بەوجۆرە بردە سەر. یەک ڕۆژ نەبوو، دەمی پڕ لە ئاو نەکات و دارە نیوە سووتەکان ئاو نەدات، بەڵام شتاقیان چرۆی نەکرد.

ڕۆژێک لە دێرەکەیا ڕۆنیشتبوو، گوێی لێبوو سوارێک بەدەم گۆرانی وزەمزەمەوە تێپەڕی. لە دێرەکە وەدەرکەوت بزانێ کێیە. گەنجێکی بە دار وباری بۆشناخی بە سواری ئەسپێکی بە زین و یەراقێکی جوانەوە بینی. فەلیون، بانگی کرد و لێی پرسی: "کێیە؟ و کێوە دەچێت؟ "

کابرا هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا وگوتی: " من بابایەکی دز وڕێگرم. بە سواری ئەسپ بە شاڕێگاکاندا دەسوڕێمەوەو خەڵکی دەکوژم. تا زیاتر خەڵک بکوژم، خوشحالتر و بە کەیفتر دەبم."

فەلیونەکە ترسی لێنیشت، لە فکران ڕاچوو: " باشە چۆن دەکرێ بەدی وشەڕ لەم پیاوەدا نەهێڵرێ؟ ئەوانەی کە بە پێی خۆیان دێن بۆ لای من و دان بە گوناحەکانی خۆدا دەنەن، کێشە نین، بەڵام کەسیک کە بە خراپە وشەڕارەتی خۆیەوە دەفشێ، دەبێ چی لە گەڵدا بکرێ؟

فەلیونەکە هیچی نەگوت. گەڕایەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئێستا تەگبیرم چییە؟ ئەگەر ئەم دزە چەکدارە بیەوێ لەم دەوروبەرە بسووڕێتەوە، خەڵکەکە دەترسن، ئیدی نایەن بەلای منا. دەترسن ئاسیوێکیان بگاتێ. ئەوسا نازانم بە چی و چۆن گوزەران بکەم."

فەلیونەکە گەڕایەوە. بە دزە چەکدارەکەی گوت:

- خەڵکی بۆ لای من دێن، نەک بە مەبەستی لاف لێدانبە گوناحەکانیانەوە. بەڵکو بۆ ئەوە دێن تۆبە بکەن وداوای بەخشین بکەن. تۆش ئەگەر لە خواوند دەترسیت تۆبە بکە. ئەگەر دڵیشت ڕەش بووە، ملی ڕێگای خۆت بگرە وبڕۆ.

جارێکی دی بۆ ئەم ناوە مەیە. بێزارم مەکە. خەڵکی مەترسێنە. ئەگەر بە قسەم نەکەی خوا سزات دەدات.

کابرای دز وڕێگر پێکەنی وگوتی: " نە لە خوا دەترسم و نە بە گوێی تۆ دەکەم. خۆ تۆ گەورەی من نیت. تۆ لە ڕێگەی خواپەرستی و پارساییەوە دەژی، منیش لە ڕێگەی دزی و ڕێگرییەوە. ئیدی دەبێ هەمووومان بژین. دەتوانی ئەو پیرەژنانەی دێنە دیدەنیت ئامۆژگاری بکەی، بەڵام ناتوانی ئامۆژگاری من بکەیت. جا چونکە خوات بیر هێنامەوە سبەینێ دوو کەس زیاتر دەکوژم. هەقە تۆش بکوژم، بەڵام نامەوێ دەستم بە کوشتنی تۆ پیس بکەم. نەخەڵەتابی لە ئێستا بە دواوە بێیتە سەر ڕێگام!

ڕێگرەکە دوای ئەو هەڕەشانە ڕۆیی وچیتر نەگەڕایەوە. فەلیونەکە، وەکو جاران هەشت ساڵی دیکەی بە سەلامەتی بەسەر برد.

( ١١ )

فەلیونەکە، شەوێک کۆتەرە دارەکانی ئاو دا. پاشان بۆ دێرەکەی گەڕایەوە. دانیشت تا پشوو بدات. چاوی لە ڕێگا بوو. لە دڵی خۆیا بیری لەوە دەکردەوە کە یەکێک بێ بۆ لای. بە درێژایی ئەو ڕۆژە کەس بۆ لای نەهاتبوو. تا شەوێ بە تەنیا دانیشت. تەنیا و مەلوول بوو. بیری لە ڕابردووی خۆی دەکردەوە.

بیری کەوتەوە دز وڕێگرەکە چۆن لە سەر ئەوەی لە ڕێگای خواپەرستی و پارساییەوە دەژی سەرزەنشتی کردبوو. سەبارەت بە شێوەی ژیانی خۆی لە فکران ڕاچوو. لە دڵی خۆیدا گوتی:

" من بەو شێوەیە ناژیم کە کابرای پارسا ئامۆژگاری کردبووم. کابرا ئامۆژگاری کردم کە تەحەمووڵی سزابکەم. تۆبە بکەم. کە چی من لە ڕێگای پارساییەوە گوزەران دەکەم، ناو وناوبانگم پێ پەیدا کردووە. وا خووم پێوە گرتووە، کە ئەگەر ڕۆژێک خەڵکی نەیەن بۆ لام هەست بە خەمینی وبێزاری دەکەم. کە خەڵکی بۆ لام دێن خۆشحاڵ دەبم، چونکە کە دێن ئافەرین و ستایشم دەکەن نەدەبوو ئاوا بژیم. حەزی ستایش و ئافەرین منی لە ڕێگای ڕاستی دوور خستووەتەوە. نەک هەر کەفارەی گوناحەکانی ڕابردووم نەداوە، بەڵکو گوناحانی ترم خستوونەتە سەر. نا، دەچم بۆ گۆشەیەکی تری ئەم

بێشەیە تا خەڵکی نەزانن من لە کوێم. بە جۆرێ ژیان بەسەر دەبەم نەک هەر کەفارەی گوناحانی ڕابردووم بدەم، بەڵکو هیچ گوناحێکی تازەش نەکەم."

کە لێبڕا ئەو کارە بکات، کیسەیەکی پڕ لە نانی وشک کرد، بێڵێکی لە گەڵ خۆیدا هەڵگرت و دێرەکەی بە جێهێشت، خۆی کرد بە شیوەڵەیەکی تەریک و دوورە دەستا، بەو نیازەی لەوێ غارێک هەڵکەنێ و خۆی تیا وەشێرێ و لە چاوی خەڵکی دوور بێ. لە کاتێکا فەلیونەکە کیسە بەشان وبێڵ بەدەست بەدەم ئەو بیر وخەیاڵانەوە ڕێی دەکرد، لە ناکاوا سوارە دز وڕێگرە چەکدارەکە لە بەردەمیا قوت بووەوە. یارۆی فەلیون ترسا، هەڵات، لێ کابرای ڕێگر خۆی گەیاندێ و پرسی: - بۆ کوێ دەڕۆیت؟

فەلیونەکە گوتی: بە نیازە لە خەڵکی دوور بکەوێتەوەو بۆ شوێنێ بڕوات کە کەس بۆ لای نەچێت. یارۆی ڕێگر سەری سوڕما، و پرسی:

- باشە ئەگەر کەس بۆ لات نەیەت بە چی گوزەران دەکەی؟

فەلیونەکە، بە هیچ جۆرێ بیری لەوە نەکردبووەوە. پرسیارەکەی کابرای ڕێگر ئەوەی بیر هێنایەوە کە بەشەر بێ خواردن هەڵناکات. بەرسڤی دایەوە: " بە هەر شتێ خوا بە قسمەتی بکات."

ڕێگرەکە هیچی نەگوت و بە ڕێی خۆیا ڕۆیی.

فەلیونەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "بۆچی شتێکم لە مەڕ شێوەی ژیانیەوە نەپرسی؟ لەوەیە ئیستا ئامادەی تۆبەکردن بێ. ئەمڕۆ مجێزی باش بوو، هەڕەشەی کوشتنی لە من نەکرد." لە دواوە بانگی لە ڕێگرەکە کرد:

- هێشتا تۆبەت لە گوناحەکانت نەکردووە؟ لە دەستی خوا دەرباز نابی.

ڕێگرەکە سەری ئەسپەکەی بادایەوە. کێردێکی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا و هەڕەشەی لە فەلیونەکە کرد. یارۆی فەلیون ترسا. بەڕاکردن خۆی بە بێشەکەدا کرد. بەڵام ڕێگرەکە دووی نەکەوت. تەنیا لە دوورەوە هاواریکرد: " ئەمجارەش لە گیانت خۆش بووم. جارێکی دی بێیتە سەر ڕێگام دەتکوژم."

ئەو قسەیەی کرد وبە ڕێگای خۆیدا ڕۆیی. ئیدی کابرای فەلیون کە ئێوارێ ڕۆیی کۆتەرە دارەکانی ئاو بدات، سەیری کرد یەکێکیان چرۆی دەر کردووە! دار سێوێکی بچکۆلە سەری لێوە دەرهێناوە.

( ١٢ )

فەلیونەکە، دوای ئەوەی خۆی لە خەڵکی شاردەوەو بە تاقی تەنیا دەژیا، نانی تەواو بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " دەبێ بڕۆم، بزانم گیایەک، ڕەگ وڕیشاڵێک نادۆزمەوە تا خۆمی پێ تێر بکەم."

هێشتا زۆر نەڕۆیی بوو کە بینی کیسەیەکی پڕ لە نان بە لقی دارێکەوە هەڵواسراوە. ماوەیەکی بەو نانە وشکەوە گوزەراند. دوای ئەوەی نانەکەی تەواو کرد، کیسەیەکی پڕ لە نانی دیکەی بینی کە بە هەمان لقەوە هەڵواسرابوو. بەوجۆرە بە قەناعەتەوە ژیا. تاقە ترس و واهیمەی ئەو لە یارۆی ڕێگر وچەکدار بوو. هەرکاتێ ڕێگرەکە بەو دەوروبەرەدا ڕەت دەبوو، کابرا خۆی دەشاردەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " لەوەیە بەر لەوەی فریای ئەوە بکەوم کەفارەی گوناحەکانم بدەم، بمکوژێت. " دەساڵی دیکەش بەو حاڵەوە ژیا. یەکێک لە دار سێوەکان نەش ونمای کرد، بەڵام دوو کۆتەرە نیوە سووتەکەی دی بە دەقی خۆیانەوە مانەوە.

فەلیون، بەیانییەکی زوو لە خەو ڕابوو. دەستی بە کارە ئاساییەکانی خۆی کردەوە. دوای ئەوەی دەوروبەری کۆتەرە نیوە سووتەکانی ئاو دا،ماندوو بوو. دانیشت پشوویەک بدات. لە دڵی خۆیدا گوتی: " من گوناحم کردوون و لە مەرگیش دەترسم. لەوەیە خواستی خواوەند ئەمە بێ کە بە مەرگی من گوناحەکانم بشواتەوە."

هێشتا لەو خەیاڵانەدا بوو، کە گوێی لە دەنگی ڕێگرەکە بوو. بە دەم جنێودان و نەفرەتەوە لەو نزیک دەبووەوە. فەلیونەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: " جگە لە خوا چ کەسێک ناتوانێ خراپە یان چاکە لە گەڵ مندا بکات."

هەر هەستا و چوو بەرەو پیری ڕێگرەکە. سەیری کرد ڕێگرەکە بە تەنیا نییە، کابرایەکی لە تەرکی خۆی سوار کردبوو، دەم وهەر چوار پەلی بەسترابوو. کابرا جوولەی نەدەکرد. بەڵام ڕێگرەکە جنێوی پێدەدا ئەمما جنێودان.

فەلیونەکە، چووە پێشێ و لە بەردەم ئەسپەکەدا وەستا. لە ڕێگرەکەی پرسی:

- ئەم پیاوە بۆ کوێ دەبەی؟

ڕێگرەکە بەرسڤی دایە:

- بۆ بێشەکە. کوڕی کابرایەکی بازرگانە. جێگەی پارەو پولەکەی بابیم پێ نالێت. دەیبەم ، دەیگرمە ژێر شەلاخان، تا پێم دەلێت.

ڕێگرەکە، ئەسپەکەی بەر مامێزان دا تا بە ڕێبکەوێ. بەڵام فەلیونەکە، هەوساری ئەسپەکەی گرت. نەیهێشت بڕوات، پێی گوت: - ئەم پیاوە ئازاد بکە!

ڕێگرەکە، تەواو تووڕە بوو. دەستی هەڵبڕی تا لە فەلیونەکە بدات وگوتی:

- دیارە تۆش تێ هەڵدانت هاتووە. پێم نەگوتیت دەتکوژم. جڵەوی ئەسپەکە بەربدە.

فەلیونەکە هیچ نەترسا، بەڵکو گوتی:

- ناڕۆیت! من لێت ناترسم. من جگە لە خوا لە عەبدەل بەشەر ناترسم. خواستی خوا ئەمەیە کە نەیەڵم بڕۆیت. ئەم پیاوە ئازاد بکە.

ڕووی ڕێگرەکە گرژ بوو، خەنجەرەکەی هەڵکێشا، ئەو پەتەی بڕی کە چوار پەلی کوڕە بازرگانەکەی پێ بەستبوو و کوڕەی ئازاد کرد وگوتی:

- خێرا لە بەرچاوم گوم بن، نەخەڵەتابن جارێکی دی بێنە سەر ڕێگام.

کوڕە بازرگانەکە، بلەز خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارێ وپێی وەغارێوە نا. ڕێگرەکە دەیویست بڕوات. بەڵام فەلیونەکە دیسان ڕایگرت ودیسان داوای لێکرد کە واز لە خراپە بێنێ. ڕێگرەکە بە بێدەنگی گویی لە قسەکانی گرت. وەڵامی نەدایەوە. ملی ڕێگای گرت و ڕۆیی.

فەلیونەکە، ڕۆژی دوایی چوو بۆ ئاودانی کۆتەرەکان، سەیری کرد کۆتەرەی دووەمیش چرۆی کردووە و چڵە دارسێوێکی ناسک سەری دەرهێنابوو و ڕوابوو!

دە ساڵی دیکەش بووری. فەلیونەکە دانیشتبوو. دڵ ئاسوودە وبیر ڕەحەت نە حەزی لە هیچ دەکرد ونە لە هیچ دەترسا. دڵی خۆش بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " خواوەند خێر وبەرەکەتی دنیا بە سەر بەشەرا دەبارێنێ! بەڵام بە شەر لە خۆڕایی خۆیان عەزاب دەدەن! باشە بۆ بە شادی بۆ خۆ نازین؟"کە بەدی وشەڕارەتەکانی مرۆڤی بیرکەوتنەوە و بیری لەوە کردەوە کە چۆن بە دەستی خۆیان بەڵای دنیا بۆ خۆ وبە سەر خۆدا دێنن، بە جارێ سۆز و بەزەیی جوڵا. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- "ئەم شێوە ژیانەی من هەڵەیە، ئەم گۆشەگیرییە بێ فایدەیە. دەبێ بڕۆم و ئەوەی فێری بووم، بە خەڵکانی دیکەی بڵێم."

هێشتا لەو خەیاڵانەدا بوو کە سەر وسەکوتی کابرای ڕێگر پەیدا بوو. خۆی لێی تێ نەگەیاند.لە فکران ڕاچوو: " قسە کردن لە گەڵ ئەم کابرایەدا بێسوودە. نە تێدەگات و نە گوێ دەگرێت! "

لە سەرەتاوە وای بیر کردەوە. بەڵام دوایی ڕای گۆڕی و چووە سەر ڕێگاکە. سەیری کرد کابرای ڕێگر خەمینە. چاوی شۆڕ کردوون، سواری ئەسپەکەی بووەو سەری لەبەر خۆ ناوە. فەلیونەکە، تەمەشای کرد، دڵی بە حاڵی سووتا. چوو بۆ لای، دەستی نایە سەر ئەژنۆی ڕێگرەکە وگوتی:

- برای ئازیزم، بەزەییت بە ڕۆحی خۆتا بێتەوە! ڕۆحی خوا لە بوونی تۆدا هەیە. ئەوەتا عەزاب دەچێژی. خەڵکی ئازار دەدەی. دەرد وڕەنج بۆ ئایندە عەمار دەکەی. بەڵام خوا تۆی خۆش دەوێ. خێر وبەرەکەتی بە سەرا ڕژاندووی. خۆت بۆ هەتاهەتایە مەفەوتێنە. شێوەی ژیانت بگۆڕە!

ڕێگرەکە، برۆی وێکهێنایەوە، ڕووی لە فەلیون وەرگێرا وگوتی: " وازم لێ بێنە! "

فەلیونەکە، هەوساری ئەسپەکەی توندتر گرت ودەستی بە گریان و ڕوندک ڕشتن کرد. ڕێگرەکە چاوی هەڵبڕی وتەمەشای کرد. مودەتێک تەمەشای ئەوی

کرد. لە ئەسپەکە دابەزی و کەوتە سەر چۆکان. خۆی هاویشتە بەر پێی فەلیونەکە وگوتی:

- پیرەمێرد، ئاخری بە سەرما سەرکەوتی! بیست دانە ساڵە بەرەنگارت دەبمەوە! بەڵام ئێستا بە سەرما زاڵ بوویت. هەرچیم لێدەکەی بیکە. ئیدی دەسەڵاتم بەسەر خۆما نییە. کە لە سەرەتاوە ویستت ئامۆژگاری و ڕێنوێنیم بکەی، زیاتر تووڕە بووم. بەڵام دوای ئەوەی خۆت لە خەڵکی دزییەوە، ئەوسا کەوتمە بیرکردنەوە لە قسەکانت. هەنگێ بۆم دەرکەوت هیچت بۆ خودی خۆت لەو خەڵکە ناوێ . من لەوساوە تا ئێستا خۆراک بۆ تۆ دێنم و بە لقی دارەکەوەی هەڵدەواسم.

فەلیون، هەنگێ ئەوەی بیرکەوتەوە کە ژنەکە تا پەڕۆکەی نەشۆردو خاوێنی نەکردەوە، نەیتوانی مێزەکە پاک بکاتەوە. سەبارەت بە خۆیشی، دوای ئەوەی کەوتە ئەوەی هیچی بۆ خۆی نەوێ، دوای ئەوەی دڵی خۆی پاک کردەوە، ئەوسا توانایی ئەوەی پەیدا کرد کە دڵی خەڵکانی دی پاک بکاتەوە.

ڕێگرەکە لە سەری ڕۆیی: - کە بینیم، ئیدی لە مەرگ ناترسیت، دڵم گۆڕا.

هەنگێ فەلیونەکە بیری کەوتەوە، کە چڵە دارەکان تا ئەو کاتەی کۆتەرەکە قایم نەکرابوو، نەدەچەمینەوە تا پێچکەی گالیسکەی لێدروست بکەن. تا ئەو کاتەی ترسی مەرگی لە خۆی نەڕەواندبووەوە وتا ئەو کاتەی ژیانی خۆی بە خواوەندەوە گرێ نەدابوو، نەیدەتوانی دڵی سەرکێشی خەڵکی ڕام بکات.

ڕێگرەکە لەسەری ڕۆیی:

- تا ئەو کاتەی بەزەییت بە مندا نەهاتەوە وبۆم نەگریایت، بەردی دڵم نەرم نەبوو و نەتوایەوە.

فەلیونەکە، خۆشحال وسەرمەست لە خۆشیان، ڕێگرەکەی لە گەڵ خۆیدا بۆ لای کۆتەرە نیوە سووتەکان برد. کە گەیینە ئەوێندەر، سەیریان کرد کۆتەرەی سێیەمیش چرۆی کردووەو چڵەدار سێویک سەری دەرهێناوە و ڕواوە.

هەنگێ فەلیونەکە بیری کەوتەوە  کە شوان و مەڕدارەکان تا ئەو کاتەی ئاگرەکەیان نەگەشاندبووەوە، نەیانتوانی بوو چڵ وچێوە تەڕەکانیش

بسووتێنن. سەبارەت بە خۆیشی تا بە ئاگری مەحەبەت وڤیان دڵی نەگەشا بووەوە، نەی توانی بوو، ئاگری مەحەبەت لە دڵی کەسێکی دی هەڵایسێنێ.

فەلیونەکە، زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە سەرەنجام کەفارەی گوناحەکانی خۆی دابوو. هەر هەموو ئەو بویەر وسەربهوردانەی بۆ کابرای ڕێگر گێڕایەوە و ئەوسا مرد! کابرای ڕێگر ئەوی بە خاک سپارد. ئەوسا بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی یارۆی فەلیون دەستی بە ژیان کرد. خەڵکی فێری ئەو وانانە دەکرد کە لە فەلیونەکەوە فێری بووبوو.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٧ – گوناهکاری پەشیمان

ئەوسا بە عیسای گوت: "خودایا هەرکاتێ هاتمە مەلەکوتی تۆ منت لە بیر بێ." عیسا پێی گوت: " هەموو کاتێ پێت دەڵێم ئەمڕۆ دەگەڵ منا لە بەهەشت دای."

ئینجیلی لوقا، بابی بیست و سێیەم، ئایەتێن چل ودوو و، چل و سێ.

( ۱ )

کابرایەک هەفتادانە ساڵ لە دنیادا ژیا. هەموو تەمەنی بە گوناهان بردە سەر. نەخۆش کەوت. بەڵام تۆبەی نەکردو لە گوناهەکانی ژێوان نەبووەوە. لە دوا دەمەکانی ژیانیا، لە سەرە مەرگا، گریا وگوتی: " خودایە لە گوناحم خۆش بە، وەکو چۆن لە کابرای دز بە سەر خاچەکەوە خۆش بوویت."

هەرکە لەو قسەیە بووەوە، یەکسەر گیانی سپارد. ڕۆحی کابرای گوناهکار کە خۆی خۆش دەویست وباوەڕی بە بەزەیی وبەخششی ئەو هەبوو، ڕۆیی تا گەییە بەر دەروازەکانی بەهەشت. لە دەرگای دا. تکای کرد کە دەرگای مەلەکوتی ئاسمانی لێ بکەنەوە.

دەنگێک لە پشت دەرگاکەوە گوتی:

" ئەوە کێیە لە دەرگای بەهەشت دەدات؟ لە نامەی ئەعمالیا چی نووسراوە؟ "

دەنگی شەیتان بەرز بووەوە. هەموو گوناحەکانی ئەو مرۆڤەی یەک یەک ژمارد، تاقە یەک کاری چاکی نەبوو، کونیەکەی لە ڕەش ڕەشتر بوو.

دەنگی پشت دەرگاکە گوتی:

- گوناهکاران، مافی هاتنە بەهەشت و مەلەکوتی ئاسمانیان نییە، لێرە بڕۆ.

هەنگێ پیاوەکە گوتی:

- قوربان، من دەنگت دەژنەوم. بەڵام ڕوخسارت نابینم. ناویشت نازانم.

دەنگەکە، بەرسڤی دایەوە: - من پەترۆسم، یار ویاوەری مەسیح.

یارۆی گوناهکار گوتی:

- پەترۆسی یاوەر، ڕەحمم پێدا بکە! ئەوەت لە بیربێ کە خوداوەند مرۆڤی بە لاوازی دروست کردووەو خواوەند بەخشندەیە. باشە تۆ لە یاوەر وقوتابیەکانی عیسا نەبووی؟ ڕێنماییەکانی ئەوت لە زاری خۆیەوە

نەژنەوتووە؟ ئایا ئەو سەرمەشقی تۆ نەبوو؟ بیرت دێتەوە کاتێ عیسا خەمین وخەمبار بوو سێ جار داوای لە تۆ کرد نەخەوی و نوێژ و نزا بکەیت و تۆ چاوانت قورس بوون و خەوت لێکەوت؟ سێ جار بانگی کردیت، هەر خەبەرت نەبووەوە. منیش وەکو تۆ بووم. لە بیرتە سوێندت خواردبوو تا لە ژیانا بی، وەفاداری ئەو بیت، بەڵام کاتێ بۆ دەڤەری قیافا برا تۆ سێ جار نکۆڵیت لێکرد؟ منیش هەمان حاڵی تۆم هەبوو. لە بیرتە کاتێ کەڵەباب خوێندی تۆ چوویتە دەرێ ولە هۆڕژنی گریانت دا. منیش هەمان حاڵم هەبوو. بۆیە تۆ هەقی ئەوەت نییە، نەیەڵی من بچمە ناو بەهەشت.

دەنگی پشت دەرگاکە کپ بوو. گوناهکارەکە هەڵوەستەیەکی کرد ودووبارە لە دەرگای دایەوە. دەپاڕایەوە کە ڕێگای بدەن بچێتە مەلەکوتی ئاسمانی.

دەنگێکی دی لە پشت دەرگاکەوە گوتی:

- کێ لە دەرگا دەدات؟ چۆن لە دنیادا ژیاوەو نامەی ئەعمالی چۆنە؟

جارێکی دی نامەی ڕەشی ئەعمالی کابرای گوناحکار خوێنرایەوە. تاقە یەک کاری چاکی نەبوو.

دەنگەکەی پشت دەرگاکە گوتی:

- لەم ناوە نەوەستی، ئەم جۆرە گوناحکارانە بۆیان نییە بێنە بەهەشت ولە گەڵ خەڵکانی وەکو ئێمەدا بژین.

هەنگێ کابرای گوناهکار گوتی:

- قوربان، من گوێم لە دەنگتە، بەڵام ڕوخسارت نابینم و ناوت نازانم.

دەنگەکە بەرسڤی دایەوە: - من داودی پێغەمبەر و پاشام.

گوناحکارەکە دەستبەردار نەبوو. بەر دەرگای بەهەشتی بەر نەدا وگوتی:

- شا داود بەزەییەکت بە مندا بێتەوە، ئەوەت لەبیربێ کە خواوەند بەشەری بە لاوازی دروست کردووە و خوا ڕەحمی زۆرە. خوا تۆی خۆش ویست و لە ناو خەڵکیا مەقام و عیزەتی دایتێ. دسەڵات وسەڵتەنەتی دایتێ. سەروەت وسامانی دایتێ، ژنی زۆر و منداڵی فرەی دایتێ. کەچی لە سەربانی

خۆتانەوە ژنی پیاوێکی هەژارت بینی و تەماحت تێکرد و کەڵکەڵە وخولیای گوناحت کەوتەسەر. ژنەکەی " ئوریا " ت داگیرکرد و مێردەکەیت بە دەستی ئامونییەکان بە کوشت دا. کەسێکی دەوڵەمەندی وەکو تۆ، مەڕی کەسێکی هەژارت برد و پاشان خاوەنەکەیت کوشت. منیش وەکو تۆم کردووە. ئەوەت بیر بێتەوە چۆن پەشیمان بوویتەوە وتۆبەت کرد وگوتت: " خەتام کرد. خەتایەک کە هەمیشە لەبەر چاومە." منیش وەکو تۆ. بۆیە مافی ئەوەت نییە نەیەڵی بێمە ناو بەهەشتەوە.

دەنگەکەی پشت دەرگاکە کپ بوو.

یارۆی کوناحکار، هەڵوەستەیەکی کرد. جارێکی دی لە دەرگای دایەوە وداوای کرد بچێتە مەلەکوتی ئاسمانەوە. لە پشت دەرگاکەوە گویی لە دەنگی سێیەم بوو کە گوتی:

- کێیە؟ چۆن لە دنیادا ژیاوە، نامەی ئەعمالی چۆنە؟

بۆ جاری سێیەم نامەی ڕەشی ئەعمالی خوێندرایەوە، تاقە یەک کردەوەی چاکی نەبوو.

دەنگەکە لە پشت دەرگاکەوە گوتی:

- لێرە نەوەستی! گوناحکاران مافی هاتنە ناو بەهەشتیان نییە.

کابرای گوناحکار گوتی:

- گوێم لە دەنگت هەیە، بەڵام ڕەنگت نابینم و ناوت نازانم.

دەنگەکە گوتی:

- من یوحەنای لاهوتیم. قوتابی و یاری خۆشەویستی عیسام.

یارۆی گوناحکار دڵی خۆش بوو و گوتی:

- ئیدی چوونە بەهەشتم مسۆگەرە. دەبێ پەترۆس و داود ڕێگەی چوونە ژوورەوەم بدەن. چونکە لە لاوازی بەشەر وبەخشندەیی خوا بە ئاگان. تۆش هەڵبەتە ڕێگەم دەدەی. چونکە هەموو کەسێکت خۆش دەوێ. ئەرێ یوحەنا تۆ

نەبووی لە پەیامەکەتدا نووسیت خودا خۆشەویستی و میهری ڕووتە و ئەوەی خەڵکی خۆش نەوێ و میرەبان نەبێ، خوا ناناسێت؟ هەر تۆ نەبووی کە لە پیریدا بە ئیماندارانت گوت: " ئازیزان، برایان، یەکترتان خۆش بوێ؟" ئیدی چۆن دەتوانی نەفرەت لە من بکەیت و لە فیردەوس وەدەرم بنەی؟ یا نکۆڵی لە قسەکەی خۆت بکەی یان خۆشت بوێم. ڕێگەم بکە با بێمە بەهەشتەوە.

دەروازەکانی بەهەشت کەوتنە سەر گازی پشت. یوحەنا، باوەشی بۆ گوناحکارە پەشیمانەکە کردەوەو بۆ مەلەکوتی ئاسمانی برد.

ساڵی ١٨٨٦

## ١٨ – تەپڵی بەتاڵ

حیکایەتێکی فولکلۆری کۆن و باوی دەڤەری ڤۆلگایە.

ئەمیلیان، کرێکار بوو وئاغا وخاوەنکاری هەبوو. ڕۆژێک لە سەر کار دەگەڕایەوە، بە سەوزەزارێکا دەڕۆیی وتێدەپەڕی، لەزگ بوو قورباقەیەک (بۆق) پێشێل بکات. باش بوو بۆقەکە بە هەشتاو خۆی هەڵداو بە سەلامەتی دەرباز بوو. لە ناکاوا گوێی لە دەنگێک بوو لە دواوە بانگی کرد. ئەمیلیان ئاوڕی دایەوە. کیژێکی ڕند وجوانی بینی. کیژەکە گوتی: " ئەمیلیان بۆچی ژن ناهێنی؟"

ئەمیلیان گوتی:

- کیژی جوان، من وژن هێنان کوجا مەرحەبا؟ هەموو سەروەت وسامانی من ئەم جلانەی بەرمە. لەمانە زیاتر هیچی دی شک نابەم. هیچ کچێک ئامادە نییە شوو بە من بکات.

کچەکە گوتی: - " من بخوازە. "

ئەمیلیان، کە خۆشی بە کچەکەدا چووبوو گوتی:- " زۆرم پێخۆشە. بەڵام لە کوێ زەماوەند بکەین و چۆن بژین؟"

کیژەکە گوتی: "خەمت نەبێ، ئەمە نیگەرانی ناوێ. ئەوەندە بەسە کەمتر بخەوی و زیاتر کار بکەیت. سەبارەت بە پۆشاک و خۆراک، کە کاربکەی بۆ ئەوەش دانامێنی."

ئەمیلیان گوتی: - زۆر چاکە، وا زەماوەندمان کرد. بۆ کوێ بڕۆین؟

- با بڕۆین بۆ شار.

ئەمیلیان و کیژێ چوون بۆ شار. چوون بۆ کولبەیەکی بچووکی قەراخ شار، ئەوجا زەماوەندیان کرد و دەستیان بە ژیانی تازەی خۆ کرد.

ڕۆژێک پاشا بە گالیسکەکەی پیاسەی ناو شاری دەکرد. بە بەر کوختەکەی ئەمیلیاندا تێپەڕی. ژنەکەی ئەملیان بە مەبەستی تەمەشای کاروان

وکەژاوەکەی پاشا لە ماڵ هاتەدەرێ. پاشا ژنەی بینی و سەری لە جوانیەکەی سوڕما. گوتی: "ئەم ژنە ئەم هەموو جوانیەی لە کوێوە هێناوە؟"

ئەوسا گالیسکەکەی ڕاگرت، ژنەکەی ئەمیلیانی گاز کرد ولێی پرسی:

- " تۆ کێی ؟ "

ژنە بەرسڤی دایەوە: "هاوسەری ئەمیلیانی جووتیارم " .

پاشا گوتی: " تۆ بەم هەمووو جوانیەوە بۆچی شووت بە بابایەکی جووتیار کردووە؟ هەق بوو شابانۆ بوایەی!

ژنەکە گوتی:

- سوپاسی گوتە جوانەکانت دەکەم. بەڵام من بە مێردە جووتیار و دێهاتیەکەم ڕازی و قاییلم.

پاشا مودەتێک قسەی دەگەڵ کرد وپاشان بەرەو کۆشکەکەی خۆی گەڕایەوە. بەڵام بیری ژنەکەی ئەمیلیان زەینی داگیر کردبوو. بە درێژایی شەو خەو نەچووە چاوانی. بیری لەوە دەکردەوە چۆن ژنەکەی ئەمیلیان بۆ خۆی داگیر بکات. زۆری بیرکردەوە، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەگەیی. دەست و پێوەندەکەی بانگ کرد وئەمری پێکردن کە ڕێگەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

دەست و پێوەندان گوتیان:

- ئەمر بفەرمووو کە ئەمیلیان بێت لە کۆشکا کاربکات. ئەوەندەی کار بە سەرا دەدەین تا گیانی دەردەچێت. ژنەکەی بێوەژن دەکەوێ. ئەوکاتە دەتوانی بیخوازیت و دەبێت بە هی تۆ.

پاشا بە گوێی ئەوانی کرد. ئەمری کرد ئەمیلیان بە کرێکاری بێت بۆ کۆشک و دەگەڵ هاوسەرەکەیا لە کۆشک بژین.

نوێنەران چوون بۆ لای ئەمیلیان و پەیامەکەی پاشایان پێی گەیاند. ژنەکەی پێی گوت: " ئەمیلیان گیان برۆ، بە درێژایی ڕۆژ لەوێ کار بکە، بەڵام شەوێ بۆ ماڵ بگەڕێوە."

ئەمیلیان ڕۆیی، کە گەییە کۆشک، سکرتێری کۆشک پرسی:

- تۆ بە تەنیا هاتوویت؟ ئەدی بۆ ژنەکەت نەهێناوە؟

ئەمیلیان گوتی: - بۆچی بیهێنم و ماڵ بە کۆڵی بکەم؟ خۆی ماڵی هەیە!

لە کۆشک ودەرباری پاشادا، کاری دوو کەسیان، دا بە ملی ئەمیلیاندا. دەست بە کار بوو. دەترسا کارەکەی پێ تەواو نەکرێت. بەڵام وەختێ هەتاو ئاوا بوو، ئەم هەموو کارەکەی خۆی تەواو کردبوو. سکرتێری کۆشک بینی کارەکە تەواو بووە. بۆ سبەی کاری چوارنەفەری بەسەریادا.

ئەمیلیان، بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە. ماڵ جوان گسک درابوو، خاوێن کرابووەوە. ئاگردان داخرابوو، شێف کولابوو وئامادە بوو. ژنەکەی لە هەنبەر مێزەکە ڕۆنیشتبوو و خەریکی دەرزی ودروومان بوو، وچاوەڕوانی ئەوی دەکرد. پێشوازی کرد. خوانی ڕازاندەوە، خۆراکی بۆ دانا، چای دایە. پاشان لە کار وباری پرسی. ئەمیلیان گوتی:

- کاروبارم خراپە، زۆر لە تاقەتی خۆمپتر کاریان بە ملدا داوم. دەیانەوێ بە کاری زۆر بمکوژن.

ژنەکەی گوتی:

- خۆت شلوێ مەکە. خەمی ئەندازەی کارەکەت نەبێ! نە تەمەشای پێشی خۆت و نە تەمەشای پاشی خۆت مەکە تا بزانی چەندت کارکردووە وچەندت ماوە. تەنیا لە سەر کارەکەت ڕژد بە، ئیدی هەموو شتێک بە دڵی تۆ دەبێت.

بەوجۆرە ئەمیلیان ڕاکشا و خەوت. سبەی چوو بۆ سەرکار. تاقە جارێکیش ئاوڕی پاشەوەی نەدایەوە. کە خۆر ئاوابوو هەموو کارەکان تەواو بووبوون. شەو بۆ ماڵ هاتەوە.

ڕۆژبەڕۆژ کاری زیاتریان بە ملی ئەمیلیاندا دەدا. ئەویش بەر لە ڕۆژئاوا هەموو کارەکانی تەواو دەکرد و بۆ کولبەکەی خۆی دەزڤڕییەوەو دەخەوت.

یەک هەفتە بووری. دەست و پێوەندی پاشا سەیریان کرد، ناتوانن بە کاری بەدەنی بیکوژن و لە ناوی بەرن. ئیدی هەوڵیان دا کارێکی پێ بسپێرن کە

بەهرە ولێهاتووی گەرەک بێ. بەڵام ئەم فێڵەش دادی نەدان. هەرکارێکیان پێ دەسپارد لە دارتاشی و بەناییەوە بیگرە تا گرتنی سەربان وساپیتان، ئەمیلیان لە کاتی خۆیدا ئەنجامی دەدا و شەو بۆ ماڵەوە، بۆ لای ژنەکەی دەگەڕایەوە. هەفتەی دووەمیش بەوجۆرە تێپەڕی.

پاشا دەست و پێوەندەکەی بانگ کرد وگوتی:

- یانی ئێوە نانی بەلاش دەخۆن؟ پێم ڕادەبوێرن. ئەوە دوو هەفتە بووری و هیچتان دیار نییە. ئێوە قەرار بوو ئەمیلیان بە کاری قورس بکوژن. بەڵام بەچاوی خۆم دەیبینم هەموو ئێوارەیەک شاد وبەکەیف، بە دەم سۆزەی گۆرانییەوە بۆ ماڵەوە، بۆ لای ژنەکەی دەڕواتەوە! یانی پێم ڕادەبوێرن؟

دەست و پێوەندەکەی شا، جۆرەها هەنجەت و بیانوویان هێنایەوە، گوتیان:

- هەرچیەکمان لە توانادا بوو کردمان تا بە کاری قورس بیکوژن. کاری سەخت و دژوارمان پێ سپارد، بەڵام باکی پێ نەبوو. قورسترین کاری بەلاوە وەکو ئاو خواردنەوە وابوو. ماندوو بوون نازانێ. پاشان کارێن هونەریمان پێ سپارد، دەرەقەتی ئەوەش هات. هەرکارێکی پێ دەسپێردرێ ئەنجامی دەدات. نازانین مەسەلە چیە. لەوە دەچێ خۆی یان ژنەکەی جادوویەکی تایبەتیان هەبێ و هەموو گرێیەکیان بۆ بکاتەوە. ئێمەش بە دەستیەوە گیرۆدە بووین، حەزدەکەین کارێکی پێ بسپێرین کە دەرەقەتی نەیەت و لێبڕاوین داوای لێبکەین لە زەرفی یەک ڕۆژا کڵێسایەکی گەورەمان بۆ بنیات بنێت. ئەگەر لە عۆیەی ئەم کارە نەهات. ئەمر بفەرمووی بە بیانووی سەرپێچییەوە لە ملی بدرێ.

پاشا لە دووی ئەمیلیانی نارد وگوتی:

- گوێت لە فەرمانی من بێ، لە مەیدانەکەی بەرانبەر کۆشکا، کڵێسایەکی گەورەی تازەم، تا سبەی عەسر بۆ بنیات دەنەیت. ئەگەر کڵێساکەت لە کاتی دیاریکراودا تەواو کرد خەڵاتت دەکەم. ئەگەر تەواوت نەکرد فەرماندەدەم لە ملت بدەن!

ئەمیلیان، وەختێ گوێی لە فەرمانی پاشا بوو، هەستا وبۆ ماڵ ڕۆیشتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: " وادیارە ئەجەلم نزیک بووەتەوە! " هەرکە گەییە ماڵەوە، بە ژنەکەی گوت: " حورمێ خۆت ئامادە بکە تا زووە با هەڵێین، دەنا بە خوت و خۆڕایی گیانی خۆم لە دەست دەدەم."

ژنە گوتی: " خێرە، لە چی دەترسیت؟ بۆچی دەبێ هەڵێین؟ "

- چۆن نەترسم. پاشا ئەمری کردووە، سبەی و لە زەرفی یەک ڕۆژا، کڵێسایەکی بۆ دروست بکەم. ئەگەر بۆم تەواو نەکرا لە ملم دەدات. تەنیا یەک کارمان لە بەردەمە. ئەویش ئەوەیە تا زووە و کات بە دەستەوە هەیە، بار بکەین و هەڵێین.

بەڵام ژنەکەی بە گوێینەکرد. گوتی: " ژمارەی سوپاییانی پاشا یەجگار زۆرە، بۆ هەر شوێنێ بڕۆین دەماندۆزنەوە. بۆیە هەڵاتن فایدەی نییە. باشترین شت ئەوەیە تا هێز و هەناسەمان تیایە، فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین.

- ئاخر فەرمانێک لە تاقەتی من بەدەر بێ چۆنی جێبەجێ بکەم؟

- پیاوی باش ئەوەندەش ڕەشبین مەبە. ئێستا شێوەکەت بخۆ. بڕۆ بخەوە. بەیانی زوو ڕابە. هەموو شتێک بە دڵی تۆ دەبێ!

ئەمیلیان ڕاکشا. خەوت. ژنەکەی، بەیانی زوو بێداری کردەوە وگوتی: " بڕۆ و کاری کڵێساکە تەواو بکە. ئەمەش چەکوش و بزمار لە گەڵ خۆتی ببە. ئەو کارەی ماوە، هەر بەشی ڕۆژێک دەبێ، بە ڕۆژێک تەواو دەبێت! "

ئەمیلیان بۆ شار ڕۆیی. گەییە مەیدانەکەی بەرانبەر کۆشک. کڵێسایەکی گەورە بونیات نرا بوو. تەنیا هەندێک وردەکاری مابوو. ئەمیلیان دەست بە کاربوو. هەموو کارەکانی تەواوکرد، بۆ ئێوارە هەموو شتێک ئامادە بوو.

کە پاشا لە خەو ڕابوو، لە پەنجەرەکەوە تەمەشای کرد وکڵێساکەی بینی. ئەمیلیانی بینی کە بە دەوری کڵێساکەدا دەسووڕایەوە. بزمارێکی لێرە و یەکێکی لەوێ دادەکوتی. پاشا بە دیتنی کڵێساکە دڵتەنگ بوو. چونکە نەیدەتوانی ئەمیلیان لە نێوبەرێ و ژنەکەی داگیر بکات. چاوی ڕەشی کاڵ بووەوە، ئەو خەیاڵپڵاوەشی کەڕووی هەڵێنا. دووبارە دەست و پێوەندەکانی

بانگکرد وگوتی: "ئەمیلیان ئەم کارەشی تەواوکرد. هیچ بیانوویەکمان بۆ کوشتنی بە دەستەوە نییە. تەنانەت ئەنجامدانی ئەم کارەشی بەلاوە قورس نەبوو! دەبێ بیر لە فێڵ و پیلانێکی زیرەکانەتر بکەنەوە، دەنا لەگەڵ ئەوا لە ملی ئێوەش دەدەم.

دەست وپێوەندانی پاشا، پێشنیازیان کرد، کە ئەمر بە ئەمیلیان بکرێت تا ڕوبارێکی گەورە بە چواردەوری کۆشکدا ڕابکێشێت کە کەشتیانی بەناوا بسووڕێنەوە. پاشا لە دووی ئەمیلیانی نارد و ئەم ئەرکە نوێیەی پێ ڕاگەیاند وگوتی:

- تۆیەک کە توانیت لە زەرفی تاقە شەوێکا ئەم کلێسایە دروست بکەی، دەتوانی ئەم کارەش ئەنجام بدەیت. دەمەوێت بۆ سبەینێ هەموو شتێک حازر وئامادە بێت. ئەگینا ئەمر دەکەم لە ملت بدەن.

ئەمیلیان لە هەموو کاتێ پتر خەمگین بوو. بە دڵی شکاو بۆ لای ژنەکەی گەڕایەوە.

ژنەکەی پرسی: " بۆچی وا غەمگینی؟ پاشا ئەرکی تازەی بە ملدا داوی؟ "

ئەمیلیان حاڵ وحیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە وگوتی: " چار نییە دەبێ هەڵێین."

ژنەکەی گوتی: " لە دەست سوپاییان دەرباز نابین. بۆ هەر کوێ بڕۆین دەماندۆزنەوە. هیچ چارێک نییە ئەوە نەبێ بە ئەمری پاشا بکەین! "

ئەمیلیان لە بن لێوانەوە گوتی: " ئاخر شتی وا چۆن دەبێ، لە کوێ دەتوانرێ ڕوبار و کەشتیش دروست بکرێ؟"

ژنەکەی گوتی: " پیاوەکە گیان، نائومێد مەبە شیوەکەت بخۆ و پاشان بڕۆ بنووە. بەیانی زوو لە خەو ڕابە، هەموو شتێک بە دڵی تۆ دەبێ.

ئەمیلیان، لێی ڕاکشا وخەوت. ژنەکەی بەیانی زوو لە خەو بێداری کردەوە وگوتی: "بڕۆ بۆ کۆشک، هەموو شتێک ئامادەیە. تەنیا لە نزیکی ئەسکەڵەکە، کۆمەڵە خۆڵێکی کەم ماوە. بێڵێک لەگەڵ خۆتا ببە وتەختی بکە."

پاشا، لە خەو ڕابوو. بینی ئەو شوێنەی کە جاران هیچ نەبوو، بووە بە ڕوبارێک ئەمجا ڕوبار. کەشتیانی بەناوا دێن ودەچن، وئەمیلیان بێڵێکی بە دەستەوەیە و کۆمەڵە گڵەکە تەخت دەکات. پاشا سەری سوڕما، بەڵام دڵی نە بە ڕوبارەکە ونە بە کەشتیەکان خۆش نەبوو. چونکە نەیدەتوانی ئەمیلیان بکوژێت، زۆر تووڕە بوو. لە فکران ڕاچوو: "هیچ کارێک نییە کە ئەم پیاوە پێی نەوێرێ، باشە تەگبیری چییە؟ " ئەوجا دەست و پێوەندەکەی گازکرد وگوتی: " کارێک بدۆزنەوە کە ئەمیلیان لە عۆیەی نەیات. هەر کارێکمان بە ملیادا ئەنجامی دا، کار وا بڕوات ناتوانم ژنەکەی لێ بستێنم."

دەست وپێوەندانی شا، بیریان کردەوە، ئەوسا نەخشەیەکیان کێشا وهاتن بۆ لای پاشا وگوتیان: " لە دووی ئەمیلیان بنێرەو پێی بڵێ بڕوات بە شوێنێ کەس نەزانێ کوێیە، شتێ بێنێ کەس نەزانێ چییە. هەنگی بۆ هەر کوێیەک ڕۆیی دەتوانی بیانووی پێ بگری کە ئەو شوێنەت مەبەست نەبووە، هەرچیەکی هێنا دەتوانی بڵێی ئەو شتە نییە کە تۆ ویستووتە. ئیدی دەتوانی ئەمر بکەی لە ملی بدەن و ژنەکەی بۆ خت ببەی."

پاشا، ئەم پێشنیازەی پێخۆش بوو. گوتی: "ئافەرین، بەڕاستی فێڵێکی زیرەکانەیە!" پاشا لە دووی ئەمیلیانی نارد وگوتی: " بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی کە نازانم کوێیە، ئەو شتەم بۆ بێنە کە نازانم چییە. ئەگەر بەدەستی بەتاڵ بگەڕێیتەوە، دەڵێم لە ملت بدەن."

ئەمیلیان چووەوە بۆ لای ژنەکەی. داواکانی پاشای بۆ گێرایەوە. ژنەکەی ماوەیەک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی: " پاشایان فێرکردووە چۆن بتخاتە داوەوە. دەبێ زۆر بە پارێزەوە ڕەفتار بکەین!"

ئەوسا دانیشت ودەبیرەوە چوو. ئەنجام بە شووەکەی گوت: " دەبێ بڕۆی بۆ دوور، بۆ لای گەورەی ژنان- ئەو پیرەژنەی کە دایکی هەموو عەسکەرانە- داوای کۆمەکی لێبکە. ئەگەر کۆمەکی کردیت وشتێکی دایتێ، بیبە ویەکسەر بڕۆ بۆ کۆشک. من لەوێندەر دەبم. من ئێستا ناتوانم هەڵێم، بە خۆرتی دەمبەن. بەڵام زۆر لای ئەوان نامێنمەوە. ئەگەر گەورەی ژنان هەر چیەکی پێ گوتی مووبەموو جێ بە جێی بکەیت، ئەوا بە خێرایی فریام دەکەوی و ڕزگارم دەکەیت."

ژنە، مێردەکەی بۆ سەفەر ئامادە کرد. جزدانێکی پارەو تەشییەکی دایە وگوتی: "ئەمانە بدە بە گەورەی ژنان. بەمانەدا دەزانێ کە تۆ مێردی منی" ئەوسا دوعاخوازی لەمێردەکەی کرد وبەڕێی کرد.

ئەمیلیان، کەوتە ڕێ. لە شار وەدەرکەوت. گەییە شوێنێک کە هەندێ سەربازیان تیا مەشق دەدا. ئەمیلیان وەستا. تەمەشای سەربازەکانی کرد. دوای مەشق و ڕاهێنانەکە، سەربازەکان بۆ پشوو دانیشتن. ئەمیلیان چوو بۆ لایان و پرسی: " ڕێگەی ئەو شوێنەی کە نازانم کوێیە، لەکوێوەیە وئەو شتەی کە نازانم چییە، چۆن پەیدا بکەم؟" سوپاییەکان، بەسەر سامی گوێیان لێگرت و گوتیان:" کێ ئەم ئەرکەی بە ملی تۆدا داوە؟"

گوتی: " پاشا. "

گوتیان: " لەوەتای بووین بە عەسکەر. بۆ ئەو شوێنە دەڕۆین کە نازانین کوێیە و تا ئێستا نەگەییوینەتە ئەوێ. ئێمەش لە دووی ئەو شتە دەگەڕین کە نازانین چییە و تا ئێستا پەیدامان نەکردووە. بۆیە ئێمە هیچ کۆمەکێکمان لە دەست نایەت."

ئەمیلیان مدەتێک لە گەڵ سوپاییەکاندا مایەوە، پاشان دووبارە کەوتەوە ڕێ. ڕێگایەکی زۆری تەی کرد. ئەنجام گەییە لێرەوارێک. کوختەیەک لە ناو لێرەوارەکەدا بوو. پیرەژنێکی بە تەمەن لە ناو کوختەکە ڕۆنیشتبوو. ئەمە داکی سەربازە جووتیارەکان بوو. ئەمە کەتانی دەڕست وفرمێسکی دەڕشت. بە دەم ڕستنی کەتانەوە قامکی بۆ دەمی نەدەبرد تا بە لیکەکەی تەڕیان بکات. بەڵکو ئەنگوستی بۆ چاوی دەبرد تا بە ڕوندکەکانی تەڕی بکات. پیرەژن کە چاوی بە ئەمیلیان کەوت، بانگی کرد: " بۆچی بۆ ئێرە هاتووی؟ " ئەمیلیان تەشییەکەی دایێ و گوتی هاوسەرەکەی ئەمەی بۆ ناردووە.

پیرەژن، یەکسەر نەرم بوو. کەوتە پرسیار. ئەمیلیان هەموو سەرگوزەشتەکەی ژیانی خۆی بۆ پیرەژن گێڕایەوە: چۆن کیژێکی جوانی خواستووە، چۆن چوون بۆ شار و لەوێ دەستیان بە ژیان کردەوە. چ کارێکی کردووە، لە کۆشکا چی کردووە، چۆن کڵێسایەکی دروست کردووە. ڕوباری

دروست کردووە، کەشتی تێ خستووە. چۆن پاشا ئێستا داوای لێکردبوو بڕوا بۆ شوێنێ کە نەیدەزانی کوێیە تا شتێکی بۆ بەرێ کە نەیدەزانی چییە.

گەورەی ژنان، تا کۆتایی گویی لێگرت. فرمێسکەکانی سڕی. لە بن لێوانەوە گوتی: "هەڵبەتە کاتی هاتووە." ئەوجا بە ئەمیلیانی گوت: "زۆر چاکە کوڕی خۆم. دانیشە شتێک بخۆ." ئەمیلیان دانیشت و خواردنی خوارد. ئەوسا داپیرەی پیر فێری کرد کە چی بکات. گوتی: " ئەم گلۆڵە دەزووە بگرە، بە ئەرزەکەدا خلی بکەوە، بۆ هەر کوێیەک ڕۆیی، دووی بکەوە. دەبێ ماوەیەکی زۆر بڕۆی تا دەگەیە کەناری دەریا. کە گەییتە ئەوێندەر، شارێکی گەورە دەبینی. خۆت بەو شارەدا بکە. شەو لە دوا ماڵی ئەوێ ڕۆژ بکەوە. ئەوەی تۆ عەوداڵیت، لەوێندەر دەست دەکەوێ."

ئەمیلیان پرسی:

- دایە گەورە، کاتێ کە ئەو شتەم بینی چۆن بزانم هەمان شتە کە من عەوداڵیم؟

- هەرکاتێ شتێکت بینی کە خەڵکی، لە داک و بابی خۆیان پتر، بە گویی دەکەن، ئەوە بزانە کە هەمان شتە. هەڵی بگرە بۆ پاشای ببە. هەڵبەتە پاشا پێت دەڵێ: " ئەمە ئەو شتە نییە کە من داوام کردووە." بڵێ: "ئەگەر ئەو شتە نییە کە تۆ ویستووتە، دەبێ بشکێنرێ. " ئەوسا بیشکێنە. بیبە بۆ کەنار ڕوبار. ورد وخاشی بکە، پارچەکانی تووڕ بدە ئاوەکەوە. ئەو کاتە ژنەکەت وە دەست دێنیتەوەو ڕوندکەکانی چاوی منیش وشک دەبن.

ئەمیلیان، ماڵاوایی لە گەورەی ژنان کرد، گلۆڵە دەزووەکەی لە پێش خۆیەوە خل کردەوە. گلۆڵە دەزوو هەر خل بووەوە وبووەوە تا گەییە کەنار دەریا. شارێکی گەورە لە کەنار دەریا هەبوو. لەوپەڕی شارا، خانوویەکی بە شکۆ هەبوو. ئەمیلیان مۆڵەتی وەرگرت کە شەو، لەوێندەر ڕۆژ بکاتەوە. مۆڵەتیان دا، ڕاکشا وخەوی لێکەوت. بەیانی لە خەو ڕابوو. گوێی لێبوو باوکێک کوڕەکەی بێدار دەکاتەوە تا بڕوات بۆ جەنگەڵ و دار بۆ ئاگردانەکەیان ببڕێتەوە. بەڵام کوڕەی تاین بە گوێی بابی نەکرد، گوتی: " هێشتا زووە، کات زۆرە." ئەمیلیان گویی لە داکی کوڕەکە بوو گوتی: " هەستە بڕۆ کوڕم. بابت

گیانی ڕەق بووە. دەتەوێ بەخۆی بڕوات؟ کاتی هەستانە! " کوڕەکە، لەبن لێوانەوە، بڵمەبڵمێکی کردو خەوی لێکەوتەوە. هێشتا چاوی بە تەواوی گەرم نەبووبوو، کە دەنگێکی بروسکە ئاسای بە سام لە کۆڵانەکەوە بەرز بووەوە. کوڕە لە خەو ڕاپەڕی، بە هەشتاو جلەکانی لەبەر کرد وبەغار بۆ کۆڵان ڕۆیی. ئەمیلیانیش لە جێی خۆی ڕاپەڕی. بە غار دان دووی کوڕەکە کەوت تا بزانێ ئەمە چی بوو کە کوڕە لە داک و بابی خۆی زیاتر بە گوێی کرد. بینی پیاوێک بە کۆڵانەکەدا ڕێدەکات وشتێکی بە ورگی خۆیەوە بەستبوو وبە دوو دارۆکە لە هەر دوو سەری دەدات و دەنگێکی بروسکە ئاسای بەسام لەو شتەوە بەرز دەبێتەوەو کوڕەکە بە گویی دەکات. سەیری کرد شتێکی بازنەییە، لە بەرمیلێکی کورت دەچیت. هەر دوو سەری بە چەرم گیراوە. لە ناوی شتەکەی پرسی. گوتیان:

- ئەوە تەپڵی پێ دەڵێن.

- ناوەکەی بۆشە؟

- بەڵێ بۆشە!

ئەمیلیان سەری سوڕما. داوای کرد تەپڵەکە بدەن بەو. نەیاندایێ. ئەمیلیان زۆر لە سەری نەڕۆیی. دووی کابرای تەپڵ کوت کەوت. بە درێژایی ڕۆژەکە لێی نەبووەوە. ئەنجام کابرای تەپڵ کوت شەکەت بوو، ڕاکشا و خەوی لێکەوت. ئەمیلیان تەپڵەکەی لێ ڕفاند و بۆی دەرچوو.

ئەمیلیان، پێی وەغارێوە نا، نەوەستایەوە تا گەییە شارەکەی خۆی. چوو بە سۆراغی ژنەکەیەوە، بەڵام لەماڵەوە نەبوو. پاشا ڕۆژێ دوای سەفەرەکەی ئەمیلیان، ژنەکەی بردبوو. ئەمیلیان چوو بۆ کۆشک. پەیامێکی بۆ پاشا نارد: "لەو شوێنەی کە نەیدەزانی کوێیە گەڕاوەتەوەو ئەو شتەی کە نەیدەزانی چییە، بۆ هێناوە." پەیامەکەیان دایە پاشا. پاشا گوتی: "با بڕوات سبەی بێتەوە."

بەڵام ئەمیلیان گوتی: "بە پاشا بڵێن من ئەمڕۆ هاتوومەتەوەو ئەو شتەی کە داوای کردبوو بۆم هێناوە. یا پاشا بی بۆلای من، یا من بۆ لای ئەو دەچم."

پاشا هاتە دەرەوە وگوتی: " بۆ کوێ چوویت؟"

ئەمیلیان، حاڵ و حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە.

پاشا گوتی: " ئەوە ئەو شوێنە نییە کە من گوتبووم. ئەدی کوا چیت هێناوە؟ "

ئەمیلیان ئاماژەی بۆ تەپڵەکە کرد. پاشا هەر سەیریشی نەکرد، گوتی: " ئەمە ئەو شتە نییە کە من داوام کردبوو."

ئەمیلیان گوتی: " ئەگەر ئەو شتە نەبێ کە تۆ ویستووتە دەبێ بشکێنرێ و لە نێو ببرێ. با شەیتان بیبات."

ئەمیلیان لە کۆشکەکە هاتە دەرێ، تەپڵەکەی لە گەڵ خۆی هێنا و کەوتە لێدانی. هەرکە تەپڵەکەی لێدا هەموو سەربازەکانی پاشا بە غاردان دووی کەوتن. هەموو ئیکلامیان بۆ ئیمیلیان کێشا وچاوەڕوانی فەرمانی ئەو بوون.

بەڵام پاشا، لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە هاواری دەکرد کە سەربازەکان بۆلای ئەمیلیان نەڕۆن و بە فەرمانی ئەو نەکەن. بەڵام کەس گوێی لە هات و هاواری شا نەگرت و هەموو دووی ئەمیلیان کەوتن.

کە پاشا ئەو دیمەنەی بینی، فەرمانی دا کە ژنەکەی ئەمیلیان بدەنەوە بە مێردەکەی خۆی. خەڵکی نارد بۆ لای ئەمیلیان کە تەپڵەکەی بۆ بنێرێ.

ئەمیلیان گوتی: "شتی وا نەبووە و نابێ. من پێم گوتراوە کە لە ناوی بەرم. بیشکێنم. پارچەکانی تووڕ بدەمە ڕوبارەوە.

ئەمیلیان، بە تەپڵەکەوە ڕۆیی بۆ گوێ ڕوبار. سەربازەکانیش دووی کەوتن. کە گەییە گویی ڕووبارەکە، تەپڵەکەی شکاند. پارچەکانی تووڕ دایە ئاوەکەوە. دەم ودەس هەموو سەربازەکان هەڵاتن و بڵاوەیان لێکرد.

ئەمیلیان دەستی ژنەکەی گرت و بۆ کوختەکەی خۆیان چوونەوە. پاشا لەوە بە دوا دەستبەرداری بوو، جووتە ژن و مێرد بە خۆشی و بەختەوەری ژیان. (ساڵی ١٨٩١)

# پاژی شەشەم

## دوو حیکایەتی لە فەرەنسییەوە وەرگیراو

۱۹ – قاوەخانەی سورات

( لە چیرۆکێکی برناردان دی سان بیارەوە وەرگیراوە. )

لە شاری سوراتی هندوستاندا قاوەخانەیەک هەبوو کە مەکۆ وپاتۆقی ئەو گەریدە و بێگانانە بوو کە لە هەر چوا نکالی دنیاوە ڕوویان دەکردە هندوستان. لە هەموو گۆشە و کەناری گیتییەوە خەڵکانی منەوەرو بە ماریفەت، لەوێندەر کۆدەبوونەوە و بەدەم قسە و گەنگەشانەوە کۆڕ و مەجلیسیان گەرم دەکرد.

ڕۆژێک مەلایەکی فارسی خوێنەوار سەری ئەو قاوەخانەیەی دا. ئەم پیاوە هەموو تەمەنی خۆی سەرفی خوێندنەوەو لێکدانەوەی تەبیعەت وسروشتی پەروەردگار کردبوو ولەم بارەیەوە نەک هەر کتێبانی خوێندبووەوە، بەڵکو چەندین کتێبیشی نووسی بوو. زۆری بیر لە خوا کردبووەوە و کتێبی زۆری لەبارەیەوە خوێندبووەوە. سەرەنجام سەری کڵافەکەی لە دەست بەر بووبوو. بە ڕادەیەک سەری لێ شێواو تێکچوو، کە باوەڕی سەبارەت بە بوونی پەروەردگار بە تەواوی لەق بوو. ئەم خەبەرە گەییە پاشا. پاشا، لە وڵات وەدەری نا و دووری خستەوە.

دوای ئەوەی ئەو مەلا ولاهوتیە، هەموو تەمەنی خۆی لە مجادەلە و گەنگەشە و باسی " یەکەمین عیللەت " دا بەسەر برد. ئەو بەد بەخت و نەگبەتە، تووشی ئەقڵ پەرێشی و شێوانی یادگە بوو، بەجۆرێ تووشی حەواس پەرتی بوو کە هەستی نەدەکرد ئەقڵ و ئیدراکی لەدەست داوە، بەڵکو گەیی بووە قەناعەت کە چ ( ئەقڵێکی بالا ) گەردوون بەڕێوە نابات وچەرخی کائینات هیچ حیساب وکیتابێکی نییە.

ئەم بەندەی خوایە، کۆیلەیەکی ئەفریقی هەبوو، بۆ هەر کوێ بڕۆشتبا کۆیلەکە لەگەڵی دەچوو. کە یارۆی لاهوتی چووە قاوەخانەکەوە کۆیلەکە لە دەرەوە وەستا. لە دەرەوە، لە ژێر هەتاوەکەدا لە سەر بەردێک دانیشت و مێشی لەخۆی پاس دەکرد. مەلا فارسەکە لە ناو قاوەخانەکەدا، لەسەر تەختێک پاڵی دایەوە. وافورێکی داوا کرد. پاش ئەوەی ئەفیونەکە بە دەمارەکانیا بڵاوبووەوەو مێشکی جولا، لە دەرگا وازەکەی قاوەخانەکەوە، کۆیلە وخولامەکەی بانگکرد و پرسی:

- ئەی کۆیلەی بەدبەخت پێم بڵێ: پێت وایە خوا هەیە یان نا؟

کۆیلەکە بەرسڤی دایەوە: - هەڵبەتە هەیە.

ئەوسا دەستی کرد بە بەر پشتێنەکەیدا، پەیکەرێکی چکۆلەی دارینی دەرهێنا و نیشانی دا ولە سەری ڕۆیی: "ئەمە ئەو خواوەندەیە لەوەتای لە دایک بووم تا ئەمڕۆ پاراستوومی. لە وڵاتی مەدا دارێکی پیرۆز هەیە. هەموو ئەو بت وپەیکەرانەی لەم درەختە دروستکراون، لە لایەن خەڵکییەوە دەپەرەسترێن."

هەموو ئەوخەڵکانەی کە لە قاوەخانەی سورات ئامادە بوون گوێیان لەو گفتوگۆیەی نێوان کابرای لاهوتی وکۆیلەکەی بوو. هەم سەریان لە پرسیارەکەی کابرای لاهوتی سوڕما و هەم لە وەڵامەکەی یارۆی کۆیلە.

یەکێک لە ئامادەبووان کە لە بەرەهمی هند بوو، هەرکە گوێی لە وەڵامەکەی یارۆی کۆیلە بوو، ئاوڕی لێی دایەوەو گوتی:"کە کابرایەکی بەدبەختی کەودەنی! بەڕاستی باوەڕت وایە کە دەکرێ خوا لە بەر پشتێنەکەتا هەڵبگری و بیشاریتەوە؟ تەنیا یەک خوا هەیە ئەویش بەرەهمایە. کە لە هەموو دنیا وگەردوون گەورەترە، چونکە هەموو بوونەوەران ودنیا دەسکاری ئەون. ئەبراهما، تاقە خوای بە توانایە. لەبەر خاتری ئەو پەرستگایان لە کەنارەکانی گانگ دروستکردووە ورۆحانیانی ڕاستەقینە، بەرەهمەکان، دەیپەرستن. تەنیا ئەوان خوای ڕاستەقینەیان ناسیوە. هەرچەندە هەزاران ساڵ بوریوە. شۆرش لە دوای شۆڕش ڕوی داوە، دنیا گۆڕاوە ئەم بەرەهمانانە لەسەر باوەڕی خۆیان ماون، نەگۆڕاون، چونکە ئەبراهما، خواوەندی تەنها و ڕاستەقینە پاراستوونی."

کابرای بەرەهمی، ئەو قسەیەی کرد، باوەڕی وابوو کە ئیدی هەموو قەناعەتیان کرد و جێگای هیچ گەنگەشەیەکی نەهێشتووەتەوە. بەلام دەڵاڵێکی جوولەکەکە لەوێ بوو بەرسڤی دایەوە و گوتی:

"نە خوای ڕاستەقینە لە هندوستان نییە. خواش پارێزەری چینی بەرەهمە نییە. خوای ڕاستەقینە، خوای ئیبراهیم وئیسحاق ویاقووبە. تەنیا گەلی هەڵبژاردەی خۆی، واتە ئیسرائیلیەکان دەپارێزێ. لە سەرەتای دروست

بوونی دنیاوە ئۆمەتی جوولەکە، خۆشەویستی خوا بوون. ئەم عینایەت و لوتفەی تەنیا و تەنیا بەرانبەر بە جوولەکەکان هەبووە. ئەگەر دەبینی ئەمڕۆ لە دنیادا پەراگەندە وسەرگەردانین، لەبەر ئەوەیە خوا دەیەوێ تاقیمان بکاتەوە. بەڵام بەڵێنی داوەو سوێندی خواردووە کە سەرەنجام لە ئورشەلیمدا کۆمان بکاتەوە. هەرکاتێ پەرستگا وهەیکەلی ئورشەلیم، شکۆ وجەلالی ڕابردووی خۆی بەدەست هێنایەوە، ئیسرائیلیەکان دەبنە سەروەر وفەرمانڕەوای هەموو دنیا."

جوولەکەکە ئەو قسانەی کرد ولە هۆڕژنی گریانی دا و ڕوندک وەکو بارانی بوهار بە چاوانیا هاتەخوارێ. دەیویست درێژە بە قسەکانی خۆی بدات کە مژدەبەرێکی ئیتاڵی، قسەکەی پێ بڕی و وگوتی: " فەرمایشەکانی جەنابت دروست نین، ڕاست نین. خودا دادپەروەرە، جیاوازی نێوان نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی دی ناکات. ناکرێ بگوترێ خوا تەنیا و تەنیا ئۆمەتی جوولەکەی خۆشدەوێ ولە میللەتانی دی پتر بایەخیان پێدەدات. خۆ ئەگەر ڕاست بێ و خوا مامەڵەیەکی تایبەتی دەگەڵدا کردبن، ئەوە لە کۆنا وابووە. ئێستا بەلای کەمەوە هەزار ونۆسەد ساڵە کە یەهوودیان خوایان تووڕە کردووەو کردوویانەتە کارێک کە خوا هەیکەلەکەتان وێران بکات وئاوارەو سەرگەردانی سەرانسەری دنیای کردوون. کەس پەیوەندی بە ئایینەکەی ئێوەوە ناکات. ئاینەکەتان هیچ غەریبێک وەرناگرێت. ئاینەکەتان لەم گۆشە ولەو گۆشەو کەناری دنیادا نەبێ، ئیدی بەرەو لەناوچوون دەڕوات. خوا هیچ جیاوازییەک لە نێوان بەندەکانی خۆیدا ناکات. بەڵکو هەموو خوازیارانی ڕزگاری وبەخشین هاندەدا ڕوو بکەنە کڵێسای کاتولیکی ڕۆمانی کە لە دەرێی کڵێسای ناقبریدا هیچ ڕێگەیەکی ڕزگاری نییە."

یارۆی ئیتاڵیایی، کە لە قسەکانی بووەوە، کەشیشێکی پروتستانی کە بە ڕێکەوت لە مەجلیسەکەدا بوو، ڕەنگی تێکچوو و ڕووبەڕوی کابرای مژدەبەری ئیتاڵی بووەوەو گوتی:

" چۆن زات دەکەی و دەڵێی ڕزگاری تەنیا لە کاتولیکیەتدایە؟ ئەو کەسانە ڕزگار دەبن و دێنە بەخشین کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی حەزرەتی عیسا و

دەقەکانی ئینجیل، چ بە ڕواڵەت و چ بە دڵ، ڕەفتار دەکەن و بە ئامۆژگارییەکانی عیسا دەکەن."

کابرایەکی تورک کە لە دایەرەی گومرکدا، بەرپرس بوو، لە سەر کورسییەک دانیشتبوو وقلیانی دەکێشا، بە چاوی سوکەوە سەیرێکی هەر دوو کابرای کریستیانی کرد و گوتی:

"دڵ خۆشکردن بە ئاین ومەزەبی ئەهلی ڕۆما بێهودەیە وکات بە فیڕۆدانە. پێش پتر لە دوازدە قەڕن ئاینی ڕاستەقینە و خاڵیسەی محەمەد، خەتی ڕاست وچەپی بەسەردا هێنا. نابینن کە ئیسلام، ئاینی محەمەد، ئاینی هەق، تاکو ئەمڕۆش چۆن لە ئەورووپا و ئاسیا بڵاودەبێتەوەو تەنانەت نوور وڕوناکی ئیسلام گەییوەتە ئەوپەڕی چینیش؟ ئێوە بە خۆتان دەڵێن خواوەند ئاینی یەهوودی پشت گوێ خستووەو لە دنیادا سووک وڕیسوا و سەرشۆڕی کردوون و ئاینەکەیان لە برەوکەوتووە. کەواتە دان بە هەقانیەتی ئیسلامدا بنەن. باوەڕ بە ئۆڵی محەمەد بێنن. ئەو ئاینەی کە سەرکەوتووانە ڕۆژبەڕۆژ، دنیاگیرتر دەبێت. ڕزگاری و بەخشین تەنیا بۆ پەیڕەوانی مەحەمەد، دوا پێغەمبەرانە. لەناو ئەوانەشا تەنیا پەیڕەوانی عومەر، موسوڵمانی ڕاستەقینەن وئەهلی نەجاتن. نەک پەیڕەوانی عەلی."

لاهوتیە فارسەکە، لە سەر مەزەبی عەلی بوو، ویستی وەڵامی کابرای تورک بداتەوە. بەڵام لەو کاتەدا، گەنگەشە ومجادەلەی تووند کەوتە نێوان پەیڕەوانی مەزەبو تایفە جۆراوجۆرەکانی ناو قاوەخانەی سوراتەوە. ئیدی مەسیحیانی حەبەشی، لامایانی تبتی. ئیسماعیلیان، مەجووستی وزەردەشتیان، هەرهەموویان دەربارەی سروشتی پەروەردەگارو ئەمەی چ کەسێک خوای ڕاستەقینە دەپەرستێ گەنگەشەیان دەکرد. هەریەکەو شتەکەی بە لای خۆدا ڕادەکێشا و هەرکەسە دەیگوت تەنیا لە وڵاتی ئەودا خواناسی و عیبادەتی دروست هەیە. ئیدی گەنگەشە و هەرا وهەنگامەیەک بوو کەس لە کەس حاڵی نەدەبوو، تەنیا کابرایەکی چینی، نەبێ کە سەر بە ڕێبازی کونفوشیوس بوو. لە سووچێکی قاوەخانەکەدا بە بێدەنگی دانیشتبوو. بەدەم چای خواردنەوە گوێی لە گەنگەشەی ئەوانی دی دەگرت.

کابرای تورک کە بینی لەوێ بە بێدەنگی دانیشتووە، داوای دادوەری لێکرد وگوتی:

"برادەری چینی بەڕێز، چەند حەزم دەکرد پشتیوانی قسەکانی من بکەیت. بۆ وا بە بێدەنگی دانیشتووی، دڵنیام ئەگەر بێیتە قسان پشتیوانی لە بۆچوونەکانی من دەکەیت. هەندێک لەو بازرگانانەی وڵاتی ئێوە، کە دێن بۆ لای من تا کارەکانیان ڕایی بکەم، دەڵێن هەرچەندە ئۆڵ وئاین لە وڵاتی چیندا زۆر زۆرن، بەڵام چینییەکان، ئاینی محەمەدیان، لە هەموو ئاینەکانی دی پێ پەسندترە وبە ئارەزووی خۆیان باوەڕی پێدێنن. کەواتە پشتیوانی لە قسەکانی من بکە و بۆچوونی خۆت دەربارەی خوای ڕاستەقینە و پێغەمبەرەکەی بڵێ."

هەموو ئامادەبووان ئاوڕی لای کابرای چینیان دایەوە وگوتیان: " بەڵێ، بەڵێ! با گوێمان لە ڕا وبۆچوونی تۆش ببێت."

کابرای چینی موریدی کونفوشیوس، چاوی نوقاندن وبۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو. ئەوسا چاوانی هەڵێنانەوە، دەستەکانی لە ئاسینی دەڵبی جلەکەیەوە دەرهێنان، لەسەر سینگی خاچ ئاسا تێکی ئاڵاندن. بە دەنگێکی هێدی وئەسپایی گوتی:

"برادەرینە، وادیارە، غروور ولەخۆبایی بوون، نایەڵێ خەڵکی سەبارەت بە هەندێ مەسەلەێن ئۆلی وئاینی ڕێک بکەون. ئەگەر ئەو زەحمەتە بکێشن وکەمێک گوێم لێبگرن، چیرۆکێکتان عەرز دەکەم کە ئەم مەسەلەیە ڕوون دەکاتەوە.

من لە چینەوە بە سواری کەشتییەکی ئینگلیزی، کە بە دەوری دنیادا سووڕابووەوە، هاتم بۆ ئێر. لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی سومەترا ڕاوەستاین تا ئاوی شیرین هەڵگرین. کاتی نیوەڕۆ بوو، هەندێک لە ڕێبوارەکان دابەزینە سەر زەوی ولە سێبەر وسایەی درەختانی نەرگیلی کەنار دەریا، لە نزیکی گوندێکی ئەو دەڤەرە، دانیشتن.

ئێمە کۆمەڵێک خەڵکی نەژاد جیاواز دانیشتبووین. پیاوێکی نابینا لێمان نزیک بووەوە. پاشا زانیمان چونکە ماوەیەکی زۆرو بەردەوام تەمەشای

هەتاوی کردبوو تا بزانێت چییە، بینایی خۆی لە دەست دابوو و کوێر بووبوو. سوور بووبوو لەسەر ئەوەی بزانێ خۆر چییە و تیشک ورِوناکییەکەی زادەی چییە. ئەو پیاوە ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەو کارە بەردەوام بووبوو. تاقە ئەنجامێک کە بەدەستی هێنابوو، ئەوە بوو کە تیشکی خۆر ئازاری بە هەستی بینایی گەیاندبوو و کوێری کردبوو. هەنگێ بە خۆی گوتبوو: " ڕوناکی وتیشکی هەتاو شل نییە. ئەگەر شل بوایە، دەکرا لە قاپێکەوە بکرێتە قاپێکی ترەوە. با وەکو چۆن ئاو دەجولێنێ، بەو ئاوایە دەیجولاند و شەپۆلی پێ دەدا. هەروەها ئاگریش نییە. ئەگەر ئاگر بوایە، ئاو دەیکوژاندەوە. هەروەها تیشک ورِوناکی هەتاو ڕۆحیش نییە، چونکە بە چاو دەبینرێ. هەروەها مادەش نییە. چونکە نایەتە جولاندن و ناگوازرێتەوە. جا بەم پێیە، مادامێکی تیشک ورِوناکی خۆر شل نییە، ئاگر نییە، ڕۆح نییە و مادەش نییە، بۆیە نە هیچە و نە دەکاتە هیچ!"

کابرا بەوجۆرە دەلیل و بەڵگانە، بەوەی کە بە بەردەوامی ڕوانی بوویە تیشکی هەتاو، هەم بینایی خۆی وهەم ئەقڵی خۆی لە دەست دابوو. وەختێ بە تەواوەتی کۆرە بووبوو، گەیی بووە قەناعەتی تەواو کە هەتاو بوونی نییە.

ئەو کابرا نابینایە، خولامێکی لە گەڵدا بوو، یارۆی نابینای لە سێبەری دار گوێزێکی هیندی دانا. ئەوسا گوێزێکی هیندی لە ئەرزەکە هەڵگرت و قوتیلە چرایەکی بۆ شەوێ لێدروست کرد.بە ڕیشاڵی گوێز هندییەکە پڵیتەیەکی دروستکرد. ئەوجا ڕۆناوی گوێزەکەی کردە ناو قاوغە گویزەکەوەو پڵیتەکەی لە ڕۆناوەکە هەڵکێشا.

خولامەکە، مژوولی ئەم کارانە بوو کە ئاغای نابینا ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: " دەی خولام، هەقم نەبوو کە دەمگوت هەتاو بوونی نییە؟ هەست ناکەی دنیا چ تاریکستانێکە؟ کەچی بەو حاڵەشەوە خەڵکی هەر ڕژدن لە سەر ئەوەی کە خۆر هەیە. باشە ئەگەر هەیە، چییە؟

خولامەکە گوتی: " نازانم هەتاو چییە. ئەم بابەتە پەیوەندی بە منەوە نییە. بەڵام دەزانم ڕوناکی چییە. ئەوەتا من چرایەکم دروست کردووە تا شەوێ خزمەتی تۆی پێبکەم و چیم لە کولبەکەدا بوێ پێی بدۆزمەوە."

خوڵامەکە قاوغی گوێز هیندیەکەی هەڵگرت و نیشانی دا وگوتی: " ئەمە هەتاوی منە."

کابرایەکی لەنگ بە خۆ ودوو دارشەقەوە گوێی لەو قسەیە بوو. لە نزیک کابرای نابینا و خوڵامەکەیەوە ڕۆنیشتبوو، پێکەنی وڕوو لە کابرای نابینا گوتی: " وادیارە تۆ بە زکماک کوێر بووی بۆیە نازانی هەتاو چییە. با من پێت بڵێم هەتاو چییە. هەتاو ئەو شتەیە کە هەمووان دەیبینن، تۆپەڵێکە لە ئاگر، هەموو بەیانییەک لە دەریاوە دێتەدەرێ و هەموو ئێوارەیەک لەنێو چیاکانی دۆرگەکانی ئێمەدا ئاوا دەبێ. ئێمە هەموومان دەیبینین. ئەگەر تۆش چاوت هەبوایە وەکو ئێمە دەتبینی.

کابرای ماسیگر کە گویی لەو گفتوگۆیە دەگرت، گوتی:

- وا دیارە تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم دۆرگەیە نەچوویتە دەرەوە. ئەگەر لەنگ نەبوایتا و وەکو من بە کەشتیانی ماسیگیری سەفەری ناو دەریایانت بکردایە، دەتزانی خۆر لە چیاکانی دورگەکاندا ئاوا نابیت. هەموو بەیانییەک لە ناوجەرگەی ئوقیانووسەوە دێتەدەرێ ولە کاتی خۆرئاوادا، بۆ قوڵایی ئوقیانووس دەگەڕێتەوە. ئەوەی من پێتی دەڵێم خیلافی نییە. چونکە هەموو ڕۆژێک بەم چاوانەی خۆم دەیبینم.

هندویەک کە لە مەجلیسەکەدا ئامادە بوو قسەکەی پێبڕی وگوتی:

- پێم سەیرە کابرایەکی ئاقڵی وەکو تۆ ئەو قسە بێ سەر وبەرانە بکات. ئاخر چۆن دەچێتە ئەقڵەوە، تۆپێکی ئاگر بکەوێتە ئوقیانووسێک ئاوەوەو نەکوژێتەوە؟ بۆیە خۆر هەرگیز تۆپەڵە ئاگرێک نییە، بەڵکو خوایە، ئەو خوایەیە کە پێی دەگوترێ دیڤو، بە سواری عەرەبانەیەک بە دەوری کێوی تەلایی میرودا دەسووڕێتەوە. ناو بە ناو جووتە ئەژدیهای شەڕتۆخ (شەڕانی) ڕاگۆ و کیتو پەلاماری دیڤو دەدەن و قووتی دەدەن. بەڵام ڕۆحانیانی ئێمە دەپاڕێنەوە، نوێژ ونزا دەکەن تا خواوەند دیڤو ڕزگار بێ و هەنگێ ئازاد دەبێت. تەنیا خەڵکانی چاو وگوێ نەکراوەی وەکو ئێوە، کە جگە لە دورگەی خۆ هیچ جێیەکی دیکەتان نەدیتووە، لەو باوەڕەدان کە هەتاو تەنیا لە زاگە و زێدی ئێوە هەڵدێ.

نۆره هاتەسەر كاپتنی كەشتییەكی میسری كە لەوێ بوو وگوتی:

- نا، ئێوەش بەهەڵەدا چوون. خۆر خوا نییە، تەنیا بە دەوری هیند وكێوە تەلاییەكەیدا ناسووڕێتەوە. من زۆرجار دەریای ڕەشم تەی كردووە، كەنارەكانی وڵاتانی عەرەبی گەڕاوم. بۆ مەدەغەشقەر وفیلیپین چووم. خۆر نەک هەر هیند، بەڵكو هەموو گێتی ڕوناک دەكاتەوە. بە دەورییەک كێویشدا ناسووڕێتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە، لەو دیو دورگەكانی ژاپۆنەوە هەڵدێ ولە دوورترین خاڵی ڕۆژئاوادا، لەو پەڕی دورگەكانی ئینگلیستاندا ئاوا دەبێت. بۆیە ژاپۆنەكان بە ولاتی خۆیان دەڵێن " نیبون " واتە " زاگەی خۆر" من بۆیە باوەڕی تەواوم بە قسەكەی خۆم هەیە، چونكە زۆر زۆر دەریایان گەڕاوم، پێشتریش ئەمەم لە باپیرم، كە تا دوورترین دەریایان چووبوو، بیستبوو.

كابرا دەیویست درێژە بە قسەكانی بدات، كە دەریاوانێكی ئینگلیزی هاوسەفەری ئێمە قسەكەی پێ بڕی وگوتی:

- لە دنیادا، كەس بە قەد ئینگلیز، ئاگاداری خۆر وجووڵەی خۆر نییە. لە ئینگلتەرادا، هەموو كەس دەزانن كە خۆر نە لە هیچ شوێنێكەوە هەڵدێ و نە لە هیچ شوێنێكەوە ئاوا دەبێت. بەردەوام بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە. پێویستە لەمە دڵنیابین، چونكە ئەم كەشتیەی ئێمە بە دەوری زەویدا هاتووە ودنیای تەی كردووەو لە هیچ كاتێک و لە هیچ شوێنێكا بەر هەتاو نەكەوتووین. ڕێک وەكو ئێرە هەتاو بەیانیان هەڵدەهات و ئێواران ئاوا دەبوو.

كابرای ئینگلیز، دارێكی هەڵگرت. خەتێكی لە سەر لمەڵانەكەی كەنارەكە كێشا، تا ئەوە ڕوون بكاتەوە كە هەتاو لە ئاسمانێڕا چۆن دەجووڵێت وبە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، بەڵام شەرح و شرۆڤەكەی ڕوون و خۆیا نەبوو. ئەوسا ئاماژەی بۆ لای كاپتنی كەشتیەكە كرد وگوتی:

- ئەم پیاوە لە من شارەزاترە. دەتوانێ مەسەلەكە شەرح و شرۆڤە بكات.

کاپتنەکە کە پیاوێکی زیرەک وزانا بوو، لەخۆیەوە قسەی نەدەکرد، بە بێدەنگی گوێی لە قسەکان گرت . تا داوایان لێکرد کە قسە بکات، هەموو ئاوڕیان لێی دایەوە، گوتی:

- ئێوە هەمووتان یەکدی گومڕا دەکەن وخۆشتان هەڵەن. خۆر بە دەوری ئەرزا ناسووڕێتەوە،بەڵکو بە پێچەوانەوە زەوی بە دەوری خۆرا دەسووڕێتەوە. لەکاتی ئەم سووڕانەوەیەدا بە دەوری تەوەری خۆشیا دەسووڕێتەوەو هەر بیست وچوار سەعات جارێک، بەشێکی دەکەوێتە بەرانبەر خۆر. نەک هەر ژاپۆن و فیلیپین و سۆمەترا و ئەم شوێنەی کە ئێمەی لێین، بەڵکو ئەفریقا و ئەوروپا و ئەمریکا وزۆر وڵاتی دیکە ڕوناک دەکاتەوە. خۆر تەنیا یەک چیا یا یەک دەریا یان یەک دورگە ڕوناک ناکاتەوە. بەڵکو هەموو گۆی زەوی ڕوناک دەکاتەوە. هەر زەوی ڕوناک ناکاتەوە بەڵکو زۆر هەسارەی دیکەش ڕوناک دەکاتەوە. ئەگەر ئێوە تەنیا سەیری ژێرپێی خۆتان نەکەن و کەمێک سەر هەڵبڕن و تەمەشای ئاسمانان بکەن. هەینێ تێدەگەن خۆر تەنیا بۆ ئێوە و زاگەی ئێوە هەڵنایەت.

یارۆی کاپتن، کە کابرایەکی زیرەک و دنیا دیدە بوو، بە دەم ئەو قسانەوە ماوەیەکی زۆر لە ئاسمانی هەڵڕوانی.

ئەوجا، کابرای چینی، موریدی کونفوشیوس، لە سەری ڕۆیی: "ملاحەزە دەفەرموون کە غروور ولەخۆ بایی بوون چۆن دەبێتە مایەی بە هەڵەچوون وناکۆکی. ئەوەی دەربارەی خۆر گوترا، دەربارەی خواش دروستە. هەرکەسە دەیەوێ خوای تایبەتی خۆی هەبێت، یان بە لای کەمەوە خوایەکی تایبەت بە قەوم و وڵاتی خۆی هەبێت. هەر نەتەوەیەک دەیەوێ خواوەند لە چوارچێوەی پەرستگای خۆیدا سنووردار بکات و قەتیس بکات، ئەو خوایەی کە هەموو گەردوون نایگرێ ولە هەموو گەردوونا جێی نابێتەوە. ئایا هیچ پەرستگایەک بەو پەرستگایە بەراورد دەکرێ کە خوا بە خۆی دروستی کردووە تا هەموو تیرەی بەشەری لە سایەداو لە یەک باوەڕ وئۆڵدا کۆ بکاتەوە؟ هەموو پەرستگا بەشەرییەکان نموونەی ئەو پەرستگا گەورەیەن کە خوا دروستی کردووە. هەر پەرستگایەک بگریت، حەوز وغوسڵخانە و دەست نوێژخانە و تاق و گومەز، مۆم و چرا، وێنە و پەیکەری خۆی هەیە. نەخش و

نیگاری خۆی هەیە، کتێبی شەرعی و نەزر و مینبەر. میحراب و لاهوتیان و ڕۆحانیانی خۆی هەیە. بەڵام لە چ پەرستگایەکدا، حەوز وئاوی وەکو ئوقیانووس هەیە؟ گومەز وتاقی وەکو ئاسمان هەیە؟ چرای وەکو خۆر ومانگ و ستیران هەیە؟ یان پەیکەرانی هاوتای بەشەرێن زیندوو ومیهرەبان و هاوسۆزی یەکدی لە کوێ هەیە؟ ئاخر لە چ کتێب و تۆمارێکا، شوێنەواری وەکو ئەو خێر وبەرەکەتەی کە خوا لە پێناوی شادمانی بەشەردا، بە سەرانسەری گەردووندا بڵاوی کردووەتەوە، هەیە ودەبینرێ؟ کام کتێب و قانوون و یاسا و ڕێسا، بە ئەندازەی ئەوەی لە دڵی بنیادەمدایە، ڕوون وخۆیایە؟ کام نەزر و قوربانی وفیداکاری دەگاتە تۆزی پای ئەو فیداکاریەی کە پیاو وژنی خۆشەویست بۆ یەکی دەکەن؟ کام میحراب بە تۆزی پێی میحرابی دڵی بنیادەمی باشدا دەگات کە خودی خوا لەوێدا حوزووری دەبێ تا نەزر وقوربانیەکان بە دەستی خۆی وەربگرێت؟ تا ئیدراکی ئینسان بۆ خوا باڵاتر بێ، باشتر خوا دەناسێت. تا زیاتر خوا بناسیت. لێی نزیکتر دەبێتەوە. ئیدی چاکی، ڕەحمەت، و میهرەبانی خودا دەکات بە سەرمەشقی خۆی.

کەواتە ئەو کەسەی قەناعەتی وایە کە ڕوناکی خۆر هەموو دنیا پڕدەکات و دەگرێتەوە، با واز لە سەرزەنشت کردنی ئەو خورافە پەرەستە بێنێ کە بەشێک لە نووری خوا لە بتەکەی خۆیدا دەبینێ. با قسە تەنانەت بەو کافرە کوێر وخوانەناسەش نەڵێت کە خۆر نابینێ و نکۆڵی لێدەکات و حەز بە خراپەی نەکات.

یارۆی چینی، موریدی کونفوشیوس بەوجۆرە قسەکانی تەواو کرد. ئامادەبووانی قاوەخانەی سورات هەموو بێدەنگ بوون و وازیان لە مجادەلە ومشت ومڕو گەنگەشەی ئەو بابەتە هێنا، کە دین و ئاینی کێ باشترە.

سالی ١٨٩٣

## ٢٠ – زۆر گران

( بە دەستکارییەوە لە چیرۆکێکی موپاسانەوە وەرگیراوە. )

لە نزیکی سنووری فەرەنسا و ئیتاڵیا، لە کەنارەکانی مدیترانە، سوڵتاننشینێک هەیە بە ناوی موناکو. زۆر شاری بچووکی دیکە هەن کە ژمارەی دانیشتووانیان، لەم سوڵتاننشینە زۆرترە. ژمارەی هەموو دانیشتوانی ئەم سوڵتان نشینە، حەوت هەزار کەسن. ئەگەر خاکی ئەم سوڵتان نشینە بەسەر دانیشتووانەکانیا دابەش بکرێت، لەوەیە هەر نەفەرە وتەنیا یەک هیکتار زەوی بەربکەوێ. بەڵام لەم وڵاتە بووکەڵە ئاسایەدا، پاشایەکی ماقووڵ ورێک وپێک، فەرمانڕەوایی دەکات. کۆشک ودەربار ودەست و پێوەند، وەزیر و گزیر، مەتران و قەشە، میرانی لەشکر و سوپای هەیە.

سوپاکەی گەورە نییە. هەمووی شەست نەفەرە. بەڵام وێڕای ئەوەش سوپایە. لەم سوڵتان نشینەدا وەکو هەر شوێنێکی دیکە باج هەیە. باجی سەر توتن، شەراب، مەی و قەخواردن، باجی ڕێگاوبان وباجی شەخسیش هەیە. هەرچەندە خەڵکی ئەم سوڵتان نشینە، وەکو خەڵکی هەموو وڵاتانی دنیا دەیانخواردەوەو جگەرەیان دەکێشا، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانە هێندە کەم بوون، کە ئەگەر شافێڵێکی نەدۆزیباوە کە پارە و دەرامەتی پێ دابین بکات، نەک هەر لە عۆیەی خەرجی دەربارییان و وەزیرانی دەوڵەت و دەست وپێوەند وفەرمانبەران نەدەهات، بەڵکو خەرجی خۆیشی پێ دابین نەدەکرا. ئەم فێڵە قومارخانەیەک بوو کە خەڵکی لەوێندەر قومار و یاری ڕۆڵێتیان دەکرد. لێرەدا قومار دەکرێ، ئیدی قومارچییان بدۆڕێن یان ببنەوە، ڕێژەیەک لەو پارەیەی کە دەستاودەست دەکات، بۆ قومارخانەکە دەبێت. هەڵبەتە بەشی هەرە زۆری ئەم پارەیە بە سوڵتان ( شا ) دەدرێ. بۆیە زۆربەی ئەو

پارەیە بە سوڵتان دەدرێ، چونکە ئەو قومارخانەیە، تاقە قومارخانەی هەموو ئەوروپایە. لە هەندێک شار و دەڤەرێن بچووکی ئەڵمانیا قومارخانە هەبوون. بەڵام چەند ساڵێک بوو قەدەغە کرابوون. هۆی داخستنی ئەو قومارخانانە، ئەو ماڵوێرانی و زیانە گەورانە بوو کە لە خەڵکی دەکەوت. جاری وا هەبوو یەکێک دەهات تا بەختی خۆی تاقیبکاتەوە، کاتێکی بەخۆ دەزانی، دار ونەداری دۆڕاندووە. ئەوسا قەرزی دەکرد و ئەویشی دەدۆڕاند. ئیدی لە نائومێدیدا پەنای وەبەر خۆکوژی دەبرد یا خۆی دەخستە ئاوەوە تا بخنکێ یان خۆی دەکوشت. ئەوە بوو ئەڵمانەکان، ڕێگەیان بە فەرمانڕەواکانیان نەدا لەم ڕێگەیەوە، دەرامەت ودارایی بە دەست بێنن وپەیدا بکەن. بەڵام چ کەسێک نەبوو ڕێگری لە شازادەی مۆناکۆ بکات. ئیدی ئەو کارەی بۆ خۆی مۆنۆپۆل کردبوو.

ئیدی هەرکەسێک بیەوێ قومار بکات، ڕوو دەکاتە مۆناکۆ، ئیدی بدۆڕێنن یان بیبەنەوە، شازادە و مەلیکی مۆناکۆ، قازانجیەتی. ئیدی ئەم پەندە دروستە کە دەڵێت: " کۆشکێن بە شکۆ وجەلال بە کاری ئابڕوومەندانە دروست ناکرێت." سوڵتانی مۆناکۆش دەزانێت ئەو کارە، ئەو جۆرە دەستکەوت ودەرامەتە، دروست و ڕەوا نییە، بەڵام چاری نەبو، دەبوایە دەرامەتێکی هەبوایە وکاروبارەکانی پێ بەڕێوە ببردایە. خۆ باجی سەر مەشروب وجگەرەش کارێکی ڕەوا نەبوو. سوڵتانی مۆناکۆ بەوجۆرە فەرمانڕەوایی دەکردو دەژیا، دەرباری خۆی وهەموو ڕێ وڕەسمە شاهانەکانی بەڕێوە دەبرد. تاجگوزاری دەکرد، سەربازگیری دەکرد، پاداشتی دەداو سزای دەدا، هەروەها ئەندامانی شورا و یاسا و ڕێسا و دادگا و دادسێنی هەبوو و وەکو هەر شایەکی دی، بەڵام بە ڕادەیەکی بچووک و سنووورداتر وڵاتی بەڕێوە دەبرد.

بەڕێکەوت، چەند ساڵێک لەمەپێش. لە قەڵەمڕەوەکەی سوڵتانی مۆناکۆدا تاوانێک ڕووی دا. خەڵکی مۆناکۆ، خەڵکێکی بێوەی و ئاشتیخوازن. پێشتر ڕووداوی لەوجۆرە لە وڵاتەکەیاندا ڕووی نەدابوو. دادوەر وقازیان، بە تەشریفاتی پێویست و بە چاودێری هەموو ڕێنماییەکانەوە، بە دادوەرانەترین شێوە، پەڕاویان بۆ کەیسەکە کردەوە. جگە لە قازییان، دادسێن و داواکار و داواکراو و پارێزەران هەموو ئامادەی دانیشتنەکان بوون.

گەنگەشە و گفت وگۆیەکی زۆر کرا. بەدواداچوونی زۆر بۆ کەیسەکە کرا. ئەنجام بە گوێرەی دەقی ڕاشکاوی یاسا، قەرار درا کە تاوانبار ئیعدام بکرێ. تا ئێرە هەموو کارەکان بە باشی بەڕێوە چوون. پاشان پوختەی قەرارەکە درا بە سوڵتان. سوڵتان قەرارەکەی خوێندەوە وئیمزای کرد وگوتی: " ئەگەر قەرارە سەری یارۆی تاوانبار بپەڕێنرێ و ئیعدام بکرێ، با ئیعدام بکرێ و سەری بێتە پەڕاندن."

بەڵام کێشەیەک هاتە ئاراوە. نە مل پەڕێنیان هەبوو نە جەلاد تا قەرار وحوکمەکە ئەنجام بدرێ. چاری کێشەکە بە وەزیران سپێردرا. دوای شیرەت وڕاوێژ، لە سەر ئەوە ڕێکەوتنکە داوا لە حکومەتی فەرەنسا بکەن کە ئایا دەتوانێ مل پەڕێنێک و جەلادێکیان بە ئەمانەت بۆ بنێرێ وهەزینە وتێچووی ئەم کارە دەکاتە چەند؟ ئەوە بوو نامەی فەرمی نێردرا. دوای هەفتەیەک وەڵامیان درایەوە کە دەکرێ مل پەڕێن وجەلاد بنێردرێ و تێچووی ئەم کارەش دەکاتە شازدە هەزار فڕانک. وەڵامەکەیان عەرزی سوڵتان کرد. سوڵتان لە فکران ڕاچوو، زۆری بیر کردەوە. ئەو بڕە پارەیەی بەلاوە زۆر بوو، زۆر گران بوو، شازدە هەزار فڕانک؟ گوتی: " ئەم کلۆڵە شازدە فڕانک نایەنێ! ناکرێ بە نرخێکی هەرزانتر ئیعدام بکرێ؟ ئەم پارەیە ئەگەر بە سەر تێکڕای دانیشتوانی وڵاتدا دابەش بکرێت، هەر نەفەرە ودوو فڕانکی بەر دەکەوێ. خەڵکی ئەوە قەبووڵ ناکەن، لێمان هەڵدەگەڕێنەوە، چییە دەتانەوێ خەڵکی شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپا بکەن؟!

دووبارە کۆبوونەوە کرا، تا چارەسەرێک بدۆزرێتەوە. قەرار درا، هەمان داوا لە حکومەتی ئیتاڵیا بکرێ. بەهەرحاڵ حکومەتی فەڕەنسا کۆماری بوو و ڕێزی هیچ پاشایەکی لە لا نەبوو. بەڵام شای ئیتاڵیا، دوور نەبوو، مدارای برا تاجدارەکەی خۆی بکات. ئەوە بوو نامە بۆ دەوڵەتی ئیتاڵیا نێردرا. بە خێرایی وەڵامیان بۆ هاتەوە. دەوڵەتی ئیتاڵیا وەڵامی دابووەوە کەبە خۆشحاڵییەوە ئامێر وجەلادیان دەخاتە خزمەت و تێچووەکەی، بە هەقی بردن و هێنانەوەوە دەکاتە دوازدە هەزار فرانک. دیارە ئەم نرخە هەرزانتر بوو، بەڵام هێشتا هەر زۆر گران بوو. ئەو کابرا بەرەڵڵایە، ئەو پارەیەی نەدەهێنا. هێشتائەگەر بە سەر تێکڕای خەڵکی وڵاتدا دابەش بکرایە، هەر

نەفەرەو نزیکەی دوو فرانکی بەردەکەوت. بۆیە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری دی کرا. هەزار و یەک پێشنیاز وچارەسەر خرایە ڕوو، تا بزانن چۆن ئەم مەسەلەیە بە کەمترین تێچوو یەکلایی بکەنەوە. یەکێک پێشنیازی کرد، داوا لە یەکێک لە سەربازەکان بکرێ، کە ئەم ئەرکە، بە شێوازێکی لۆکاڵی، هەرچەند پڕ ئازاریش بێ، ئەنجام بدات. فەرماندەی لەشکریان بانگکرد ولێیان پرسی: "دەتوانێ سەربازێکیان بۆ بدۆزێتەوە کە بتوانێ سەر ببڕێت؟ بەهەرحاڵ کاری سەرباز کوشتن و سەربڕینە، چ فەرقێ دەکات لە مەیدانی شەڕا بێ وچ لە مەیدانی شارا؟ هەموو سەربازێک لەسەر ئەوە مەشق دراوە!" فەرماندەکە، ئەو بابەتەی لەگەڵ سەربازەکانیا باسکرد، تا بزانێ کەسیان تیایە بچێتە ژێر ئەو بارە. بەڵام شتاقیان نەچوونە ژێر ئەو بارە، یەک دڵ و یەک زمان گوتیان: "ئێمە مەشق وڕاهێنانمان لە سەر شتی وا نەکردووە. ئێمە فێری شتی وەها نین. بە تەمای ئێمە مەبە."

ئەدی تەگبیر؟ دیسان وەزیران بۆ شیرەت و ڕاوێژ کۆبوونەوە . دووبارە لە مەسەلەکە کۆڵینەوە، لیژنەیەکی باڵا وپاشان لیژنەیەکی بچووکیان پێکهێنا کە چ بکرێ. سەرەنجام بڕیار درا، کە سزاکە لە ئیعدامەوە بکرێ بە حەپسی ئەبەدی. کە هەم دەیکردە نیشانەیمیهر وبەزەیی و مەرحەمەتی شا و هەم هەرزانتر دەکەوت.

سوڵتان، پێشنیازەکەی پەسند کرد وتەرتیبی پێویست بۆ گۆڕینی حوکمەکە کرا. تاقە کێشە ئەمە بوو کە زیندانێکی گونجاو بۆ کابرایەکی حەپسی ئەبەدی نەبوو. لە وڵاتا زندانێکی بچووک هەبوو، کە هەندێجار بە شێوەیەکی کاتی و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تاوانبارێکیان تیا حەپس دەکرد. بەڵام زندانی، تووند وتۆڵ و قایمی ئەوتۆ لە وڵاتا نەبوو کە کابرایەکی مەحکووم بە حوکمی ئەبەدی تیا حەپس بکەن. بەرپرسان، سەرەنجام شوێنێکیان دۆزییەوەو کابرای گەنجیان بۆ ئەوێندەر بردو پاسەوانێکیان بۆ دانا. دەبوایە ئەم پاسەوانە چاودێری زیندانییەکە بکات وهەموو ڕۆژێ بچووبایە بۆ ئاشخانەی دەربار تاخواردنی بۆ بێنێ.

کابرای زیندانی چەند مانگێک لەوێ مایەوە. ساڵێکبووری. بەڵام دوای ساڵەکە، ڕۆژێک سوڵتانی مۆناکۆ، حیسابێکی خەرج و دەرامەتی

قەڵەمڕەووەکەی خۆی کرد. لە لیستی خەرجیەکاندا چاوی بە بەندێکی تازە کەوت کە بریتی بوو لە مەسرەف و خەرجی کابرای زیندانی، پارەیەکی کەم نەبوو. کرێ و مووچەی پاسەوانە تایبەتیەکە، و مەسرەفی خوردن وخوراکی ساڵانەی کابرای مەحکووم، دەیکردە پتر لە شەش سەد فرانک. جا بۆ نەگبەتی کابرای زیندانی هێشتا گەنج و سەرحاڵ و ساغ و سەلامەت بوو. دوور نەبوو پەنجا ساڵی دیکەش بژی. کاتێ چووە بنج و بناوانی مەسەلەکە و هەموو وردە کارییەکانی لێکدایەوە، سەیری کرد ئەم کێشەیە، کێشەیەکی گەورەو جدیە. هەنگێ سوڵتان، وەزیرەکانی گازکرد وگوتی:

" دەبێ ڕێگەیەکی هەرزانتر بۆ مامەڵە کردن دەگەڵ ئەم بەرەڵڵایەدا بدۆزنەوە ، ئەم نەخشەیەی ئێستا زۆر گرانە."

وەزیرەکان کۆبوونەوە، ڕاوێژ وتەگبیریان کرد. سەرەنجام یەکێکیان گوتی: " بەڕای من باشترین ڕێگە ئەمەیە کە پاسەوانەکە دەربکەین." یەکێک لە وەزیرەکان بەرپەرچی دایەوە کە لەو حاڵەتەدا زیندانییەک هەڵدێت.

وەزیری یەکەم گوتی: " باشتر با ڕابکات، لە شەڕی ئەو ڕزگار دەبین."

پاشان، ئەنجامی گفتوگۆ وڕاوێژەکەیان عەرزی سوڵتان کرد وسوڵتان پەسندی کرد. پاسەوانەکەیان دەرکرد تا بزانن چی ڕوودەدات. ئەوە بوو کابرای تاوانبار لە کاتی نان خواردنا هاتە دەرەوە. سەیری کرد پاسەوانەکە لەوێ نییە، چوو لە ئاشخانەکە جیرەی خۆی وەرگرت وبۆ زندانەکە گەڕایەوەو لە ناوەوە دەرگای داخست. بۆ سبەینێ هەمان حاڵەت دووبارە بووەوە. لە کاتی خۆدا دەچوو جیرەکەی وەردەگرت، بۆ زندانەکە دەگەڕایەوە ولە ژوورەوە دەرگای لە خۆی دادەخست، سەبارەت بە هەڵاتن، پێنەدەچوو هەر بیریشی لێبکاتەوە. دیار بوو کابرای زندانی نیازی هەڵاتنی نەبوو. باشە تەگبیر؟ وەزیرەکان دیسان کۆبوونەوە. یەکێک لە وەزیرەکان پێشنیازی کرد: "با بە ڕاشکاوی تێی بگەیەنین و قسەی لەگەڵدا بکەین، تا تێبگات نامانەوێ لێرە بمێنێ و دەبێ بڕوات."

وەزیری داد، داوای کرد زندانیەکەی بۆ بێنن وپێی گوت: " بۆ نارەڤی؟ پاسەوانەکەتیان لابردووە، دەتوانی بۆ خۆت بڕۆی، کوێت پێخۆشە بۆ ئەوێ بڕۆ. سوڵتانیش قایلە."

کابرا بەرسڤی دایەوە: " دەزانم سوڵتان پێی ناخۆش نییە، بەڵام هیچ شوێنێکم نییە بۆی بڕۆم. کارێک نییە بیکەم. بەم حوکمە ئابڕوتان بردم، خەڵکی ڕووم نادەنێ، پشتم تێ دەکەن. ئەمە جگە لەوەی کەڵکەڵەی کارکردنم لە دڵ دەرچووە، زەوقی ئیش کردنم نەماوە. خراپتان لەگەڵ کردم، ئەمە ئەوپەڕی بێ ئینسافیە. هەر ئەوکاتەی حوکمی ئیعدامتان دام، دەبوایە ئیعدامم بکەن. بەڵام حوکمەکەتان جێبەجێ نەکرد. ئەمە یەکەم زولم بوو کە لە منتان کرد. منیش سکاڵام لە سەرتان تۆمار نەکرد. ئەوسا حوکمەکەتان لەسەر سووک کردم و کردتان بە حوکمی ئەبەدی. پاسەوانێکتان بۆ دانام، کە هەموو ڕۆژێ خواردنم بۆ بێنێ. کەچی دوای ماوەیەک پاسەوانەکەتان دەرکرد. منتان ناچار کرد بەخۆم بڕۆم و جیرەکم بێنم. ئەمەیان زوڵم و ستەمی دووەم بوو لەمەشا قسەم نەکرد. ئێستا هاتوون، پێشنیازی ئەوەم بۆ دەکەن هەڵێم و یاسا شکێنی بکەم! نا، ئەمە قەبووڵ ناکەم. هەر بەڵایەکم بەسەر دێنن درێغی مەکەن. بێ منەت بن، بەڵام خەیاڵتان خاوە بچمە ژێرباری یاسا شکێنی.

ئەدی چارە؟ جارێکی دی کۆبوونەوە کرا. چ ڕێگایەک بگرنە بەر؟ ئەم زندانیە ئامادە نییە ڕابکات. زۆریان بیر کردەوە، گەیینە ئەو قەناعەتەی کە تاقە چارە بۆ ئەوەی لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە، تەنیا ئەوەیە مووچەیەکی خانەنشینی بۆ ببڕنەوە. ئەو پێشنیازەیان عەرزی سوڵتان کرد وگوتیان: " لەوە زیاتر هیچ چارەیەکی دی نیە، دەنا لێمان نابێتەوەو ناڕوات." ئەوە بوو قەرار درا ساڵانە شەش سەد فرانکی بدەنێ. ئەو قەرارەیان بە زندانیەکە گوت. گوتی: " زۆر چاکە، لاریم نییە، مادامێکی بە بەردەوامی و بە ڕێک و پێکی مووچەکەم دەدەنێ بەم مەرجە قایلم."

بەوجۆرە کێشەکە یەکلایی کرایەوە. یارۆی زندانی سێیەکی مووچەی خانەنشینیەکەی لە پێشەوە وەرگرت تا لە قەڵەمڕەوی سوڵتان وەدەربکەوێ وبڕوات. بە قیتار، لەم پەڕی قەڵەمڕەوەکەوە تا ئەوپەڕی، تەنیا یەک

چارەکە سەعات بوو، بە سواری قیتار ڕۆیی و لەوبەری سنوور گیرسایەوە، پارچە زەوییەکی کڕی، کەوتە کشتوکاڵ، بە پارەی فرۆشی بەروبوومی کشتوکاڵی، ژیانێکی ئاسوودەی گوزەراند. هەموو سەری مانگێ دەڕۆیی و مووچەی خانەنشینیەکەی وەردەگرت. هەرکە پارەکەی وەردەگرت، دەچوو بۆ قومارخانە، بایی یەک دوو فرانکان گرەوی دەکرد. هەندێجار دەیبردەوەو هەندێجار دەیدۆڕاند. پاشان بۆ ماڵ دەڕۆییەوە، بێخەم وخەیاڵ دەژیا.

بەختی یار بوو، لە وڵاتێکا پیاوی نەکوشتبوو، کە خەرجی لە مل دانی بە لای حکومەتەوە ناچیز بێ یان خەرجی زندانییەکی ئەبەدی بەلاوە قورس و گران نەبێ.

ساڵی ١٨٩٧

# پاژی حەوتەم

## چەند چیرۆکێک

## بە مەبەستی یارمەتیدانی چەوساوان

## ٢١ – ئەسەرحەدونی شای ئاشور

ئەسەرحەدونی شای ئاشور، قەڵەمڕەوی لایلی گرت. شارەکانی وێرانکردو سووتاندنی. هەموو خەڵکی ئەو وڵاتەی بە دیلی گرتن وبردنی بۆ وڵاتی خۆی. سوپاییان و جەنگاوەرانی ئەوێی هەموو قەتڵوعام کرد، ژمارەیەک لە سەرانی سوپا و عەشیرەتەکانی سەربڕی، لە خاچی دان. خازوقی لەوانی دی بڕی یا پێستی گروون. خودی شای " لایلی " شی لە قەفەزێکا حەپس کرد.

شەوێ ئەسەرحەدون شا، لەسەر تەختەکەی ڕاکشابوو. بیری لەوە دەکردەوە چۆن لایلی ئیعدام بکات. پیرەمێردێکی ڕدێن بڵندی ریش سپی ونیگا میرەبانی بینی.

پیرەمێردەکە، لە شای پرسی وگوتی:

- بە تەمای لایلی ئیعدام بکەیت؟

شا بەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ، بەڵام ناتوانم بڕیار بدەم چۆن ئیعدامی بکەم!

یارۆی پیرەمێرد گوتی: - بەڵام تۆ بە خۆت " لایلی " ت.

شا بەرسڤی دایەوە:

- قسەی بێ سەر و بەر مەکە، لایلی، لایلی یە و من، منم.

پیرەمێردەکە گوتی:

- تۆ و لایلی یەکێکن. تۆ تەنیا بە تەسەور وا دەزانی تۆ لایلی نیت و لایلی تۆ نییە.

شا گوتی:

- مەبەستت چییە؟ من ئەوەتام لێرە. لە سەر تەختە خەو ونوێنێکی نەرم پاڵکەوتووم و غوڵامان وکەنیزان وفەرمانبەران دەوریان داوم. سبەینێش وەکو ئەمڕۆ زیافەت و دەعوەتی ساز دەکەم ولە گەڵ دۆستەکانمدا دادەنیشم. بەڵام لایلی وەکو تەیرێک لە قەفەزدایە و سبەینێ بە خازوق ئیعدام

دەکرێت. زمانی لە دەمیەوە دەردێ تا دەمرێ و تەرمەکەی فڕێ دەدرێتە بەر سەگ و پارچەپارچەی دەکەن.

پیرەمێردەکە گوتی: - ناتوانی ڕۆحی ئیعدام بکەی!

شا بەرسقی دایەوە:

- ئەدی سەبارەت بەو چواردە هەزار نەفەرەی کە قەتڵوعامم کرد وشاخێکم بە جەستەکانیان دروستکرد چ دەڵێی؟ من زندووم و ئەوان نەمان. ئەمە بەڵگە نییە کە دەتوانم، گیانی خەڵکی بستێنم؟

- جا چوزانی، کە ئەوانە نەماون؟

شا گوتی:

- چونکە نایان بینم. ئەمە جگە لەوەی ئەوان ئەشکەنجە دران، من ئەشکەنجە نەدراوم. ئەوان ڕووبەڕووی شومترین چارەنووس بوونەوە، من لەوپەڕی خۆشیام.

- ئەمانە هەموو خەیاڵ پڵاوی تۆن. تۆ خۆتت ئەشکەنجە داوە، نەک ئەوان.

شا گوتی: - تێناگەم، چ دەڵێی؟

- حەز دەکەی تێبگەی؟

- بەڵی، دەمەوێ تێبگەم، بەڵام زۆریش نا.

پیرەمێرد گوتی: - کەواتە هەستە وەرە ئێرە.

حەوزێکی پڕئاوی نیشاندا. شا هەستا چووە نزیکی حەوزاوەکە.

- جلەکانت داکەنە. بڕۆ ناو حەوزەکەوە.

ئەسەرحەدون، بە گوێی پیرەمێردەکەی کرد. پیرەمێردەکە شەربەیەکی پڕ لە ئاو کرد، بە پاشای گوت: " هەرکە ئەم ئاوەم بەسەرتا کرد، سەرت بخە ژێر ئاوەکەوە! "

پیرەمێرد، شەربە ئاوەکەی خوارکردەوە، ئاوەکەی بە سەری شادا کرد. شا، سەری بە ژێر ئاوەکەدا کرد.

هەرکە ئەسەرحەدون، سەری لە ئاوەکەدا نقووم بوو، هەستی کرد، ئەسەرحەدون نییە، کەسێکی دیکەیە. خۆی لەناو نوێنێکی نەرما ولە پاڵ ژنێکی جوانا، کە بە عەمراتی بەیبینی بوو، ڕاکشابوو. بەڵام دەیزانی کە هاوسەرێتی. ژنەکە ڕابوو و پێی گوت:

- مێردی ئازیزم لایلی، دوێنێ زۆر بە کارەوە ماندوو بوویت و لەجاران زیاتر خەوتی. بۆیە هەڵم نەساندی گوتم با ئیسراحەت بکەی. بەڵام ئێستا فەرماندەکان لە هۆڵە گەورەکەدا چاوەڕوانت دەکەن، هەستە جلەکانت لەبەر بکە و بۆلای ئەوان بڕۆ...

ئەسەرحەدون، کە بەم قسەیەدا بۆی دەرکەوت لایلییە  وهەستی بە هیچ سەرسامیەک نەکرد، غافڵگیر نەبوو. بەڵام سەری لەوە سوڕمابوو بۆچی پێشتر هەستی بەمە نەکردبوو. بەهەرحاڵ، جلکی لەبەرکرد وچوو بۆ هۆڵە گەورەکە کە فەرماندەو میرەکان لەوێ چاوەڕوانی بوون.

فەرماندە وشازادەکان، خێر هانینی لایلی شای خۆیان کرد. سەریان تا نزیکی ئەرزەکە بۆ دانەواندەوەو هەستانەوە. دوای ئەوەی ئاماژەی بۆ کردن، ئەوسا لە حوزووریا ڕۆنیشتن. شازادەیەکی دنیادیدەتر لەوانی دی هاتە قسان وگوتی: " بەڕاستی تاقەتیان لە حەقارەت وجنێو وشەڕ فرۆشییەکانی شا ئەسەرحەدون چووە، دەبێ ئیعلانی شەڕی لەگەڵدا بکەن." بەڵام لایلی قاییل نەبوو. بەڵکو ئەمری کرد شاندێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بۆ لای ئەسەرحەدون بنێردرێ. ئەوجا شازادەکانی مەرەخەس کرد. دوای ئەوە لە ناو پیاوماقوڵانی خۆیدا شاندێکی هەڵبژارد وئامۆژگاری کردن کە لە حوزووری شا ئەسەرحەدونا چ بڵێن.

ئەسەرحەدونپاش ئەوەی ئەو کارەی تەواو کرد- کە هەستی دەکرد لایلی یە- سوار بوو و چووە ڕاوی کەری کێوی (زێبرا) . ڕاوێکی سەرکەوتووی کرد. بە دەستی خۆی دوو کەرە کێوی ڕاو کرد. بۆ کۆشکەکەی گەڕایەوە. دەعوەت وزیافەتێکی لەگەڵ دۆستەکانیا بەرپا کرد. تەمەشای سوڕ وسەمای هەندێک

لە کەنیزەکانی خۆی کرد، ڕۆژی دوایی چوو بۆ دادگای دەربار. بە سکاڵاکانا ڕاگەیی. چاوی بە داواکارییەکاندا گێڕا، سەرپەرشتی دادگایی تاوانبارەکانی کرد. هەر لەوێدا، یەک بەیەکی قەرار و نەخشەکانی خۆی ڕاگەیاند. دوای تەواوکردنی ئەو کارانە، دیسان چوو بە لای سەرگەرمیە دلخوازەکەی خۆی، واتە بەلای شکار وڕاوەوە. ئەمجارەش توانی دێڵە شێرێک بکوژێت وهەر دوو بێچووەکەی بگرێت. دوای ڕاوەکە، دیسان دۆست و بنازۆکانی دەعوەت کرد. گوێی لە ئاهەنگ وموسیقا گرت. تەمەشای سەما و سوڕدانی کرد. ئەوجا شەوی دەگەڵ ژنە خۆشەویستەکەیدا گوزەراند.

ئیدی چەند هەفتەیەکی بەو شێوازە گوزەراند، هەم ئەرکی پاشایەتی ئەنجام دەدا و هەم شکار و ڕاوی خۆی دەکرد. چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو شاندەی دەکرد کە بۆ نک ئەسەرحەدونی ناردبوون. ئەو ئەسەرحەدونەی کە جاران خۆی بوو. شاندەکە دوای مانگێک بە لووت و گوێ بڕاوی گەڕانەوە.

شا ئەسەرحەدون، بە شاندەکەی گوتبوو، بە لایلی بڵێن کە ئەگەر بە زووترین کات باجی زێڕ وزیو وداری کوناری بۆ نەنێرێ و بە خۆی نەیەت و ملکەچی خۆی بۆ ئەسەرحەدون ڕانەگەیەنێ، هەمان بەڵای ئەوانی ( شاندەکە ) بەسەر دێنێ.

لایلی، کە پێش ئێستا ئەسەرحەدون بوو، شازادە و فەرماندەکانی بانگکرد و ڕاوێژی پێکردن کە تەگبیریان چییە و چی بکەن. هەموو بە یەک دڵ وبەیەک زمان گوتیان دەبێ هێرش بکەنە سەر ئەسەرحەدون ونابێ چاوەڕوانی بکەن تا ئەو هێرش بکاتە سەر ئەمان.

شا قایبل بوو. ئەوسا فەرماندەیی سوپای لە ئەستۆ گرت وشەڕ دەستی پێکرد. هێرش و پەلامار حەوت ڕۆژ درێژەی کێشا. هەموو ڕۆژێک شا بە سواری بە ناو سوپادا دەسووڕایەوەو ورەی شەرڤانانی بەرز دەکردەوە. زاتی وەبەر دەنان و جۆشی دەدان. ڕۆژی هەشتەم سوپاکەی لە دۆڵێکی پانا، کە ڕوبارێکی پێدا دەڕۆیی، ڕووبەڕووی سوپای ئەسەرحەدون بووەوە. سوپاکەی لایلی – ئەسەرحەدونی جاران- مەردانە ملیان بەشەڕەوە نا. بەڵام لایلی – ئەسەرحەدونی جاران – سەیری کرد سوپای دژمن وەکو مێرووله لە چیاکانەوە دابارێن ولە هەموو لایەکەوە سوپاکەی ئەمی گەمارۆ دا و

دۆڵەکەیان داگیر کرد وبەسەر سوپاکەی ئەمدا زاڵ بوو. سواری گالیسکەیەکی جەنگی بوو وخۆی بە ناو جەرگەی سوپای دژمندا دا و، شەلم کوێرم کەس نابوێرم، لە چەپ و لە ڕاستەوە، لێی دەکوشتن. هەرچەندە شەرڤانانی لایلی بە سەدان بوون، بەڵام سوپای ئەسەرحەدون بە هەزاران بوون. لایلی بە بریندراری یەخسیر کرا. نۆ دانە ڕۆژ، لە گەڵ دیل و ئەسیرەکانی دیدا، دەست وپێ بە کۆت وزنجیر، بە نیگابانی سوپاییانی ئەسەرحەدون، ڕێگای بڕی. ڕۆژی دەیەم گەیینە نەینەواو لایلی لە قەفەزێکا حەپس کرا. لایلی ئەوەندەی لە شەرم و تووڕەییا، ئازاری دەکێشا، نیو ئەوەندە بە برسیەتی و ئازاری زامەکەیەوە، نەدەتلایەوە، هەستی دەکرد، لە ئاستی دژمنا، لەوە بێ تواناتر و بێ دەسەڵات ترە کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. تەنیا کارێک لە دەستی دەهات ئەوەبوو کە نەیەڵێ دژمن، لەزەت لە ئازار و ژانی ئەو وەربگرێ. بڕیاری دا مەردانە بەرگری بکات. خۆی لەبەر هەرجۆرە ئازار و ئەشکەنجەیەک ڕابگرێت. هیچ جۆرە لاوازییەک نەنوێنێ. بیست دانە ڕۆژ لە قەفەزەکەیا و بە دەم چاوەڕوانی ئیعدامەوە مایەوە بەچاوی خۆی دەی بینی کە چۆن خزمان و دۆستانیان بڕبڕ بۆ کوشتن دەبرد. دەست ولاقی هەندێکیان دەبڕی و پێستی هەندێکی تریان بە زندوویەتی دەگرووو. بەڵام بە هیچ جۆرێ نە نیگەرانی و نە ترس و، نە لاڵانەوە و پاڕانەوە لە لایلیدا بە دی نەدەکرا.ژنە ئازیز و خۆشەویستەکەی بینی کە لە لایەن دوو خەسیاگەوە دەبرا. یەکسەر زانی کە بە کەنیزی بۆ ئەسەرحەدونی دەبەن. ئەم ئازارەشی بەبێ ئاە ونالە تەحەمول کرد. یەکێک لە پاسدارە نیگابانەکانی ئەو گوتی: " لایلی، بەڕاستی دڵم بە حاڵت دەسووتێ، ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆش بۆ خۆت پاشا بووی، تەمەشا ڕۆژت بە چ ڕۆژگارێکی ڕەش گەییوە. " لایلی کە گوێی لەو قسانە بوو، هەر هەموو ئەو شتانەی وەیاد هاتەوە کە لە دەستی دابوون. شیشی قەفەزەکەی گرت وبەو نیازەی کە خۆی بکوژێت، سەری بە شیشەکاندا کێشا، بەڵام هێز و توانای ئەو کارەی تیا نەمابوو. بەدەم ناڵینەوەو لە نائومێدیدا، لەنێو قەفەزەکەدا کەوت. سەرەنجام دوو جەلاد دەرکی قەفەزەکەیان کردەوە. دەستەکانیان لە پشتەوە بەست. ئەوجا بردیان بۆ مەیدانی ئیعدام کە شوێنێکی خوێناوی بوو. لەوێ خازوقێکی نووک تیژی بینی کە خوێنی لێدەچۆڕا. تازە جەستەی یەکێک لە هاوڕێکانی ئەویان

لەسەری لابردبوو. یەکسەر هەستی کرد بۆیە هاوڕێکەی ئەویان لەسەر لابرد، تا خازوقەکە بۆ ئیعدامکردنی ئەم ئامادە بکەن. جلەکانیان لەبەر داکەند. سەری لە لاواز بوون و پووکانەوەی جەستە بەهێز وجوانەکەی خۆی سوڕما. دوو جەلادەکە لە ڕانە لاوازەکانی نەوین، بەرزیان کردەوە، تا بیخەنە سەر خازووقە ترسناکەکە.

لایلی مەرگی بەچاوی خۆی بینی. ئەو بڕیارەی خۆی، کە لێبڕا بوو بوێر و ورە بەرز  مقاوەمەت بکات و لاوازی نیشان نەدات، لەبیرکرد. کەوتە گریە و پاڕانەوە. بەڵام کەس گوێی لێنەگرت.

لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "وا دیارە خەو دەبینم، چونکە شتی واهی ماقووڵ نییە!" هەوڵیدا بێدار ببێتەوە. لە خەو بێداربووەوە، سەیری کرد نە ئەسەرحەدونە و نە لایلی، بەڵکو جۆرە حەیوانێکە. ئەم حەیوان بوونەی خۆی پێ سەیر بوو. زیاتر سەری لەمە سوڕما کە تا ئێستا نەیزانی بوو حەیوانە. خۆی لە دۆڵێکا بینی یەوەدەلەوەڕی. بە ددانەکانی گیای تازەی دەخوارد. بە کلکە درێژەکەی ئەو مێش و مەگەزانەی لە خۆ پاس دەکرد کە لە سەر پشتی نیشتبوونەوە. جاشە کەرێکی بۆرباوی لاق درێژی پشت خەت خەت، لە دەوروبەریا لاساری دەکرد. جاشە کەرەکە بە چوار ناڵە بۆلای ئەسەرحەدون هات. دەم و قەپۆزی بە ژێر سکیان گێڕا تا گوانی بدۆزێتەوە. دوای ئەوەی گوانی دۆزییەوە، دەستی بە مژینی کرد. هەنگێ ئەسەرحەدون هەستی کرد ماکەرێکە ودایکی ئەو جاشە کەرەیە. ئەم حاڵەت و دیمەنە، نە سەرسامی کرد و نە خەمبار، بگرە شاد وکەیف خۆشیشی کرد. هەستی کرد ئەو ژیانەی خۆی و جاشەکەی خۆشە.

لە ناکاوا شتێک بەلایا ڕەت بوو، کەوت بە لاتەنگەیدا. سەری تیژی شتەکە پێست و گۆشتەکەی بڕی. ئەسەرحەدون – کە بووبوو بە کەری کێوی – هەستی بە ئازار کرد. گوانی لە دەمی جاشەکەی دەرهێنا وبە یورغە بەرەو ڕەوە زیبراکان ڕۆیی. جاشەکەش پێ بە پێی ئەو هات. ڕەوە زێبراکە دەستی بە ڕەڤین و ڕەوینەوە کردبوو. نزیکی ڕەوە کەرەکە بوونەوە، تیرێکی دیکە بەر ملی جاشەکە کەوت، پێست وگۆشتەکەی سمی. جاشەکە بە چۆکا هات. ئەسەرحەدون نەیدەتوانی بە جێی بێڵێ. بەدیاریەوە وەستابوو. جاشەکە

هەستایەوە. لەرزی، لاقە لاوازەکانی ڕایان نەدەگرت. دووبارە کەوتەوە سەر ئەرزەکە. بوونەوەرێکی ترسناکی دوو پێ- ئینسان – گەییە سەری و سەری بڕی.

ئەسەرحەدون لە فکران ڕاچوو: "دیارە من خەون دەبینم، ئەمە ڕموزنە. گومانی تیا نییە کە من کەری کێوی نیم. " لایلی" ش نیم، بەڵکو ئەسەرحەدونم!"

هاواریکرد. لە هەمان کاتا سەری لەژێر ئاوی حەوزەکە دەرهێنا وگوتی: " ئاە، چەند ترسناک بوو! چەند دوور ودرێژ بوو!"

پیرەمێردەکە گوتی: "درێژ؟ تۆ تەنیا سەرت کردە ژێر ئاوەکە ودەرت هێنایەوە. تەمەشا هێشتا هەموو ئاوی شەربەکەم "تونگە" بەسەرتا نەکردووە. ئێستا لە مەسەلەکە حاڵی بووی؟"

ئەسەرحەدون، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. بە ترسەوە ڕوانیە کابرای پیرەمێرد. پیرەمێردەکە لەسەری ڕۆیی:

- ئێستا بۆت دەرکەوت کە لایلی تۆیت و ئەو جەنگاوەر و شەرڤانانەش کە کوشتنت تۆ بوون؟ هەر سەرباز وجەنگاوەرەکان نا، بەڵکو ئەو حەیوانانەش کە لە ڕاوو شکارا دەتکوشتن و بەناوی دەعوەت وزیافەتەوە دەتخواردن، خۆت بوون. وات وێنا دەکرد ژیان تەنیا لە تۆدا هەیە و تەنیا تۆ هەقی ژیانت هەیە. پەردەی خەیاڵی پووچ و بەتاڵم لەبەر چاوت لابرد تا بە چاوی خۆی ببینی کە بە خراپەکردن لەگەڵ خەڵکیدا خراپە لە گەڵ خۆتیشا دەکەیت.ژیانی هەموو زیندەوەرەکان، یەک ژیانە، ژیان دیاردەیەکی هاوبەشە لە گشت زندەوەرەکاندا. تۆ بە مومارەسەی ئەو بەشە ژیانەی کە هی خۆتە، دەتوانی ژیان باشتر یان خراپتر بکەی. جوانتر یان دزیوتری بکەی، تاقە ڕێگای باشترکردنی ژیانت ئەمەیە، کە هەموو ئەو لەمپەڕ و کۆسپانەی کە ژیانی تۆ لە خەڵکی جیادەکەنەوە، هەڵگریت. دەبێ خەڵکانی دی بە خۆت بزانی و بە هەمان چاو سەیریان بکەی کە سەیری خۆت دەکەی. ئەوانیشت وەکو خۆت خۆشبوێ. ئەگەر وابکەی بەشی تۆ لە ژیان زیاتر وگەورەتر دەبێت. ئەگەر ژیان تەنیا بە خۆت ڕەوا ببینی و هەوڵی ئەوە

بدەی، ژیانی خۆت لە سەر حیسابیژیانی خەڵکانی دی خۆش بکەیت، ئاسیو بە ژیانی خۆت دەگەیەنی. بەم کارەت ژیانی خۆت کورت و بچووک دەکەیت. سڕینەوەی ژیانی خەڵکانی دی، کارێکە لە توانای تۆ بەدەرە. ژیانی ئەو کەسانەی کە کوشتوونت، لەبەر چاو تۆ دیار نەماوە، بەڵام نەسڕاوەتەوە، لەناو نەچووە. وات تەسەور دەکرد بە کورت کردنەوەی ژیانی ئەوان، ژیانی خۆت درێژ دەکەیەوە، بەڵام شتی وا لە سەرووی توانای تۆوەیە. ژیان نە کات دەناسێت ونە شوێن. ژیانی ساتێک و ژیانی هەزار ساڵ وەکو یەکە: ژیانی هەموو بوونەوەرانی دیار ونادیار لەم دنیایەدا هیچ جیاوازییەکی نییە، وەکو یەکە. سڕینەوەی ژیان یان گۆڕینی مەحاڵە. چونکە ژیان تاقە شتێکە کە بە راستی هەیە و شتەکانی دیکەی دەرێی ژیان، تەنیا وەهم و خەیالی ئێمەن، تەنیا لە خەیاڵی ئێمەدا هەن."

پیرەمێردەکە دوای ئەو قسانە ون بوو، دیار نەما.

ئەسەرحەدون، ڕۆژی دوایی ئەمری کرد. لایلی و هەموو دیلەکانی دیکە ئازاد بکەن و ئیعدام کردن ڕابگرن.

ڕۆژی سێیەم، ئاشور پانیپاڵی کوڕی بانگ کرد، کاروباری سەڵتەنەتی (پاشایەتی) بەو سپارد. بەخۆی ڕووی کردە کێو وبیابان تا بە وردی لەو شتانە ڕابمێنێ کە فێریان بووبوو. پاشان بە ناو شار وگوندان کەوت، دەستی بە وەعزدان کرد وبە خەڵکی دەگوت کە ژیان هەمووی یەک و یەکسانە. هەر کەسێک بیەوێ کەسێکی دی ئازار بدات، خۆی ئازار دەدات. ڕیسوایی و نامرۆڤانی بە خۆی ڕەوا دەبینێ.

ساڵی ١٩٠٣

## ٢٢ – کار، مردن، نەخۆشی

( ئەم حیکایەتە لە سوور پێستانی ئەمریکای باشوورەوە وەرگیراوە. )

دەگێڕنەوە، خواوەند لە هەوەڵەوە بەشەری وا دروستکرد کە نیازی بە کارکردن نەبوو. پێویستیان بە ماڵ و پۆشاک وخۆراک نەبوو. یەکی سەد ساڵێک دەژیان و نەیاندەزانی نەخۆشی چییە.

پاش ماوەیەک پەروەردگار تەمەشای کرد بزانێ بەشەر چۆن دەژین. بینی لە جیاتی ئەوەی دڵیان بە ژیان خۆشبێ، بەگژ یەکدیدا دەچن وشەڕ بە یەک دەفرۆشن. هەرکەسە لە خەمی خۆیدا بوو. کار گەییە ئاستێک خەڵکی لەجیاتی ئەوەی لەزەت لە ژیان بدینن، نەفرەت لە ژیان دەکەن.

هەنگێ خوا لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە زادەی ئەوەیە، کەس بە کەس نییە، کەس خەمی کەسی نییە. هەرکەسە وبەجیا وبۆ خۆی دەژی."جا پەروەردگار، بۆ ئەوەی ئەو بارۆدۆخە چاک بکات ، کارێکی وایکرد کە ژیان بە بێ کارکردن نەچێتە سەر و بەڕێوە نەچێت. خەڵکی ناچار بۆ خۆ پاراستن لە برسێتی وسەرما، ماڵ وخانوو دروست بکەن. زەوی بکێڵن. کشتوکاڵ بکەن، دار بڕوێنن، دانەوێڵە دابچێنن ومیوە ودانەوێڵە کۆ و پاشەکەوت بکەن.

خواوەند لە دڵی خۆیدا گوتی: "کارکردن، بەشەر لە یەکدی نزیک دەکاتەوە. بەتەنیا ناتوانن ئەوزار وتفاق دروستبکەن. دار ببڕنەوەو بیگوازنەوەو خانوو دروستبکەن، کشتوکاڵ بکەن ودرۆینە بکەن. خوری بڕێسن و پۆشاک بۆ خۆ بچنن، لەمەوە بۆیان دەردەکەوێ تا ڕاستگۆیانەتر، هاوکاری یەکدی بکەن، ڕزق وڕۆزیان زیاتر دەبێو ژیان گوزەرانیان باشتر دەبێت وئەمە لێکیان نزیک دەکاتەوەویەکیان دەخات."

ماوەیەک بووری. جارێکی دی خواوەند هات تا ببینێ خەڵکی چۆن دەژین، وئایا دڵیان بە ژیان خۆشە؟ بینی ڕەوشەکە لە جاران خراپترە. پێکەوە کاریان دەکرد(هەڵبەتە ئەمەیان لە ناچاریدا بوو) بەڵام نەک هەموویان بەیەکەوە. هەر گروپە وبە جیا. هەر گروپە هەوڵیدەدا گروپەکەی دی لە کار بێبەش بکات، دژایەتی یەکیان دەکرد. کێشەیان بۆ یەکدی چێدەکرد. بە هۆی ململانێوە کات وتوانای خۆیان بە فیڕۆ دەدا. ڕەوشی هەموویان خراپ بوو.

خوا ئەم ڕەوشەی بە دڵ نەبوو. بڕیاری دا، بۆ ئەوەی ئەم ڕەوشە باش بکات، کارێک بکات کە بنیادەم لە کاتی مەرگی خۆی بێ ئاگابێ و مردن وەخت و

ناوەختی بۆ نەبێت و لەهەر ئان وساتێکدا بیەوێ، یەخەی بگرێت. ئەم مەسەلەیەی بە هەمووان ڕاگەیاند . خواوەند لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئێستا کە دەزانن، مردن لە ڕێی هەموویانە و هەریەکەیان مردنێک قەرزارەو لەوەیە لە هەر ئان وساتێکا یەخەیان بگرێت، ئیدی تەماح ناکەنە دەستڕەنجی یەکدی و ژیانی خۆیان بەو کێشە و ململانێیانەوە بە فیڕۆ نادەن."

بەڵام مەسەلەکان بەو ئاوایە نەشکایەوە. کاتێ خوا دووبارە سەیری ژیانی بەشەری کرد، بینی ژیانی بەشەر لە جاران خراترە، باشتر نییە. خەڵکانی دەستدار وزۆردار ئەو واقیعەیان قۆستەوە کە هەر ساتێ مردن بەرۆکیان بگرێ، دەیگرێت، هەستان کۆمەڵێکی بێدەست وبێکەسیان کوشت وهەڕەشەی کوشتنیان لە هەندێکی دی کرد. ئیدی دەستداران وزۆرداران ونەوەو نەتیرەکانیان، کاریان نەدەکرد ولە بێکاری و بێهوودەییدا ماندوو بوون، ئەوانەی بێدەست بوون دەچەوسێنرانەوەو لە توانای خۆیان زۆرتر کاریان دەکرد وئیدی ئیسراحەتیان نەبوو. هەر گروپێک ڕقی لە گروپەکەی دی بوو، ئەم لەو دەترسا، کەس متمانەی بە کەس نەدەکرد، ژیانی بەشەر لە جاران تاڵتر و ناخۆشتر بوو.

کە پەروەردگار ئەم حاڵەی بینی، لێبڕا، پەنا وەبەر دوو ئەوزار بەرێت وڕەوشەکە باش بکات. ئەوە بوو جۆرەها نەخۆشی بە سەر بەشەردا دا. لە دڵی خۆیدا گوتی: "بەشەر کە دووچاری نەخۆشی ببێت هەنگێ تێدەگات کە خەڵکی ساغ و سەلامەت دەبێ دڵیان بە حاڵی نەخۆشان بسووتێ و یارمەتیان بدات تا ئەگەر خۆشی نەخۆش کەوت، خەڵکی ساغ و سەلامەت فریای بکەون، بەزەییان پێدا بێتەوە ویارمەتی بدەن.

ئەم جارەش خوا سەرچیغ چوو. کە هات ببینێ حاڵی بەشەر بەو هەموو نەخۆشییەوە کە بە سەریا درابوو، چۆنە، سەیری کرد ژیانیان زۆر لە جاران خراپتر بووە.

نەخۆشی، کە خوا دەیویست لەو ڕێگەیەوە، تیرەی بەشەر یەکبخات و تەباییان بخاتە ناو، لە جاران پتر بووە مایەی تەفرەقە وناکۆکی. ئەو دەستدار وزۆردارانەی کە بێ دەست و بێ نەواکانیان دەچەوساندەوەو ناچاریان دەکردن کاریان بۆ بکەن، لە کاتی نەخۆشیاندا، هەژارەکانیان

ناچار دەکرد پەرستاریان بکەن. کەچی خۆیان گوێیان بە نەخۆشی هەژارەکان نەدەدا. ئەوانەی کە ناچار بوون کار بۆ دەستداران بکەن، بە ڕادەیەک بە کارەوە ماندوو دەبوون، کە نەیاندەتوانی بە نەخۆشانی خۆیاندا ڕابگەن. بێکەس وکار ڕەهایان دەکردن. جا بۆ ئەوەی دیمەنی دڵتەزێنی نەخۆشان، دڵی دەوڵەمەند ودەستداران تەنگ نەکەن ولەزەتی ژیانیان لەبەرچاو نەکەوێ، خانەی تایبەتیان بۆ دروست کردن، تا لەوێندەر، بە بێ سەرو سەدا دوور لە هاوخەمی و هاوسۆزی خەمخۆران و دڵسۆزان گیان بسپێرن. پەرستارانی نەخۆشەکان، خەڵکانێکی بە کرێگیراو بوون کە نەک هیچ دڵسۆزییەکیان دەرهەق بە نەخۆشەکە نەبوو، بەڵکو لێشی بێزاربوون وبێ بەزەییانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن. ئەمە جگە لەوەی خەڵکانێکی زۆر، بە بیانووی واگیری وگیرۆیی نەخۆشیەکەوە، لە ترسی ئەوەی نەبا هەمان نەخۆشی بگرێت، نەک خۆیان هەر لە نەخۆشەکە، بگرە لە پەرستارانی نەخۆشەکەش دوور دەگرت ودەدزییەوە.

هەنگێ پەروەردگار لە دڵی خۆیاد گوتی: " ئەگەر بەشەر لەم ڕێگەیەشەوە نەزانێ کە بەختەوەری و شادمانی خۆی لە کوێدایە، با لە ڕێگای دەرد و ئازارەوە، لە ڕێگەی کول و کۆڤانەوە فێری ببێت." پاشان خوا بەشەری بە خۆی سپاردو وازی لێهێنان.

بەشەری بە خۆ سپێردراو، ماوەیەکی زۆر، یەجگار زۆری پێویست بوو، تا بزانێ چۆن بەختەوەر بێ و دەبێ بە خۆشی بژی. لەم دوا دوایانەدا هەندێک پەیان بەوە برد کە نابێت کار بۆ هەندێک کەس سەرگەرمی وهەوەسڕانی بێ و بۆ زۆربەش، کۆیلایەتی بێ. بەڵکو دەبێ بۆ هەمووان بێ، چالاکییەکی مرۆڤانی بێ و هەموو بەشەر یەکبخات. تازە خەریکە هەست بەوە دەکەن لە کاتێکا مەرگ بەردەوام ولە هەر ساتێکا هەڕەشەمان لێدەکا، کاری پەسەند وماقوولی ئەوەیە، هەرکەسە لای خۆیەوە، ئەو سالان ومانگان ورۆژان وسەعاتانە ودەقیقانەی بۆ ئەوە دیاریکراوە بە تەبایی و یەکێتی و میهرەبانی و دلۆڤانییەوە بگوزەرێنێ. تازە خەریکە دەگەنە قەناعەت کە نەخۆشی نابێت بەشەر لێک دوور بخاتەوە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ تەبایی و یەکێتی و خۆشەویستی لە نێو هەموو تیرەی بەشەردا .

## ساڵی ١٩٠٣

### ٢٣ – سێ پرسیار

ڕۆژێک پاشایەک لە فکران ڕاچوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: " گەر بیزانیایە لەبارترین کاتی دەستپێکردنی هەر کارێک کەیە؟ ئەگەر بیزانیایە شایستەترین کەس بۆ شیرەت و ڕاوێژان کێیە؟ ئەگەر بیزانیایە گرنگترین کار کە دەستی پێبکرێ چییە؟ هیچ کاتێک ڕووبەڕووی ناکامی وشکست نەدەبووەوە."

دوای ئەوەی ئەو خەیاڵانە لە زەینیا چەسپی. لە سەرانسەری قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا جاڕی دا کە خەلاتێکی گەورە دەدا بەو کەسەی پێی بڵێ، لەبارترین کاتی دەستپێکی هەرکارێک کەیە؟ چ کەس شایستەی ئەوەیە شیرەت و ڕاوێژی پێ بکرێ؟ گرنگترین و لەپێشینەترین کار چییە؟

دانا وزانا بەردەباران ڕوویانکردە دەربار. هەریەکەو وەلامێکی جیاوازی پرسیارەکانی پاشای دایەوە. لە وەلامی پرسیاری یەکەما، برێکیان گوتیان بۆ زانینی لەبارترین کات بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک، دەبێ بەر لە هەموو شتێک خشتەیەک بۆ ڕۆژ ومانگ و ساڵەکان دابنرێ و زۆر بە وردی کار بەو خشتەیە بکرێ. گوتیان ئەمە تاقە ڕێگایە بۆ زانینی لە بارترین کات بۆ ئەوەی هەر کارێک لە کاتی خۆیا بێتە ئەنجامدان. هەندێکی دی گوتیان دیاریکردنی کاتی لە بار وگونجاو بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک مەحاڵە. بەلام بۆ ئەوەی مرۆڤ تووشی تەمەڵی نەبێت وکاتی خۆی بە فیرۆ نەدات، دەبێ بایەخ بە هەموو کارەکان بدات، چ کارێن سەرەکی وچ کارێن لاوەکی، تا بزانێ کام کارەیان لەوانی دی پێویست ترەو دەستی پێبکات. برێکی دی گوتیان پاشا چەندیش جدی بێ و بە وردی پەیگیری ڕووداوەکان و کاروباران بکات، مەحاڵە یەک پیاو بتوانێ کاتی لەبار و گونجاو بۆ دەستپێکی کارەکان

بزانێت. بۆیە دەبێ ئەنجوومەنێک لە زانا وئاقڵمەندان چێبکات تا لە دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ هەر کارێک، یارمەتی بدەن.

کەسانێکیدیکەش گوتیان، بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک ناکرێ چاوەڕوانی ڕای ئەنجوومەن بی. چونکە هەندێک کار هەن کە دەبێ یەکسەر، بە پەلە وبێ دواکەوتن بڕیاری لە سەر بدرێ کە دەبێ بکرێ یان نا؟ بەڵام بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، پێویستە لە سەرەتاوە بزانرێ چ بوویەرێک ڕوودەدات. ئەمەش کارێکە کە تەنیا جادووگەران لە عۆیەی دێن. بۆیە بۆ دیاریکردنی کاتی گونجاو ولەبار دەبێ پەنا وەبەر جادووگەران ببرێ.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری دووەمیش، بە هەمان شێوە، وەڵامی جیاوازو جۆراوجۆر درانەوە. هەندێک گوتیان باشترین ڕاوێژکاران بۆ پاشا، ساڵدیدەکانن. هەندێک گوتیان ڕۆحانیان شایستەن پرس و ڕایان پێبکرێ. هەندێکی دی حەکیمانیان بە شایستە زانی. هەندێکی دی گوتیان: " شیرەت و ڕاوێژ، بە فەرماندەێن هێزی چەکدار، لە واجب واجبترە."

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری سێیەم، دەربارەی گرنگترین کار، هەندێک گوتیان گرنگترین کار لە ژیاندا زانستە. هەندێکی دی گوتیان هونەرێن جەنگی و هەندێکی دی گوتیان کار وباری ئاینی وعیبادەتە. چونکە وەڵامەکان جیاواز وهەڤدژ بوون. شا هیچیانی پەسند نەکرد. کەسی خەڵات نەکرد. بەڵام چونکە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی کە وەڵامی دروستی پرسیارەکانی دەستکەوێ، بڕیاری دا، پرس بە کابرایەکی پارسای تەرکە دنیا، کە ناوبانگی ئاقڵمەندی بە هەموو وڵاتا بڵاو بووبووەوە، بکات.

ئەو تەرکە دنیایە، لە بێشەیەکدا دەژیا. کە هەرگیز لەوێندەر نەهاتبووە دەرێ. جگە لە خەڵکی سادە وڕەشۆکی پێشوازی کەسی دیکەی نەدەکرد. شا، جلی ڕەشۆکی لە بەر کرد. بەر لەوەی بگاتە کولبەکەی یارۆی خەڵوەت نشینوپارسا، لە ئەسپەکەی دابەزی، پاسدار وپاسەوانەکانی خۆی لە دواوە بە جێهێشت. بە تاقی تەنیا چوو بۆ دەیدەنی یارۆی پارسا.

شا نزیک بووەوە. کابرای پارسا خەریک بوو لە بەر کولبەکەیدا کەردێکی هەڵدەکەند بێڵ تەپ دەکرد، پاشای بینی، سڵاوی لێکرد. بەڵام لە سەر

هەڵکەندنی کەردەکە بەردەوام بوو. پارساکە لاواز و بێ توانا بوو. هەر جارێ کە بێڵەکەی لە ئەرزی دەداو تۆزێ گڵی دەردەدا، هانکە هانکی پێدەکەوت. شا چوو بۆ لای وگوتی: " پارسای ئاقڵمەند، من هاتووم بۆ لای تۆ وەڵامی سێ پرسیارم بدەیتەوە. چۆن بزانم باشتر وگونجاوترین کات بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک کەیە؟ ئەوانە کێن کە پێویستە بەر لە هەر کەسێکی دی پرس و ڕاوێژیان پێبکەم؟ کام ئەرک و کار لە هەر ئەرک و کارێکی دی پێویست ترە تا بیکەم؟"

یارۆ پارسا گوێی لە شا گرت. بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. بەڵکو تفی لە دەستەکانی کرد وکەوتە هەڵکەندنی کەردەکە. شا گوتی: " ماندوو بوویت. کوا بێڵەکە بدە بە من تا لە جیاتی تۆ کار بکەم."

تەرکە دنیاکە، سوپاسی کرد، بێڵەکەی دایە دەستی وبە خۆی لە ئەرزەکە لێی دانیشت. شا، کەمێک کاری کرد. وەستا. پرسیارەکانی دووپات کردەوە. یارۆی پارسا وەڵامی نەدایەوە. هەستا. دەستی درێژکرد تا بێڵەکەی لە دەست وەربگرێتەوە وگوتی: "کەمێک پشوو بدە، با من تۆزێ کار بکەم."

لێ شا، بێڵەکەی نەدایە. دیسان کەوتەوە هەڵکەندنی کەردەکە. سەعاتێ تێپەڕی. دوو سەعات تێپەڕی . هەتاو خەریک بوو لە درەختەکان ئاوا دەبوو. شا بێڵەکەی لە ئەرز چەقاند وگوتی: " پیاوی ئەقڵمەند، ئەز هاتووم تا وەڵامی پرسیارەکانم بدەیەوە. ئەگەر وەڵامت پێ نییە پێم بڵێ تا بۆ ماڵی خۆم بگەڕێمەوە."

هەنگێ پارساکە گوتی: "کەسێک خەریکە بە ڕاکەڕاک بۆ ئێرە دێ، با بزانین کێیە؟" پاشا ئاوڕی پاشی دایەوە. بینی پیاوێکی ڕیشن بە غاردان لە بێشەکەوە دێت. کابرا توند دەستی بە ورگیەوە گرتبوو. خوێن لە ژێر دەستییەوە فیچقەی دەکرد. کاتێ گەییە لای پاشا بورایەوەو کەوتە سەر زەوییەکە. بە ئاستەم دەینالاند. شا و کابرای پارسا جلەکانیان لە بەرکردەوە. زامێکی گەورە بە ورگیەوە بوو. شا بە جوانترین شێوە زامەکەی شۆرد. بە دەستە سڕەکەی خۆی وبە خاولیەک کە بە یارۆی پارسا بوو زامەکەی بەست. بەڵام خوێنەکە نەدەوەستایەوە. شا، دەسەسڕە خوێناویەکەی کردەوە و شۆردی، چەند جارێک زامەکەی شۆرد وبە دەستە

سرەکەی بەستییەوە. سەرەنجام خوێنەکە وەستایەوە. پیاوەکە کەمێک بوژایەوە، داوای ئاوی کرد. پاشا ئاوی بۆ هێنا و دایێ. لەو کاتەدا خۆر ئاوا بووبوو. دنیا سارد بوو. شا بە یارمەتی یارۆی پارسا کابرای بریینداری هەڵگرت و بردیە کولبەکەوە. لەسەر تەختێک خەواندی. کابرا لە سەر تەختەکە درێژ بوو. چاوانی نووقاندن و بێدەنگ بوو. پاشاش، کە ڕێگایەکی زۆری بڕی بوو و کاری کردبوو، لە ئاستانەی دەرگاکەدا دانیشت وخەو بردییەوەو بە درێژایی ئەو شەوە کورتە هاوینەیە خەبەری نەبووەوە. کە بەیانی لە خەو هەستا، ماوەیەکی زۆری پێچوو تا بیری کەوتەوە کەیە ولە کوێیە وئەو پیاوە ڕیشنەی کە لە سەر تەختەکە ڕاکشاوەو بە چاوانی پرشنگدارەوە لەم ڕامابوو، کێیە.

پیاوە ڕیشنەکە کە بینی شا بێدار بووەتەوە وسەیری ئەم دەکات گوتی: " بمبورە. "

شا گوتی: " من ناتناسم و نازانم لە سەر چی و بۆچی لێت ببورم."

- تۆ من ناناسیت. بەڵام من تۆ دەناسم. من ئەو دوژمنەتم کە تۆ براکەیت کوشت و دەستت بە سەر ماڵەکەیدا گرت. من سوێندم خواردبوو تۆڵەی ئەوت لێبکەمەوە. دەمزانی هاتوویتەتە دیدەنی یارۆی پارسا. لێبڕا بووم، لە گەڕانەوەتدا ڕێت پێبگرم و بتکوژم. هاتبووم تا بۆت بچمە کەمینەوە. بەڵام پاسەوانەکانت منیان بینی و ناسیمیانەوە و برینداریان کردم. لە دەستی ئەوان هەڵاتم. بەڵام ئەگەر تۆ زامەکەت نەبەستبام ئەوەندەم خوێن لە بەر دەڕۆیی، تا ئێستا لە حەوت ساڵان ڕاست دەبوومەوە. من هاتبووم تۆ بکوژم. بەڵام تۆ گیانی منت ڕزگار کرد. لە ئێستا بە دواوە وەکو خوڵامێکی وەفادار خزمەتت دەکەم. وەسێت بۆ کوڕەکانیشم دەکەم، خزمەتکاریت بکەن. بمبورە.

شا زۆر خۆشحاڵ بوو کە بەو ئاسانییە لە گەڵ دژمنەکەیدا سوڵحی کردبوو وببوون بە دۆست. نەک هەر لە پیاوە خۆش بوو، بەڵکو گفتی دایە کە خزمەتکار و پزیشکە تایبەتیەکەی خۆیشی بۆ بنێرێ تا پەرستاری بکەن. بەڵێنی ئەوەشی دایە کە موڵک و ماڵە داگیرکراوەکەشی بۆ بگەڕێنێتەوە. شا، خواحافیزی لە زامدارەکە کرد ولە کولبەکەی وەدەرکەوت. ڕوانیە دەوروبەر تا یارۆی پارسا بدۆزێتەوە. حەزی دەکرد پێش ئەوەی بڕوات

جارێکی دی پرسیارەکانی لە کابرای پارسا دووپات بکاتەوە. کابرای پارسا، لە دەرەوە بوو، بە دیار یەکێک لەو کەردانەوە کە دوێنێ بە بێڵ کێڵابووی. بێڵ تەپی کردبوو، چۆکی دادابوو دایدەچاند.

شا لێی نزیک بووەوە وگوتی: " بۆ دواجار تکات لێدەکەم، وەڵامی پرسیارەکانم بدەوە!" "

یارۆی پارسا، بە هەمان دەقەوە کە چۆکی دادابووەوە سەر ئەرزەکە و خەریکی تۆو داچاندن بوو، هەڵیڕوانیە پاشا، کە لە هەنبەری وەستا بوو، گوتی: "وەڵامی خۆتت دەستکەوت ئیدی!"

پاشا پرسی: چۆن وەڵامی خۆمم دەست کەوت؟ مەبەستت چییە؟

پارساکە وەڵامی دایەوە: "تۆ بە خۆت نابینی؟ ئەگەر دوێنێ بەزەییت بەمندا نەهاتبایەوەو ئەگەر لە جیاتی من کەردەکانت بێڵەتەپ نەکردبایە، دەڕۆیشتی،ئەم کابرایە هیرشی دەکردە سەرت وهەنگێ ژێوان دەبوویەوە لەوەی کە بۆ لای من نەمابوویەوە، کەواتە گونجاوترینولەبارترین کات، ئەو کاتە بوو کە تۆ بێڵت دەوەشاند، و منیش گونجاوترین کەس بووم. چاکەکردنەکەیشت لە گەڵ مندا، گرینگترین کار بوو، پاشان کاتێک ئەو پیاوە بە ڕاکەڕاک پەنای بۆ ئێمە هێنا، گونجاوترین کات ئەو کاتە بوو کە تۆ پەرستاری ئەوت کرد. ئەگەر زامەکەیت نەبەستبایە، کابرا دەمرد بە بێ ئەوەی سوڵحت لەگەڵدا بکات.بەو جۆرە ئەو گرنگترین پیاو بوو، کارەکەی تۆش گرنگترین کار بوو کە دەرهەق بەو ئەنجامت دا. کەواتە، ئەوە بزانەو وەکو گوارە بیکە گوێت کە گونجاوترین کات " ئێستا "یە. تەنیا یەک کاتی گرینگ هەیە ئەویش ئێستایە! ئێستا گرینگترین کاتە، چونکە تاقە کاتە دەتوانین کارێکی تیا ئەنجام بدەین. گرینگترین کەسێک کە بشێ ڕاوێژی پێبکەی ئەو کەسەیە کە ئیستا سەر وکارت لە گەڵیا هەبێ، و لە گەڵتا بێ. چونکە کەس نازانێجارێکی دی سەروکار ومامەڵەت لەگەڵیا دەبی یان نا. بەڵام گرینگترین کار ئەوەیە کە چاکە دەربارەی ئەو کەسە بکەی، چونکە تاقە ئارمانج لە دروستی بوونی مرۆڤ، ئەوەیە کە چاکە لە گەڵ خەڵکیدا بکات. ئینسان بۆ چاکە کردن هاتووەتە دنیا!"

ساڵی ۱۹۰۳

سەرچاوەکان:

- نشر قطره. بیست و سه قصه/ لیون تولسیوی . ترجمەی همایون صنعتی زاده. چاپی چهارم. ١٣٨٦.

- ثلاث و عشرون حكايه/ ليون تولستوی/ ترجمه البازالاشهب / مراجعه: مظهر الملوحی/ الطبعه الاولی تموز ۲۰۰۳/ بيسان للنشر و التوزيع والاعام.

تێبینی: ڕۆژی ۲۰۱۹/۳/۱۵ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوەو بەشیوەیەکی بەراوردکاریانە لەو دوو سەرچاوەیەی سەرێ را کراوە بە کوردی. جا ئەگەر ئەمە کەمدابێژێک بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک دەستەواژە وڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت وشێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوە دەگەڵ دەقی دووەمدا تەواو تێکدەکاتەوە. پێچەوانەش پێچەوانەیەو بە دڵنیاییەوە دەڵێم دەقە کوردییەکە ئەگەر لە هەر دوو دەقە فارسی و عەرەبییەکە پوختەتر وئەمین تر نەبێ ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ۱۹۵۱دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ۱۹۷۵ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (۱۷۰) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ۱۹۷۳/٦/۸ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ۱۹۷۵ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، کۆمەڵه چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، به فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی که ونبووم (کۆمەڵه چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی –کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە كەریم عارف

٨١-بووكی هەزار زاوا،(جانتا) كۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الكوردیه، حەمە كەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی

٨٦-دەیڤد كۆپەرفیلد، (رۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڨل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە كەریم عارف

٩٢-باڵندەكەی من    رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەكانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ مناڵانی كورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

٩٧- كۆڵوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ مندالآن

٩٨- ئەو پیاوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاف

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك..................کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ.............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالان /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠-پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەلێك چیرۆکی هەلبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحمود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

١٣٧- کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

١٣٨- چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروفسکی

١٣٩- بیست وسێ چیرۆک، ن: تۆلستۆی